# کورد

## لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا

# کورد

## لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا

د. عوسمان عەلی

وەرگێڕانی

کامەران جەمال بابان زادە

هەولێر - ٢٠١٣

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی

● **کورد** لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیدا

● د. عوسمان عەلی

● وەرگێرانی: کامەران جەمال بابان زادە

● نەخشەسازی ناوەوە: **ڕێدار جەعفەر**

● بەرگ:

● نرخ: () دینار

● چاپی یەکەم: **٢٠١٣**

● تیراژ: دانە

● چاپخانە: چاپخانەی **موکریانی** (هەولێر)

● **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ()ساڵی()ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب ( )**

**هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

## چەند وتەیەك:

سەربەرزم بەوەی پشکی شێرم بەرکەوتووە لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی د.عوسمان عەلی، ئەمە سێیەم بەرهەمی ئەوە وەریدەگێڕمە سەر زمانی کوردی، (کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا) لە ئینگلیزیەوە کراوەتە عەرەبیو من لە زمانی عەرەبییەوە کردوومەتە کوردی، ئەمە بەرهەمە هەوڵو کۆششی چەند ساڵەی ئامادەکاری ئەم بەڵگەنامانەیە، کە دوو ئەرکی لەگەڵدا کێشاوە، یەکەمیان دۆزینەوەو ئامادەکردن، دووەمیان ڕێکخستنو وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی، وەرگێڕانی بەڵگەنامە لە نوسینو بەرهەمی دیکە ئەستەمترە، بە تایبەتی لە زمانی دووەمەوە، بەڵام ئەوەی هانی دەدام، ئەو بەڵگەنامانە بەشێکی گرنگنو سەرچاوەی بنەڕەین بۆ مێژووی نوێو هاوچەرخی کوردو دڵنیام بۆشایەکی گەورە لە کتێبخانەی کوردی پڕ دەکاتەوە.

لەبەر ئەوەی ئەم سەرچاوەیە لە ناوەکەی ڕا دیارە، تەرخانە بۆ بەڵگەنامە بۆیە هەرچی شرۆڤەو روونکردنەوەیە بە پێویستم نەزانی، دەکرێ باسکارو مێژوونووسان وەکو کەرەستەیەکی بنەڕەتی لێکدانەوەی بۆ بکەنو لە زۆر لایەنی ئەو بەڵگەنامانە رەخنە بگرن، ئەمانە تێکەڵە لە راپۆرتی قونسوڵیەو باڵوێزەکانی بەریتانیو هەواڵگرو چەندین جۆری دیکە، بۆ مەبەستی تۆماکردنی مێژوو نەنووسراوە لەوانەیە زانیاریو شرۆڤەی زۆر ناواقیعی تێدابن، ئەوەش رەهەندێکی دیکەیە دەکرێ لەکاتی بەکارهێنانی باسکار بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دامەزراوە یان ئەو کەسو حکومەتەی خاوەنی ئەسڵی ئەو بەڵگەنامەیە.

هەر روونکردنەوەیەکی د.عوسمان عەلی هەبووبێ لە ناو دەقەکان یان لە پەراوێز بە پیتی "و" واتە (وەرگێڕ= المترجم) وەکو خۆی پاراستوومانە.

لە کۆتاییدا سوپاس بۆ منداڵەکانمو دایکیان لە کاتی ئەوان گرتەوەو بەخشیمە ئەم بەرهەمە.

سوپاس بۆ بەڕێزان: بۆ (مستەفای سەید مینە) بە سەرنجەکانی لە رووی داڕستنو زمانەوە هاوکاری کردم. (شۆڕش ئەنوەر) بە زاراوەو گوزارشتی جوان. (شادان حاجی خدر) ئەرکی هەڵەچنی گرتە ئەستۆی خۆی.

**کامەران بابان زادە**
**٢٠١١/٩/١٥**

# بەشی یەکەم

## بزاڤە کوردیەکانی سەدەی نۆزدە

# بەڵگەنامەکان لە سەر بزاڤی بەدرخان ١٨٤٣-١٨٤٨

**FO. 195/228**

**موسڵ ١٨٤٣/٧/٣**

## بۆ: بەڕێز ستراتفۆرد کاننغ

سەربەرزم چەند زانیاریەکی گرنگ دەخەمە بەردەستت، کە تایبەتە بە ئامادەکاریەکانی جەنگ لە ناوچەی مەسیحییەکانی چیاکانی کوردستانی ناوەڕاست.

بەسەر بەڕێز کونسوڵی موسڵ، کە سەرپەرشتیاری ئەوکارانەیە بازدەدەمو ئەو زانیاریانەتان راستەوخۆ بۆ دەنێرم، چونکە زۆر بە پێویستی دەزانمو نامەوێ کات بە فیڕۆ بچێت.

نێردراوێکی بەدرخانی میری بۆتان بە ناوی موحەمەد پاشا گەیشتە ئێرە، (ئەستەنبوڵ ــ و)، موحەمەد پاشا بە ناوی بەدرخانەوە ئاگاداری داوە، کە ئەو هەزار چەنگاوەری خاوەن چەکی (موسکتێر)یان ناردووە، بە هاوکاری چەکدارە کوردەکانی بێتووشی، وەکو ئیسماعیل ئاغا، تەتەر ئاغاو میرەکانی هەکاری ناحەز بە مەسیحییە نەستوریەکان، هەروەها دەڵێ: بەدرخان پاشا داوای لە موحەمەد پاشا کردووە، پشتگیری بکات بۆ ملپێکەچکردنی مەسیحییەکان، دوای ئەوەی موحەمەد پاشا ئەو هەواڵەی بیستووە، ٨٠٠ سەربازو جەنگاوەری ئەلبانی لەگەڵ هێزی چەکداری پیادە لە پاسەوانی تایبەتی خۆی ناردووە هەتا نەهێڵێ بەدرخان کوردو ئیسماعیل پاشا بکەنەوە والی ئامێدیو دوایی ئەو هێزەکانی والی موسڵ لە ئامێدی دەربکەن، راپۆرتێك هەیە گوزارشت لەوە دەکات، کە موحەمەد پاشا لەگەڵ سەرکردە

کوردەکانی دیکە دەستی هەیە لەو پیلانەی بەدرخان بۆ لێدانی مەسیحییەکانو دابەشکردنی دەستکەوتەکان. ئەو هەواڵەش لەو بەڵگەیە بەدیاردەکەوێ، کە نامەیەکە موحەمەد پاشا لە وەڵامی بەتیاریاکی مەسیحییەکان ناردوویەتی، کە بەتریاك داوای لێ کردووە بیپارێزێت. لەو نامەیەدا موحەمەد پاشا نوسیویەتی، کە ئەگەر بەتریاك گەلەکەی رازی نەکات ئەو باجە بدەن داوایان لێکراوە ناتوانێت بیپارێت، نامەکانی دکتۆر (گرانت)ی میسیونەری ئەمریکی ئەوە دەگەیەنێت، کە هاوپەیمانیەتی بە هێز لە ناوچەکەدا دژی مەسیحییە نەستوریەکان هەیە.

هەروەها بەپێی ئەو هەواڵەی پێم گەیشتووە، موحەمەدخانی سەرۆکی کوردەکانی ورمێ، کە ساڵی پار لە پشت ئەو ئاژاوەیەی ولایەتی ئەرزەڕۆمەوە بووە، ئەویش پشتوانی بەدرخان دەکات دژی مەسیحییەکان.

**خزمەتکاری زۆر دڵسۆزتان**

**جی، ئای، رانسۆم**

**FO.195/228**

## موسڵ ١٨٤٣/٧/١٦

## ڕێزدار ستراتفۆرد کاننگ[1]

شانازیە بۆ من بەڕێزتان، لەو ڕاپۆرتانەی لە کوردستانی ناوەڕاستەوە هاتووە ئاگادار بکەمەوە، کە جەخت لە سەر ناوەڕۆکی ڕاپۆراتی سێیەمی پەیوەست بە بارودۆخی ئەو هەرێمەی لە پەشێوی دایە دەکەنەوە.

دوێنێ دکتۆر گرانت لە سوریاوە گەیشتە ئێرە، لەو هەواڵانەی پێی بووە، ئەوەیە کە جەخت دەکاتە سەر هەواڵی هێرشێکی هاوبەشی هێزەکانی بەدرخانو میری هەکاری بۆ سەر مەسیحییەکانی هەرێمی (باز)و دەستبەسەرداگرتنو تالآنی کەلوپەلو کوشتنی ژمارەیەکیان، لەوانە بەپێی گێرانەوەکان دوو برای مارشەمعونو خوشکەیان وەکو دیل بردووە.

بەو پێیەی دکتۆر گرانت دەڵێ: مەسیحییە سریانەکان (نەستوری ـ و)، هەموو ڕۆژێ لە بەردەرگای ماڵی خۆیان چاوەڕوانی ئەو هێرشە دەکەن، کە ئەگەر بکرێتە سەریان لەشوێنی بابو باپیرانیان دایاندەبڕێ یان بە تەواوی ملیان پێ کەچ دەکات، دەڵێن ڕۆژانە لە ولایەتی موسڵەوە ئەرزاق بۆ هێزەکانی پاشا لە ولایەتی بەرواری دەگوازنەوە، هەتا ئێستا ئامانج لە پێشڕەوی کردنی هێزەکانی پاشا روون نیە، بەڵام هەواڵەکان ئەوە دەگەیەنن، کە سەربازەکان ئامێدیان بەجێهێشتووەو لە ناوچە سنووریەکانی نێوان ئەو ولایەتە (موسڵ، و)و ولایەتی

---

١ - سترانفۆرد کاننگ یەکێك بووە لە دیارترین باڵوێزەکانی ئینگلیز لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی، لە سەدەی نۆزدە، بە هۆی ئەو پێگەیەی لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا هەیبووە بە نازناوی سوڵتانی بێ تاج ناسرابوو (ئامادەکار).

سوریادا، کە بە سەر ولایەتی سوریا دەڕوانن جێگیر دەبن، پەیوەندی لە نێوان بەدرخانو میرە کوردەکاندا...، تەنانەت ئەوانەش، کە لە سنووری ئێرانی نیشتەجێن هەیە.

بە پشتبەستن بەو راپۆرتانەی بەدەستمان گەیشتوون، ئامانج لە سەردانی مەحمود پاشا بۆ لای بەدرخان، مسۆگەرکردنی پشتیوانیە دژی دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە (وان).

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگن تاکو ئەو راپۆرتانە دوانەکەون بڕیارمدا راستەوخۆ ئەم راپۆرتەتان لەو بارەیەوە بۆ بنێرم، زۆر سوپاستان دەکەم ئەگەر لە هەر کارێکی من کە پێچەوانەی یاسا بێت ئاگادارم بکەنەوە.

**بۆ من شانازییە ببمە خزمەتکارێکی دڵسۆزتان لەگەڵ ئەو پەڕی رێزم.**

**جی، ئای، رانسۆم**

**FO 195\ 228**

## بۆ سەعادەتی باڵوێزی بەریتانیای گەورە / ئەستەنبوڵ

## راپۆرتێك لە سەر سەردانەكەم بۆ لای بەدرخان لە بارەگاكەی لە جەزیرە

## ١٠ی تەمووزی ١٨٤٤

لە دەمی رۆژئاوای ٢٥ی تەمووز بە رێگەی گشتی پۆستەدا شاری موسڵم بەجێهێشت، بە تەنیا بۆ گۆڕینی ئەسپ لە سمیلێ، كە ١٢ سەعات لە موسڵەوە دوورە وەستاین، دوای ٣٢ سەعات رێكردن لە ئێوارەیەكدا گەیشتینە جەزیرە، رێگایەكە زۆر خۆش بوو، بۆیە بە سەعاتێك ٤ میلمان دەبڕی، لەشوێنی پشوودان حەساینەوە، بەو هیوایە بووم بە ڕێگاوەو لە ماوەی مانەوەم لە جەزیرە سەرژمێری ئەو مەسیحیانە بكەم، كە دیل كرابوون، ئێوارەی رۆژی دووەم شاری جەزیرەم بەجێهێشت، بۆ ماوەی یازدە سەعاتو نیو بە قەراغی رووباری دیجلەدا چووینە ناو هەرێمەكانی ناوەوە بە ئاراستەی رۆژهەلات، هەر رۆیشتین، بە دۆڵێكی نزمی پاڵ رووباری رەسوڵ سۆ، لێرەدا دۆڵەكە ٤٠ پێ بەرزەو دوای پەڕینەوە لە ڕووبارەكە سەعاتێكی تر بەئاراستەی رۆژهەلات، لە دوای ئەو رێكردنەش لە ناكاو ئاراستەی دۆڵەكە بەرەو باكوور گۆڕا، لەوێ بە ناوەڕاستی دۆڵێكی بەرتەسكدا رۆیشتین، كە رۆخەكەی ١٠٠ پێ بەرز دەبوو، ئەم ناوچەیە وەكو كلیلی ناوچەیەكی تر وابوو، كە بەدرخان بەسەریدا دەڕوانێ، دەرفەتم بدە بەدرێژی لە سەر ئەو ناوچەیە، كە بە هۆی مانگەشەو دەمانبینیو لە سەعات دەی شەو گەیشتین بدوێم.

لەلای راستی دۆڵەكە دەتوانی قەسری بەدرخان، كە لە سەر لوتكەیەك بە بەرزی ٥٠ پێ دروستكراوە ببینی، قەسرەكە بە سەر لای راستی دۆڵەكەدا دەڕوانێت، لای چاودێر وابەدیار دەكەوێ هەردوو دۆڵەكە لە تەنگەبەری كۆتایی نێوان هەردوو چیایەكە یەكدەگرن، دەڵێن ئەو كۆشكە بەقەد ٩٠٠ تا١٠٠٠ كەس دەگرێ، خاوەن قەلا (المتسلم = پایەیەكە بەرانبەر

موتەسەڕیف کە مەبەستی لێرەدا بەدرخانە "و") بە سەد چەکدارەوە لەو قەلایە دادەنیشێت، لە دەروازەی لای باکووریەوە دۆڵێکی بەردینی زۆر سەخت هەیە مەحالە بەرەو ئەو دەروازەیە بچیت، ئەم قەسرە لە ئەسڵدا هی میر سیفەدین بووە، بەڵام لە راستیدا بەدەست بەدرخانەوەیە، قەڵایەکی قایمو رووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە بوو بەرانبەر هێزی موحەمەد رەشید پاشا، کە بۆ کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی میرنشینەکانی کورد هاتبوو. موحەمەد رەشید پاشا دووجار هەوڵیدا بوو بۆ قەسری بەدرخان بپەڕێتەوە، بەڵام بێ ئاکام بوو، زیانی زۆری پێگەیشت، بۆ جاری چوارەم هێزەکانی موحەمەد رەشید پاشا توانیان لەو تەنگەبەرە بپەڕنەوە، بەڵام لەدوای خوێن رشتنێکی زۆر، میر سەیفەدین ناچار بۆ بەغدا هەڵاتو بەدرخانیش بەرەو چیاکانی دەورووبەری. لەکاتێکدا لە پ شتەوە زنجیرەیەك چیای بەردینی قەراغ تیژ دەوری قەڵای داوە. خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش یەکێك لە رۆخە بەرزەکان پیاوانی بەدرخان پاسەوانی لێدەگرنو بە هۆی بەردێکی گەورە بە ئاراستەی دۆڵەکە رێگەی پێ لە دوژمن دەگرن، لەلایەکی تری لێرەوارەکەوە لە سەر لوتکەی چیایەك بورجێك هەیە، کە پیاو دەتوانی ناوچەیەکی بەرفراوانی جەزیرەو دەورووبەری لەوێوە ببینێت، بە هۆی ئەو بورجەوە میر بەدرخان چاودێری دەورووبەری خۆی دەکرد، هەتا لە ڕێڕەوەکە دەردەچیت دۆڵەکە فراوانتر دەبێتو رێگەکە چاکتر دەبێتو هەندێ گردۆلکە بەدیاردەکەون، دوایی بە ئاراستەی باکوور بەرەو "دێر غلە"، شوێنی نیشتەجێبوونی زستانەی میر بەدرخان لاردەبێتەوە، قەسری میر لێرەیە لە لای راستی دۆڵەکە، کە رێگاکە بە نزیکەی ٨٠ پێ فروان دەبێو لێرەوە بە ئاراستەی گوند رۆیشتین.

وەکو دەڵێن ٢٥٠ خێزان لە گوندی دێرغەل نیشتەجێن ١٩٠ لەوانە کوردو ئەوانی تر مەسیحی ئەرمەنو سریانن، کۆشکی میر بە لای راستی رووبارەکەوەیە لە شوێنێکی بەرزە نزیکەی ١٠٠ پێ دەبێت، کۆشکەکە لە بەرد دروستکراوە، دیمەنێکی جوانی هەیە، بەڵام کە دەچیە ناوەوە ئەو جوانیەی نامێنێ، کاتێ دەچیە ناو کۆشك مەیدانێك هەیە ٨٠ پێ چوارگۆشەیی دەبێتو خاوین نەبوو، لە هەر سێ لای قاتی سەر زەوی ئاغەڵی ئاژەڵی لێبووە، لە سەرووی ئەم ئاغەڵانەش ژووری خزمەتکارەکان بوو، لەوێ ژوورێکی درێژ هەبوو بۆ سەر رووبارەکە درێژ دەبووەوە، ئەمە هۆڵی پێشوازی میوان "سلام علیك" بوو، شوێنی حەرەم "جێگای خێزانو خزمو کەس"ی لە شوێنێکی بەرزی حەوشەی کۆشکەکەیە، دیوی ناوەوەی کۆشك بە بەردو قوڕ دروست کراوە، بە جۆرێك بنیاتنراوە پاسەوانی میر بە چەکەوە بتوانێت لە کاتی هێرش بەرگری بکات. لەگەڵ ئەوەدا رێگای جەزیرە بەردەڵانو سەختەو مەحاڵ بووە

عەرەبانەی بۆ بچێت، بە چەك بەرگری لێدەکرێت، بەڵام بۆ بەرگری چەکی قورس گونجاو نیە، لەگەڵ ئەوەدا شوێنێکی بەرز نیە بە سەر کۆشکدا بنوارێ. کۆشکی میرسەیفەدینی بەلای باکوور بە ١٠٠ پێ دەبێ، بە هەمان شێوەی کۆشکی بەدرخان دروست کراوە. هەر لەوێ سێ باڵەخانەی بەردی بۆ خزمەکانی میر دروست کراون، هەموو ماڵەکانی تریش هی گوندنشینەکانن، لە ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی میر بەدرخان سەرنجی گەشەسەندنو ئاسایشو بەختیاری بە ڕووی لادییەکانەوە دیارە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بارە نارێکە بەربڵاوەی موسڵ بوو. لە بەیانی رۆژی ٢٤ی مانگ دێرغەلەم بەجێهێشتو بە ئاراستەی گوندە کشتوکاڵیەکانی ناوچە نزمەکانی قەراغ رووباری "رەسولْ سۆ" رۆیشتم، لە چەند شوێنێك لە ڕووبار پەڕیمەوە، ٩ سەعات لە ناوەڕاستی دارستانێکی چڕی دۆڵی چیا بەرزەکان بووین، بە ناچاری ماوەیەك بە سەر پشتی ئەسپەکانەوە دەماینەوە، لەگەڵ ئەوەدا ناوچەکە سەخت بوو توانیمان ١٥میل ببڕین، ئەمەش ماوەی نێوان دێرغەلەو چیای "میرجانداگ"ە، لەوێ سەربازگەی میر بەدرخانمان لێ بەدیارکەوت.

سەربازگەی میر لەنزیکەی ١٠٠ رەشماڵ پێك هاتووە، بە سەر سێ گروپدا دابەش کراون، بەشی پێشەوەی بۆ خزمەتکارو مسکێنەکانی میرو بەشی ناوەڕاستی بۆ شوێنی میر بەدرخانو میر سەیفەدین تەرخانە، بەشی پشتەوە شوێنی خێزانو خانەوادەی هەردوو میر بووە. لەم بەشە ١٠تا٢٠ رەشماڵ هەیە، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر بەرفراوانی خانەوادەی هەردوو میر. لە ئەسپەکەم دابەزیمو چوومە رەشماڵە تایبەتیەکە، لەگەڵ گەیشتمە سەربازگە دیوان ئەفەندی نێردراوی بەدرخان هاتو گوتی دەتوانیت لە سەعات ٩ی شەو چاوتان بە میر بکەوی، لە کاتی دیاریکراو میر لە ڕەشماڵێکی سپی بە قوماشی سوور داپۆشرا پێشوازی لێکردم، کە بە قوماشی ئاوریشم دروستکراوی عوسمانی رایەخ کرابوو، لە دەرگایەك چوومە ژوورەوەو میر بەدرخانو میر سەیفەدین لە دەرگایەکیترەوە هاتنە ژوورەوە. میر بەدرخان پیاوێکی جوانو درێژی شەش پێ دەبوو، گوێیەکانی بەرچاوو سمێلی کورتی هەبوو، بەڵام ریشی نەهێشتبۆوە، کەچی میر سەیفەدین کورتە باڵاو بە روخساریدا گەنجێکی بیست ساڵان بوو، لە راستیدا لەوە گەورەتر دەبینرا، ئەوەی شایانی باسە پێش ١٠ ساڵ لەبەرانبەر هێرشەکەی رەشید پاشای سەدری ئەعزەم سەرکردایەتی سوپای کردووە●. بەرگی هەردوو میر جوان بوو ئەوەی سەیری بکردایە دەوڵەمەندیو دڵفراوانی

---

● - بەو شێوەیە دەبیت میر سەیفەدین لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا سەرکردایەتی سوپای کردبێت، ئەمەش رێی تێناچێت. "و".

ئەمارەتەکەی پێوە دیار بوو، میر بەدرخان پشتێن‌و دەسکی خەنجەری گرانبەهای بە قەدەوە بوو. لە کاتی قسەکردنمان نزیکەی ١٠٠ پاسەوان لە دەرگای رەشماڵەکە وەستابوون. گفتوگۆکانمان بە قسەی خۆش لە سەر بابەتە جیاجیاکان دوایی هات. بۆ رۆژی دوایی میر سەردانی کردم‌و هەر لەگەڵ دانیشت بە حەماسەتەوە باسی مەسیحییکانم لەگەڵ کرد، لە سەر بابەتی ئەم رووداوە دڵتەزێنە بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی بۆ باس کردم:-

پێشتر مارشەمعۆن سەرۆکی روحی مەسیحییە ئاشووریەکان ملکەچی دەسەڵاتی بۆتان بووە، لە کاروباری دنیایی تایفەدا هیچ رۆڵێکی نەبووە، ئەمە لە کاتێکدا کاروباری دنیایی بە دەست کۆمەڵە کەسانێکیانەوە بووە پێیان دەوتن پاشا "الملوك"، ئەوانە پەیوەندیان بە منەوە هەبووە. لەپێشتر ئەگەر ناکۆکی بکەوتایە نێوان تایفەی سریانەکان یان سریان‌و پیاوانی هۆزە کوردەکانی ملکەچی ئێمەن، ئەوە بە رێگەی ئاشتیانەو بەبێ دەستێوەردانی کەس چارەسەر دەکرا.

مەلیکەکانیان لەگەڵ نوروڵڵا بەگی نزیکم هاوکاری یەکتریان کردووەو لە نێوان ئەوو ئاشووریەکان ناکۆکی نەبووە، بەڵام لەم دوو ساڵەی دوایی مارشەمعۆن کەوتە دەستوەردان لە کاروباری سیاسی‌و بە هێزەوە کەوتە پیلان گێڕان دژی نوروڵڵا بەگ. وەکو ئێمە لێی تێدەگەین میسیونەری ئەمریکی میستەر گرانت هانی داوەو پارەی داوەتێ بۆ ئاشووب نانەوە. ئەمە لە کاتێکدا میسیونەری ناوبراو باڵەخانەیەکی گەورەی لە شوێنێکی بەرزی ئەشیتا نوێ کردۆتەوە، لەو ماوەیەدا لایەنگرانی مارشەمعۆن هاتنە ناوچەکەمان‌و دوو کەسیان لە هۆزە کوردەکان کوشت. بەپێی نەریتی باوی ناوچەکە لە تۆڵەی خوێنی هەردوو کوردەکە، دوو تاوانبارە سریانیەکەمان گرت‌و کوشتماننەوە، لەبەرانبەردا سریان چوار کەسی دیکەیان کوشت، شاڵاوێکی تۆڵەسەندنەوەمان بۆ سەر سریان دەست پێکردو ٨ سریان کوژران.

لە کاتی رووداوەکان نوروڵڵا بەگی سەرۆکی ناوچەی هەکاری هاتە لام بۆ چاوترساندنی سریان یارمەتی بدەم، کە سریان هێرشیان کردبووە سەر چەند گوندێکی جوولەمێرگ‌و تاڵانیان کردبوو. بەپیر داواکەیەوە چووم‌و لە دوای ملکەچ بوونی سریان سەردانی ناوچەکەم کرد، تیپێکی چەکدارم لە ژێر فەرماندەی زەینەڵ بەگ لە ناوچەکە بەجێهێشت، راستەوخۆ دوای گەڕانەوەی من چەکدارەکانی سریان گەمارۆی ئەو هێزە کوردیەیان داو بۆ ماوەی ٩ رۆژ ئاوو کۆمەکیان لێبڕین، لەگەڵ ئەوەدا زەینەڵ بەگ خۆیدا بەدەستەوە، بەڵام زۆربەی پیاوەکانی کوژران، دوای ئەوەی ئاویان گەیشتێ زەنیەڵ بەگ گەڕایەوە قەڵایەکەو داوای لێکردم بە فریای بکەوم، منیش هێزێکی ٢٦ هەزار کەسیم بۆ شکاندنی گەمارو چاوترساندنی سریان نارد، وەکو دەبینین مەسیحییەکان خۆیان

هۆکاربوون بۆ ئەو تراژیدیایەی بەسەریاندا هات، بەوەی دەستپێشخەری شەڕ بوون، خولی یەکەمی شەڕ زۆر جێی بایەخ نەبوو، چونکە زیانەکانی ئێمەو سریان لە ڕووی گیانیو ماڵیەوە وەکو یەك بوون، بەڵام خولی دووەمی شەڕ بەهۆی خیانەتی زەنیەڵ بەگەوە دەستی پێکرد، ئەم جارەیان ڕێگە بە هۆزەکان درا سریان بکوژنو ئەو قەسابخانەیە ڕوویدا، لە ڕاستیدا نەمانتوانی ڕێگە لە سوپا بگرین کە پێیان وابووە شکۆو کەرامەتیان ئیهانە کراوە. من بەو هێرشەی بەبێ خواستی دەسەڵاتی ناوەند بۆ چاوترساندنی مەسیحییەکان ئەنجام دراوە دڵگرانم، چاوەڕێ نەبووم وڵاتانی ئەوروپی لە بەرژەوەندی ئەوان دەست لەوکارە وەربدەن، لە مێژە مل پێکەچکردنی مەیلی هەڵگەڕانەوەی مەسیحییەکان لەڕووی یاساوە بە من سپێراوە،

کاتێ بەدرخان قسەکانی تەواوکرد پێم وت: ڕووداوی شاڵاو بردنەی رابردوو بۆ سەر سریان بۆتە حالەتی دوو دڵیو نیگەرانی لای ناوەندەکانی ئەوروپی بە تایبەتی حکومەتی بەریتانی زۆر سوورە لە سەر گەڕانەوەی هەموو سریانەکان بۆ شوێنی خۆیان، پێم وت: (لێرەدا هەنگاوی یەکەم بە پێویست دەزانم، ئەویش ئازادکردنی هەموو گیراوەکانی سریانە)، لە وەڵامدا بەدرخان پاشا وتی: (هەموو ئەو دیلانەی لامان بوون کامیل پاشا لەگەڵ خۆی بردن). پێم وت: (ئەمە ڕاست نیە، بەپێی سەرچاوەکانمان هیچ گومان نیە هەتا ئێستاش هەندێ دیل لە جەزیرەن)، بەدرخان وتی: (ئەو دیلانە ماونو بوونەتە مسوڵمان)، ئەمەم قبوڵ نەکردو وتم: (زۆربەیان نامەیان بۆ ئێمە نوسیوەو داوایان کردووە هاوکاریان بکەینو لە دیلی ڕزگاریان بکەین، ئەگەر بوونەتە موسڵمان بۆچی نامە بۆ ئێمە دەنوسنو داوا دەکەن لە بەرژەوندی ئەوان بێینە پێشەوە، ئەگەر نەبوونەتە موسڵمان بە حوکمی ئاینو یاسا بە مسولمانی ڕاست ناژمێرێن).

لە دوای گفتوگۆیەکی بە سوود گەیشتینە ئەو ڕێککەوتنەی من ڕێگەم پێ بدرێت ئەو دیلە سریانانەی بوونەتە مسوڵمان ببینمو سەعاتێك لەلایان بمێنمەوە، ئەوەی هەتا ئێستا باوەڕی بە نەسرانی هەیە لەگەڵ خۆم بیبەمەوە، ئەوەی باوەڕشی بە ئیسلام هەیە ئارەزووی خۆیەتی وازی لێبهێنم. وتم: ئەوەی من هەتا ئێستا ئاگادارم ٩ تا١٠ دیلی سریان لای تۆو میر سەیفەدین هەن. وتی: بەڵام ئێستا ئەو دیلانە بوونەتە مسوڵمانو ڕێگە نادەم بیانگری، دوایی بە پێکەنینەوە وتی: (بۆیە ئێستا سووربوونی تۆ لە سەر ئەو داواکاریانە هیچ سوودی نیە، بەڵام لە ئایندەدا لە حالەتی بەدواداچوون دەگەینە ئاکامی باش). بڕیارمدا ئەو بابەتە وازلێ بهێنمو بچمە سەر بابەتی تالانی.

وتم: هیچ گومانم نیە میر بەدرخان قەرەبووی زیانەکانی سریان دەکاتەوە، هەتا سەر لە نوێ دەست بە ژیانی تازە بکەنەوە، پرسیاری کرد چ قەرەبووکردنەوەیەکتان لە نەزەر گرتووە؟. وەڵامم دایەوە: سریان ١٨٠ هەزار سەر مەڕو ملیونێك بیاسترە "دراوێکی عوسمانیە "یان دەوێ، لە وەڵامدا میر وتی: ژمارەیەکی زۆر مەڕ تاڵان کراوە، بەڵام ناگاتە ئەو ژمارەی باسی دەکەن، ناگونجێ حەیاری "هۆزێکی سریانیە " ئەو هەموو مەڕانەیان هەبووبێت، بەڵام هەر چۆنێك بێت ئەو مەڕە تاڵانکراوانە ئەو سەربازانە خواردوویانە، کە لە ماوەی حەوت مانگ لە وڵاتی سریان ماونەتەوەو هیچی دیکەیان نەبووە بیخۆنو پێی بژین، ئەمە هەڵوێستێك نیە مەسیحییەکان داوای قەرەبوو بکەنەوە.

لە بابەت ماڵە دزراوەکانەوە ئاماژەی میر ئەمە بوو: "مارشەمعۆن پیاوی ئاینیەو چۆن رێگە بە خۆی دەدات موبالەغەو زیادەڕۆیی لە سەر ماڵەتاڵانکراوەکە بلێ، هەموو ئەو ماڵەی دۆزراوەتەوە لە دوو گۆزەدا لە ماڵی مەلیك ئیسماعیل شاردرابۆوە، میر سەیفەدین بە سەر چەکدارەکانی دابەشی کردووە، هەروەها بە شێکی زێڕو زیوی دزراوی کەنیسەیان گەڕاندەوە بۆ قەشە لە "دێز"، نزیکەی ١٠٠٠ چەکداریان بە تفەنگو ئەسپ سواریەوە نارد بوو لەگەڵ گەڕاندنەوەی زێڕو زیوە دزراوەکە. میر وتی: (٣٢٠) دیلیان گرتبوو ئەوانەی توانیبوویان بگەڕێنەوە بە خێرایی گەڕاندیانەوە بۆ"دیز". میر بەدرخان لە قسەکانێدا دەیوت: مەسیحییەکان دووبارە دەتوانن بەهێز ببنەوە، هەروەکو من هێزی بۆتانم لە دوای ئەو لێدانە کاولکاریەی کە تووشمان بوو بە دەست موحەمەد رەشید پاشاوە، دووبارە گەڕاندەوە. میر دەیوت: هۆزە شاخاویەکان لە دوای تێکشکان توانای باشیان هەیە بۆ بووژانەوە.

گلەیم لە هەڵسوکەوتی زەینەڵ بەگ کرد، لەو ماوەی لە "ئەشیتا" سەرکردایەتی سوپای کوردی کردوەو دەستیان گرتووە بە سەر زەوی سریانەکان. سەبارەت بە هەڵسوکەوتی زەینەڵ بەگیش لەگەڵ میر بەدرخان رێککەوتین، کە هەڵەبووەو وتی: لە سەر ئەوەی لە بەرپرسیاریەتی دەرکراوە، بەڵام باوەڕیشی وابووە زیادەڕۆیی لەو بارەیەوە وتراوە. هەروەها رەتی کردەوە کورد دەستی بە سەر زەوی سریاندا گرتبێت. وتی: قورس نیە بۆ من سەردانی ناوچە شاخاویەکان بکەمو لە سەر ئەرزی واقیع راستیەکان ببینم. میر بەدرخان نکۆڵی ئەوەی کرد، زەوی سریان لەلایەن کوردەوە دەستی بەسەردا گیرابیت. لە درێژەی قسەکانیدا وتی: (مارشەمعۆن هاوپەیمانێکی بە هێز "مەبەست لەبەریتانیایە ــ و"، لە پاڵ خۆیدا دەبینێ، بۆیە بڕوام وایە لەو رووە رووداوەکان گەورە دەکات). هەروەها دەیوت: (بۆ نموونە مارشەمعۆن ژمارەی

کوژراوەکان دەگەیێنێتە ٤٠٠٠ یان ٥٠٠٠ هەزار کەس، لە ڕاستیدا ژمارەی کوژراوەکان لە ٢٠٠٠ کوژراو تێناپەڕێت). بە میرم وت: مەبەستم لەم سەردانە ناوبژیوانی تۆو مارشەمعۆن بووە، میر لەمەدا ئامادەیی خۆی دەربڕی هەندێ دیاری بۆ مارشەمعۆن بنێرێ هەتا دڵی رابکێشێت. بەجدی دڵنیایدا مەبەستی نیە تەنگ بە سریان هەڵبچنێت، لە ئایندەشدا بە یەك چەکداریش بێت پشتگیری میری هەکاری لە دژی سریان ناکات. هەوڵمدا بزانم میر هەستی بەوە کردووە میری هەکاری مەبەستی هێرشی هەیە بۆ سەر سریان، لە وەڵامدا وتی: لەوانەیە هەستی لەو شێوەی هەبووبێت، بەڵام ئێستا هەستی وای نیە. هەروەها ئاماژەیدا: (لەو کاتەی سریان دەگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان ئەوو کامیل بەگ ناوبژیوانی راستەقینە لە نیوان ئەوانو میر نورولڵای هەکاریدا دەکەن، دەروازەی باڵا ئەو ناوبژیوانیە بنیات دەنێت، کە زەحمەتە بۆ کەس لێی لابدات).

هەروەها ئەو گلەییانەم بۆ میر بەدرخان باس کرد، کە لەو ماوەی لە جەزیرە بووم لە مەسیحییەکانم گوێ لێ بووە، وەکو گلەیی لە سەر ئەو ئیهانە بەردەوامانەی تووشی مەسیحییەکان دەبێت، موسڵمانەکان لە کاتی خواپەرستی بەرد دەگرنە کەنیسەو شوێنی خواپەرستیو نوێژکردنی ئەوان، هەندێ جار بۆ ماوەی چەند مانگ ناتوانن دەرگای کەنیسەکان لە ترسی تەنگ پێهەڵچنینی بەردەوامی موسڵمانەکان بکەنەوە. بەدرخان نکۆڵی کرد ئاگای لەو کارانە بێت، بەڵێنیدا لە ئایندەدا لە بەرانبەردا ڕێوشوێنی گونجاو بگرێتە بەر.

ئەو پیاوەی یاوەرم بوو نامەیەکی لە حکومەتی موسڵەوە بۆ بەدرخان هێنابوو، ئاماژەم بۆ کوشتنی ئەو راهیبە سریانیەی تورعابدین کرد لەگەڵ هەڵوێستی میر بەدرخان لەو بارەیەوە، کە دەوڵەتانی ئەوروپی نیگەران کردووە. میر وتی: (بۆ یەکەم جار لە دیاربەکر گوێم لەو تاوانە بووە)، هەروەها ئاماژەیدا: (ئەگەر شاری میدیاد لە ژێر دەسەڵاتی ئەو بمابایەوە حوکمی دادگەری دژی پیاوکوژ جێبەجێ دەکرد). بەدرخان وتی: (پیاوکوژ لەم حالەتەدا سریانیەو پێشتر سەرۆکی دنیایی سریان بووە، ئەو پیاوە لە جیاتی خزمێکی پیاوکوژ بە ناوی سەلاح کوژراوە، چونکە سەلاح ناکۆکی لەگەڵ راهیبی کوژراو هەبووە، بە هۆی ئەم ناکۆکیە سەلاح دەنێرن بۆ گرتووخانەی دیاربەکرو لەوێ دەمرێ، خزمەکانی سەلاح تۆڵە لەو راهیبە دەکەنەوەو دەیکوژن)، بەڵام لە سەرچاوەی دیکە گوێم لێ بووە میر بەدرخان پیلانی کوشتنی ئەو راهیبەی داناوە، چونکە ئەو راهیبە ویستوویەتی بچێت بۆ دیاربەکرو راپۆرتێك بدات لە سەر ئەندازەی ماڵە تاڵانکراوەکانی خەڵکی میدیادی لە لایەن میر بەدرخانەوە، وەکو بڵێی بە بۆنەی دەرچوونی میدیاد لە دەسەڵاتی

بەدرخان ئەو گەشتەی نەخشە بۆ کێشراو بووە، ئەم گومانەش بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە میر بەدرخان بایەخی زۆری بە ئارامیو ئاسایشی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی خۆی داوە.

میر بەدرخان لای من سکاڵای دەکرد لەو دەسەڵاتەی کاتی جولانەوەی میدیادی پێیدرابوو، بەڵام ئێستا لێی بێبەش بووە. چەندین پیاوی لەو پێناوە داناوە، لەکاتێکدا بەم دواییە دەسەڵاتی بە سەر (سەعرەت)و (مەرزان)یشەوە نەماوە، بەدرخان بڕوای وابوو کامیل ئەفەندی پیاوێکی ژیرو کارزانە، لە پشت هەموو ئەو زیانەوەیە پێی کەوتووە، دەیوت: (پێشتر کامیل ئەفەندی بەڵێنی پێدابووم یارمەتیم بدات بۆ ئەوەی ببمە پیاوێکی گەورەی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام لە جیاتی وەفاداری بە بەڵێنەکەی، بە هەموو ڕێگەیەك هەوڵیداوە لە دەسەڵاتم کەم بکاتەوە). هەروەها دەیوت: (ئێستا بە تەنیا بوومەتە میری بۆتان)، بەڵام قانیعو کامەرانە بەوەی هەیەتی، ئەگەر حکومەت بەهای ئەو خزمەتگوزاریانە بزانێت کە ئەو پێشکەشی کردووە. پێش ئەوەی کودستان ملکەچی دەسەڵاتی ئەو بێت ئیدارەیەکی زۆر خراپی هەبوو، بەڵام ئێستا پیاو دەتوانێت بەوپەڕی ئۆقرەییو متمانەوە سەفەر بکات، کیسەیەکی زێڕی بە دەستەوە بێت جگە لە خوا لە کەس نەترسێت.

دەیوت: من پابەندم بە ئارەزووی پاشایانی بەغداو ئەرزەڕۆمو دیاربەکر، ئەگەر لەیەکیان نزیك ببمەوە دوژمنکاری ئەوانی دیکەم بۆ پەیدا دەبێت. من بە هەڵگەڕاوە دادەنێن، چونکە قبوڵم نەکرد بچمە سەردانی موحەمەد پاشای والی موسڵی پیاوخراپ، کە ڕۆڵی زۆر گەورەی هەبووە لە ناشیرن کردنی کەسایەتی من لای سوڵتان. ئەگەر بەراوردی بارودۆخی خەڵکی میرنشینەکەی من بکەیت لەگەڵ دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتی پاشایەکانی دیکە لە موسڵو دیاربەکر دەزانی کێ خزمەتکاری ڕاستەقینەی سوڵتانە، من یان ئەو پاشایانە.

ئەوەم بۆ میر سەلماند، کە بە کردەوە ئارامیو ئاسایش لە میرنشینەکەیدا هەیە، ئەمەش شەرەفێکی گەورەیە، بارودۆخی میرنشینەکەی بەراورد لەگەڵ ئەوانی دیکە زۆر باشەو هەموو گەشتیارێك هەست بەمە دەکات.

سەرەڕای ئەوە بەدرخان دەیگوت: (پێشتر وەکو باجی میرنشینی بۆتان تەنیا ٤٠٠ قورشی بە والی دیاربەکر داوە، دوای لکاندنی بە ویلایەتی موسڵ موحەمەد پاشا یەکەم جار زیادی کرد بۆ ٥٠٠ قورشو ئینجا بۆ ١٠٠٠ قورشەو دوایی بوو بە١٤٠٠ قورش، ئێستا ١٠٠٠ قورش وەکو باج دەدەم بە والی موسڵ، من ئێستا باجی ٠/٠٧ لە سەر بەهای داهاتی ساڵانە فەرز دەکەم، بە زۆری بەشی ئەو باجە ناکات، کە دەیدەم بەپاشای موسڵ. ئەمساڵ داهاتی کشتوکاڵ بە هۆی

ئافاتی کوللەوە زیانی زۆری لێکەوتووە، ئەمەش رێژەی بەهای ئەو باجەی لە بۆتان وەدەگیرێ دابەزیوە بۆ سێیەك، لەگەڵ ئەوەدا تاونباریان کردم، کە خەڵکی لە ژێردەسەڵاتی ناوچەی پاشایانی دیکەوە هاندەدەم بێن لە بۆتان نیشتەجێ بن، ئایا ئەمە تاوانێکی خراپە؟.

شەریف پاشا فەرمانی پێکردم بە گەڕاندنەوەی ۲۰۰ خێزانی خەڵکی زاخۆ، ئەوانەی بەر لە ۳ یان ٤ مانگ لە زوڵمی موحەمەد پاشا هەڵاتبوونو لای من نیشتەجێ بوون، داوایان لێکرا بگەڕێنەوە موسڵ، بەڵام لەگەڵ گەڕانەوەیان سەر لە نوێ بڕیاریان دا بگەڕێنەوە، چونکە شەریف پاشا داوای کردبوون باجی ئەو چوار ساڵە بدەن، کە لە بۆتان لای من بوون. ئایا ئەوە مەسەلەیەکی نامۆ یان چاوەڕوانکراو نیە؟ تاوانی من لە هەموو ئەم کارانەدا چیە؟ دڵنیام حکومەت هەموو ئەم راستیانە نازانێت، بەڵام رۆژێك دێ دەیزانێتو ئەوکات هەڵوێستیان لەبەرانبەر مندا دەبێت.

لە سەرەتای قسەکانماندا بەدرخان بەگ وتی: نازانم بە تورکی قسە بکەم. لەگەڵ من بە رێگەی وەرگێڕەکەی قسەی دەکرد، بەڵام لە دوای ئەوەی چوینە ناو بابەتەکانەوە بە هەڵچوونەوە لەگەڵ بابەتەکان رێك کەوتو بە تورکی دەستی بە قسان کردو پێویستمان بەوەرگێڕ نەما، هەر لە بنەرەتەوە وا باش نەبوو.

وادەردەکەوت بەدرخان دڵنیا نەبووبێ لە هەڵوێستی حکومەتی عوسمانی لەبەرانبەر خۆی، باوەڕم وایە ئەگەر حکومەتی عوسمانی هەندێ فشاری بخستایە سەر میر بەدرخان ناچار دەبوو قەرەبووی سریانی بکردایەوە، بۆ نموونە ناچار بوو ئەو چوار دیلە ئازاد بکات، کە بە بیانووی موسڵمان بوون هێشتبوویەوە. قبوڵ کردنی لە دەستدانی دەسەڵاتی میر بەدرخان لە میدیادو هیزان لەگەڵ ئەوەدا خەڵکی ئەو دوو ناوچەیە پشتگیریان دەکردو ئامادەی بەرگری بوون لەبەرانبەر هێزەکانی دەسەڵاتی ناوەند بەڵگە بووە لە سەر ئەوەی میر بەدرخان سوورنەبووە بە هێز رووبەڕووی دەسەڵاتی ناوەند ببێتەوە. هیچ گومانی تیدا نیە بەدرخان پیاوێکی خاوەن خۆزگە بووەو مەبەستی بووە دەسەڵاتی ئێستای خۆی بە سەر سەرۆکە کوردەکاندا بپارێزێ، بەڵام هەمووی تکای ئێستای ئەوەیە بەرپرسان لەبەرانبەر دەسەڵاتی ناوەند هەندی حیسابی بۆ بکەن.

ئەوەی پەیوەستە بە کاروباری ئەوروپی بەدرخان بە تەواوی لێی بێ ئاگابوو، بۆ نموونە پرسیاری لێکردم دەوڵەتی بەریتانیاو فەرەنسا کامیان بەهێزترە؟ کامیان زیاتر پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانییدا هەیە؟. بەدرخان سەرکردایەتی سوپای کوردی کردبوو لە شەڕی (نزیب) دژی ئیبراهیم پاشا "کوڕی موحەمەد عەلی پاشا، کە خراب بەسەر دەوڵەتی

عوسمانیدا شکایەوە، بەمە زۆر کەوتبووە ژێرکارگەری موحەمەد عەلی پاشا. چاك ئاگادار بوو هێزەکانی بەریتانی هێزەکانی موحەمەد عەلی پاشایان لە سووریا شکاند. بۆیە میر بەدرخان بە چاوی رێزو سەرسوڕمانەوە دەیڕوانیە بەریتانیا، پێی وابوو دەستێوەردانی حکومەتی بەریتانی لە بەرژەوەندی ئەرمەن بۆ ئەو خەسارەتێکی سیاسی گەورەیە.

پێم وایە ناتوانین لە ئایندەدا متمانە بە بەڵێنی بەدرخان بکەین بەوەی سریانەکان تووشی زیان نەکات، بەڵام دەبێت سریان لای خۆیەوە وریاو لێزان بن‌و کاری نکاری وانەکەن هەستی ئاینی لای موسڵمانانی کورد بورووژێنێ.

ماوەی رۆژێك من لە سەربازگەی بەدرخان بووم، تێبینیم کرد چەندین گرووپی چەکدار گەیشتنە سەربازگەکە، پرسیارم لە لایەنگرانی بەدرخان کرد، پێم بڵێن ئەوانە چین؟ وتیان ئەو هێزانە لە بنەڕەتەوە هی سەربازگەن، بەڵام لە مۆڵەت دەگەڕێنەوە. دواتر بۆم دەرکەوت لەو کاتەی من لەوێ بووم میر ئەو سیناریۆیەی لە سەربازگەکەی رێکخستووە هەتا من بە بەهێزی ئەو ئاگادار بم. ئەو دیاردانە بە دڵنیایی تێڕامانە، بەڵام بەو ئەندازەیە نەبووە، دیاردەی روخسارو سەرسووڕمانم لەلادروست بکات، لەلایەکی سەربازگەکەوە ٣٠٠ چەکدار بە بەرگی وەکو یەك وەستا بوون، کە بریتی بوو لە پەردە قوماشێکی داکەوتوو شەرواڵێکی سوورو کراسێکی بە ئەنگوچکەوە.

لەلایەکی دیکەوە دەتوانی هێزێکی سەربازی بە ڕیزو یەکسان لە ژمارەدا ببینیت، بەڵام ئەمانە شەرواڵی شینی موشەکەلیان لەبەردابوو. هەموویان دەست لە سەر خەنجەر وەستاون‌و بە دەسکی خەنجەرەکەیەوە تەسبیحی تایبەتیان بۆ وێردەکان تێ ئاڵاندبوو، چونکە زۆربەی سوپای بەدرخان لەو ئیسلامیە دەمارگیریانەی سەر بەڕێڕەوی شافعین. بە بۆچوونی شافیعی شوێنکەوتووی مەزهەبە ئیسلامیەکانی دیکە بڕوادارترنین‌و لە کافرو موشریکەکانن. ئەگەر ویستی شوێن مەزهەبەکانی دیکە بکەوێ دەبێت قبوڵی فەلاقەی توند بکات، ئەمەش بۆ ئەوەیە لە تاون پاك بێتەوە*.

لە ڕۆژی ١٨٤٤/٦/٣٠ز بە بەدرخان پاشا گەیشتم‌و بە بەجدی بەڵێنی پێ دام دەرفەت بە هیچ کەس نادات لە بۆتان‌و هەکاری‌و ئەو کەنیسانەی کەوتوونەتە جەزیرە ئازاری مەسیحییەکان بدات. هەروەها بەڵێنیدا لە هەر شوێنێك دیلەکانی دیتەوە بۆم بنێرێ. داوای لێ کردم پێش ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەجێ بهێڵم جارێکی دیکە سەردانی بکەمەوە، دوای ئەوەی من داوام لێکرد مۆڵەتم بدات بڕۆم، پیش ئەوەی لە سەربازگەکە دەرچم گەڕامەوە رەشماڵە تایبەتیەکەم، هەر کە گەیشتم پیاوێك لێم هاتە ژوورەوەو ١٠ هەزار

---

* -ئەمە بە تەنیا هەستێکەو زیاتر هەڵقولاوی خەیاڵە. نوسەر

قورشی خستە نزیك پێمو ڕایگەیاند ئەوە دیاری میرە، کیسە پڕ لە پارەکەم دایەوە پیاوەکە، وای زانی لە بەر کەمی وەری ناگرم، فەرمانیدا زیادی کرد بۆ ١٥ هەزار قورش●، دوایی بە دیوان ئەفەندیم وت: تکا دەکەم بۆ بەدرخانی روون بکەوە، بە هۆی سروشتی کارەکەمەوە دیاری لەو جۆرە قبوڵ ناکەم، کە بە توندی لێمی قەدەغە دەکات، بە هیوام بە ئیهانەی تێ نەگات. دیوانە ئەفەندی چوو لەگەڵ میر بەدرخان قسە بکات، هاتو گەڕایەوەو پۆزشتی هێنایەوە، پارەکەی خستەوە بەر دەممو وتی: میر قبوڵی ناکاتو ئەمە نەریتی ناوچەکەیە، چونکە هەموو ئەو بەرپرسانەی ئەستەنبوڵ سەردانی ئێرە دەکەن ئەم جۆرە دیاریانەی بەمنی داوە ئەوانیش قبوڵیان کردووە. لەو کاتەی هێشتا لە سەربازگەکە بووم میر بەدرخان ئەسپێکی کوردی پێشکەش کردم، قبوڵم کرد بەو هیوایەی بیفرۆشمو تەرخانی بکەم بۆ خەرجی هەندێ دیاری، کە کڕیبووم بۆ بەدرخانو خانەوادەکەی، چونکە ئەمە لە نەریتی ناوچەکە بووە.

بە هەمان ڕێگا گەڕامەوە جەزیرە، لەوێ لە سەرچاوە سریانیەکانەوە زانیم هەتا ئێستاش ٢٩ پیاوو ژنی سریانی دیلن، داوام لە بەرپرسی حکومەتی عوسمانی کرد ئەو دیلانەم بۆ بێنێت، دوای ماوەیەك هێنای، دیلەکانم لە ٢٥ماڵی جیاجیا دانان. یەکیان لە ماڵی ئیسماعیل پاشای ئامێدی، دوو لە ماڵی پەرپرسە عوسمانیەکە، دوو لە ماڵی قازیو ئەوانی دیکەمان بە سەر ماڵی مەلایەکاندا دابەش کردن، هەر یەك بۆ ماڵی مەلایەك، بەو شێوە دیلەکان لە ماڵی ٢٥ لە پیاو ماقوڵانی شار دانران. دوو لە دیلەکان منداڵ بوون وتیان بوونەتە موسڵمان، بڕیارمدا شایەدیان لێوەربگرمو وازیان لێبهێنم، بە بەرپرسە عوسمانیەکەم وت: بایەخی پێ بدە دەگونجێت لە ئایندەدا داوای گەڕانەوە بکەن. ٢٧ ئەسیری ژنو کوڕو کچ هەبوون، وتیان ئەوانە نەسرانینو رادەستی من کرانەوە، منیش بەجیا، بە دوو تەوافەی لە پێست دروستکراو بە کەڵەكو سەوڵان بە ئاوی دیجلەدا جەزیرەمان بەجێهێشتو بەرەو موسڵ گەڕاینەوە، لە چواری تەمووز گەیشتینەوە شار.

**ا ر . دبلیو . ستێڤن یاریدەری کونسوڵی لەموسڵ**

---

● - نامەوێ بە گشتی سەرنج لە سەر بەڵگەنامەکان دەربڕم، ئەم کارە بە شایستەی دکتۆر عوسمانی دەزانم بەڵام لێرەدا تێبینی زەق هەیە، میر بەدرخان وەکو بە دیاری خستووە نیگەرانە بە١٠٠٠ قروشی باجی ساڵانەی میرنشینەکەی بۆ ولایەتی موسڵ، کەچی ئەو دیاریەی بۆ ئەم میوانەی داناوە ١٥هەزار قروشە، کە دەکاتە باجی پانزدە ساڵ، ئەمە ئەگەر لەوەرگێڕانی یەکەمی دەقی بەڵگەنامەکە بۆعەرەبی هەڵەی چاپ نەبێت زۆر جێی سەرنجە. "بابان زادە".

RR 20|27 Vol. 6Ref.
9806|Doc. 177

## وەزارەتی دەرەوە ١٨٧٦/١٢/٢

## یاداشتنامەیەك دەربارەی چەوساوانەوەی مەسیحییە نەستوریەکان لەلایەن میر بەدرخان و عوبێدوڵڵای نەهری و ئێرانیەکانەوە.

نەستوریەکان مەسیحی دانیشتووی رۆژهەڵاتی ناوچە شاخاویەکانی کوردستانن لە ناوچە سنووریەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران لە رۆژئاوای گۆمی ورمێ.

بە هۆی سەختی ناوچەکەیانەوە، ئەو نەستورییانە بۆ چەندین ساڵە سەربەخۆیی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی پاراستووە.

رووپێوکردنی رووباری فورات لەلایەن حکومەتی بەریتانیەوە لە ساڵی ١٨٣٥ بۆ یەکەمجار مەسەلەی نەستوریان هێنایە ئاستی جێ سەرنجی هێزە ئەوروپییەکان.

ماوەی سی و شەش ساڵی دوایی لە چەندین بۆنەدا حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی لە نەستوریەکانی روانیوە، بەوەی تووشی گرفت و مامەڵەی خراپ و سەرکوتکردن و بیزارکردن و سیاسەتی جیاکاری و چەوسانەوە دەبنەوە، کە بە شێوەی بەرفراوان لەلایەن تورك و ئێرانی و سەرکردە کوردەکانەوە پیادەکرێ.

نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی حکومەتی بەریتانی لە سەر ئەو بابەتە زۆرو زەبەندەو ئێستا دەگاتە پێنج بەرگ، بەڵام دەمانەوێ بە کورتی و پوختی باسی هەقیقەتی ئەو تراژیدیایەی بەسەر نەستوریەکان هاتووە بکەم، لەگەڵ ئەو هەوڵانەی حکومەتی بەریتانی گرتویەتیە بەر بۆ سنووردانان لەبەرانبەر ئەو ناخۆشیانەی تووشیان هاتووە.

لە ١٨٣٨ کۆمەڵەی زانستە مەسیحییەکان داوای لە هێژا (ئاینسۆررس و.س، رەسام) نوێنەری کونسوڵی بەریتانی لە موسڵ کرد، زانیاری لە سەر بارودۆخی مەسیحییەکانی

کوردستان کۆبکاتەوە، لە ساڵی ١٨٤٠ رەسام لەو بارەیەوە راپۆرتێکی ئامادەکرد، کە تێیدا بارودۆخی مەسیحییەکانی ناوچەکەی تێدا بە دیارخستووە.

لە ساڵی ١٨٤٢ مارشەمعۆنی جوولەمێرگی سەرۆکی دنیایی‌و گەورەی کەنیسەی نەستوریەکانی تورکستانی سەربەخۆ (دەکرێت مەبەستی کوردستان بێت)، قەشەکانی دیکەی ناوچەکە داوای یارمەتیان لە کەنیسەی ئەنگلیکانی بەریتانی لە ناوچەکە کرد هاوکاری نەستوریەکان بن لە باشکردنی باری فەرهەنگی‌و ئابووری، بۆ ئەو مەبەستە ئەنجومەنی کەنیسەکانی بەریتانی قەشە (بادجەر)یان وەکو نێردراو نارد، بەڵام زوو دەرکەوت لەو ئەرکە سەرکەوتوو نیە، بۆیە ئەو نێردراوەیان لە ناوچەکە کشاندەوە.

ئەو زانیاریانەی بە حکومەتی بەریتانی گەیشتوون، ئەوە دەگەیەنن کە پاشای عوسمانی لە موسڵ بە گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوتکردن‌و قۆرغکردن‌و دەرفەتهێنان بۆ سەپاندنی چەندین جۆری سەرانەو باج بەو پەڕی سەختی نەستوریەکان دەچەوسێنێتەوە، کە بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی هەژاری‌و برسیەتی لەناویاندا.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەوێدا هاتووە، لە ساڵی ١٨٤١ یەکێك لە سەرۆکە کوردەکانی ناوچەکەو گوێڕایەڵی والی موسڵ، بەبێ هیچ پاساوێك لەو کاتەی نەستوریەکان خەریکی بەخێوکردنی رانە مەڕەکانیان بوون، هێرشی کردۆتە سەریان، ئەوانە بە ئاشتیخواز بوون، دوو ڕانە مەڕیان دەستی بەسەراگیرا، ٢٠ کەسی ئەوانیان کوشتووەو زنجیریان کردۆتە ئەستۆی هەندێکی دیکەیان‌و وەکو بارمتە ناردوونی بۆ والی موسڵ، ئەویش لەبەرانبەر فیدیەکی زۆر ئازادی کردوون، کە هیچ پاساوێك بۆ ئەو کارە ناڕەوایە نیە.

لە ساڵی ١٨٤٣ بەدرخانی کوردی میری بۆتان قەسابخانەی گەورەی بەرانبەر نەستوریەکانی (فیز) ئەنجام دا، کە زیانی گەورەی گیانی‌و مادی بە نەستوریەکان کەوت.

ئەمە لەکاتێکدا هێژا (کاننگ) رەفعەت پاشای لە هێرشێکی چاوەڕوانکراوی بەدرخان ئاگادار کردبۆوە بۆ سەر نەستوریەکان، حکومەتی عوسمانی بەڵێنی دابوو، فەرمان بەوالی موسڵ بدات مامەڵەیان لەگەڵ مەسیحییەکان باش بێت‌و ئەو هێرشە نەکرێ، بەڵام هێرشەکە کرا، چونکە ئەو فەرمانە درەنگ گەیشت، یان والی فەرمانەکەی فەرامۆش کرد، چونکە خۆی نەخشەی بۆ ئەو هێرشە دانابوو.

ئەو هێزانەی کورد کە لە سایەی بەدرخان یەکیان گرتبوو هێرشیان کردە سەر نەستوریەکانی ناوچەی تیاری، لە کاتی گەیشتنی ئەو هێزانە مارشەمعۆن لەگەڵ هەندێك لە خزمەتکارەکانی هەڵات بۆ موسڵو لەوێ پەنای بردە بەر نوێنەری کونسوڵیەتی بەریتانی.

وا بەدیاردەکەوێ لە سەرەتاوە نەستوریەکان بەرگریەکی کەمیان کردبێتو زوو ورەیان رووخابێ، چونکە بە لە بەرچاوی خۆیان دیتوویانە چۆن هێزەکانی کورد گوندەکانیان دەسووتێننو وێرانیان دەکەنو دەستبەسەر سامانیان دادەگرن، هەندێك لە نەستوریەکان بەرەو گوندی (سەر ئەسپێدە) هەڵاتن، بە خۆیانو کەلوپەلەکانیانەوە پەنایان بردە بەر کەنیسە، بەڵام کە کوردەکان پێیان زانین دەستیان بە سەر کەلوپەلەکانیاندا داگرتو گوندەکانیان سوتاندو کەنیسەکەیان رووخاند، بەرانبەر خەڵکی سڤیل دڕندانە رەفتاریان کردو سەدانیان وەکو دیل بردن.

لە راپۆرتێکدا کە رەسام بۆ کاننگ (باڵوێزی بەریتانی لە ئەستەنوڵ، و) لە سەر ئەو رووداوانە ناردوویەتی، رەسام دەڵێ: ئەوەی لە گوندە نەستوریەکان روویداوە دڵ دەهەژێنێت، بۆیە دڵنیاییدا بە نوێنەری کونسوڵ بە شێوەیەکی جەرگبڕ رووداوی کوشتنی دایکی مارشەمعۆن بگێڕێتەوە، کە پیرێژنێکی پیر بووە، دوای ئەوەی کوردەکان بە خراپی کوشتیان، لاشەکەیان پارچەپارچە کردو بردیان لە (نەسەبین) خستیانە رووبارەوە هەتا بە ئاراستەی موسڵ بڕوات، لەوێدا بە سەر لاشەکەیدا هاواریان دەکرد "ئەو هەواڵە بدە بە کوڕەکەت، پێی بڵێ هەمان چارەنوس چاوەڕێیەتی"، لە پاڵ ئەوەدا پڕوپاگەندەی ئەوە هەیە، کە کوردەکانی ئێران دەیانەوێت بۆ لێدانی نەستوریەکان پەیوەندی بە کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانیەوە بکەن، لە رێگەی جەنەراڵ (شیل) کونسوڵی بەریتانی لە تەورێز ئاگاداری حکومەتی ئێرانی کراوەتەوە فەرمان بە فەرماندار ئازەربایجان بدات رێگە نەدات کوردەکان تەنگ بە نەستوریەکان هەڵبچنن، کاتی هەواڵی ئەو قەسابخانەیە گەیشتە بەریتانیا، (لۆرد ئاباردین) داوای لە (سێر کانگ) کرد، دەوڵەتی عوسمانی ئاگادار بکاتەوە، کە حکومەتی بەریتانی چاوەڕانە دەروازەی باڵا (الباب العالی)[١] رێنومایی روون بداتە والی موسڵ، هەتا رێوشوێنی زیاتر کاریگەر بگرێتە بەر بۆ ئەوەی کارەساتی لەو جۆرە بەرانبەر نەستوریەکان دووبارە نەبێتەوە. (لۆرد ئاباردیم) دەڵێ: دەبێ دەوڵەتی عوسمانی بزانێت دووبارەبوونەوەی رووداوی لەو جۆرە جیهانی مەسیحی

١ - دەروازەی باڵا: نازناوێکە دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەرۆکی وەزیرانی بەکاردەهێنا، بەڵام لە هەمان بەڵگەنامەدا بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەکارهێنراوە.

نیگەران دەکات بەرانبەر دەوڵەتی عوسمانی، بۆ کاراکردنی ئەو هەنگاوە (سیر کانگ) بە نهێنی دەروازەی باڵای رازی کردووە، کۆمەڵێك رێوشوێن لە بەرژەوەندی ئەو مەسیحییە هەژارانە بگرێتە بەر، کە پوختەکەی بریتیە لە: یەکەم/ حکومەتی عوسمانی ئەو دیلە مەسیحییانەی لەلای کوردەکان زیندانی کراون ئازاد بکاتو سامانە تالانکراوەکانیان بۆ بگێڕێتەوە، کوردەکان ناچار بکرێن بە زوویی لەو ناوچەی مەسیحییەکان بکشێنەوە، کە دەستیان بە سەرداگرتووە. دووەم/ ئاشتەوایی لە نێوان مارشەمعۆنو دەوڵەتی عوسمانیدا بکرێت.

دەوڵەتی عوسمانی بەجدی بە(سیر کانگ)ی وتووە، کە نەستوریەکان دەستدرێژی کار بوون، بەڵام لەر خاتری جەنابی باڵوێز بەڵێنیان داوە هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ، بەڵام دەروازەی باڵا حکومەتی بەریتانی ئاگادارکردۆتەوە، کە ناتوانێ لەگەڵ کورد بکەوێتە شەڕەوە، کە ئەوان سوپای بە هێزیان هەیەو وڵاتی نەستوریەکانیان کاول کردووە، بەڵام (سیر کانگ) ئاگاداری داوەتە دەروازەی باڵا، کە والیەکانی عوسمانی لە ئەرزەڕۆمو موسڵ بەشدار بوون لەو هێرشانەی کراوتە سەر نەستوریەکان، (سیر کانگ) ئەوەی روونکردەوە کە دەوڵەتی عوسمانی پێشتر بەڵێنی دابوو رێنومایی بداتە ئەو دوو والیە، بەڵام پێدەچێت ئەو بەڵێنەی لە بیر خۆی بردبێتەوە، یان نەتوانێت ئەو والییانە رازی بکات گوێڕایەڵی بکەن. ژمارەی ژنو منداڵە دیلەکانی نەستوری گەیشتە ١٢٥ دیل، ئەوانە گواستراونەتەوە بۆ شاری جەزیرەی پایتەختی بۆتانی سەر بە میر بەدرخان، ئەو میرە ئەوانەی وەکو دەیەکی دەستکەوت گرتووەو پێدەچێت هەندێك لەوانەی وەکو دیاری بە سەر لایەنگرانو مەلاو شێخە کوردەکانی هاوپەیمانی دابەش بکات، هەروەکو مێرمنداڵێکی بە دیاری داوەتە میری شێروان، چواری لەوانە داوەتە (زەندی ئاغا)و هەشت دیلی ئافرەتی بەخشیوەتە میرە کوردەکانی هاوپەیمانی خۆی، منداڵو مێرمنداڵێکی داوەتە والی موسڵ، ئەویش هەر زوو منداڵەکەی سنونەت کردووە، دواتر هەموو دیلەکانی دابەش کردووەو هەندێکیانی بە بازرگانەکانی تەرابزوون فرۆشتووە، نوێنەری کونسوڵ هەموو هەوڵی خۆی داوە ئەو دیلانە رزگار بکات، بەڵام بێ ئاکام بووە، سەبارەت بەو ئاماژانەی پەیوەندیان هەیە بە مسۆگەربوونی ئازادکردنی دیلەکان، رەسام پێشینەیەکی باس کردووە، کە جێی سەرنجە، لە ساڵی ١٨٣٥ میر موحەمەدی رەواندز مەسیحییە یەعقوبیەکانی گرت، بەڵام حکومەتی فەرەنسی دەروازەی باڵای ناچار کردەوە فەرمانێك دەربکات بۆ ئازادکردنیان، یەکسەر دوای دەرکردنی ئەو فەرمانە نوێنەری حکومەتی فەرەنسی میر موحەمەدی ناچارکرد هەموو دیلەکان ئازاد بکات، هەتا هەندێ لە دیلە ژنەکان سك پڕکرابوون لە لایەن کوردە

مسوڵمانەکان، بەڵام رەسام بە تەنیا یەك دیلی ئافرەتی پێ ئازاد کرا، دوای ئەوەی نوێنەری کونسوڵ (۲۰۰ بیزە)یدا بەو کوردەی دەستی بە سەراگرتبوو، ئێستا هەندێك لەو تاوانە ترسێنەرانە بە درێژی باس دەکەین، کە بەرانبەر نەستوریەکان کراوە، پێنج منداڵی دیل لە دوای بە پارچە پارچەکراوی قێزەونانە فڕێدراون، قەشەیەك لە دوای مردنی بە بەردباران کردن فڕێ درابووە رووبارەوە، دەڵێن: حەوت ژن بە خۆیانو منداڵەکانیانەوە خۆیان لە پردێکی ناوچەیەکی شاخاوییەوە فڕێداوەتەوە خوارێ، بەس لە بەر ئەوەی دیل نەکرێنو تووشی ئیهانە نەبن. ژمارەی ئەو مەڕو ماڵاتەی لایەنگرانی بەدرخانەوە تاڵان کردوون زۆر زۆر بوون، ژمارەیان دەگەیشتە ۲۷۵۰ سەر مەڕ، بەدرخان ۵۰ گای وەکو دیاری بۆ موحەمەد پاشا ناردبوو، کە لەلای خۆیەوە گوندە هەژارەکانی ناچار کردبوو، بۆ ئەوەێ گاکانیان بۆ بگێڕێنەوە پارەیەکی نەختینەی زۆر بدەن، بەدرخان پاشا لە دەستکەوتەکانی جەنگ ۷۵ هەزار بیزەی وەکو بەرتیل بۆ پاشا ناردبوو. لە پاییزی ۱۸٤۳ کونسوڵی بەریتانی لە تەورێز بروسکەیەکی پێگەیشت، کە هێزە کوردیەکانی ئێران لە ورمێ خۆیان ئامادە کردووە دەست بەسەر نیرینەی مەسیحییەکاندا بگرنو ئافرەتەکانیش وەکو دیلی جەنگ ببەن، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە تەورێز نکۆڵیان لە هێرشێکی لەو جۆرە کرد، بەڵێنیاندا فەرمانێك دەربکەن بۆ پەشیمان کردنەوەی هێرشێکی لەو جۆرە لە لایەن کوردەکانەوە، ئەوانیش گەڕانەوە ماڵەکانیانو ئەو شاڵاوە ئەنجام نەدرا، بەڵام هێزەکانی میری هەکاریو بەدرخان بەگ هەتا ئەیلولی ۱۸٤۳ بە تەواوی دەستیان گرت بە سەر وڵاتی تیاریو دڕندەترین سیاسەتی سەرکوتکردن پەیڕەو دەکەن بەرنبەر نەستوریەکان، ۲۰ پەنابەری هەڵاتووی نەستوری گەیشتنە بەروای باڵا، بەڵام لەلایەن میری ئەو شوێنەوە گیرانو هەموویان لە ناوبرانو دەستگیرا بە سەر سامانەکەیان، کە بریتی بووە لە رانە مەڕێك، لە ۱۳ی ئەیلولی ۱۸٤۳ ئەفسەرە بەریتانیەکانی ئەندام لە لیژنەی دیاریکردنی سنوور لە ئەرزەڕۆم یاداشتێکیان دایە والی ئەوێو داوایان لێ کرد رێگە بگرێت لە هێرشی چاوەڕوان کراو بۆ سەر نەستوریەکان، کە گوایە دەڵێن هێزەکانی کوردی ئێران هاوئاهەنگیان هەیە لەگەڵ هێزەکانی بەدرخان بەگ لە ناو دەوڵەتی عوسمانی، ئەمەش هاوکات بووە لەگەڵ ناردنی ئەو یاداشتەی (سیر کانگ) کە لەلای خۆیەوە رۆڵی هاریکاری بینیوە لەگەڵ باڵوێزی روسی لە ئەستەنبوڵ بۆ ئەوەی ئەوانیش بیرخەرەوەیەکی هاوشێوە بدەنە دەروازەی باڵا. لە ۱۰ی ئەیلول (رەسام) یاداشتنامەیەکی بۆ (سیر کانگ) نوسیوە، بە درێژی ئاگاداری کردۆتەوە لەو رووداوانەی پەیوەستن بە کوردو نەستوریەکانو ئەو رێنومایییەکانەی لەو بارەیەوە پێویستە دەربکرێت، لە

٢٨ی ئەیلول (سێر کانگ) وەڵامی دەداتەوە بەوەی: "بروسکەی تۆم زۆر بە دەست گەیشتووە، دوا بروسکە لە ١٠ی ئەیلول بووە، بە بایەخەوە درێژەی ئەو رووداوە تراژیدیە دڕندانەیەم خوێندەوە، کە لە نامەکانتدا هاتبوو، دەربارەی ئەوەی تووشی نەستوریەکان بووەو ئەو هۆکارانەی والی موسڵی هێنایە ئەو باوەڕەی لەگەڵ کورد بەشداری ئەو قەسابخانەیە بکات، ئەو زانیاریانەی بۆت ناردم، منیش نارم بۆ دەروزەی باڵا، بە شێوەیەك کە لەو بارەیەوە رۆڵی ئەرێنی گێڕاوە، بەڵام تکایە ئاگادار بە، کە هەر دەستێوەردانێك بۆ خزمەتی مەسیحییەکان بکرێت لە دەوڵەتی عوسمانی، کە سەربەخۆیی خۆی هەیە، پرسێکی ئاڵۆزەو چەند رەهەندی هەیە، لە گرنگترینیان مەسەلەی سەروەریەتیە، دوایی ئەو گرفتانەی وای کردووە دەسەڵاتی ناوەند لە ئەستەنبوڵ دەستی پێی رانەگات، ئەمەش تایبەتمەندیەتی هەندێك لەو هەرێمانەیە، یان دوورە دەستی ئەو ناوچانە حکومەت بە تەواوی دەستی پێی راناگات، هۆکاری دیکە هەیە، ئەویش ئەو ناوچانە دوورن لەو ناوچانەی نوێنەی ئینگلیزی لێ هەن، کە ناتوانرێت کاریگەری ئێمەی بە سەرەوە دروست بکرێت، چونکە ناتوانین پێی بگەین"، "ئەوەی پەیوەستە بە مەسیحییەکان، هەڵوێستی دەوڵەت خراپ نیە لەبەرنبەر داکۆکی ئێمە بۆ لابردنی ئەو زوڵمەی لە مەسیحییەکان دەکرێت، بە روونی پەیمانیان پێ داوم ئەو قەیرانە لەگەڵ مەسیحییەکان چارەسەر بکەن، دەوڵەتی عوسمانی ئامادەیی خۆی نیشان داوە، بەڵام بە داخەوە ئەو سیاسەتەی لە دەوڵەتی عوسمانیدا باوە ئەوەیە، کە شێوازی بەڕێوەبردن لێرە بەدەست کەسانی مەیدانیەوەیە، بۆچوونیان بۆ دەسەڵات تەواو لەگەڵ ئێمە جیاوازە. لێرەو لەوێ قسە لە چاکسازی دەکرێت لە دامەزراوە کارگێڕیەکان، بەڵام چەمکی چاکسازی لەگەڵ لای ئێمە لەو بارەیەوە جیاوازە، ئەوەی جێی باسە سەرەڕای بانگەشەو داکۆکی بۆ چاکسازی کە گوێبیستی دەبین، رژێمی کۆن بە سەر زۆربەی کاروبارەکانەوە باڵادەستە، بۆیە حکومەتی عوسمانی بە قسەی خۆش‌و سازشی نادروست هەڵماندەخەڵەتێنێت، بەڵام قورسە چونکە ئەو بەرگری لە هەڵوێستی والیەکەی خۆی دەکات، کە دەیەوێت بە زەبری هێزو بە هەر رێگەیەك بێت دەسەڵاتی ناوەند بسەپێنێت‌و باج بۆ خەزێنەی ولایەت کۆبکاتەوە، هەتا ئەگەر ئەو هەنگاوە لە سەر حیسابی بەهای مرۆڤایەتی‌و دادگەری‌و ئەو پەیمانە بێت کە متمانەی لەگەڵ دەوروبەری لە سەر دامەزراوە، لە هیچ حکومەتێکی سەربەخۆو خاوەن سەروەری چاوەڕوان ناکرێ بە تەنیا بە هۆی گومانی تاوانباریەتی یەکێك لە بەرپرسە کارگێڕیەکانی رادەستی نوێنەری هێزێکی بیانی بکات، ئەوەی لە راستیەوە نزیکە حکومەتی ئەستەنبوڵ لە رێگەی نوێنەرەکانیەوە زانیاری

هەڵەی دەدەنێ، ئەوەی ئێمەش چاوەڕوانین بە هۆی گرتنەبەری باشترین شێوازی کارگێڕیو شارەستانی سەردەم دەسەڵاتی تەواوی هەبێت، کە کاریگەر بێت بۆ سروشتی ئەو باردۆخەی دەمانەوێت، "ئەوەی ئێستا من بۆ ئێوەی دەنوسم، بۆ دڵنیا بوون لەوەی پێشتر وتم، دەروازی باڵا لە رێگەی رەفعەت پاشاوە پێی راگەیاندم، بگەینە لێکتێگەیشتنی هاوبەش بە جۆرێ مارشەمعۆن وەکو مسکێنی دەوڵەتی عوسمانی حیساب بکرێت، لەبەرانبەردا ئەندازەیەك دەسەڵاتی هەبێت بە سەر نەستوریەکان، بەپێی تێگەیشتنی من حکومەتی عوسمانی هەتا ئێستا چاوەڕوانی زانیاری زیاتر دەکات، کە پێویست بوو والی بۆی رەوانە بکات، ئەوەی من درکم پیکرد دەروازەی باڵا وای پێ چاکە مارشمۆن راستەوخۆ سەر بە دەسەڵاتی ناوەند بێت، بەڵام نایشارمەوە کە بۆ ئەو مەبەستە مارشەمعۆن هەتا بە دڵنیاییەوە مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندا بکات دڵنیایی زیاتری دەوێت، پێم وت: لەم باردۆخە ناتوانم زەمانەتێکی لەو شێوەی بدەمێ " بەڵام سەبارەت بە کشانەوەی هێزە کوردەکانی سەر بە سەرۆك هۆزە کوردەکان لە وڵاتی داگیرکراوەی نەستوریەکانو ئازادکردنی دیلەکان، وەزیری کاروباری دەرەوەی داوایەکەی قبوڵ کردم، دڵنیای کردمەوە کە فەرمانی پێویست دەنێرێت بۆ والی دیاربەکرو موسڵو ئەرزەڕۆم " لەو باوەڕەدام فەرمانی سەرەتایی دەرچووە، بەیانی داوا دەکەم لەو بارەیەوە دڵنیاتر بکرێمەوە، بەڵام هێشتا لە هەوڵەکانم دڵنیا نیم، لە سەر شانی ئێوەیە موحەمەد پاشا ئاگادار بکەنەوە، کە ئایا ئەو فەرمانانەی لە حکومەتی ناوەند وەرگرتووە یان نا؟ بەڵام هەواڵی ناخۆش ئەوە بووە، کە ئەو رێنومایییانە نەگەیشتبوون، هەموو هەوڵەکانی خۆت بخەگەڕ بۆ جێبەجێ کردنی هەموو بڕیارەکانی دەروازەی باڵا، کە دەربارەی نەستوریەکان دەرچووە، دڵنیای بکەوە کە ئەرکێکی گەورەی سوڵتان لە سەر شانی ئەوە، من گومانی باشم بە توانای ئەو هەیە، بتوانێ زەمانەتی جێبەجێ کردنی هەموو ئەو بڕیارانە بکات، کە دەربارەی نەستوریەکان دەرچووە، حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی ئەو مەسەلەیەی بە گرنگ گرتووە، ئەو سکاڵایانەی لە بیر ناچێتەوە، کە لەو بارەیەوە پێی گەیشتووە، "بەڵام دەبێ ئەرکی خۆت بە وردیو بەجدی بەجێ بهێنی، بەبیری بهێنەوە کە مەبەستمان نیە دەست لەکاروباریان وەربدەین بۆ پاراستنی نەستوریەکان، بەڵکو دەستپێشخەریەکی دۆستانەیە، نابێ ئەوەتان لە بیر بچێت، کە حکومەتی عوسمانی ناتوانێت، یان چاوەڕوان ناکرێت، فەرمانەکانی بە شێوەیەکی ئاساییو ئیداری لە بارەی مەسیحییەکانەوە جێبەجێ بکرێت، چونکە ناچارن مامەڵە لەگەڵ بەدرخان بەگ بکەن، لەگەڵ ئەوەدا سەرۆکێکی کوردی بە هێزو شکۆو یاخیە، ئەو هاریکاریە هەندێ

جار وا دەخوازێت، بە شێوەی کاتی نەرمی یان چاوپۆشی لە هەندێ شت بکرێ، بەڵام باشترین رێگەیە بۆ ئازادکردنی دیلە مەسیحییەکان. من لە شوێنی رووداوەکەوە دوورم، ناتوانم لەو بارەیەوە رێنومایت بکەم، چونکە ناتوانم زانیاری ورد بەدەست بخەم لە سەر رووداوە ناوخۆییەکان، واباشترە لەو بارەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ موحەمەد پاشا بکەیت، هەوڵ بدە بۆچوونی بزانیت لە سەر دانانی رێگە چارەیەك بۆ ئەو مەبەستە، ئەگەر پێتان وایە هەندێ لە دیلەکان بۆ تەرابزوون نێردراون، ئەوە لەو بارەیەوە نامەیەك بۆ کونسوڵی خۆمان لەوێ دەنوسم، من ناچارم پێش ئەوەی راپۆرتەکەم دوایی بێ ئەو روون بکەمەوە، کە دەروازەی باڵا دەڵێ: نەستوریەکان دەستدرێژیکار بوون، ئەگەر ئەوە راست بێت، بە داخەوەم بۆ هەندێ هەڵسوکەوتی نا بەرپرسیارانە، کە بوونەتە هۆی ئەو هەموو کارەسات و بەڵایە بۆ کەمینەی مەسیحی.

**ستراتفورد کاننگ**

## له دوای گەیشتنی راپۆرتی (سێر کاننگ) ئەمە وەڵامی (لۆرد ئاباردین) بووە

"تکا لە بەرێزتان دەکەم هەموو دەرفەتو هەوڵێك بخەگەڕ بۆ ئەوەی جەخت بکەیتەوە بۆ دەروازەی باڵا، کە حکومەتی بەریتانی بایەخی زۆر بە سەلامەتیو گوزەرانی کەمینەی مەسیحی لە ناو دەوڵەتی عوسمانی دەدات، ئەوە بزانیّ کە حکومەتی ئێمە بە نیگەرانیەوە نەك دەڕوانێتە ئەو چەوسانەوەی تووشی مەسیحییەکان دەبێت، بەڵکو بە هەمان چاوەوە دەڕوانێتە ئەو کەمتەرخەمیو زوڵمو زۆرەی بەرپرسە خۆجێیەکان دەیکەن، هیچ شتێك بە ئەندازەی چەوسانەوەی ئەو مەسیحیانەی ناو دەوڵەتی عوسمانی وڵاتانی ئەورووپی نیگەران ناکات لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی. سەرەڕای ئەو هەموو ئامۆژگاریەی وڵاتانی ئەورووپی ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی پەیڕەوی لە مامەڵەیەکی نادروست بکات لەگەڵ مەسیحییەکان لە ئایندەیەکی دوور دەروازەی باڵا خۆی دەخاتە تەنگژەیەکی گەورەو لەو بارەیەوە سوپاسی ناکرێت "ئەو راپۆرتانەی لە موسڵەوە بە دەستمان گەیشتوون لە سەر بارودۆخی مەسیحییەکان راپۆرتی خەمناکن، دەڵێن قەسابخانەیەکی تازە رووی داوە بەرانبەر ئەو مەسیحیانەی بەرهەڵستی ئەو زوڵمەیان کردووە، کە بەرەو روویان کراوەتەوە، پادشای موسڵ رێنومایی بەدەست گەیشتووە لە دەروازەی باڵاوە، کە سنوورێك بۆ نارِەحەنی مەسیحییەکان دابنێت، بەڵام پاشا بۆ ئەو مەسەلەیە گەرمو گوڕ نەبووە، بۆیە (سیر کاننگ) بۆ ئەو مەبەستە فشاری زیاتری خستۆتە سەر هەتا دەروازەی باڵا فەرمانی توندتری ناردووە بۆ والی موسڵ، داواکاری حکومەتی بەریتانی لە دەروازەی باڵا بریتی بووە لە: زەمانەتی ئازادکردنی ئەو دیلە نەستوریانە، کە لای بەدرخانو کوردەکان گیراون، کشانەوەی هێزەکانی بەدرخان لەو ناوچانەی مەسیحییەکان، کە دەستی بە سەراگرتووە، هەروەها هاوکاری مادی بۆ ئەو مەسیحیانە هەتا بەر لە هاتنی وەرزی زستان گوندەکانی خۆیان بنیات بنێنەوە. رادەستکردنەوە ئەو دوو منداڵەی بەترياکی نەستوری بە حکومەتی بەریتانی، کە پێشتر لەو بارەیەوە گەیشتبوونە رێککەوتن، دوای گەیشتن بە رێککەوتن لەگەڵێدا دابینکردنی سەلامەتی بۆ بەتریاکی ناوبراو، حکومەتی بەریتانی داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کردووە بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ

بەدرخان نوێنەری تایبەت بنێرێ بۆ ولایەتی موسڵ، لە ١٨ی تشرینی یەکەم لە سەر مەسەلەی نەستوریەکان رێنومایی زیاتر چوو بۆ والی موسڵ، لە مانگی کانونی یەکەم بڕیار درا کامیل فەندی وەکو نوێنەری تایبەتی سوڵتان رەوانە بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی نەستوریەکانو بەدرخان، کامیل ئەفەندی لە مانگی شوباتی ١٨٤٤ گەیشتە موسڵ، (سێر کاننگ) بە پێویستی دەزانی نوێنەری بەریتانی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ورد لەو بارەیەوە لەگەشتەکەیدا هاورێیەتی کامیل ئەفەندی بێت، بۆیە داوای لە (میستەر ستیفنون) نوێنەری کونسوڵی موسڵ کردووە، بۆ ئەو مەبەستە بە خێرایی بەرەو موسڵ بکەوێتەڕێ، ناوبراو بە ماوەیەکی کەم لە گەیشتنی کامیل ئەفەندی گەیشتە موسڵ، لە ٣ی کانونی دووەمی ١٨٤٤ (لۆرد ئاباردین) بۆ کێشەی پەیوەست بە نەستوریەکان ئەو رێنوماییەی نارد.

## بۆ: سێر کاننگ:

دەبێت شێلگیرانە داوا لە دەروازەی باڵا بکەیت پەیڕەوی ئەو سیاسەتە باشەی بکات، کە بڕیاربوو لەگەڵ نەستوریەکان جێبەجێ بکرێ، دەبێت حکومەتی عوسمانی ئەو بزانێت هیچ شتێك نیە بە ئەندازەی بەردەوامی ئەو زوڵمەی لە مەسیحییەکان دەکرێت کار بکاتە سەر خراپی پەیوەندیەکانی نێوانمان، دەوڵەتی عوسمانی بەوە خزمەتی گەورەی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکات، کە لەو بارەیەوە رێوشوێنی گونجاو بگرێتەبەرو نەهێڵێت ئەو قەسابخانەو خراپەکاریەی لە رابردوو روویان داوە دووبارە ببنەوە. لە مایسی ١٨٤٤ رووداوێك لە موسڵ روویدا، هەروەکو رووداوەکەی مانگی مایسی (سالۆنیك) وابووە، هەردوو کونسوڵی فەرەنسیو ئەڵمانی کوژران، خواناسێکی نەستوری لە کەرکوك بوو، لە ژێر چاودێری (رۆڵسۆن) بۆ لێکۆڵینەوە رەوانەی موسڵ کرا، کە ئایا مسوڵمان بووە یان نا، لە کاتی گەیشتنی ئەو نەستوریە بە موسڵ بە زەبری هێز لەلایەن هاوسەرە کۆنەکەیەوە لە رێگەی پاسەوانی کونسولیەی بەریتانی لە موسڵ گیرا، قائمقامی موسڵ لەوبارەیەوە نامەیەکی بۆ (مستەر ستیفنسۆن) نارد، ئەگەر لێکۆڵینەوە پێچەوانەی ئەوەی ژنەکەی دەیڵێ سەلماندی، ئەوە پێویستە وەکو ئافرەتێکی مسوڵمان حیساب بکرێ، بە خێرایی بگەڕێندرێتەوە بۆ مێردەکەی، ئەگەرنا لە ناو موسڵ تووشی گێروگرفتی مەترسیدار دەبنو ئەو بەرپرسیاریەتی ئاکامەکەی هەڵناگرێ، ئەمە لە کاتێکدا مێردی تازەی ئەو ژنە دەڵێ: ژنەکەی بەدرخان بە دیاری ئەو ژنەی پێداوم، ئەو ژنە دەڵێ: ناچار کراوم بە گۆڕینی ئاینەکەمو ئێستا دەیەوێ بگەڕێنەوە سەر ئاینی مەسیحی، بۆ دورخستنەوەی گێروگرفتو وەکو چارەسەری مامناوەندی هەتا گەیشتنی شەریف پاشا یان کامیل ئەفەندی ئەو ژنە لەلای یەکێك لە پیاوماقوڵانی موسڵ دانرا، بەڵام لە کۆتاییدا رادەستی بەترپاك مارشەمعۆن کراو بەبێ ئاژاوە یەکلایی کرایەوە، هەتا ئێستا کارەکانی کامیل ئەفەندی سەرکەوتووە، بە هەوڵی ئەو ژمارەیك لە دیلە نەستوریەکان ئازادکرانو بەشێوەی کاتی هەیمەنەی بەدرخان بەگ شکاوە، (ستیفنسون) بە درێژی باسی ناوەڕۆکی گفتوگۆی نێوان کامیل پاشاو بەدرخانی ناردوە، میر بەدرخان بە کامیل ئەفەندی وتووە، کە ئەو نەیویستووە تەنگ بەو مەسیحیانە هەڵبچنێ، کە پەنایان بۆ موسڵ بردووە، دەتوانن بگەڕێنەوەو لە بەرانبەر پاشا مسۆگەری سەلامەتی ئەوانە دەکات، هەرچی دیلێك هەبێت لەلایان هەمووی رادەست دەکاتەوە بۆ شوێنی خۆیو زەنیەڵ بەگی وەکو حاکمی (ئاشتیا) لە سەر کارەکەی لابردووە، هەندێك لە پاسەوانەکانی خۆی داناوە بۆ پاسەوانی ئەو باڵەخانە تایبەتیەی دکتۆر (گرانت)، کە بەرێزتان ئاگادارن گۆڕاوە بۆ قەڵایەکی سەخت، ئەو هێزەش لەوێ دەمێنێتەوە هەتا رێنومایی لە پاشای ئەرزەڕۆمەوە بۆ دێت، کە خاکی سریان دەکەوێتە سنووری دەسەڵاتی

ئەوەوە، سەبارەت بە کەلو پەلو سامانی تالآنکراو، بەدرخان لە وەلآمی شەریف پاشاداو پێشتر بە کامیل ئەفەندی وتووە، کە مەرومالآتی تالآنکراو لە کاتی لەشکرکێش بۆ سەر نەستورەیەکان لە لایەن هێزەکەیەوە خوراوە بەشێکی کەمی نەبێت، کە وەکو دەستکەوتی شەڕ دابەشی کردووە بە سەر سەربازەکانو لە ناو دەستکەوتەکان چەند پارچە چەکێك هەبووە، ئەویشی بۆ کامیل پاشا لە ئەرزەڕۆم ناردووە، شەریف پاشا بە بەدرخانی وتووە، کە ئەوروپا بە تەواویو بە تایبەتی بەریتانیا بایەخ بە مەسەلەی نەستوریەکان دەدا، بە بەردەوامی نوسراو دەکەن بۆ دەروازەی بالآ بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ پارێزگاری ئەوان، هەروەها پاشا وتی: بەریتانیا پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە نیە، بەلآم تۆ ئاگادار نیت، کە چەندین رێککەوتنامەی دەولی لە نێوان دەروازەی بالآو دەولّەتانی ئەوروپی واژۆ کراوە، کە ئەوان مافی داکۆکیکردنی کەمینەیان هەیە، بە تایبەت بەریتانیا هاوپەیمانی ئێمەیە، هێزەکانی بەریتانی بووە لە جیاتی دەولّەتی عوسمانی بەرەنگاری هێزەکانی موحەمەد عەلی پاشا بۆوە، بە ماوەی چەند سەعاتێك هەموو سەنگەرەکانی دوژمنیان لە عەکا رووخاند، کە بە شوورەی ئەستوور دەورە درابوو بەو فراوانیە سەربازی لیّ دانابوو، ئەگەر واز لەو مەسیحییانە نەهێنیت ئەوە بەریتانیا بە دەولّەتی عوسمانی دەلّیّ یان بۆ خۆم دێمو بەدرخان سەرکوت دەکەم، بۆ ئێمەی لێگەڕێن سزای دەدەین، باوەڕ بکە ئینگلیزەکان دەتوانن دەستگیرت بکەن، چونکە پێشتر لە گەلّ دانیشتوانی چین نزیك بە شورەی چین شەڕیان کردووە کە ٥٠٠٠ هەزار سەعاتەڕێ لە بەریتانیاوە دوورە"[١]، وەکو بەدەرکەوت قسەکانی شەریف پاشا کاری کردە سەر بەدرخان بەگ، وتی: نەستوریەکان خۆیان لە دوژمنکاری دەستپێشخەریان کردووە، لە سەر داوای سەرۆکی هەکاری بەشداری ئەو شەڕەی کردووەو دژی مەسیحییە هەژارەکانی ناوچەکە داوای هاوکاری لێکردووە، کە حەزیان لە سەربەخۆیی بووە، ئەو ساردیەش کە کەوتۆتە نێوان نورولّلآ بەگو بەدرخان بە بۆچوونی من بەلّگەیە لە سەر نەبوونی نەخشەو مەبەستی هاوبەش بۆ ئایندە دژی مەسیحییەکان، ئەوەش بەلّگەیە کە هاوپەیمانیەتی بەهێزی رابردووی نێوانیان دووبارە نابێتەوە، بەلآم سەبارەت بە مەسیحییەکانی چیای (تور) زۆربەیان لە ژێردەسەلآتی بەدرخان بەگ دوورکەوتوونەتەوە، لە دوای دابڕینی (میدیاد) لە ناوچەکانی ژێردەسەلآتی ئەوو لکاندنی بە ناوچەکانی ژێردەسەلآتی پاشای دیاربەکر، دانانی بەرپرسێکی نوێ لە (میدیاد)، وەکو بەدەردەکەوێ بەدرخان بەگ وەکو ئەمری واقیع رازی بووە، بەلآم گومانی لە توانای ئەو هەیە...، ئایا حاکمی دیاربەکر دەتوانی ئاسایشو ئۆقرەیی لە میدیاد بپارێزێت، شەریف وتبووی بەدرخان بەگ بەرپرسە لە هەر ئاژاوەیەك لە ناوچەکە رووبدا، هەروەها شەریف وتبووی ئەگەر

١ -پێشتر بەریتانیەکان لە ماوەی سەدەی نۆزدە چەندین جار لەگەلّ چینیەکان کەوتوونەتە شەڕەوە، کە گرنگترینیان شەڕی (ئەفیون) بووە، ئینگلیز تێیدا سەرکەوت "و"

ئەو پابەندبێت بە بەڵێنەکانیو دەست نەخاتە کاروباری ناوچەی میدیاد ئەوە چاوەڕوان ناکرێی باری ئاسایشی ناوچەکە بشێوێ، ئەو قەناعەتی وایە حاکمی دیاربەکر هێزی زیادە دەنێرێ — هەتا ئەگەر نەینێرێ- بۆ پاراستنی ئاسایشو رژێم لە میدیاد، بەدرخان نکۆڵی لەوە کرد، کە ئەو رۆڵی هەبێت لە کوشتنی ئەو راهیبە، میدیاد، بەڵێنیدا دەسەڵاتی خۆی بەکاربهێنێت بۆ دۆزینەوەی بەڵام زۆر گرانە ئەو لایەنە بدۆزرێتەوە، کە دەستی لەو کارەدا هەبووە، هەروەها شەریف پاشا داوای بەدرخانی رەتکردنەوە لە سەر دانانی ئیسماعیل پاشا بە حاکمی ئامێدیو حاجی ئەسعەد بەگ لە سەر ماردین، بەڵام بەڵێنی پێدا لە شوێنی دیکەیان دابمەزرێن یان موچەیەکی گونجاویان بۆ ببڕێتەوە. دوایی بەدرخان داوای لە شەریف پاشا کرد ئیسماعیل پاشا بکاتە حاکمی وان، رەزامەند بوون لە سەر ئەو داوایە واتە خاکێکی زۆر دەکەوێتە دەست بەدرخان، کە لە (باتکورد) لە قەزای مەحمودیەوە بە ئاراستەی باشور دەست پێدەکات، حاجی ئەسعەد بەگ گەیشتە موسڵ، ئیسماعیل پاشاش بە دوای داهات، بەدرخان گەڕایەوە بۆ (دێرغەلە)، بەڵام هەر بەو زوانە دەچێتە (یایلە)و پاوانەکانی مەڕ لەوەڕاندنی شوێنی حەوانەی خۆی لە مانگی رەمەزان، (سیر ستێفنس) نوسیوویەتی دەربارەی ئەو دیلە نەستوریانەی لەلای بەدرخان کراونەتە کۆیلە، "موسیری دیاربەکر بەم دواییە ١٥ ژنو منداڵی نەستوریەکان، کە لە بندەستی پیاوانی بەدرخان بوون، ئازادی کردوون، لە ناو ئەو دیلانە منداڵێکی ٦یا ٧ ساڵانە هەبووە، لە ماوەی نۆ مانگی رابردوو ناردوویانەتە قوتابخانەی ئاینی هەتا فێری رێنومابیەکانی ئیسلام بێت، ئەو منداڵە زمانی خۆی لە بیرچۆتەوە بەڵام بە تورکی رەوان قسە دەکات، ئەو منداڵە لە کاتی رادەستکردنەوەی بە خاوەنەکەی لە دیاربەکر لە بەردەم پاشاو مارشەمعۆنو خەڵکەکەی دیکە زۆر گریا، سوور بوو لە سەر ئەوەی بۆتە مسوڵمان، بۆیە کامیل ئەفەندی بڕیاریدا لەلای خۆی بیهێڵێتەوە هەتا لە ئەستەنبوڵەوە فەرمانی تایبەتی بەو منداڵەو هاوشیوەی ئەو کە هەن لە جەزیرە دێت، کاتێك منداڵەکەم دواند، کە ئایا حەز دەکات بگەڕێتەوە بۆ لای خزمەکانی، بە توندی وەڵامی دامەوە، کە ئەو حەزناکاتو باوكو دایکی کوژراون، هیچ جیاوازیەك نیە لەو بارەیەوە لە سروشتی ئەو شایەتی دانەی کە ئەوکاتە داویەتی، هەتا لایەنی یاسایی پەیوەست بەو لایەنە لە ئەستەنبوڵ دەیگاتی، کامیل ئەفەندی لە جەزیرە دیلێکی دیکەی هێنا، هەروەها پاشا دیلێکی تری هێنا، کە لەوێ دیویەتی، من لە چاوپێکەوتنەکانم لەگەڵ شەریف پاشا، چەند جار جەختم لە سەر زەمانەتی گەڕانەوەی نەستوریەکان کردۆتەوە بۆ ناوچە شاخاویەکانی خۆیان، لەوێ رووبەڕووی هیچ مەترسیەك نەبنەوە، دڵنیای کردمەوە نەستوریەکان ئازادن بێ مەترسی بگەڕێنەوە، لە راستیدا شەریف پاشا وتی: دەمەوێ بگەڕێینەوە شوێنی خۆمان.

## له ۱۸ی مایس ڕەسام بۆ سێر کاننگی نوسیوەو دەڵێ:

"مارشەمعۆن له دەی ئەم مانگه سەردانی شەریف پاشای کرد، بەو پەڕی ڕێزەوه پێشوازی لێکرا، شەریف پاشا پێی ڕاگەیاند، که زەینەل بەگی له ناوچەکه گواستۆتەوەو مەسیحییەکان بەو نزیکانه دەگەڕێنەوه شوێنی خۆیان، له ۱۵ی مایس مەسیحییەکان ئاواتی گەڕانەوەیان بوو، بەڵام له بەخت باشی ئەوان هەواڵێك گەیشت، که برایەکەی زەینەڵ بەگ بەشێوەی کاتی بەرپرسه له حامیەکی سەربازی له (ئەسترۆسا) دانی به هەمان قەسابخانەدا ناوه، که لەساڵی ڕابردوو ئەنجامی داوه، بۆ گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەی پاشا دەیگرتەبەر بۆ گەڕانەوەی مەسیحییەکان، پێشنیازی دەکردنی فەرمانی بۆ لایەنگرانی بەدرخان بەگ دەرکرد، که لەو ناوچانه بکشێنەوەو لەوشوێنی ئەوان هێزێك له سەربازە تورکەکان نیشتەجێ بکرێ، لای بەڕێزتان شاراوه نیه پێش ئەوەی ئەو ڕێوشوێنانه بگرێنه بەر، گەڕانەوەی نەستوریەکان بۆ شوێنی خۆیان کارێکی مەترسیدارەو ڕووبەڕووی هەڕەشەی تازه دەبوونەوه، پاشاش ڕەزامەندی له سەر پێشنیازەکەی ئێمه دەربڕی، لەو باوەڕەدام پاشا نەخشەی گەڕانەوەی دیلەکان له ۲۰ی مایس دابنێت.

له ۱۵ی مایس کامیل بەگ له جەزیره گەڕایەوه، ئەوه ڕاست دەرچوو، بۆ هێنانەوەی دیلەکانی نەستوریەکان چووبوو، بەڵام وەکو بەدیاردەکەوێ قەناعەتی پێ کرابوو، که ئەوانه بوونەته مسوڵمانو ناکرێ بگەڕێندرێنەوه، "ڕێگەم بده ئەوه ڕوون بکەمەوه، که کوردەکان ئەو دیله زوڵملێکراونەیان لهماڵێکی تایبەت داناوەو زۆر بەڵێنی هەنگوێنیان پێداون هەتا کردویانته مسوڵمان، ئەوەی به زەبری هەڕەشه به کوشتن نەیانتوانی باوەڕیان پێ بگۆڕن، به ڕێگەی بەڵێن ئەو قەناعەتەیان لەلا دروست کردوون.

## دوای مانگێك / له ١٥ی حوزەیرانی ١٨٤٤، مسیتەر ستێفنس نامەیەك بۆ سێر کاننگ دەنێرێت و لەوێدا هاتووە:

"دیلەکان گەیشتنەوە ئاشتیا، لەلایەن خزمو کەسیانەوە پێشوازی کران، شەریف پاشا چوار ئەفسەری میری لەوێ دامەزراند، من یەکێك بووم لەوانە، بۆ پاراستنی نەستورەکان دانرام هەتا بە سەلامەتی لە ناوچە شاخاویەکان لە کوردەکان لە کاتی پەرینەوە پارێزراو بن، که گەیشتمە ئاشتیا زانیم هەتا ئێستا ٦ کەسی مەسیحی لە قەڵایەك زیندانین، خێرا ئازادمان کردن، پیاوەکانی شەریف پاشا لە ناوچەکە دەمێننەوە هەتا رێوشوێنی کۆتایی دەگیرێتە بەر بۆ ئایندەی نەستوریەکان، یەکێك لەو ئەفسەرانەی بۆ یاوەری کردنی نەستوریەکان دانرابوو گەڕایەوە، دەڵێ: من شادمانم که لەماوەی ئەو حەوت مانگەی لەوێ بووم، هیچ رووداوێکی نائاسایی رووی نەدا، ئەوەش که لە راپۆرتەکاندا هاتووە، زۆربەی بێ بنەمایە، یان زیادڕەوی زۆری تێدا کراوە، زۆر دڵخۆش بووم بەوەی ١٢ دیلم بینی لە جەزیرە لە لاەی جەزیرە گەڕاندەوە، که بەپێچەوانەی دیلەکانی دیکە، جلۆ بەرگی جوانیان لەبەردا بوو، بە جوانی مامەڵەیان لەگەڵدا کرابوو، تەندروستیان باش بوو، هەواڵیان دامێ، که نزیکەی ٦٠ دیلی دیکە لە جەزیرەو دێرغەلە ماون، هەروەکو لە نامەی ٢١ی مایس بۆم نوسیبوون، که من ئێستا داواکاریم پێشکەش کردووە، بۆ ئازادکردنیان (ئەمە لە کاتێکدا نوسخەی ئەسڵی نوسراوەکە هەتا ئێستا نەگەیشتۆتە کامیل ئەفەندی).

ژمارەی رای جیاواز هەیە لەسەر کوژراوانی شەڕی هەرێمی نەستوریەکان لەساڵی ١٨٤٣، بەدرخان بەگ بە (میستەر ستیفنس)ی وتووە، ژمارەیان لە ٢٠٠ کوژراو تێپەڕناکات، هەروەها دەڵێ: مارشەمعۆن دەیەوێ سەر لە خەڵکی بشێوێنێ، که دەڵێ: ژمارەیان دەگاتە ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ کوژراو، بەڵام (مستەر لایارد) بە کتێبەکەیدا لە سەر (نەینەوا)، که لەساڵی ١٨٤٤ بڵاوی کردۆتەوە، ژمارەی کوژراوانی بە ١٠٠٠٠ کەس نەستوری داناوە، لایارد [1] لە سەر ئەو بابەتە دەڵێ:

---

١ - مەبەست لە شوێنەوارناسی ئینگلیزی هنری لایاردە که لەو ماوەیە سەردانی ناوچەی موسڵو جەزیرەی کردووە، بیرەوەریەکانی خۆی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە تۆمارکردووە، کتێبێکی بەچاپ گەیاندووە بە ناوی (لێکۆڵینەوە لەنەینەوا).

"دەگێڕنەوە بەدرخان بەگ لەساڵی ١٨٤٣ هێرشی کردۆتە سەر هەرێمی نەستوریەکانی (تیاری)و بە گیانێکی ساردەوە ١٠٠٠٠ کەسی لەوان کوشتووەو ژنو مندالّەکانی وەکو دەستکەوتی شەڕ بردووەو کردونی بەکۆیلە"، بەڵام ئەو ئاگاداری ئەوە نیە، کە بە هەوڵی مرۆڤدۆستانەی ستراتفۆرد زۆربەیان ئازاد کراون، بۆ ئەو مەبەستە داوای لە سولّتان کردووە، نوێنەری تایبەتی خۆی بنێرێ بۆ کوردستان، هەتا بەدرخان بەگو سەرۆکە کوردەکانی دیکە هانبدات ئەو دیلانە ئازاد بکەن، هەتا هەندێ پارەی داونەتێ بۆ ئەوەی بە ئازادی بژین، هێژا رەسام کونسولّی بەریتانی لە موسلّ نەك بە تەنیا بۆ مارشەمعۆن بەلّکو بۆ چەند مانگێك مسۆگەری ئازادیو جێگەو خۆراكو پۆشاکی بۆ زۆربەیان کردووە.

هێژا بادجەر لە کتێبەکەی لە سەر (نەستوریی‌و دروشمەکانیان) دەلّێ: لە ماوەی نێوان تەموزی ١٨٤٣ بۆ نیسانی ١٨٤٤ ئەوو کۆمەلّەکەی بایەخیان بەو ٦٠ کەسە داوە، بەو پەناهێندانەی لەلای بەدرخان بەگەوە ئازادکراون، لە کاتێکدا (هێژا ستراتفۆرد) ٢٠٠ لیرەی داوە بە کۆمەلّەی میسیونەکانی ئینجیل، ئەوانەی شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابینکردوون، میترانی کەنیسەی ئەنگلیکانی لە قودس لەلای خۆیەوە ٥ لیرەی داوە بە بادجەر هەتا خواردن بۆ ئەو پەناهێندانە دابین بکات.

ئاشتی لە ناو کریستانەکان بەردەوام نەبووە، هۆزێکی مسولّمانی ئێرانیش بە ناوی (ئەفشارخان)[1] لە کۆتایی ساڵی ١٨٤٤ قیزەوەنترین قەسابخانەیان بۆ نەستوریەکان دانا، لە کاتێکدا ئەوانە جوتیاری هۆزەکانی ناوچەی ورمێ بوون.

هۆزی ئەفشار بێگاریان بە مەسیحییەکان کردووەو ئازاریان داون، (جەستەی ئەرمەنیەکیان لە بەردەم ئاشی گوندەکە سوتاندبوو هەتا مردبوو)، جۆرەها شێوازی بیزارکردنو دوورخستنەوەیان هەتا زۆربەیان ناچارکراون رەو بکەن بۆ روسیا.

کابتن (شیل) یاریدەری کونسولّی بەریتانی لە ورمێ، بەرەزامەندی حکومەتی بەریتانیو (کۆنت میدیم) کونسولّی روسی لە تاران هەولّیدا لە رێگەی دەسەلّاتدارانی ئێرانیەوە سنوورێك بۆ ئەو قەسابخانەیەی بەرانبەر مەسیحییەکان دەکرێ رابگرێ. دوای ئەو هەولّە کەمێك

---

١ - ئەفشارخان: یەکێکە لە حەوت هۆزە شیعەی کە بەشداریان کردووە، لەدامەزراندنی دەولّەتی سەفەوی، لەساڵی ١٥٠١، نادرشا (١٧٣٦-١٧٤٧) کە یەکێکە لەتاودارترین پادشایانی ئێرانو دامەزرێنەری دەولّەتی ئەفشاریە لەو هۆزەیە..

بارودۆخی مەسیحییەکان لە کوردستان باشتر بوو، بەڵام بە بەردەوامی دەچەوسێنرانەوە، دوای دەستگیرکردنی سەرۆکەکەیان مارشەمعۆن لەساڵی ١٨٤٤ باردۆخیان خراپتر بوو، بۆ ئەو مەبەستە (لۆرد بالمرستۆن) (میستەر ویلزیلی)ی راسپارد لە لای دەسەڵاتدارانی عوسمانی داکۆکی لە مارشەمعۆن بکات، بالمرستۆن دەڵێ: زۆر دڵخۆش بووم، کە دەسەڵاتدارانی عوسمانی مارشەمعۆنیان ئازاد کرد.

ئەم جارە کامیل پاشا داوی راپۆرتێکی مەیدانی کرد لە سەر مەسیحییەکان (تیاری)، هەتا دەروازەی باڵا بەرچاوڕوون بێت لە گرتنەبەری رێوشوێنی گونجاو، فەرمانیدا بە هەریەك لە والی موسڵو دیاربەکرو بەدرخان بەگ پۆزش بۆ مارشعۆن بهێننەوە، بەرژەوەندی نەخەنە مەترسیەوەو هەرچی دیلی مەسیحی ماوە ئازادی بکەن.

هەر لەوماوەیەدا (ستێمفس)ی کونسوڵی بەریتانی لە تەرابزوون گەڕایەوە بۆ بارەگای خۆییو هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ چاوگێڕانەوە بە بارودۆخی نەستوریەکانو کەمکردنەوەی نیگەرانیەکانیان.

بەڵام لە تشرینی ساڵی ١٨٤٦ نوسراویك لەلایەن (ویلزیلی) گەیشتووە، کە (رەسام) ئاگاداری کردۆتەوە، بەدرخان هەڕەشەی لە نەستوریەکانی (توخما) کردووە بەوەی قەسابخانەیەکی خراپتر لەوەی (تیاری) ساڵی ١٨٤٣ دابنێ بۆیان ئەگەر ملکەچی نەبن، کە پێشتر نەستوریەکانی توخما ملکەچی نوورولڵا بەگی سەرۆکی هەکاری هاوپەیمانی بەدرخان بەگ بوون.

ئەو هەواڵە بڵاوبۆتەوە کە مسیتەر ویلزیلی لەگەڵ دەروازەی باڵا قسەی کردووەو داوای لێکردووە، بەخێرایی فریابکەوێ، دەروازەی باڵا ئاگاداری والی موسڵی کردووە، کە هەموو رێوشوێنێکی گونجاو بگرێتەبەر بۆ پاراستنی نەستوریە مەسیحییەکان، بەم نزیکانە ئامادەکاری دەکرێ بۆ شاڵاوێکی گەورە هەتا بۆ تێکشکانی هێزەکەی بەدرخان بەگ، بەڵام ویلزیلی لە راپۆرتێکی دیکەیدا دەڵێ: ئەو شاڵاوە دواخرا چونکە بەدرخان خاوەنی ٦٠٠ هەزار چەکدارەو دەستی بەسەر ناوچەیەکی سەختدا گرتووە، هەتا دەرفەتێکی دیکە حکومەت ناتوانێ هێزی پێویست ئامادە بکات.

بەڵام لە پاشکۆی راپۆرتەکەی ویلزلی دا هاتووە، کە بەدرخان نیەتی باش نیەو دەیەوێ بەکردەوە ئەو هەنگاوە بهاوێ، لێرەدا هەندێ لەو بروسکەیەتان بۆ رەوانە دەکەین، کە رەسام بۆ ویلیزلی ناردووە، لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٨٤٦ دەڵێ: " لە ٨ی تشرینی یەکەم ١٨٤٦ پاشای موسڵ بە مەبەستی بەسەرکردەوە سەردانی ژەنگارو جەزیرەو ماردینی کرد، بۆ میستەر لایاردی نوسیوە، کە خاوەنی رێزو

تەقدیر پاشا وتوویەتی: هەواڵمان پێگەیشتووە، بەدرخان بەگ ژمارەیەکی زۆری لە نەستوریەکانی توخما لە هەردوو رەگەزەکە کوشتووە، هەندێك لەوانە هەڵاتوون بۆ ئێران، هەندێکی دیکەیان بۆ بەرواری باڵا، هەموو گوندەکانی سوتاندوونو بە تەواوی وێرانی کردوون. بەو شێوەیە گەلێکی پاكو ناوچەیەکی پێشکەوتوو بەرەو رووی وێرانی بۆتەوە. لەو ناوچەیە بە تەنیا هەردوو هۆزی (جیلەر)و (باز) ماون، ئەگەر دەروازەی باڵا فریانەکەوێت بۆ وەستاندنی ئەو وەحشیگەریەی بەدرخان بەگی دەمارگیر دەستی داوەتی ئەوە زۆر نابات ئەوانیش لە ناو دەبات، پێش ئەوەی ئەوانی دیکەش ببنە قوربانی ئەو کەسەی سنوور نازانێ. رەسام دەڵێ "دانانی بەشێکی ناوچە شاخاویەکانی هەکاری کە خراوەتە ژێر دەسەڵاتی والی ئەرزرووم، هەڵەیەکی گەورەیەو سوودێکی نیە" بەڵام لە راپۆرتێکی دیکەی ٣١ی تشرینیی یەکەمدا بەدەردەکەوێ کە بەو شێوەیە وەحشیگەرانیەش نیە، کە لە راپۆرتەکانی رابردوودا هاتووە، زۆربەی کوژراوەکان جەنگاوەر بوون، گەرچی لە ناویاندا هەندێ ژنو منداڵ هەیە، کەس دزی لێنەکراوە، هیچ گوند وێران نەکراوەو کشتوکاڵ نەسووتاوە، راپۆرتەکان جەخت لە قەسابخانەیەك دەکەنەوە لەوێ، لە گوندە کوردەکانی وەکو (باوروسکیێ)و (تەچاڵ).

لە لاپەڕە ٢٧٦ی کتێبی ناوبراودا بادجەر لە باسی ئەو قەسابخانەیەی دوایی دەڵێ: "قەسابخانەی ئەم جارە گەورەترە، هیچ پیاوو ژنو منداڵێك رزگار نەبووە، سێ کیسە پڕ لە گوێی بڕاوی گیراوو مردووەکان بەدیاری بۆ بەدرخان بەگ نێردراوە"

**بادجەر لە باسی هەمان قەسابخانەدا دەڵێ[٧]:**

ئەو زانیاریانەی لە سەر کوشتاری توخما بە دەستمان گەیشتوون زۆر راستە، لە مانگی تشرینی یەکەم هێزەکانی بەدرخان بەگو سەرۆکە هاوپەیمانەکانی هێرشیان کردۆتە سەر ناوچەی توخماو ئەوەی کردوویانە باس ناکرێت، کە لە ساڵی ١٨٥٠ سەردانی مارشەمعۆنم کرد بە درێژی باسی ئەو کوشتارەی بۆ کردم، وا بەدەردەکەوێ خەڵکی توخما بەو هێرشەیان زانیبێت، داویان لە والی کردووە بیانپارێزێ، هەموو هەوڵەکانی والی ناردنی نامەیەکی ئاگادارکردنەوە بووە بۆ بەدرخان بەگ، ئەو نامەیەش بە تەواوی پشتگوێ خراو، بە والی وتووە، کە مافی دەستێوەردانی نیە لە کاروباری ئەو، نەستوریەکان ناچار پاسەوانیەتی ئاغای ناوچەی شاخیان قبوڵ کردووە، کە زانیان هێرشیان دەکرێتە سەر پیاوو ژن لە پاسەوانیەتی ئاغای ناوبراو دوورکەوتوونەتەوە، بەڵام زەینەڵ بەگ بە کاروانەکەی زانیوونو بۆسەی بۆ ناونەتەوەو کوشتارێکی زۆری لێکردوون، لەسەرەتاوە ٣٠٠ ژنو منداڵی کوشتوون، بەڵام دوو منداڵ لەو کوشتارە رزگاریان بووە، چونکە خۆیان بە مردوو داناوەو دواتر هەڵاتوون هەتا وردەکاری ئەو قەسابخانەیە بۆ دونیا بگێڕنەوە.

"دوای ئەوەی کوردەکان هێرشیان کردۆتە سەر پیاوەکانی توخما، کە لەشوێنی دیارو لە دۆڵێك دابوونو نەیان توانیوە بەرگری لە خۆیان بکەن، راستەوخۆ بە تەواوی گەمارۆ کراون، دوای دوو سەعات لە بەرگری چەکدارەکانی توخما ناچار بوون خۆیاندا بەدەستەوە، هـ ندێ لەوانەی هەوڵی هەڵاتنیان داوە کوژراونو ١٠٠ کەس دیل کراوە، زۆربەیان ژنو منداڵن، ماڵەکانیشیان وەکو کێڵگەو دارستانەکاینان وێران کراوە، ئەو دیلە قوربەسەرانەیان گواستەوە بۆ جەزیرەو لە نزیك کەنیسە دانران، دوای ئەوە نوورولڵلا بەگو بەدرخان بەگ چاویان پێان کەوت وتیان: "برۆن کۆتایی بەژیانیان بهێنن، کونسوڵی بەریتانی لە موسڵ لە گۆڕستان ناتوانی ئازادتان بکات" هەموو دیلەکان کوژران بێجگە هەندێ لە کچە جوانە سەرنج راکێشەکان نەبێ، نزیکەی ٥٠٠ نەستوری کوژرانو گوندەکانی توخماو کەنیسەکەیان رێران کراو کتێبە پیرۆزەکانیان سوتێنرا، بەشێك لەو لادێیانەی نەستوری هەڵاتن بۆ ئێران هەتا لەوێ بیان پارێزن.

"دوای ئەو قەسابخانەیە نوێنەری وڵاتانی ئەوروپی هێژا ئایج. ویلزلی راگری کاروباری باڵوێزخانەی بەریتانی لە ئەستەنبوڵ، گوتارێکی توندیان ئاراستەی دەوڵەتی عوسمانی کرد،

دوایان کردبوو به خێرایی هێزەکانی بەدرخان بەگ لە ناوببات، ئەویش (نیزام ئەفەندی) وەکو نێردراوی تایبەت نارد بۆ ئەستەنبوڵ هەتا هانی بەدرخان بدات سەردانی ئەستەنبوڵ بکات.

بەدرخان بەگ پاساوی بۆ ئەو هێرشەی دوایی هێنایەوە بەوەی نەستوریەکانی توخما پەیوەندیان بە والی موسڵەوە کردووە، هەتا پیلان دژی بەرژەوەندیەکانی ئەو بگێڕن، بە پێی راپۆرتی ویلزلی لە ٢ی کانونی یەکەمی ١٨٤٦ لە نێوان ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ کوژراو هەبووە.

مارشەمعۆن پێش روودانی ئەو کوشتارە هەڵات بۆ موسڵ، بەڵام گرتیانو رادەستی والی موسڵ کرا، ئەویش بە جوانی مامەڵەی لەگەڵدا کرد، چونکە فەرمانی وەزاری پێگەیشتبوو، کە چاودێری بکات.

لەگەڵ بیستنی هەواڵی کوشتارەکەی توخما، (ویلزلی) (مستەر بیسیانی)یان نارد بۆ وەزارەتی دەرەوە هەتا حکومەتی عوسمانی لەو کارە ئاگادار بکاتەوە، حکومەتی بەریتانی لەو بارەیەوە زۆر نیگەران بوو، ویلزلی داوای لە (بیسیانی) کرد، کە نابێ حکومەت بەو کارە تاوانبار بکات، بەڵام ئەوەیان بە بیر بهێنێتەوە، کە بەرپرسانی پێشووی حکومەت پێش سێ ساڵ ئۆباڵی ئەو کوشتارە ناشیرنەیان دەکەوێتە ئەستۆ، کە لەبەرانبەریدا دەستەوەستان بوون، سەرەڕای چەند جار ئاگادارکردنەوە بۆ گرتنەبەری سادەترین رێوشوێنی پێویست، لە بەرانبەر دووبارە نەبوونەوەی ئەو کوشتارە. (بیسیانی) ئەوەی بەبیر دەوڵەتی عوسمانی هێنایەوە، کە نەستوریەکان هاوڵاتی دەوڵەتی عوسمانین، وەکو هاوڵاتیانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی شایستەی هەموو چاودێریو بایەخپیدانێکن. هەڵسوڕاوی کاروباری باڵوێزخانەی بەریتانی چاوەڕوانی دڵنیاکردنەوەی حکومەتی عوسمانیە بۆ ئەوەی هەموو رێوشوێنێکی پێویست بگرێتەبەر، ئەویش لەلای خۆیەوە ئەو هەواڵە بداتە حکومەتی خاوەن شکۆی پادشایەتی بەریتانی، کە حکومەتی بەریتانی سوورە لە سەر جێبەجێکردنی هەرچی پێویستە بۆ رێگری لە کوشتاری لەو جۆرە.

سەدری ئەعزەم بە نامەیەك وەڵامی هێژا ویلزلی داوەتەوە، دەڵێ: ئامادەکاری کراوە بۆ ئەوەی لە بەهاردا شاڵاوی سەربازی بکرێتە سەر بەدرخان بەگ، ئەو سوورە لە سەر کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی بەدرخان هەتا ئەو بەڵێنانەی داویەتی بتوانێ جێبەجێیان بکات.

**له ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٨٤٧ لۆرد بالمرسۆن نامەیەك بۆ ویلزلی دەنێرێتو لەوێدا هاتووە:**

"حکومەتی خاوەن شکۆی پاشایەتی بەریتانیا بەوردی هەواڵی ئەو کوشتارە تراژیدیایەی دەرهەق بە نەستوریەکان کراوە بەو پەڕی نیگەرانیەوە پێگەیشت، کە لە راپۆرتی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٨٤٦ دا نوسراوە، دەمانەوێ بەوپەڕی دڵنیاییەوە حکومەتی عوسمانی ئاگادار بکەنەوە، کە بەهۆی ئەو کوشتارە بەربەرِیەی کراوەتە سەر نەستوریە بێتاوانەکان، لە بەر هیچ نا بەس لەبەر ئەوەی مەسیحیین. ئەگەر حکومەت سنوورێك بۆ تاوانەکانی بەدرخان بەگ دانەنێت لە ئایندە کاریگەری بۆ سەر پەیوەندیەکانیمان دەبێو بەرژەوەندیەکانی لە ئەوروپا بە تەواوی دەکەوێتەمەترسیەوە، ئێستا بۆ بەرژوەندی حکومەتی عوسمانیو بنەمای مرۆڤایەتیو دادگەری واباشە رێوشوێنی پێویست دژی بەدرخان بەگ بگرێتە بەر هەتا لە ئایندە کارەساتی لەو جۆرە دووبارە نەبێتەوە.

" لە روانگەی ئەوەی روویداوە وا چاوەڕوان کراوە حکومەتی عوسمانی بەم رۆژانە سزای ئەو کەسانە بدات، کە دەستیان هەبووە لەو تاوانەو زەمانەتی پاراستنی ئەو نەستورییانەش بکات کە ماون".

"ئەگەر حکومەت هێزی پێویستی لەبەردەست دانیە بۆ سزای توندی تاوانبارانو پاراستنی نەستوریەکان، دووبارەبوونەوەی رووداوی لەو جۆرە ئەگەر هەبێت، ئەوە حکومەت لە سەریەتی نەستوریەکان بگوازێتەوە شوێنێکی دیکەی ناو دەوڵەتی عوسمانی هەتا بتوانێ بیانپارێزیو ئەوەی لەرابردوو روویدا دووبارە نەبێتەوە".

لە ٢ی کانونی یکەمی ١٨٤٧ رەسام راپۆرتێکی بۆ ویلزلی ناردووە، دەڵێ: "گوندنشینانی دێی خاتوریە تووشی تاڵترین جۆری ئازار بوونەوە، بە جۆرێ ئاسنی گەرمیان لە سەر راگرتوونو ئازاریان داون...". دیوان ئەفەندی پیلانی ئەو کوشتارە تۆقێنەرەی داناوە، رەسام لە کۆتاییدا دڵنیایی داوە، کە نامەی والی موسڵی پێیە، بەوەی والی موسڵ پشتگیری ئەو کوشتارە دەکات"

دوای کوشتاری توخما هێزەکانی بەدرخان لەو هەرێمە کشانەوەو خەڵکی توخما گەڕانەوە ناوچەکەی خۆیان، بەڵام لە دواییدا هێزەکانی نورولڵا بەگ شاڵاویان بردە سەریانو تووشی تاڵانیو دیلی بوونەوە، بە جۆرەها شێوە ئازار دران، کەلو پەلی گوندنشینەکان لەلای کوردەکان

بەدیار دەکەوتن، ئەمەش خەڵکی توخما بێجگە لە خاوەن قەڵایەکان نەبێ ئەوانی دیکە ناچاری ڕەو بوون بۆ ئێران.

لە ٦ی کانونی دووەم سەبارەت بە کوشتارەکەی بەدرخان بەگ (لۆرد بالمرسۆن) نامەیەکی دیکەی بۆ (ویلزلی) نارد: "حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی بەوپەڕی نیگەرانیەوە ئاگاداری ٥٠٠بۆ ٦٠٠ کوژراوی ئەم دواییەی نەستوریەکانە بە دەستی بەدرخان بەگ"

"لە ئەنجامی ئەوە بۆ حکومەتی عوسمانی رووون بکەرەوە، کە لە ئاکامی ئەو کوشتارە چ زیانێکی گەورەی مەترسیدار لە بەرژەوەندیەکانی عوسمانی کەوتووە، چونکە لە بەرانبەردا ناڕەزایی رەسمیو میللی رای گشتی وڵاتانی ئەوروپی لێکەوتۆتەوە دژی دەوڵەتی عوسمانی. راستە وڵاتانی ئەوروپی بەرژەوەندیەکانیان لە یەکپارچەیی خاکی عوسمانیدا دەبیننەوە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە گەلی ئەورووپی هەموویان ئەوە تێ بگەنو بێدەنگ بن لە ئاست ئەو کوشتارە"

"ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی رێگر بێ لە کارەساتی لەو جۆرە، کە وڵاتانی ئەورووپی نیگەران دەکاتو هەستی مرۆڤایەتی لە ئەورووپا بریندار دەکات، مامەڵەی شارستانی بکات، ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوە دەوڵەتانەی هاوڕاین بەردەوام دەبین لەو سیاسەتەی ئێستا لە مسۆگەرکردنی پیشتیوانی لە یەکپارچەیی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ئەگەر ئەو کوشتارەو سیاسەتی وەحشیگەری بەرانبەر نەستوریەکان بەردەوام بێتو رێگری لێنەکرێتو سزای ئەنجامدەران نەدرێت، لە کاتێکدا ئەو مامەڵە وەحشیگەریە بەرانبەر نەستوریەکان بە تەنیا لە بەر ئەوەی مەسیحین، بە راستی وڵاتانی ئەورووپی مەسیحی دەوروژێنێت، کە زۆر هاوسۆزی ئەوکارەساتەنو زۆر نیگەرانن لەبەرانبەر ئەو مامەڵە بەربەریە نامرۆڤایەتیەی وەکو کوشتار دەکرێ لە سەر خاکی عوسمانی. ئەگەر ئەو هەستە خراپە لە ریشەوە بەرانبەر دەوڵەتی عوسمانی دەرهێنرێت، ئاکامی باش نابێت، "گومانی تێدا نیە، بە هۆی ئەو تاوانەی کردویەتی حکومەتی عوسمانی پابەندە بە سزادانی توندی بەدرخان بەگ، ئەگەر رێوشوێنی توند نەگیرێتەبەر، ئەوە ئەستەمە رای گشتی جیهانی قەناعەت بکات، کە حکومەتی ئەستەنبوڵ ئیدانەی ئەو کوشتارە بەکۆمەڵە دەکات، کە لە سەر خاکی ئەو رووی داوە، دیارە کوردستان دەکەوێتە سنووری خاکی عوسمانیو بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەر شانی حکومەت هەیمەنەی خۆی بە سەر ئەو ناوچانەدا بسەپێنێت.

حکومەتی عوسمانی لە سەریەتی بە خێرایی سزای بەدرخان بەگی خوێنرێژ بدات، ئەگەر لەو بارەیەوە رێوشوێتی پێویست نەگرێتەبەر، ئەستەمە رای گشتی جیهانی قەناعەت بکات، چونکە لە سروشتی خوینرێژانەی وەحیشگەری ئەو کوشتارە زۆر نیگەرانن. حکومەتی عوسمانی کە ئیدانەی دەکات بەلاّم دەبیّ ئەوەی پێویستە بیکات.

لە ١ی شوباتی ١٨٤٧ (لۆرد بالمرسون) نوسراوێکی بۆ (ویلزلی) ناردووە، کە رەشید پاشا لەو ریسواییە ئاگادار بکاتەوە، کە لە ولاّتی ئەوو لە سایەی حکومەتی ئەو ئەنجام دراوە، ئەم والیەی دوایی موسڵ تاهیر پاشا دەستی لەو کارەدا هەبووە، کە بەدرخان بەگ ئەنجامی داوە، پێویستە داوا لە تاهیر پاشا بکات سزای ئەوانە بدات کە دەستیان لەو کارەدا هەبووە، ئەگەر دەروازەی بالاّ ئێستا دەستەوەستانە لە هێرشکردنە سەر بەدرخان، ئەوە بە هەر رێگەیەك لە توانا دابێت لە سەریەتی سزای هەموو ئەوانی دیکە بدات، چونکە لەبەرانبەر ئەو کارەی ویژدانی هەموو دونیا ئیدانەی دەکات، ئەگەر هیچ نەکات ئەوە نەك بە تەنیا بۆ کەسایەتی دەوڵەتی عوسمانیو بەرژوەندیەکانی خراپ نابیّ، بەڵکو دەبێتە هۆی دروستبوونی فەوزاو وێرانی لە ناو ئەو بەشەی دەوڵەتی عوسمانیو دوایی بە هەموو بەشەکانی دیکەی ولایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی بلاّو دەبێتەوە، دەبێتە بیابانێکی بیّ خێر، وەکو دەزانین ئەگەر وێرانی لە ولاّت بلاّوببێتەوە دەسەلاّتی فراوانی سوڵتان بایەخێکی نابیّ.

لە ٢ی تەمووزی ١٨٤٧ میستەر ستیفنس نوسیویەتی کە مارشەمعۆن هەلاّتووە بۆ ورمیّ – ئێرانو داوای پەناهێندەیی کردووە، بیستوویەتی سوڵتان داوای کردووە بێتە ئەستەنبوڵ، ئەوەی شایانی باسە کونسوڵی فەرەنسی بەنهێنی کاردەکات بۆ دروستکردنی بارودۆخێك، کە وا لە نەستوریەکان بکات بڕوایان بگۆڕن بۆ کاسولیك، ئەوکات دەیانپارێزیو پێگەی بۆ خۆی دروست دەکات، بۆیە هەموو هەوڵی خۆمان دەخەینە گەڕ قەناعەت بە مارشەمعۆن بکەین بگەڕێتەوە بۆ خاکی عوسمانی.

لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٨٤٧ لە سەر زاری والیەوە دەڵیّ: هەواڵەکان ئەوە دەگەیەنن، کە شالاّوەکانی عوسمانی بۆ سەر کوردستان سەرکەوتوو بووەو بەدرخان بەگو خان مەحمود خۆیان داوەتە دەست هێزەکانی عوسمانی، بەلاّم (لایارد) راپۆرتێکی بۆ (لۆرد) نوسیوەو دەڵیّ: بەدەستبەسەراگرتنی بەدرخان کێشەکە بە تەنیا بە جێگیربوونی دەسەلاّتی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچە شاخاویەکان کۆتایی نایەت، هەروەها لایارد دەڵیّ: کوردستان راستەوخۆ کەوتەوە

بندەستی حکومەت، بەڵام حکومەتی عوسمانی رووبەڕووی گیروگرفتی دیکە دەبێتەوە بۆ ئاسایی کردنەوەی ئەو باردۆخەو چاککردنی باری ئابووریو بژێوی لەو ناوچانە.

لەگەڵ ئەوەدا حکومەت رەزامەند بووە بۆ پشتیوانی لە نەستوریەکان بۆ رزگاربوون لە دیلیو کۆیلایەتیو کۆکردنەوەی خانەوادە نەستوریە پەراگەندەکان، بەڵام مەترسی هەر ماوە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ئافرەتە دیلانەی مسوڵمان بوون یان بەشوودراونەتە مسوڵمانەکان، (سێر کاننگ) دەسەڵاتدارانی ئاگادار کردۆتەوە، کە ئەوە مەسەلەیەکی ئاڵۆزو گرانە قسە لە ژنو مێردێك بکرێ کە ئێستا پێکەوە دەژین.

لە ۱۷ی ئەیلول فەرمانی وەزاری دەرچووە بۆ والی کوردستان، کە بە دوای نەستوریە دیلو بزربووەکاندا بگەڕێتو ئازادیان بکات. لە دوای تێکشکانی هێزەکانی بەدرخان بەگ هێزەکانی حکومەت چەندان سەرۆك هۆزی کوردیان گرتو رەوانەی بەغدایان کرد.

(ئێڵسن) لە نوسراوێکی ۲ی حوزەیرانی ۱۸٤۸دا دەڵێ: نەستوریەکانی جەزیرەو چیای تورو ورمێ تووشی جۆرەها چەوسانەوەی دلڕەقانە بوونەتەوە، چونکە زانایانی کوردستان بەیاننامەیەکیان دەرکردووە، دەڵێن بە پلەی یەکەم هۆکاری رووخانی بەدرخان نەستوریەکان بوون، لەو بەیاننامەدا داواکراوە، کە تاڵانکردنی سامانی نەستوریەکان رەوایە، هەتا داوای هەڵبەستراویان بەشایەدی دانی بە درۆ لە دژ تۆمارکردوون بۆ ئەوەی داگایی بکرێن، لەو بەیاننامەدا هاتووە، کە زیانگەیاندن بە نەستوریەکان خێرەو دەبێ داوای بە درۆیان لە دژ تۆماربکرێ بۆ ئەوەی داگای شەرعی عوسمانی لەو بارەیەوە بڕیاری لە سەر بدات.

هەروەها کابتن (شیل) سەرنجی حکومەتی عوسمانی رادەکێشێت بۆ ئەو چەوسانەوەی تووشی نەستوریەکان بۆتەوە لەلایەن حکومەتی ئێرانیەوە، ئەمەش وای لە (لۆرد بالمرستۆن) کرد نامەیەك بۆ کابتن شیل بنوسێت، کە هاتووە:

"دەمەوێ بە ئەمیری نیزام رابگەیەنیت، کە حکومەتە مەسیحییەکانو گەلەکانیان ناتوانن لە ئاست چەوسانەوەی مەسیحییەکانی ئازەربایجانی ئێران بێدەنگ بن، کە بە تەنیا لەبەر ئەوەی مەسیحین دەچەوسێنرێنەوە، بۆیە حکومەتی ئێرانی مسوڵمان پابەندە بەراگرتنی ئەو پێشێلکاریانەی بەرانبەر کریستانەکانی سەر بەدەوڵەتی عوسمانی دەکرێ، چونکە حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی هاوولاتی مسوڵمانی هەیە، کە بە ئازادی لە پادشانشینەکەیدا هەموو مافێکی ئاینییان هەیەو کەس ناتوانی ئازاریان بدات، حکومەتی خاوەن شکۆی پادشایەتی وای دەبێنێت کە حکومەتی شا رێوشوێنی گونجاو بگرێتەبەر بۆ پاراستنی مەسیحییەکان"

## له ١١ی حوزەیرانی ١٨٥١ ئەم وردەكاریانەی خوارەوەمان لە سەر ئەوەی مەسیحییەكان رووبەرووی دەبنەوە دەست دەكەون:

"بەم دواییە ١٥٠ بۆ ٢٠٠ نەستوری گەیشتنە جۆرجیاو داوای پەساپۆتی سەفەریان كرد، ئەوانە لەو ئیش‌و كارە وەرزیانەی لە جۆرجیا هەبووە داوای كاریان كرد، دەیانتوانی لە رێگەی كاركردنەوە لەوێ خەرجی خێزانە دەستكورتەكانیان لە وەرزی زستان دابین بكەن، هەوڵیاندا داوا لە وەزیر (فریز) بكەن بۆ پێدانی پەساپۆرت، بۆ ئەو مەبەستە داوایان كرد ناویان تۆمار بكەن، كە مەسەلەیەكی ئاساییە، بەڵام كە چوونە بەڕێوەبەرایەتی لە جیاتی ناونوسین بۆ پەساپۆرت رەوانەی خزمەتی سەربازی كران، لە ناو ئەوانەدا پیاوێكی پیر هەبوو لەگەڵ سێ لە كوڕەكانی، یەكێك لەو مەسیحییانە لە فزیر پاڕایەوە لە خزمەتی سەربازی چاوپۆشی لێ بكا، چونكە شارەزای كاروباری سەربازی نیە، كەچی داواكاریەكەی قبوڵ نەكرا، وەزیری مەسیحیی ناوبراو گوتی: فێربوونی كاروباری سەربازی ئاسانە، ئێستا فێری وانەی سەربازیت دەكەم، سێ گوشە شێوەیەكی هێناو لەبەرانبەر پێكەنین‌و قاقای بینەران ٢٠٠ جەلدەی لەو مەسیحییە قوڕبەسەرەدا، دوایی بە گاڵتەوە پرسیاری لێكرد، ئێستا رات چیە لە سەر كاری سەربازی" "زۆربەی ئەو كۆچەرانە خەڵكی تەورێز بوون، فریز لە رێگەی ورمێ رادەستی كردنەوە هەتا بگیرێن‌و ئەگەر رازی نەبوونایە كەس‌و كاری دەستگیر دەكردن، كاتێ مەسیحییەكانی (كوزورو)ی ئەو هەواڵەیان بیست لە ناكاو چوونە پاشقەڵا".

دوای ئەوە نامەكاری زۆر دەستی پێكرد لە سەر چەوسانەوەی بەردەوامی مەسیحییەكانی ورمێ بە دەستی ئەفشارخانیانی خاوەن زەوی‌و بەرپرسانی حكومەت لە تەورێز.

هەریەك لە (میستەر ئەلیسۆن)و كونسوڵ (ستیفنس) بە شێوازی سەرنجراكێش باسی ئەو كارەساتە ئازاردەرەیان كردووە، لە ناو قوربانیەكان باسی كچێكی تەمەن (٨) ساڵانەی كراوە، كە پێش كوشتنی لاقەیان كردووە، مەسیحییەكی دیكە لە بەر ئەوە كوژراوە ٣٠ لیرە قەرزداری پیاوێكی مسوڵمان بووە، رێگە بەو مسوڵمانە دراوە لە بری قەرزەكەی بیكوژێ، چونكە مەسیحی بوو، لە دوای سزادان بە شێوەی دڕندانە كوشتی.

لەوێدا زۆر رووداوەی كوشتن‌و چەوسانەوەو مامەڵەی دڵڕەقانە باس كراوە، كە تووشی مەسیحییەكان بووە، حكومەتی ئێرانی دوای ئەوەی ئاگاداری بارودۆخی مەسیحییەكان بوو، بەڵێنیدا رێوشوێنی بە پەلە بگرێتە بەر بۆ بەرگری لەو باردۆخە تاڵە.

بەڵام هۆکاری ئەم زوڵمە گەورەیە لە سەر مەسیحییەکان دەگەڕێتەوە بۆ یاسایەکی حکومی کە دەڵێ: لەوکاتەی مەسیحییێك مسوڵمان دەبێت، میرات لە خێزانە مەسیحییەکەی پێشووی خۆی دەگرێ، ئەو یاسایە لەوکاتە هات کە ئافرەتێکی نەستوری مسوڵمان بوو، داوای میراتی لە خانەوادە نەستوریەکە دەکرد.

میسیونەرە لازاریە فەرەنسیەکان لە ئێرانو پیاوانی ئاینی کاسۆلیکی رومی فەرەنسی لە ولایەتی جەزیرەی سەر بە عوسمانی رۆڵیان هەبووە لە وروژاندنی مسوڵمان دژی نەستوریەکان.

(لۆرد کلیرندون) لە مایسی ١٨٥٧ نامەیەکی بۆ (مسیتەر مۆرادی) ناردووە، دەڵێ: لە کاتی گەڕانەوەی نێردراوی ئێرانی (کە پێش ماوەیەك لە ئێران گەڕابۆوە)، داوای کردووە هەموو هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆ لابردنی ئەو زوڵمەی لە نەستوریەکانی ئێران دەکرێ، نێردراوی بەریتانی لە کاتی گەڕانەوەی لە ئێران چەندان داواکاری لەو بارەیەوە پێشکەش کردووە.

لە نیسانی ١٨٥٧ جالیە نەستوریەکان لە موسڵ هەمان داوایان لە (سێر کاننگ) کرد، کە رێگری بکرێ لەو زوڵمەی لێیان دەکرێ، نوسخەیەکیان لەو داواکاریە ناردبوو بۆ بەریتانیا. دوای ئەوە (لۆرد کلریندون) نوسراوێکی بۆ (سێر کاننگ) ناردووە، داوای لێکردووە لە هەوڵەکانی بەردەوام بێ بۆ لابردنی ئەو زوڵمەی لە نەستوریەکان دەکرێ، کە جێی سەرنجی حکومەتی بەریتانیایە.

خاوەنی ئەو داواکارییانە خەڵکی تیاریو بەرواریو بۆتانو هەکارین، سکالایان کردووە لەو زوڵمەی لە لایەن تورکو کوردەکانەوە لێیان دەکرێ.

لەگەڵ ئەوەدا ئەفشاریەکان لە ورمێ بەردەوامن لە زوڵم لە نەستوریەکان، لە تەمووزی ١٨٦٢ (لۆرد راسڵ) نامەیەکی بۆ (ئێلسن) نوسی دەڵێ: "لەگەڵ ئەوەدا ئامۆژگاریت ناکەم راستەوخۆو بە رەسمی لە سەر نەستوریەکان بێیتە وەلام، بەلام لاریمان نیە هەوڵەکانی خۆت بدەی بۆ کەمکردنەوەی ئەو ناخۆشیانەی تووشی نەستوریەکان هاتووە، کە نیگەرانی کردووم".

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەوسانەوەی نەستوریەکان رووی لە زیادی کرد، ئەمەش بە ئازاردانی لاشە بێت یان فڕاندنی بەردەوامی ئافرەتەکانیان لە رێگەی هەڵخەڵەتاندن یان دەستبەسەرداگرتنەوە، لەو کاتەش فەرەنسییەکان هەوڵیان دەدا نەستوریەکانی ورمێ بخەنە سەر بیروباوەڕی رومی کاسولیك، هەتا بیکەنە پاساوی چاودێریو لەوێوە پێگەی خۆیان لە ئێران زیاد بکەن، حکومەتی روسی هەمان ئامانجی هەبووە بەوەی نەستوریەکان بخاتە سەر بیروباوەڕی رومی ئەرسۆدەکسی، ئەوەی لەبەردەم حکومەتی بەریتانیدا ماوەتەوە، ناردنی (سێر راسل)ە، بۆ ئەوەی بە رەسمی دەسەلاتدارانی ئێرانی ئاگادار بکاتەوە، سنوورێك بۆ چەوسانەوەی نەستوریەکان دابنرێ.

**(لۆرد) له ٣٠ی تەموزی ١٨٦٣ نامەیەکی ئاراستەی میستەر (ئیڵسن) کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:**

"لە زۆر بۆنەو بە چەندان رێگاو لە شوێنی جیاوازەوە زانیاریی زۆرم پێگەیشتووە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو زوڵمەی لە نەستوریەکان دەکرێ، بە هۆکاری مرۆڤایەتیو سووربوونی بەردەوامی بەریتانیا لە سەر لابردنی ئەو زوڵمە، بە تەنیا لە بەر ئەوەی مەسیحین، دەبێ بە شێوەی کاراتر بۆ کەمکردنەوەی ئەو نارەحەتیانە فشار دروست بکەیت.

ئەگەر لە رابردوو بە شێوەی نا رەسمی لە بەرژەوەندی نەستوریەکان هەنگاوت هەڵگرتبێ ئەوە لەگەڵ گەرانەوەت دەبێ لەو بارەیەوە بە رەسمی داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێرانی بکەیت".

"وەکو گوێبیست دەبم، هەندێ لایەنی دیاریکراو نەستوریەکان دەخەنە سەر بیروباوەری مەزهەبی ئارسۆدەکسی یان بیروباوەری کاسۆلیکی رۆمانی، دەبێ حکومەتی ئێرانی ئەگەر بەشێك لە نەوەکانی ناچار بکرێ بە گۆرینی بیروباوەریان ئەوە ئاکامی خراپی بۆ حکومەتی ئێرانی لێدەکەوێتەوە، ئەوە بزانێ لە ئایندە هەردوو حکومەتی روسیو فەرەنسی ئەو گۆرانکاریە دەکەنە دەرفەت بۆ دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی ئێران، حکومەتی ئێرانیش ئەوە بزانێ، کە رای گشتی ئەو وڵاتە پاڵپشتی هیچ دەستێوەردانیکی حکومەتی بەریتانی ناکات لە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکەیان بۆ بەرەنگاری دەستێوەردانی روسیو فەرەنسی".

"لەبەر ئەوە کە گەرایتەوە بۆ تاران لە روانگەی ئەو نامەیەوە لە نزیکترین کاتدا پەیوەندی بە شاوە بکەو دەربارەی مەسەلەی نەستوریەکان قسەی لەگەڵ بکە، بەوەی هەست بکات حکومەتی بەریتانی ئەو مەسەلەیەی بە جدی وەرگرتووە، داوای لێ بکە فەرمانێك بۆ سەردار لە تەورێز دەربکات بۆ سزادانی ئەفشاریو ئەوانی دیکە، چونکە بە توندی نەستوریەکانیان چەوساندۆتەوە، شا بە شەخسی خۆی سەردار ئاگادار بکاتەو، کە ئەگەر ئەو چەوسانەوەیە بەردەوام بێت داوای دەکات"

"داوا لە کونسوڵی خاوەن شکۆی پادشایەتی لە تەورێز بکە لە سەر ئەو هەنگاوانەی حکومەتی ئێرانی دەیگرێتەبەر بۆ بە تەنگەوەچوونی نەستوریەکان ئاگادارت بکاتەوە، هەروەها لە هەرچی هەنگاوێکی حکومەتی ئێرانی دەیهاوێ لەو بەڵێنانەی لەو بارەیەوە داویەتی"

راستەوخۆ لە دوای ئەوە هەواڵ لە بابەت نەستوریەکانەوە گەیشتە خاوەن شکۆی پاشایەتی (جلالە الملکە) کە تووشی جۆرەها چەوسانەوەو جیاکاری بوونەتەوە لەلایەن هەردوو حکومەتی ئێرانیو عوسمانی" لۆرد راسل لە سەریەتی بە رێنومایی تازەوە بچێ بۆ هەریەك لە باڵوێزخانە بەریتانی لە ئەستەنبوڵو وەزیری سەرپەرشتیار لە نێردەی بەریتانی لە تاران.

لە ١٠ی ئاب نوسراوێکی دیکە بۆ (بۆلۆر) رەوانە کرا بۆ ئەوەی حکومەتی عوسمانی ئاگادار بکاتەوە لە سەر ئەو تۆمەتانەی لەلایەن نەستوریەکانەوە هەیە لە دژیان ئەوان کە دەچەوسێنرێنەوە. لەندەن داوای لە باڵوێزی بەریتانی کرد عالی پاشا ئاگادار بکاتەوە، کە حکومەتی بەریتانی زۆر بایەخ بە بارودۆخی نەستوریەکان دەداتو دەیەوێ ئەو نارەحەتیە بە خێرایی لە سەر ئەوان لابچێت، داوا لە باڵوێزی بەریتانی کراوە بۆ عالی پاشا روون بکاتەوە، بەرژوەندی حکومەتی عوسمانی لەوەدایە چاودێری ئەو کەمینە نەستوریە بکات، دەوڵەتی عوسمانی ئەوە بزانێ، کە راگرتنی دۆستایەتی ئەو نەستوریانەی لە ناو هۆزە کوردە یاخییەکان دەژین مەسەلەیەکی گرنگە.

## ئەو رێنومایییانەی خوارەوە نێردران بۆ میستەر ئێلّسن

"ئەو زانیاریانەی لە سەر چەوسانەوەی نەستوریەکان لە ئێران بەدەستمان گەیشتوون، پێشتر لە لایەنی دیکەشەوە بە دەست گەیشتووە، بۆیە پێویستە حکومەتی ئێرانی بەبێ دواکەوتن سنوورێك بۆ ئەو پێشێلکاریانە دابنێ".

"بەلاّم سەبارەت بەو هەنگاوانەی کە دەبێ حکومەتی ئێرانی بیگرێتە بەر بۆ لابردنی زولّم لە سەر نەستوریەکان پێویستە هەنگاوی روکەش‌و نارۆشن نەبێ جێبەجێ نەکرێ، دەبێ حکومەتی ئێرانی دەرسێکی بداتە ئەو ئەفشاریانەی نەستوریەکان دەچەوسێننەوە پەند بێت بۆ ئەوانەی دیکە. تکایە بە حکومەتی شا رابگەیەنە ئەگەر مەسیحییەك لە ناو ئیمپراتۆریەتی بەریتانی مسولّمانێکی کوشت، ئەوە مەسیحییە بکوژەکە دەکوژرێتەوە، یاسا بە هەمان شێوە بەرانبەر کوشتن پەیرەو دەکرێ، ئاینیەکەی هەرچیەك بێت".

"وا بەدەردەکەوێ شا بەجدی بیەوێ لە رۆژئاوا نزیك بکەوێ، بەلاّم دەبێ ئەوە لای رون بێت، کە ئێران ناتوانێ پێگەی لە ناو گەلانی خاوەن ژیاردا هەبێ هەتا رێگە بدات گروپێك لە هاولاّتیەکانی گروپێکی دیکەی هاولاّتی بە هۆی جیاوازی ئاینیەوە بچەوسێنێتەوە، گروپی زولّملێکراویش شایستەی هەمان چاودێرین، کە گروپی زولّمکار پێویستیەتی"

لە سەر ئەو رێنومایییانە (میستەر ئێلّسن) یەکێك لە نێردە بەریتانیەکانی لە تاران بە ناوی (میستەر جێلین) نارد بۆ سەردانی گوندەکانی ئەندیشای، جیوك، تیا، سەرالان، وائادا لە ورمێ، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری مەیدانی بە تایبەت لە سەر بارودۆخی نەستوریەکانی ئەو ناوچانە، هەتا دلّنیا بێت لەو زولّمەی لەلایەن ئەفشاریەکانەوە دەکرێ دژی نەستوریەکان، لە مانگی کانونی یەکەم ١٨٦٣ (میستەر جێلین) راپۆرتێکی وردی بۆ (میستەر ئێلّسن) نارد لە سەر ئەو بابەتە.

مستەر ئێلّسن لەگەلّ راپۆرتەکەیدا نامەیەکی هاوپێچ ناردبوو، کە کۆمەلّێك رێوشوێنی بۆ لابردنی زولّم لە سەر جوتیارە نەستوریەکان لە خۆگرتووە، حکومەتی ئێران فەرمانێکی دەرکردبوو بۆ دیاریکردنی ئەو باجە یاسایییانەی لە سەر جوتیارە نەستوریەکانە، ئەو فەرمانەی

بۆ هۆزی ئەشار لە مزگەوتو لە بازاڕ خوێندۆتەوە. هەروەها بۆ ئەوەی بزانن کە ئەو فەرمانە کاری پێدەکرێ ۱٥۰ دانەی ناردووە بۆ ورمێ هەتا لە ناو گوندنشینەکاندا دابەش بکرێ.

نوسراوی حکومەتی بەریتانی بۆ حکومەتی ئێرانی گوزراشت لە پێزانینی بەریتانیا دەکات بۆ ئەو رێوشوێنانەی شا گۆتویەبەر، وا دیارە سەردانی (میستەر جیلین) بەرهەمی هەبووەو داوای لێکراوە لەوێ بمێنێتەوە، هەروەها (ئابوت) لە راپۆرتێکی نوسراوی کانونی یەکەمی ۱۸٦٥ دا دەڵی: سەرەڕای دەرکردنی کۆمەڵێ رێوشوێن لە پێناو مامەڵەی باشو دادگەرانە لەگەڵ مەسیحییەکان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی رژێمی دەمارگیرانەی کۆن بەردەوامەو گۆڕانی بە سەردا ناهاتووە.

سەرەڕای گەیشتنی چەندین سکاڵا دژی میرزا نەجەف عەلی، نێردراوی تایبەتی شا بۆ ورمێ بۆ چاودێری باردۆخی نەستوریەکان، (لۆرد راسل) رێنومایی تایبەتی لەو بارەیەوە بۆ (ئێڵسن) ناردووە:-

"لە راپۆرتو چەندان نامەدا ئەوە بەدەردەکەوێ، کە دەرکردنی یاسای پەیوەست بە لابردنی زوڵم لە سەر نەستوریەکان لە ساڵی ۱۸٦۳ لەلایەن حکومەتی شاوە، بەداخەوە هیچ گۆڕانکاری رووی نەداوە، چونکە ئەو یاسایانە بە ئەمانەتەوە جێبەجێ نەکراون".

"حکومەتی خاوەن شکۆی پاشایەتی پشتگیری هەوڵەکان دەکات بۆ داکۆکی لە بەدواداچونێکی تەواوو بێگەرد لە سەر مامەڵەی میرزا نەجەف عەلی، دەبێ هەموو زەمانەتێك بۆ دادگایی کردنێکی پاکو شایستە هەبێت، ئەگەر دەرکەوت بە راستی هەڵەی کردووە، داوا بکەن بەرپرسیاریەتەکەی بگوازنەوە بۆ شوێنی دیکە".

دەبێ بەوپەڕی توانا کاربکەن بۆ دانانی کەسێکی گونجاو بۆ سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەو رێوشوێنە حکومیانەی هەن بۆ لابردنی ناڕەحەتی لە سەر نەستوریەکان، هەروەها تکایە داوا لە حکومەتی ئێرانی بکە رێوشوێنی زیاتر بگرێتەبەر لەو بارەیەوە"

"هەروەها داواتان لێدەکەم ئاسایشی پێویست بۆ میسیونەرە ئەمریکیەکان دابین بکەنو پشتگیری هەوڵەکانیان بن لە ناو نەستوریە مەسیحییەکان"

" ئەو نامانەی گەیشتۆتە من لە سەر ئەو بابەتە، کە گوزارشتە لە سکاڵای بەردەوام لە سەر سیاسەتی دەمارگیرانە، کە لەلایەن دەربەگە ئەفشاریە مسوڵمانەکانەوە بە چاوپۆشی حکومەتی ئێرانی بەرانبەر نەستوریە مەسیحییەکان گیراوەتەبەر "

"پێش کۆتایی ساڵی ١٨٦٥ (میستەر جیلین) ورمێی بەجێهێشت، لەگەڵ گەڕانەوەی ئەو دووبارە ئەو سیاسەتە سەرکوتکەرانەی دژی نەستوریەکان سەر لە نوێ دەستی پێکردەوە"

حکومەتی بەریتانی بیرخەرەوەیەکی نارد بۆ حکومەتی ئێرانیو لە سەر ئەو بابەتە (ئێڵسن لکریندن) پێی وابووە، پێویستە مەسیحییێك وەکو نوێنەری تایبەتی شا دابنێن بۆ چاودێری جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە لابردنی زوڵم لە سەر نەستوریە مەسیحییەکان، (لۆرد کلیرندن) بە پێشنیازەکەی (ئێڵسن) رازی بوو، هەروەکو (ئێڵسن) داوای لە شا کردبوو پارچەیەك زەوی بداتە نەستوریەکان هەتا باڵەخانەی کەنیسەیەکی لە سەر بنیات بنێین، کە شا بەو داواکاریە رازی بوو.

لە سەر پێشنیازی دانانی نوێنەرێکی تایبەت لە مەسیحییەکان بۆ مەسەلەی نەستوریەکان لە ورمێ، شا بەوەش رازی بووە، فەرمانیدا بۆ ئەو مەبەستە راوێژکارێك دابنێ، بەو مەرجەی ملکەچی حاکمی ورمێ بێت.

جەنابی شا وەکو چارەسەر بۆ ئەو قەیرانە، کە کاسۆلیکەکان دەستیان بە سەر کەنیسەی (ئاردشائی)دا گرتووە، رەزامەندیی دەربڕی کەنیسەیەکی نوێی بۆ نەستوریەکان لەسەر لە سەر پارچەیەك زەویەك دروست بکرێ.

**شا بڕێك پارە دەبەخشێت کە دەکاتە سەد لیرەو (میستەر ئێڵسن)یش لە سەر ئەو بابەتە دەڵێ:**

"بە بۆچوونی من دەبێ پاشایانی وڵاتانی مەسیحی لە شا فێرە بەخشین بن، چونکە ئەگەر پادشای وڵاتانی مەسیحی لەلای خۆیانەوە پاڵپشتی ئەو مەسەلەیە بن گومان نامێنێتەوە کاریگەری گەورەی لە سەر بەرژەوەندیی جالیەی مەسیحیی رۆژهەڵات دەبێ".

حکومەتی بەریتانی بە بایەخەوە لە بەخششی خاوەن شکۆ شای گەورەی ئێران دەڕوانی، کە پارچەیەك زەوی دیاریکرد بۆ باڵەخانەی کەنیسەو بە ئاشکرا یارمەتی بەخشیە ئەو کارە.

لە ۲۲ی کانونی یەکەم میستەر ئێڵسن داوای لە وەزیرانی فەڕەنساو روسیاو دەوڵەتی عوسمانی کرد هاوکاری بکەن بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ نەستوریەکان، وەڵامی هەموویان لەوبارەیەوە باش بوو، ئەمە لە کاتێکدا میستەر ئێڵسن تەخویل کرابوو ۸۰ لیرە ببەخشێت بۆ بنیاتنانی کەنیسەی نەستوریەکان، دوای ئەوەی بەڵگەنامەکانی نارد باسی کرد، کە ٥۰ لیرەی بەخشیوەو (میستەر دیکسن)و (میستەر جیلین)و (مستەر ئابوت) سەرو لیرەیان بەخشیوە، کە هەمووی دەکاتە ٥۳ لیرە، بەشێك لەو بەخشینەو بەشێك لەو ۸۰ لیرەیەی ئاماژەی پێدرا تەرخان کرا بۆ یارمەتیدانی هەژارانی نەستوری، ئەمیندارێکی سندوق لەلایەن حکومەتی بەریتانیەوە بۆ تەرخان کرا هەتا ئەو پارەیەوە وەکو لە راپۆرتی ۲٦ی نیسانی ۱۸٦٦دا هاتووە لە بانك دابنێ.

ژەنەراڵ جیهانگیرخانی مەسیحی، کە سەر بە خانەوادەیەکی رەسەن و پاك و راستگۆیە، وەکو نێردراوی شا بۆ کاروباری نەستوریەکان دانراو جێی رەزامەندی حکومەتی بەریتانیایە، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر نیازباشی شا بەرانبەر نەستوریەکان.

(لۆرد کلیرندون) لە جیاتی وەزیری دەرەوە نامەیەکی نارد، کە لە نێوان حکومەتی بەریتانیو عوسمانی ئاڵوگۆڕ بکرێت بۆ هاوپەیمانیەتی ئەنجیلی.

له ١٧ی شوباتی ١٨٦٦ مستەر ئابوت راپۆرتێکی له سەر رۆڵی خراپی فەرمانڕەوای ئازەربایجان نوسیوه، ئابوت دەڵێ: میر به تەنیا خۆی له رێنومایییەکانی شا گێل نەکردووه، بەڵکو مامەڵەی خراپی لەگەڵ ئەو نوێنەرەی شا، که هەڵگری فەرمانەکانی بووه کردووه.

دوای ئەوەی ئەو هەواڵه گەیشته حکومەتی بەریتانی داوا له مسیتەر ئێلسن کرا ئەو راستیه بخاته بەردەم حکومەتی ئێرانیو ئەگەر پێویستی کرد داوای دیداری شا بکات، میستەر ئێلسن داوای له حکومەتی ئێرانی کرد رێگه بەو بەرپرسه خۆجێیەکان نەدرێ، که یاسا رووشنەکان پشتگوێ دەخەن.

حکومەتی بەریتانی هەموو ئەو رێوشوێنانەی کونسوڵ ئابووتی خستبویەڕوو له پێناو لابردنی زوڵم له سەر نەستوریەکان، که جێی بایەخی حکومەتی بەریتانیایه.

لەلایەکی دیکەوه نامه ئاڵۆگۆڕکراوەکانی ساڵانی ١٨٦٤و ١٨٦٥و ١٨٦٦ ئاماژەن بۆ چەوسانەوەی مەسیحییەکانی ئێران، بەڵام کونسول رەسام له موسڵ ئاماژەی کردووه به نارەحەتی زوڵمی مەسیحییەکانی زاخۆ به دەستی هۆزی سندیو هۆزی گۆرانی دانیشتووی خاکی تورکیا.

له هاوینی ١٨٦٦ میستەر ئێلسن لەلای خۆیەوه (ئارتی، تی، سۆمیسۆن)ی بۆ ورمێ نارد بۆ دەرخستنی راستیەکانو له نزیکەوه چاودێری بارودۆخی نەستوریەکان بکرێ. له ٣ی ئەیلولی هەمان ساڵ مستەر سۆمیسۆن راپۆرتێکی تیروتەسەلی بۆ تاران نارد، لەوێدا ئەو زوڵمەی، که له نەستوریەکان کراوه روون کردبۆوه، لەگەڵ ئەوەدا رووداوی تازەی له سەر کوشتن یان ئازاردانی نەستوریەکان باس نەکردووه، سەرەڕای هەوڵو کۆششەکانی حکومەتی بەریتانی بۆ رێگرتن له چەوسانەوەی نەستوریەکان، مانای وانیه ئەو هەراسانکردنەی له رووی دارایییەوه به سەر نەستورییو مسوڵمانەکانەوه له لایەن بەرپرسه خۆجێیەکانەوه ئەنجام دەدرێ وەستابێ. سۆمسۆن دەڵێ: شا به جدی به دەرکردنی یاسای تازەو کاریگەر له سەر کۆنترۆڵ کردنی هەموو جۆرەکانی چەوسانەوه بەرانبەر نەستوریەکان بەردەوامه.

لۆرد ستانلی به رێگەی ئێلسن رەزامەندی دەربڕیوه له سەر ئەو رێگەیەی سۆمسۆن له جیاتی ئەو تەخویلی کردووه، که سوپاسی حکومەتی بەریتانیا بکات بۆ هەوڵه بەردەوامەکانی بۆ کۆنترۆڵ کردنی چەوسانەوەی نەستوریەکانو ئەوه به حکومەتی ئێرانی بڵێ، که هەوڵەکانی شاو وەزارەته پەیوەندیدارەکان لەو بوارەدا بەرز دەنرخێنن، دەخوازم ئەوه به بەرپرسانی محەلی رابگەیەنیت به هەمان روحیەتی هەستکردن به بەرپرسیاریەتیەوه هەنگاو هەڵگرن.

له شوباتی ١٨٦٧ مارشەمعۆن له جیاتی هەموو نەستوریەکان نامەیەکی بۆ پاپا مار یوسف له موسڵ ناردووه، داوای لێکردووه وەکو جالیەی کاسۆلیکی رۆمی قبولّی بکەنو ببێتە بەشێك له کەنیسەی رۆما، گومانی تێدا نیه ئەو هەنگاوه مەترسیدارەی مارشەمعۆن ناویەتی بە هۆی هاندانی راهیبە فەرەنسیەکانەوه بووه له موسڵو سالۆنیس (دەبێ سالۆنیك بێت)، بەڵام هۆکاری سەرەکی لەو هەنگاوه لەوانەیە بۆ ئەو پڕوپاگەندەیە بگەڕێتەوه، کە دەوڵەتی عوسمانی ئێستا خەریکی ناردنی سوپایە بۆ هەرێمی نەستوریەکان، هەتا ناچاریان بکات باج بدەن، لەکاتێکدا بە هۆی ئەو بارودۆخە بژێویە سەختەی شەش ساڵە بە سەر ناوچەکەدا تێدەپەڕێت بۆ ئەوان زەحمەتە.

هەروەها پڕوپاگەندە کە حکومەت دەیەوێ هەمان شالاوو بۆ هەمان مەبەست بباتە سەر توخما، بەڵام مارشەمعۆن بە رەسامی راگەیاندوه، کە خەڵکی توخما ئەو باجەیان داوه، کە دەکەوێتە سەریان، بەڵام دەروێش بەگی والی نکوڵی ئەو شالاوانەی کرد، کە بۆ سەر ناوچەکە ئامادە کرابێت، هەروەها دەوڵەتی عوسمانی نکوڵی کرد له پشت پڕوپاگەندەیەکی لەو جۆرە بێت، هەتا بەرپرسانی ئەرزەرۆمو بەغدای ئاگادار کردۆتەوه، له مەترسی هەر هێرشێك بە بێ ئاگاداری دەروازەی باڵا ئەنجام بدرێ، بەڵام له تەمووزی ١٨٦٨ راپۆرتی تازە گەیشتووه له سەر چەندان دەستدرێژی تازە بۆ سەر جولەکەو مەسیحییەکانی ورمێ، ئەوە پاڵی بە حکومەتی بەریتانیەوه ناوه داوا له میستەر ئێلسن بکات شا له نیگەرانیە زۆری حکومەتی بەریتانی لەو هەواڵانە ئاگادار بکاتەوه، حکومەتی بەریتانیش داوا له شا دەکات فەرمانێك دەربکات نەك هەر سزای ئەو مسوڵمانانە بدات، کە دەستدرێژی دەکەنە سەر جولەکەو مەسیحییەکان، بەڵکو ناچاریشیان بکات قەرەبووی دارایی ئەو زیانانەش بکرێنەوه، کە بەدەستی موسڵمانەکان لێیان کەوتووه.

له ئەیلولی ١٨٦٧ تایلۆر کونسوڵی ئەرەزرۆم سکاڵای کردووه له مارشەمعۆن کە نەستوریە پرۆستاتەکان دەچەوسێنێتەوه، هەروەها شێخ عوبێدوڵڵای شەمدینان له ولایەتی هەکاری (کاتدرائیە)یەکی کۆنی نەستوریەکانی له گوندی خاتونە سوتاندووەو بەشێك لەو کەنیسەیەی کردووه بە مزگەوت، پیاوەکانی شێخ عوبێدوڵڵا گۆڕستانی مەترانو قەشەیەکی نەستورییان له ناوچەکە تێکداوه، شێخ عوبێدوڵڵا کوردەکانی هانداوه بۆ جەنگ دژی نەستوریەکان، هەتا دەست بە سەر کەڵو پەڵو زەویەکانیان دابگرنو بیانکەنە کۆیلە له سەر زەویەکانی خۆیان.

له مانگی تشرینی یەکەمی ١٨٦٧ داوای له هێژا ئەلیۆت کرد حکومەتی عوسمانی ئاگادار بکاتەوه له مەترسییەکانی پیاوانی شێخ عوبێدوڵڵا، ئەو هەنگاوانە بۆ رای گشتی ئەوروپی کاریگەری خراپی دەبێت. هەورەها ئاژاوه له ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ ئێران دەبێتە هۆی

هەڵگیرسانی جەنگێکی تازە لەگەڵ ئێران، هاوکات حکومەتی بەریتانی داوای لە ئەلیۆت کرد مارشەمعون ئاگادار بکاتەوە، کە وڵاتانی ئەوروپی کاتی خۆی بە پیر لێقەوماوی ئەوانەوە هاتوون، کە مسوڵمانەکان ئەوانیان دەچەوساندەوە، بەڵام لە ئایندە وڵاتانی ئەوروپی بە تایبەت حکومەتی بەریتانی ئامادە نیە ئەوکارە بکات، ئەگەر مارسەمعۆن واز لە پرۆستانتی نەستوری بهێنێ.

لە مانگی تشرینی دووەمی ١٨٦٧ دەروازەی باڵا لە وەڵامی داواکاری میستەر ئەلیۆت، کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، رێنومایی توندو راشکاوانەی بە شێوەی فەرمان بۆ والی ئەرزەرۆم نارد، کە سزای ئەو کەسانە بدات دەستیان هەبووە لەو تاوانەی لەو بروسکەیەدا هاتووە.

لە کانونی دووەمی ساڵی ١٨٦٨ وەفدێکی کەنیسەی پرۆستانتی سەردانی لۆرد ستانلی کرد، یاداشتێکی بە ناونیشانی "دەمارگیری ئیسلامی لە ناوچیای نەهری" دایە، کە باسی پێشێلکاری مافی نەستوریەکانی ناوچەکەی کردبوو، وەزیری دەرەوەی بەریتانی بەڵێنی دابوو، لە بەرژوەندی نەستوریەکان لەلای حکومەتی عوسمانی بێتە دەنگ.

لە تشرینی دووەمی ١٨٦٧ لە سەر یارمەتیدانی دارایی بۆ چاکردنەوەی کەنیسەی نەستوریەکان لە (گیگار گۆرگین) گفتوگۆکرا، هەورەها رووداوی ساڵی ١٨٩٥یان بە بیر لۆرد ستانلی هێنایەوە، کە ئەم وتوویەتی "ئومێدم وایە لەوبارەیەوە لە داهاتوو پارەی زیاتر بۆ ئەو مەبەستە خەرج نەکەین، چونکە ئەستەمە پەرلەمان بەرگری لەو هەنگاوە بکات".

نامە گۆڕینەوە لە نێوان نێردەی بەریتانی لە تاران و وەزارەتی دەرەوە لە لەندەن دەربارەی کریستانەکانی ورمێ دەستی پێکرد، لەگەڵ مەبەستی ئاشکرای روسیا بۆ سەپاندنی چاودێری کردنیان. بۆچوونی دیبلۆماسەکانی ئینگلیز لە ئێران وایە، کە حکومەتی روسی جدی نیە لە چاودێری ئەوانەو هەڵوێستی لەو بارەوە باش نیە، هەورەها بە پێویستی نازانێ گفتوگۆی ئاشکرا لە نێوان هەردوو حکومەت بکرێت دەربارەی نەستوریەکان، چونکە روسەکان بە ئاشکرا سوورن لە سەر ئەوەی کە ئارەزوویانە پارێزگاری نەستوریەکان بکەن، چونکە ئەوانە کریستیانی رۆژهەڵاتن، بە رای ئەو زیاتر ئەرکی ئەوانە نەك ئێمە.

لە تشرینی یەکەمی ١٨٦٨ تایلەر هەواڵی داوە، کە کوردەکان قەسابخانەی زیاتریان خولقاندووە، بۆیە دەستێوەردانی دەرەکی لەو مەسەلەیە زۆر پێویستە، تایلەر لیستێکی زۆری لە سەر قوڕبەسەری نەستوریەکان لە ماوەی دوو ساڵی پێشوو لە دەستی کورد ئامادەکردووە، لەوانە دزینی هەزاران سەر مەڕو مانگاو هێشترو وێرانکردنی چەندان گوندو سوتاندنی شەش کەنیسەو کوشتنی هەشت پیاو بە رێگەی دڕندانەو فڕاندنی شەش ئافرەتی نەستوری.

کاتێ میستەر ئالبۆت گوێبیستی ئەو قەسابخانە تازەیە بوو داوای لە دەروازەی باڵا کرد بە خێرایی فریابکەوێ بۆ رێگرتن لە چەوسانەوەی نەستوریەکان بە دەستی کوردو بەرپرسە خۆجێییەکان، بەڵام وابەدیاردەکەوێ حکومەتی عوسمانی بایەخی بە رووداوەکانی ناوچەکە داوە بە جۆرێ سەید عەلی بەگی وەکو نوێنەری تایبەتی ناردووە بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە لە ولایەتە ئەرمەنیەکان.

لە ئابی ١٨٦٨ ئابوت راپۆرتێکی لە سەر باردۆخی ورمێ ناردو ئاماژەی داوە بەو رێوشوێنە تازانەی لەلایەن حکومەتی ئێرانیەوە لە بەرژەوەندی نەستوریەکان گیراونەتە بەر.

لە مانگی کانونی یەکەمی ١٨٦٨ لەو نوسراوێکدا باسی ئەو ئاهەنگەی کردووە، کە بەبۆنەی تەواوکردنی کەنیسەیەکی تازە لە ئەردشائی ئەنجام دراوە، لەو ئاهەنگەدا ژماریەك جالیەی نەستوری ئامادەبوونو زۆر پێی دڵخۆش بوون، یەکێك لە ئامادەبووان وتاری داوە، گوزارشتی کردووە لە دڵخۆشی خۆی بەرانبەر ئەوانەی پارەیان بەخشیوەتە دروستکردنی ئەو کەنیسە تازەیە، ناوی شاو باڵوێزی بەریتانی بردووە، لە وتەیەکدا وتویەتی: دروستکردنی ئەو کەنیسەیە گرانبەهاترین دیاریە بۆ ئەوان.

لە حوزەیرانی ١٨٧٠ لە راپۆرتەکەی ئێڵسن دا بە باشی ئاماژەی بەرچاو بە حاڵی نەستوریەکان کراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی عەبدوڵڵا عەلی خانی سەرپەرشتیاری تازە، لەگەڵ ئەوەدا ئەو پیاوە مەسیحی نیە، بەڵام دەیەوێ هەموو هەوڵەکانی لە پێناو ئیدارەی ورمێ بە شێوەیەکی پاكو دادگەرانە بخاتەگەڕ، ئەمەش نیشانەی ئەوە نیە کە نەستوریەکان هیچ گیرگرفتیان نیە، نارِەحەتی ئەوان وەکو بەشێکە لە نارِەحەتیەکانی ناوچەکە.

لە راستیدا هیچ پێشکەوتنێکی بەرچاو نیە لە سەر باردۆخی نەستوریەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بەپشتبەستن بە راپۆرتی تایلەر کونسوڵ لە تشرینی یەکەمی ١٨٧١ نەستوریەکان دەناڵێنن بە دەست ئەو زوڵمە گەورەی بەرانبەریان دەکرێ لەلایەن کوردەکانو کاربەدەستانی تورك لە ناوچەکەدا.

کەواتە ئەوە تراژیدیای نیگەرانی نەستوریەکان بووە لە ماوەی ٣٦ ساڵ لە ئێرانو دەوڵەتی عوسمانی، کە چەندان راپۆرتی پەیوەست بەو مەسەلەیەی لە سەر نوسراوەو لەو راپۆرتەدا بڵاوکراوەتەوە.

**هیرتسلر، وەزارەتی دەرەوە**

**FO.195/228**

## موسڵ ٨ی مارسی ١٨٤٤

## ستراتفۆرد کاننگ باڵوێزی خاوەن شکۆی پاشایەتی بەریتانیا

شەرەفمەندم بەوەی هەواڵی گەیشتنی کامیل ئەفەندی لە ٥ مارس دەگەیەنم، پێم خۆشە هەندێ لەو گفتوگۆیانە باس بکەم، کە لە نێوان ئەوو بەدرخان بەگ لە بارەی نەستوریەکانەوە ڕوویانداوە، کامیل ئەفەندی بە بەدرخان بەگی گوتووە: ئەو هێرشەی بۆ سەر خاکی نەستوریەکان سوڵتانی نیگەران کردووە، چونکە بەبێ فەرمانی یان ڕەزامەندی سوڵتان نابێ بەدرخان بەگ هێرش بکات، هەروەها دەبێ هەموو دیلەکان ئازاد بکاتو کەلوپەلە دەست بەسەرگیراوەکان بگەڕێنێتەوە، نابی لە ئایندەش بەدرخان بەگ تەنگ بەوانە هەڵچنێ، کامیل بەگ داوای لە بەدرخان بەگ کردووە، فەرمان بداتە زەینەڵ بەگ بە خێرایی لە خاکی نەستوریەکان بکشێتەوە، بەدرخان بەگ لە وەڵامدا وتبووی: نەستوریەکان دەستپێشخەریان کردووە، لە دەستدرێژیو کوشتنی ژمارەیەك کوردو تاڵانکردنی سامانو مەڕوماڵاتەکانیان، ئەو هێرشە بۆ سەر نەستوریەکان بۆ تۆڵەکردنەوە بووە، بەدرخان بەگ بە کامیل ئەفەندی وتوو: ٢٠٠ دیلی لەوانە ئازادکردووە، کە لە جوولەمێرگ دەسبەسەر بوون، هەمان ژمارەش لەلای ئەوبووە دەیانگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەو دیلانەی بوونەتە مسوڵمان بەشێکیانی ناردووە بۆ حەلەبو ئەستەنبوڵو دیمەشقو ناکرێ ئەوانە بگەڕێندرێنەوە.

ماڵی دەسبەسەراگیراویش بە شێوەی گشتی مەڕوماڵات بووە، کە سەربازەکان لە کاتی ئەنجامدانی چالاکی سەربازی سەریان بڕیونو خواردوویانن، ئەو کەمە سامانەی دیکەش دەستی بەسەراگیراوە بە سەر سەربازەکاندا دابەش کراوە، کە بۆ هەر پیاوێك کەمتر بووە لە ٤ پیزە، بەدرخان بەڵێنیداوە تەنگ بە نەستوریەکان نەڵنەچنێ، بەو مەرجەی نەستوریەکان دوژمنکاری ئەوان نەکەن، هەروەها ئامادەیی دەربڕی زەینەل بەگو هێزەکەی بکشێنێتەوە، بەو مەرجەی دەوڵەتی تورکی ئامادەیی خۆی نیشان بدات بەرەنگاری هەر هێرشێك ببێتەوە، کە لە دوای پاشەکشەی هێزەکانی تووشی دەبێت، لە دوای هەولێکی زۆرو بەرهەڵستی بەهێز لە جەزیرە

کامیل ئەفەندی توانی ڕەزامەندی لە سەر ئازادکردنی ٤٥ نەستوری وەربگرێ، کە زۆربەیان منداڵ بوونو ڕێککەوتبوون ڕەوانەی موسڵیان بکات. ئەمڕۆ ٤٠ لەوانە گەیستن، بەڵام بەشەکەی دیکە پیدەچێت سەر لە نوێ دوای گەڕانەوەی کامیل ئەفەندی فرۆشرابنەوە، کامیل ئەفەندی نوێنەری نارده لای بەدرخان هەتا بە زوویی ئەو پێنجەی ماوە ڕەوانەی موسڵی بکات، هەروەها کامیل ئەفەندی قسەی لەگەڵ یازدە دیلی دیکەی ئافرەت کرد، کە زۆربەیان مسوڵمان بوون، بەشێك لەوانە منداڵیان هەبوو. نوێنەرەکەی کامیل ئەفەندی ڕێککەوت لەگەڵیاندا ئەو یازدە ئافرەتە لە ژێر چاودێری بەرپرسان لە جەزیرەدا بمێننەوە هەتا ڕێنومایی دیکەی لە ئەستەنبوڵەوە لە سەر ئایندەی ئەوان بۆ دێت، مارشەمعۆن دەڵێ: هەتا ئێستاش ٢٠٠ دیل لە جوولەمێرگ لای نورولڵا بەگ ماوە، کە ئەو نکۆڵی لێدەکات، بۆیە گومان دەبەم هەتا ئێستاش هەندێ دیلی دیکەی نەستوری لە ناوچەکەدا مابن، کە دەزانم هەتا ئێستا لە شوێنی حەوانەی بەدرخان بەگیش لە (دێرغەلە) هەن، هەندێك لەوانە لە جەزیرەن، کامیل ئەفەندی ئەو ڕاستیە چاك دەزانیو بەڵێنی پێ دام هەموو هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ، بەڵام لەم بارودۆخەدا ناتوانی زیاتر لەوە بکات، مسوڵمانە دەمارگیرەکانی جەزیرە زۆر نیگەرانن لە گەیشتنی نوێنەری حکومەت بۆ ناوچەکەیانو گەرانەوەی ئەو نەستورییانەی مسوڵمان بوون، لە ڕاستیدا خەڵکی جەزیرە زۆر نیگەرانن لە کامیل ئەفەندی، تا ئەندازەیەك ئەگەری سەرهەڵدانی ئاژاوە دەکرێ دژی کامیل ئەفەندی لەو شارە، کامیل ئەفەندی باوەڕی وایە وا باشە لەو دۆخەدا هیچ ڕێوشوێنی دیکە نەگرێتەبەر، بەڵام ئامادەیی خۆی نیشاندا کە بەردەوام بیت لە هەوڵەکانی بۆ ئازاد کردنی دیلە نەستوریەکانی دیکە، لە دیاربەکر کامیل ئەفەندی بەڵێنیدا بە ئازادکردنی دە دیلی دیکە، کە پێدەچێت لەو چەند ڕۆژەی دوایی گەیشتبن.

گەڕانەوەی ماڵە تالانکراوەکان ئەستەمە چونکە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان ئەو ئەندازەی مارشەمعۆن دەیڵێ لەگەڵ ئەوەی بەدرخان بەگ وتوویەتی سەبارەت بە دیلو ماڵە تالانکراوەکان، کارێکی ئەستەم لەبەردەم کامیل ئەفەندی دروست بووە، ئەستەمە لەوە تێبگات ئەو لە سەریەتی چی بکات، بەدرخان بەگ خۆی بە بەرپرس نازانی لە بەرانبەر گەڕاندنەوەی ماڵە تالانکراوەکە چونکە ئەو لە کاتی شالاوەکە بەسەر سەربازەکانی دابەش کردووە، لێرەدا کامیل ئەفەندی ناچارە داوای ڕێنومایی زیاتر بکات لە ئەستەنبوڵ بۆ چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ ئەو مەسەلەیە. کامیل ئەفەندی پێی وایە ناتوانێ چی تر بەڵێن لە بەدرخان وەربگرێ کە لەئاینده مەسیحییەکانی ناوچەکە ئازار نەدات، چونکە میری ناوبراو لە ئاینده دەتوانێ

ڕێوشوێنی دیکە بگرێتەبەر بەرانبەر نەستوریەکان، کە ببێتە بیانوو بۆ دەستدرێژی کردنە سەر نەستوریەکان چونکە بەدرخان دەیەوێ لە ناوبژیوانیدا چەندین مەرج دابنێ.

کامیل ئەفەندی ناتوانێ فشاربخاتە سەر بەدرخان بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە ناوچەی نەستوریەکان هەتا حکومەتی ناوەند بە ئەرکی خۆی هەڵنەستێ، چونکە ئەگەر بکێشێتەوە بۆشاییەکی سەربازی دروست دەبێ‌و مەسیحییەکان دەرفەت وەردەگرن، بۆیە کامیل ئەفەندی ئەو مەسەلەی ڕەوانەی حکومەت کردووە، چونکە مەسیحییەکان پێش کشانەوەی نوروڵڵا بەگ ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانی خۆیان، پێش دوو ڕۆژ دوو مەسیحی لە ترسی زەنیەڵ بەگ ناچاربوون ناوچەکەی خۆیان جێهێشت، هەواڵ هەیە زەینەڵ بەگ چوار مەسیحیی دیکەی لە سێدارە دابێ چونکە نەیانتوانیوە ئەو ئەندازە پارەیە بدەن، کە زەینەڵ بەگ داوای کردووە، هەواڵی دیکە هەیە یەکێك لە کوڕەکانیی نوروڵڵا بەگ هەرچی خانەوادەی ئیسماعیل پاشا مابوون گرتونی، کە باوکیان یەکێك بووە لە سەرۆکەکانی مەسیحی‌و لە ساڵی ڕابردوو لە کاتی هێرشەکاندا کوژرابوو، کاتم بە فیڕۆ نەداوە، لە خستنەڕووی ئەو ڕاستییانە بۆ کامیل ئەفەندی کە لە لای خۆیەوە بەدرخانی ئاگادار کردبۆوە سنوورێك بۆ ئەو کردەوانە دابنێ، زانیاریمان پێگەیشت شەوی ڕابردوو نەستوریەکی دیکە لە وڵاتی خۆیان هاتنەوە، دایك‌و باوك‌و دوو خوشك‌و سێ برای لە ریگەی موسڵ لەلایەن سەمەد بەگەوە لە دەڤەری بەرواری کوژران، ئەمەش لە بەمەستی چاوتێبرینی ئەو کەل‌و پەل‌و جل‌و بەرگە کەمەی پێیان بووە، لە کاتێکدا بەرواری سەر بە موسڵەوە ڕەسام پێشتر چەندین جار سکاڵای هەبووە لە مامەڵەی سەمەد بەگ، مارشەمعۆن سوپاسی کامیل ئەفەندی کرد لە سەر مامەڵەی بەبەزەییانە لەگەڵ ئەو، بەڵام گفتوگۆکانی نێوانیان ڕووکەشانە بووە، لە ڕاستیدا کامیل سەرقاڵی سەردان‌و چاوپێکەوتن بووە، کاتی پێویستی نەبووە تەرخانی بکات بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو گیروگرفتانەی هەیبووە، کامیل ئەفەندی ئەو بەیانیە سەردانی کردم، پێی وتم: دەبێ پێکەوە کاربکەین بۆ چارەسەری کێشەی نەستوریەکان‌و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەو بارەیەوە، هەتا بتوانێ هەر ئێستا بینێرێ بۆ ئەستەنبوڵ.

بەڵام هەستم کرد کامیل ئەفەندی لە هەموو ڕەهەندەکانی ئەو مەسەلەیە تێناگات، پێویستە ئەوە بزانێ من لەو بارەیەوە نیگەرانم، کێشەی بنەڕەتی‌و تاکە کێشە ئەوەیە، کە بەدرخان بەگ ناتوانێ بەڵێن‌و پەیمانی گوێڕایەڵی بۆ سوڵتان بەجدی وەربگرێ، ئەو کارەش بەبێ گوێڕایەڵی کردەیی بۆ سوڵتان ناکرێ، من لەو بڕوایەدام هەتا بەدرخان پاشا بمێنێ مارشەمعۆن‌و لایەنگرانی دڵنییا نابن لە زوڵمی دراوسێ مسوڵمانەکانیان، لەلایەکی دیکەوە دەروازەی باڵا

ئامادە نیە هیچ ڕێوشوێنێك بگرێتە بەر بۆ ملکەچ پێکردنی، لە هەمان کاتدا میر بەدرخان پاشا بەگ بە هێمینی هێزەکانی زیاد دەکات، بەڵام لەوکاتەش زیادی کردووە کە خەڵکێکی زۆر لە هەرێمی موسڵو دیاربەکر دێنە لای ئەو، هەروەها بەهۆی ئەوەی دەستی کەوتووە لە سەر حسیابی دەسەڵاتی نوروڵڵا بەگ لە جوولەمێرگو خان مەحمود لە کلاشی گوندێکی نزیك شاری وان، مەبەست لە "هەلاتوان"ی کورد ئەو گوندنیشینانەن، کە بەکۆمەڵ لە بەر باجی قورسی حکومەتی تورکی پەنایان بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی بەدرخان بردووە، چونکە بە بەراورد بەو باجانەی ژێردەسەڵاتی پاشایەتیەکانی دەرووبەر، باجەکانی ئەوێ زۆر کەمتر بووە.

کامیل ئەفەندی بیرۆکەی لاوازکردنی بەدرخانی هەبووە، بۆیە ویستویەتی دۆستایەتی نوروڵڵا بەگو مەحمودخان مسۆگەر بکات بۆ لای حکومەتو بەدرخان گۆشەگیر بکات. ئەمەش ئاسانکاریە بۆ ملکەچ پێکردنی بەدرخان، هەتا دوایی لە هەموو لاوە لە دیاربەکرو ئەرزەڕۆمو موسڵ هێرشی بکرێتە سەر، ئەو هێرشەش هەتا دوابخرێ قورستر دەبێ، بۆیە ئیستا خەرجی پێویست هەیە بۆ ئەو هێرشە، بە ماوەیەکم خەرجیەکی قورس دەکەوێتە سەر میزانیەی بەتاڵی حکومەت، کە ئەو ناوچەیەی ئاسیای نارحەتە لە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. تکایە ئەوە تێبگەن، کە دەڵێم ئەگەر جەنگ بۆ سەر بەدرخان دوابکەوێ نەك بە تەنیا لە سەر نەستوریەکان، بەڵکو تیچوونی شەڕ لە سەر توانای حکومەتی تورکی قورس دەکەوێ.

لە جەزیرە چاوم بە نوروڵڵا بەگ کەوت، پێی وتم کە بەو نزیکانە دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ جوولەمێرگ، کامیل ئەفەندی لە سەر داوای ئەو سەردانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی دەکات، کامیل ئەفەندی پرسیاری لێکردم، ئەگەر حەزدەکەی لەو سەفەرە هاوبەشی بکەم، لە وەڵامدا وتم: من دڵخۆش دەبم ئەگەر بە پیر داوای بەڕێزتانەوە بێم، بۆیە ئاگادارتان دەکەمەوە کە ئایا دەتوانم ئەو بانگهێشتە قبوڵ بکەم یان نا؟

سروشتی ئەو هەڵوێستەی کامیل ئەفەندی لە سەر ئەو کێشانەی دیگرێتەبەر نازانم، بەڵام دەزانم لە ڕێگەی پۆستەوە نوسراوێك دەنێرێ بۆ ئەستەنبوڵ، بەڵام بێجگە لەلایەنە پەیوەندیدارەکان نایەوێ بە ناوەڕۆکی ئەو راپۆرتە ئاگادار بن لە سەر لایەنی بەرانبەر، ئەمەش بۆ ئەوەیە بە دوور بم هیچ تێکگیرانیکی باوی نێوان خۆمو ئەو.

**پێ خۆشحاڵم خزمەتکارێکی گوێرشایەلی ئێوە بم.**

**دیبلۆ ستێفنس**

FO.195/228

## موسڵ ١٨ی مایس ١٨٤٤

## بەڕێز ستراتفۆرد کاننگ

شەرەفمەندم هەوڵی گەیشتنی شەریف پاشا لە ١٨ی مایس بە ئێوە رابگەیەنم، لە راپۆرتەکەم ئەو گفتوگۆیەو ئەوەی روویدا بۆتان بەدیاردەخەم، ئەو گفتوگۆیەی لە ناوچەیەکی دەشتایی ژێردەسەڵاتی بەدرخان پاشا لە نێوان بەدرخان بەگو شەریف پاشادا روویدا، پێشتر کامیل ئەفەندی سەردانی جەزیرەی کردبوو، بەدرخان بەگ پێی وتبوو، دەبێ لەگەڵ شەریف پاشا پێکەوە سەردانی جەزیرە بکەن، ئەویش نەگەڕایەوە هەتا لە سەر هەموو ئەو داواکاریانە رازی بوو، لە سەر ئەو بەیەکگەیشتنە رێککەوتن، شەریف پاشا لە ناوچەیەکی سەحراوی دۆڵێك گەیشتە شوێنی حەوانەوەی بەدرخان، لەگەڵ گەیشتنی شەریف پاشا بەدرخان بەگ رەشماڵی لە شوێنێکی زۆر نزمایی بۆ ئامادە کرد، کە لە هەمووڵاوە بە رەشماڵی بچوك دەورە درابوو، بەدرخان بەگ وتی: ئەو رەشماڵانە تەرخان کراوە بۆ ئەو پیاوانەی لە کاتی مانەوە لە خزمەت پاشادان، پاشان نیگەران بوو لەشوێنی رەشماڵەکەی خۆی، کە نزیك رەشماڵەکانی دیکەیەو داوای کرد بۆی بگوازنەوە بۆشوێنێکی بەرزی دۆڵەکە، پاشا ئەوەی ئاشکرا کرد کە خێوەتەکانی دیکەی دەرووبەری پڕن لە چەکدارانی بەدرخان بەگ، پاشا هەستی بەوە نەکردبوو بەدرخان پاشا سوپایەکی گەورەی ١٥٠٠ سوارەو ٥٠٠ پیادەی لە ناو دۆڵەکەو ٢٠٠٠ چەکداری لە هێزە کوردەکان وەکو پاسەوانی دۆڵەکە لەهەموو لاوە داناوە، بە شێوەیەك بەدرخان لە کاتی ناچاری بتوانی بەفریای خۆی بکەوێ، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە شەریف پاشا پێشتر موسڵی ئاگادار کردبۆوە، کە بەمەستی پاسەوانی لە کاتی تێپەڕینی لە دەشتایی ٨٠٠ سوارەی چەکدارو ٣ پارچە تۆپی مەیدانی بۆ بنێرێ، بەڵام پێویستە ئەوە بڵێم، کە ئەو هێزە پێویست نەبووەو نیگەرانی لێدەکەوتوە، چونکە ئەو رێگەیەی پێیدا تێدەپەڕن زۆر ئارامە. بەڵام ئەو هێزە لە دوای گەیشتنی شەریف پاشا بە بەدرخان گەیشت، بەپێ ئەو بەڵگانەی دواتر بیستمان ئەو رووداوەی خوارەوە روویدا:

دوای گەیشتنی شەریف پاشا بە سەربازگە بە چەند سەعاتێك لە گفتوگۆی یەکەمی نێوان ئەوو بەردرخان پاشا، لەوکاتەی بەدرخان پاشا لە خێمەکەی خۆی لەگەڵ کامیل ئەفەندی دانیشتبوو، پیاوێك هاتە ژوورو بە چرپە دای بە گوێی بەدرخان بەگو هەواڵی گەیشتنی نهێنی هێزی بەرگری لە موسڵەوە پێ ڕاگەیاند، پیاوەکە ئاماژەی کرد، کە ئەو پیاوە "مەبەستی کامیل ئەفەندی بوو لە ئامادەکاریدایە، بەدرخان بەگ خێرا چووە دەروەو ئەسپەکەیان بۆ هێناوو خۆی ئامادە کرد بۆ بەرەنگاری ئەو هێزەی لە موسڵەوە دێت، لە ماوەی چەند خولەکێك سەدان پیاوی چەکداری لایەنگری بەدرخان ڕووی چەکەکانیان کردە خێمەکەی شەریف پاشا، کامیل پاشا بەدرخانی دڵنیاکردوە، کە بگەڕێتەوە خێمەکەی خۆی، چونکە بارودۆخەکە ئارامەو ژیانی لە مەترسی دانیە، یەکێك لە فەرماندەکانی یاوەری بە خێرایی ئاگادارکردەوە، کە ئەو هێزانەی لە موسڵەوە دێن ئاگادار بکاتەوە بوەستنو بەرەو سەربازگەی بەدرخان پاشا نەیەن، لە کۆتاییدا کامیل ئەفەندی توانی بەدرخان بەگ قەناعەت پێ بکات بگەڕێتەوە بۆ خێمەکەی. هەتا ئەوکاتە شەریف پاشا دانیشتبوو، سەرەڕای ئەوەی بەدرخان پاشا زۆر ترساو توانی هاوسەنگی خۆی ڕابگرێ، شەریف پاشا بە بەدرخانی وت: هیچ پێویست بە ترسو شلەژان ناکات، چونکە هیچ فەرمانێکی بۆ نەهاتووە، بەدرخان پاشا دەستبەسەر بکات، ئەگەر فەرمانی لەو جۆرە هەبوایە هێزەکانی بەدرخان پاشا نەیاندەتوانی بەرهەڵستی بکەن. هێمنی گەڕایەوە بۆ سەربازگەکەو هێزەکانی تورکی بە ئاڕاستەی سەربازگەی بەدرخان پیشڕەویان نەکرد، هەروەها چەکدارەکانی سەر بە بەدرخان بەگ لەو خێمەیە دوور کەوتنەوە کە بۆ میوانەکان ئامادە کرابوو، ئەگەر یەك گوللە بە هەڵە تەقیبا گەڕەلاوژەو بێسەرەوبەری بڵاو دەبۆوە، خوێنێکی زۆر دەڕژا، بە هۆی زۆری هێزەکانی کورد دوور نەبوو ئەو هێزانە شەریف پاشاو کامیل ئەفەندیان لەگەڵ میوانو پاسەوانەکانی کوشتبان، بەڵام کارزانی کامیل ئەفەندی ئەوانی لە کارەساتی گەورە ڕزگارکرد، کە قبوڵ کردنی ئەنجامەکانی ئەستەم دەبوو، ئەگەر شەریف پاشا نیازی شەڕی هەبوایە هەڵسوکەوتی جیاوازی نوندبا دەکرا شەڕ دەرفەتێك دروست بکات بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لەلایەن بەدرخانەوە، ببێتە هۆی ڕاپەڕینێکی گشتی کوردانو حالەتێکی نائارامیو نائۆقرەیی بڵاوبکاتەوەو ڕێگاکانی هاتوچو لە ناوچەکە بخاتە مەترسیەوە. ئەمە لەکاتێکدا هەموو دەزانن بەدرخان پاشا پیاوێکی بەدگومانە، لەگەڵ ئەوەدا تورك دان بەمەدا نانێن، لەو باوەڕەدام شەریف پاشا نەخشەی دەستگیرکردنی بەدرخان بەگی گەڵاڵە کردبێ، ریوشوێنی یەدەگی گرتبووە بەر، میر بەدرخان بە شەریف پاشای وت: نەیویستووە ئەو

نەستوریە مەسیحیانە ئازار بدات، کە پەنایان بۆ موسڵ بردووە، دەتوانن بگەڕێنەوە، ئەو لەبەرانبەر پاشادا بەرپرسیارە لە پارستنی ژیانی ئەوان، لە هەر شوێنێك دەستی کەوت دیلەکانیان دەگەڕێنێتەوەو زەینەڵ بەگی لە بەرپرسیاریەتی لە ئاشتیا لابردووە، ژمارەیەك لە چەکداری خۆی بۆ پاراستنی باڵەخانە تایبەتیەکەی دکتۆر گرانت بەجێهێشتووە، کە بەڕیزتان دەزانن کراوەتە قەڵایەکی سەربازی پتەو، ئەو هێزانەش دەمێننەوە هەتا رێنومایی لە ئەرزەڕۆمەوە دەگات، چونکە خاکی سریان بەشێکە لەو ولایەتە.

گرانت دوو چاوپێکەوتنی لەگەڵ شەریف پاشاو چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کامیل ئەفەندی ئەنجامدا، ئەو دووانە نەك هەر بەرهەڵست نەبوون بەڵکو بەڵێنی ئاسانکاریاندا بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەدرخان پاشا، هۆی رەفزکردنی ئەو دوانە دەگەڕێتەوە بۆ قەناعەتی بەدرخان، کە نایەوێ لە دێرغەلە چاوی پێیان بکەوێ یان قبوڵی ناکات لە شوێنی سەرەکی خۆی پێشوازی لە گرانت بکات، چونکە ئەو پیاوێکی سەربازیەو بەدرخان بە چاوی گومانەوە دەڕوانێتە ئەو سەردانە، ئەمە لە کاتێکدا پێشووتر کامیل ئەفەندی بە داکۆکیەوە ئارەزووی کرد سەردانی دیرغەلە بکات، بەڵام بەدرخان قبوڵی نەکرد، ئەوەی شایانی باسە شەریف پاشا هەواڵی دایە بەدرخان بەگ، کە حکومەت فەیلەقێك سەرباز لە سیواس جێگیر دەکاتو بەشێك لەو هیزانە دەنێرێتە دیاربەکرو موسڵ، سەردانی گرانت بەو بارودۆخە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا ئینگلیز مەبەستیەتی رێوشوێنی سەربازی دژی بەدرخان بگیریتەبەر، هەروەها ئەو ئاماژەیەی شەریف پاشا بە پێکهێنانی فەیلەقێکی سەربازی دەکرێ بەلای بەدرخانەوە وا لێك بدرێتەوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەربازیە لە سەر رێگای گرنگی نێوان دیرغەلەو جەزیرە، ئەو سەردانەی شەریف پاشاو کامیل ئەفەندی بۆ لای عەمید گرانت گومانی بۆ بەدرخان دروست کرد، بۆیە پێویستە رێوشوێن هەبێ هەتا کاریگەریی لە سەر ئاسایشو ئۆقرەیی ناوچەکە دروست نەکات.

**عەمید گرانت لە ١٢ی مایس موسڵی بە ئاڕاستەی ئەرزەڕۆم بەجێهێشت.**

**دڵسۆزو خزمەتکاری گوێڕایەڵ**

**ئار، دیبلۆ، تریفاند**

## بزوتنەوەی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری ۱۸۸۰-۱۸۸۱

### نامەیەك بۆ: FO ۱۸۸۲/۱۲/۷،

شادمانم هەواڵتان پێ بدەم کە شێخ عوبێدڵڵا هەڵاتووەو دووبارە گیراوەتەوە، شێخو دوو لە کوڕەکانی لە بندەستی پاسەوانی هێزەکـــانی عوسمانی بەڕێوەبوون بۆ موسل، هەتا بتوانین لەم هەموو هەواڵە لێڵو تێکگیراوانە بگەنە ئەنجامێك، بڕیارماندا میرزا جەوادخان بنێرین بۆ هەکاری هەتا لەوێ پەیوەندی بە موسا پاشای فەرماندەی سەربازییەوە بکاتو راستییەکان روون بکاتەوە.

راپۆرتی میرزاخان کە بە نامەی نێردراوی موسا پاشاو مستەفا پاشا (دوو فەرماندەی سەربازی عوسمانین لە هەکاری. و) لە وردەکاریەکانی دڵنیامان دەکاتەوە لەو بارەیەوە نوسیویەتی:-

لە دوای هەندێ خۆخافلاندنو هەوڵی دواخستنی سەفەر بۆ موسڵ، شێخ عوبێدوڵڵا رازی بوو بە یاوەری کامیل بەگ نێردراوی تایبەتی سولتانو چەند سەربازێك سەفەر بکات. کاتێك گەیشتنە گوندی شەبتان، کە ناوچەیەکە پڕە لە هۆزە کوردەکانی لایەنگری شێخ، لەوێ شێخ بە بیانووی نەخۆشی هاوسەرەکەیو بیانووی دیکە سەفەرەکەی راگرت، بەو هیوایەی کوردەکانی ئەو ناوچەیە پەیوەنـــــــدی پێوە بکەن بۆ شۆڕشو لە دیلی رزگاری بکەن.

کامیل پاشا بۆی دەرکەوت شێخ نایەوێ لە سەفەری موسڵ بەردوام بێ، هەڕەشەی لێ کرد، کە رێوشوێنی توند بگرێتە بەر، ئەمە وای لە شێخ کرد داوا لە سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکە بکات کامیل پاشاو سلێمان پاشا بگرن. لەو ماوەیەدا کوڕی حەسەن بەگ "یەکێك بووە لەلایەنگرانی شێخ عوبێدوڵڵا" هەوڵی کوشتنی کامیل پاشایداوە، تیرێکی لێداو ساقۆیەکەی دڕا، بە سەیری رزگاری بوو، بەڵام ئازاری پێ نەگەیشت، بەو شێوەیە سەربازو ئەفسەرە تورکەکان بوونە دیل لە لای شێخ. پێش ئەوەی عەبدولقادری کوڕی بە ڕووداوی شەبتان بزانێتو هێزێك بۆ رزگارکردنی باوکی بنێرێ، کامیل پاشا بە بەرتیل دوو کەسی نارد هەواڵ بدەنە موسا پاشاو مستەفا پاشا هەتا بە زوویی هێزێکی سەربازی بنێرنە ناوچەکە، هەر لەو ماوەیەدا شێخ عوبێدوڵڵا سەر لە نوێ خۆی ئامادەکردەوە بۆ شۆڕشی کوردی، بۆ ئەو

مەبەستە پەیوەندی بە هۆزەکانەوە کرد، بەڵام خێرا هێزەکانی عوسمانی گەیشتنە ناوچەکە، شەبتانو شێخ عوبێدوڵڵا گەمارۆدران.

هێزەکانی عوسمانی بە تۆپ لە شەبتانیان داو نزیکەی دوو سەد کەس لە هێزەکانی شێخ عوبێدوڵڵا کوژران، شێخ ناچاربوو یەکێك لە لایەنگرانی بنێرێتە دەرەوەی قەڵاو ئاڵایەکی سپی بەرز بکاتەوە، بەمە شێخ ویستی خۆی بە دەستەوە بدات، بە ماوەیەکی کەم یەکێك لە ئەفسەرەکانی سوپا بە ناوی حوسین پاشاوە بەرەو قەڵا هاتو شێخ عوبێدوڵڵا هاتە دەرەوە داوای خۆبەدەستەوەدانی کرد. حوسین بەگ بە هێز بەسەرسەریدا رای کێشاو تفی کرد بە رووی شێخ، بۆ سوکایەتی پێکردنی داوای لێکرد لە ناوەڕاستی کۆمەڵە سەربازەکە راوەستێ.

حوسین پاشا کامیل بەگی رزگار کردو بای دایەوە بەلای شێخ، کەوتە جوێندان بە شێخ، بە"ئێزیدی"و "بەراز" سوکایەتی پێکرد، شێخ رووی لە کامیل بەگ کرد یارمەتی بدات، بەڵام ئەو وتی: هەتا ئێستا سەرکۆنەی زۆر کراوم لە سەر رێزو مامەڵەی باش لەگەڵ تۆ. بەشێخی وت: کردەوە ناشیرنەکانت شایستەی لێبووردن نین، جوێنی بە شێخ دا بەوەی: لە بەراز خراپتری. موحەمەد سادقی کوڕی شێخیش گیراو هێزەکانی عوسمانی باری ٣٠٠ هێستری شێخ عوبێدوڵڵایان دەست بەسەرداگرتو کەلوپەلی خەڵکی شەبتانیان تالان کرد. ئەو کوڕەی حوسین بەگیان گرت، کە پێش ماوەیەك بە تیر هەوڵی کوشتنی کامیل بەگی دابوو، مەلا ئەحمەدیشان گرت، کە یەکێك بوو لەو زانایانەی دەرسی شەرعی بە کوڕەکانی شێخ عوبێدوڵڵا وتبۆوە لە نەهریو ئیمامی مزگەوتی نەهری بوو. هەروەها قاچو دەستی شێخ عوبێدوڵڵایان بەستنەوەو بە بە سوکایەتیەوە بە سواری کەرو بە هێزو پاسەوانی عوسمانیەوە بردیان بۆ موسڵ. وەهاب ئەحمەد بەدرخانو سەرۆك هۆزە کوردەکانی لایەنگرانی شێخ هەموو گیران. شێخ عەبدولقادریش بیستی چی بە سەر باوکی هاتووە ناچار خۆی بەدەستەوەداو داوای لە لایەنگرانی کرد بڵاوەی لێ بکەن. ئەمیشیان گرتو لەگەڵ باوکی رەوانەی موسڵیان کرد. بەو شێوەیە دوای ئەنجامدانی خۆیان لە گواستنەوەی شێخو بنەماڵەکەی بە هێزو سەربازی تەواوەوە بە سەلامەتی گەیاندیانە موسڵ موساو مستەفا پاشا بە یەکە سەربازیەکانیانەوە گەڕانەوە.

ئێستا شای ئێران بە بیستنی ئەو هەواڵە زۆر دڵخۆشە، کاروباری نیوان ئەو دوو وڵاتە دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی. منیش دەبێت بۆ راپەڕاندنی هەندێ ئەرك بچمە تەورێز.

واژۆ: مـــــــیرزا جەوادخان

# چاوپێکەوتنێکی مێژوویی دانسقە لەگەڵ شێخ عوبێدوڵڵا فـەرماندەی راپەرینی کوردستان ١٨٨١*.

**تـەورێز/ ١٨٨١/١/١ز**

**وەزارەتی دەرەوە، ژمارەی دۆسیە ٤٤١/٦٠**

**ژمـــارەی بەڵگەنامە ٢٣- زۆر نهێنی**

**گەورەم ئیرڵ ئۆف کرانفڵ**

پێشترو لە یاداشتنامەی ژمارە ٢٧ ئاماژەمان بۆ مەسەلەی شێخ عوبێدوڵڵا کردبوو، لەگەڵ ئەوەدا شەرەفمەندی بوو بۆ من پار نامەم بۆ ناردن، ئێستاش هۆکاری مانەوەم ئەو شەرەفەیە لە ئەستەنبوڵ چاوم بە شێخ بکەوێ، لەم رۆژانەو لە ناوەندە سیاسیەکان سەنگی خۆی هەیە، کورتەی ئەو چاوپێکەوتنەتان بۆ دەنوسم، کە لە نێوان منو شێخ دا ئەنجام درا، لەگەڵ پێشەکیەکی کورت لە باسی شێخو کەسایەتی ئەو، بە هیوام شایستەی بایەخ پێدانی ئێوە بێت.

---

* - ئەم بەڵگەنامە مێژووییە بەزمانی عەرەبی لەگۆڤاری (ئالای ئسیلام)ی ژمارە (٢،٣)ی نۆڤێمبەری ١٩٩٥ز ساڵی پێنجەم بڵاوکراوەتەوە. "بابانزادە".

له ساڵی رابردوو به ناوچه کوردیەکاندا "ورمیّ"م بەجێهێشتو بەلای نوێنەری شێخ عوبێدوڵڵادا تێپەڕیم، قسەم لەگەڵدا کردن، ئامادەیی شێخیان نیشاندا لەو کاتەی بەناوچە سنووریەکاندا دەڕۆم پاسەوانی تایبەتیم بۆ دابین بکات، گومانم هەبوو، ئەوە منم بە ئاراستەی سەربازگەی شێخ بۆ وەرگرتنی پاسەوانی تایبەت بە رێدەکەوم، دووبارە ئەوەش ئەدەبو گەورەیی بوو من، خۆم لە دەوارەکەی سەردانی شێخ بکەم، لە پێشەوە سوپاسم کرد لە سەر ئەو بایەخەی بە پاراستنی منی داوە.

وادەرکەوت شێخ سەردانەکەی گۆڕی بوو بۆ سەعاتێکی تەواوی گفتوگۆی نێوان منو خۆی، گەرچی خۆم ئامادە نەکردبوو بەڵام لەگەڵ گەیشتمە دەوارەکەی فەرمانیدا بە هەموو ئەوانەی لە دەوری بوون بچنە دەرەوە هەتا پێکەوە لە ڕەشماڵەکەدا ماینەوە.

دان بەوەدا دەنێم، کە بەو چاوپێکەوتنە زۆر سەرم سوڕما، چونکە هەرگیز ئەو کەسە مەترسیدارە نەبوو، کە لە کتێبی شین• و سەرچاوەکانی دیکە بۆ خەڵکیان وێناکردبوو.

سەرەڕای ماندوەتیو مەینەتی رۆژگار بە سەر ڕوویەوە نەرمو نیانی بە ڕووە پڕ سۆزەکەیەوە دیار بوو، لە چاوەکانی رامابای هەستی ناسك لە کەسایەتی سەرنج راکێشی رەنگی دەدایەوە.

ماندوویەتیو شوێنەواری نەخۆشی نەیانتوانیبوو لە ورەی کەم بکەنەوە، ئەمەش بەڵگەبوو بۆ کەسایەتی ئەو شێخەی زۆر کەس گەواهی بۆداوە، کە بۆتە خاوەن شکۆمەندی گەورە لە کوردستان، بەڵام دەمو بە تایبەتیش شەویلاگی خوارێی بە بەراورد لەگەڵ چاوە نیگابەخشەکانی پڕ سۆزو نەرمی بوون، هەندێ جار مەترسی لێ دەباری. شێخ دەستەپیاو بوو، ئەوەی لە ڕووخساری بڕوانێت وادەزانێت تەمەنی لە چلو پێنج ساڵ تێپەر ناکات، لە ڕاستیدا زۆر لەوە بە تەمەنترە، ریشێکی کەم بە بۆیاغ رەشی کردبوو، ئەوەی لێی تێگەیشتم شێخ عوبێدوڵڵا خاوەن ئیرادەو عەزم بوو، زۆر بە توانا بوو لە کاریگەری بە سەر دەورووبەریو بزواندنیان لە پێناو ئامانجەکانیدا، شارەزای زمانی عەرەبیو تورکی بوو، بەڵام شوێنەواری زمانی دایك "کوردی" بە قسەکانیەوە دیار بوو، هەروەها شارەزایی فراوانی لە زمانی عەرەبیدا هەبوو.

---

• -کتێبی شین: بەو بەڵگەنامە دیبلۆماسیانە دەوترێت، کە هەڵوێستی حکومەت لە بابەت زۆر لە مەسەلە سیاسیەکانی تێدا ڕوون دەکرێتەوەو دابەش دەکرێ بەسەر دیبلۆماسو کونسولیەو نێردراوەو رێکخراوەکان، لێرەدا بە راپۆرتی بەریتانیەکان دەوترێت، کە لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەوە وەکو رێنومایی بۆ نوێنەرەکانیان لە ناوچەکەدا دەردەچووە. بابان زادە.

ئاگاداریان کردمەوە بە گەیشتنی من بە "ورمیٚ" شێخ زۆر شادامانە، واتە گوێبستی گەیشتنی نوێنەری حکومەتی خاوەن شکۆ "پاشایەتی" بوو بۆ ناوچەکە، ئەمەی بە دەرفەت زانی بوو هەتا ئامانجە شاراوەکانی لە مەڕ شالاّوەکەی بۆ خاکی ئێران بەدیار بخات، بە قسەی خۆی نیازپاکی پالّی پێوە ناوە.

لە وەلاّمدا منیش خۆشحالّی خۆم بە ناسینی ئەو دەربڕی، کە زۆرم لە بارەیەوە بیستبوو چاوەڕێم نەدەکرد پشکم لە دیداریدا هەبێت. ئەوەم دەربڕی خۆشحالّمو ڕێزم هەیە بۆی، کە ڕێزم لیٚ دەگریو بە ناوبژیوان لە لای هاولاّتیە مەسیحییە نەستوریە لادێیەکان قبولّم دەکا. ئەوانەی لە ماوەی شەڕ لایەنگرانی شێخ تالاّنیان کردبوون. دواتر پرسیارم لێکرد بەرنامەی چیە؟ لە وەلاّمدا گوتی دەمەویٚ دووبارە کوردستان ڕێك بخەمەوە. پرسیارم لێکرد چۆن بیر لەو بیرۆکەیە دەکاتەوە لە کاتێکدا هیچ بیانوویەك نیە شۆڕش لە دژی ئێران بکەیت یان بە ڕووی تورکیادا هەلّگەڕێیتەوە. لە سەر ئەو بابەتە وتی: هەردوو دەولّەتی ناوبراو مامەلّەیان لەگەلّ کورد خراپ بووە، سەبارەت بە عوسمانی تقدیری نیازپاکی ناکرێت، شێخ رای گەیاند، کە کوردستان پێویستی بە کارگێڕیەکە بە دەستی ئاسنین حوکمی بکات، کەسێك نەبوو لەو راستیە تێبگات، لێرە بە شێخم وت: ئەمە زۆر وردە، لێم پرسی مەبەستی دامەزراندنی دەولّەتێکی سەربەخۆی جیای هەیە لە دەولّەتی عوسمانی یان بە تەنیا ئامانجی کۆکردنەوەی ناوچە کوردیەکانە لە سایەی ئیدارەیەك بە سەر گەڕەلاوژەیی بەسەریدا زالّ بیٚو جۆرێك لە ئارامیو ئاسایش دابین بکات، لە سەرووی ئەو رژێمە ئیداریەی ئێستاوە بێتو لە بەرانبەر سولّتاندا بۆ زەمانەتی ئیدارەیەکی باشو کۆکردنەوەی باج بەرپرسیار بیٚ؟ شێخ لە وەلاّمی ئەو پرسیارەدا وتی: کەسێك نیە گومانی لە گۆێڕایەلّی من بۆ سولّتان هەبیٚ، بەلاّم ئەو بە چاوی ڕێزو تەقدیرەوە سەیری بەرپرسان "پاشایانی هەرێمەکان" ناکات، بە ڕاستی شێخ لە سەر ئەو باوەڕە بوو کاتی ئەوە بە سەرچووە کارێك نەکرێت بۆ بەرژەوەندی کوردستان، شێخ گەلەکەی خۆش دەوێتو بە پێویستی دەبینێت کاروباریان چاك بێت. راستە کورد نەخوێندەوارنو حەز بەزەبت کردن ناکەنو بێسەرەوبەرەن، بەلاّم شێخ عوبێدوللاّ دەیەوێت ئەو نەخۆشییە کۆمەلاّیەتیە چاك بکات هەتا گەلەکەی بگاتە ئاستێك بگونجێت لەگەلّ ژیانێکی کۆمەلاّیەتی شایستە بە ئادەمیزاد. دواتر شێخ وتی: مامەلّەی ئێران لەگەلّ کورد مامەلّەیەکی ریسواییە، لە سێدارەدانو کوشتنو قینی لە ڕادەبەدەر، سەرەڕای ئەمە هەرچی مرۆڤ بەلایدا دەچێت هەلّسوکەوتی خراپی دەسەلاّتدارانی

ئێرانیدا بەرانبەر بە کورد هەیە. هیچ ڕێوشوێنێکیان نەگرتۆتەبەر بۆ مایل بوون بە لای هۆزە کوردەکانەوە، ئەمەش دەمارگیری کوردانی هەتا ئاستی دواکەوتوویی جۆشداوە.

لەگەڵ ئەوەدا لەو مەسەلانە لەگەڵ شێخو بۆچوونەکانی کۆك بووم، بەڵام ناچار بووم کات بەسەر بەرمو بێ دەنگ بم، دەیوت ناوچەی "هۆجە" دەکەوێتە ناو سنووری تورکیا- ئێرانو لە ژێر دەسەڵاتی تورکیایە، پار کەوتە بەر شاڵاوی تاڵانو دەستبەسەراگرتنی هۆزی شکاکو ئەو هۆزە کوردانەی لە ئێران دەژین، هەتا ئێستاش حکومەتی ئێرانی هیچ ڕێوشوێنی بۆ ئەو شاڵاوانە نەگرتۆتەبەر، هەروەها دەرفەتی ئەوە نەدراوە کارێك بکرێ بۆ بەرگری لە هۆزە زیان لێکەتووەکانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا. لە درێژەی قسەکانیدا شێخ عوبێدوڵڵا دەیوت: هۆزی شکاك سەرچاوەی نائارامی ناوچەکەن، نەك بە تەنیا بۆ هۆزەکانی ژێردەسەڵاتی شا لە ناوچەی "سەلماس"، بەڵکو هەمان دەستدرێژیشیان لە دژی هۆزە کوردەکانی ژێردەسەڵاتی سوڵتان لە تورکیا بە تایبەتی لە ناوچەی "الباغ" ئەنجام داوە، بۆ نموونە بەم دواییە تاوانیان کردووە، لە ناو خاکی تورکیا هێرشیان بردۆتە سەر ئەرمەن. ناتوانین باسی خراپەکارییان بکەین لە بڵاوکردنەوەی وێرانی لە ناو خاکی بەرفراوانی ناوچە سنوورییەکان، حکومەتی ئێرانی هیچ زیانی زیان لێکەوتووانی نەبژاردووە. بە ناوی شاڵاوی ناوبراوەوە بەرتیلی زۆریان لە سەرۆکی شکاك وەرگرتووە. بەرپرسانی ئێران بۆ لابردنی پەڵەی ئابڕۆیان لە ئازەربایجانەوە گەڕانەوە بۆ تارانو ڕاپۆرتێکی پڕ لە درۆیان بە"شا"داوەو وتوویانە، کە سزای سەرۆکی هۆزی شکاکیان داوەو کەوتوونە پڕوپاگەندە بەوەی نیزامو ئۆقرەیو ئاسایش لە ناوچە سنوورییەکاندا باڵادەستە.

بۆیە شێخ ڕایگەیاند، کە بە مەبەستی وەستاندنی ئەو پێشێلکارییو زوڵمەی کراوە دەرهەق بەو هۆزە کوردانەی لە ژێر دەسەڵاتی تورکیادان بۆ ناو خاکی ئێران لە سنوور پەڕیوەتەوە. هەروەها ڕایگەیاند گوێڕایەڵی تەواوی سوڵتانە، دواتر پرسیارم لێ کرد، ئەگەر مەبەستی فراوانکردنی شۆڕشی هەیە بۆ ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا ئەوە ریشەی ئەم کارە مەترسیدارەو سووربووم ئامۆژگاری بکەم لە ڕێگەی میرکور "میرکەوە " و" بکشێتەوە بۆ نیشتیمانی ئەسڵی خۆی، وەڵامی شێخ ئەوە بوو: وشەیەکی حکومەتی ئینگلیز بەسە قەناعەت بهێنم لە هەموو خاکی ئێران بکشێمەوە. من بە بیرم هێنایەوە چالاکیە جەنگیەکانی ئەوی خستۆتە گۆشەیەکەوە بە هیچ شێوەیەك نەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆی پاشایەتی بەریتانیو هەتا نوێنەری حکومەت لە تاران هەبێت. بۆم ڕوونکردەوە بەو سیفەتەی نوێنەری حکومەتی بەریتانیم لە بارەگای مانەوەی وەلی عەهدی ئێرانی "لە ئازەربایجان" دەسەڵاتی ئاگر بەستی نێوان ئەوو ئێرانم نیە. ئەو پەڕی نائارامیو

نیگەرانی خۆم لە شالاوی شێخ بۆ ناو خاکی ئێران دەربڕی، پێم وت: ئەگەر ئەو بە کردەوە سکالای لە دژی حکومەتی ئێرانیو تورکی هەیە ئەوە کردەوەکانی ئێستای "هێرش بۆ سەر هێزەکانی کوردستانی ئێران "و" لە هیچ حالەتێکدا لە بەرژەوەندی ئەودا نیە، بە بیرم هێنایەوە ئەگەر لە هێرشەکانی بە ئاراستەی تەورێز بەردەوام بێ لەوێ دەکەوێتە بەرگری بەرانبەر هێزەکانی روسی، ئەوکات لەوێ پڕوپاگەندە هەبووە روس هێز لە ناوچە سنوورییەکانی نزیك ئاراس "سنووری ئێرانی - روسی" کۆدەکاتەوە.

وەلامی شێخ ئەوە بوو، ئەگەر روس هێرشی بۆ بکات ئەوە خۆی لە باوەشی ئینگلیز دەهاوێ، پێم وت: مەحالە پشت بە هاوکاریو پشتگیری ئێمە ببەستێ، پێویستە بزانی پەیوەندی پتەو لە نێوان بەریتانیاو حکومەتی ئێرانیدا هەیە، حکومەتی بەریتانی رازی نابێت ئێران "ولاتی هاوپەیمان" لە هەر لایەك بێت تووشی دەستدرێژی بێت. دوایی هاتینە سەر مەسەلەی ئەرمەن، نیگەرانی زۆری دەربڕی لە چارەنوسی ئەرمەن، کە هەڕەشەی لە ناوچوونیان لە سەرە. پرسیارم لە شێخ عوبێدوللا کرد، ئەگەر لە بەرنامەکەی سەرکەوتو ئەوەی ویستی بۆی هاتەدی چی لە ئەرمەن دەکات؟ ئەوەشم بۆ روونکردەوە، کە حکومەتی بەریتانی چاودێری رەوەندی مەسیحی دەکاتو رێگە نادات هیچ جۆرە چەوسانەوەیەك لە دژیان ئەنجام بدرێ، رازی نابێت لە هیچ حالەتێك وەکو گەلێك لە ناوچەکە لە ناو ببرێن.

شێخ خێرا وەلامی دایەوە، کە ئەگەر ئەو لە کوردستان بەرپرسیار بێت ئۆبالی زەمانەتی مامەلەی باش لەگەل ئەرمەن لە ئەستۆ دەگرێ، ئەگەر بیانەوێ کۆچ بکەن بۆ شوێنەکانی دیکە لەوێ هیچ ئاستەنگێك لەبەرانبەر ئەرمەن نابێت.

ئەم وەلامەم بە لێل دانا، بۆیە بەبێ ئەوەی هیچ بلێم وازم لێ هێنا، دوایی شێخ تکای لێکردمو سووربوو داواکاریەکەی بگەیەنمە حکومەتی بەریتانیو جەختی دەکردەوە، ئەمڕۆ بە بەدەستهێنانی بۆ پڕۆژە تایبەتیەکەی لە رێکخستنەوەی کوردستان پێویستی بە پشتیوانی مەعنەوی بەریتانیایە.

وتم لاریم نیە لە کاتێکی گونجاودا ئەو قسانەی نێوانمان بگەیەنمە نەزارەتی حکومەتی بەریتانی بەلام رێگە بە خۆت مەدە ببێتە پێ پەستی خەونو خەیالاتی دوور لە ڕاستی، بە بیرم هێنایەوە خەونە سیاسیەکانی زۆر دوورن لەوەی لە واقیع لێك بدرێتەوەو ببێتە دی، هەرچەندە رەزامەندیشم دەربڕی لە گەیاندنی داواکاریەکانی بە حکومەتی خاوەن شکۆی پاشایەتی بەریتانیا.

لەوکاتەی قسەمان گەیشتە ئەو خاڵە، لەو بڕوایەدابووم ئێستا گونجاوە بەزمانێکی روون شێخ بەم چەند قسەیە ئاگادار بکەمەوە لە هەڵوێستی دروستی خۆم لە سەر بەرنامەکەی ئێوە: هەتا لەو بەرنامەیەی بۆ منتان خستە روو ئێستا هەست بە لێڵی دەکەم، لەو کاتەی دەیخەمە بەردەم حکومەتی بەریتانیا ناتوانم بیکەمە وێنەیەکی باش، چونکە حکومەتەکەم پشتیوانی لە هیچ پڕۆژەیەك ناکات زیان بە بەرژەوەندی هاوپەیمانەکەی "ئێران" بگەیەنێت، هەروەها پشتیوانی مەعنەوی هیچ نەخشەیەك ناکات زیان بە بەرژەوەندی رەوەندی مەسیحی لە ناوچەکەدا بگەیەنێت، نامانەوێت بەرژەوەندیەکانی ئەرمەن بێتە دی لە سەر حیسابی بەرژەوەندیەکانی کورد، دووبارە قبوڵی ناکەین بەرژەوەندیەکانی کورد بێتە دی لە سەر حیسابی بەرژەوەندیەکانی ئەرمەن، پێم وت: من وەکو خۆم ئەو رێزە لە بیر ناکەم کە لە منتان نا، بەم شێوەیەش ئامۆژگاریتان دەکەم.:-

بەڵگەی تەواوم بدەیە لە سەر ئەندازەی گوێڕایەڵێتان بۆ فەرمانەکانی سوڵتان، هێزەکەت لە خاکی ئێران بکێشەوە بۆ شوێنی ئەسڵی خۆی لە تورکیا، ئەگەر بڕوات بە سکاڵا هەیە بیخەمە بەردەم نەزارەتی دەوڵەتی خۆتان هەتا یەکەم جار سوڵتان ئاگادار بکەمەوە لە نەخشەو بەرنامەکەت، پێشبینی هیچ هاوکاری یان پشتگیریەك لە حکومەتی بەریتانیا مەکەو کارێك بکە لە پێناو چەسپاندنی هێمنو ئاسایشو ئۆقرەیی ناوچە سنووریەکان، تێبکۆشە لە پێناو پشتیوانی لە مافی هاوڵاتی بە موسڵمانو مەسیحییەوە بێ جیاوازی، گیانی نیزامو توندوتۆڵی لە ناو کورددا بڵاو بکەوە.

پێم وت: ئێمە گرنگی بە بەرژەوەندی کورد دەدەین بە ئەندازەیەك کەمتر نەبێت لەو گرنگیەی بە بەرژەوەندی ئەرمەنی دەدەین، ئەمە ئامانجی حکومەتی خاوەن شکۆی پاشایەتی بەریتانیە، کە پشکی لە شکۆمەندی ئەو کارەدا هەیە، حکومەتەکەم خۆشحاڵە ئەگەر کارێکتان ئەنجامدا بە قسەی ئەو بێت، ئەگەر دەتانەوێ بە چاوی سۆزەوە سەیری داواکاریەکانتان بکرێ ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر شانتان بەڵگەی باوەڕ پێکراوی دەوێ، ئێوە بەوپەڕی دڵسۆزی لە پێناو ئامانجە سەرەکیەکانی بەریتانیا کاربکەن لە ناوچەکەدا، هەروەها پێویستە لە سەرتان بیسەلمێنن کە گوێڕایەڵی سوڵتانن.

هەتا ئێستاش هیچ نوێنەرێکی حکومەتی خاوەن شکۆی پاشایەتی وەکو من ئەو دەرفەتە زۆرەی دەست نەکەوتووە لە نزیکەوە هەڵسەنگاندنی بابەتیانە لە سەر ئامانجەکانی شێخ عوبێدوڵڵا بکات، وادبەدیاردەکەوێ ئەو ئێستا لە کەسایەتیە ناودارەکانی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بێ،

شۆڕشەکەی کارێکی وا ئاسان نەبوو، دەگونجێت ئەو رۆڵی لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا هەبێ. ساڵێك بە سەر ئەو گفتوگۆیەمان تێپەڕی، زۆر ئەرکی رابردووم لە سەر مابۆوە، سەرنجەکانم نەنوسیوەتەوە، دوایی فشارم خستە سەر خۆم، کە دووبارە لە سەر شێوەی یاداشتنامەیەك بۆ بەڕێزتانی بنوسمەوە، ئەمەش لە سەر شارزایی بەڕێزتانە لەو بابەتە.

بایەخدانی بەرچاوی ئێوە بە بەرژەوەندیەکانی ئەرمەن لەگەڵ ئەو هەولانەی دەیاندەن لە پێناو دابینکردنی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان کوردو ئەو ئەرمەنانەی لە ناوچە کوردیەکان دەژین لە کارە پێشینەکانی سیاسەتی بەریتانیایە لە ناوچەکەدا، کاتی ئەوە هاتووە یاداشتنامەتان بۆ بنوسم، بەو هیوایەی ئەمە بەسوود بێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئاشتەوایی.

من ناتوانم حوکم بدەم لە سەر ئەندازەی راستگۆیی قسەکانی شێخ عوبێدوڵڵا، رۆژانی ئایندەو ئەو ماوەی لە ئەستەنبوڵ مامەوە ئەندازەی دڵسۆزی تێیدا دەبینم بۆ سوڵتان، هەتا ئەگەر حوکماندا لە سەر بێ متمانەیی قسەکانی ئەو لە سەر گوێڕایەڵی لای سوڵتان، ئەوە لە قورسایی سیاسیو ئاینی ئەو لە کوردستان کەم ناکاتەوە، باوەڕم وایە، وا باشترە بۆ حکومەتی سوڵتان هەوڵ بدات لە رێگەی چاودێری جولانەوەکانیو دڵنیا بوون لە مەبەستی داهاتووی کاریگەری لەسەر هەبێ، لە جیاتی ئەوەی لە سنووری تورکی. ئێرانی بە رەقی مامەڵەی لەگەڵدا بکاتو دووری بخاتەوە، وا چاکە لە داهاتوو رێگەی پێ نەدرێت کاریگەری هەبێت لە سەر کورد بە جۆرێ ببێتە هۆی تێکدانی ئۆقرەیو ئاسایش لە ئێران، لە سەرەتاوە ئەستەم بوو بۆ حکومەتی سوڵتان سنوور بۆ چالاکیەکانی دابنێت بەڵام ئەو با ئەم کاتە ئەوە نەورووژێنێت، ئێستا قورسە بۆ پیاو هیچ بنەمایەك لەو دادگەریە بەدەست بهێنێت، کە سوڵتان بۆ سزادانی پشتی پێ دەبەستێ. لە کۆتایدا هیوادارم ئەوەی پێشکەشم کردنو ئەوەی وتم جێگەی رەزامەندی حکومەتی خاوەن شکۆی پاشایەتی بێت.

**دڵسۆزو خزمەتکاری گوێڕایەڵتان**
**ولیم ا. ئابووت "کونسوڵی ئینگلیز لە تەورێز"**

# بەشی دووەم

## بزاڤی کورد لە سەردەمی ئیتیحادیەکان (١٩٠٨-١٩١٨)

## بزوتنەوەی ئیراهیم پاشای میللی (١٩٠٨)

## بەڵگەنامەی ژمارە(١)

## عەریزەیەك بۆ/ غازی ئەدهەم پاشا سەرۆکی بەڕێوەبەری نوسینی کۆشك "کۆشکی سوڵتان عەبدولحەمید". = لە کتێبی بێشان ئوغلو لاپەڕە٤٤٧ وەرگیراوە.

بەر لە دامەزراندنی سوپای نیزامی عوسمانی باب‌و باپیرانمان "خوا تەمەنیان درێژ بکات" بە سیفەتی سوارە "سباهی: هێزی سوارەی عوسمانی " و" لە خزمەتی دەوڵەتی عوسمانی دابوون، لەو ماوەیەدا هۆزی میللی شوانکارە بە کولەمەرگیّ بە دوای بژێوی دابوون، بەڵام لە دوای راگەیاندنی سەربازی ئیلزامی هەموومان وەکو سەرباز چووینە خزمەتکردن. ئێستاش هەندێکمان وەکو سەرباز خزمەت دەکەین‌و بەشێکی دیکەمان وەکو خۆبەخش لە پلەوپایەی جیاوازی سوپاو هەندێکی دیکەمان وەکو سەربازی یەدەك لە خزمەت داین. نەوەکانیشمان بە سیفەتی جیاواز لە هەموو سەربازگەکانی دەوڵەت خزمەت دەکەن. ئێستاش خۆمان‌و باپیرانمان هەر سەربازی دڵسۆزی دەوڵەتین، دڵسۆزی‌و فیداکاری لە پێناوی دەوڵەتی عوسمانی بە دەمارماندا دەڕوا، خۆشەویستی نیشتمان لەگەڵ خوێنمان تێکەڵ بووە، ئەم نیشتمانە بەم خوێنە نەبێت پێش ناکەوێت، هەرکاتێکیش پێویستی بە ئێمە هەبێت وەکو سەربازی دڵسۆز لە خزمەتی داین. بەڵام ئێستا هوزی میللی وا ناسراوە، کە بە تاڵان‌و زەوتکردنەوە خەریکەو بۆتە پەڵەی شوورەیی بۆ لەشکری عوسمانی، ئەوانە لە سەر تاڵان‌و زەوتکردن دەژین‌و چەکی ئەمانەتی حکومەتی پاشایەتی لە دژی سەربازی نیزامی بەکاردەهێنن، ئەوانە گرووپێکی یاخی‌و شایانی نازناوی سەربازی‌و شەرەفی سەربازیەتی نین.

ئیبراهیم پاشا لای ئێوە خۆی وەکو سەربازێکی دڵسۆز نیشان داوە، کە شاهیدو پشتگیری راپەڕینی هۆزە یەزیدیەکانی رۆژهەڵاتە، ئەو یەزیدیانەی بە خوێنی موسڵمانان تینوون‌و بکوژی ئەفسەر "یۆزباشی"و بیست کەسن لە فەسیلەی سوارەی سەر بە ئۆرفەی ساڵی ١٣٢١.

هەروەها "حوسێن قونجو" لە هۆزی دینان "یەکێکە لە پشتیوانانی ئیبراهیم پاشای میللی" پێشتر حەوت کەسی لە سەربازانی نیزامی ماردین لە ١٣٢٨ کوشتووە. هەموو ئەو تاوانانەی لە تۆمارەکانی دەروازەی باڵا تۆمارکراوە. پێش دوو ڕۆژ دەستدرێژیان کردۆتە سەر جەندرمەو مەفرەزەیەکی ئێمە، هەموو ئەو دەستدرێژیە چەپەڵانەش لای شەرەفداران پەسند نین.

ئیبراهیم پاشا دوژمنی ئاسایشی گشتیو دوژمنی شێخو سەیدو زاناو هەموو خەڵکە، لەشکرە تایبەتیەکەی پەیڕەوی نەریتی پلەو پایەی سەربازی ناکاتو بە هیچ نیزامێکەوە پابەند نین، ئەمانە دزنو بێ دوودڵی چەك لە دژی خەڵكو سوپای نیزامی بەکاردەهێنن، لە بەر ئەم هۆیانەیە ئیبراهیم پاشا بە پاسەوانی نەفامی دەژمێردرێتو لە ئەبوجەهل خراپترە.

ئیبراهیم پاشا منداڵەکانی نەناردۆتە قوتابخانە، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر دواکەوتوویی فیکریو ڕێزی ئەو بۆ زانستو ڕۆشنبیری، زۆر جار کوڕەکانی بەر لە تەمەنی نۆساڵی کردۆتە فەرماندەی هێزێکی گەورە، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە لە سەر دواکەوتوویی ئەو کابرایە.

زاناو پیاوچاكو شێخەکان زۆر نیگەرانن لە هەڵسوکەوتەکانی ئیبراهیم پاشاو بە هەڕەشەی دەزانن بۆ سەر ئاسایشو ئاشتی ویلایەتەکانی ئورفەو دیاربەکرو ماردین. ئەو ڕێزە ناشایستەی لە ئیبراهیم پاشا دەگیرێ جێی گاڵتەو نارەزایی هاوڵاتیە دڵسۆزەکانە، وا لە ئیبراهیم پاشا دەکات لە سەر کارە دوژمنکاریەکانی بەردەوام بێت.

بۆیە ئێمەی سەربازو نەوەی سەربازانو کەسانی روناکبیر وەکو فەرماندەی سوپا پیرۆزەکەمان بۆ نەجاتی کەسایەتی سوپاو شەرەفی ئومەت داواتان لێدەکیەن خۆ لە ئیبراهیم پاشاو کوڕەکانی بە دووربگرن.

## به واژۆی (٢٥) کەسایەتی خەڵکی دیاربەکر لە ناویاندا زیا کۆك ئەلپ هەیە ساڵی ١٩٠٧ز

# بەڵگەنامەی ژمارە (٢)

## گوتاری عارف ئەفەندی بەرزنجی زادە، نوێنەری دیاربەکر لە ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا لە سەر بزووتنەوەی ئیبراهیم پاشای میللی. – لە کتێبەکەی بیشان ئۆغلو وەرگیراوە.

یەك هەفتە دوای راگەیاندنی شۆڕشی دەستووری (٢٣ی تەموزی ١٩٠٨ز -و) ئیبراهیم پاشای میللی یاخیبوونی خۆی راگەیاندوە. لە کاتی راگەیاندنی دەستوور ئیبراهیم پاشا بەرێوەبووە بۆ مەدینە بچێت، بەڵام لەگەڵ بیستنی هەواڵ ئاڵای یاخی بوونی بەرزکردەوەو گەڕایەوە وێرانشار، لەوێ سوپای نیزامی عوسمانی گەمارۆداو هەوڵیدا دەستی بەسەرا بگرێ. خەڵکی دیاربەکر بەم هەواڵە زۆر سەریان سوڕما، یەکسەر وەزیری جەنگی عوسمانی ئاگاداری دەرکرد بۆ سوپای یەدەك لە دیاربەکر، هەتا کات بە فیڕۆ نەدەن‌و چارەسەری گرفتی پێویستیەکانی وەکو پارەو تەقەمەنی‌و پۆشاك بکەن بۆ بەتەنگەوەچوونی هێزە گەمارۆدراوەکەی وێرانشار، لەوکاتە هێزی یەدەك پێویست بوو، لە سەر ئارەزووی خەڵکی دیاربەکرو والیش هەر وای پێ چاك بوو رێوشوێنی خێرا بگیرێتەبەر، بۆ ئەو مەبەستە لە سەر داوای فەرماندەی سەربازی لە ویلایەت‌و لقی دیاربەکری کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی سەرپەرشتی ئامادەکردنی ئەو هێزە بۆ سەر ئیبراهیم پاشای یاخی بەمن سپێردرا. رێککەوتین ناحیەی دێرك، کە هەشت سەعاتەرێ لە وێرانشارەوە دوورە، بکەینە مەڵبەندی ئەو هێزە حکومیانەی کاردەکەن بۆ سەر ئیبراهیم پاشا، ئەشراف‌و فەرمانبەرانی دیاربەکر بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکە یارمەتیان دام، بە ماوەی دوو رۆژ توانیمان ئەو ئەرکە گرنگە ئەنجام بدەین‌و هێزی چەکدارمان لە خۆبەختکەران‌و سوپایەك بە قەوارەی ٢٠٠٠ چەکدار کۆکردەوە. ناسنامەو مەزبەتە تایبەتیەکانی خۆبەختکارانمان ناردە بەرێوەبەرایەتی سەربازگیری، ئەوەی من ئاگادارم نوسخەی ئەسڵی ئەو

نوسراوانە لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوراقە لە ویلایەت، لە دوای ئاگاداری بەرپرسان بڕیاری ناردنی هێزەکانی یەدەكو خۆبەختکارانو پۆلیس لەگەڵ چەكو تەقەمەنی پێویست بۆ دێرك دەرچوو.

لە دوای بڕیاری وەزارەتی جەنگ نزیکەی ۳۵۰۰ سەربازی خۆبەختکارو یەدەك کۆبوونەوە بۆ ئەوەی هێرش بەرنە سەر وێرانشار، ئەو هێزانە لە٨٠٠ سوارەی حەمیدیەی سەر بە کەتیبەی ٤٧ لە نەوەی هوزی "تەی"و ٢٠٠ خۆبەختکار لە سوارەی هۆزی "ئەزنناوەر"و ٢٥٠٠ سەرباز لە دیاربەکرو دێرك پێکهاتبوو، هیچ پارەو گەنم لە ئەنباری دێرکدا نەبوو، بۆیە بە خێرایی دەستم کرد بە گەنم کڕین، دەسەڵاتدارانی حکومی پێیان وتین پارەتان لە ماردینەوە بۆ دەنێرین، هەتا گەیشتنی ئەو پارەیە داوایان لیّ کردم کارەکان رێك بخەم.

لە دیاربەکرەوە یەك ئۆقچەش نەگەیشت، ئەو هەموو سەربازەش کۆبووبۆوەو پیویستییان بە کەسێك هەبووە پارەیان بۆ دابین بکات، هەتا هەندێ کۆمەکی خەڵك گەیشت، بڕیارمدا بەرەنگاری ئەو کێشەیە ببمەوەو بە عەزیمەت بووم.

دوو رۆژ دوای گەیشتنی سەرتیپ ئەمین پاشا بۆ دێركو لە ژێر فشاری هێزەکانی نیزامی حکومەت ئیبراهیم پاشای یاخی ناچار کرا لە ژێر فشار هەڵبیّو لە گوندی "قەسری حوسێن قۆنجۆ" کە چوار سەعاتەڕی لە دێرك دوورە سەنگەر بگریّ، دوایی سەرتیپ ئەمین پاشا بەو هێزە نیزامیەی لەگەڵیدابوو هێرشی کردە سەر گوندی "دێشیّ"ی نزیك گوندی "هیلالی". لەویّ نامەیەکی بۆ ئیبراهیم پاشا نوسیو داوای لێکرد بە هەموو ئەو چەکە حکومیانەی لە لایەتی خۆی بەدەستەوە بدات، لە وەڵامی نامەکەدا وتبووی: (من ئامادەی دادگایی کردنم لە بەرانبەر ئەنجومەن "پەرلە مان"ی ئەستەنبوڵ، بەڵام ئامادە نیم چەکەکان بدەمەوە. دوای دوو سەعات لە وەرگرتنی ئەو وەڵامە ئیبراهیم پاشا لەگەڵ ١٠٠٠ لە چەکدارەکانی وێرانشاری بەجێهێشتو بەرەو شەنگال چوو.

دوای دوو رۆژ هێزەکانمان گەیشتنە قەڵای "حوسێن قۆنجو"، ئەمین پاشا دوو فەسیلەی نارد بۆ پاسەوانی ئەو ١٠٠ رەشماڵنشینە ئێزیدیانەی دوو سەعاتەڕیّ لە هیلالییەوە دوور بوون، بەڵام بە فەرمانی وەزارەتی جەنگ هێزەکانی حەمیدیەی فەسیلەی ٤٤ی سەر بە هۆزی قەرەقاجو هەزاران چەکداری عەرەب لە هۆزە چەکدارەکانی عەرەبی وەکو شەمەرو عەترە کەلوپەلو مەڕو ماڵاتی وێرانشارو دەوروبەریان تاڵان کرد، بۆ رۆژی دوایی هێزەکانی یەدەك کەوتنە تاڵانکردنی ئەو رەشماڵە ئێزیدیانەی لە سەرەوە باسمان کرد، کارێکیان بە سەر هێنان مەڕو ماڵاتیان لە بیر نەما.

ئەمین پاشا دەستبەجێ فەرماندەی ئەو یەکە سەربازیانەی کۆکردەوەو داوای لێکردن کەلوپەلو تالآنیەکان بگەڕێننەوە، بەشێکی سامانو ئەسپە گرانبەهاکان درانەوە بە خاوەنەکانیان.

بە پسولە لە سندوقی بووژانەوەی تایبەتی "الاعاشه الخاصه" نانو یارمەتیو خۆراکمدا بە هێزەکانی نیزامیو پسولەکەم لێوەرگرتنو گەڕامەوە دێرك، لەوێ کۆبوونەوەمان لەگەڵ "تیپی هێزی نیزامیو هێزی یەدەكو چوار تیپی سوارەی نیزامی کە لە وێرانشار دەگەڕانەوە" کرد، سەربازەکان بەرپرسیاربوون لە قەدەغەکردنو گەڕانەوەی دەستکەوت، دەبوایە لە پێش هەموان لەشکرەکە لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردباو من لەوەدا بەرپرسیار نەبووم.

بڕیارماندا دەستکەوتەکان بگەڕێنینەوە، ئەمەش جێی داخ بوو، بە هۆی بەرپرسیایەتیەکەمەوە لە سەر رووداوەکە نامەم بۆ قەڵەمی ویلایەت نوسیو نوێنەرێکم بۆ خۆم داناو گەڕامەوە بۆ دیاربەکر، ئەمەش ۲۰ رۆژی خایاند، قەڵەمی ویلایەت لە ١٦ی ئەیلولی ۱۹۰۸ دانەیەکی لەو کاغەزەو بەڵگەنامەکان بە بێسیم نارد بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بە فرمانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆو جەنگ چەندان لیژنەیان بۆ گەڕاندنەوەی "مەڕو ماڵاتو سامان"ە تالآنکراوەکان نارد.

لەگەڵ ئەوەدا من رۆڵم هەبووە لە وەرگرتنی ئەو دەستکەوتانە، بەڵام زاتی خستنەڕووی سکالآنامەم نەبوو لە دژی ئەو ئەفسەرو ئاغا کوردانەی لە تالآنو زەوتکردن هاوبەشیان کردبوو.

لە دوای گەڕانەوەم لە دێرك هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دەستی پێکرد. لە کۆی ٥٨ دەنگ ٤٢ دەنگم بە دەست هێنا، بە زۆرینەی دەنگ دەرچووم بۆ ئەنجومەنو بەرەو خانەی بەختیاری "دار السعاده" لە ئەستەنبووڵ بەڕێکەوتم. لە دوای هەڵبژاردنم، کۆمەڵێك سکاڵا لە دژ تۆمارکرا. هەندێ لەو کەسانەی سکالآیان تۆمارکردبوو لەو زیانلێکەوتوانەبوون لە کاتی بەرپرسیاریەتیم لە سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر تا تەمووزی پار لێپرسینەوەم لەگەڵدا کردبوون، هەندێکی دیکە لەوانەی سکالآیان نوسیبوو لەو هێرشەی کردمانە سەر ئیبراهیم پاشای یاخی لەگەڵمدا بەشدار بوون، بەڵام دەنگی پێویستیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران نەهێنابوو. نەمویست وەڵامیان بدەمەوە، چونکە خۆم نەهێنایە ئاستی ئەوانو بۆ کاتی گونجاو وازم لێهێنان، شتێکی ئاساییە گەندەڵو دەروون نەخۆشەکان بۆ تێکشکاندنی من یەك بگرن. سەبارەت بە قسەی من لە سەر میوانەکانی جەزیرەو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، کە پێشتر ئاماژەم پێ دابوو، ئەوانە بۆ دۆزینەوەی کۆمەڵێك بەڵگەنامە لە بارەگای ئیبراهیم پاشا

لە وێرانشار چۆن هاتوونەتە دانیشتنی ئێمە، ئاماژە هەیە بە پەیوەندی نێوان ئیبراهیم پاشاو سەرانی دیکتاتۆر "مەبەست لە لایەنگرانی سولتان عەبدولحەمیدە "و"، هێزە داگیرکەرەکانی دورگەی کریت "ئیتالیاو بەریتانیاو فەرەنسا"، هەر لەو کاتە من داوام لە والی کرد کەمتەرخەمی نەکات‌و ئەو بەڵگەنامانە بنێرێ بۆ ئەستەنبووڵ، بەڵام ئەو لە وەڵامی داوایەکەی ئەنجومەنی نوێنەراندا وتبووی: "هیچ بەڵگەنامەیەکی لەو جۆرەی تیدا نیە، کە عارف ئەفەندی ئاماژەی بۆ کردووە"، داوای لە ئەنجومەنی کارگێڕی‌و خەڵکی وێرانشار کردبوو لەو بارەیەوە سکاڵا بنوسن، بەڵام ئەوان دۆست‌و لایەنگری من بوون‌و وەڵامی ئەو قسانەی ئەویان، کە لە بنەڕەتەوە پێچەوانەی راستیەکان بووە نەداوە.

وەکو دەڵێن قەدری پاشای قایمقامی وێرانشار ئەو بەڵگەنامانەی دەست کەوتووە، بەڵام نازانم ئێستا ئەو بەڵگەنامانە لە کوێن، هەموو لایەکیش شاهیدی پاکی‌و بێتاوانی منن. سەرتیپ ئەمین پاشاو والی نامەیان بۆ وەزارەتی جەنگ‌و ناوخۆ نوسیوەو منیان تاوانبار کردووە، بەڵام بێئاکام بووە، لە کاتێکدا وەزیری ناوخۆ "هەقی بەگی" کردووە بە والی دیاربەکر، ئێستا پیاوێکی عەسکەری‌و دیکتاتۆرەو دانانی ئەو پیاوە کارێکی چاك نەبوو، کە دەتوانن راستی ئەو مەسەلەیە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پیاوماقوڵان ببیستن. تا سەر ئەو راستییە ون نەبێت‌و لای هەموو کەس ئاشکرایە بەدرێژایی چالاکیە سەربازیەکان نەچووم بۆ وێرانشارو بە درێژایی ئەو ماوەیە لە گوند ماومەتەوەو ئێستا ئەم بوختانە بۆ رای گشتی لێدەگەڕێم. لە بەردەم دادگا ئامادەم بەرەو رووی هەموو ئەمانە ببمەوە. ئەوەی شایانی باسە سلیمان پاشای والی دە رۆژ دوای جولانەوەی ئیبراهیم پاشا گەڕاوەتەوە، بەگوێرەی زانیاری مومتاز ئەفەندی لە بەرانبەر لیژنەی حکومی وتوویەتی ئیبراهیم پاشا بەر لە بزووتنەوە یاخیبوونەکەی ملیونێك لیرەی زێرو کەلوپەلی بەنرخی بایی ملیونێك لیرەی هەبووە. لیژنەی حکومی لە پیاوانی یاسایی‌و دارایی پێکهاتبوو، سەردانی وێرانشاری کرد، لەوێ (٥٠) رۆژ مانەوەو خەرجی رۆژانەیان ٥٠٠ قرش بووە، بەڵام بەر لە گەیشتنی دەستەی لێکۆڵینەوە بۆ وێرانشار خەنسە خانم "خێزانی ئیبراهیم پاشای میللی"و هەر سێ کوڕەکەی توانیبوویان زێڕو زیوو کەلوپەلەکان بشارنەوە. ئەوەی جێی بە بیرهێنانەوەیە ١٥٠ گوندی ئاوەدان لە دەورووبەری وێرانشار بەشداریان لەو هەڵگەڕانەوەیە کردبوو، هەر گوندێك بە تەنیا ٤٠ هەزار کیلۆ گەنم‌و خواردەمەنی وشکی هەبووە، لەگەڵ بەرهەمی چاوەڕوانکراوی ئەو ساڵە، کە بە١٥٠تا ١٨٠ کیلۆ مەزندە دەکرێ. سەرەڕای داواکاری موتەسەریف‌و قایمقام بۆ دابینکردنی

پاسەوان بۆ ئەو گوندانە، والی ئەمەی جێبەجێ نەکردووە، هۆزە عەرەبو کورداکانیش هێرشیان کردە سەر ئەو گوندانەو هەموویان تالآن کردن، هەتا لە ناکاو ئەو گوندانە تووشی برسیەتیو نەبوونی بوونو کێڵگە کشتوکاڵیەکانیان لە چاندن کەوت، هەرچەندە حکومەت بەشێك لەو بەرهەمە تالآنکراوەی بۆ گەڕاندنەوە، بەلآم هەتا ئێستاش ناوچەکە برسیەو لە قەیرانێکی سەختدا دەژی، بەداخەوە وێرانشار هەر٢٠ سەعاتەڕێ لە دیاربەکرەوە دوورە، کەچی والی تا ئێستا سەردانی ناوچەکەی نەکردووە، ئەگەر والی سەردانی ناوچەکەی کردبا حکومەت زۆر لەو سامانەی دەست دەکەوت. لێرەدا دەرفەتم نیە هەموو ئەو بوختانانەی دژی من کراون بخەمەڕوو، بە هیوام سەدری ئەعزەم حەسەن حیلمی پاشا چاوێکی بەو قسانەی مندا خشاندبایەوە.

## زیا کۆك ئەلپ بەوەکالەت
## بزوتنەوەی شێخ سەعیدی حەفید (١٩٠٨)

FO 195\2308

## سەعادەتی. ج. لۆتر باڵوێزی حکومەتی گەورەی بەریتانیە ئەستەنبوڵ ١٤ی کانونی دووەم ١٩٠٩ موسڵ.

## گەورەم:

شەرەفمەندم راپۆرتێکتان لە سەر رووداوەکانی رۆژی سێ شەممەو چوار شەممەی رێکەوتی چوارو پێنجی ئەم مانگە بۆ بنێرم. ئەمە لە کاتێکدا زانیاریەکانمان زۆریان پەیوەستن بەو راستیەوە، پێشتر راپۆرتێکم لە سەر ئەو بابەتە بۆ ناردن بەڵام هەتا ئێستاش هەندێ لێڵی لە سەر ئەو رووداوە هەیە، لێرە خەڵکەکە دوو بەشن: بەشێك لەگەڵ سەیدەکانن‌و بەشێکی تر دژیانن، بۆیە هەندێ جار زەحمەتە زانیاری بابەتیانەو بێلایەن دەست بکەوێ.

وەکو بەدیار دەکەوێ ئەم کارەساتە بەم شێوە بووە:

بۆ رۆژی پێنجەم کە دەیکردە سێ شەممە، سێ گەنج مانەوە، ئەوانیش: شێخ مەحمودو ئەحمەد بەگ "کوڕی مستەفا بەگ"و بەها "کوڕی حاجی عەبدوڵلا"، لە بەردەم ماڵی مستەفا بەگ کە لە سەر شەقامەکە هەڵکەوتبوو دانیشتبوون، بەها بەگ ئافرەتیکی موسڵاوی بینێ لە ناو خەڵکەکەدا خزاوەو سوارەیەکی کورد دەستی دەگرێ‌و رایدەکێشێتە ماڵەوە. ئەو رۆژە هەوا خۆش‌و سێیەم رۆژی جەژنی قوربان بووە. لە کاتێکدا ئەو مەیدانەی ژنەکەی لێ سوڕاوەتەوە نزیك بانکی عوسمانی‌و لە شوێنە قەڵەباڵغەکانی موسڵە.

بەها لە ناو کۆمەڵە ئافرەتێکی موسڵاوی تردا چاوی بەو ئافرەتە دەکەوێ، داوای لێکردبوو لەگەڵیدا بچێتە ماڵەوە، بەڵام ئەو ئافرەتە قبوڵی نەکردو بە دەنگی بەرز هاواری کردوە، ئافرەتەکانی دیکەش لەگەڵیدا هاواریان کردوە، بە خێرایی هەواڵ بڵاو بۆوە، سەربازە کوردەکانی سەر بە تیپی چوارەمی پیادە، ئابڕۆی ئافرەتێکی موسڵاویان بردووە. بە هۆی ئەمەوە هەندێ موسڵاوی لە شوێنی رووداوەکە کۆبوونەوەو سەربازە کوردەکانیش تەقەیان کرد،

هەندێ بە خراپی پێکران. هەر زوو مەفرەزەی سوپا گەیشتە شوێنی رووداوەکە، بەڵام ئەوەی زیاتر کارەکەی ئاڵۆزکرد ئەو سێ لاوە کوردەی ناومان هێنان لە پەنجەرەوە تەقەیان لە ئاپورەی جەماوەرەکە کرد.

ئەندامانی تیپی چوارەم لەگەڵ ئاگاداربوونی بەسەرهاتی برادەرەکانیان گەیشتنە شوێنی رووداوەکە، لە هەمان کاتدا ئاپۆرەی خەڵکی موسڵ زیادی کردو ژمارەی چەکدارەکان لە شوێنی رووداوەکە زۆر بوو، لەو کاتە زۆربەیماڵەکانی موسڵ چەکیان هەبوو، ئەو تیپە سەربازیەی کەرکوك هەر زوو، کە زانیان ژمارەی ئەوان لەبەرانبەر ئاپۆرەی جەماوەر کەمە کشانەوە بۆ پێگەیەکی سەربازی نزیك رووداوەکەو لەوێ سەنگەریان گرت، بەڵام ئەو پێگەیە تەلارێکی کۆنو خراپ بوو قاتی سەرەوەی نەمابوو، تەلاری بانکی عوسمانیو تەلاری شارەوانیو تەلارەکانی دیکەی دەورووبەری بەسەریاندا دەیڕوانی، سەربازو چەکدارە موسلاویەکانیش لە پێگە سەربازیەکەی نزیك بە سوارە کوردە کەرکوکیەکانەوە سەنگەریان گرتو دەستیان بە تەقە کرد، ماوەی سێ سەعات شەڕ بەردەوام بوو، هەتا کاتی سەردانی والیو یاریدەدەری کونسوڵی فەڕەنسیش تەقە هەر هەبووە، دیارە لە دوای گەڕانەوەی کونسوڵی فەڕەنسی شەڕ وەستاوە، ئێوارە سەربازە کەرکوکیەکان خۆیان بەدەستەوەداو وەکو بارمتە لە سەربازگەکەدا گیران، هەر لە ڕۆژی یەکەمدا ژمارەی کوژراو لە نێوان ٣٠-٥٠ کەس دابووە، لە ناویاندا ژمارەیەك ژنو منداڵ هەبوون، کاتی نیوەڕۆ والیو فەرماندەی حامیە زۆر بە درەنگەوە گفتوگۆیان دەست پێکرد بۆ چارەسەری کێشەکە، بەڵام هەتا ئێستاش باسەکانی گفتوگۆیەکە نازانین چی بووە، فەرماندەی عەسکەری نزیکەی ٨٥٠ سەربازی لە بەر دەستدابووە، والیش لە سەرەتاوە هەتا گەرم نەبووە، هەڵوێستی جدی لەو کارە نەنواندووە. لەوکاتەی والی گەیشتە حامیەکە قازیو فەرماندەی لیوا ئەنیس بەگ " سەرۆکی هێزی سوارە" و نەقیب راشیح بەگو نەقیب سەعید بەگ "ئەفسەری ئەرکانی جەنگ لە موسڵ"و مولازم ناتیق ئەفەندیو ژمارەیەك لە زانایانو پیاوماقوڵانی شار لە داڵانی ناوەوەی نزیك بە سەربازگەکە کۆببوونەوەو چارەسەریان لانەبوو چۆن دەست بەسەر قەیرانەکەدا بگرن. ئەفسەرانی جەندرمە ٤٠٠ مەتر لە حامیەی نزیك بە سوارە کوردە گیراوەکانەوە پاسەوان بوون، کە کارەساتەکە روویدا، گفتوگۆیەکی بێ ئاکان دەبیسترا لە نیوان والیو زانایانی شار، ئەوان داوایان لە والی کرد رێگەیان بدا بچنە شوێنی رووداوەکە، بەڵام والی لە پێشەوە هەوڵیدا رێوشوێن بۆ پاراستنی پیاوانی کونسوڵیەتی بەریتانی لە موسڵو ماڵەکانیانو کومپانیای "لینج" دابنێ، لەگەڵ

ئەوەشدا هیچ مەترسیەك لە سەر بەرژەوەندیەکانی بەریتانی نەبووە. من داوام لە والی کرد ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر، چونکە ئاژاوە هەموو شاری گرتبۆوە، بەڵام والی لەگەڵ ئەوەشدا هێزی نارد بۆ پاسەوانی کونسوڵیەتی بەریتانیو فەڕەنسیو نەی نارد بۆ دابینکردنی ئاسایشی کۆمپانیای لینج، چونکە دوور بوو لە شوێنی ڕووداوەکەوە. لە دوای ڕۆژئاوابوون شار ئارام بوو، بەیانیەکەی شەشی کانونی دووەمی١٩٠٩ی ڕێککەوتی چوارشەم زانرا، کە سەربازە کەرکوکیەکان خۆیان بەدەستەوە داوەو لە حامیەکە دەست بەسەرن، دواتر هەواڵ بڵاوبۆوە، کە وەفدێکی زانایانی موسڵ چوونەتە سەردانی والیو داوایان لێکردووە سەربازە کەرکوکیەکان بداتە دەست ئەوان، چونکە دەست درێژیان کردۆتە سەر ئابڕووی ئافرەتی موسڵاوی، والی ئەمەی قبوڵ نەکردووەو هەر لە بارەگای خۆی ماوەتەوە، جەماوەرەکەش بێ ئومید بوونو بەو حالەتەوە بەرێنوماییو دەمڕاستی ئەبوجاسم ناوێك بەرەو دەرگای ئەو ماڵە ڕۆیشتن، کە شوێنی حەوانەوەی شێخ سەعیدو خزمەکانی بووە.

شوێنی حەوانەوەی شێخ لە بارەگای ئیدارەی حکومەتەوە تەنیا ١٠٠ هەنگاو دەبوو، بۆیە واچاوەڕوان دەکرێ بەرپرسانی حکومی لەوێوە چاوەدێری ڕووداوەکەیان کردبێت.

ئاپورەی جەماوەر بە سەرۆکایەتی ئەبوجاسم ئاڵای سەوزیان بەرزکردەوەو هێرشیان کردە سەر ماڵی شێخ سەعید، ئەوانە دەرگای ماڵی شێخیان شکاندو بەمەش تاوانێکی قێزەونیان ئەنجامدا، لە کاتی گەمارۆدانی ماڵی شێخ چەقۆو خەنجەریان بە دەستەوە بوو، هاواریان دەکرد: "بژی غیرەت، بژی ئەبو جاسم ".

١٣ کەس لە دەستو پەیوەندەکانی شێخ هەر لە ناو ماڵەکەیدا کوژران، شیخ ئەحمەدی کوڕی هەنگاوێك لە نزیك ماڵەکەی پێکرا، شێخ بە تەمەنی هەشتا ساڵیەوە قورئانی بە دەستەوە گرتو لە ماڵ هاتە دەرەوە، لەگەڵ هەندێ لەو پاسەوانانەی والی بۆی دانابوو بەرەو بارەگای والی نزیك خۆیان چوو، شێخ لەوێو لە بەدەم بارەگای حکومەت ڕاوەستابوو، بەردێکیان لە سەریداو کوشتیان، ئەو گروپە سەرەڕۆیە کەوتنە داماڵینی پۆستاڵی مردووەکانی هاوەڵانی شێخ، لە ٥٣ کەسی هاوەڵانی شێخ سەعیدی پێش دوو مانگ تەنیا شیخ مەحمودو سێ کەس ڕزگاریان بوو، پێنج لە لایەنگرانی شێخ لە بیرێکی نزیك شار خۆیان شاردبۆە، کە دۆزیانەوە دوویان کوژرانو ئەوانی دیکەش هەڵاتن، دوایی ماڵی شێخیان هەموو تاڵان کرد، لە بەرماڵو ڕایەخو سەعاتی دیوارو دەروازەو هەندێ کەلوپەلی گرانبەها. هەتا ئەو گروپە بێسەرەوبەرە دەرگاو پەنجەرەی ئاسنیشیان لە ماڵەکەی کردەوە.

بەو بیانووەی سابونچی ئەو سامانەی بە هۆی شێخ سەعیدەوە لەلای سوڵتان دەست کەوتووەو نازناوی"پاشا"ی پێ دراوە، ئەو کۆمەڵەیە چوون کۆگاکەی ئەویشیان تالآن کردو هەموو شتەکانیان برد. سابونچی پیشتر خەریکی ناوبژیوانی نێوان والیو سەرۆکە کوردەکان بووە لە موسڵ، دەڵێن هەموو گەنمو دانەوێڵەو خوری کۆگاکەی سابونچیان تالآن کرد، ئەمە لە کاتێکدا سابونچی لەدەرەوەی موسڵ بووەو کە گەڕایەوە خۆی گۆشەگیر کردو بە شەو ٣٠ کەسی بۆ پاشەوانی ماڵەکەی دانابوو.

ژمارەی کوژراوەکان لە٧٠ کەس زیاتر بووە، بەشێکیان ئافرەتو منداڵ بوون، بەڵام زەحمەتە ژمارەی قوربانیانی ئافرەت بزانرێ، چونکە خانەوادەکانیان بەشایستەیان نەزانیوە دان بە کوژراوی ئافرەت دابنێنو بزانرێ لەوکاتە لە دەرەوە بوون یان چۆتە شوێنە گشتییەکان، بە نهێنی پرسەیان بۆ داناوەو شارەوانی نەیتوانیوە سەرژمێریان بکات. بەڵام بۆ پیاوان بە هیواین ئەو ژمارەی نەخۆشخانەکان دیارییان کردووە بنەڕەتێکی باش بێت بۆ دروستی ژمارەی کوژراوەکان. کوژرانی شێخ بەو جەرگبڕیو دڵتەزێنیە رووداوێکی نامۆو غەریبە بۆ شارێکی موسڵمانو لە ڕۆژانی جەژن، بەڵام ناتوانین سەرکۆنەی ئەو موسڵاویانە بکەین، کە بەرگریان لە ئابڕۆی خۆیان کردووە، هەروەها سەرکۆنەی ئەو کەرکوکیانە ناکرێت لە کاتی ناخۆشیدا بەرگریان کردووە، موسڵ شارێکی عەرەبیەو کوردان لەوێ نامۆن، بەڵام بۆ ڕووداوێکی لەو جۆرە گونجاوە بڵێین: ناکۆکی رەچەڵەكو بڵاوبوونەوەی چەك لە بەردەستی خەڵکی رۆڵی بەرچاوی هەبووە، هەندێ سەرکۆنەش دەکەوێتە سەر دەسەڵاتدارانی مەدەنیو سەربازی، کە هیچ رێوشوێنێکیان نەگرتۆتە بەر بۆ بەرهەڵستی رووداوی لەو جۆرە. هەندێ رێوشوێنی کاریگەر وەرگیرا بەڵام هەر زوو سەربازەکان گەڕانەوە شوێنی خۆیانو باروودۆخەکەیان بەو مەترسیەوە بەجێهێشت، دەڵێن والی فەرمانیداوە سەربازە کوردەکان گوێڕایەڵیان کردو موسڵاویەکان بە قسەیان نەکرد، تەقەیان راگرتو بەردیان دەهاویشت هەتا دەڵێن تەقەشیان دەکرد، مشتو مڕی زۆر لە سەر بەرپرسیاریەتی دەسەڵاتداران لەو رووداوە هەبووەو ناکۆکی گەرم لە ناو شار هەبووە لە سەر ئەوەی کێ پشتگیری لە شێخ کردووەو کێ لەگەڵ کوشتنی دابووە، تەنها ئەورووپیەکانی نیشتەجێی موسڵ بێلایەن بوون، زۆر سەختە کەسێك بۆچوونێکی بابەتیانەت لە سەر ئەو رووداوە بداتێ.

بەڵام رووداوەکانی رۆژی دووەم، لە شەشی کانون لەگەڵ رووداوەکانی رۆژی یەکەم لەپێجی کانون زۆر جیاواز بووە، ناتوانین بڵێین ئی دووەم بێ بەرنامە بووە، بەر لەوەی زانایانی موسڵ

بچنە لای والی سەربازە کەرکوکیەکان خۆیان بەدەستەوە دابوو باروودۆخ زۆر هێمن بووە، دەستێوەردانی زانایانی موسڵیش لەو مەسەلە سەربازیە هیچ بڕوبیانوویەکی نەبووە، چونکە ئەوە سەر لەنوێ گرژیەکەی گەرمتر کردوە، ئەمە هاوکاری بوو بۆ خەڵکەکە بە سەرکردایەتی ئەبو جاسم بە ئالآی سەوزو بە دەف لێدانەوە بەرەو ماڵی شێخ بچنو ئەو حالەتە دروست بکەن.

بارودۆخی رۆژی یەکەمی رووداوەکە رێگەی خۆشکرد بۆ کارەساتی رۆژی دووەمی ماڵی شێخ سەعید. ئێستاش زۆر گرانە لە وردەکاریەکانی دروست بوونی کارەساتەکە ئاگادار بین، زۆر شت هەیە پیویستی بە رونکردنەوە هەیەو قسەی شایەتحاڵەکان لە زۆر شوێن تێك دەگیرێ، بە تایبەت لە سەر پەیوەندی نێوان زاناکانو والی کە لایەنێکی دەسەڵاتدار بووەو گڵۆپی سەوزی بۆ کوشتنی شێخ هەڵکردبوو...هتد. بۆ نموونە دەڵێن بە زاناکانی وتووە چی دەکەن بە ئارەزووی خۆتان بیکەن، ئەوانیش داوایان لە خەڵك کردووە هێرش بکەنە سەر ماڵی شێخ سەعید، ئەمەش هەتا ئێستا گوتەیەو بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام ئەوەی بە دڵنیاییی دەیڵێین والیو دەسەڵاتدارە سەربازیو مەدەنیەکانی شاری موسڵ بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستاونو ئاژاوەچیەکانیان بەرەڵڵا کردووە کارەساتی لەو جۆرە دروست بکەن. هەروەها روونە کە زاناکان سەرکردایەتی ئاژاوەچییەکانیان کردووە بۆ سەر ماڵی شێخ سەعید، کارەساتەکەش بە دووری ٤٠ مەتر لە ماڵی فەرماندەی سەربازی موسڵەوە رووی داوە، هەتا ئێستاش هۆکاری ئەو هێرشەی سەر ماڵی شێخ سەعید دیار نیە، لە کاتێکدا شێخ بە هۆی هەڵسوکەوتی تاکڕەوانەی خۆیو منداڵەکانی لە سلێمانیەوە دوور خرابۆوە بۆ موسڵ "بڕوانە بروسکەکانی تشرینی یەکەمو کانونی یەکەم"، ماوەی ئەو دوو مانگەش شێخ وەکو میوان مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو خانویەکی شایستەی سابوونچییان دابوویەو حکومەتیش سەرقاڵی بڕیاری گەڕاندنەوەی بووە بۆ سلێمانی، دەڵێن سێ رۆژ بەر لەو کارەساتە سابونچی توانیبووی والی رازی بکات ئەو ٨٠ پاوەن ئیسترلینیەی بۆ خەرج بکرێ، کە پێشتر دەوڵەتی عوسمانی بۆی بڕیبۆوە، لە هەمان کاتدا سوڵتان عەبدولحەمید زۆر رێزی لێگرتووەو ناو بەناو بروسکەی بۆ ناردووە، داوای لێ کردووە دوعای بۆ بکات.

هەتا ئێستا چەند ئەگەرێك هەیە لە سەر هۆکاری ئەم کوشتنە، ئەگەری یەکەمیان ئەوەیە کە ئاژاوەچیەکان نەهاتبن بۆ کوشتنی شێخ سەعید، بەڵکو هاتبوون بۆ گرتنی شێخ مەحمودی کوڕی، چونکە یەکێك بووە لەو سێ گەنجەی لەبەردەم ماڵی شێخ تەقەیان لە جەماوەر کردبوو، ئەم رووداوەیان خولقاندبوو، بەڵام دواتر شێخ مەحمود توانیبووی بە سەلامەتیو بە ئاشکرا بڕێو چەندان کەس سەردانی بارەگای حکومەتیان کردووە لە موسڵو هیچ بەڵگەیەك لە سەر

ئەوە نابینریێ، بۆیە ئەم بیردۆزە شایانی بڕواکردن بە هۆی ئەو کارەساتەوە نیە، خەڵکی موسڵیش هیچ ناکۆکیەکیان لەگەڵ شێخ سەعید نەبووە، هەروەها ناگونجێ بڵێین بە هەڵە بووە چونکە شێخو باڵای شێخ دیارو بەرچاو بووە، دەڵێن لە کاتی کوشتنی هەندێ پۆلیسی لەگەڵدابووە، هەتا نەگەیشتە بەردەمی دەرگای سەرەکی نەکوژرا، کوژرانی بە نوێژی نیوەڕۆو بە بەرچاوی خەڵكو بەو وەحشیگەریەو بۆ پیاوێکی بە ساڵاچووی کەسایەتی ئاینی ناسراو لە خانەوادەی پێغەمبەر "دروودی خوای لیێ بێت"، قورئان بە دەستو لە شارێکی پڕ لە دەمارگیری ئاینی وەك موسڵ تا بڵێی کارێکی سەیرە.

ڕووداوەکان زیاتر بەرەو ئەو ئەگەرەمان دەبەن کوژرانی شێخ بەرنامەڕێژی پێشتری بۆ کراوە یان هەندێ لایەن ویستوویانە سوود لەو گەڕەلاوژەیە وەربگرنو نەخشەکەیان جێبەجێ بکەنو بیانوو بۆ کوشتنی بەدەست بخەن. دەشگونجێت بە هۆی ئەو بروسکەیەی بەر لە ڕۆژێك لە ڕووداوەکە بۆ والی هاتبوو، کە ڕێگە بەشێخ بدرێت بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی دوژمنەکانی ئەو شانۆگەریەیان سازدابێت بۆ کوشتنی هەتا نەگەڕێتەوە.

ئەگەرێکی تریش هەیە دەڵێ: بەر لە هاتنی شێخ پیاوماقولانی موسڵ ویستوویانە ئاژاوەیەك بخولقێننو والی تێوەبگلێنن، دوایی خۆیانی لیێ دەرباز بکەن، ئەم ئەگەرەش نزیکە ڕاست بێت.

زۆر شت هەیە لە سەر ئەو ڕووداوەو پرسیاری زۆر هەڵدەگرێو لێڵیو ژەنگو ژاری لە سەرە. بۆچی حکومەت بە٨٥٠ سەربازەوە نەیتوانی لە ناو موسڵ کێشەیەك چارەسەر بکاتو نەیەڵێ ٧٠ کەس بکوژرێ، لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەی ڕووداوەکان حکومەت بە چەند سەعاتێك دەیتوانی کۆنترۆڵی بکات؟ لە لاوازی والی بووە یان فەرماندەی سەربازی یان بۆ شەرمەزارکردنی والی بووە لەلایەن فەرماندەی سەربازیەوە، کە دوژمنی سەرسەختی یەکتر بوون ؟ حکومەتی ناوەندیش تێگەیشتبوو بیێ ئاگایی لە سروشتی پێکهاتەی موسڵ هەڵەیەکی کوشندە بووە، دانانی زەکی پاشاش وەکو والی لە موسڵ هەڵەیەکی دیکە بووە لە دەرکنەکردنی حکومەت بە هەستی خەڵکی موسڵ. بە دانانی لقی ئیتیحادو تەرەقی موسڵیش هەمان هەڵەی دووبارە کردەوەو زیانی بە ئیتیحادیەکان گەیاند، چونکە سروشتی موسڵ لەگەڵ هی هەموو ئێراق جیاوازە. بەرپرسانی خاوەن بیری لیبراڵ خەڵکی موسل بریندار دەکاتو زیاتر دوور دەکەونەوە، سەیرە حکومەت لەو ڕووداوە زاناکانی سەرپشك کردووە. ڕۆژی یەکەم پشتگیری لایەكو ڕۆژی دووەم پشتگیری لایەکەی دیکەی کردووە. پێنج ساڵ بەر لەو ڕووداوە زانایانی

موسلّ ئاژاوەیەکی لەو جۆرەیان خولقاند، لە ئاکام والی "نوری پاشا"یان دەرپەڕاند، لە ساڵی ١٩٠٦ز ئەبوجاسم سەرکردایەتی شالاّویّکی لەو جۆرەی کردو بووە هۆی گواستنەوەی مستەفا بەگی والی، لە ٦ی تشرینی دووەم شتێکی دیکەی لەو جۆرە روویدا، بەلاّم خۆشبەختانە بە ئاشتی کۆتایی پێهات. ئەوەی جێی سەرنجە لە مێژووی نوێی کورد شتی لەو جۆرە رووی نەداوە، وەکو ئەوەی لە شاری موسڵ روویدا بەدەست ئەبوجاسم، کە ئەویش ئامرازی دەستی زاناکان بووە، هەستێکی لەو جۆرە هەیە هەموو ناکۆکیەکی نێوان موسڵمانو مەسیحییەکان بە تراژیدی کۆتایی پێ هاتووە. لەو ماوەیەدا بارودۆخەکە گرژ بووەو ئەمەش هۆکارێکی دیکەی نائارامی ناوچەکە بووە، بە جۆرێ بازرگانەکان لەبەردەم دوکانەکانی خۆیان چەکیان بەدەستەوەیە، رێوشوێنی پێویست هەبووە بۆ پارێزگاری لە ماڵی دەوڵەمەندو ناوداران. کوشتنی شیخ لەلایەن ئاژاوەچیەکانەوە زۆر مانا هەڵدەگرێ، ئەو ئاژاوەیەی هەندێ جار موسڵمانو هەندێ جار مەسیحییەکان دەبێتە قوربانی.

زەحمەتە لەو بارودۆخەدا لە ڕووداوێکی لەو جۆرە ورد بینەوە، دەبینین هەمووی پەیوەستە بە ئەندازەی دەسەلاّتی حکومەت بە سەر موسڵو بۆ ئەو مەبەستەش دەبوایە یەکێك لەم رێوشوێنانەی بگرتایە بەر:-

١ـــ گۆڕینی فەرماندەی ئەو سەربازگەیە بە فەرماندەیەکی دیکە.

٢ـــ دادگایی ئەوانەی دەستیان لەو کارەدا هەبووەو سزای توند بۆ ئەنجامدەران.

٣ـــ دوورخستنەوەی بە لایەنی کەمەوە ٦ کەس لەو مەلایانەی دەستیان لە ڕووداوەکەدا هەبووە.

٤ـــ دانانی والیەکی بە هێز.

گرتنە بەری رێوشوێنی تۆکمە، بۆ ئەوەی ئەو باوەڕە بخاتە بیری زۆربەی خەڵکەوە کە بنەڕەتەکانی دەسەلاّتی کۆن کەوتنو ئەلتەرناتیڤی بنەماکانی بارودۆخی تازە نین.

ئەوەیە بارودۆخی ئێستای موسڵ، دەربارەی هەڵویستی هۆزەکانی دەوروبەری، ئەوەیە بەدیلێك نابینم بۆ ئەو پێشنیازانەی لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردن، ئەگەر ئاشتیو ئارامی لە لیوا جێگیر نەبێت.

**دڵسۆزتان**

**میلیکی یونگ**

# هەڵوێستی کورد لە ئیتحادیەکان (١٩٠٨-١٩١٨)

**FO 195\2317**

## ٣١. حوزەیران . ١٩٠٩، وان

## هێژا گیرارد لۆتر، باڵوێزی حکومەتی بەریتانیای گەورە

بۆ من شەرەفێکی گەورەیە لە سەر ئەو بابەتانەی لە کاتی گەشتەکەمدا بینیومن هەندێ سەرنج بدەمە بەڕێزتان، گەشتەکەم بۆ وان، سلێمانی، موسڵو ناوچە سنوورییەکانی تورکیا - ئێران تاڕادەیەکی درێژ بوو، لە کاتێکدا گۆڕانکاری زۆرو خێرا هەیە لە ناوچەکەدا هەبوو، وادەبینم هەندێ لەو ڕووداوانەی لە ڕاپۆرتەکەمدا باسم کردووە بە هۆی ڕووداوی تازەتر بایەخی نەمابێت.

ئاسان نیە لێرەدا بە درێژی باسی ئەو گەشتەمتان بۆ بکەم، کە خەڵکم لە زۆربەی توێژە جیاوازەکان بینیووە، بەڵام ئەوەی لەگەشتەکەم تێبینیم کردووە ڕاستیەکی ئاشکرایە کورد هەموو پێکەوە بە خەڵکی دۆڵە بەرزەکانو ناوچە نزمایییەکان، بە کۆچەرو مەڕدارو گوندنشینو خەڵکی شار هەموو ناڕازین لە دەسەڵاتی ئیتیحادو تەرەقی، هەندێکیان بە ئاشکرا دەریان دەبڕی، کە دەیانەوێ شەریعەت پیادەبکرێو باوەڕیان بە پێشنیازەکانی ڕژێم لە یەکسانیو برایەتی نیەو نایانەوێ. لە ویلایەتی موسڵ کێشەیەك نیە بە ناوی "مەسیحییەکان"، ژمارەیەکی کەم کلدان لە ناوچە سنووریەکانی نێوان موسڵو ئێراندا هەن، لە بنەڕەتدا خەڵکی

ویلایەتی وان بوونو بەم دواییە هاتوونەتە ناوچەکە، بەرژەوندی بازرگانیو قەرزدانی بەسوو نەبێت هیچ شتێك لای ئەوان بایەخی نیەو ئەوانە بەم حالەتەی ئێستا شادمانن.

بە کورتی کوردستان ئامادەی شۆڕشی دەستووری نیە، هۆیەکەشی حکومەت خۆیەتی، بەڕێوەبردنی کودستان ئەستەم نیە بە مەرجێك کاربەدەستی کارامەو پاكو دڵسۆزی هەبێت، بەداخەوە نەدڵسۆزیو نەپاکی لە ناو بەرپرسانو فەرمانبەرانی ئێرەدا نیە. ئەگەر خەڵکی پسپۆڕو کارامەو دڵسۆز لە جیاتی کاربەدەستە ناکارامەو گەندەڵەکان دابنرێ باری کارگێڕی لە هەموو ناوچە کوردیەکان یەکگرتووو توندو تۆڵ دەبێت، بە جۆری سنوورێك بۆ رێگری شێخەکان دابنرێو ئیدارەی ناوچەکە جێی رەزامەندی بێت، ئیدارەی توندوتۆڵ پێویستی بە هێزێکی سوارە هەیە لە دەرەوەی کوردستان هێنرابێتو ئامادەبێت بەبێ دوودڵی ئیدارەی دەوڵەت لە ناوچەکە بسەپێنێت، ئەگەر ئەم مەرجانە هەبن دەتوانرێ ناوچەکە لە زەویەکی وشكو برینگەوە بکرێتە بەهەشتێکی سەوزو ئاوەدان، کە توانای هەبێت ئاکاری لیبراڵی تێدا بڵاوبێتەوە، بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش پێویستی بە بنیاتنانی نەوەیەکی نوێ هەیە، لەم بارودۆخەدا منداڵێکی زۆری ناوچەکە نەخوێندەوارن، ئەوانە دەبێت رەوانەی شوێنی تایبەت بکرێن هەتا فێربن یان بۆ شوێنی چاککردن باش ئامادەبکرێن، ئەم ژمارە زۆرە لە لاوانی نەخوێندەوار تاوانی خۆیان نیە، بەڵکو بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆی بەرپرسان لە دامەزراوەی پەروەردەیی.

ئەو شێوازەی ئێستا پیادە کراوە لە سزادانی ئەو کاربەدەستانەی هەڵەیان کردووە لە دەوڵەتی تورکیا دەگوازرێنەوە بۆ کوردستانو لەوێ بەرپرسیاریەتییان پێ دەدرێ، ئەمە کاریگەری خراپی هەیە لە سەر ئیدارەی ویلایەتەکە، لە جیاتی ئەوەی حکومەتی تورکیا یەکە سەربازیەکانی ئێرە هانبدات بۆ داگیرکردنی خاکی ئێرانی لە "سەلماس"و "خوی" بۆ برەودان بە دەستوور لەو شوێنانە، واباشترە ئەو هێزەی بۆ چارەسەرکردنی کاروباری ولایەت لێرە بهێڵێتەوە.

داگیرکردنی تەورێز لە لایەن روسەکانەوە بۆتە فاکتەری ئەو هەڵچوونە تووندەی تورکو داگیرکردنی خویو سەلماس لە ناو خاکی ئێران، ئەوەش لە مامەڵەی سەربازە تورکەکان لەو دوو شارە هەستی پێ دەکرێ. لەگەڵ ئەو باوەڕەم ناکرێ رووبەڕووبوونەوەی چاوەڕوانکراو هەر روودەدات لە نێوان هێزەکانی تورکیاو هێزەکانی ئێرانی لە ناوچە سنووریەکان.

شادمان دەبم ئەگەر بەڕێزتان ئەو راپۆرتە بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری لە وەزارەتی جەنگ بنێرن، لە ئایندەش ئەو نەخشانەشتان بۆ دەنێرم، کە لە گەشتەکەمدا ئامادەم کردووە

**دڵسۆزتان**

**یاریدەدەری کونسوڵی برتردام**

**FO 195\ 3217**

## پاشکۆی راپۆرتی هێرد، ٣ی کانونی دووەمی ١٩٠٩.

یانەی کوردی لە مزگەوتی گەورە ئاهەنگێکی گێڕا، کە چەندان بڕگەی تێدابوون، هەموو دەروێشەکانی شار ئامادەبوون، هەر کە دەرێشەکان گەیشتنە مزگەوت، سوێندی گوێڕایەڵییان بۆ سوڵتانو شەریعەت خوارد، والی وتارێکی کورتی داو تیپی مۆسیقای عەسکەری پارچە مۆسیقایەکی هەڵبژاردەی لێدا، دوایی لەلایەن ٣٠٠ کەسەوە لە ئامادەبووان بەڵگەنامەی گوێڕایەڵی بۆ سوڵتانو شەریعەت واژۆ کرا، بۆ ئەوەی ئەو بەڵگەنامەیە جدیەتو راستگۆیی بەخۆوە بگرێ یانەی کورد هەموو ئاغاو شێخەکانی ئەو ویلایەتەی بانگ کردبووە ئەو کۆبوونەوەیە، ژمارەی ئامادەبوان لە١٠هەزار کەس تێدەپەڕی، ئەو کۆبوونەوەیە رەنگدانەوەی رۆشنی هەبوو، سەلماندی یانەی کورد زۆر لە لقی ئیتیحادو تەرەقی بە هێزترە، کە لە دیاربەکر زۆربەیان وازیان لێهێناوە، لە ٢٥ی ئەو مانگە حاجی مەقسود بەرەو مەکە رۆیشت، بەپێی زانیاری "روجیسیدچیان" لەوێ کۆنگرەی پیاوماقووڵانی دەوڵەتی عوسمانی دەبەسترێ بۆ وتووێژ لە سەر بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی، بە بۆچوونی دارگۆمان "وەرگێڕی رەسمی کونسوڵیە" ئەو گەشەکردنە گەورەیەی بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ نەبوونی هاوسۆزی کورد لەگەڵ رژێمی تازە دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەهۆی سەپاندنی یاسای مەدەنیەت بەسەریاندا، گومانی تێدا نیە زۆربەی جەماوەری نەفامی کورد بایەخ بە شەریعەت دەدەن.

لێرە ئەندامانی یانەی کورد دەیانوت رێنومایییان لە لقی سەرەکی سەرکردایەتی لە ئەستەنبوڵەوە وەرگرتووە پەیوندی باش لەگەڵ مەسیحییەکان دابمەزرێنین، بەڵام رەوتی ئیسلامی موحافیزکار لە یانە یارمەتی دامەزراندنی پەیوەندی لەو جۆرە نادات.

هەتا ئێستا دەفتەری "وێرانشار" گەنمو خواردەمەنی لێرە بە سەر زیان لێکەوتووە برسیەکاندا دابەش نەکردووە، وەرگێڕی کونسوڵیە بەوالی وتووە چاو بەو بەڵێنەدا بخشێنێتەوە

کە فەرمان هاتووە بۆ دەفتەردار ئەو پێتاکە بەسەر نەداراندا دابەش بکرێ، بەر لەوەی ئەوێ بەجێ بهێڵم والی دڵنیای کردمەوە، کە زانیاریی روونو خێرای بۆ دەفتەردار ناردووەو داوای لە من کردووە لەو بارییەوە ئاگاداری بکەمەوە. هەروەها بەڕێز والی بە توندی سکاڵای لە مامەڵەی ئەو بەرپرسە حکومیەی هیچ ئەخلاقێکی نیە هەبووە، بەڕێز والی ئاخی هەڵدەکێشا، کە هیچ دەسەڵاتێکی بە سەر حالەتێکی لەو جۆرەدا نیە هەتا بیداتە دادگا، ئەگینا بەڵگەی لە سەر دەفتەردار زۆرە، چی بکات دەسەڵاتی ناوەند لە ئەستەنبووڵ دایناوە، ئەگەری ئەوەش هەیە هەتا ئەو دەفتەردارە بمێنێ کۆسپ دەخرێتە بەردەم دابەشکردنی خۆراك. وەرزی چاندنی گەنم بەسەرچووەو زۆربەی زەویە کشتوکاڵیەکانی وێرانشار بەدانەچێنراوی دەمێنێتەوە، ئەرکی لیژنەی فریاگوزاریو یارمەتیدان بۆ ساڵی ئاینده قورستر دەکات، باشە ئەگەر حکومەت بە کردەوەش یارمەتی خەڵك بدات، سامانی ئاژەڵ لە زستاندا بەشێکی دەمرێو بەشەکەی دیکە تووشی تاڵانو زەوتکردن دەبێت.

هێژا رۆجسیدچیان لە ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٠٨ دانەیەکی لەو راپۆرتە لە وەزیری جەنگەوە بۆ فەریق "مشیر" یاریدەدەری فەرماندەی سەربازی لە ولایەتەکەو یاریدەدەری والی ناردووە، کە لەوێ حکومەت بەڵێنی هەزار لیرەی داوە بە هەرکەسێك ئیبراهیم پاشای میللی بگرێ. هەروەها لەو بروسکەیەدا لیبوردنی گشتی هەیە بۆ ئەو لایەنگرانەی ئیبراهیم پاشا، کە بەچەکەوە خۆیان دەدەنە دەست حکومەت. دیارە جیاوازیی روونیش لە نێوان ئەو هۆزانەی پشتیوانی هەڵگەڕانەوە بوون یان پشتیوان نەبوون نەکراوە. لە ڕاستیدا هۆزە بەشدارنەبووەکان ئازاری زۆریان چەشتبوو، چونکە چەکیان نەبووە بەشداری بکەن. رۆجسیدچیان باسی دانەیەکی ئەو راپۆرتەی کردووەو، لەو بارەیەوە دەڵێ: (چەند بەڵگەیەك لەوبارەیەوە هەیە، بەڵام تا ئیستا نەمدیوەو دەگونجێ دزرابن یان وون بووبن). عەبدولکەریم بەگ سەرۆکی هۆزی میرانەو سەرۆکی کەرتێکی هێزی حەمیدیە، تا ئێستا دەست بەسەرەو لە سەربازگەیەکدا گیراوە، ئەمە لە کاتێکدا عەبدولکەریم دوژمنی زۆرەو دوستی کەمە، دەگونجێت لە تۆڵەی تاوانە زۆرەکانی گەورەترین سزای بدەن.

**دڵسۆزتان**

**ب، هێرد**

# بزتنەوەی شێخ عەبدو سەلامی بارزانی (١٩١٤)

EF: FO 95\2458..

## یاریدەدەری کونسوڵیەتی بەریتانی لەوان ١٣ی ئازاری ١٩١٤

گەورەم "مالیت" باڵوێزی حکومەتی خاوەن شکۆی پاشایەتی بەریتانی / ئەستەنبووڵ.

بۆ من گەورەییە هێزێکی سەربازی سنووردار لە دژی شێخی بارزانو شوێنکەوتوانی ئامادە بکەم.. کەتیبەی سوارەی ژمارە-٢٠-و بەتالیۆنی یەکەمو دووەمی سەر بەکەتیبەی -١٩- دوو، ق. ف بەرگری شاخو دوو چەکی رەشاش بەشداریان لەو شاڵاوەدا کردووە. ئەمڕۆ ئەو هێزە "وان"ی بەجێهێشتو لەگەڵ هێزەکانی دیکە بەشداری دەکەن لە هێرشی سەر بارزان، ئەوان بە هۆی نەخۆشیەوە هێزەکەیان زۆر لاوازەو لە (٥٠٠) پیاو تێپەڕ ناکات.

شێخ بە یەکێك لەو پێنج شەش شێخە بە هێزەی کوردستان دەژمێردرێت، لە ناوچە شاخاویەکانی درێژایی سنووری هەردوو ویلایەتی وانو موسڵ پێگەی لە ناو شێخو ئاغاکاندا هەیە، دەستەڵاتی حکومەت لەو بەشەی وڵاتی تورکیا لاوازە، قایمقامەکانی ئەو ناوچەیە دەسەڵاتیان لەو گوندەی تێیدا دەژین بۆ دەرەوەی گوند تێپەڕناکات. زۆربەی بەڕێوەبەری ناحیەکانی ئەو ناوچانەش لە ئاغاکانن، بەڵام شوێنی رەسمی ئەوان زۆر بە کەمی لە سەر حیسابی دراوسێکانیان یاخیبوونو سەرپێچی هەیە، زیاتر لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی لەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی شاخاوی ناوچەکە، کە بە زۆری رێگای هاتوچۆ لەو وڵاتە بە

هۆی دەربەندو ڕێڕەوی بەردینیەوەیە، لە هەندێ لەو ناوچانە هەتا ڕۆیشتنی هێستریش ئەستەمە.

ئامادەکردنی چەندین بەرپرسی ناوچەکە بۆ زەمینەسازی سیاسەتی وازهێنان لە سەرۆك هۆزە بچوکەکانو ئاغاکان، تا رادەیەك بۆ کاروباری ناوخۆو خۆبواردن لە جەنگی ناوخۆو قبوڵ نەکردنی دەمارگیری جێگرەوەی باشە، زوو سەرقاڵ دەبنو ناتوانن ڕێزەکانی خۆیان یەکخەنو ببنە کۆسپێکی ترسناك دژی حکومەت، ناوچەکە بۆ حکومەت دەوڵەمەند نیە، زۆر پێویست نەبووە دەسەڵات بسەپێنێو باج وەربگرێو دەست لە کاروباری ناوخۆییان وەربدات. لێرە زۆربەی کورد لە ناخەوە دوژمنی حکومەتن، بەم دواییە حکومەت گەیشتە ئەو باوەڕەی بەبێ لابردنی پێگەی ئەو شێخانەی کە خاوەنی دەسەڵاتی ئاینیو سیاسیو کردەیین لە ناوچەکەدا ناتوانێ مەترسی ئەوانە لابەرێ، لە ئاییندە ئەوان لە بارودۆخێکی لە بار دەگەڕێن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی دەسەڵاتی ناوەندی ببنەوەو ڕێکخستنێکی کۆنەپەرستانەی دژ بە حکومەت ڕێکبخەن. شێخ بە بەردەوامی هەڵوێستی دوژمنکارانەی هەبووە، لەبەرانبەر حکومەتی ئیتیحادو تەرەقی مەڵبەندو پێگەی ئاژاوە بووە، دەڵێن لەگەڵ عەبدوڕەزاق بەدرخان نەخشەی دژی تورکان داڕشتبوو، ساڵی پار چووبووە پاڵ شێخی بارزان، دەگونجێ هەر بە هۆی ئەمە بووبێت حکومەت بڕیاری سەرکوتکردنی دابێت، پێشتر لەگەڵ شێخی شەمدینان دوژمنی یەکتربوون، بەڵام دیارە هەردوولا لە سەر چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانیان بە ڕێگەی ئاشتیو بەرەیەکی یەکگرتوویان لە دژی تورك ڕێککەوتوون. ئەوەی جێی وەبیرهێناوەیە شێخ عوبێدوڵڵای باپیری شێخی شەمدینان کە بە ٤٠ هەزار چەکداری کوردەوە شاڵاوی بردە سەر ورمێ، نەوەکانی ئەو پێگەیەیان نیەو تورکەکان بەرەو ئێران دەریانکردن. ئێستا پێگەی شێخ تەهاو شێخی بارزان بەرفراوانە، شێخ تەها ئێستا لە ناوچەی "ڕاژان"ی ئێرانی لە سنووری تورکیا ــ ئێران نیشتەجێیەو چەند گوندێکی بەدەستەوەیە.

هەواڵێکم بەدەست گەیشتووە زۆر لێی دڵنیانیم، دەڵێن ئیدارەی ڕوس لە ئازەربایجان شێخ تەهای کردووە بە بەرپرسی کاروباری گومرگی ئێران لە ناوچە سنوورییەکانو مانگانە مووچەی بۆ بڕیوەتەوە، ئەگەر ئەو هەواڵە ڕاست بێت ئەوا ئەرکی بنەڕەتی سەرشانی حکومەت قەدەغەکردنی هێنانی تووتنە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوەوە بۆ ئێران، چونکە حکومەتی تورکیا بۆ ئەو مەبەستە زەوی داوە بە گوندنشینەکانی شێخو داهاتی تووتنی قەدەغە کردووە، کە ساڵانە بە هەزاران پاوەند "جونەیهی ئیستەرلینی "و" دەخەملێنرێت، ئەگەر هەوڵی ئەم

دوو شێخه یەکبخرێت "شێخی شەمدینانو بارزان "و"، ئەوکات دەتوانن ببنە هێزێکی گەورەو گێروگرفت بۆ حکومەتی تورکیا بخولقێنن، بەڵام شاڵاوی ئەم جارەیان پێچەوانەی بزووتنەوەکانی دیکەی کورد دەرفەتی زۆری نابێت بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتو تاڵانی، وەکو ئەوەی لە شاڵاوی سەر ورمێ روویدا. بۆیە هێزەکانی حکومەت لەلایەن کوردەوە تووشی بەرهەڵستی گەورە نابن، واچاوەڕوان دەکرێ ئەو هێرشە بە پەڕینەوەی شێخی بارزان بۆ ئێران دەست پێ بکات، لەوێ بچێتە پاڵ ئەو کۆمەڵانەی بەرهەڵستکاری رژێمی تورکیانو لە دەرفەتێك دەگەڕێن بگرێنەوە وڵاتو دەست بە سەر ئەو زەویو سامانەیاندا بگرنەوە، کە حکومەتی تورکیا دەستی بەسەرداگرتبوو.

بۆ من شەرەفێکی گەورەیە بەوپەڕی رێزەوە ببمە خزمەتکاری گوێڕایەڵ:

ج. ن. سمیت، ئەفسەری سوارەی سووك

# بزوتنەوەی مەلا سەلیمی بەدلیسی (١٩١٤)

## بەڵگەنامەی دووەم

## ئەرزەڕۆم / ٦ی مایسی ١٩١٤ پاشکۆی ژمارە (٢): سێر

بەختەوەرم ئێستا لەگەڵ نامەکەم ناوەڕۆکی ئەو دوو نامەت بۆ دەنێرم کە لەلایەن "ریفرن می نارد"ی میسیۆنەری ئەمریکی سەرقاڵ بە کاروباری کونسوڵیە لە بەدلیس لە ٣٠و٣١ نیسان نێردرابوو، ئەو دوو بڕگەی هەردوو نامەکەی ئەوان، کە بۆ منیان ناردبوو تەواوکەری ئەو زانیاریان، کە مولازم "ئەیان مسیس" لەپاشکۆی ژمارە (٨)ی ١٦ی نیسان ناردبووی، چەند تێبینیەك لەسەر ناوەڕۆکی راپۆرتەکە بەدی دەکرێ. "می نارد" دەڵێ: ئەو چەکدارە کوردانەی پەنایان بردبووە بەر کونسوڵیەکە چەکەکانیان لای خۆیانە، بەڵام ئەیان سمیس دەڵێ: بەر لەوەی بچنە ژوورەوە چەکەکانیان داوە بە یاریدەدەری کونسوڵیە، ئەو زانیاریانەی لە سەر گرتنی شێخ بەهائەدین هاتوون، گوایە لە سەر سنوور گیراوە روون نین.

## له نامەی .٣. نیسانی ١٩١٤ وەرگیراوە:

کەنیسە"سورب کافرون" لە ناوچەیەکی نزمایی هەڵکەوتووەو گردێك بە سەریدا دەڕوانێت، ئەویش لەبەرانبەر پێگەیەکی سەربازیو بازاڕە. دوێنێ ٣ی نیسان نزیکەی دووسەد کورد دەجەنگانو لە هەوڵی ئەوەدابوون ئاگری چەکەکانیان بکەنە هێزەکانی حکومەت. ئەمە مەسەلەیەکی سەرنج راکێش بوو، ئێمەش لە شوێنی خۆمانەوە لە پشت گردەکەوە تەماشای پێگە سەربازیەکانو کوردەکانمان دەکرد، جوتیارە کوردەکان بەرگی شڕیان لەبەردابوو، چەکی سادەو کەمیان پێبوو، یەکیان پەنجەی لە سەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەی بوو سەردەکەوتە سەر گردەکەو بێ ئامانج چەند تەقەیەکی کردوو بەرەو شوێنی خۆی هەڵات. پێم وابوو ئەو تەقانە کەسی لە سەربازەکان یان خەڵکی مەدەنی بریندار نەکرد، ژمارەیەك لەوانەی کەنیسە چەکدار بوون، بەڵام هێزەکانی حکومەت رووی چەکەکانیان تێکردنو زۆر سەغڵەتیان کردن، زیانێکی سووك بەر رەشاشەکە کەوتبوو، هەروەها دەڵێن بەشێك لە دیوارەکە رووخا، چەند ئارپیێچیەك لە گۆڕەپانی بەرانبەر کەنیسە کەوتن ٧ کەسیان کوشتو هەندێکی دیکەیان بریندار کرد، تەلارەکە بە ئامانج گیرابوو بۆیە بۆردومانی چڕو بەردەوامی لە سەر بوو، لە کاتی نیوەڕۆ هێزەکانی حکومەت چوونە ماڵی موفتی، وا دیارە موفتی هاوسۆزی لەگەڵ شۆڕشگێڕان هەبووە، ئەوەش کە هاتنە ماڵەکەی لە سەر داوای موفتی خۆی بووە، کە پارێزگاری لێ بکەن یان بۆیە هاتن چونکە ئەو پێی ناخۆش بووە، لە کاتێکدا ماڵی ناوبراو لە سەر هێڵی ماڵی ئێمەو کەنیسەی "کورب کفرك" دوور نیە، بە بەردەوامی شۆڕشگێڕە کوردەکان لە بەشی راستەوەو بە تایبەتیش لە ماڵی موفتیو پێگە سەربازیەکەوە تووشی بۆردومان بوون، لە دەمی ئێوارەش لە ماڵی موفتیەوە تووشی بۆردومانی چڕ هاتن، شوێنی کەنیسەکە نزم بوو بە تەواوی نەمانزانی بوو ئێمە لەو شوێنە وەستاوین، کە بۆردومان کردنی لە لای ماڵی موفتیەوە ئاسانە، هەتا سەعات پێنج لەوێ ماینەوە. ئەو کاتە کەنیسەو قوتابخانەو ماڵی ئێمە بە ئامانج گیرانو بەچڕی بۆردومان کران، لە هەر دەقیقەیەکدا فیشەك لەلامان دەکەوتەوە، هەر زوو عەسرەکەی ئەو رۆژە هەندێ بەردەم خستە بەردەم ئەو دەلاقەی دەکەوێتە بەشی سەرەوەی شوێنی دانیشتن، بۆ ئەوەی لە کارەسات بە دووربم، چوومە ژوورەوەو لەگەڵ ژنەکەم قسەم دەکرد فیشەکێك

هاتو جامی پەنجەرەکەی شکاند، بەڵام پەردەی دیوی ژوورەوە گیرایەوە، دوایی فیشەکێکی دیکەمان لە هەمان شوێن دۆزیەوە.

گوللەیەك پەنجەرەی ژووری نوستنی خراپ کردو دیوارەکە گوللەیەکی تریشی گیرابۆوە، گوللەکەی دوایم هەر بۆ بیرەوەری هەڵگرت، لە سەعات هەشتو نیو تەقە وەستا، وادیارە چەکدارە کوردەکان لە کەنیسەکە هەڵاتنو ئەمەش ئەزمونێکی تاڵ بووە لە سەر دڵیان، بە زۆر داناماں نابوون بەڵام دیار بوو تەنیا یەك دوانێك بوون.

ئەمرۆ هەر زوو کوردەکان تەقەیان لە بنکەیەکی پۆلیس کرد لە گەڕەکێکی مەدەنی، هەروەها تەقە لای گردی "شەربێل"ی لای مەکەزەوە دەهات، پۆلیسەکان ترسان هەر زوو بەرەو بارەگای کونسوڵیەی لای شەقامەکەی موساو گریگۆر هەڵاتن، لەوێ ڕێگەیاندا بچنە کونسوڵیەکە. کاتێ من ئەوەم زانی نەمویست کونسوڵیەکە ببێتە پەناگەی پەنابەران، بەڵام ئەم پۆلیسانەمان بە بیانووی پاراستنی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان قبووڵ کرد. لە ناو پەنابەرانی کونسوڵیە مفەوەزێکی پۆلیسو دە کەسی لە هێزەکانی پۆلیسی بوو، پێشتریش والی ٤ پاسەوانی بۆ ناردبوون، بەمەش هێزەکەی لای ئێمە بووە بوونە ١٤چەکداری پڕ چەك، بەمەش هێزەکەمان پەرەیستاند،، راستە ئەمانە لای ئێمە پەنابەرن، بەڵام لە کاتی پێویست دەتوانین بۆ بەرگری لە خۆمان بەکاریان بهێنین، بە توندی فەرمانمان بەو چەکدارانەی لای خۆمان دابوو لە تەقە کردن دەست پێشخەری مەکەن هەتا ئەوان یەکەم جار هێرش نەهێنن، نزیکەی سەعات چوار بوو، چوار سەرکردە هاتنە لامان مەلاو ئاغاو فەقیر "موریدی شێخ ـ و" وەفدێك بوون داوایان لە کونسوڵیەکرد پێشوازیو پارێزگاریان لێبکات، ئەو سێ شێخەش بریتی بوون لە سەید عەلی خێزان کە دیار نەمابوو، لەگەڵ ئەو مەلا سەلیم گیرابوو، چونکە پڕوپاگەندەی دژی حکومەت کردبوو، بەڵام لایەنگرانی لە ڕێگەی بەدلیس ئازادیان کرد "پێشتر لە٩ی مانگ قسەم بۆ کردبوون" لەگەڵ شێخ شەهابەدین، کە بڕیاربوو لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشگێڕان بکرێتە حاکم، پێم وتن: (من کونسوڵ نیمو بە تەنیا لە کاروباری دارایی بەرپرسم لەگەڵ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەم تەلارە)، ئێستاش ناتوانم بروسکە بکەم بۆ باڵوێزخانەی بەریتانی لە ئەستەنبوڵ هەتا لە بۆچوونی ئەوان تێبگەم، چونکە پەیوەندی پچڕاوە، ئەگەر دەتانەوێ حکومەتی بەریتانی بتان پارێزێ، من پێتان دەڵێم ناتوانێت ئۆباڵی ئێوە لە ئەستۆ بگرێت، چونکە ئێستا ئێمە خۆمان لە ژێر رەحمەتی دەسەڵاتدارانی ئەم دەڤەرەین لەو شارەدا، ئێوە بێنە لای کونسوڵیە ژیانتان باش نابێتو مەترسی کەمتر نابیت لەوەی ئێستا تێیدان.

ئەو کوردانەی رژابوونە شار بە شێوەیەکی گشتی چەکدار نەبوونو شمشێریان هەڵگرتبوو چونکە موحەمەد کاتی خۆی بۆ لە ناوبردنی دوژمنەکانی هەڵ گرتبوو، ئەوانە سەرکەوتنیان لە خوا دەویستو بووبوونە قوربانی وتارە کاریگەرەکانی شێخەکانیان، هەرگیز شێخ شەهابەدینو سەید عەلی نەهاتوونەتە بەدلیس، لە سەرەتاوە شۆڕشگێرانی کورد رایانگەیاندبوو دژی حکومەت شەڕ دەکەینو مەیحییەکانیان دڵنیاکردەوە، کە پارێزراون. باوەڕم وایە ئەمە تاکتیکی ئەوان بێت بۆ بێلایەنکردنی ئەرمەن، چونکە بە گشتی ئەرمەنەکان چەکدارنو دەیانتوانی لە پەنجەرەی ماڵەکانیانەوە تەقە لە شۆڕشگێڕان بکەنو زیانی گەورە بە لایەنی کورد بگەیەنن، بۆیە گەڕەکە ئەرمەنیەکان بۆ هاتووچۆی شۆڕشگێڕان لە گەڕەکە کوردەکانی ناوچەی بەدلیس زیاتر ئەمین بوون، یازدە کەس لە شۆڕشگێڕان هاتنە ماڵە کوردێکی دراوسێمان هەتا بیکەنە بنکەی هێرش بردنە سەر هێزەکانی حکومەت، بەڵام دراوسێ کوردەکە نیگەران بوو، دەترسا ببێتە ئامانجی هێزەکانی حکومەتو ماڵەکەی بدەنە بەرتەقە، ئەو کوردانە لە ڕێڕەوی ماڵی ئێمە پەڕینەوە، لە ڕێی گەڕەکی ماڵە ئەرمەنەکانەوە هەموومان تەماشای ئەو هەموو شۆڕشگێڕەمان دەکرد، ئەمڕۆ ٢ی نیسان نزیکەی ٣کەس لە پیاوانی جەندرمەو سوپا کوژران، پێدەچێت هەتا ئێستا ژمارەی پێکراوان گەیشتبێتە نزیکەی ١٠کوژراوو ژمارەیەك بریندار لە کوردان هەبوون، ئێستا حکومەت هەموو ئەو کوردانە لە شۆڕشگێڕان بن یان نا، بریندار بووبێت، هەتا لە خەڵکی مەدەنیش بن دەگرێ.

## ئەمە بەشێکە لەنامەی ٣٠ی نیسانی ١٩١٤ز:.

بارودۆخی شار ئارامەو هێزەکانی حکومەت سەرقاڵی چالاکین، لە ناوچەی شۆڕشگێڕەکان چەندین کەسیان گرتووەو هێناویانەتە بەدلیس، وادەزانم ئێستا ژمارەی کوژراوان گەیشتۆتە ١٠٠ کەس، لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە بیستوومە گیراوەکان بە شێوازێکی وەحشیگەرانە لێیان دەدرێ، هەر گیراوێك دەبێت ١٠٠تا١٥٠٠ جەڵدەی لێبدرێ، ناو بە ناو پزیشکی سەربازی دەچێتە لایان هەتا دڵنیابێت ماونو بەرگەی لێدانی دیکە دەگرن یان نا...رۆژی پێج شەممەی رابردوو بڕیاری گرتنی شێخ بەهائەدین درا، لە بۆنەی پیرۆزبایی هاتنی سوڵتان بۆ عەرش بینیمو ئەو هەواڵەی پێدام. دەبوایە ئاگاداری ئەوەبین، ئەگەر شۆڕش سەرکەوتووبوایە شێخ شەهابەدین حاکم دەبوو، هەتا ئێستا مەلا سەلیم لە کونسولیەتی روسی پەنابەرە، گوێم لێبوو هەندێ لە لایەنگرانی لە هەوڵی هەڵاتن دابوون، بەڵام بێ ئاکام بوو، واچاوەڕوان ناکرێ کونسولیە لە بەدلیس بیهێڵێتەوە، چونکە من پێم وایە ئەو بارودۆخە شتی وا قبوڵ ناکات....

**دڵسۆزتان**

**خزمەتکاری زۆر گوێڕایەڵتان ج. ایج،**

**ماینهان. ی، کونسولیەتی بەریتانی.**

**FO. 195/2458**

## نوێنەری کونسوڵیەی بەریتانی، وان، ١٦ی مایس/ ١٩١٤

## پاشکۆی ١١

## بەڕێز لویس مالیت

لە پاشکۆی نوسراوی ئێمە ژمارە (٠٧) نوسراوی ٧ی مایس بۆ من شەرەفی گەورەیە حوکمی لە سێدارەدان لە دادگای عورفی بۆ ١١ی کەسایەتی کورد دەرچوو ، کە ناویان هاتووە، دەستیان لە یاخی بووندا هەبووە، لە ١ی نیسان بڕیاری حوکمەکە لەم مانگە لە بەدلیس جێبەجێ کرا، کە ئەمە ناوەکانیانە:-

شێخ شەهابەدینو شێخ عەبدو شەریفی برای شێخ سەید عەلی، مەلا محێ دین، مەلا فەقێ عەلی، مەلا جوندی، مەلا مەجید، حاجی حەیران، حاجی باهیر، حاجی خورشید، عەلی ئەفەندی، کە پاسەوانی پێشووی سوڵتان (سوڵتان عەبدولحەمید) بوون.

چوار کەسی دیکە لەو ١١ کەسە لەسێدارە دران، بیستم دادگا چوار کەسی دیکەی لە گیراوەکان لە سێدارەداوە، هەروەها بڕیاری زیندانی بۆ ٧٨ کەسی دیکە بڕیەوە، کە ماوەی زیندانی لە ١ ساڵەوە بۆ ١٠١ ساڵ بووە، ڕۆژنامەی چاڵدێران، کە لەلایەن کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی لقی "وان"ەوە دەردەچێت، لەو بارەیەوە نوسیویەتی:

"هەموو رەعیەتە دڵسۆزەکانی سوڵتان بە گەرموگوڕییەوە پێشوازیان لە بڕیاری لە سێدارەدان بۆ ئەوانەی زاتی یاخیبوون دەکەن کرد لە خەلافەتی عوسمانیو حکومەتی ئیسلامی"، بەڵام لە ڕاستیدا کورد بڕیاری لە سێدارەدانی بەو پەڕی سەرسوڕمانەوە وەرگرت، بە تایبەت بڕیاری لە سێدارەکانی ئەو شێخانەی کورد بە چاوی ڕێزو هەیبەتەوە تێی دەڕوانین، ئەوە بە سەرچووە پێمان وابێ ئەو بڕیارە نێگەرانی لێدەکەوێتەوە هەتا دەگاتە ئاستی شۆڕش لە

ناوچەکە یان نا، بەڵام لە ئێستادا دەبێ ئەوە بە هێند وەربگرین، کە ڕێکخراوێك نیە بتوانی کوردان کۆبکاتەوەو لە پێناو یەکدەنگی هۆزە جیاوازەکان بەگەڕیان بخات. هۆکارێك نیە بۆ هەڵگیرسانی شوڕشێکی سەرتاسەری لە ئایندەیەکی نزیك دژی حکومەت، ئێستا ئەرکی من ئەوە نیە لە بەدلیسو کوردانی دانیشتووی ناوچەکانی نێوان بەدلیسو دیاربەکر حوکم لە سەر هەستی کوردانی ناوچەکانی باشور بدەم، بەڵام سەرۆکە کوردەکانی ولایەتی وان لەم ڕۆژانە سەرقاڵن بە ناردنی نامە بۆ حکومەتو ئەستۆپاکی خۆیان لەو شۆڕشگێران رادەگەینن‌و جەخت لە سەر گوێڕایەڵی خۆیان دەکەنەوە بۆ حکومەت، بەڵام ئەوەی ڕاست بێت کورد بەگشتی نیگەرانن لەو باجە زیادەیەی حکومەت خستویەتیە سەر مەڕانە، بۆ هەر سەر مەڕێك ٦ بیزە (دراوێکی عوسمانیە). ئەو باجە کاریگەری زۆری لە سەر هۆزەکان بەجێهێشتووە، بۆ حکومەت وا باشترە ئەو باجە کەم بکاتەوە.

بەم دواییە سەردانێکی هۆزە کوردیەکانی سنووری تورکیا — ئێرانم کرد، وابەدیاردەکەوێ ئەوانە جیاواز بن لە کوردی (خێزان)، چونکە لە سەر بنەڕەتی هۆزایەتی ڕێکخراون، چەند تیپێکی چەکداری دەدەنە هۆزی ئالآیاری، قسەم لەگەڵ سەرۆکی ئەو هۆزانە کرد، دڵنیاییاندا کە پشتگیری لە شۆڕشگێرانی بەدلیس ناکەن، وا بەدیار دەکەوێ هۆزە نیشتەجێکانی نێوان وان‌و ناوچە سنووریەکان بەگشتی پشتگیری حکومەت بکەن، ئەو هۆزانە زیاتر بایەخ بە ڕووداوەکانی ئێران دەدەن، بە تایبەتی داگیرکردنی روسی بۆ ناوچەکانی باکور، نەك بە ڕووداوەکانی کوردستانی تورکیا، ئەو کوردانە لەو باوەڕەدان تێکشانی تورکیا لە شەڕی بەلقان بەرەو کۆتایی دەباتو تێکشانێکی دیکەی وەکو ئەوە دەبێتە هۆی لێکهەڵوەشانەوەی ئەو دەوڵەتە. کوردەکان نیگەران ناوچەکەیان لە ناوچەکانی دیکە دواکەوتووترە، هەروەها لەو باوەڕەدان حکومەت باجێکی زۆری بەسەردا سەپاندوون‌و داهاتەکەشی لە بەرزکردنەوەی ئاستی پەرەپێدانی ولاتەکەیان خەرج ناکرێ.

یەك لە سەرۆك هۆزەکان پێی وتم کە ئەو لایەنگری حکومەتە، بەڵام بە هۆی ئەو باجە قورسەی خراوەتە سەر خەڵکی ناوچەکەو بەو شێوازەی مامەڵە لەگەڵ کورد دەکەن لەلایەن دەوڵەتەوە هەست بە دڵەڕاوکێ دەکات لەبەرانبەر سەرهەڵدانی شۆڕشێکی سەرتاسەری لە ناوچە کوردیەکان، ئەوەی شایانی باسە لێرە حوسێن پاشا سەرۆکی هۆزی حەیدەرانلی گوندەکەی خۆی بەجێهێشتووە، دوای ئەوەی سەردانی ناوچەکانی نێوان ئەیادین‌و بایەزیدی کرد، ئێستا لە ناوچەی (ئادامنلی)ی نزیك سنووری روسیە، بەڵام زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە لەو سەردانەی

نەیویستووە کوردان بۆ یاخی بوون هانبدات، بەڵکو زیاتر هەوڵی ئەوەی داوە خۆی لە گرتنی حکومەت بپارێزێت، چونکە بە بەشداری لە شۆڕشی بەدلیس تاوانبارکراوە.

والی وان پێشنیازی کرد، کە حکومەت لە ڕێگەی بەستنەوەی بە وەزارەتی ئەوقاف ڕاستەوخۆ دەست بگرێ بە سەر تەکیەکاندا، بۆ ئەوەی پێگەی شێخەکان لە ناو گوندنشینەکان دابڕن بە بەردەوامی هێزەکانی جەندرمە لەو ناوچانە دەسوڕێنەوە.

بەڵام سەبارەت بەیاخی بووەیەکی دیکە وەکو عەبدوسەلام بارزانی هیزەکانی تورکی هێرشیان کردۆتە سەر، سەرەڕای زیانێکی زۆر دەستیان بە سەر گوندەکەیان داگرتووە، شێخ لەگەڵ ٨٠ لە لایەنگرانی بۆ ئێران هەڵاتوونو لەوێ پەیوەندیان بە سەید تەهای نەهریەوە کردووە، هەندێ لە سەرۆك کوردەکان شێخ عەبدوسەلام بە شێخ نەسرانی ناودەبەن، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی بەهای ئەو، چونکە ئەو شێخە زۆر نەرمو دادگەرانە لەگەڵ مەسیحییەکان لە ناوچەکە مامەڵە دەکات، بەڵام ئەمساڵ لەلایەن حکومەتەوە تاوانبار کرا بەوەی خۆی لایەنگرانی هێرشیان کردۆتە سەر گوندێکی مەسیحییە ئاشورییەکان، کە چەندان پیاوو ژنی تێدا کوژراوە، ئێستاش بەوە تاوانبارە کە چەند کەسێك لە لایەنگرانی هێرشیان کردۆتە سەر ئەو هێزەی جەندرمە، کە والی ناردبووی بۆ بە داداچوونی ڕووداوی کوشتنی ئەو بارزگانە موسلاویەی لە ژێردەسەڵاتی سنووری شێخ کوژرابوو.

حکومەت بیردەکاتەوە لە دانانی ڕێوشوێنی دادگایکردنو هێزی پۆلیسی

**دڵسۆزتان**

**خزمەتکاری گوێڕایەڵی هەمیشەیی**

**ئایان سمیس**

# بەشی سێیەم

## کوردستان لە نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەم

## (١٩١٩-١٩٤٥)

# شێخ مەحمود (١٩١٩-١٩٤١)

FO.371/5069

## نامەیەکی وەرگێڕدراوی موحەمەد جەمیل حەوێزی زادەو موحەمەد جەلی زادەیە[١] بۆ یاردەدەری ئەفسەری سیاسی بەریتانی – کۆیە ٦ی ئازاری ١٩٢٠

لە کەس شاراوە نیە، کە حکومەتی گەورەی بەریتانی خۆشگوزەرانی دەوێ بۆ هەموو ئەوانەی داوای پاراستنیان لێکردووە، دوای شەڕی یەکەمی جیهانی گەلانی بچوك بە ئومێد بوون دەوڵەتانی هاوپەیمان بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانیو پێشکەوتنو رزگاربوون لە زوڵمی ستەمکاران پشتگیریان بن.

ئەمڕۆ گەلی کوردی ئازادو زیندوو بە سەر ئەو هاوکاریەی حکومەتی بەرتانی پێشکەشی کردووە، ئومێدەوارن دەسەڵاتێکیان لە خۆیان بۆ دابنێن، بە هۆی باش نەبوونی شێخ مەحمود بەداخەوە حکومەتی بەریتانی ناچار بووە ئەو مەسەلەیە دوابخات.

---

١ - مەبەست لە مەلا موحەمەدی کۆیی (مەلای گەورەی کۆیە)یە.

دەڵێین تاکە هیوا ئەوەیە، حکومەتی بەریتانیای دادگەر هەموو خواستەکانمان بهێنێتەدی، زۆر سوپاس گوزارین ئەگەر حکومەتی بەریتانی حاکمێك لە ناوخۆمان دیاری بکات، هەتا هاوکاری گەلەکەمان بێت بۆ بووانەوەو بۆ ئەوەی ناو گەلانی خاوەن ژیار پێگەی هەبێت.

ئەگەر حکومەتی بەریتانی دەستی هاوکاری بۆ ئەو گەلە هەژارە دێژ نەکات هەتا هەتایە دەچەوسێتەوە، بەڵام دڵنیاین ئەو باوەڕە بەرزەی حکومەتی بەریتانی ڕێگە نادات کورد بەو چارەنوسە ڕەشە بگات.

## ژماره (٥) .FO

## ٧ی مایسی ١٩٢٠

## لە: یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی بەریتانی – کۆیە

## بۆ: ئەفسەری سیاسی بەریتانی – هەولێر

پاشکۆی ئەم یاداشتە لەلایەن مەلا موحەمەدی حاکمی شەرعو جەمیل ئاغا (یاریدەرەی حاکمی شەرع)ەوە هاتووە، هەر بۆ زانین ئارەزوومەندانە ئەو یاداشتەیان ناردووەو لەو بارەیەوە کەس قسەی لەگەڵ نەکردوون.

دوێنێ سەردانی مەلا موحەمەدم کرد، ئامانجی رواڵەتیم لەو سەردانە ئاساییو رۆتینی بوو، بەڵام لە راستیدا دەمویست بۆچوونی لە سەر تورك لە ئەستەنبوڵ بزانم، هەموو هەواڵەکان ناگەنە ئێرە، بەڵام ئەو بەیاننامەی لەو بارەیەوە دەرچووە، جێی بایەخی ئەو نەبوو، مەلا موحەمەد وتی: بەداخەوە دەوڵەتانی هاوپەیمان نەیانتوانی دەست بە سەر تەنگەرەکەو شاری ئەستەنبوڵدا بگرن، بەڵام دژی ئەوە بوو، کە ئەو تەنگەبەر لە ژێر دەسەڵاتی دەولی بێت، مەلا موحەمەد وتی: بۆ بارودۆخی ئەمڕۆ وا چاکە ئەستەنبوول لە ژێردەسەڵاتی تورك بێت، بەڵام بۆ زەمانەتەی ئازادی بازرگانیو هاتوچو ئەو تەنگەبەر لە ژێر سەرپەرشتی ئیدارەی بەریتانی بوایە.

لەگەڵ ئەوەدا ئەو لە ئیدارەی تورك بە سەر ئەستەنبوولەوە دوودڵ نەبوو، بەڵام زۆر بە توندی بەرهەڵستی گەڕانەوەی ئیدارەی خراپی عوسمانی بوو بۆ کوردستان، مەلا موحەمەد وتی: حورمەتی زۆرم بۆ ئیدارەی بەریتانی لە کوردستان هەیە، بە رێزی زۆرەوە ئەو ئیدارەیە سەرنجی راکێشاوم، دەیوت: من تەنیا پاکیو داگەریو چەلەنگیم لە ئیدارەی بەریتانی بینیووە، دەیوت ئەوە ئیجابیەتەو ئەوەش کە لە ئیدارەی خراپی تورکی بینیوومە بە راشکاوی تێکدەگیرێ لەگەڵ ئەو حوکمو ئاکارەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، چەند جار ئەوەی دووبارە دەکردەوە، کە ئەو قەناعەتی تەواوی بە ئایندەی کوردستان هەیە، کە پەیوەست بێت بە بەرژوەندیەکانی بەریتانی،

بەبێ چاودێریو رینومایی بەریتانی باردۆخی کورد زۆر خراپ دەبێ، هەروەها دەیوت: ئەگەر دەسەلاتی تورك بۆ کوردستان بگەڕێتەوە خەڵك ناچار دەبن بە کۆمەڵ ناوچەکە جێبهێڵێن.

سەرەڕای ئەو بۆچوونەی سەرەوە مەلا موحەمەد سووربوو لە سەر ئەوەی، کە پێویستە حوکمدارێك بۆ هەموو کوردستان دابنرێ. لە مەلا موحەمەدم پرسی کی باشە بۆ ئەو پلەیە، ئەو پێشنیازی کرد بوو یەکێك لە ئەندامانی خانەوادەی بابان بۆ ئەو پلەیە باشە، چونکە بە بۆچوونی ئەو هەتا ئێستاش لە کوردستان رێزی زۆریان هەیە.

بەلام ئەو پێی چاك بوو هەر کەسێك بێت، دەبێ بە ئامۆژگاریو راوێژی بەریتانی بجولێتەوە، هیچ گومانی تێدا نیە، کە مەلا موحەمەد مەبەستی حەمدی بەگی بابانی بوو، چونکە بە دانانی ئەو هەموو ئەو لیوایە پشتگیری دەکەن، بە رای پیاوماقولانی هەولێر حەمدی بەگ کوردێکی روشنبیرەو دەتوانێ بە هاوئاهەنگیو راوێژی بەریتانیەکان بۆ بەرژوەندی هەموو کورد کار بکات، بەستنەوەی کۆیە بە لیوای هەولێر وا دەکات پیاوماقولان وا قەناعەت بهێنن، کە چارەنوسی کوردستانی سەربەخۆ هەرگیز سەرناگرێ، لەگەڵ ئەوەشدا کۆیە پشتگیری شێخ مەحمودیان نەکرد، پێیان چاك بووە ئایندەی لیوایەکە بە کوردستان نەك بە ئیدارەی راستەوخۆی بەریتانیاوە لە ئێراق ببەسترێتەوە. مەلا موحەمەد پێی وابوو، زۆرترین پیاوی زیرەكو رۆشنبیری کورد لە لیوای هەولێرە، ئەو دڵنیایە، کە بۆچوونی ئەو لە سەر ئەو بابەتە بۆچوونی زۆربەی پیاوماقولانی ئەو لیوایەیە، بەلام بە زۆربەی کورد وەکو مەلا موحەمەد دەیوت بە تەنیا بیر لە نانی رۆژانەیان، کە زۆر بە زەحمەت دەتوانن بۆ منداڵەکانیانی بە دەست بخەن دەکەنەوە.

**ئەفسەری سیاسی یاردەدەری بەریتانی**

**سی. ئای، راندۆڵ**

FO.371/5069 – No. 9

## ٩ی ئازاری ١٩٢٠

## له: کابتن سی. ئای، راندۆڵ ئەفسەری سیاسی بەریتانی یاریدەدەر– کۆیە

## بۆ: ئەفسەری سیاسی – لیوای هەولێر

بۆ تەواوکردنی ئاڵوگۆڕی نامەکانی پێشووی نێوانمان له ٧ی مارسی ١٩٢٠ به ژماره (٥) وردەکانی ئەو گفتوگۆیانەتان بۆ دەنوسم، که دوێنی لەگەڵ مەلا موحەمەد ئەفەندیو جەمیل ئاغا له سەر جۆری حکومەتی ئایندەی کوردستان کردمان، ئەوەتان بۆ روون بکەمەوە، که ئەوان دەستپێشخەری گفتوگۆ بوون له سەر ئەو بابەتە، بێجگه له هەندێ جار نەبێت، که بۆ روونکردنەوه ئەو پرسیارانەی خوارەمان کردووه.

هەردووکیان ئەوەیان وت: که نازانن به چ زمانێك نیگەرانی خۆیان دەربڕن له ئاکامه خراپەکانی گەڕانەوەی ئیدارەی تورکی بۆ کوردستان، بەڵام وتیان: هەندێ بەرهەڵستی کەم هەن بەرانبەر حوکمداری بەریتانی له کوردستان، که ئەوانیش توێژێکی فەرمانبەرانو ئەوانەن که ئێستا بێکارن، ئەوانه لەو باوەڕەدان کەمکردنەوەی هەندێ کاربەدەستو کەمتەرخەم بەرانبەر زۆر له خزمەتگوزاریەکان بەڵگەیه له سەر مەبەستی بەریتانیا، که دەیەوێ کوردستان به ئیدارەی بەریتانی بەغداوه گرێ بدات.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پڕوپاگەندانەی دژ به حکومەتی بەریتانی مەلا موحەمەدو جەمیل ئاغا پێشنیازیان کرد، که پێویسته حکومدارێك بۆ کوردستان دابنێن، بەو مەرجەی حکومدار دەسەڵاتی سیاسی هەبێو هێزی راستەقینه به دەست ئەفسەره سیاسیه بەریتانیەکانەوه بێت، وەکو نوێنەری باڵای کورد مامەڵه لەگەڵ حوکمدار بکرێت.

ئەگەر دەرکەوت که حوکمدار ئەو توانایەی نیه، که پێی دەسپێردرێ، حکومەتی بەریتانی بیگۆڕی بەو کەسەی پێی باشه، بۆ ئەوەی ئەو پلەیه پشتاوپشت نەبێت، وا باشه کەسێکی به

توانا دابنرێ، کە پێم وابوو هەردووکیان پێشنیازی ناوی حەمدی بەگی بابان دەکەن، دیارە هۆکاری پیشنیازی ئەوم لە لای هەردووکیان لە بروسکەی پێشوو روون کردەوە، مەلا موحەمەد دەیوت: حەمدی بەگ پیاوێکی دەوڵەمەندە، ئەگەر پێوستی کرد دەتوانێ بە خۆڕایی وەکو حوکمدار خزمەت بکات، جەمیل ئاغا دەیوت: حەمید بەگ وەکو حوکمدار بە خۆڕایی خزمەتی باش پێشکەش بە کورد دەکات، بەڵام مەلا موحەمەد جەخی کردەوە لە سەر پێویستی راوێژکردن بە پیاوماقوڵانی کورد پێش ئەوەی حەمدی بەگ بە حوکمدار دابنرێ.

لە وەڵامی پرسیارێکی مندا دەبارەی دەسەڵاتی حوکمداری پێشنیازکراو مەلا موحەمەد وتی: لە لیوایەکانی سلێمانیو هەولێرو کەرکوك دەسەڵاتی هەبێت، ئەگەر خەڵکی ئەو لیوایانە ئارەزوو بکەن، وتی: من دڵنیام رەواندز دەیەوێ ببێتە بەشێك لە ناوچەکانی دەسەڵاتی ئەو حوکمدارە.

دوای ئەوەی بۆم روونکردنەوە، نێوان ئیدارەی ناوەند لە بەغداو کوردستان پەیوەندی بە هێزەوە هەیە، پرسیارم لێکردن دەربارەی پشتگیری ئەوان لەوەی کوردستان راستەوخۆ لە ژێر دەستی ئیدارەی ناوەندا بێت لە بەغدا، ئەوان پشتگیری ئەوەیان نەکرد، کەواتە بەدیلی پێشنیازکراوی ئەوان چیە؟

لەو وەڵامی ئەو پرسیارەدا مەلا موحەمەد وتی: بەدیلێك بۆ بەستنەوەی ناوچە کوردنشینەکان بە ئیدارەی ناوەند لە بەغدا نیە، چونکە ئابووریی کوردستان لە کۆنەوە بە بەغداوە بەستراوەتەوە.

دوایی پرسیارم لێکردن دەبارەی رۆتینی ئیداری، کە ئێستا پەیرەو دەکرێ، لە رێگەی سلێمانیەوە دەسەڵاتدارانی بەغدا بە هەموو کاروبارێکی کوردستان ئاگادار دەکرێنەوە، وتیان پێویست ناکات سلێمانی بکرێتە مەڵبەندی ئیداری بۆ هەموو کوردستان، پێشنیازیان ئەوە بووە، بە تەنیا ئەو نوسراوانەی پەیوەندی بەو لیوایەوە هەیە بنێردرێنە سلێمانی.

مەلا موحەمەدو جەمیل ئاغا ئامادەییان دەبڕی، کە یاداشتنامەیەك بە ناوی خەڵکی کوردستان بۆ نارازی بوون بەرانبەر گەڕانەوەی دەسەڵاتی تورك ئامادە بکەن، ئەوان ئامادەن چی پێویست بکات لەو بارەیەوە بیگرنەبەر.

**واژۆ**
**کابتن سی. ئای، راندۆڵ**

FO.371/5069

## نوسخەیەکە لە یاداشتنامەیەکی نهێنی، ئایس. بەغدا ١٥٥

## ١٧ی تەموزی ١٩٢٠ لە: ئەفسەری سیاسی موسڵ

## بۆ: نوێنەری باڵای بەریتانی — بەغدا

لەم سەردانەی دوایی بۆ کۆیە بینیم ئەو شارە هێمنەو بارودۆخی سیاسی باشە، لەگەڵ هەریەك لە مەلا ئەفەندی حاکمی شەرعزانو جەمیل ئاغا یاریدەدەری حاکمی شەرعزان لە سەر مەسەلەی ئایندەی کوردستان قسەم کرد، مەلا ئەفەندی بە ناوی هەردوکانەوە قسەی دەکرد، پێم وابووە نوێنەرایەتی توێژێکی باشو هاوسۆزی ئێمە دەکات، بۆچوونەکانی زۆر جیاواز نەبوو لەگەڵ ئەوە لە هەردوو بروسکەی کاپتن رۆنداڵ بە ژمارە ٥و ٦ی نوسراوی ٧و٩ی ئازاری ١٩٢٠ هاتووە، کە پێشتر لە راپۆرتی ژمارە ١٣٨ی راپۆتەکەم ناردبووم.

مەلا ئەفەندی وتەکانی بەم شێوە کردەوە، کە ئەو باوەڕی وانیە ئەندامانی کۆنگرەی پاریس بۆ ئاشتی گەیشتبنە ئاکامێکی نەفامانە، لەو بڕوایەدا بوون: ١- دەکرێ‌و شیاوە کوردی دانیشتوانی سنووری باکوری موسڵ (کوردستانی باکور) لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ یەکبگرن. ٢- هەتا ئەگەر کوردانی دەرەوەی ولایەتی موسڵ دەوڵەتی کوردی پێك بهێنن کوردانی ولایەتی موسڵ بیرناکەنەوە بچنە پاڵیان.

هەروەها مەلا ئەفەندی وتی: ئەو کوردانەی قسەیان بە ناوەوە دەکەم بە هەموو توانا دژی سەربەخۆیی کوردستانی باشوورن، چونکە باوەڕیان وایە سەرپەرشتی بەریتانی بە سەریانەوە پێویستە.

**دانەیەك لە یاداشتنامەی ژمارە NO. P ٢٨٠٧/١/١**

**١٤ی ئابی ١٩٢٠**

**لە: ئەفسەری سیاسی بەریتانی – سلێمانی**

**بۆ: نوێنەری بالآی بەریتانی لە ئێراق – بەغدا**

ئاماژە بۆ نوسراوتان بە ژمارەی ١٥٥/٤/ تان، کە لە١٧ی تەموزی ١٩٢٠دا نوسراوە بە داخەوە درەنگ وەلآمی ئەو یادشتنامەم بەدەست گەیشت، ئەویش لە ریگەی هەولێرەوە، ئێستا نوسخەی ئەو یاداشتنامەیەی ئەفسەری سیاسی بەریتانی – هەولێرم بە ژمارە (١٥٥/٤) لە بەردەستدایە.

بەو بۆنەیەوە دەمەوێ بڵێم، ئەو یاداشتنامەی p ٢٧٠٧/١/١ نوسراوی ٨٢ی تەمووز، کە نوسیبووم پێش ئەوەی ئەو یاداشتنامەیەی هەولێر ببینم، کە لەپێشەوە ئاماژەم پێدا، بەلآم لەگەڵ ئەوەدا هاوڕاو جەختکردنەوەیە لە سەر ئەو یاداشتنامەیەی پێشوو، کە لێرەدا بە بیری دەخەمەوە، ئەوەی پێویستە لێرەدا روونی بکەمەوە ئەوەیە، لەوکاتەی ئەفسەری هەولێر یاداشتەکەی خۆی دەنوسی من لەگەڵ موفتی هەولێر قسەم دەکرد، کە لە دڵسۆزترین لایەنگرانی مەلا ئەفەندیەو زۆر لە ژێرکاریگەری ئەودایە.

مەلا ئەفەندی حاکمی شەرعی لە کۆیە گاڵتەی بە ئەگەری یەکگرتنی کوردانی باکوری ولایەتی موسڵ دەهات، هەتا ئەگەر ئەو خواستەش بێتەدی کوردانی باشوری کوردستان پەیوەندی پێوە ناکەن.

لە بیرخەرەوەکەی من لە p ٢٧٠٧/١/١ سەبارەت بە گۆڕانکاری کارگێڕی هەمان ئەو خالآنەم ئاماژەم پێدا.

لە میانەی ئەو گفتوگۆیەم لەگەڵ خەڵکە پاکەکەی گەیشتمە ئەو ئاکامەی، هەر گۆڕانکاریەکی کارگێڕی لە کوردستاندا دروست ببێ ئاکامی باشی دەبێت.

بەلآم ئەو نیگەرانیەی لە لای کوردانە لەبەرانبەر حکومەتی عەرەبی شتێکی تازە نیە.

لەو باوەڕەدام پالاَوتنی حەمدی بەگ بە حوکمدار، وەکو ئەوەی گوێبستی بووین هەتا ئێستا باشترین پێشنیازە.

کاتی ئەوە هاتووە هەندێ ڕێوشوێنی جێگرەوە دابنرێ بۆ وەلاَمدانەوەی ڕاگەیاندنی ناحەزانەو بێدەنگکردنی نەتەوەییە توندڕەوەکانی کورد، کە پالاوتنی حەمدی بەگ ئەو ئامانجە دێنێتەدی. بەلاَم دەبێ ئەو حوکمدارە زیاتر وەکو کەسێکی ڕەمزی بێتو بە پێی پێشنیازی مەلا ئەفەندی دەسەلاَتی نەبێت. دانانی هەر کەسێك بۆ ئەو پلەیە دەبێ بەو پەڕی وردیو چاودێریەوە بێت، چونکە دەبێ ئەم خالاَنەی تێدا ڕەچاو بکرێ:

أ: مسۆگەربەتی ئیدارەیەکی بە توانای بەردەوام لە ناوچە کوردنشینەکان. ب: شایستەیی پالێوراو. ج. دابینکردنی خواستی ناحەزە نەتەوەخوازەکانی شار، یان ئەوانەی دەتوانن هەلوێست لە دژی حکومەتی بەریتانی وەربگرن.

ئەمانەش لەگەلّ پێشنیازەکانی مەلا ئەفەندی، کە نوێنەرایەتی توێژێکی گەورەی کۆمەلّگای کوردی لە کوردستانی باشور کۆکن.

بەلاَم دیاریکردنی سنوورێکی دیاریکراو دەبێتە هۆی دووبارە سەرهەلّدانەوەی ئاریشەو ئاژاوەکانی سالاَنی ١٩١٨و ١٩١٩، دەبێ سنووری ئەم هەرێمە تازەیە لەگەلّ سروشتی جوگرافیای ئەتنی بگونجێ، هەندێ ناوچەی کەرکوكو کفریو هەروەها ناوچە کوردنشینەکانی نێوان مەخمورو هەولێری بۆ زیاد بکرێ. دەبێ کفری بخرێتە سەر، بەلاَم ناگونجێ داوای ناو شاری کەرکوك بکەن، ناکرێ هۆزی دزەیی بخرێتە سنووری کارگێڕی ولایەتی تازە، هیچ ئەستەمیەك نیە لە بەڕێوەبردنی هەردوو ناحیەی شوانو فەرەحەسەن لە چەمچەمالّ.

**هەرچونێك بێت پێویست نیە لەم خاڵەی دواییدا بچینە وردەکاریەوە.**

FO.371/5069

## نوسینگەی نوێنەری باڵای بەریتانی، ئەستەنبووڵ
## بروسکەی ژمارە (١٥٨)، دیبلۆ ٣٦٨٩
## بۆ: لۆرد کیرزۆن ئۆف کیدلسۆن

**بەڕێز**

شەرەفمەندم هاوپیچی ئەم نامەیەم ئەم دوو داواکاریەت، کە لە لایەن ئەندامانی خانەوادەی بابانەوە بۆ سەرۆکی وەزیران هاتووە بۆ دەنێرم.

١- دوای رووخانی دەسەڵاتی میرنشینەکەیان وەکو هێزێکی خۆجێیی لە کوردستانی باشوور هەندێ لە ئەندامانی خانەوادەی بابان بە تەواوی چووبوونە رێزی دەستەبژێری تورکی دەسەڵاتدارەوە، ئەمەش دوای رووخانی دەسەڵاتی میرنشینەکەیان وەکو هێزێکی خۆجێیی لە کوردستانی باشوور، زیاتر لە ئەندامێکیشیان چوونە پاڵ کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقیو کەمتر لە ئەندامێکیان بەو پەڕی تواناوە پشتگیری بۆچوونەکانی جامیعەی ئیسلامی عوسمانی بوون.

بە پێچەوانەی بۆچوونی دەسەڵاتدارانی میسیوپۆتامیا ئەندامانی ئەو خانەوادەیە ناتوانن لە پەرەپێدانی ئیدارەی ئێراق یان لە بنیاتنانی ئیدارەیەکی سەربەخۆی کوردی لە باشووری کوردستان ئەو رۆڵە بگێڕن.تن

٢- ئەندامانی ئەو خانەوادەیە دەڵێن: دوو نەوەمان پێش ئێستا زەویو زاری زۆرمان هەبووە، دەوڵەتی عوسمانی دەستی بە سەردا گرتووە، داوای قەرەبوو دەکەنەوە، ئەو خانەوادەیە پشت بەو ئەندازە پارەیەی وەکو قەرەبووی سامانە دەست بەسەراگیراوەکانیان وەریاندەگرت

دەبەستن، بەڵام دوای ڕێککەوتننامەی سیڤەرو بە هۆی هۆکاری ئابووری حکومەت داوای بڕینی ئەو یارمەتیەی کرد، بەڵام هاوپیچی بڕیاری ناوبراو هەیە، کە وەزیری دارایی رادەسپێردرێت چاو بەو داواکاریەدا بخشێنێتەوە بەوەی پێشتر بۆیان تەرخان کراوە، وەزیری ناوبراو راسپێردراوە بەڵگەنامەکان بەدیار بخات لە سەر چۆنیەتی ئەسڵی سروشتی ئەو قەرەبووە بەو کەسانەی پەیوەندیدارن. ئەو بەڵگەنامانە تەخویلی کردوون بۆ قەرەبوو، دەتوانن هەروەکو رابردوو سوود لەو ئەندازەیە وەربگرن.

٣- نوسخەیەکی ئەو نامەیەم لەگەڵ هاوپێچەکانی نارد بۆ نوسینگەی نوێنەری باڵا لە میسیۆپۆتامیا نارد.

**واژو**

**هۆراس رامبۆڵد**

FO.371/5069

## له نوسینگەی نوێنەری باڵای بەریتانی – ئەستەنبووڵ ١٩٢٠/٣/١٥
## وەزیری دەرەوە– لەندەن

نوسراوم بە ژمارە ٣٠٦م/٢٠٧٠ بە مێژووی ٢ی ئازاری ١٩٢٠ تایبەت بە هەڵوێستی شەریف پاشا، شەرەفمەندم ئاگادارتان بکەمەوە، کە بڵاوبوونەوەی رێککەوتننامەی شەریف پاشاو نۆبار پاشا کاردانەوەیەکی زۆری لێکەوتۆتەوە.

١- جوداخوازە کوردەکان بەو ریککەوتننامەیە دڵخۆشن، بەڵام هەندێ ناوەندی دیکەی کورد دەیانەوێ خەڵك هانبدەن دژی رێککەوتننامەکە، هەندێ لایەنی ئۆپۆزسیون لێرە پەیوەندیان بە رێککەوتننامەکەوە هەیە، وەکو مستەفا بابانیو نەعیم بابانی سەر بە خانەوادەی بە ناوبانگی بابان، بەڵام سەبارەت بە مستەفا پاشا ئەوە نوێنەرایەتی دەستەبژێری رۆشنبیری کوردی دەکات، کە شوێنەواری زۆری بەجێهێشتووەو ناتوانی لە هەستی جوداخوازی نەتەوایەتی کوردی تێبگات، بەڵام نەعیم پاشا نوێنەرایەتی رەوتی ئیسلامی دەکات، کە ئیسلامی لە سەرووی هەموو گوزارشتێکی دیکەوە داناوە.

٢- رەوتی نەتەوایەتی جوداخوازی کوردی هەندێ سەرنجیان هەیە لە کەسایەتی شەریف پاشا، وەکو گوێم لێبووە، جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، کە شەریف پاسا بەم دواییە بەرژەوەندی تورکی لە سەرووی بەرژەوەندی کوردەوە داناوە. هەروەها گوێم لێبووە بەم دواییە شەریف پاشا بۆتە سەرۆکی کۆمەڵەی ئیسلامی – لقی پاریس، کە وەکو بەدیاردەکەوێ کۆمەڵەیەکی ئیسلامی مەرکەزیەو نوسینگەی لە لەندەن کردۆتەوە، بە ژمارە (١٥٦)، شەقامی فلیت.

٣- لەم پاشکۆیەدا ناوی هەندێ شوێنو کەسایەتی تێدایە، کە داواکاریان دژ بە رێککەوتننامەی شەریف پاشاو نۆبار پاشا ناردووە.

Vol. 111. Secret Kurdish Policy. New Delhi. India، 13/14،File NO

**زۆر نهێنی، کەرکوك ١٩٢٣/١/٢٣**

**لە: جی، چاپمان**

**بۆ: راوێژکاری بەریتانی لە لیوای کەرکوك**

**یاداشت**

هەروەکو پێشتر لە کاتی گەڕانەوەمان بۆ سلێمانی نوسیوبووم، گۆڕانکاری بەرچاو لە هەڵوێستی شێخ مەحمودو ئەوانە رووی داوە، کە کاروباری سلێمانیان بەدەستە، شێخ مەحمود پێی وتم، کە ئامادەیە فەرمانی ئێمە جێبەجێ بکاتو بڕیاری داوە هیچ مەسەلەیەك بەبێ پرسی ئێمە نەهێنێتە گۆڕێ، ئەوە بەڵگەیە کە شێخ قادرو کۆمەڵەکەی ئێستا لەلای شێخ مەحمود کاریگەری زۆریان هەیەو جێگای متمانەی ئەون، بەڵگەیە شێخ مەحمود لە سلێمانی توانیویەتی پابەندی بکات یان بە سەریاندا زاڵ بێت.

شێخ قادر دڵنیایی کردم، کە ئێستا لە حکومەتەکەی شێخ مەحمود سەرۆکی وەزیرانە، سەردەمی بێ متمانەیی نێوان شێخ مەحمودو بەریتانیەکان کۆتایی هات، هەستێکی گشتی لە سلێمانی هەیە ئەویش پەیڕەویکردنی رێنومایی ئیدارەی بەریتانیە، لەگەڵ هەموو هەوڵێك بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد لە ئێراق، حاجی مستەفا پاشا هەمان بۆچوونی بۆ دووبارە کردمەوە، دیوت هەتا ئێستاش زۆر کۆسپ هەن لە بەردەم دامەزراندنی حکومەتێکی مەدەنی هاوچەرخ لە کوردستان، هەموو بەرپرسانیش ئەو راستیە دەزانن.

هەرچەندە خەڵکی سلێمانی رزگاریان نەبووە لە هەموو ئەوە شوێنەرانەی توقاندن، کە کاتی قەیرانەکە شاری گرتبۆوە، بەڵام رێژەیەك ئۆقرەیی هەیەو ئەو قەناعەتە هەیە، کە حکومەتی شێخ مەحمود لە سەر رێرەوی پێشکەوتن بڕوات. وەکو بەڵگەیە لە سەر نیازپاکی شێخ مەحمود رێگەی بە عەقید سادق پاشا عەقیدی روس داوە لە سلێمانیەوە بچێ بۆ بەغدا.

هەموویان خوازیاربوون راویژکاری سیاسی لیوای کەرکوك سەردانی بەغدا بکات، ئەمە لە کاتێکدا ئەو بەیاننامەیەی دەرچووە لە سلێمانی کاریگەری زۆری هەبووە، چونکە کورد وایان هەژمارکردبوو، کە بەڵگەیە لە سەر نیازپاکی حکومەت بەرانبەر ئەوان.

ئێستا زەحمەتە لە سەر هیچ بابەتێك قسە لەگەڵ شێخ مەحمود بکەی، چونکە ئەو ئێستا سەرقالی گرتنەبەری رێوشوێنی تایبەتیە بۆ پێشوازی لە سمکۆ، کە بڕیارە لە ئێرانەوە سەردانی سلێمانی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا گفتوگۆم لەگەڵ کرد دەربارەی بۆچوونی کورد لە سەر سروشتی پەیوەندیو سەرپەرشتیاریەتی بەریتانی لە سەر ئەوان، لەوەڵامدا وتی: هیوادارم کورد هەروەکو بەغدا مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

سمکۆ لەگەڵ شێخ ئەسکەندەرو عەباسی مەحمود ئاغا لە ٨ی کانونی دووەم گەیشتە سلێمانی، شێخ مەحمودو بەرپرسانی دیکەی لیوا چەند میلێك لە دەرەوەی شار پێشوازیان لە سمکۆ کرد، ئەو رۆژەیان لە سلێمانی کردە پشووی رەسمیو داوایان لە دوکاندارەکان کرد بەو بۆنە خۆشەوە دوکانەکانیان داخەن، هەروەها داوای لە هەموان کرد شادیو کامەرانی لە شار رابگەیەنن، لەگەڵ گەیشتنی ئاهەنگێکی گەورە بۆ پێشوازی ئەو رێکخرا، سوپای لێڤی وەکو پاسەوانی شەرەف لەتەکیدا دەڕۆشتن.

وابەدیاردەکەوێ هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی لەجێی خۆی نەبووبێت، بە تایبەتی بەوە ناسراوە بۆچوونی توندڕەوانەو ناهاوسەنگی هەیە، ئەگەر شێخ قادر نەیتوانیایە زەبتی سمکۆ بکات، ئەوە دوور نەبوو کاری خراپی لە سەر شێخ مەحمود بەجێ بهێشتایەو خواستی توندڕەوەکان بهاتبایە دی. لە هەمان کاتدا بۆچوونی خۆیان بە سەر هەموو شتێکدا فەرز کردبا، کە جێی گفتوگۆ بێت، لەگەڵ ئەوەدا سمکۆ خۆی بە هاوپەیمانی بەرتیانیا دادەنێ، دەڵێ: حکومەتی بەریتانی مافی کوردانی فەرامۆش کردووەو کاتی ئەوە هاتووە هەڵوێستی یەکلاییکەرەوەی لە سەر مەسەلەی کورد هەبێت. شێخ مەحمود باش دەزانێ، کە سمکۆ پێگەیەکی گەورەی لە ناو کوردستاندا هەیە، ناتوانی خۆ لە ئامۆژگاریەکانی نادیدە بگرێت، لە هەمان کاتدا شێخ مەحمود ئامۆژگاری رەوتی میانەڕەوی سلێمانی بەجدی وەرگرتووە، بۆیە ئێستا ئەو لە هەڵوێستێکی دوو دڵیدا دەژی.

**پشدەر:** لەگەڵ ئەوەدا من نەمتوانی لەگەڵ سەرۆكەكانی پشدەر بەتایبەت بابەكرو عەباس قسە بكەم، بەڵام دڵنیام هەردوو سەرۆك ئێستا هەڵوێستی دۆستانەیان هەیە لەگەڵ حكومەتی بەریتانی، عەباس ئاغا پێشتر پشتگیری توركانی دەكردو ئێستا وازی لەو هەڵوێستەی رابردووی خۆی هێناوە،، لە ئایندە راپۆرتێكتان لە بارەی ناوچەی پشدەر بۆ دەنێرم.

**بەگزادەی جاف لە هەڵەبجە:** جاف بە سەر دوو سەربازگەدا دابەش بوون، بەشێكیان لایەنگری شێخ مەحمود دەكەنو بەشەكەی دیكە دژی ئەون، بەرەی یەكەم پێی وایە دەبێ پشدەر (لەوانەیە مەبەستی هەڵەبجە بێت، و) لە ژێر حوكمی راستەوخۆی ئیدارەی بەیتانی دابێت. ئەو بەرەیەی پشتگیری شێخ مەحمود دەكەن لەم ناوانەی خوارەوە پێك دێت، ماریم بەگ، لە دوای ئەوەی سلێمانی بەجێهێشتو چووە بەغداو ئیتر ماریم بەگ نەگەڕایەوە هەڵەبجەو پێدەچێت شێخ مەحمود دیاری پێدابێت بۆ ئەوەی بەلای خۆیدا رابكێشێت. دەڵێن شێخ مەحمود موچەیەكی مانگانەی ١٧٠٠ روپیەی بۆ بڕیوەتەوە، ئەمە لە كاتێكدا ناوبراو ئێستا هیچ پایەیەكی حكومی نیە، هەروەها حەمدی بەگ: كە سەرۆكی شارەوانی سلێمانی بووەو شێخ مەحمود ٥٠٠ رووپیەی مانگانە بۆ بڕیبۆوە، لەگەڵ حوسێن بەگ: بەڕێوەبەری وارماوەو مستەفا بەگی عەبدوڵڵا پاشا بەڕێوەبەری پێنجوین.

بەڵام سەربازگەی دژ بە شێخ مەحمود پێكدێت لە: ئەحمەد بەگ عوسمان پاشا، قائمقامی هەڵەبجە كە مانگانە ٤٠٠٠ موچەیەتی، بەڵام هەتا ئێستا موچەكەی دواكەوتووە، عەلی بەگی مەحمود پاشا، ئێستا لە هەڵەبجە دادەنیشێتو هیچ پلەیەكی حكومی نیە، ئەحمەد بەگی حەمە ساڵح بەگ بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵە، عیزەت بەگ برای ئەحمەد بەگی عوسمان پاشایە: ئێستا لە سلێمانی نیشتەجێیە، لە پەیوەندی دایە لەگەڵ كۆمەڵەكەیەكو چاودێری رووداوەكان دەكات.

شێخ قادر هاوسۆزی لەگەڵ جافەكانی سەر بە بەرەی دژە شێخ مەحمود نیە، ئەحمەد بەگی كوڕی عوسمان پاشا تاوانبار دەكات بە شوێنكەوتووی توركو بەلشەفی.

لە هەوڵەكانی بۆ ملپێكەچكردنی جاف، شێخ مەحمود بەیاننامەیەكی بۆ هەڵەبجە نارد، لەو بەیاننامەیەدا هاتووە، كە حكومەتەكەی لەلایەن بەریتانیاوە پشتگیریو پیرۆزبایی لێدەكرێ.

عیزەت بەگ هەواڵی دامیٚ، کە شێخ مەحمود غەریب لە هەڵەبجە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیو لەگەڵ خۆی ٢٥٠٠٠ روپیەی بۆ خەزێنەی سلێمانی هێناوە. ئەمە لەکاتێکدا ١٥٠٠٠ روپیە هی باجی توتنەو ١٠٠٠٠ روپیە پێکهاتووە لەو پارە تەرخانکراوە، کە بۆ قەرزی کشتوکاڵی تەرخان کراوە.

**بارودۆخی دارایی:**

لە دوای گەڕانەوەم لە سلێمانی راپۆرتێکتان لە سەر باردۆخی دارایی بۆ دەنێرم، شێخ مەحمود ١٥٠ کەسی لە هێزەکانی جەندرمە لە مانگی کانونی یەکەم دەرکردووە، بەبیٚ ئەوەی ئەوەی ئەو موچەیان بداتیٚ، کە پێشتر خۆی دایمەزراندبوون، ئەمەش بەشێکە لەو لێگرتنەوەی میزانیەی حکومەت. وەکو زانیومە ئێستا سوپای لێڤی مانگانە تەنیا ٢٠ روپیە وەردەگرن، لەگەڵ کۆبوونی خۆراك، هەروەها موچەی پۆلیس زۆر کەم کراوەتەوە، هەر بۆ لێگرتنەوەی میزانیە، حکومەتی شێخ مەحمود ژمارەیەك فەرمانبەری بچوکی لابردووە، پێدەچێت موچەکەشی راگرتبێ، لە جیاتی ئەوە لە نزیکەکانی خۆی خەڵکی دیکەی دامەزراندووە، کە زۆر بەکەمی دەوام دەکەن، بە چەند سەعات پێش کۆتایی هاتنی دەوام دەڕۆنەوە، لەگەڵ گەڕانەوەم بۆ سلێمانیو بەدەستخستنی زانیاری پێویست راپۆرتێکی تێروتەسەلتان لە سەر بارودۆخی سلێمانی بۆ ئامادە دەکەم.

**واژۆ**

**ئای، جی، چاپمان**

**وێنەیەك بۆ: سکرتێری نوێنەری باڵای بەریتانی – بەغدا**

**راوێژکار لە وەرزارەتی ناوخۆ – بەغدا**

FO.371/11460

## زۆر نهێنی ١٠ی شوباتی ١٩٢٦
## سێر لیو، ئایم، ئایمری، وەزیری کاروباری داگیرگەکان

**بەڕێز:**

بۆ من شەرەفێکی گەورەیە سەرنجتان بۆ بروسکەی ٥٢ی نوسراوی ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٢٦ رابکێشم، یاداشتنامەی پەیوەندیدار بە"خاڵەکانی پەیوەست بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلانی دەربارەی مەسەلەی موسڵ (کێشەی سنووری نێوان ئێراق — تورکیا) لە ١٩ی کانونی دووەمی ١٩٢٦ دەرچووە"، ئەمە لەکاتێکدا یاداشتنامەی ناوبراو لەلایەن وەزارەتی دەرەوە ئامادەکراوە، کە پێشتر سێر جۆن شوغ برغ نوسخەیەکی بە نیمچە رەسمی بۆ ناردم.

٢- پێم خۆشە سەرنجتان بۆ ئەو خاڵە رابکێشم، کە بەم دەربڕینە هاتووە: "حوکمی خۆدموختاری خۆجێیەتی" چەند جارێك یاداشتنامەکە ئاماژەی بە لیوا کوردیەکانی ئێراق داوە، بەڵام ئەو گوزارشتەی لە بڕیاری لیژنەی رێکخستنی سنووری سەر بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە سەر مەسەلەی موسڵ لە مێژووی ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٢٦ وەکو بەڵگەیە لە سەر بەڕێزتان دەرچوو، کە بە بۆنەی دەرچوونی بریاری کۆمەڵەی گەلان هاتووە بریتی لە "خودموختاری"، ئەگەر بکرێ ببێتە سیاسەتێکی دروست، بەڵام دەرکردنی حامیەی تورکی لە رەواندز لە کۆتایی نیسانی ١٩٢٣ گۆڕانی ریشەیی لە بارودۆخی ئەو ناوچەیەو سروشتی سیاسەتی پەیڕەوکراو لە باکوری ئێراقدا هاتوو. رەواندزو ناوچە کوردنشینی دیکەی دەروبەری بە خێرایی پاککرانەوە، هێمنیو ئۆقرەییو بووژانەوەیەکی رێژەیی ئابووری باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشاو دوای ئەوە هیچ وروژاندنێك نەبووە داوای خودموختاری بکات، بەڵام ئەوە رەوشی سلێمانی بەرەو خراپی برد، لە سەر ئەوەی بەشێکی ئەو لیوایە کەوتبوونە بەر

ئیدارەی دەسەڵاتی راستەوخۆ، جۆرێك لە پەیوەندی پتەوو كارلێكردن لەگەڵ ئیدارەی ناوەند بەغدا پەیدا بوو.

بۆیە بانگەشە بۆ خودموختاریی لە ولایەتەكانی باكور لەم بارودۆخەی ئێستا بۆ ئەركی حكومەتی ئێراقی لە ئیدارەدانی ئەو ناوچانەی ئێستا ملكەچی دەسەڵاتی راستەوخۆن یارمەتیدەر نیە. بەڵكو ئەركی حكومەتی ئێراقیو ئیدارەی بەریتانیە لە ئازادكردنی ئەو ناوچانەی هەتا ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحمودو كۆمەڵەكەی دان ئاڵۆزتر دەكات.

ئەمە لە كاتێكدا لیژنەی دیاریكردنی سنوور بۆ چارەسەكردنی ئەو سنوورەی لە سەر كۆمەڵەی گەلانە لەو راپۆرتەی  باسی نەكردووە، كە كورد ئارەزووی خودموختاری خۆجێیان هەیە، لەو كاتەی لێرەو لەوێ لە ناو هەندێ لە هوزەكان بانگەشەی خودموختاری سەرهەڵدەدا، ئەو داواكاریە هەتا هەندێ جار لە لایەن رۆشنبیرانی كوردەوە پێشكەش دەكرێ، بەڵام بەو پەڕی متمانەوە دەتوانین بڵێین لە ناو كورد یەك دەنگی نیە لە سەر خودموختاری، بۆیە پێشنیاز دەكەم گوزارشتی "خودموختاری" بسڕنەوە، یان لە یاداشتنامەكە ئاماژە بۆ لیوا كوردیەكان بكرێ، چونكە ئەوە گوزارشتێكی "مەترسیدارە"، ماناو شرۆڤەی زۆر هەڵدەگرێو بەكارهێنانی لە نامەكان دەبێتە بەدحاڵی بوون لەلای حكومەتی ئێراقو كۆمەڵەی گەلان لە مەڕ سروشتی ئەو سیاسەتەی پەیوەست بە كورد لە باكوری ئێراق[1] لەلایەن حكومەتی ئێراقەوە پەیڕەو دەكرێ، ئەمە لە كاتێكدا بەڕێزتانو سێر هنری هۆبس لە ساڵی ١٩٢٥ بۆ سەرۆك وەزیرانی ئێراقی یاسین هاشمی حكومەتی بەریتانی سیاسەتی خۆی سەبارەت بە كورد روون كردەوە، بەشێكی دەخەینە سەر پاشكۆی ئەم بەشە، لە وتەی پاشكۆی ژمارە /١

٤- ئەو بروسكەیەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا داوا لە من دەكات سروشتی ئەو رێوشوێنانەتان بۆ روون بكەمەوە، كە هەتا ئێستا گیراوەتە بەر، بۆ جێبەجێكردنی بەندەكانی بڕیاری كۆمەڵەی گەلانی پەیوەست بە حوكمی زاتی كوردی، لێرەدا هەموو رێوشوێنێكتان بۆ روون دەكەمەوە، كە پەیوەستە بە ئیدارەی لیواكانی باكور،  وەكو لە ئاماژە بە خودموختاریدا هاتووە یان وەكو شتی دیكە، بەڵام ئەو رێوشوێنانە دابەش دەكەم بە سەر دوو جۆر: بەشێكی لە پێش بەهاری ١٩٢٣ راگەینرا، بەشەكەی دیكە پەیوەدی بەو رێوشوێنانەوە هەیە كە لەو ماوەیە

---

١ - بەرپرسانی ئینگلیز زاراوەی "باكوری ئێراق"و هەندێ جار "كوردستانی باشور"یان بەكارهێناوە بۆ ولایەتی موسڵ. (ئامادەكار).

گیراوەتە بەر، لە راستیدا هیچ رێوشوێنێکی تازە نیە لە دوای دەرچوونی بڕیاری کۆمەڵەی گەلانی ئاماژە پێکراو.

٥- ئەو رێوشوێنانەی گیرانەبەر یان ئەو بڕیارانەی پێش نیسانی **١٩٢٣** دەرچووە ئەوانەی خوارەیە: یەکەم/ ئەو فەرمانەی لە مایسی ساڵی **١٩٢١** بۆ ئەفسەرە سیاسیە بەریتانیەکان لە لیواکانی موسڵو کەرکوکو سلێمانی نێردران، پێشتر ئەو فەرمانە (پاشکۆی **٧**) لە راپۆرتی ساڵانەی ئیدارەی بەریتانی لە ئێراقدا لە **١٩٢٢** هاتووە ئەمە دەقەکەیەتی:

ئێستا نوێنەری باڵای بەریتانی لە ئێراق هەڵدەستێ بە دیراسەکردنی جدی بۆ گرتنەبەری ئەو رێوشوێنانەی هەیە لە بابەت ئیدارەی لیوا کوردیەکان لە ئێراق، نیگەرانی گەیشتە نوێنەری باڵا لە سەر ئەگەری فەرمامۆش کردنی بەرژەوەندی کورد لە پڕۆسەی پێکەوە بەستنەوەی لیوا کوردیەکان بە ئیدارەی ناوەند لە بەغدا لەلایەن ئیدارەی بەریتانیەوە. بۆیە داواکاری هەبووە لە سەر دامەزراندنی خودموختاری لە ناوچە کوردنشینەکان، لە هەمان کاتدا رای گشتی کورد گوزارشتی لە هەستی قوڵی سروشتی پەیوەندیە ئابووریو پیشەسازیە پتەوەکانی کردۆتەوە لە نێوان لیواکانی باکورو هەموو بەشەکانی دیکەی ئێراق، ئەگەر ئەو لیوایانەی لێ جیابێتەوە، ئەوە ئاریشە تووشی ئێراق دەبێتەوە

لە هەمان کاتدا دەمەوێ بەرێز نوێنەری باڵا بزانێ، ئەگەر دەکرێ خواستەکانی کورد دیاری بکرێ لە سەر جۆری پەیوەندیەکەیان بە ئیدارەی بەغداوە، ئەگەر کورد ئامادەو ئارەزوومەندن بە بەستنەوەی ناوچەکەیان بە ناوچەکانی دیکەی ئێراق، ئەوە با پڕۆژەیەك لەو بارەیەوە پێشنیاز بکەن بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراق.

یەکەم/ لە ناوچە کوردنشینەکانی لیوای موسڵ کە لە ژێر ئینتیدابی بەریتانی دان دابمەزرێنن بۆ ئەم قەزایانەی خوارەوە، ئاکرێ، ئامێدی، دهۆك، زاخۆ، کە مەڵبەندی ئەو لیوا تازەیە بێ بە ناوی دهۆك، یاردەدەری موتەسەریفی بەریتانی سەرپەرشتی بکات، ئەفسەرە بەریتانیەکانیش وەکو قائمقام بن بە شێوەی کاتی هەتا قائمقامی کورد جێگەی دەگرێتەوە، یان هەتا عەرەبی گونجاو، کە بتوانێ بە کوردی قسە بکات جێگەی بگرێتەوە، ئەمەش تا ئەوکات کەسی شیاو لە ناو کورد پەیدا دەبێت، جێگای عەرەبەکان بگرێتەوە، لیوای پێشنیازکراوی کوردی لە رووی دادوەریو دارایی بە حکومەتی ئێراقەوە دەبەسترێنەوە، ئەو ناوچانە نوێنەری هەڵبژێردراوی خۆیان دەنێرنە ئەنجومەنی نوێنەرانی بەغدا. قائمقامەکان

پەیوەندییان بە یاریدەدەری موتەسەریفی بەریتانیەوە دەبێ‌و هەموو دامەزراندێکی کارگێڕی دەبێتە کاری نوێنەری باڵای بەریتانی بە راوێژ لەگەڵ دەسەلاتە خوجێیەکان.

دووەم/ نوێنەری باڵا بۆ هەر رێوشوێنێك دەیگرێتەبەر هاوئاهەنگی دەکات لە نێوان ئیدارەی هەولێرو ئەفسەرانی بەریتانی لە کۆیەو رەواندز، بەو مەرجەی هەستی کورد رابگرێ لە دامەزراندنی یەکە کارگێڕییەکان.

سلێمانی وەکو موتەسەریفیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، لەلایەن موتەسەریف‌و دەستەیەکی کارگێڕی بەڕێوە دەچێت، کە نوێنەری باڵای بەریتانی دایدەمەزرێنێت لەگەڵ لیژنەیەکی راوێژکار لە ئەفسەرە بەریتانیەکان، هەتا موستەریف دادەنرێ ئەفسەری سیاسی کاروباری موتەسەریفیە بەڕێوە دەبات، موتەسەریف‌و ئەنجومەنی لیوا مافی چاوخشاندنەوەیان هەیە بە بڕیارەکانی حکومەت، ئەمەش بە راوێژکردن لەگەڵ موتەسەریف‌و ئەنجومەنی وەزیران، ئەو پێشنیازەی کورد لەلایەن کوردانی موسڵ‌و هەولێرەوە قبول کراو لەلایەن کوردانی سلێمانیەوە رەفزکرایەوە، لیوای ناوبراویش هەتا کشانەوەی هێزەکانی لە ئەیلولی ۱۹۲۰، لە ژێر ئیدارەی راستەوخۆی بەریتانی بە رێگەی نوێنەری باڵا دەمێنێتەوە، بەڵام سەربارەت بە لیوای کوردی پێشنیازکراو لە موسڵ جێبەجێ ناکرێ، ئەمەش بە هۆی نەبوونی داواکاری کورد لەو ناوچانەو ئەو قەزایانە بۆ گۆڕینی ئیدارە وەکو خۆیان لە ژێر ئیدارەی موتەسەریفی موسڵدا مانەوە، بەڵام سەبارەت بە هەولێر ئەوە هەموو بەشەکانی پێشنیازی ناوبراو لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە جێبەجێ کرا، لە راستییدا ئەو پێشنیازە ئێستا هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام ئاساییە لێرەدا بە هێند وەربگیرێ، سەبارەت بەو پێشنیازانەی پەیوەستن بە پارێزگای سلێمانی، کە لە بەیاننامەی نوێنەری باڵای بەریتانیدا هاتووە، بەبێ بەرهەڵستی بە هێز لە لایەن حکومەتی ئێراقەوە جێبەجێ ناکرێ، کە لە راستییدا حکومەتی ئێراقی لە کاتی دەرچوونی ئەو بەیاننامەوە بەرهەڵستی کردوە.

٦- بەڵام دەربارەی بە بەیاننامەی دووەم، کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، لەو نامەیەی لە بروسکەی ژمارە ٦٧٦ نوسراوی ٢٨ی تشرینی یەکەمدا هاتووە، بەم شێوەی خوارەوەیە:

حکومەتی خاوەن شکۆی پاشایەتی بەریتانی‌و حکومەتی ئێراق دان بە مافی کورددا دەنێن لە ناو ئێراق بە دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆ لە چوارچیوەی سنووری دیاریکراو، خوازیارین بە زووترین کات زۆربەی رەوەتە جیاوزەکان لە کورد بەگەنە رێککەوتن لە سەر جۆری ئەو حکومەتەو سنوورە جوگرافیەکەی، بۆ ئەو مەبەستە نوێنەری خۆیان بنیرنە بەغدا بۆ گفتوگۆ لە سەر سروشتی

پەیوەندی سیاسیو ئابووری نێوان ئەوانو حکومەتی بەریتانی لەلایەکو حکومەتی ئێراقی لە لایەکی دیکەوە، ئەوەی شایانی باسە ئەو بەیاننامەیە بە ئامادەبوونی شێخ عەبدولکەریمی قادر کەرەم لە ٢٤ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ راگەیاندراو لەو رۆژنامە کوردی بلاوکرایەوە، کە لە سلێمانی دەردەچێت، ئەمە بێجگە لە هیچ شوێنێکی دیکە ئەو بەیاننامەیە بلاونەکرایەوە، خۆی ئەو بەیاننامەیە بە مەبەستی هێورکردنەوەی ئەو بارودۆخە گرژە هات، کە لە ئاکامی پیلانی شێخ مەحمودەوە هاتبوو بە تایبەتی پەیوەندیە گوماناویەکانی لەگەڵ تورك، ئەو بەیاننامەیە بە ئەنقەست بە ئامادەبوونی شێخ عەبدولکەریم خوێندرایەوە، چونکە پێشتر لە لایەنگرانی شێخ مەحمود بووەو لەو هەڵوێستانەی ئێستای نیگەرانە، حکومەتی ئێراقی لە رێگەی ئەو بەیاننامەوە دەیویست سەرکردایەتی میانەڕەو جێگرەوە لە ناو کورد دابین بکات، پێدەچێت شێخ عەبدولکەریم بە هەموو پێوانەیەك بۆ ئەو کارە بشێ. دوای چەند راوێژکردنێکی سەرنەکەوتوو ئیدارەی بەریتانی گەیشتە ئەو باوەڕەی، کە ئەستەمە سەرکردایەتیەکی جێگرەوە دابین بکرێ، کە تێڕوانینی گونجاوی بۆ خواستەکانی کورد هەبێو لەو رێگەیەوە بتوانرێ ئارامیو ئۆقرەییو سیستم لە ناوچەکە بپارێزرێ، بۆیە بەیاننامەی ناوبراو پێش ئەوەی مەرەکەبەکەی وشك بێتەوە مرد، دوای ئەوە پەنابرایە بەر رێگەچارەی سەربازی بۆ داگیرکردنی هەریەك لە رەواندزو سلێمانی، کە بەشێك لەو ئامانجە هاتەدی.

لە بەر ئەو هۆیانە بووە، هەریەك لە حکومەتی بەریتانیو ئێراقی بەرپرسیاریەتی جێبەجێکردنی ئەو بەیاننامەیان نەگرتە ئەستۆ، کوردیش لە ئاکامی نەبوونی یەکدەنگی نوشستی هێنا، ئەگەر ئەو بەیاننامەیە مەسەلەیەکی گرنگ بوایە نەتەوەخوازانی کورد لەماوەی هێنانو بردنی مەسەلەی موسڵ دەیانخستە بیری لیژنەی دیاریکردنی سنوور، بۆیە نەتەوەخوازان بەو بەیاننامەیە سەر لە نوێ چالاك بوونەوەو بەپشتبەستن بەو بەیاننامەیە داوای خودموختارییان دەکرد، ئێمەش پێیان دەڵێین: مافی خودموختاری تێپەڕی، چونکە سوودتان لە ٢٤ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ لە بەیاننامەی ناوبراو وەرنەگرت، کە لەکاتی خۆی ئەو مافەی پێدان، ئێوەش بۆ هێمنکردنەوەی ئۆقرەیی لەو رۆژە سەختانە بەپیر بانگەوازی حکومەتەوە نەچوون.

٧- بەڵام ئەو بەیاننامەی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراقی دەرچوو لە ١١ی تەموزی ١٩٢٣ ئەمە دەقیەتی:

أ- لە کاتی پێویستدا نەبێت حکومەت نایەوێ کارمەندی عەرەب لە لیوا کوردەکان دابمەزرێنێ، ئەویش لە کادیرە هونەریەکان.

ب- حکومەت نایەوێ زمانی عەرەبی لە نوسراوەکانی ئەو ولایەتە فەرز بکات.

ت- دەبێ بە ڕێگەی گونجاو مافی هەموو هاوڵاتییانی شارو ئاینی لیوا کوردیەکان پارێزراو بێت.

سەرەڕای دەرکردنی ئەو بەیاننامەیەی بڵاونەکرایەوە، وەکو ڕێوشوێنی یەدەك وابووە بۆ هاندانی کورد لە بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی عیراقی، لەگەڵ ئەوەدا بارودۆخ ئەوەی نەدەخواست کە بەیاننامەیەی لەو جۆرە دەربچێت، بەڵام گوزارشتی ئەو بەیاننامەیە لە خۆیدا بەڵگەی ئەوەیە، کە چالاکیە سەربازیەکانی دوای نیسانی ١٩٢٣ مافی نەتەوەیی کوردی گۆڕیوە بە تەنیا بۆ مافی رۆشنبیریو کارگێڕی.

٨- ئێستا دەچێنە سەر باسی ئەو بەیاننامانەی دوای بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لە سەر کێشەی ولایەتی موسڵ دەرچوو، لە ٦ی کانونی دووەمی ١٩٢٦ سەرۆکی وەزیرانی عیراقی[١]، سەبارەت بە هەردوو بەندی ٣و ٤ی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان پەیوەست بە کێشەی موسڵ نامەیەکی ئاڕاستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراقی کرد، نوسخەیەکی ئەو پرسیارەو وەڵامەکەیان لەگەڵ راپۆرتێکی نهێنیدا بۆت دەنێرم، کە لە مێژووی ١٣ی کانونی ١٩٢٦ نوسراوە، بەڵام هەر بۆ زیاتر سوودوەرگرتن لێرەدا نوسخەیەکی دیکەتان بۆ هاوپێچ دەکەم. لە ٢١ی کانونی دووەم سەرۆکی وەزیرانی ئێراقی لە ئەنجومەنی نیشتیمانی لە سەر هێڵە گشتیەکانی سیاسەتی حکومەتەکەی قسەی کرد، کە بەشێکی پەیوەست بووە بە کێشەی کورد، ئەو نامەیەی من وەربگرە، قسەکانی لە لایەن هەموانەوە پێشوازی گەرمی لێکرا، دوایی رێنومایی لەو بارەیەوە بۆ هەموو وەزارەتەکانی ئێراقی نێردرا، لەوەش نوسخەیەکی هاوپێچی بۆ روونکردنەوە لەگەڵ دایە، کە پەیوەستە بە سیاسەتی ئێراقی پەیوەست بە کێشەی کورد، بەو بۆنەوە ئەو خوانەم بە دەرفەت زانی، کە لەلای منەوە بۆ ئاهەنگی واژۆکردنی پەیمانی ئێراقی — ئێرانی ساڵی ١٩٢٢ ئامادەکرابوو، لە وتەیەکدا بەو بۆنەوە ئاماژەم بە مەسەلەی کوردی دابوو، هاوپێچی ئەمە ئەو وتەیە، کە لە (بەغدا تایمس)م بڵاوکردۆتەوە، رۆژنامەکە وەڵامی خاوەن شکۆ مەلیکی ئێراقیشی بڵاوکردۆتەوە لە سەر قسەکانی من، هەردوو دەقەکەش لە رۆژنامەیەکی ناوخۆ وەڵام دراوەتەوە.

٩- لەوەی سەرەوە بە تەواوی ئەو ئەرکە بەدەردەکەوێ، کە لە ئاکامی قبوڵکردنی بڕیاری کۆمەڵەی گەلانی تایبەت بە مەسەلەی موسڵ دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی ئێراق، بە تایبەت ئەو بەندانەی پەیوەندیان بە مافی کوردەوە هەیە، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە، ئەوەیە کە

---

[١] - مەبەست لە عەبدولموحسین سەعدونە، کە لە ساڵی ١٢٩ خۆی کوشت "و"

تا چەند ئیدارەی حکومەت لە لیوا کوردیەکان لەگەڵ بریاری کۆمەڵەی گەلانی ئاماژە پێکراو مامەڵە دەکەن.

١٠- ئەوەی پەیوەندی بە بەکارهێنانی زمانی کوردیەوە هەیە، پێویستە ئەوە بیربخەمەوە، کە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی زمانی کوردی لە ئاستی تاكو لە ئاستی حکومی زمانی نوسین نەبووە، چەند دیوانێکی شیعری بە کوردی هەیە، بەڵام بەکارهێنانی وەکو ئامرازی پەیوەندی لە ژیانی کورد دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی بەرپرسانی بەریتانی، پێشتر کورد زمانی فارسیو تورکیو عەرەبی بەکارهێناوە، هەتا ئێستاش بەکارهێنانی زمانی کوردی وەکو ئامرازی پەیوەندی کردن نەگەیشتۆتە ناوچە کوردنشینەکانی لیوای موسڵ، بە جۆرێ هەتا ئێستاش زمانی عەرەبیو تورکی باوە، وردە وردە بەکارهێنانی زمانی کوردی گەیشتۆتە لیوای هەولێر، هەتا بریاری بە رەسمی کردنی زمانی کوردیانداوە، چەند ساڵێکە زمانی کوردی لە لیوای سلێمانی بۆتە باو، بۆ یەکەم جار زمانی کوردی لە رێگەی دەسەڵاتی داگیرکاریەوە (**سلطة الاحتلال**) دەستی پێکرد، دوایی ئەو پرۆژەیە لەلایەن حکومەتی ئێراقیەوە بە دڵسۆزی لەو لیوایە جیبەجێ کرا، لە بەغدا حکومەت رێ داوە دوو رۆژنامە بە زمانی کوردی دەردەچێ، هەتا حکومەت هانی ئەو هەوڵەی داوە.

١١- (٢٥) قوتابخانە لە لیوان کوردیەکان هەن، ٦ لەوانە بۆ مەسیحانەکانن، کە بە زمانی عەرەبیو کلدانی دەخوێنن، ١٦ لەوانە بە کوردیو ٤ی دیکە لەوانە بۆ خویندکاری کوردو مەسیحییەکان پێکەوە، کە بە زمانی عەرەبی دەخوێننو زمانی کوردی بەو پەڕی ئازادی بۆ شرۆڤەی دەرسەکان بە گوێرەی پێویست لەلایەن مامۆستایانی عەرەبییەوە بەکاردەهێنرێت، لە کۆی ٥٢ بەڕێوەبەری قوتابخانە تەنیا هەشتیان نەبێت ئەوەی دیکە هەموو کوردن، ئەو هەشتە بە زمانی کوردی قسە دەکەنو زمانی عەرەبیش بەکاردەهێنن، زۆر گرنگە بۆ ئەو خوێندکارانەی دەیانەوەی قۆناغی پێشکەوتوو بخوێنن، کە پێشتر بە تەنیا ١٣ مامۆستای عەرەب هەبووە، بەڵام ئێستا بە خێرایی ژمارەیان کەم بۆتەوە.

سەرەڕای ٢٢ قوتابخانەی کوردی ئێستا زۆر لە عەرەبو تورکمان زمانی کوردی دەزاننو لە قوتابخانەکانی دەرەوەی ناوچە کوردنشینەکان دەخوێنن، بۆیە سیاسەتی فێرکردن لە عیراق لە تەواوی چوارچیوەی پەیمانی بڕیاری کۆمەڵەی گەلانی پەیوەست بە چارەسەری کێشەی ولایەتی موسڵە، پێشکەوتن لە ئێراق ئەوە ناخوازێ سیاسەتی بگۆڕێ، بەڵکو ئەگەر بتوانێ لە ریگەی زیادکردنی ژمارەی قوتابخانەوە دەبێ.

١٢- له كۆی ٥٧ كارگێڕی بەڕێوەبەرایەتیە حكومیەكانی سەر بە هەردوو وەزارەتی ناوخۆو دارایی لە دەرەوەی ناوچە كوردنشینەكان ٤٣ لەوانە كوردنو ٩ كوردیش لە دەرەوەی ناوچە كوردنشینەكان هەن، بە بەردەوامی ئەو كارگێڕانەی كورد نین لە لیوا كوردیەكان كەم دەكرینەوە، سیاسەتی بە كوردیكردنی یەكە ئیاریەكانی لیوا كوردیەكان بەجدی لە سەر بە توانایی وەستاوە.

١٣- وەزارەتی داد ١٣ كەسی لە یەكە ئیداریەكانی دادو نوسینگەی لیوا كوردەكان هەبووە ١٠ لەوانە كوردن، زمانی كوردی لە دادگای سلێمانیو قەزای كۆیەی سەر بە هەولێر بەكاردهێنرێت، تەرجەمەی عەرەبی هەیە بۆ پاسكۆی ئەو كێشانەی دەنێردرێنە دادگای تێهەڵچوونەوەی گەورە یان دادی بەرایی، ٦ دادوەری كورد لە وەزارەت لە دەرەوەی ناوچە كوردەكان هەن.

١٤- لە بەڕێوەبەرایەتیەكانی دیكەی وەكو ئەوقاف، پۆستەو بروسكە، ئیشغالی گشتی، گرتوخانە، گومرگ، ئاودێری، تاپۆ، گشتوكاڵ) ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە ٥٥ كاربەدەستی لیوا كوردیەكانە ٣٨ لەوانە كوردن، هەورەها ٧٨ كاربەدەستی لە دەرەوەی لیوا كوردنشینەكاندا هەیە.

١٥- ئەو زانیارییانەم لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتی سەرژمێری گشتی كۆكردوونەتەوە، بێجگە لەو كوردانەی لە كاری دەستی یان وەكو كاتب كار دەكەن، بە تایبەت بەڕیوەبەرایەتیە حكومیەكان لە لیوا كوردیەكان بە زۆری پشت دەبەستن بە دامەزراندنی كرێكاری كورد لە ناوچەكانی خۆیان، ئەوكات كورد لە ئەوانی دیكە زیاتر دەبن، لە راستیدا ژمارەی ئیداریو كاربەدەستی كورد زۆر لەوە زیاترن، كە باسمان كردن، چونكە پشتمان بە تۆماری سەرژمێری بەستووەو بەتەنیا بۆ ئەوانەی وەكو رەگەز كوردبوونی خۆیان دیاری كردووە، زۆریش هەیە لەو كوردانە رەگەزی نەتەوەیی خۆیان دیاری نەكردووە لەو تۆمارانەی ناومان بردون.

١٦- كورد پشكی تەواوی لە بەڕێوەبەرانیەتی دەوڵەتی ناوەند هەیە، ٢ كورد لە كۆی ٢٠ لە ئەنجومەنی پیاوماقوڵانو ١٤ ئەندامی كورد لە كۆی ٨٨ ئەندامی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی ئێراقی هەیە، وەزیری دادو ئیشغالی گشتیو نوێنەری حكومەتی ئێراقی لە لەندەن كوردن.

١٧- كورد ٠/٠١٧ كۆی گشتی دانیشتوانی ئێراق پێك دەهێنێت، ٠/٠٢٤ كارمەندانی پۆلیسو ٠/٠١٤ لە سوپاو ٠/٠٢٣كرێكارانی هێڵی ئاسن پێك دەهێنن، لە كۆی ٢٠٠٠٠ پۆلیسو سەربازو كرێكاری هێڵی ئاسن ٤٠٠٠ یان كوردن.

١٨- هیوادارم ئەو زانیاریانەی بۆم ناردون بەشی ئەو راپۆرتە بکات، کە بە نیازن بۆ کۆبوونەوەی ئایندەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان ئامادەی دەکەن، پێشنیازدەکەم ببێتە راپۆرتێکی تیروتەسەل بۆ ئەو سیاسەتەی گیراوەتە بەرو چۆنیەتی گونجاندنی لەگەڵ راسپاردەکانی لیژنەی سەر بە کۆمەڵەی گەلانی راسپێردراو بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی سنووری ئێراق — تورکیا. پیویستە راپۆتەکە ئەو مەبەستەی تێدا بێ، کە هەردوو حکومەتی ئێراقو بەریتانیا بەردەوام دەبن لە سەر پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتەی لەگەڵ راسپاردەی کۆمەڵەی گەلان دانراوە. یاداشتامەی وەزارەتی داگیرگەکان، کە لە راپۆرتی پێشەوە ئاماژەمان پێدا پێویستە کۆمەڵەی گەلان بە چەند خاڵێك ئاگادار بکەنەوە، کە حکومەتی ئێراقی وەکو رێوشوێنی ئیداری گرتویەتیەبەر لە پێناو جێبەجێ کردنی راسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلانی تایبەت بە مافی ئیداری کوردان، لەگەڵ دەرچوونی هەر بڕیارێك لەو بارەیەوە ئاگادارتان دەکەینەوە "من لەو بارەیەوە دژی لیداوانم، چونکە پێویست بە هیچ رێوشوێنێکی زیادە ناکات بۆ گرتنەبەری سیاسەتی ئیداری پەیوەست بە کورد، هەموو رێوشوێنیکی دیکە دەبێت لە چوارچێوەی گەشەی ئاسایی وڵات دەرنەچێت، بۆیە پێویستمان بە بەڵێنی دیکەی نا پێویست نیە، هەرچی داواکاریە لە چوارچێوەی سیاسەتی پەیڕەوکراوی ئێستایە، ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان جەخت لە سەر سووربوونی ئێمە بۆ جێبەجێ کردنی راسپاردەکانی کۆمەڵە لە ریگەی راپۆرتی لیژنەی ئینتیدابی هەمیشەیی دەکاتەوە.

١٩- نامەوێ لەو قسەی من وا حاڵی بن، کە هیچ داواکارییەك بۆ خودموختاری لە کوردستاندا نیە، لە راستیدا ئەو رێگەیەی گیرایەبەر بۆ داڕشتنی بەندی سێیەم لە بڕیارەکانی کۆمەڵی گەلانی پەیوەست بە کێشەی موسڵ، هەندێ لە عەرەبەکانی وا حاڵی کردووە، کە حکومەتی گەورەی بەریتانیا هەتا ئێستاش دەیەوێ دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد دابنێ، کەواتە چاوەڕوان کراوە هەندێ لە کوردانیش ئەو تێگەیشتنەیان لە سەر ئەو بەندە بۆ دروست بێ، چونکە ئەو بەندە پاڵشتی خواستە نەتەوەییەکانی کردووە، هەتا ئێستاش هەیە لە ناو کورد خەون بە دەوڵەتی کوردی نیوە سەربەخۆ لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراقیدا دەبینن، لەگەڵ دەرچوونی بڕیاری کۆمەڵەی گەلانی پەیوەست بە یەکلاییکردنەوەی کێشەی موسڵ جارێکی دیکە ئەو خواستە بووژایەوە، هەندێ سەرچاوەی باوەڕپێکراو بە نهێنی ئاگاداریان کردمەوە، کە هەندێ لە پیاوانی ئاینی مەسیحی لە لیوا کوردیەکان هانی دەمارگیری جیابوونەوەی کوردی دەدەن، چونکە لەو باوەڕەدان لە چوارچێوەی قەوارەیەکی بچوکی کوردی سەربەخۆ ئازادیان زیاتر دەبێ لە بوونی ئەوان لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراق، کە دەسەڵاتی

ناوەند بە هێزی هەبێت، بەڵام دەتوانین بە هەموو متمانەوە بڵێین ئێستا لە لیوا کوردەکان کۆدەنگی بۆ داواکاری خودموختاری نیە، هەروەها دوور نیە کورد پێی وابێ لە چوارچێوەی کوردستانی گەورەی سەربەخۆ، کە لە پەیمانی سیڤەر بەرجەستە بووە بێتەدی، دەمەوێ جەخت بکەمەوە، کە وروژاندنی داواکاری بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە سەر شێوەی خودموختاری بیۆ هەر هەنگاوێکی دیکە ئاسایی نیە، بەڵکو زیانی هەیە بۆ سەر بەرژەوەندی هەموو ئێراقو هەتا بۆ سەر بەرژەوەندی لیواکانی باکور. ئەو گوزراشتەی بڕیاری کۆمەڵەی گەلانی تایبەت بە کێشەی موسڵ هۆکارێك بووە بۆ هوشیاربوونەوەی هەستی نوستووی نەتەوایەتی کورد، دووبارە هیوای جوداخوازی پێدانەوە، ئەگەری ئەوەش هەیە ئەگەر سنوورێکی بۆ دانەنرێ ئەو هەستە ئاکامی مەترسیداری لێ بکەوێتەوە، بەڵام پیاوە ژیرەکانی کورد لە لیوا کوردەکان لەم رۆژانەدا خۆشگوزەرانی ئێراقی بە ئایندەی خۆشگوزەرانی لیوا کوردەکانەوە دەبەستەوە، ئەو توێژە هوشیارە داوا دەکەن پشکی ناوچە کوردنشینەکان لە خزمەتگوزاریو فێرکردنو بنیاتنانی زیاتری رێگەوبان زیاد بکرێ، کە من سوورم لە سەر بە پیرەوەچوونی ئەو جۆرە خواستانەی کورد لە حکومەتی ئێراقی.

٢٠- دەمەوێ لە ئایندەدا بە راپۆرتێکی جیادا ئاماژە بۆ ئەو بڕگەیەی دوایی یاداشتنامەکەتان بکەم، کە پەیوەستە بە بەشی ٥ی بریاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان.

**دڵسۆزی خۆتان**

**ئای. ئار، بۆردون**

**نوێنەری باڵای گشتی لەئێراق.**

## وەزارەتی دەرەوە FO /٣٧١/١٢٢٥٥

## بە جوفرە

## لە میستەر کەلیف ٤/کانونی دووەمی ١٩٢٧، ژمارە

**نهێنی**

لە سەرچاوەی نهێنیو باوەڕپێکراوەوە زانیوومانە، کە دەستەی ئەرکانی گشتی بەڵگەنامەیەکی دەستکەوتووە، دەڵێ: ڕێککەوتننامەی واژۆکراو لە نێوان ئیدارەی بەریتانی لە ئێراقو شێخ مەحموددا هەیە، بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەیە ئیدارەی بەریتانی دان بە خودموختاری بە کوردستاندا دەنێ.

ئەو بەڵگەنامەیەی کە گومانی تێدا نیە ساختەیە، لە لای دەستەی ئەرکانی ئێرانیو شا گومانی زیاتری دروست کردووە بەرانبەر ئیدارەی بەریتانی لە ئێراق، بۆیە بە زەحمەت ڕەزامەندی ئێرانی لە مەسەلەی بەدواداچوونی (الملاحقە)ی ئاسمانی لە کەنداو وەردەگیرێ.

داوام لە پاشکۆی سەربازی خۆمان کرد لە تاران، کە لەو بارەیەوە دڵنیایی تەواو بداتە حکومەتی ئێران، هەروەکو پێشتریش باڵوێزی بەریتانی لە بەغدا وەزارەتی دەرەوەی تورکیای لە هەڵوێستی ئێمە لە بەرانبەر کورد دڵنیاکردەوە.

دووریش نیە حکومەتی ئێراق لەو بارەیەوە هەندێ لیدوانی دابێت، کە بووبێتە هۆی لابردنی هەندێ تەمو مژ لە پەیوەندی ئێراقی- ئێرانی، بەڵام زەحمەتە لەو بارەیەوە هەردولا قەناعەت بکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی ئێستای شا لە بەرانبەر ئێراق.

ئەم بەڵگەنامەیە دەنێرم بۆ وەزارەتی دەرەوە بە ژمارە (١)، بەغدا ژمارە (٢٠).

**وەزارەتی دەرەوە ١٢٢٨٨**

**ئێران ، نهێنی، راپۆرتی ژمارە (١)**

**٣١ی شوباتی ١٩٢٧ بروسکەی نهێنی**

**لە: مسیتەر کلیف باڵوێزی بەریتانی. تاران**

**بۆ: ئاوستن جامبران، وەزیری دەرەوە**

لە دوای وەرگرتنی بروسکەی هێژا دوبیس بە ژمارە ٧ی نوسراوی ٦ی کانونی دووەم، (دووبارە بۆ وەزارەتی داگیرگەکان بە ژمارەی "٨") لە سەر مەسەلەی شێخ مەحمود، نوسینی ئەو یاداشتەم بە پێویست زانی، ئەمەش بە پشتبەستن بە پێشنیازەکانی هێژا دوبیس، هەتا بە روونیو تەواوی هەڵویست لە مەڕ دانوسان لەگەڵ شێخ مەحمودتان بۆ روون بکەمەوە، ئەگەر بکرێ ئێوەش گومانتان نەمێنێ لەو هەڵوێستە لەلای شا هەیە لە مەڕ سیاسەتی ئێراق لە کوردستان.

٢- لە بروسکەی ژمارە (١) بە مێژووی ٤ی کانونی دووەم، کە میستەر دوبیس وەڵامی بروسکەی ناوبراوی ٥ی کانونی دووەمی داوەتەوە، شەرەفمەندم بە پشتبەستن بە سەرچاوەی نهێنیو باوەڕپێکراو ئاگادارتان بکەمەوە، کە دەستەی ئەرکانی سەربازی ئێرانی بەڵگەنامەیەکیان دەست کەوتووە، گوایە لەوێدا هاتووە، حکومەتی ئێراقیو ئیدارەی ئینگلیز دەیانەوێ دانبنێن بە خودموختاری کوردستانو شێخ مەحمود وەکو دەسەڵاتداری سەربەخۆ بناسن.

٣- ئێستا شەرەفمەندم نوسخەیەکی ئەو نامەیە لەگەڵ یاداشتنامەیەك، کە بە زمانی فارسی وەرگێڕدراوە بۆ تەیمورتاشی وەزیری دەرەوە (ئێرانی "و") هاوپێچ بکەم، لە کاتێکدا ئەو یاداشتنامەیە لە ژێر رۆشنایی ئەو زانیاریانەی لای بەریز دوبیس دەست کەوتوون، تەواوی وردەکاری دانوسانی تێدایە لەگەڵ شێخ مەحمود، خوازیارم ئەمە ببێتە هۆی رەواندنەوەی ئەو گومانە لە لای خاوەنی شکۆ شا، هەتا نەبێتە وەرگرتنی هەڵوێست لە مەڕ پەلاماردانیی ئاسمانی بەریتانی، هەروەها دەتوانین ئەو سەرنجە لە نامەکەی بۆ تەیمورتاشم ناردووە وەربگرن، کە بۆ خۆم ناردوومە بۆ وەزیری دەرەوەی ئێرانیو پاشکۆی سەربازی هەولێدا هەموو راستیەکان بۆ سەرۆکی دەستەی ئەرکانی گشتی روون بکاتەوە.

نوسخەیەك لەم یاداشتە بنێرە بۆ نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا - ئێراق

**پاشکۆی(١) لە راپۆرتی (١)**

**(ئەم نامەیە بە زمانی فارسیەو تەرجەمە کراوە).**

**پاشکۆی (٢) راپۆرتی (١)**

## بیرخەرەوەیەك سەبارەت بە دانوسانی حکومەتی ئێراقی لەگەڵ شێخ مەحمود لە پاریزگای سلێمانی

بێزیانە ئەگەر بە کورتی لەم راپۆرتەدا مێژووی ئەو چوار ساڵەی رابردوو لە پەیوەندیەکان لەگەڵ شێخ مەحمود بنوسم

لە ئەیلولی ١٩٢٢ ئەو کاتەی شێخ مەحمود کرایە فەرمانڕەوای سلێمانی، دیارکەوت بۆ ئەوەی بە ئێمە کۆنترۆڵ نەکری هەموو هەوڵەکانی خستۆتە گەڕ، هەولێدا دەسەڵاتی بگەیەنێتە ناوچە کوردنشینەکانی دیکەی لیوای کەرکوك‌و موسڵ، بەو هۆیەوە لە رێگەی هێرشێکی سەربازی لە دژی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٤، شێخ مەحمود دوای ئەوەی پشتیوانی مەحمودخانی دزلی مسۆگەرکرد دەستی کرد بە دژایەتی دەوڵەت، حکومەتی ئێراقی ناچار بوو رێوشوێنی سەربازی لە دژی بگرێتەبەرو ناچاری بکات لە ئەیلولی ١٩٢٥ پەنابەرێتە بەر مەریوان لە ناو سنووری ئێرانی. مەریوانی کردە بارەگای شاڵاوە دوژمنکاریە بەردەوامەکانی بۆ سەر خاکی ئێراق، بە پشتیوانی هۆزەکانی هەورامان‌و مەریوان هەتا لە حوزەیرانی هەمان ساڵ لە سەر ئەو شاڵاوانەدا بەردەوام بوو، هێزەکانی ئێراقی بۆ جارێکی دیکە ناچاریان کرد بکێشێتەوە بۆ ناو خاکی ئێرانی، لە ئابی ئەو ساڵەو دوای بە دەستهێنانی پشتیوانی هۆزە کوردەکان دووبارە هەمان شاڵاوی دەست پێکردەوە، جارێکی دیکە حکومەتی ئێراقی ناچار بوو، لەو شوێنە هێرشی بکاتە سەرو ناچاری بکات بچێتەوە خاکی ئێران‌و .... وەکو بارەگای تازە دیاری بکات، لەوێ بمێنێتەوە هەتا ساڵی ١٩٢٥، لە بەهاری ساڵی ١٩٢٦ زۆر بەکەمی سەردانی خاکی عێرای دەکرد، بەڵام لە بارەگای تازەیدا عەسابەکانی دەنارده ناو خاکی ئێراق، لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٦ دووبارە لایەنگرانی خۆی لە هەورامانی‌و مەریوان کۆکردەو هێرشی کردە سەر کاروانێکی هێزەکانی ئێراقی لە نزیك پێنجوین. لەو چالاکیەدا فرۆکەوان‌و

چاککەرەوەیەکی فرۆکە وەکو دیل کەوتنە دەست هێزەکانی شێخ مەحمود، چونکە ناچاربوون فڕۆکەکانیان لە ناو خاکی ئێراق بنیشنەوە، شێخ مەحمود هەردووکی دیل کردنو بردینیە بارەگای خۆی لە (لاچیر) لە ناو ئێران.

٣- لە دوای دوورخستنەوەی شێخ مەحمودەوە لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٤ چەند جار قسە لەگەڵ حکومەتی ئێران کراوە، رێگەنەدات هۆزە ئێرانیەکان (هۆزەکانی کورد، و) هاوکاری شێخ مەحمود بکەن، نەهێڵێ ئەویش لە خاکی ئێراندا بمێنێتەوەو لە ناوچە سنووریەکان دووری بخاتەوە، هەروەها لەو کاتەی دوو کەس لە هێزی ئاسمانی پاشایەتی (بەریتانی ،و) دیل کران، چەند جار داوامان لە ئێرانیەکان کرد هاوکاریمان بکەن بۆ ئازادکردنی، بەڵام بێ ئاکام بوو، سێ مانگ ئەوانە لە ئێران مانەوە هەتا شێخ مەحمود لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦بڕیاری ئازادکردنی دان.

٤- بە تەنیا ئازادکردنی ئەو دوو دیلە ئاماژە نیە بەوەی شێخ مەحمود حەزی زۆری هەیە بۆ دووبارە دانوسانو پەیوەندی لەگەڵماندا، پێشتر لە مانگی تشرینی یەکەم لە خورماڵ لە ناو خاکی ئێراقی چاوی کەوتبوو بە راوێژکاری وەزیری ناوخۆی ئێراقی مسیتەر کۆرنەوالیس[1]ی ئینگلیزی بۆ گفتوگۆ لە سەر ئایندەی خۆییو مەسەلەی گەڕاندنەوەی موڵکو سامانە دەست بەسەراگیراوەکانی لەلایەن حکومەتی ئێراقیەوە، لەو گفتوگۆیەی دوایی شێخ مەحمود وتبووی: بە مەرج دەگەڕێتەوە بۆ ئێراق، بەڵام ئێستا دەیەوێ روخسەتی بدەن بچێتەوە بۆ ناو خاکی ئێران، هەتا راوێژ بە هاوڕێکانی بکات، زۆری نەبرد گفتوگۆمان لەگەڵ کردو داواکەمانی قبول کرد بە ناردنی نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ لای حکومەتی ئێراقی لە بەغدا بۆ وەرگرتنی وردەکاری ئەو مەرجانەی لە سەر حکومەتی ئێراقیە، ئەوانیش لە دوای گۆڕانکاریەکی کەم بە هەموو مەرجەکانی رازیبوون. لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦ی نوێنەری تایبەتی شێخ گەیشتە بەغدا، بە بەردەوامی لەگەڵ حکومەتی ئێراق لەرێگەی وەزارەتی ناوخۆ لە گفتوگۆ دابوون، بەڵام لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٦ نوێنەری شێخ مەحمود لە جیاتی ئەو هەمان داوای خستەوە بەردەم حکومەتی ئێراقی.

١- بۆ ئەوەی حکومەتی ئێراقی لە نیازپاکی شێخ مەحمود تێبگات لە دەرەوەی سنووری ئێراقیدا دەمێنێتەوە.

---

[1] - دواتر لەساڵانی شەڕی دووەمی جیهانی بووە باڵوێزی بەریتانی لە ئێراق. و

٢- حکومەتی ئێراقی بە تەواوی ئەوە بزانێ، کە مانەوەی شێخ مەحمود لە دەرەوەی ئێراق واتە شێخ مەحمود ئاسایشی ئێرانی دەوێ، نایەوەی کاری سیاسی بکات، دوای چەند ساڵێکی دیکە گەر زانی مامەڵەی باشی لەگەڵ دەکرێ دەگەڕێتەوە.

شێخ مەحمود بەڵێن دەدات بە بێ ڕەزامەندی پێشتری حکومەتی ئێراقی نەیەتە ناو خاکی ئێراقی، هەروەها بەڵێن دەدات دەست لە هیچ کاروباریك وەرنەدات، لە ڕێگەی وەکیلەکانی کاروباری موڵكو سامانی لە ناو ئێراق بەڕێوەبەرێو بە شێوەی دەوری باجی پێویست بداتو دەست وەرناداتە کاروباری ئیداری یان سیاسی حکومەتی ئێراق.

شێخ داوای لە حکومەتی ئێراقی کرد لە ئایندەیەکی نزیك حکومەتی کوردی سەربەخۆ لە ژێر ڕۆشنایی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان (بریاری ١٩٢٥ی تایبەت بە چارەسەری کێشەی موسڵ) دابمەزرێنێ، داوای کرد دوای واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە حکومەتی ئێراقی رازی بێت هەموو سامانە دەستبەسەراگیراوەکەی بۆ بگەڕێننەوە.

حکومەتی ئێراقی دوای ڕێککەوتن لەگەڵ نوێنەری باڵای بەریتانی وەڵامی شێخ مەحمودی دایەوە، کە ئامادە نیە چاوبخشێنێتەوە بە پێکهێنانی حکومەتی سەربەخۆی کوردی، بەڵام مەرجەکانی دیکەی بە دەستکاریەکی کەمەوە قبوڵە.

# پاشکۆی (١)

## تەرجەمەی نامەی شەخسی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی ئێرانی بۆ وەزیری دەوڵەتی خاوەن شکۆی پاشایەتی

**وەزیری ئازیز**

نامە تایبەتیەکەم، کە لە ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٢٧ ناردبووت، خوێندەوە، پەیوەندی بە شێخ مەحمود هەبوو. شاراوە نیە لای ئێوە ئەو یەکێکە لە ناودارترین سەرۆك هۆزەکانی کوردستانو هەتا ئێستا بۆتە هۆی چەندان ئاریشە لە ناوچەکە، ئەگەر بەراوردی ئەو زیانانەی بکەین کە لایەن شێخ مەحمودەوە بە حکومەتی ئێراقی کەوتووە لە ناوخاکی ئێراق لەگەڵ ئەو زیانانەی لە ناو خاکی ئێران لە حکومەتی ئێراقی داوە، دەبێ حکومەتی ئێرانی سنوورێك بۆ ئەو کێشانە دابنێ، بەڵام بە هۆی بەسەرچوونی ئەو ماوە زۆرەی ئاریشەکان، ناتوانی بە یەکجاری هەموو کیشەکان چارەسەر بکات، لە راستیدا حکومەتی ئێران لەو بابەتانەی پەیوەستن بە سنوور دەبێ بە هاوئاهەنگی هەوڵەکانی هەردوو حکومەتو لەهەردوولاوە بێت.

نوێنەری باڵای بەریتانی لە ئێراق رای وایە پێشنیازی شێخ مەحمود بۆ دروست بوونی دەوڵەتی کوردی سەرچاوەی ئەو دوودڵیەیە، کە جێی رەزامەندی نیە، ئەو بە تەواوی لەگەڵ حکومەتی ئێرانی هاورایە، بەرهەڵستی پێشنیازی لەو جۆرەن، ئەو دڵخۆشە بەوەی هەردوو حکومەت بۆچوونی هاوبەشیان هەیە لە سەر مەسەلەی شێخ مەحمود، کە بۆ ماوەیەکی کاتی شێخ مەحمود لە خاکی ئێراق بمێنێتەوە، نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا لەو نامەیەی شێخ مەحمود تێدەگات، کە لە ئێوە شاراوە نیەو دەزانن، کە مانەوەی شێخ مەحمود لە ئێران پەیوەندی بە دەسەڵاتی حکومەتی ئێرانیەوە هەیە، زۆر پێویستە رەزامەندی ئەوانەی لە سەر بێت، حکومەتیش چۆن گونجاو بێت ئەوها مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

**واژۆ: عەلی قولی**

# پاشکۆی (٢)

## باڵوێزخانەی بەریتانی- تاران ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٢٧

**وەزیری بەڕێز**

ڕێگەم پێبدە سوپاستان بکەم بۆ ئەو نامەیەی لە ٢٦ی ئەم مانگە ناردبووتان، کە پەیوەست بووە بە کێشەی شێخ مەحمود، دڵخۆشم بەوەی ئاماژەتان داوە بە زەرورەتی هاوکاری نێوان دەسەڵاتدارانی ئێرانیو ئێراقی بۆ چارەسەری کێشەی ئاڵۆزی سنووری نێوانیان، لێدوانی ئێوە لەو بارەیەوە، کە بەتوندی دژی بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆن، من دڵنیام حکومەتی ئێراقی وەکو من سوپاستان دەکات، لێرە هاوڕاین بۆ یەکسختنی بۆچوونەکانی هەردوو دەوڵەت دەربارەی پرسە سنووریەکان.

پێویست بە دڵنیاکردنەوەی من ناکات، هاوڕام کە حکومەتی ئێرانی لە کاتی گونجاودا شێخ مەحمود دوور دەخاتەوە، دەرپەڕاندنی شێخ مەحمود لە خاکی ئێرانی کاریگەری زۆر باشی دەبێت لە لای حکومەتی ئێراقی، کە لە ماوەی دە ساڵی رابردوو بە بەردەوامی دەیەوێ لەو پیاوە رزگاری بێت، بەڵام کۆسپی بەردەم ئەو هەوڵانە پەنابردنیەتی بۆ ئێران. گومانی تێدا نیە ئەگەر شێخ مەحمود پەناگەی لە ئێران نەمێنێ مامەڵەی نەرمتر دەبێت.

**لەگەڵ ئەو پەڕی دڵسۆزی**

**ر.ه.کلیف**

**Post/script**

بەم نزیکانە هەوالّم پێگەیشت، لە سەر کۆتایی هاتنی  وتوووێژەکانی نوێنەری شێخ مەحمودو حکومەتی ئێراقی، پێش ئەوەی نوێنەری شێخ مەحمود بۆ وەرگرتنی رەزامەندی شێخ لە سەر ئەو بەندەی لە سەری ریککەوتن لە بەغدا بگەڕێتەوە بۆ ئێران نوێنەری بالاّی بەریتانی لە بەغدا، داوای لێکرد کە ئەم راستییانە بۆ شێخ مەحمود روون بکاتەوە:

١- دەرفەتێك نەماوە کورد لە ئێراق هیچ ئیمتیازاتێکی دیکەی نەتەوەیی وەربگرێت، کوردی نیشتەجێی لیوا کوردەکان خەسلّەتی تایبەتی خۆیان هەیە، بەلاّم چاوەڕوان ناکرێ لەوەی ئێستا هەیەتی مافی زیاتری پێ بدرێ.

٢- لەو حالەتەی شێخ مەحمود یان هەر هاوڕێیەکی کاری ئاژاوە لە ناو ئێران ئەنجام بدات یان کێشە بۆ حکومەت دروست بکات، ئەوکات وەکو پیاوێکی کۆسپی بەردەم ئاشتی ناو ئێران دێتە ناسینو دەسبەجێ ئەو رێککەوتننامەیەی بڕیارە لەگەلّ شێخ مەحمود واژۆ بکری یەکسەر هەلّدەوەشێتەوە.

بەندەکانی ئەو رێککەوتننامە پێشنیازکراوە هێلّە گشتیەکانی لەو یاداشتنامەیەدا هاتووە، کە پێشتر نوسخەیەکمان لەگەلّ راپۆرتەکەی کانونی دووەمدا نارد.

ئەو زانیاریانەی لە سەرەوە هاتووە چووە بۆ وەزیری دیوان، هەتا ئەویش بینێرێ بۆ خاوەن شکۆ پاشا، کە وەکو شتێکی بە کەلّك وایە.

**ر. ه. کلیف**

**وەزارەتی دەرەوەی ئێران FO/٣٧١/ ١٢٢٨٨**
**ئێران – تاران ٢٩ی ١٩٢٧**
**نهێنی E888/٤٨/٣٤**
**لە سێر ئایچ، ئار. کلیف**
**بۆ سێر ئۆستن جامبران**

**بەرێز**

١- شەرەفمەندم ئاگادارتان بکەمەوە، ئەمڕۆ جەنەراڵ شەیبانی سەرۆکی دەستەی ئەرکانی گشتی (ئێران)م ناسی.

٢- پاشکۆی سەربازی باڵوێزخانەکەمان ئاگادارە، کە جەنەراڵ شەیبانی لەو باوەڕە دایە، هەتا ئەو هەوڵی داوە وەلی عەهدی ئێرانی (شا- و) بخاتە سەر باوەڕەی زۆربەی ئێرانیەکان، بەوەی ئینگلیز لە ڕێگەی مەسەلەی کوردەوە مەبەستی زۆر خراپی هەیە بەرانبەر ئێران.

٣- لە راپۆرتی ژمارە (١٣)ی نوسراوی ١٣ی کانونی دووەم شەرەفمەندم نوسخەیەکتان وەکو پاشکۆ بۆ نێرم، کە بەشێوەی نارەسمی بۆ بەرچاورونی وەلی عەهدی ئێرانی چوون بۆ وەزیری دیوانو وەزیری دەرەوە، لە راپۆرتی نوسراوی ٢٨ی کانونی دووەم، بە ژمارەی ٥٢ زانیاری زیاتر چووە بۆ حکومەتی ئێرانی لە سەر دانوسان لەگەڵ شێخ مەحمود.

٤- پێش چەند رۆژێك پاشکۆی سەربازی باڵوێزخانە سەردانی شەیبانی سەرۆکی دەستەی ئەرکانی گشتی کرد، سەری سوڕمابوو لەو بینینە، شەیبانی هەڵوێستی زۆر دۆستانە بووە. پاشکۆی سەربازی لە کاتی گفتوگۆکردن بۆ دەرکەوت سەرچاوەی ئەو دۆستایەتیە چاوەڕوانەکراوە دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی باشی ئەو لە سەر ئەو یاداشتنامەیەی سەرەوە، کە لەلای وەلی عەهدی ئێرانیو وەزیری دیوانو وەزیری دەرەوەیە، جەنەراڵ شەیبانی ئارەزووری هەبوو بۆ ئەو چاوپێکەوتنەو خوانی نیوەڕۆ لەلای (المقدم) فرێزەر.

٥- دوای نان خواردن گفتوگۆمان کرد لەگەڵ جەنەراڵ شەیبانی لە سەر بارودۆخی کوردستانو جەنەرال جەختی کردە سەر ئەو شوێنەوارە جوانەی، کە داوامانە بە حکومەتی

ئێراقی، بەوەی نیازی دروستکردنی حکومەتی سەربەخۆی کوردیمان نیە، هەروەها وریایی بدرێ بە شێخ مەحمود، کە ئەگەر ئاریشە بۆ حکومەتی ئێرانی دروست بکات وەکو یاخی سەیری دەکرێ‌و ئەو رێککەوتننامەیەی بە دەستیەوەیەتی هەڵدەوەشێتەوە.

٦- پێم وت: لەو سنووره بەرفراوانەی کوردستان، کە دەچێتە ناو خاکی سێ دەوڵەتی تورکیاو ئێران‌و ئێراق ناکرێ لە ئایندە چاوەروانی ئاریشە نەبین، بەڵام ویستم ئەوەی حاڵی بکەم کە ئێراقیش وەکو ئێران هیچ ئارەزووی نیە ئاژاوە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دروست ببێ،

هەروەها بۆم روون کردەوە، ئەگەر لە داهاتوو زانیاریم دەست کەوت لە سەر بارودۆخی کورد، کە بۆ حکومەتی ئێرانی بە سوود بێ دەیخەمە بەردەستی، چونکە ئێمە لە سەر ئەو بنەمایە سوورین، کە ئێمەو حکومەتی ئێراقی لە سەری کۆکین، بێجگە لە دۆستایەتی‌و لابردنی ئەو گومانە بێ پاساوەی لەلای دەستەی ئەرکان هەیە کە گوایە نیازی خراپمان هەیە لەوەی پەیوەستە بە کوردستان مەبەستی دیکەمان نیە.

دوای ئەوە گفتوگۆمان لەگەڵ سەرۆکی ئەرکان شەیبانی هاتە سەر مەسەلەی داننان بە حکومەتی ئێراقی، لە سەر پاڵپشتی ئەو سیاسەتە، جەنەرال هاوئاهەنگی نێوان هەردوو حکومەتی لە سەر مەسەلەی سنوور بە بایەخەوە وەرگرت، بە ژەنەراڵم وت: نازانم بۆچی وەلی عەهدی ئێرانی دواکەوتووە لەوەی دان بنێ بە حکومەتی ئێراق، چونکە رۆژێك بۆ هەموو لایەك بەدیاردەکەوێ، کە ئەو هەنگاوە پێش هەموولایەك لە بەرژەوەندی ئێران دەبێت. نامەوێ ئەو مەسەلەیە لای حکومەی وەلی عەهدی ئێرانی باس بکەم، چونکە پێشتر ئەو مەسەلەیەم باس کردبوو، ئەوەی دەربڕی بوو، کە بەم نزیکانە دان دەنێ بە ئێراق‌و چاوەڕوانی هەنگاوی دووەم دەکەم.

٧- دوایی باسی مەسەلەی بەدیارکەوتنی ئەفسەرە ئێرانیەکانم کرد لە ناوچە سنووریەکانی ئێراق بە بەرگی سەربازیەوەو بەبێ رەزامەندی پێشتری حکومەتی ئێراقی، کە ئەو کارە دەبێتە هۆی نیگەران کردنی حکومەتی ئێراق، ئەگەر سوورن لە سەر دوورکەوتنەوەی هەموو بەدحاڵیبونێك لە نێوان ئێراق‌و ئێران‌و دامەزراندنی پەیوەندەیەکی دۆستانەی مەیدانی، ئەوە سنوورێك بۆ ئەو جۆرە کارانە دابنرێ، دەترسم ئەگەر ئەو هەنگاوانە بەردەوام بێت رۆژێك دێ کێشەی نێوانیان زیاتر ئاڵۆز بکات، لە وەڵامدا شەیبانی وتی: لە وەڵامی ئەو سکاڵایەی دوایی دەسەڵاتدارانی ئێراقی لە سەر ئەو مەسەلەیە، کە لە رێگەی پاشکۆی سەربازی بەریتانی لە تاران بەدەستیان گەیشت فەرمانیان دەرکردووە بۆ ئەفسەرە ئێرانیەکان بە بەرگی رەسمی‌و بە

بێ ڕەزامەندی پێشتر نەچنە ناو خاکی ئێراق. سوپاسم کردو خوازیار بووم لێی، کە فەرمانەکانی بە تەواوی جێبەجێ بکرێ.

٨- وام نیشان نەدا کە بە مەبەست دەمەوێ قسە لە سەر ئەو مەسەلەیە بکەم، بەڵکو ویستم بڵێم چاکەیەکتان لەگەڵدا دەکەم، هەتا دەمەوێ متمانەیەك دروست بکەم، ئەگەر توانیم بە شەخسی داوای لێ بکەم بیتە سەر خەت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی حکومەت لە سەر هێڵی کەشتیرانی ئاسمانی لە کەنداوی فارس.

٩- نوسخەیەکی ئەو ڕاپرۆتە نێردراوە بۆ بریکاری وەزیری کاروباری دەرەوە لە حکومەت.

**ئار، ف، کلیف**

**له: وەزارەتی دەرەوە** FO 371/12288

27**کانونی دووەمی ١٩٢٧**

**بۆ: نوێنەری بالای بەریز**

من زۆر سوپاسگوزارم بە ناردنی ئەو نامەیە لە ریگەی هێژا سەید ئەحمەد، پێم وایە ئامۆژگاریەکی دۆستانەو ئەو پەڕی کارزانیە، هەروەها شانازی دەکەم گوێڕایەڵی خۆم بگوازمەوە بۆ حکومەتی بەریتانی، ئەو بەڵگەنامەیەم خوێندەوە، کە میستەر کورن والیس (راوێژکاری وەزیری ناوخۆی ئێراقی —و) بە رێگەی سەید ئەحمەد بۆی ناردووم، من بە تەواوی ئەو پەیماننامەیە قبول دەکەم، کە سەید ئەحمەد وەکو نوێنەر داویەتی، ئامادەی هەموو ئیلتیزاماتێکم ئەو رێککەوتننامەیە بیخاتە سەر شانم، بەو مەرجەی هەموو ئەو بەڵێنانە بگرێتە خۆی، کە حکومەتی بەریتانی بە کۆمەڵەی گەلانی داوە لە مەڕ مافو خواستە رەواکانی نەتەوەی کورد، ئەمە لە کاتێکدا ئەو مافانە لەو راپۆرتەدا باس کراوە، لیژنەی تایبەتی کۆمەڵەی گەلان بە مێژووی ٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٤ دەری کردووە، لە لاپەڕەکانی ٢٧، ٢٩، ٣٠، ٣٣، ٥٤، ٥٥، ٩١، ٩٦

بۆ جێبەجێ کردنی بڕەگەکانی پەیوەست بە مافی کورد لە راپۆرتی کۆمەڵەی گەلان، تکایە بە لای کەمەوە ناحیەی پێنجوین بدەن بە منو لایەنگرانم، هەتا لەوێ بتوانین بژین، چونکە مەحاڵە لایەنگرانم لە من جیا بکرێنەوە، من بە تەواوی ئەو پێشنیازەم قبوڵە، کە دەست لە کاروباری سیاسی وەرنەدەمو لەو ناوچانەی بۆ خۆمو لایەنگرانم دیاری دەکرێ لێ دابنیشم، لەگەڵ مافە تایبەتیەکانمو ناردنی بابا عەلی بۆ خوێندن.

**شێخ مەحمود**

# یاداشتنامەیەك لە شێخ مەحمودی حەفید

**ئامادەکردنی کابتن ب، هۆلت**

یاداشتنامەیەك لە سەر ژیانی شێخ مەحمود لەلایەن V.HOTL "ب- هولت (سکرتێری ڕۆژهەلاتی کۆمیساری بالای بەریتانی -و) ئامادەکراوە، باش ئاگاداری مەسەلەی شێخ مەحمود بووە. ئەو ئەفسەرەیە، کە دیاری کرابوو بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆبەدەستەوەدانی شێخ مەحمود بە دەسەلاتداران لە ناوچەی پێنجوین. ئەم یاداشتنامەیە ڕەنگدانەوەی هەلسەنگاندنی تایبەتی "کابتن هولت"ە لە سەر کەسایەتی شێخ مەحمود.

دەتوانین ئاگاداری هەلسەنگاندنێکی دیکە بین، کە لە لایەن مێجەر E.B.STONE (میجەرسۆن- و) لە سەر شێخ مەحمودو خوونەریتی سەیدەکانی بەرزنجە لە لاپەڕەکانی٨٦ بۆ ١٩٢ی کتێبەکەی باس کراوە، لەوێ ئاماژەی دیکە هەیە لە سەر ئەو بابەتە بە ناوی (**رحلة منتكرة الى بلاد ما بين النهرين و كردستان)** قەناعەتێکی دیکەمان دەداتێ لە سەر سروشتو پێکهاتەی خانەوادەی شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمودو وێنەیەکی وردو درێژمان بۆ دروست دەکات لە سەر تاکڕەویو زالمیەتی شێخ سەعید، لەلاپەڕە ١٠٢ باس لەوە دەکات شێخ مەحمود لە توندوتیژیو تاوانکاری لە باوکی تێ پەڕاندووە.

دەمانەوێ لە نێوان میجەرسۆن "لە سەرەوە باسمان کرد"و ئەو هەلسەنگاندنانەی خوارەوە بگەینە ڕاستییەکان، بەلام لەگەل ئەوەشدا شێخ مەحمود ئەگەر خودبەسەری بوو بێت لە

مامەڵەی لەگەڵ خەڵك، ئەوە بە شێوەیەکی گشتی خاوەنی ڕێزو ئەوەی دیارە خۆشەویستی خەڵکی لیوای سلێمانی بووەو خاوەنی لایەنگرو دەسەلاّتی بەرچاو بووە لە ناوچە شاخاویە بەرفراوانەکاندا.

..وەرگێڕی عەرەبی.

یەکەم پێکدادانی نێوان شێخ مەحمودو هێزەکانی بەریتانی لە نیسانی ١٩١٥ لە شوعەیبە بووە، شێخ لەگەڵ ژمارەیەك لە لایەنگرانی هاتبوو بۆ شەڕ، جگە لەو سەرۆك هۆزە کوردانەی وەجاغ زادە بوون، ئەمانە هاتبوون بۆ پارێزگاری لە بیروباوەڕو سوڵتان دژی شالاّوی کوفر. لە دوای نوێژکردن هێزەکانی کورد بەرەو دوژمن پێشڕەویان کرد، لەو باوەڕە دابوون هەتا ئێستاش سوارچاکی کۆن باوی ماوە. باوەڕیان وابوو دەتوانن دوژمن بشکێننو ناچاری پاشەکشەی بکەن بۆ دەریا، کە نیشتمانی ئەو کافرانەیە، تاکە وەلاّمدانەوەی گاڵتە ئامێز لە ڕووبەڕووبوونەوەی سوارەی کوردەوە بە ڕووی دوژمن دەرچوو.

لە سەرەتای ساڵی١٩١٨ جارێکی دیکە ئینگلیزو شێخ مەحمود بە یەك گەیشتن، ئەم پەیوەندیەشی بەدواداهات لە کەرکوك لە بەهارو پایزی ئەو ساڵە بارودۆخی ئەو کاتە وای دەویست پەیوەندی لەگەڵ ببەستین، چونکە سەرۆکی سەیدەکانی بەرزنجەو نەوەی کاك ئەحمەدی شێخە. لە کاتی پێشڕەوی کردنی هێزەکانمان (هێزی ئینگلیز "و") ئەو ناودارترین شێخی کوردان بوو لە ڕووی پیاو ماقوڵیو پێگەوە لە ناوچەکانی خواروو هەتا زێی گەورە بە ئاراستەی موسڵ، وای لێهات لێك تێگەیشتنێکی سیاسی لەگەڵ شێخ مەحمود بووە پێویستیەکی سیاسی. سەرکردەی سەربازی خۆجێیەتی تورك لە مایسی ١٩١٨ شێخ مەحمودی گرت، چونکە لێی کەوتبووە گومانەوە، کە پەیوەندی خیانەتکارانەی هەبێت لەگەڵ ئەفسەرە ئینگلیزەکان، بەلاّم لە دوای ئەوەی بەڵێنیدا بە هەموو توانایەوە بەرهەڵستی ئینگلیز بکات، کەمتر لە چوار مانگ ئازاد کراو لەلایەن حاکمی تورکانەوە کرا بە حاکمی سلێمانی، لەو کاتە شێخ مەحمود دوو نوێنەری نارد بۆ لای حکومەتی خاوەن شکۆ تا داوای لیّ بکات بە تەنیا کورد لە ئاکامی شەڕ (شەڕی یەکەمی جیهانی-و) لە ناو گەلان نەگەیشتوونەتە سەربەخۆیی، لە وەلاّمی ئەو دەستپێشخەریەی شێخ مەحمود لە کانونی یەکەم ئەفسەری سیاسیان نارد بۆ سلێمانیو ئیدارەیەکیان بۆ شێخ پێك هێنا، بەو ناوە لە زێی گەورە هەتا دیالە بۆ دەسەلاّتداریەتی کوردستان کرا بە حوکمدار، لە ناو سەرکردەکانی جولاّنەوەی نیشتمانیدا شێخ مەحمود

دەبویست لە نێوان ئارەزووی بە دەستهێنانی هێزی شایستە بە خۆیو بەدەستهێنانی ئاستێکی شایستە بە گەلەکەی پەیوەندیەکی لێك دانەبڕاو دروست بکات، هەروەکو ناودارانی دیکە پێی وابوو شۆڕەتی خۆیو گەلەکەی دوو جەستەی لێك جیا نین. لە سەرەتاوە ئاشنا بووە بە خەونەکانی گەلی کورد لە ئازادیو یەکگرتوویو بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی بە سەر هەموو هۆزەکانی کورد، کاری بۆ ئەمە دەکرد، ئامانجەکانی ئەو زیاتر بووە لەو هۆکارانەی پەنای بۆ دەبردن، ئەمەش دەبووە هۆی تێکگیرانی چاوەڕوانکراو لەگەڵ ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز، ئەوانەی زیاتر گرنگیان دەدا بە کاروباری ئیداری لە گەڕانەوەی هێمنو ئاسایش بۆ ناوچەکە، کە لە ئاکامی جەنگەوە تێك چوو بوو، بەڵام ئەو گرنگی دەدا بە شکۆمەندی کورد. شێخ مەحمود دەرکی بە سروشتی ململانێی چاوەڕێ کراو کردبوو لە نێوان خۆیو ئینگلیز، بۆیە دەبویست ململانێیەکە لە بەرژەوەندی خۆی یەکلایی بکاتەوە، لە مایسی ١٩١٩ کودەتای سەربازی "دژی ئیداری ئینگلیز لە سلیمانی" ئەنجامدا.

شێخ مەحمود خێرا ئەم نەخشە ئینقلابیەی جێبەجێکردو زاڵ بوو، ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیزی لەوێ دەست بە سەر کرد، لە دوای مانگێك بە سەر کودەتا سەربازیەکەی هێزەکانی شێخ لە باشترین دەروازەی کوردستان لە ڕێڕەوی بازیان لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیز کەوتنە شەڕەوە، ئەو هێزانەی هاتبوون بۆ فریاکەوتنی هێزە دەست بە سەرەکانی لای شێخ مەحمود، لەو شەڕەدا هێزەکەی تێکشکاو شێخ بە برینداری لە شەرگەکە بەجێ ما. دوایی بە دیل گیراوی درا بە دادگای سەربازیو بە تاوانی هەڵگەڕانەوە دادگا بڕیاری کوشتنیدا، بەڵام بۆی سوك کرا بە ماوەی دە ساڵ زیندانیو دواتر بە هۆی فەرماندەی هێزەکانی بەریتانیاوە بۆی کرا بە دەست بە سەریو ڕەوانەی هیند کراو، لە حوزەیرانی ١٩٢٢ گواستیانەوە کوێت، چاودێریان لە سەر سووك کردو مووچەیەکی ئاسایی ٢٠٠ ڕوپییەیان بۆ بڕیەوە. یەکێك لە نێردراوەکانی مستەفا کەمال (ئۆزدەمیر- و) بە هۆی زیرەکیو سەرکەوتوویی خۆیو بە یارمەتی ئەو سەربازە تورکانەی ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕی، هەموو هاوسەنگی هێزی ئینگلیزو ئەو هۆزە کوردانەیان ئاوەژوو کردەوە، کە کاتی خۆی لەساڵی ١٩١٨ خۆشحاڵ بوون بە هاتنی ئینگلیز، هەتا لە ساڵی ١٩٢٢ لە زۆربەی ناوچەکانی لیوای سلێمانیو هەولێر ناچاری پاشەکشەیان کردین.

لە دوای ئەوە ئینگلیزەکان هەمان کاریان بە شێخ مەحمود کرد، کە تورکان بەر لە چوار ساڵ ئەنجامیاندا، ئەمەش دوای بەردانی لە کوێتەوە هێنایانەوە لە سلێمانی بە حوکمدار

دایاننا، دوای ئەوەی ئینگلیز بەڵێنی تەواوی لێ وەرگرت، کە بە هەرچی لە توانایدا هەیە کاربکات بۆ بەرهەڵستی خزینی تورکانو هۆزە کوردەکانی لایەنگری.

شێخ مەحمود بەو بەڵێنانەی ئەم جارە دابووی بە ئینگلیز، سەرەڕای پەیوەندی نێوان شێخو فەرماندەی تورکی زیاتر لە جاران نەیتوانی شوێن پێی کاریگەری خۆی لە لیوای سلێمانی بکاتەوە. ئارەزووەکانی کەسایەتی شێخ مەحمودو خۆزگە نیشتمانیەکانی ئەم جارەش بووە هۆی نەهامەتی. بە پێچەوانەی ئەو بەڵێنانەی دابووی هیچ هەنگاوی نەهاویشت لەگەڵ ئامۆژگاریەکانی ئینگلیز تێك بکاتەوە، داوای هەموو کوردستانی دەکردو دەیویست بە زەبری هێز دەسەلاتی بگەیەنێتە هەموو ئەو ناوچە کوردیانەی، کە پێشتر کۆمیساری بالای بەریتانیا نەیهێشتووە بکەوێتە ژێر دەستی ئەو، بۆیە ناچارکرا لە سلێمانی بکشێتەوەو بە شێوەیەکی کاتی سلێمانی لەلایەن هێزەکانمانەوە داگیرکرا، بەلاّم مانەوەی هێزەکانمان لە ناو شاری سلێمانی ئەستەم بوو، بۆیە کارگێڕیەکی خێڵەکی کوردیمان لە جیاتی کارگێڕیەکەی شێخ مەحمود دامەزراند، بەلاّم ئەو هەولانەش سەرکەوتوو نەبوو، هێزەکانمان لە سلێمانی کشانەوەو شێخ مەحمود دووبارە گەڕایەوە شارو کەوتەوە تێکۆشان، بەبێ هیچ بەربەستێك زالّ بۆوە بە سەر چارەنوسی کورد. هیچ کۆسپێك نەبوو لە بەردەم دەسەلاتی شێخ مەحمودو هەولّە بەردەوامەکانی لە زیادبوونی پێگەی لە ناوچەکان، کە بە ئاشکرا ئاگادار کرایەوە لەو دەستێوەردانانە، سەرەڕای ویستی حکومەت ناچار بووین هەڵویستی لە دژ وەربگرین.

لە دوای شێخ مەحمود ناچار کرا لەگەڵماندا ڕێککەوتننامەیەك واژۆ بکات، کە بە هیچ شێوەیەك دەست لە کاروبای ناوخۆی سیاسی ئێراق وەرنادات، ناچارکرا خۆیو خێزانەکەی لە دەرەوەی سنووری ئێراق بژین، لە بەرانبەر جێبەجێکردنی تەواوی ئەو مەرجانە، ڕێگەی پێبدرێ وەکیل بۆ ئەو زەویوزارانەی هەیەتی دابنێ.

حکومەتی عیراقی بەڵێنی گەڕاندنەوەی تەواوی سامانە زەوتکراوەکانی بدات.

شێخ مەحمود هەتا کاتی بووژانەوەی سەر لە نوێی جولانەوەی نەتەوایەتی کوردی لە سلێمانی بەو مەرجانە ڕازی بوو، لە ماوەی هەڵبژاردنە گشتیەکانی ساڵی ١٩٣٠ لەخۆبایی بوو، دووبارە وەکو سەرکردەی جولانەوەی نەتەوایەتی کورد بەدیار کەوت.

ئەو ڕووداوانەی لە سەرئەنجامی سەر لە نوێی جولانەوەی کوردی پەیدا بوو، لەو ڕاپۆرتەدا باس کراوە، شێخ مەحمود بە ئازایەتیو پاکی شەڕی کرد، پێویستە ئەوە بخوێنینەوە، کە سەرەڕای کۆسپە زۆرەکانی بەردەم شێخ مەحمود لە کەمی پیاوو تەقەمەنیو لاوازی ڕێکخستن،

بەلاّم ئەم بە ئازیەتی شەڕی کرد، وەکو زیانە سەربازیەکانی ئەو شەڕانە لە پێش چاوی کوردی باشوور کەمتر نەبوو لەو کاتەی بە دیلی لە دوای خۆبەدەستەوەدانی لەپێنجوین دەبینرا، کوردەکانی ئەو گوندانەی دۆڵو شیوەکانی دەوروبەری کۆببوونەوەو دەستیان ماچ دەکرد، زۆربەیان لە کاتی بەڕێکردن فرمێسکیان لە چاوان دەهات، سەرەڕای هۆکاری گەورە لە سوکایەتی پێکردنی ئەوە بوو، کە دەڵێن چەندین جار بەڵێنی شکاندووە، خودبەسەرو دلّڕەق و خۆپەرستو تەماعکار بووە، بەلاّم لە هەموو حالّەتەکاندا بەو ئەندازەیە یاخیو لە یاسا دەرچوو نەبووە، دەتوانرێ بە بەڵگەی بە هێزتر لەو بەڵگانە بەرگری لەشێخ مەحمود بکرێ، کە کەسایەتی پیێ دەشکێنرێ. چونکە زۆربەی بەڵێن شکاندنەکەی بە زۆر بووەو بە شێوەیەکی گشتی هەڵەکانی هەڵقولاّوی چاکەکانی بووە. هەروەکو دیکتاتۆریەتیەکەشی دەربڕی ویستی دیکتاتۆرانەی بووە، بەلاّم کاریگەری خراپی لە سەر میرەکان کەم نەبووە، هەروەها بە دلّڕەق تاوانبار دەکرێت، بەلاّم کێ شاهیدی لە سەر ئەوە دەدات؟ ئەوانەتان نەدیووە، کە چۆن لە ناو گوندنشینەکان لە دوا ساتەکانی تێك شکانی دەهاتن دەستیان ماچ دەکرد، ئەوانەت نەدیوە (شایەتیدان لەسەر شێخ مەحمود —و) هەتا لە ڕێزی ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی، کە دژی دەجەنگان "دوانیان لە لای ئەو دیل بوون" ئەوانەش بە قسەی نەرمو خۆش دەوریان دابوو.

لە کەسمان شاراوە نیە، کە شێخ مەحمود تەماعکارو شانازیکار بووە، بەلاّم دەیویست بەو خۆزگەو شانازیانە ئاواتەکانی گەلەکەی بەدەست بهێنێ، زۆری دیکە وەکو شێخ مەحمود تەماعکار بوونو شانازیان بە خۆوە کردووە، بەلاّم کەس قسەی لە سەر نیە، گریمان یاخیو لە یاسا دەرچوو بوو، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ گاریبالّدیو مستەفا کەمال، ئەوە بە هەموویان وتراوە، دەتوانین لەگەڵ حوکمدانێکی دادگەرانە بڵێین تاوانە گەورەکانی سەدەیەکی دوای ئەوان بووە.

**File No. 13/14 vol. Secret. Kurdish policy. New Delhi. Inndia**

## "راپۆرتی سێیەم لە سەر باردۆخی کوردستان"

## ئامادەکردنی: س، ج، ئەدمۆنس

### ٣٠. نەخشەی ئێراقی

باشترین نەخشە بۆ روونکردنەوەی ئەم راپۆرتە، نەخشەی ژمارە ٤و ٥و ٦و ٧ی پاشکۆی راپۆرتی یەکلایکردنەوەی راستیەکانی سەر بە کۆمەڵەی گەلانە، کە لە ساڵی ١٩٢٥ دەرچووە، لە ناو ئەو راپۆرتانەدا راپۆرتی ژمارە ٦ لە ئەوانی دیکە وردترە، لە لایەن لیژنەی ناوبراوەوە بە وردیو زانستی ئامادە کراوە، ئاماژەی وردی بە ئێراقو ولایەتو چری دانیشتوانی تێدایە. نەخشەی ژمارە (٥) لەلایەن کۆمەڵەی مولکیەتی جوگرافی لە ساڵی ١٩١٠ ئامادە کراوە، لە نەخشەی ژمارە ٤ وردترە (لەلایەن حکومەتی بەریتانی لە ساڵی ١٩٢٤ ئامادە کراوەو وێنای نزیکی واقیعی ئێراق ناکات)، لە روونکردنەوەی سنووری ئێراقی، کە پشتێنەی عەرەبی لە ناوچە کوردنشینەکان جیا دەکاتەوە، بۆ شارەزابوون لەو سنوورە کارگێڕیەی لە خوێندنەوەی نەخشەی ژمارە (٥) پێویستمان پێی دەبێ دەتوانرێ بە شێوەی باش سوود لە نەخشەی ژمارە (٧) وەربگیرێ.

### ٣٢. ئەندازەی توانای دابەشکردنی ئێراق لە هەردوو لیوای هەولێرو کەرکوك

لە ژێر رۆشنایی ئەو پێشنیازەی لە راپۆرتی پێشوو خستمەڕوو، لەو باوەڕەدام ئەگەری چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی دوور نیە، بە شێوەیەکی گشتی قبوڵە، بەڵام کۆسپ لە دیاریکردنی ناوچەی کوردنشینیە، بە شێوەیەکی گشتی مەلیك فەیسەڵ ئارەزووی لێیە بەو مەرجەی ئەمە لە رووی دانیشتوانەوە کارنەکاتە سەر دابەشکردنێکی ناواقیعیانەی لیوای

کەرکوكو هەولێر، وای لێ بێ هێڵی وەهمی رەچەڵەك شوێنی عەرەبیو تورکمانی لە بەشی رۆژهەڵاتی هەردوو لیوای کەرکوكو هەولێر لە ناو قەوارەی عەرەبی لەگەڵ خۆیدا بگرێتەوە، وا بەدەردەکەوێ ئەو جۆرە دابەشکردنە بە هۆی بایەخی ناوچەی باکوری ئێراق تارادەیەك بە هۆی خوێندەوەی هەڵە بۆ نەخشەی ژمارە (٤)ی ئامادەکراو لەلایەن حکومەتی بەریتانیەوە لە ساڵی ١٩٢٤ بچێتە ناو گوزارشتی ستراتیژی لە لای سەرکردەکانی ئێراقی، بە بۆچوونی من دابەشکردنی ئەو دوو لیوایە مەسەلەیەکە لە رووی کارگێڕیو سیاسیەوە بە تەواوی ناکردەییو نادروستە.

### ٣٣. گرفتە کارگێڕیو سیاسیەکان لە دابەشکردنی ئەو دوو لیوایە

کردنەوەی دۆسیەی دابەشکردنی رەچەڵەك دەبێتە هۆی وروژاندنی ناکۆکی رەچەڵەکی لە نێوان کوردو عەرەبو لە جیاتی چارەسەر کێشەکە ئاڵۆز دەکات، ئەمە کورد هاندەدات داواکاری قورستر بکەن لە حکومەتی ئێراقی، ئەگەر بۆ داکۆکی لە مافی کورد پشتمان بە بنەمای رەگەز بەست ئەوە کورد داوای قەوارەی نەتەوەیی خۆیان دەکەن، هەتا بۆ ئەو ناوچانەش کە دەکەونە باشوری رۆژهەڵاتی کەرکوك وەکو خانەقین، هەروەها داوای ناوچەکانی باکوری رۆژهەڵاتی لیوای موسڵ دەکەن وەکو ناوچەی شێخانو بەردەڕەش (العشائر السبعه)، ئەمە لە کاتێکدا ئەم ناوچانەی دوایی هەتا ئێستا لە پێشنیازی کورد بۆ دروستکردنی لیوایەکی تازە بە ناوی دهۆك بۆ قەزا کوردەکانی لیوای موسڵ ناوی نەهاتووە، سەرەڕای بەرزرو نزمی جوگرافی لێرەدا هەر هەوڵێکی دابەشکردنی کارگێڕی هەبێ دەبێتە هۆی ئاژاوە لە ناوچەکەدا، ئەگەر بمانەوێ ئیدارەی حکومەتی کارا هەبێ نابێ لایەنی جوگرافی بە هێند وەرنەگرین لە دیاریکردنی یەکە ئیداریو مەڵبەندەکەیان، ئەگەر خۆمان لەو راستیە بوارد دەسەڵاتی حکومەت لەوکاتەدا بە سەر یەکە کارگێڕیەکاندا لاواز دەبێت، لەو کاتەدا پێویستمان بە بە هێزکردنی هەیبەتی پەیوەندی نێوان حکومەتو دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەیە، ئەگەر حکومەت بۆ مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی کورد پشتببەستی بە دەستکاریکردن بە یەکە کارگێڕیەکان بۆ ئەوەی رێگەی خواستی ناکردەیی ئەوان بەدەست بهێنێت خۆی ئەوە دەخاتە داوێك کە لێی دەرنەچێت.

### ٣٤. پێناسەی ناوچە  کوردنشینەکان

لە سەر شانی حکومەتی ئێراقیە دانبنێ بە ناوچە کوردنشینەکان، کە لە رووی کارگێڕیەوە لیوایەکانی سلێمانیو هەولێرو کەرکوکو لە ئایندە لیوای پێشنیازکراوی دهۆك دەگرێتەوە، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، هیچ گومان نیە لیوای سلێمانی بە تەواوی کوردن، دوایی دەچێنە گفتوگۆو لێکۆڵینەوە لە بابەت لیوای کەرکوك هەولێر.

### ٣٥. سەرژمێری رەگەزی لە هەولێر

دوو جۆر سەرژمێری رەگەزی لیوای هەولێر لە بەردەستدان ئەوانیش:
یەکەم: سەرژمێریەی حکومەتی بەریتانی، کە لە ساڵی ١٩٢١ ئامادەی کردووە بۆ کۆمەڵەی گەلانو ئەویش خستیە ناو ئەو راپۆرتەی لە سەر ولایەتی موسڵ ئامادەی کردبوو، لە لاپەڕە (٣٣).
دووەم: ئەو سەرژمێریەی، کە دەزگای کارگێڕی حکومەت لە هەولێر لەساڵی ١٩٢٩ ئامادەی کردبوو، ئەمەش بە پشتبەستن بە ئەو لیستانەی لەگوندەکانەوە ئامادەکرابوو، بریتی بووە لە سەرژمێریەکی گشتی، دەکرێ ئەو سەرژمێریانە لەم خشتەیەدا کورت بکەینەوە.

| ساڵ | کورد | تورکمان | عەرەب | مەسیحی | هەموی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٢١ | ٧٧٠٠٠ | ١٥٠٠٠ | ٥١٠٠ | ٨٩٠٠ | ١٠٦٠٠٠ |
| ١٩٢٩ | ٨٧٤٢٩ | ٩٦٤٤ | ٤١٤٨ | ٥٣٧٦ | ١٠٦٥٩٧ |

لەو سەرژمێریەی سەرەوە ژمارەی تورکمان لە ساڵی ١٩٢١ بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٢٩ تەواو پێچەوانەیە، ئەمەش بە هۆی خراپ حاڵی بوونی کارمەندانی بەریتانی لەو لیوایە، پیاوماقوڵانی تورکمان لە هەولێر کارمەندەکانیان هەڵخەڵەتاندووە بەوەی تورکمان لە هەموو لیوایەکە بەو رێژەیە هەیە. هەروەها کارمەندە بەریتانیەکان کەوتوونەتە ژێرکاریگەری راپۆرتی

گەشتیارە ئەورووپییەکان، کە سەردانی ناوچەکەیان کردووە، بە ڕێگە گشتیەکاندا تێپەڕیونو تورکمانە نیشتەجێیەکانیان دواندووە، لە راستیدا ژمارەی دیاریکراوی ساڵی ١٩٢٩ بۆ تورکمانەکان زیادڕەوی زۆری تێدایە چونکە سەرژمێری ساڵی ١٩٢٤ لە لیوای هەولێر تورکمانی بە ٣٠٠٠ داناون.

ئەوەی شایانی باسە حکومەتی بەریتانی بە لیژنەی یەکلاییکردنەوەی راستییەکانی کۆمەڵەی گەلانی راگەیاندبوو، کە ژمارەی تورکمان لە لیوای سلێمانی دەگاتە ١٠٠٠ کەس، لە راستیدا یەك تورکمان لەو لیوایە نەبووە، هەمان هەڵەش سەبارەت بە کەرکوك هەبووە، پیاوماقوڵانی ئەو شارە لە چەندان بۆنەدا رایانگەیاندووە، کە شارێکی تەواو تورکمانیە، کەچی سەرژمێریەکان دەریانخست ١٣٧٣٣ تورکمانو ٥٦٢٣ کورد لە ناو کەرکوك دەژین.

### ٣٦. پوختەی سەرژمێری دانیشتوان لە لیوای هەولێر

رونکردنەوەو سەرژمێریو نەخشەی دانیشتوانی ژمارە (٦) دەرفەتی گومان ناهێڵێتەوە. (سەرەڕای ئەوەی ناوچەی سوور هێمایە بۆ بوونی ١٥ هەزار تورکمان لەو لیوایە، وەکو وتمان زیادڕەوی زۆری تێدایە)، لیوای هەولێریش هەروەکو سلێمانی هەرچۆنێك بێت دەبێتە لیوایەکی کوردی، عەرەب لە ناوچەکانی بەشی رۆژئاوای بە تایبەت لە گوێڕ لە گەڕەکێکی بچوکدا هەن، تورکمانەکانیش لە قەڵای ناو هەولێر کورت هەڵدێ، رووخانی رژێمی دەرەبەگایەتی کاریگەری خراپی هەبووە لە سەر چڕی دانیشتوانی تورکمان لە ناو هەولێر، هیچ دەرفەت نیە بۆ دابەشکردنی ئەو لیوایە لە سەر بنەڕەتی رەگەزی هەتا ژمارەی عەرەبەکانیش لە ناو لیوا زۆر کەمەو ناکرێ بکرێتە بنەڕەت بۆ بوونی عەرەب.

### ٣٧. سەرژمێری رەگەزی لە کەرکوك

ئێستا روونکردنەوەی وردمان لە سەر کەرکوك لە بەردەستە، ئەمەش بە هۆی ئەو سەرژمێریەی لەو لیوایە لەساڵی ١٩٢٨ ئەنجامدرا، لەوێدا ٧٧٥٩٧ کوردو ٢٨٧٤١ تورکمانو ٧٨٦٣ عەرەبو ٣٧٠٠ جولەکەو مەسیحی هەیە، لە کاتێکدا ئەو سەرژمێریە لە بابەت عەرەبەکانی دەرەوەی ئەو شارە ورد نیە، کە زۆرینەیەکی عەرەبی لە گوندەکانی تەپە (کراوی)و مالیحا (جەبوور)و شوبیجا (العوبید) هەیە، بۆ ئەوەی نەبێتە ناتەواوی هەستاین بۆ هەر

ماڵێك (٥) کەسمان بۆ ناوچە عەرەبییەکان زیادکرد، ئەمەش چووە سەر ئەو ژمارەی سەرەوە، کە لە سەرژمێریەکەدا هاتووە، **٧٨٥** کوردو **١٦١١٠** عەرەبو **٩٤٥** تورکانو **١٨** جولەکە. بەمەش ئەم ژمارەی خوارەوەمان بۆ دەدەچێت:

| سالّ | ژمارەی کورد | ژمارەی تورکمان | ژمارەی عەرەب | مەسیحی و جولەکە | هەمووی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٢١ | ٦٥٠٠٠ | ٣٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ١١٢٠٠٠ |
| ١٩٢٨ | ٧٨٣٨٤ | ٢٩٦٨٧ | ٢٣٩٧٥ | ٣٧١٨ | ١٣٥٧٦٤ |

تێبینی: لە ساڵی ١٩٢١ هەریەك لە قەڵاسیوکەو چەمچەماڵو سەنگاو بەشێك نەبوون لە لیوای کەرکوك. بۆیە دەبێ ٢٠٠٠٠ کەسی بۆ ژمارە (٦٥٠٠٠) زیاد بکەین.

## ٣٨. پوختەی سەرژمێرییەکان لە سەر لیوای کەرکوك

لەگەڵ ئەوەدا کورد لەو لیوایە زۆرینەی پیك هێناوەو تورکو عەرەبیش هەن، لیوای کەرکوك لەگەڵ لیوای هەولێر ئەو جیاوازیەی نیە، پشتێنەی تەواو کوردی لە قەڵاسیوکەو چەمچەماڵو سەنگاو بخرێتە سەر سلێمانی، ئەوە نزیکەی ١٩٩٥٠ کورد لەو لیوایە کەم دەکات، ئەو گۆڕانکاریە لە لیوای کەرکوك کاریگەری خراپی نابێت لە سەر ئەو لیوایە، دەتوانین پشتێنەیەکی دیکەی کوردی لە بەشی گردۆلکەکانی باشوری ڕۆژئاوای لێ جیابکەینەوە، لە قەرە حەسەنو ناحیەی گڵ سەر بە کفری (کە ئێستا ناحیەیەکی جیایە بە ناوی شێروانە) نزیکەی ٢٢٠٠٠ کوردی لێ دادەنیشێت، بێجگە لە ١٥٠٠ کوردی کۆچەری جاف، کە زستانە دەگەڕێنەوە ئەو ناحیەیە، ئەگەر ئەو دوو پشتێنەی لێ جیا بکەینەوە دەمێنێتەوە هێڵێکی تەسکی ناو لیوا، کە ئەوکات هاوسەنگی لە نێوان کوردو تورکو عەرەبو تورکمان دروست دەبێ.

بەڵام جیاکردنەوەی پشتێنەی دووەم لە رووی کارگێڕیەوە کردەییو دروست نیە، دەبێ هەر لە ریگەی کفریو کەرکوکەوە ئیدارە بدرێ، چونکە لە سلێمانیەوە ئیدارەدانی زەحمەتە، لە بەر ئەوەی ئەو ناوچەیەی لێیە یان بە سەر کانی نەوتدا دەڕوانێ. هەر گۆڕانکاریەکی کارگێڕی لەو ناوچەیە دروست نیە، لەوانەیە لەو ناوچەیەی کە سامانی گرنگی ئێراقی تێدایە ببێتە لاوازیو ئاژاوە لە ناوچەکەدا، ئەمەش هەڵەیەکی کوشندەیە.

### ٣٩. عەرەبی کەرکوك

عەرەب لە بەشی باشوری رۆژئاوای لیوایەکە نیشتەجێن، بە شێوەیەکی گشتی هۆزی زۆر سەرەتایین، لە ٥٠٠٠ کەس لە جەبورو ئەوانی دیکە، کە لە ناوچەی زابی بچوك (مەلیحە)و عوبێد لە ناوچەی چیای حەمرین (شوبایشە) پێك هاتوون، بە تەنیا لە ئەوپەڕی باشووری قەرە تەپە گردبوونەوەیەکی دیکەی عەرەب هەیە بە ناوی گراوی، کە ٥٠٠٠ کەس دەبن، عەرەبەکان زۆر دوورن لە مەڵبەندی لیوای کەرکوكو بە فاکتەرێکی سیاسی لیوا ناژمێردرێن.

### ٤٠. تورکمانی کەرکوك

بە پێی ئەو دوو سەرژمێریەی سەرەوە تورکمان لە کەرکوك کەمینەیە، هاوتا نین لەگەڵ قەوارەی ئاسایی خۆیان، بەڵام پێگەیەکی گرنگی ئەو شارەن، پیاوماقوڵانی شار لە تورکمانو کورد لە سەردەمی عوسمانی پەیوەندی پتەویان هەبووە لەگەڵ رەگەزی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، خانەوادەیەکی ئەرستۆکرایەتی بە دەسەڵات هەبووە لە کەرکوك زمانی تورکی کەمینەیان بە سەر زۆرینەی کورد بەو شێوەی ویستوویانە فەرزکردووە.

### ٤١. بەعەرەبکردنی تورکمان

دەگونجێت کەسێکی چاودێر سەرنجی ئەوە بدات، کە تورکمان وەکو کەمینە لە ناو دوو نەتەوەی سەرەکی کوردو عەرەب بتاوێتەوە، چونکە وەکو پیکهاتەی باڵادەستی لە ئێراق نەماون، ئەمەش بە هۆی دابڕانیان لە نیشتیمانی تورك، کە پێشتر فەرهەنگو دامەزراوەی ئەوروپیو هەتا ئەبجەدیەتی لاتینی بە چاك زانی بوو. وا چاوەڕوان کراوە تورکمان لە ناو رەگەزی عەرەبی دەسەڵاتداری ئێراقدا بتاوێتەوە. کە لە راستیشدا زیاتر کوردو تورکمان پێکەوە پەیوەستن نەك عەرەبو تورکمان، کوردو تورکمان پیکەوە لە گوندو شارەکاندا دەژین، زۆربەی تورکمانەکان دەوانن بە کوردیش قسە بکەن، کە زمانی زۆرینەیە، زۆربەی کارمەندەکانی لیوا تورکمانو عەرەبی نازانن، پیاوماقوڵانی کوردو تورکمان شانبەشانی یەکتر دەژینو وەکو یەك پێگەیان هەیە، لە کەرکوك خانەوادەی وەکو یەعقوبی زادەو نەفتچی زادەو قیردارزادەی

تورکمانی هەن، لە هەمان کات خانەوادەی کوردی وەکو تاڵەبانیو سەید ئەحمەدی خانەقا لە ناو کەرکوك هەن، هیچ خانەوادەیەکی دیاری عەرەبی لە کەرکوك نیە، بۆیە هەموو هەنگاوێکی بە عەرەبکردن دوایی دەگۆڕێ بۆ بە کوردیکردن، ناکرێ ڕووداوەکان لە لیوای کەرکوك بە پێچەوانەی ئەو بارودۆخەی هەیە ئاڕاستە بکرێ، هەروەکو هیچ بنەڕەتێك نیە بۆ بە عەرەبکردن لە هەولێر، لە کەرکوکیش هەروایە.

## ٤٣. ئایندەی کەرکوك.

لە بەر ئەو هۆکارانەی لە ڕاپۆرتەکەم لە بڕگەی ژمارە (١٠) پێشنیازم کردبوو، کەرکوك لیوایەکی کوردیەو پشتگیری ئەو بۆچوونەم کردبوو، بەڵام بەو مانایە نیە بمەوێ بە زەبری هێز تورکمان لە ناو کوردا بتاوێتەوە، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا نیم بە عەرەب بکرێن، پێویستە لەو بارەوە ڕاوێژ بە سەرکردەکانی کەرکوك بکرێو بۆچوونیان وەربگیرێ، لە هەمان کاتدا پێویستە ئەو گیروگرفتە کەڵەکەبووانە ڕوون بکرێتەوە، کە بە هۆی دامەزراندنی کاربەدەستانەوە، کە بە تەنیا لە خەڵکی لیوایەکەنو بەو هۆیەوە دابینکردنی خزمەتگوزاری بە زەحمەت دەخەن، دیارە کە زمانی کەمینەی سێیەم نەتەوەی ئێراق لە هەموو بەشەکانی ئێراق لە بیرکراوە بهێنینە گۆڕێ، وا باشە تورکمان هانبدەینو داوایان لێ بکەین زمانی کوردی یان عەرەبی بەکاربهێننو تاڕادەیەك کوردی دەرەوەی لیوا دابمەزرێنن، کە کوردی دەزانن، لە هەمان کاتدا لە هەر هەولێکدا کوردو عەرەب پشکی زیاتریان لە سەر حیسابی تورکمان بدرێتێ ئاکامی خراپی لە سەر ئیدارەی حکومەت دەبێ، پێویستە ئەوەی دەیڵێین بە نیازپاکی جێبەجێبکرێو بۆ بەرژەوەندی گشتی بێ، هەتا نەبێتە نەخشەی ڕێگا بۆ کەس مافی گشتی پێشێل بکات. ئەگەر هەست کردن بە نیگەرانی لە کەرکوك لە بەکارهێنانی زمانی تورکی پەیدابوو، ئەوە بە تەنیا یەك چارەسەر لەبەردەمماندا دەمێنێتەوە، ئەویش گواستنەوەی پشتێنەی کوردیە لە سەنگاوو چەمچەماڵ بۆ سەر سلێمانی، دوایی پڕۆژەی یاسای زمان پێشنیاز بکرێو بکرێ بە یاساو لە لیوای سلێمانیو هەولێرو لیوای پێشنیازکراوی دهۆك جێبەجێ بکرێ، ئەگەر لیوای کەرکوك ویستی لیوایەکی کوردی بێت، وا چاکە ناحیەی (قەرەتەپە)ی لێ جیابکەینەوەو بیبەستینەوە بە لیوای دیالە، بەڵام ئەوە ڕاسپاردەی من نیە لەبەر ئەو هۆکارەیە لە برگەی ٣٣و ٤٣ باسم کرد، بەڵام هەروەکو لە خوارەوە ڕوون کرایەوە پێویست ناکات ئەو سیاسەتە بگرینە بەر.

## ٤٣. دهۆك

بە پێی زانیاری من هەتا (مەلیك) رازیە بە دروستكردنی لیوا (یەكەیەكی كارگێڕی) لە ناوچەكانی باكوری موسڵ بە ناوی لیوای دهۆك، من لەلای خۆمەوە خوازیارم بە دروستكردنی لیوایەك لە ناوچەی باكوری موسڵ، بەڵام لەو باوەڕەدام بۆ ئێستا ئەو هەنگاوە ماویەتی، وادابنێین لیوای ناوبراو دەبێ هەر دابمەزرێ، بەڵام جەخت دەكەمەوە، كە دەبێ لە سەر بنەڕەتێكی كارگێڕی دروست بێت، حكومەت سوورە لە سەر ئەوەی، كە نابێ لیوای پێشنیازكراو لە دهۆكو زاخۆو زیبار لە سەر رەزامەندی كوردان بێت بە زیادكردنی ناوچەكانی بەشی باشوری دهۆك وەكو ئاكرێ بۆ سەر ئەو لیوایە، لەگەڵ ئەوەدا ئەو ناوچەیە بە تەواوی كوردیە، بەڵام لە موسڵەوە ئاسانتر بەڕێوەدەچێ، بۆیە دەبێ حیساب بۆ بنەڕەتە كارگێریەكانی ئەوێ بكەین، هەروەكو لە پێشەوە باسكرا، كە ناحیەی قەرەتەپەو بەڕێوەبەرایەتیەكانی عوبێدو جەبور لەگەڵ لیوای كەركوك بمێننەوە.

## ٤٤. خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی

لەو راپۆرتەدا لە برگەكانی (٣١و ٤٣) چوینە سەر مەسەلەی بەكارهێنانی زمانی كوردی لە نامەو ئاڵوگۆرە رەسمیە كارگێڕیەكاندا، مەرج نیە زمانی خوێندن لە هەموو سنووری لیوا چونیەك بێت، بە دڵنیاییەوە دەبێ مندالان لە هەر قوتابخانەیەك بەو زمانە بخوێنن، كە زمانی زۆرینەی ئەو شوێنەیە، بەڵام ئاساییە مندالانی سوبارشی یان گوندەكانی كراویو قەرەتەپەو ئاكرێ بە زمانی كوردی بخوێنن، لەگەڵ ئەوەشدا لە دەرەوەی یەكەی ئیداری كوردینو سەر بە لیوای موسڵن، وەكو لە پێشتر وتمان توركمان هەردوو زمانی كوردیو عەرەبی دەزانن، ئەگەر لە جیاتی زمانی توركی بە زمانی كوردی بخوێنن بۆ خۆیان باشترە، هەرچونێك بێت دەبێ قوتابخانە كوردیەكانی گەڕەكە كوردەكانی لیوای كەركوك بكرێتەوە، كە دوو ساڵ پێش ئەمڕۆ بە هۆی شاڵاوی دژ بە كورد داخران.

### ٤٥. خوێندن له قۆناغی دواناوەندی

لێرەدا پێویست نیه بچمه سەر ئەو بۆ چوونانەی جێی مشتومڕن له سەر لایەنگرانو بەرهەڵستکارانی بەکارهێنانی زمانی کوردی له قۆناغی ئامادەییو گرفتەکانی بەردەم بەکارهێنانی زمانی کوردی لەو قۆناغەدا، بەڵام دەتوانین لێرەدا هەندی بنەمای سەرەتایی دیاری بکەین:

١- دادگەری نیه داوا له منداڵێك بکرێ دوای چەند ساڵ له خوێندن له ناکاو داوای لێبکرێ بچێو به زمانێکی دیکه بخوێنێ، وەکو ئەوەی ئێستا به سەر منداڵانی کەرکوكو هەولێر پەیڕەو دەکرێ.

٢- زمانی عەرەبی بۆ هەموو رۆشنبیرێکی ئێراقی زۆر پێویسته، وا بەدیاردەکەوێ ئەو ئاریشەیه به چەند رێگەیەك چارەسەر دەکرێ، که دەبێ بیگرینەبەر.

٣- نەخوێندنی زمانی دایك بۆ منداڵ مافی خۆیەتیو مەسەلەیەکه گفتوگۆ هەڵناگرێ. خوێندنی دواناوەندیش بۆ پێداویستیەکانی هەموو لیوایەکەیه، وا باشترە یەکەم جار به زمانی زۆرینەو زمانی رەسمی لیوایەکه بخوێننو دوایی زمانی عەرەبی له جیاتی زمانی عەرەبی وردە وردە بخرێته شوێنی زمانی کوردی، ئەمەش هەر له قۆناغی یەکەمەوە، دەرس به دەرس زیاد بکرێ.

٤- چەند سەعاتێك بۆ پۆلی یەکەمو ٨ سەعات له هەفتەی دووەم، یان بۆ نمونه مادەی حیساب، که قورس نیه بکرێته عەرەبیو وردە وردە مادەکانی دیکه له قۆناغەکانی دیکه بگۆڕدرێن بۆ عەرەبی، بەڵام دەکرێ سەرپەرشتیاری گشتی بۆچوونی دیکەی هەبێت له سەر ئەو بابەته، لەو باوەڕەدام هەتا توندڕەوە نەتەوەییەکانی کورد له سلێمانی قەناعەت بکەن له سەر ئەو بنەمایەی سەرەوە، که به قۆناغبەندی زمانی عەرەبی بخرێته ناو خوێندنو توندڕەوە کوردەکانیش دڵنیابکرێنەوە، که فێربوونی زمانی عەرەبی هەنگاو نیه بۆ بەعەرەبکردنو کاڵکردنەوەی زمانی کوردی.

واژۆ

سی، ج. ئەدمۆنس

New Delhi. India ،Scret. Kurdish policy ،Vol. lx ،13/14 ،File No

**نوسخەی s/530،D.O ١٤ی ئەیلولی ١٩٣٠**

**راپۆرت:**

**لە: ج. سی، کجنگ، سەرپەرشتیاری کارگێڕی بەریتانی هەولێر**

**بۆ: کەنهان کۆرنەوالیس راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ – بەغدا.**

**سێر کۆرنەوالیس**

کۆمەڵێك لێدوانو روونکردنەوەتان بۆ دەنێرم، کە لە ناو کوردەکانی هەولێرو سلێمانی بڵاوە لە سەر رووداوی ٦ی ئەیلول، هەتا بزانن لەو پاداشتنامەدا چۆن وەڵامی ئەو هەموو درۆیانە دەدرێتەوە.

١- لە ٣س ئەیلول مێجەر (ئەفسەری بەریتانی)و موتەسەریفی سلێمانی بەوەکالەت داوایان لە خەڵك کرد بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنی پەیوەست بە دانانی لیژنەی بەدواداچوون،، مێجەر بۆ سەردانی ئەم ناوانەی خوارەوەی کرد، کە ئەوانیش رەفزیان کرد وەکو: رەمزی قەزاز، شێخ قادر، حەمە ئاغا، عەزمی بابان، عەبدولبەهمەن ئاغا، فایق بابان، عەبدورەحمان ئاغا، شێخ موحەمەد کلانی، صالح بەگ.

ئەوانەش کە بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەین بەو مەرجەی پاسەوانمان بۆ دیاری بکرێت وەکو: حاجی مەلا محیّ دین، مستەفا پاشا، غالیب ئاغا، مەجید بەگ، فایق بەگ، حاجی رەسول.

٢- لە هەمان رۆژ موتەسەریف سەردانی هەمان ئەو کەسانەی کرد، کە رەفزیان کرد بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن، پێی وتن: بەو بەشداری نەکردنە پیشێلی یاسا دەکەنو تووشی سزا دەبن، حەمە ئاغا وتبووی: ئەگەر یاسا هەیە بۆ سزادانی ئەوانەی بەشداری لە

هەلبژاردندا ناکەن دەبێ یاساش هەبێ بۆ ئەوانەی خەڵك بە زۆر دەبرێن بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن.

٣- لە رۆژی ٥ی ئەیلول موتەسەریف جارێکی دیکە هەوڵیدا قەناعەت بە کورد بکات بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن، بەڵام پیاوماقوڵان رەتیان کردەوە، موتەسەریفیش بەڵێنی لێوەرگرتن بە تەواوی دەست لەوکارە وەرنەدەن.

٤- لە ٦ی ئەیلول ئامادەکاری وەرگیرا بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنو پۆلیس بازرگانەکانی ناچارکرد بێن لە سەرا کۆببنەوە، بەڵام پیاوماقولانی شار بەرەو پیری ئەو فەرمانەوە نەچوونو بڕیاریاندا بمێننەوە.

٥- بازار داخرا بەڵام خەڵك بە کۆمەڵ لە بەرانبەر سەرا کۆببوونەوە.

٦- پۆلیس قوتابیەکی بە ناوی فایق گرت، بەڵام خەڵکەکە ئازادیان کرد.

٧- خۆپیشاندەران زیادیان کردو هێزەکانی پۆلیسیان لە سەرا دایە بەربەردان، پۆلیس بۆ پۆلیس بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران تێلا(هروات)تیان بەکارهێنا، بەڵام بێ ئاکام بوو، ئەو حاڵەتە بەردەوام بوو بۆ ماوەی ٣ سەعات.

٨- لە سەعات ١١ی بەیانی یەکەکانی سوپا بەبێ چەك گەیشتنە مەیدانی سەرا، دوای ئەو هێزی دیکە بە چەکەوە گەیشتن.

٩- یەکەی دیکەی سوپا گەیشتن، کە چەکی رەشاشیان پێبوو، لەبەرانبەر سەرا سەنگەریان گرت.

١٠- هیچ رووداوێکی تەقەکردن لەلای خۆپیشاندەرانەوە رووی نەدا، بەڵام حەمە رەشید چەقۆی لە سکی پۆلیسێك داو برینداری کرد، مەحمود حیلیمی ئەفسەر (حەمە شەلچی)یش دەمانچەکەی دەرهێناو تەقەی لەو قەسابە کرد.

١١- سەربازەکان بۆ ماوەی ٥ دەقیقەو بەبێ هیچ فەرمانێك رووی تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد، لەو میانەدا سەربازێکی ئاشووری کوژراو یەکێکی دیکە بریندار بوو.

١٢- بە هەمووی ٣ کەس کوژراو ٧٠ی دیکە بریندار بوون.

١٣- دوای ئەوە هێزەکانی پۆلیسو سوپا هەموو شەقامو مەیدانەکانی شاریان کۆنترۆڵ کرد.

١٤- ژمارەی گیراوەکان گەیشتە ١٥٠ کەس.

١٥- ئەگەر کەسێك لە هێزەکانی پۆلیس لەو رۆژەدا ناکۆکی لەگەڵ کەس هەبێت، یان قەرداری کەسێکە بۆیە بەشداری ئەو رووداوەی کردووە هەتا بیخەینە زیندانەوە.

١٦- لەو رۆژەدا کەس بۆی نەبوو بەبێ ناسنامە بە ناو شاری سلێمانیدا بسوڕێتەوە، هێزەکانی حکومی هاتۆچۆی ناو شاریان قەدەغەکردو خەڵکیان دەپشکنیو پرسیاری شوناسیان دەکرد.

١٧- فەرمانی سەربازی کە لەلایەن هێزەکانی سلێمانیەوە سەرکردایەتی دەکرا، نیگەرانیان دەربڕی لە مامەڵەی هیزەکەیان، بەڵام وتیان فەرمانیان لە دەسەڵاتدارانی سلێمانی وەرگرتووە.

١٨- مامەڵەی گیراوەکان لە گرتووخانە خراپ بووە، دوای ئەوەی زەمانەتیان لێ وەرگیرا ئازادکران.

١٩- ماڵێك نیە لە سلێمانی بە هۆی رووداوی ٦ی ئەیلولەوە پرسەی تێدا نەبێت.

٢٠- لەگەڵ ئەوەشدا خەڵك ئامادەنین بە هیچ شێوەیەك بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن.

٢١- (٥) لە ئەفسەرە کوردەکان هەڵاتنو پەیوەندیان بە ناوچەی هۆزەکانەوە کرد.

ئەمە وردەکاری ئەو پڕوپاگەندانەیە، کە لە هەولێر بڵاوە، لەو باوەڕەدام ئەو پڕوپاگەندانە مەترسیدارنو دەبێ حکومەت لە رۆژنامە رەسمیەکانیدا وەڵامی هەمووی بداتەوە.

هەرچەند درەنگ ئەو پڕوپاگەندە مەبەستدارە وەڵام بدرێتەوەو بە ئەستەم بزانرێ بەرەنگاری ببنەوە، زیانی زیاتری لێدەکەوێتەوە.

**دڵسۆزی خۆتان**

**نوسخەیەك بۆ پشکنەری کارگێڕی لەسلێمانی**

New Delhi. India ،vll Scret. Kurdish policy ،13/14 Vol ،File No

## نوسینگەی پشکنەری کارگێڕی/ هەولێر
## یاداشتنامەی ژمارە (١١)
## ١٢ شوباتی ١٩٣٠

**بۆ: راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ**

ئەو نامەیە لە کەسێکی نادیارەوە گەیشتە دەستم، کە لەراپۆرتی ژمارە (١١١)ی بەرواری ٨ی شوباتی ١٩٣٠ ئاماژەی پێکراوە، وردەکاری زۆری لە سەر کۆمەڵە کوردەکان تێدایە، لەگەڵ گەڕاندنەوەی سامانی دەسبەسەرا گیراو بۆ ئاشوری، کە خاوەنی شەرعی خۆیانن‌و ئەو دەستدرێژیانەی بە ناوی شێخی[١] بارزانەوە کراوەتە سەر ناوچەی برادۆست‌و مەسەلەی ئەو نامە نادیارانەی بە بەردەوامی بۆمان دێت‌و کێشەی راپۆرتی ئەفسەری هۆبەی هەواڵگری لە شەقلاوە، گومان لە راستگۆیی ئەو زانیاریانە ناکرێ، مەسەلەیەکی زۆر بڵاوە هەیە، کە لە بروسکە زۆر نهێنییەکەتاندا هاتووە، ئەویش بەو دڵنیاکەرەوەیە، کە هەواڵی جدی هەیە بۆ ئەوەی ئەو باردۆخەی کوردستان بقۆزنەوە هەتا بتەقێتەوە.

پڕوپاگەندەیەکی دیکە هەیە بەوەی جەمیل مەدفەعی دەکرێتە موتەسەریفی موسڵ، ئەو پڕوپاگەندانە لە بارودۆخێکی نائۆقرەیی‌و گرژیدا بڵاوبۆتەوە، لەو ئاستەدا نیم قسەم هەبێت لە سەر مەسەلەی دامەزراندنی موتەسەریف لە موسڵ، بەڵکو رێگەم بدە بڵێم، کە دانانی مەدفەعی، بە هەڵوێستی دوژمنکارانە ناسراوەو ئەگەر دەسەڵاتی لە بارزان پێ بدرێت دەبێتە هۆی نیگەرانی لە ناو کورد بە تایبەتی لە هەولێر.

---

[١] - لێرەدا مەبەست لە شێخ ئەحمەدی بارزانە (و)

ئەمە لە کاتێکدا مەدفەعی ئەفسەری پێشووی سوپای ئێراقی بووەو لەلای قورسە چاودێری ڕۆتینیاتی ئیداری بکات، بەوە ناسراوە کە گوێڕایەڵی کوێرانەی بۆ وەزیری دارایی هەیە، کە رابردووی تایبەتی باشی نیە لەگەڵ کێشەی پەیوەندیەکانی ئێراقی — بەریتانی، وەکو بەدەردەکەوێ دانانی بۆ مەبەستی دەستەمۆکردنی نەتەوەخوازانی عەرەب بووبێ، ئەوەی شایانی باسە لە ساڵی ١٩٣٧ حکومەت بۆ ئەرکێکی هاوشێوە ناردویەتی بۆ دیوانیە، داوای لێکرا هەستی نەتەوەخوازانی عەرەب بوروژێنێو چالاکیەکانی لایەنگرانی بەریتانیا سەرکوت بکات، بە شێوەیەکی گشتی گرفتی بۆ ئیدارەو دەسەڵات دروست کرد. لەم ڕۆژەداو لە باردۆخێکی هاوشێوە لەلایەن حکومەتەوە بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی پێگەی بەریتانی بنێردرێ بۆ ناو کورد، وام لێدەکات بەو پڕوپاگەندانە بڕوا بکەم.

گرنگترین مەسەلە لەم کاتەدا گەیشتنە بە ڕێکەوتننامەیەکی نوێ لەگەڵ حکومەتی ئێراقی. چونکە نەتەوەخوازانی ئێراقی لەو باوەڕەدان حکومەتی بەریتانی ڕێککەوتننامەیەك لەگەڵ کورد واژۆ دەکات، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئیدارەی بەریتانی هەیە، دامەزراندنی جەمیل مەدفەعی بۆ ئەوەیە نائارامی دروست بکاتو پەیوەندیەکانی نێوان کوردو ئینگلیز زەق بکاتەوە. توێژێك هەیە لە ناو کورد هاوسۆزن لەگەڵ نەتەوەخوازانی عەرەب، پێویستە ئەوە بەکاربهێنرێ بۆ پچڕاندنی پەیوەندی تایبەتی نێوان کوردو بەریتانیاو پچڕاندنی پەیوەندی نەتەوەخوانەی کورد کە بە غەیری خۆیانەوە بەتایبەت ئەو کوردانەی پێشنیازی خواستی کوردان دەکەن. ئەگەر ئەوانە پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیز بپچڕێنن ئەوە لەئایندە حکومەتی ئێراقی دەتوانێ لە باردۆخێکی هێمن گفتوگۆی مافەکانی کورد بکات، بەڵام دەبێ بڵێین، کە ڕەگەزی میانەڕەو لە ناو کورد لەو یاریەی نەتەوەخوازانی عەرەب بێدەنگ نابن لەگەڵ ئەو توێژە لە کورد.

زۆر قورسە بە وردی چاودێری ئەو کۆمەڵە کوردیانەی هەولێر بکەین، چونکە ئەو لیوایە بۆتە مەڵبەندی چالاکی ئەوان نەك مەڵبەندی سەرەکی، گوایە ئەفسەرە کوردەکان ئامادەن بچنە ریزی سیاسەتێکی نەتەوەیی میانەڕەوانە، وا بەدەردەکەوێ، کە لەبارودۆخی ئێستا (کۆمەڵەی پیشتوانی کوردان) بە تەنیا چوارچێوەیەکی نهێنیە، چالاکی مارف جیاوكو هاوڕێکانی هەتا لەو ڕێگەیەوە پایەیەکی باڵا لەبەغدا بەدەست بخەن، لیستە دوورو درێژەکانی (کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان) لە سەربازو مەدەنیەکان بە تەنیا خەیاڵاتە، بەڵام دەکرێ ئەو ڕێکخراوە لە ئایندە بە کردەوە هەبێو ژمارەی ئەندامی زیاد بێ، لەم باردۆخەی ئێستا مرۆڤی ئاسایی کورد لە کۆمەڵەی نەتەوەیی ریك نەخراوە، بەڵام ئەمە تا سەر نابێت.

له راستیدا من تارادەیەك پێکاومە، کە دەڵێم لیوایەکانی باکور هەروەکو لیوایەکانی باشور بۆ هەمیشە زەویەکی بەپیتن بۆ ئاژاوە. ئەوانە ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی واژۆکردنی رێککەوتننامەی بەریتانی — ئێراقی لە ئازاری ١٩٢١و ١٩٢٤و دوایی ١٩٢٧، بەڵام بەڵای گەورە ئەوەیە کە لەم رۆژانە سەرنجمان بەلای بارزانە، لە شەرێکی دوژمنکارانە دژی ئاشوریەکانی ناوچەی برادۆست وای کردووە پڕۆژەی نیشتەجێکردنی ئاشورییەکان لەوێ لە مەترسی دابێ، ئەوەی شایانی باسە پێش ئەو شاڵاوی پروپاگەندەیە لەوێ هیچ کۆسپێك نەبووە لە بەردەم پڕۆژەی نیشتەجێکردن.

ئەگەر بارودۆخ وەکو ئاماژەکان دەریدەخەن، بەم شێوەی ئێستا بەرەو داروخان بچێت، زۆری پێناچێت ئاغایەکان دەست دەنێنە گەردنی یەکتر، گوێمان لێبوو پیلان لە نێوان ئاغا باوەڕپێنەکراوەکانی شەقڵاوە دەستی پێکردوە، ئەمەشیان خراپە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی بەریتانی.

ئەگەر ویستمان سروشتی ئەو پیلانانە روون بکەینەوە، کە لەلایەن توندەڕەوانی لە لیوایەکانەوە چۆن دەستی پێکرد، پێویستە لێرەدا ئاماژە بە هەنگاوی یەکەمی ئەو پڕۆسەیە بکەین، پڕۆسەکە لێرەدا لە رێگەی پێشکەش کردنی هەندێ ئیمتیازات بە سەرۆك هۆزی ناشایستە لە هۆزەکان دەست پێ دەکات، کاری هەندێ بەرپرسی حکومەت بەدەست تێکەڵ کردن لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان دژی ئارامیو ئۆقرەیی لە ناوچەی هۆزەکان، کە مەگەر لە رێگەی دەسەڵاتەوە نەبێت، ناتوانرێ دەسەڵات فەرز بکرێ، ئەمەش کارێکی نابەرپرسانەیەو شایستە بە هەموو ریسوا کردنێکە، چونکە ئێستا رژێمو ئۆقرەیی بە رێگەی هەوڵێکی زۆر نەبێت دابین نابێت. دەبێ ئەفسەرو ئیداریەکانی بەریتانی قوربانی گەورەی بۆ بدەن، کە هەندێك لەوانە ژیانی خۆیان لەو پێناوەدا بەخشی، چونکە لە دەستچوونی رژێم وا بە ئاسانی ناگەڕێتەوە.

حەزی ئێوە بۆ دەستێوەردان لە ناو هۆزەکانو پیشکەشکردنی ئیمتیازات بە هەندێ لەوانە لە سەر حیسابی ئەوانی دیکە، بێگومان دەبێتە هۆی ئاژاوەو هێزەکان بەریتانی ناچار دەکات بۆ گێڕانەوەی رژێمو ئۆقرەیی.

ئەوەی من بە بێ مانای دەزانم واچاوەڕوان دەکەم حکومەتی ئێراقی یان نوێنەرەکەی لە دوای ئەو داڕوخانە هەندێ چاکسازی لە کاروبارەکانیدا بکات، ئەندامانی گەورەی حکومەتی ئێراقی دەیانەوێ کورد بە عەرەب بکەنو باردۆخی ئێستا بتەقێننەوە.

بە بۆچوونی من باردۆخی ئێراق پیویستی بە دەستێوەردانی بەریتانی هەیە، لەوکاتەی حکومەتی خاوەن شکۆ مەلیك فەیسەڵ لە پاییزی ساڵی رابردوو مافی کوردی راگەیاند،

بێگومان ئەو مەسەلەیە دەگۆڕێ بۆ چارچێوەیەك ئاشتەوایی نێوان کوردو عەرەب مسوگەر بکات، سەرەڕای ئەو بەیاننامەیە چەندین بەڵێن دراوە، بەڵام گوزراشتێکی سیاسی نەبووە.

توانای مانەوەی حکومەتی ئێراقی لە کوردستان دیارناکەوێ لە دوای پاشەکشەی هێزی سەربازی بەریتانیو ئیدارەی بەریتانی نەبێت، هەروەها هەرگیز کوردێك نابینی قبوڵی بکات حکومەتی عەرەبی لە بەغدا حوکمی کوردستان بکات بەبێ ئەوەی رۆڵیان هەبێت لە ئیدارەی حکومەتی ناوەند، ئەمە لە کاتێکدا هەموو وەزارەتەکانی ئێراقی ئەو راستیە دەزانن، بەڵام هەموو (بە هەڵە یان بە راست) خۆزگە دەخوازن رێککەوتننامەی تازە ئەو بەندە لە خۆ بگرێ، کە ئێراق دەسەڵاتی بە سەر کوردستانەوە هەبێت، بەڵام بە مەرج، نەتەوەخوازە توندەرەوەکانی عەرەب هەموو هەولێك دەدەن هەتا رێککەوتننامەی تازە کەمترین مافی تێدا بێت بۆ کورد، بۆ ئەو مەبەستە نەتەوەخوازانی عەرەب بێ دوودڵی حاڵەتێکی نائارامی لە کوردستان دروست دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا ئەوان خۆیان بە بەرپرسیار نازانن لە گەڕانەوەی ئۆقرەیی‌و رژێم، چونکە ئەمە بە ئەرکی ئیدارەی بەریتانی دەزانن.

لە ژێر رۆشنایی ئەوەی پێشوو پێشنیازم وایە ئێستا بەیاننامەیەکی بەریتانی پێویستە، کە هاوپێچی بەیاننامەکەی دیکەبێت لە سەر باردۆخی کوردستانو چۆنیەتی تێکەڵ کردنی ئەو بەیاننامەیەی پەیوەستە بە مافی کورد، لە دوای کشانەوەی هێزەکانی بەریتانی ئەو رێککەوتننامەیەی دەبێتە سەربەخۆیی ئێراق، بەڵام ئەگەر حکومەتی بەریتانی ئەو بەیاننامەی نەهێنایە ناوە، کە پەیوەستە بە کورد لە رێککەوتننامەی ناوبراو، زۆر چاوەڕوانکراوە بارودۆخ بە خراپی لەو لیوایە یان لیواکانی نزیکی بتەقێتەوە، بەڵام لە سەر حکومەتی ئێراقیە دان بە کەمینە رەگەزیەکانی وەکو ئاشوریو کوردو تورکمانە چەکدارەکاندا بنێ، کە بە چاوی رەزامەندیەوە سەیری حکومەتی ئێراقی ناکەن.

تێدەگەم کە بەرپرسانو چاودێرانی رووداوەکان لێدوانی هاوسەنگ دەدەنو لەوکاتەی قسە دەکەن لە سەر باردودۆخی ئێراق ئەوە بە هێند وەردەگرن، کە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا رەچاو بکەن لە نەوتو فرۆکەخانەی بەغدا.

خاوەن شکۆ مەلیك فەیسەڵ لەو باوەڕەدایە، پاراستنی حکومەتی ئێراقی لە گرنگترین ئامانجەکانی بەریتانیایە لە ئایندەیەکی چاوەڕوانکراو. بۆیە پێویستە حکومەتی ئێراقی قەناعەت بکەن، کە ئێمە لە سەر ئایندەی دوای کشانەوەی حکومەتی بەریتانی لە ئێراق نیگەرانین، بەپێی زانیاری ئێمە بە بێ رێککەوتن لەگەڵ کورد بە گوزارشتێك مافی ئەوان لە ناو ئێراق مسۆگەر بکات، ئەوە کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیو راوێژکارانی لە ئێراق حالەتێك دێتەدی زۆر ئەستەم دەبێ

حکومەتی ئێراقی باڵادەستی لە ناوچە شاخاویەکانی ئەو لیوایە لە دوای ساڵی ۱۹۳۲ەوە بپارێزێ. نیشانەکانی ئەو نیگەرانیەش ئەو راپۆرتانەیە کە پێمان گەیشتووە، تورکەکان بە راستی لە بارودۆخی کوردستان تێگەیشتوونو نەخشەیان هەیە بۆ بەرژەوندی خۆیان.

لە راستیدا من زۆر سەرسامم بە حکومەتی بەریتانی دوای کۆتایی هاتنی ئینتیداب بایەخی تەواو بە مەسەلەی بەستنەوەی کوردستان نادات بە ئێراق، بەڵام لە روانگەی گۆرانکاریەکانی ئەم دواییە بە پێویستی دەبینم حکومەتی بەریتانی مەبەستی خۆی لەو مەسەلەیە دەربڕێ، پێشنیاز دەکەم خاوەن شکۆ مەلیك بە زوویی سەردانی ئەو لیوایە بکات، ئەو سەردانەی بەرێزیان لە نزیکەوە دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە بارودۆخی ئەو لیوایە، کە باشترە لەوەی لە ریگەی ئەم یاداشتامەیەوە دەستی دەکەوێ، ئەگەر حکومەتی بەریتانی مەبەستی خۆی لە سەر کوردستان ئاشکرا بکات، ئەگەر حکومەتی بەریتانی هیچ هەنگاوێك نەهاوێ، بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەگۆڕێ، ئەوەی ئاگادارم کورد ئەوانەن حەز لە سیستم دەکەنو گوێڕایەڵی یاسانو لە عەرەب زیاتر حەز بە ئاژاوەو هەڵگەڕانەوە ناکەن.

ئەو فشارەی نەتەوە خوازەتوندەڕە عەرەبەکان پیادەی دەکەن لەگەڵ کورد هەستی ئەوانە دەوروژێنێ بە تایبەت ئەو نوخبەیەی هەست بە مەزڵومیەتی زۆر دەکەن لە دەسەڵاتی عەرەبی عیراقی لە کوردستان. لەلای رەواندزو بە تایبەتی لە پشدەرو بارزان حالەتێکی نیگەرانیو شپرزەیی هەیە، هێژایان ئەدمۆنسو چاپمان، پێیان وایە ئەگەر باردۆخ هەروا لەلایەن توندڕەوانی نەتەوەخوانی عەرەب بەردەوام بێ لە کاری مەبەستدارو فشار بکەنە سەر هەستی کوردان باش هەست بە مەترسی دەکەن.

من نامەوێ وەکو شارەزا لە پێشبینی هەڵایسانی شۆڕشو هەڵگەڕانەوە بەرچاوڕونی بدەم، بەڵام نامەوێ جەخت لە سەر ئەوە بکەمەوە، کە بەهۆی شارەزایم لە هۆزەکانی باشوری ئێراق، ئەگەر توندرەوە نەتەوەخوازەکانی عەرەب بەردەوام بن لەوەی ئێستا دەیکەن لەبەرانبەر کورد لە ناوچە شاخاویەکان گەیشتوومە پێشبینی لە روودانی ئاژاوە لە کوردستان، ئەمەش ئەرکێکی زیاتر دەخاتە سەر حکومەتی ئێراقی هەتا هەوڵی زیاتر بدات بۆ هێمن کردنەوەو کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە.

**واژۆ**

**سیجینگ پشکنەری کارگێڕی لیوای هەولێر**

**نوسخەیەك بۆ:**

**پشکنەری کارگێڕی لیوای سلێمانی**

**پشکنەری کارگێڕی کەرکوك**

13/14 Vol. Vlll. Secret. Kurdistan policy. New Delhi. ،File No India

## بروسکەی ژمارە R.No. 292

## نهێنی

## لە: وەزارەتی داگیرگەکان، لەندەن

**بۆ: نوێنەری باڵا، بەغدا**

## گرنگ: ژمارە ٢٨٠ مێژووی ١٩٣٠/٧/٢٨

سێر فرانسیس هامفریس بە درێژی لەگەڵ مەلیکی ئێراقو سەرۆك وەزیرانی ئێراق لە سەر مەسەلەی کورد قسەی کرد، گفتوگۆکان جدی بوونو هەردوولا بۆچوونی خۆیان هەبووە، جەختیان لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە کردۆتەوە:

١- لە لەندەن بەرپرسانی ئێراقی گفتوگۆیان کردووە دەربارەی هێڵی ئاسنو مەسەلەی دارایىو نەوت، ئەوان دڵنیا نەبوون لە هەقیقەتی ئەو بارودۆخە، چونکە لە ناو راپۆرتەکاندا زانیاری تێکگیراو هەبووە.

٢- مەلیكو سەرۆکی وەزیران لەو باوەڕەدا بوون هەتا وەکو دەڵێن ئەگەر کار گەیشتە قۆناغی هەستیار گۆڕینی پلەی (پشکنەری رۆشنبیری کوردی) بۆ پلەی (بەڕێوەبەری رۆشنبیری کوردی)و کردنەوەی دوو دواناوەندی هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

٣- پێش گەڕانەوەی بۆ ئێراقو لێکۆڵینەوە لە رووداوەکان لە سەر ئەرزی واقیع ئامادە نەبوون هیچ سازشێك بکەن، بێجگە لەو سازشەی پێش ئەوەی بچێ بۆ ئەورووپا لە لایەن نوری سەعید بۆ کورد کراوە.

٤- بەرپرسانی ئێراقی ڕەفزیان کردەوە سازشی دیکەی پێشنیازکراو بۆ کورد بکەن، لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

أ- مەلیكو سەرۆك وەزیران دەترسن، ئەگەر ناچار بکرێن سازشی زیاتر بۆ کورد بکەن وەزارەتەکەی دەست لە کاربکێشێتەوە

ب- بەرپرسانی ئێراقی لەو باوەڕەدان ئەگەر سازشی دیکە بۆ کورد بکرێ کورد هاندەدات داوای سازشی زیاتر بکەن.

ج- هەردوو حکومەتی تورکیو ئێرانی حکومەتی ئێراقیان ئاگادار کردۆتەوە لە مەترسی بەخشینی ئیمتیازاتی زیاتر بە کورد.

هەردووك دان بەوە دادەنێن، کە مەسەلەی دارایی نابێتە کۆسپ لە بەردەم چێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی لە ژێر ڕۆشنایی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان بە کورد دراوە، حکومەتی ئێراقی سوورە لە سەر جێبەجێکردنی هەموو ئەو بڕیارانەو مامەڵەکردنی هاوشێوەی ئەوەی لەگەڵ ئێراقیەکان دەکرێت، سێر هەمفریس لەو باوەڕەدایە، کە مەحاڵە نوری سەعید پێش گەڕانەوەی بۆ بەغدا قەناعەت بکات بڕیارێك لەو بارەیەوە بدات، رایگەیاندووە کە مانگی ئایندە دەگەڕێتەوە ئێراق.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی لە سەرەوە روون کرایەوە، لە سەر هەڵوێستی هەریەك لە نوری سەعیدو مەلیك فەیسەڵ دەربارەی ئەو دوو مەسەلەیە پێش گەڕانەوەی هەردووکیان بۆ ئێراق ئەستەمە لەم باردۆخەی ئێستا سازشێك بکرێ جێگای ڕەزامەندی حکومەتی ئێراقی بێت.

ناکرێ دادگا هاوڕێیەتی جەعفەر پاشا (سەرۆك وەزیران بە وەکالەت) بکات لەم سەردانەی بۆ کوردستان، چونکە لەم بارودۆخەی ئێستا ئارەزوو ناکات، نایەوێ ناوی حکومەتی بەریتانی لەگەڵ هیچ لێدوانێك لە بابەت مەسەلەی کوردەوە تێکەڵ بکات، بەڵام بڕیار لە سەر ئەو مەسەلەیە بۆ ئێوە بەجێدەهێڵم، ئەگەر بریارمدا هاوڕێیەتی جەعفەر عەسکەری بکەم لەو گەشتەی بۆ کوردستان دەبێ زۆر وریابین لە هەر پڕوپاگەندەیەك یان قەناعەت لەلای هەندێك، کە حکومەتی بەریتانی بە شێوەیەك لە شێوەکان هانی بزاڤی نەتەوایەتی کوردی بدات بۆ ئاژاوە نانەوە، بەشێوەیەك حکومەتی ئێراقیو تورکیاو ئێران شەرمەزار بکات.

## بروسکەی ژمارە (٣٦)

## دانەیەك بۆ خاوەن شکۆ مەلیك فێڵد

File No. 13/14 Vol. lx. Secret. Kurdish policy. New Delhi. India

## لە راپۆرتی ١٨ی ئابی ١٩٣٠ وەرگیراوە، کە راوێژکاری بەریتانی لە وەزارەتی ناوخۆی ئێراقی ئامادەی کردووە.

٥- بیرکردنەوە لەوەی کە پێویستە چی بکرێ سوودی نابێ، گرنگ ئەوەیە ئەمڕۆ بیربکەینەوە لە سیاسەتێك بۆ ئێستاو ئایندەی کوردستان، بیری خۆمان بە سەر دوو مەسەلەی گرنگ دابگرین: یەکەمیان بە زەبری هێز کورد سەرکوت دەکەین دووەمیان بە هۆی هەڵوێستی باش سەرنجی ئەوان بەلای خۆماندا رادەکێشین، پێویستە لەو بەیاننامە سیاسییەی نوری سەعید رادەیگەیەنێت پشتگیری بێت بۆ کورد، هۆکارەکانی پێشتر ئاماژەی پێدرا، بە سەرنجراکێشانی کورد بۆ دۆستایەتی سەرکەوتووترە، چونکە سەرکوتکردن ئاکامێکی نابێت، لەگەڵ ئەوەدا گرتنەبەری سیاسەتێکی لەوجۆرە ئاسان نیە، کۆسپی زۆری لە پێشە، بەڵام جێگرەوەی نیە، هەنگاوی یەکەم جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەیە، کە حکومەتی ئێراقی بە کوردی داوە، ئەمەش بە روونکردنەوەی ئاشکرای ئەو رێوشوێنە باشانەی حکومەت دەیگرێتەبەر، لێرەدا بۆ نمونە یاسای زمان، کە جێگری سەرۆك وەزیران پێشنیازو ئاشکرای کرد، پێشنیازم وایە دەبێ روون بکرێتەوەو بخرێتە جێبەجێکردنەوە، دەبێ پەلە بکرێ لە دامەزراندنی یاریدەدەریکی بەڕێوەبەری گشتی کورد، لە وەزارەتی ناوخۆ وەك ئاگادارم بەشێکی تایبەت بە وەرگێڕانی کوردی لەو وەزارەتە کراوەتەوە، بەڵام دەبێ بە خێرایی هەموو ئەو بەڵێنانەی بە کورد دراوە جێبەجێ بکرێ. هەورەها پێشنیاز دەکەم داوا لە موتەسەریفی لیوا کوردەکان بکرێ پێگەی خۆیان لەلای سەرۆك هۆزەکان بەکاربهێنن هەتا باوەڕ بکەن، کە حکومەت بەرنامەو بەڵێنی تازەی هەیە لە بەرژەوەندی کوردو مافەکانیان پارێزراوە. دووبارە جەخت لە سەر ئەو خاڵە دەکەمەوە، کە پێویستە یاسای پێشنیازکراوی زمان پیادەبکرێو کورد ئاگادار بکرێتەوە لە بایەخی ئەو

هەنگاوە، کە دەستکەوتێکی گەورەی حکومەتە بۆ کورد، دەبێ موتەسەریفی کەرکوك‌و هەولێر پەیوەندی بە هێزی خۆیان لەگەڵ سەرۆك هۆزە کوردەکانی لیواکان نەکەونە ژێر کاریگەری راگەیاندنی دژ، کە لە سلێمانیەوە ئاراستە دەکرێ. سەبارەت بە موتەسەریفی سلێمانی، کە لەو کاتەدا هەموو هەوڵەکانی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ لابردنی مەترسیەکان هەتا بارودۆخ بگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی. دەبێ دڵنیا بکرێتەوە، کە داواکاریەکانی گەیشتۆتە کۆمەڵەی گەلان‌و پابەند بە هێمنی بێت هەتا وەڵامی لە کۆمەڵەی گەلانەوە بەدەست دەگاتەوە. هەر کاتێك کۆمەڵەی گەلان وەڵامەکانی ناردەوە (خوازیارین ئەو وەڵامە بەدڵی حکومەتی ئێراقی بێت)، هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ ئەوەی کورد قەناعەت بکەن هاوکاری لەگەڵ حکومەتی ئێراقیدا بکات، ئیمتیازاتی زیاتری نەتەوایەتی هاوکار دەبێت بۆ لابردنی مەترسیەکانی کورد، بەڵام نابێ مافی کورد روخساری جیابوونەوەی پێوە بێت یان لاوازی بداتە حکومەتی ئێراقی.

File No. 13/14 Vol. lx. Secret. Kurdish policy. New Delhi. India

## نوسینگەی نوێنەری باڵای بەریتانی ئێراق – بەغدا
## ٢٦ی ئەیلولی ١٩٣٠
## لە: کەیهان کورن والیس راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ

**بۆ: لۆرد .ب. س. باسفسلد، وەزارەتی کاروباری داگیرگەکان لەندەن**

بۆ تەواوکردنی راپۆرتی پێشووی ژمارە (١)ی بەرواری ١٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ شەرەفمەندم ئەو هەواڵەتان بدەمێ، کە وەکو دەبینرێ هەتا ئێستا بارودۆخی کوردستان هێمنە.

٢- گرنگترین رووداوی ئەم دوو هەفتەی دوایی گەیشتنی شێخ مەحمودە لەگەڵ ٢٠٠ کەس لە لایەنگرانی لە ئێرانەوە بۆ ناو خاکی ئێراق، هەر کە لە رێگەی سنووری پێنجوینەوە هاتە ناو خاکی ئێراقەوە بابا عەلی کوڕی ناردە سلێمانی بۆ ئەوەی دەسەڵاتداران ئاگادار بکاتەوە، کە دەیەوێ بۆ سەرەخۆشی یەکێك لە سەرۆك هۆزەکان بچێتە پشدەر، ئەمە لە کاتێکدا برا گەورەکەی عەباسی مەحمود ئاغا پێش ساڵێك یەکێك لە کوڕەکانی پێش ماوەیەك مردووە، ناردنی بابا عەلی بۆ سلێمانی پێویست بووە، بەڵام بەڵگەی نیازپاکی بووە، لەگەڵ ئەوەدا بابا عەلی کوڕە گەورەیەتی بەڵام لە کوڕەکانی دیکەی سەنگینتر نیە.

٣- بە پێی ئەو هەواڵانەی گەیشتوون، شێخ مەحمود لە ١٨ی ئەیلول یەکێك لە کوڕە مامەکانی لەگەڵ هەندێ لەچەکدارەکانی لە گوندی پیران بەجێهێشتووە، دەڵێن ماوەیەك لە گوندی (عیساوا)ی سەر سنووری نزیك بە (ماوەت) ماوەتەوە، لە ٢٠ی ئەیلول بەرەو رانیە ئەوێی بەجێهێشتووە، بەپێی دوا راپۆرت ئێستا لە ناوچەی رانیە لە شونێکە ٢٥ میل لە باشوری رۆژهەڵاتی رانیەوە دوورە.

٤- بابا عەلی بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ، دەیەوێ بۆ خوێندن پەیوەندی بە کۆلیژی فەکتۆریا لە ئەسکەندەریە بکات.

٥- سێ لە هەڵاتوانی دواکراو لەلایەن حکومەتی ئێراقیەوە، کە لە ڕاپۆرتی پێشوو بڕگەی ٦ی بەرواری ١٧ی ئەیلولی ١٩٣٠ ئاماژەمان پێدا لەگەڵ شێخ مەحمود هاتوونەتە ناو خاکی ئێراقەوە.

٦- لە ١٨ی ئەیلول لە ڕێگەی ئاسمانیەوە بە نوسراوی هێژا (ئەلبان)، کە بە شێوەی کاتی لە جیاتی موتەسەریف کاردەکات، شێخ مەحمودی ئاگادار کردۆتەوە، بە زوویی خاکی ئێراق بەجێبهێلێ‌و بگەڕێتەوە شوێنی خۆی لە ئێران‌و سێ ئەفسەرە هەڵاتووەکەی سوپای ئێراقیش ڕادەستی حکومەتی ئێراقی بکاتەوە، بە پێی زانیاری من لەو وەڵامدا نوسیبووی، کە ئەو ئێستا بەڕێوەیە بۆ پشدەر، ئەو سێ ئەفسەرەی باسمان کرد لەگەڵێدانین، بەڵام هەتا ئێستا هیچ نوسخەیەکم لەو نامەیە نەدیوە.

٧- وا دێتەپێش چاو شێخ مەحمود بیەوێ هەڵوێستی سیاسی سەرۆکەکانی پشدەر تێ بگات، کە زیاتر لە نیوەیان پشتگیری لە حکومەتی ئێراقی‌و نیوەکەی دیکە پشتگیری لە بزاڤی نەتەوایەتی کوردی دەکەن، بەڵام هەموویان دەیانەوێ پەیوەندیان لەگەڵ ئیدارەی بەریتانی لە ئێراقدا هەبێ.

٨- لە ٢٢ی ئەیلول پشکنەری کارگێڕی لە سلێمانیەوە گەیشتە هەڵەبجە، لەوێ جەعفەر پاشا چاوی بە سەرۆکەکانی هەورامان دەکەوێ‌و پێیان ڕادەگەیەنێ، کە ئەو داواکاریانەی کورد گەیشتۆتە لەندەن‌و ورياییدانێ لە سەر ئەو هەواڵانەی بە درۆ لە سەر مەبەستی حکومەتی بەریتانی بڵاودەکرێتەوە، وادیارە ئەو گفتوگۆیەکە بێ سوود دەبێ.

٩- ئەحمەد شەفیقی موتەسەریفی تازەی سلێمانی چووە پشدەر، لەوێ سەرۆك هۆزەکان زۆر ڕیزی لێدەگرن.

١٠ حەپسە خانی نەقیب خێزانی شێخ قادر، یەکێکە لەو کەسانەی واژۆی لە سەر ئەو داواکاریانە کردووە، کە بۆ کۆمەڵەی گەلان چووە، لەوباوەڕەدام پەیوەندی هەبێت بەو کارە تێکدەرانەی لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە لە سلێمانی ڕوویدا، بە یەکێك لە ناحەزە وريایەکانی حکومەتی عەرەبی دەژمێردرێت، بەڵگەم زۆر لە بەردەستدان، ئەوە دەگەیەنێ نەك تەنیا خێزانی شێخ قادرە، بەڵکو ئەقلی بزوێنەری بزاڤی ئێستای کوردیە

١١- ئەوەی بە لای ئێوەوە نامۆیە، هەتا ئێستا رێگە بە شێخ مەحمود دراوە، بێتە ناو خاکی ئێراقو هیچ رێوشوێنێك نەگیراوەتەبەر بۆ گرتن یان ناچارکردنی بە گەڕانەوە بۆ خاکی ئێران، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

أ- من بە بەردەوامی داکۆکیکار بووم، کە چارەسەری کێشەی کورد بە شێوەیەکی سەرەکی ئەرکی حکومەتی ئێراقیە، ئەمرۆ سیاسەتی ئیدارەی بەریتانی لە ئێراق لەوەدا کورت هاتووە، لەوکاتەیدا باردۆخە ئالۆز بوو، یان سوپای ئێراقی نەیتوانیوە کۆنترۆڵی کورد بکات یان هاوکاری بکات، بۆیە ئێستا کاروبارەکان بۆ سوپا ماوەتەوە هەتا دەستپێشخەری بکات لە مامەڵەی لەگەڵ شێخ مەحمودو گرتنەبەری رێوشوین بۆ بەدواداچوونی رووداوەکان.

ب- ئاسان نیە هەڵویستی گونجاو دژی شێخ مەحمود بگریتەبەر، چونکە ئەو ئێستا چالاکیەکانی لە ناوچە سنووریەکان پوخت کردۆتەوە، لە حاڵەتی ئامادەکردنی هێز دژی ئەو دەبێ سنووری ئێران ببەزێنن، پشدەریش ناوچەیەکی شاخاوی سەختەو بە تەواوی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا  نیە، بە تەنیا هێزی پۆلیس ناتوانێ چارەسەری ئاریشەی خۆیو ١٠٠ لە چەکدارەکانی بکات، ناردنی هێزێکی گەورە لەم کاتەدا بۆ ناوچەی پشدەر، بێگومان پەشێوی دەخاتە ناوچەکەو باری خەزێنە قورس دەکات، بە رای من پێویستمان بە هێزێکە لە دوو فەسیل کەمتر نەبێ، ناردنی هێزی بچوك مەبەست ناپێکێ، بە رێگەی چەند فڕۆکەیەکەوە کۆنترۆڵی شێخ مەحمود دەکرێ، بەڵام گرفت ئەوەیە شوێنی شێخو لایەنگرانی دیار نیە، شێخ ئامانجی دوژمنکاری خۆی بەدیارناخات هەتا ببێتە ئامانجی رەوانی هێزەکانمان، بۆیە پەنا بردنە بەر چەك  سەرەرای ئەوەی لە بڕگەی ژمارە (أ) باس کرا زیادرەوی تێدایە.

(وەرگێڕی عەرەبی نەیتوانیوە لاپەڕەی دوایی ئەم بەڵگەنامەیە ببینێ)

CO. 730/14/2

E 855/31/93،No

**داواكارييەكانی كوردی ئێراق**

**٤ی مارسی ١٩٣١**

**وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی**

**بە ڕێنومایی سەعادەتی وەزیری دەرەوە، یاریدەدەری وەزیر دڵخۆشە بەوەی نوسخەیەك لەم داواكاریانە بنێرن بۆ یاریدەدەری وەزیری كاروباری داگیرگەكان.**

**بروسكەیەك لە: تۆفیق وەهبی، موتەسەریفی پێشووی سلێمانی، عەمیدی خانەنشین و نوێنەری شەرعی و ڕاسپێردراوی میللەتی كورد**

**بۆ: وەزیری دەرەوە، داوننغ ستریت، لەندەن.**

**وەزیری بەریز**

بەپشتبەستن بەو یاسایەی كە نەوەكانی میللەتێك كەسێك رادەسپێرێن بە نوسینی داواكاری بۆ كۆمەڵەی گەلان، شەرفمەندم ئەو داواكاری‌و بەڵگەنامانەی هاوپێچ رەوانە بكەم، هەتا بەڕیزتان ئاگادارین‌و لەلای خۆتانەوە بینێرن بۆ سەرۆكی لیژنەی هەمیشەیی ئینتداب، بۆ ئەوەی لە كۆبوونەوەی ئاییندە لە مانگی حوزەیران سەیری بكات.

بەڕێزتان دەتوانن لەو بەڵگانەی هاوپێچ بەو ئەنجامگیریە تێبگەن، كە ئێمە نوێنەری شەرعی‌و راسپێردراوی میللەتی كوردین لە كوردستانی باشور، كە ئەمرۆ بەشێكە لە ئێراق، ژمارەی دانیشتوانی ٨٠٠ هەزار كەسەو بە ناوی كۆمەڵەوە رووتان تێدەكەم، ئەمە لە كاتێكدا

پێشتر راستەوخۆ نوسخەیەکم بۆ سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب‌و نوێنەری باڵای بەریتانی لە ئێراق ناردووە.

دڵسۆزتان

واژو: تۆفیق وەهبی

ناونیشانی هەمیشەیی، گەڕەکی ئەلسەنك ، بەغدا

ناوی لیستی هاوپێچ

١- نامەیەکی ئاراستەکراو بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان، بە مێژووی ١٩ی نیسانی، ١٩٣١.

٢- نامەیەك بۆ سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتداب.

٣- نوسخەیەك لە نامەی بەڕێز نوێنەری باڵا لە ئێراق.

٤- نامەی تەخوێلکراوی عەمید تۆفیق وەهبی لە لایەن میللەتی کوردەوە.

٥- ئەو داواکاریانەی کورد لە کوردستانی باشور پێشکەشی کۆمەڵەی گەلانی کردووە لەگەڵ پاشکۆکان.

٦- رەخنەو پوچەڵکردنەوەی وتارەکەی میجەر یونگ لە جنێف.

٧- نامەی پشتگیری حیزبی خۆیبوون بۆ تۆفیق وەهبی.

730/161/2،CO

**بەیروت ١٩ی نیسانی ١٩٣١**

**بۆ: سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب**

**کۆمەڵەی گەلان. جنێف**

**بەڕێزان**

**ئاماژە بە راپۆرتی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب. کۆمەڵەی گەلان.**

شەرەفمەندم نوسخەیەکتان لەو سەرنجانەی خۆم لە سەر لێدوانەکانی مێجەر یونگ نوێنەری رەسمی دەوڵەتی ئینتیدابکراو، کە لە کۆبوونەوەی نۆزدەهەمی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب کە لە ١٩٣٠ لە جنێف لە سەر بارودۆخی ئێراق بەسترا بۆ بنێرم.

بە پشتبەستن بەو بنەمایانەی کۆمەڵەی گەلان دایڕشتووە، نوسخەیەکی ئەسڵی ئەو بەڵگەنامانە دەنێرم بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە لە لەندەنو نوسخەیەك دەنێرم بۆ نوسینگەی نوێنەری باڵای بەریتانی لە ئێراق، لەگەڵ هاوپێچی نامەیەکی تەخویلکرن بۆ من، کە بۆ ئاگاداریتان بە ناوی ٨٠٠ هەزار کەسەوە قسە دەکەم.

متمانەم پێتان هەیە، نامەکەم بنێرن بۆ کۆبوونەوەی لیژنەی ئینتیداب، کە بڕیارە لە حوزەیرانی ئەم ساڵ ببەستری، گەلەکەم شەرەفمەندی کردووم، کە بە ناوی ئەوانەوە قسە بکەم، داوایان لێکردم ئاگادارتان بکەمەوە، کە رێزی زۆریان دەبڕیوە، بۆ هەموو ئەندامانی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب سەبارەت بە گەلە زوڵملیکراوەکەم.

ئەگەر کۆمەڵەی گەلان لە هەر کۆبوونەوەیەکی ئایندەی خۆی ئامادەبوونی من یان دوو نوێنەری دیکە وەکو نوێنەری گەلی کورد بە پێویست دەزانێ، ئێمە ئامادەین و وەڵامی هەموو پرسیارێك دەدەینەوە کە هەبێت.

**دڵسۆزتان**

**عەمید تۆفیق وەهبی موتەسەریفی پێشووی سلێمانیو**

**نوێنەری تەخویلکراوی میللەتی کورد لە ئێراق،**

**ناونیشانی هەمیشەیی: تۆفیق وەهبی**

**گەڕەکی ئەلسەنك. بەغدا**

CO.730/161/2

## ١٤ی ئازاری ١٩٣١

## وەرگێڕانی مەزبەتەی تەخویلکردنی تۆفیق وەهبی بۆ ئەوەی بە ناوی کوردی ئێراقەوە قسە بکات.

ئێمە کە لەخوارەوە واژۆمان کردووە، عەمید تۆقیق وەهبی موتەسەریفی پێشووی سلێمانیو دانیشتووی ئێستای بەغدا رادەسپێرین نوێنەرایەتی ئێمەو ناوچەو هۆزەکان بکات، لە هەموو ئەو مەسەلانەی پەیوەستە بە پێشکەشکردنی داواکاری کورد بۆ کۆمەڵەی گەلان، بەو سیفەتەی دەسەڵاتمان پێداوە، لە هەر پێگەیەکی دەولی کە پەیوەندی بە مافی کوردەوە هەبێت لە لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب‌و ئەنجومەنی کۆمەڵە بە ناوی هەمووانەوە قسە دەکات، لە گفتوگۆو کۆبوونەوەکان دەتوانی نوێنەر لە جیاتی خۆی رەوانە بکات، لەگەڵ هەموو ئاستە رەسمیەکانی دیکەی کۆمەڵەو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیو لیژنەی هەمیشەیی ئینتداب‌و ئەو کارمەندانەی نوێنەرایەتی لایەنێکی دەولی دەکەن، لەگەڵ مەسەلەی داواکاریەکان‌و بابەتەکانی دیکەی پەیوەست بەو مەسەلەیە.

بە ناوی هەموو چین‌و توێژەکانی میللەتی کورد، کە نوێنەرایەتییان دەکات ئامادەیە بۆ پەسندکردنی ئەو خاڵانەی تۆفیق وەهبیی لە جیاتی گەلی کورد لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی یان هەر وەزارەتێکی دیکە یان هەر کەسێك کە نوێنەرایەتی لایەنێکی دەولی بکات بۆ مەسەلەی داوکاریەکان بە ناوی ئێمەوە واژۆی لە سەر بکات.

CO. 730/161/2

**"داواکاری گەلی کورستانی باشور – ئێستا بەشێکە لە ئێراق– کە دەیانەوێ کورد لە سایەی سەرۆکایەتی ئێراق خودموختاری خۆجێیەتی هەبێتو ئازاد بێت لە مافی زمانو رۆشنبیریو پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو رزگاری بێت لە چەوسانەوەو دیکتاتۆریەت"**

**نوێنەرایەتی کورد لە ئیدارەو پەرلەمانی ئێراقی.**

کورد لە سەردەمی عوسمانیدا رۆڵی گرنگی هەبووە لە ئیدارەی ولایەتی بەسراو بەغداو موسڵ، ئێستا ژمارەیەکی زۆری ئیداریە خاوەن تواناکانی کوردی سەردەمی عوسمانی بە بەردەوامی داوا دەکەن حکومەتی ئێراقی کاریان پێ بسپێرێت، کەچی وەڵامیان نادرێتەوە. دەتوانین بۆ دڵنیایی لەو مەسەلەیە پێداچوونەوە بە رۆڵی ئیداریەکانی کورد لە رۆژانی عوسمانی سەردانی تۆمارەکانی وەزارەتی ناوخۆ بکەین، بەڵام سیاسەتی ئێستا حکومەتی عەرەبی هێواش هێواش دەیەوێ ژمارەی کورد لە پایە کارگێڕیەکان کەم بکاتەوە. هەتا ئێستا کاربەدەستە بە تواناکانی کوردو ئەوانەی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی حکومەتدا ماون بە بەردەوامی لە پاشەکشەدان، چونکە دەرفەتیان پێنادرێت پرۆڤە بە داهێنانی خۆیان بکەن. ماوەیەکی کورتە حکومەتی عەرەبی لە ئێراق ئەو مەبەستەی هێناوەتە دی، کە ئیداراتی خۆی لە کورد پاك بکاتەوە، بۆیە ئێستا کورد لە هیچ پایەکی حکومی نابینی، هەورەها حکومەتی ئێراقی دەیەوێ فەرهەنگی کوردی کپ بکاتو نەیەڵێی رۆشنبیرانی کورد بەدیاربکەون، لە دوماهیدا سیاسەتی حکومەتی عەرەبی ئەوەیە گەلی کورد پاکتاو بکات.

بۆ نمونە ئەگەر سەیری بەندەکانی یاسای پێشنیازکراوی زمان بکەین نوسراوە، دامەزراندنی "ئەو کارمەندانەی کوردی دەزانن" لە جیاتی ئەوەی بە کوردی بنوسن یان "دامەزراندنی کارمەندی بە رەگەز کورد"، بەڵام سەربارەت بەو ئەندازەیەی گوایە کارمەندانی کورد لە

دەرەوەی کوردستان هەیە زیادڕەوی زۆری تێدایە. بە راستی ژمارەیەکی کەم کارمەندی کورد لە ناوچە عەربییەکاندا هەیە، بەڵام لە بنەڕەتەوە دورخستنەوەی ئەوانە لە ناوچە کوردەکانەوە بۆ شوێنە دووره دەستەکان بە ئامانج گیراوە. (٢٠) بەڕێوەبەری گشتی حکومەتی ئێراقی هیچیان کورد نین. هیچ کاربەدەستێکی پلە باڵا لە حکومەتی بەغدا کورد نیە، بێجگە لە دوو سێ کەسێك نەبێت لە وەزارەتی ئەوقاف، هیچ کوردێك لە پێگە دیبلۆماسیەکاندا نیە. لە راستیدا رێژەی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێراقی ناداگەرانەیە. لە کۆی ٨٨ ئەندامی پەرلەمان ٨ نوێنەریان کوردن، ئەمەش بە بەراود لەگەڵ ژمارەی کورد لە ئێراقدا زۆر کەمە.

## زمان

زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ گروپی (ئاری) زمانەکان، هیچ شتێك نایبەستێتەوە بە زمانی عەرەبی، کە لە گروپی (سامی)ی زمانەکانن، ئەگەر عەرەب توانیبێتی لە سوریاو میسر زمانی خۆی بە سەر نەتەوە ناعەرەبەکان بسەپێنێ، ئەوەیە لە کوردستان هەتا ئێستا نەیهێشتووە کوردو ئاشوری‌و کلدان (ئاشووری‌و کلدان لە رەچەڵەکە ئارامین) بە زمانی خۆیان قسە بکەن، ئەگەر خودموختاری بە کورد نەدرێ لە ئایندە حکومەتی عەرەبی هێواش هێواش بە رێگەی پەیوەستکردن دەست دەگرێ بە سەر شوناسی‌و کوردو زمانی عەرەبی دەسەپێنێ.

گەورەترین بەڵگەی ئەوەی ئاماژەمان پێدا لە مەڕ سیاسەتی حکومەتی عەرەبی، بە تەنیا رێگەی داوە زمانی کوردی لە لیوای سلێمانی بەکاربهێنرێت، لەگەڵ ئەوەدا کورد لە لیوای موسڵ زۆرە، زمانی عەرەبی بۆ بەکارهێناون، زمانی عەرەبی‌و تورکی دوو زمانی باوی لیوای کەرکوکن، زۆر بە کەمی لە هەولێر دەرفەتی بەکارهێنانی زمانی کوردی داوە، حکومەت بە تەواوی قەزا کوردەکانی دیالەی لە بەکارهێنانی زمانی کوردی پشتگوێ خستووە، بە عەرەبی بە تەنیا زمانی رەسمیە، مێجەر یونگ لە کۆبوونەوەی تشرینی دووەمی لیژنەی هەمیشەیی ئینتداب لە سەر ئەو بابەتە ئاماژەی داوە، کە یاسای زمان لەلایەن حکومەتی ئێراقیەوە دەرچووە، تەنیا خۆڵ کردنە چاوو خۆلادانە لە مەسەلەیەکی بنەڕەتی.

### ١- کورد عەرەب نین

ئەوە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە، کە کورد عەرەب نین، گومانی تێدا نیە کورد مسوڵمانن، بەڵام مسوڵمانیەتی ئەوان جیاوازە لەگەڵ عەرەبەکان، بە تایبەت شیعەکان کە دەمارگیرن، بەڵام

کورد دەمارگیر نین، کورد وەکو ئەوروپییەکان ئازادیخوازن، بۆ زیاتر دڵنیابوون ئەو راستییانەی خوارەوە دەخەینەروو:

أ- ئافرەتی کورد وەکو هی عەرەب چارشێو (النقاب) ناپۆشێ، هاوشانی پیاو ئازادن.

ب- ئافرەتی کورد لەگەڵ پیاوان شایی دەکەن.

ت- کۆبوونەوەی تایبەت هەیە ئافرەت سەرۆکایەتی دەکەن، خێزانی شێخ قادر لەو بارەیەوە نمونەیەکی زیندووە.

پ- ئافرەتی کورد ئەگەر پیاوەکەشی لە ماڵ نەبێت پێشوازی لە میوان دەکات.

**بە پشتبەستن بەم فاکتەرانەی خوارەوە کورد داوای خودموختاری دەکەن:**

أ- خودموختاری کوردستان زامنی ئارامیو ئاسایشی ئێراقە.

ب- خودموختاری کوردستان رۆڵی دەبێت لە پتەوکردنی ئارامی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ت- خودموختاری کوردستان باشترین چوارچێوەیە.

پ- خودموختاری کوردستان دەبێتە دەروازە بۆ دابینکردنی سەرفرازیو خۆشگوزەرانی گەلانی کۆنی کوردستان.

## دانیشتوانی کوردستان

کورد نکۆڵی لەوە دەکەن لە ئێراقدا کەمینە بن، چونکە ژمارەی کورد کەمتر نیە لە عەرەبی سونە، بەڵام لەگەڵ عەرەبی شیعە پێکەوە بوونەتە زۆریەنە، ئەگەر سەرژمێری ورد بکرێ لەبەرانبەر عەرەبی سونە، ئەوە کوردو عەرەب وەکو یەکیان لێ دێت، بۆ نمونە ئەو ژمارە زۆرەی کورد لە لیوای دیالەو قەزا کوردەکانی (کوت) نادیدە گیراون.

## یاساو سیستم

دەسەڵاتی عەرەبی لە رووی کارگێڕیەوە ناتوانێ یاسا پیادە بکاتو دادو دادگەری لە ناوچەکان جێبەجێ بکات. لەو کاتەی سکاڵا لە سەر بابەتێك لەلای دادوەر بێتو یەکێك لەلایەنەکان کورد بێت ئەوەی دیکە عەرەب بێت، بێگومان لە بەرژەوەندی کورد نابێت. هەر زیاتر بۆ دڵنیایی لێرەدا چەند نمونەیەك دێنینەوە: زۆربەی بەرپرسانی سلێمانی لە

موتەسەریفەوە هەتا بچوکترین کاربەدەست نەفامو نارۆشنبیرو هەتا نەخوێندەواریشیان تێدایە، ناوچەی پشدەر کارگێڕی حکومەتو دادگای قەزاییو قوتابخانەی تێدا نیە. لەگەڵ ئەوەدا قەزای پشدەر دەوڵەمەندترین قەزای ئێراقە، کەچی باجی تێدا کۆناکرێتەوە. سەرەڕای ئەو پارە زۆرەی حکومەتی عەرەبی دەیداتە سەرۆکەکانی پشدەر بە ناوی پاراستنی ئاسایشو رژێم لە ناوچەکە. کارگێڕیەکی عەشائیری هەیە، کە دادگەری بۆ دانیشتوانەکەی دابین ناکات، بۆ نمونە ئەگەر کەسێك کەسێکی کوشت لەو قەزایە دەسەڵاتی یاسایی نیە پەنای بۆ ببرێ، ئەوەی خستمانەڕوو هەر بۆ نمونە هێنانەوە بووە، نەك هەر هێندە نمونە هەبێت، ئەمەش خراپی ئیدارەی عەرەبی لە کوردستان بەدیار دەخا.

## ٢- کوردستان نیشتیمانی مێژوویی کورد

هەتا سەردەمی یەکەمی خەلافەت کوردستان نیشتیمانی دەسەڵاتی عەرەبو فەرمانڕەوایەتی دەمارگیرانەی عەرەب نەبووە، بەڵکو لە یەکێك لە سەردەمەکان پەیدا بووە، بێجگە لە بوونی چەند هۆزێکی عەرەبی ژمارە کەم لە دەرووبەری کەرکوكو هەولێر، لە کوردستان عەرەبو ناوچەی عەرەبی نەبووە، لە چاخە کۆنەکانیش عەرەب بە کوردستاندا نەهاتووە.

بەستنەوەی کوردستان بە قەوارەی ئێراقی شتێکی دروست نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین ئەوە بە هەڵە چارەسەر بکەین، دەوڵەتێکی خاوەن سەرەوەری پەرت بکەین. کورد دەیانەوێ لە کوردستان ئەو مافەیان هەبێ لە چوارچێوەی ئێراق بە ئازادی بژینو گوێڕایەڵی مەلیك بن.

## فەرهەنگو فێرکردن

لە کۆی ٧٩ قوتابخانەی کوردستان ٢٧یان بە زمانی کوردی دەخوێنن، خوێندن بە زمانی عەرەبی ئیلزامیەو ژمارەیەکی کەم قوتابخانە هەیە بە تورکی دەخوێنن، لە کوردستان قوتابخانەی دواناوەندی نیە، بە تەنیا دوو قوتابخانەی ناوەندی لە هەولێرو سلێمانی هەن ئەوانیش لە رووی کەرەستەی خوێندنەوە زۆر هەژارن، لە کۆی هەشت قوتابخانەی کچان بە تەنیا یەك لەوانە بە کوردی دەخوێنن، دانیشتوانی کوردستان زیاتر لە ٨٠٠ هەزار کەسن، کەمتر نین لە دانیشتوانی ئەلبانیا، کە ٥٢٨ قوتابخانەی هەیە، هەروەها لە فەلەستین کە ٤٢٣ قوتابخانەی

تێدایە، بەراوردی ئەمە لەگەڵ کوردستان کە ٧٩ قوتابخانەی تێدایە، بەڵگەیە لە سەر ئەندازەی ئەو پەراوێزخراویە.

بۆ ئەوەی وێنەیەکی جیاکاری حکومەتی عەرەبی دژی ئێمە لە بابەت سیاسەتی فەرهەنگی تەواو هەست پێبکەین، دەبینین حکومەت ٠/٠٣٨ داهاتی لیوای بەغدای تەرخان کردووە بۆ فێرکردن، کەچی بە تەنیا ٠/٠١ داهاتی لیوای سلێمانی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراوە.

ئەگەر بەو سیاسەتە دەمارگیرانەیە قوڵ بینەوە، کە لە ئەقڵیەتی سیاسەتوانو کاربەدەستانی عەرەب هەتا بچوکترین ئاستو لە رەهەندە جیاوازەکانەوە. بۆ نمونە دەبینین راخەرو کورسی کۆن لە قوتابخانە عەرەبییەکانەوە دەنێرن بۆ ناوچە کوردەکان. ئەوەی باسمان کرد کاری زۆر سادەن کە هەموو مرۆڤێکی بێلایەن لە یەك کاتدا وەکو کارێکی سەیرو تراژیدی سەیری کردەوەکانی سیاسەتی حکومەتی عەرەبی دەکات، لە کاتێکدا رۆشنبیری رەگەزێکی گرنگی ژیانی میللەتانە، ئەگەر ئەو رەگەزە گرنگەمان لە ژێر سایەی ئیدارەی سیاسەتی حکومەتی عەرەبی بەجێهێشت، ئەوە زمانو فەرهەنگی کوردی لە ناودەچێ.

### سەرنج

سیاسەتی فێرکردنی رەسمی لە کوردستان هەمان ئەو سیاسەتەیە، کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان پیادە دەکرێ. ئەمەش پێچەوانەی رینومایی راشکاوانەی (کۆنت تیلکی)و (یەرسون)ی ئەندامی لیژنەی یەکلایی کردنەوەی راستیەکانی لیوای موسڵە، کە کۆمەڵەی گەلان پێکی هێنابوو. ئەو سیاسەتە فەرهەنگیەی لە کوردستان پەیرەو دەکرێ بەشێکە لە سیاسەتی نەخشە بۆ کێشراوی بەعەرەب کردن، کە دەیەوێ شوناسی عەرەبی بە سەر شوناسی نەتەوە ناعەرەبەکاندا بسەپێنێ.

ئەوەی شایانی باسە کۆلێژو پەیمانگا نین بۆ ئامادەکردنی کادیری هونەری، ئەو سیاسەتەش کۆسپی زۆری دروست کردووە بەرانبەر پەرەسەندنو پێشکەوتنی منداڵی کورد لە رووی فەرهەنگیەوە ئامادەبێ لە ئایندە بتوانێ ئەرکی کارگێڕیو فەرهەنگی بگرێتە ئەستۆ. لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا حکومەتی ئێراقی ١٢٠ تەکنیکی نارد، بەڵام تەنیا دوان لەوانە کورد بوون.

## ئیشغالی گشتی

له كاتێكدا دەبینین ئەمرۆ هەموو گەلان له سایەی پێشكەوتن‌و پەرەپێدان‌و ئایندەیەكی باشتر دەژین، كەچی كوردستان له حالەتی دواكەوتوویی‌و دارِوخانی ئابووری دایه، كه به مەبەست فەرامۆش كراوە. حكومەتی عەرەبی به تەنیا یەك قوتابخانەی دوو پۆلی بۆ ئافرەتان دروست كردووه، به هەردوو پۆلەكه یەك ژووریان هەیه، له كاتێكدا حكومەتی ئێراقی بۆ جێگیركردنی دەسەڵاتی خۆی ملیونان روپیەی خەرج كردووه بۆ دروستكردنی مەڵبەندی پۆلیس‌و دامەزراوەی حكومی.

## كشتوكاڵ و ئاودێری

بەڕێوەبەرایەتیەكی حكومی تایبەت به كاروباری ئاودێری نیه، هۆیەكانی ئاودێری له ناوچەكەدا زۆر سەرەتاییەو دەگەڕێتەوه بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا، بەڵام هەمان حكومەت بۆ شوێنەكانی دیكه چەندان پڕۆژەی كشتوكاڵی‌و ئاودێری دروست كردووه، سەرەڕای ئەمه دەبینین حكومەتی عەرەبی قەرزی كشتوكاڵی داوەته جوتیارەكان‌و پیداویستیەكانی جوتیارانی كوردی نادیده گرتووه. له كاتێكدا چەندان جاره كورد داوای له حكومەتی ئێراقی كردوه تەكنیكیەكانی بۆ پەرەپێدانی كشتوكاڵی توتن بنێرێته كوردستان. جوتیاره كوردەكان له هەژاریدا دەژین، لەو كاتەش حكومەتی ئێراقی داوای باجیان لێدەكات، كه له توانای ئەوان بەدەرەو لەگەڵ ئەوەدا باجی كۆكراوه بۆ دەرەوەی كوردستان خەرج دەكرێ.

## تەندروستی گشتی

كوردستان به پێچەوانەی ناوچەكانی دیكەی ئێراق له چاودێری تەندروستی بێبەشه، كەمی پزیشك به جۆریكه ناتوانرێ كەمترین پێداویستەكانی كوردستان دابین بكرێ، ئەوەی شایانی باسه حكومەتی عەرەبی هیچ رێوشوێنێكی نەگرتۆته بەر بۆ له ناوبردنی ریشەیی نەخۆشی له كوردستان.

لەوکاتەی موتەسەریفی کەرکوک بووم چەندین جار داوام کرد، نەخۆشخانەیەك لە سلێمانی بکرێتەوە، حکومەتی عەرەبی بە پاساوی گرفتی دارایی وەڵامی باشی نەدایەوە، ئەمە لە کاتێکدا مەتەسەریفی خۆجێیەتی موسڵ داوای دروستکردنی گرتووخانەیەکی کرد، حکومەتی عەرەبی بە پیر داواکەیانەوە چوو، لە خەزێنە ئەو پارەیەی دابین کرد.

**نەخشەیەکی بەراوردکاری کاربەدەستانی عەرەب و کورد لە کوردستان لە پێش و دوای سەردانی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان بۆ کوردستان**

**ژمارەی کارمەندانی عەرەب و کورد لە کوردستان پێش گەیشتنی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان لەساڵی ١٩٢٤**

| وەزارەت | کورد | غەیری کورد | هەمووی |
|---|---|---|---|
| وەزارەتی دارایی و ناوخۆ | ٤٣ | ١٤ | ٥٧ |
| وەزارەتی داد | ١٠ | ٣ | ١٣ |
| وەزارەتەکانی دیکە | ٣٨ | ١٧ | ٥٥ |

ژمارەی کارمەندانی عەرەب و کورد لە کوردستان لەساڵی ١٩٣٠

| وەزارەت | کورد | غەیری کورد | هەمووی |
|---|---|---|---|
| وەزارەتی دارایی و ناوخۆ | ٤٤ | ٢٧ | ٧١ |
| وەزارەتی داد | ٩ | ٧ | ١٦ |
| وەزارەتەکانی دیکە | ١١ | ٤٠ | ٥١ |

سەرنج: ئەم سەرژمێریە کارمەندانی قەزا کوردەکانی دیالە و کوت ناگرێتەوە، کە هەموویان عەرەبن

370/161/ 2 ،CO

## وەڵامی وتەکانی مێجەر یونگ، نوێنەری دەوڵەتی سەرپەرشتییاری ئێراق لە خولی ١٩ی کۆبوونەوەکانی لیژنەی هەمیشەیی ئینتداب.

ئاماژە بە لاپەڕە (٧٩)ی کۆنوسی بڵاوکراوەی خولی ١٩ی ئەنجومەنی هەمیشەیی ئیتیداب میجەر یونگ نوێنەری حکومەتی بەریتانی سەرپەرشتیار لە ئێراق لە برگەی (١)ی ئەو وتارانەی باسکرا، دەڵێ: "هەڵوێستی کوردو مەسیحییەکانو کەمینە نامسوڵمانەکان" دوای پێشەکیەکەی، سکاڵای لە رێککەوتننامەی واژۆکراوی نێوان حکومەتی ئێراقو بەریتانی هەیە، ئاماژەی بەرێککەوتننامەی ناوبراو نەکردووە، لە کاتێکدا مەسەلەکەیان لە بنەڕەتەوە یەك مەسەلەیە، دەڵێن: پێویستە بەندێك هەبێ دوای کۆتایی هاتنی سەردەمی ئینتیداب زەمانەتی مافی ئەوان بکات.

**لە برِگەی ٢ی هەمان وتاردا هاتووە: باس نەکردنی رێککەوتننامەی ناوبراو پاڵی بە هەندێ کەسەوە ناوە داواکاری پێشکەشی کۆمەڵەی گەلان بکەن.**

نوسەری ئەو داواکاریانە پێشتر داواکاری کوردانیان ناردووە بۆ کۆمەڵەی گەلان نەك لەبەر ئەوەی لە رێککەوتننامەی ناوبراو باسیان نەکراوە، بەڵکو بە هۆی سیاسەتی رەگەزپەرستانەو نکۆلی بەردەوامی مافە رەواو دادگەرانەی کورد لە لایەن حکومەتی عەرەبییەوە، بە داوای لێبوردنو بەو پەڕی ریزو حورمەتەوە دەڵێم: وا باشتر بوو حکومەتی بەریتانی وەکو دەوڵەتی سەرپەرشتیار پێش واژۆکردنی ئەو رێککەوتننامەیە ئەو بەندەی لەگەڵ ئێراق زیادبکردایە، کە زامنی مافەکانی کوردو کەمینە نامسوڵمانەکانی دیکەی دەکرد لە ئێراق.

## ئاماژە بە یاسای پێشنیازکراوی زمان لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە

هەواڵ گەیشتۆتە نوسەری ئەم داوکاریانە، کە حکومەتی ئێراقی بەندێکی دیکەی بۆ ئەو یاسایە زیاد کردووە، ئەوە دەگەیەنێت، پیوەر بۆ دامەزراندنی کارمەند لە کوردستان لە سەر ئەو بنەڕەتەیە "بەبێ ڕەچاوکردنی نەتەوەیی زمانی کوردی بزانێ" نەك کارمەندانی کورد، کە لە راسپاردەکانی لیژنەی یەکلایی کردنەوەی راستیەکانی کۆمەڵەی گەلاندا هاتووە، لە سەر مەسەلەی موسڵی ١٩٢٢٥.

میجەر یونگ ئەوەی وتووە، کە قەناعەتێکی بەربڵاو لە ناو کورد هەیە بەوەی ئەنجومەنی کۆمەلەی گەلان پێشتر رێنومایی داوە بە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، میجەر یونگ ئاماژەی داوە، کە لە هۆکاری ئەو بە هەڵە تێگەیشتنەی کوردان تێناگات. نوسەری ئەو داواکاریانە رێگەم پێ بدە بڵێم گەلی کورد ناتوانن لە یاسای ئالۆزی دەولی تێبگەن، وادیارە جیاوازی ناکەن لە نێوان چەمکی خودموختاریو چەمکی سەربەخۆیی تەواو، بەڵام ئەوە لە رەوایەتی داواکاریەکانی ئەوان ناگۆڕێ لە مەڕ خودموختاری لە سەر خاکی باوكو باپیرانیان، بەمەش پشتیان بەستووە بەو بەڵێنانەی هەردوو حکومەتی بەریتانیو ئێراقی پێداون.

## گرتنی کوردان لە سلێمانی

میجەر یونگ لە کۆبونەوەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب (بڕوانە لاپەڕە "٧٩") وتی: ئەو پڕوپاگەندەیەی کوردان راستە نیە، گوایە بە تەنیا لە سەر واژۆکردنی داواکاری بۆ کۆمەڵەی گەلان خەڵك گیراوە، هەورەها میجەر یونگ دەڵێ: راستە هەندێ کەس لە دوای ئەو رووداوە تێکدەرانە بچوکەی ئەو دواییە کە بەهۆی هەڵبژاردنەکانەوە پەیدا بوو گیراون، لە ناویاندا دووکەس هەیە، کە واژۆیان لە سەر داواکاریەکان کردبوو، هەتا ئێستا بە پێی مادەی ٥٤و ٥٥و ٨٥و ٢١٤ی یاسای سزادانی بەغدا دەست بە سەرن، بەڵام هەموو ئەوانەی دەڵێن بە هۆی واژۆوە بووە لە سەر ئەو داواکاریانە پڕوپاگەندەی بێ بنەمایە.

بەڵام بە بۆچوونی من میجەر لە نەفامی ئەو لێداوانەی داوە، ئەوە بە ئاسایی نازانێ، کە رۆژانە حکومەتی عەرەبی لە ئێراق ئەنجامی دەدات. نوسەری ئەم دێڕە لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب دڵنیا دەکاتەوە، کە ئەگەر لیژنەی یەکلاییکردنەوەی راستییەکانی ئەورووپی پیاوێکی بە توانا

سەرۆکایەتی بکات، ئەوکات لیژنەکە ئەوە بە دیاردەخا، کە داواکاری کوردان شتی بێ مانا نیە، بەڵکو چەندان سەرنجیان هەیە لە سەر هەڵسوکەوتی حکومەتی ئێراقی، هەر بۆ دڵنیایی لە سەر ئەوەی دەڵێم دوو یاداشتنامەی دوو کەسی پەیوەندیدار بە رووداوەکە هاوپێچ دەکەین.

خاوەنی ئەو داواکاریانە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، کە مەترسی دووبارەبووەنەوەی ئەو هەنگاوانەی حکومەتی عەرەبیو بەرپرسان لە هێزەکانی پۆلیس دژی نوسەرانی داواکاریەکان، بە تەنیا لە دژی کورد نیە، بەڵکو بەپێی زانیاریەکانی من دژی ئەو مەسیحییانەش بووە، کە داواکاری هاوشێوەیان دژی حکومەتی ئێراقی نوسیوە، ئەگەر دەوڵەتی سەرپەرشتیار رێنومایی راشکاوانە نەداتە هەموو موتەسەریفو قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیەکان ریوشوێنی لەو جۆرە نەگرنە بەر، ئەو کوردو مەسیحییانەی داواکاریان نوسیوە، تووشی مەترسی زیندانی دەبنەوە، لە کاتێکدا خاوەنی ئەو داواکاریانە لە کوردو مەسیحی بە نوسینی ئەو داواکاریانە بۆ کۆمەڵە بۆ مافی رەوایی خۆیان بە رێگەی گونجاو ئەنجام داوە. بە راستی رێوشوێنی توند دژی نوسەری ئەو داواکاریانەی پێشوو ئەنجام دراوە، بەوەی ناچارکراون لەبەرانبەر ئازادکردنیان بەڵێننامە پڕ بکەنەوە، هەتا ئەگەر لە ئایندە بەشداری بکەن لە کاری سیاسی دەیانگەڕێننەوە بۆ گرتووخانە.

لەگەڵ ئەوەدا نوسەری ئەم دێرانە نوێنەری راسپێردراوی گەلی کوردە هەتا بە ناوی ئەوانەوە قسە بکات، خەڵکی سلێمانەو ناچارکراوە لە بەغدا دابنیشێ، زۆری دیکە دەیانەوێ لە بەر هەمان هۆ بێن لە بەغدا دابنشین.

## نەتەوایەتی

میجەر یونگ لەوکۆبوونەوەی باس کرا (بڕوانە لاپەڕە "٨٠") " لە راستیدا تاکە چارەسەر بۆ کوردو ئاشوری ئەوەیە خۆیان بە ئێراقی بزانن‌و حکومەتی ئێراقی بەم خەسڵەتەوە قبوڵ بکەن".

خاوەنی ئەو داواکاریانە لە لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابیان دەوێ کورد ببنە هاوڵاتی دڵسۆزی مەملەکەتی ئێراقیو ملیك فەیسەڵی بەڕێز، بەڵام بەو مەرجەی قەوارەی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان لە چوارچێوەی ئێراق بپارێزن، هەروەکو نابێ ئیرلەندیەك بکرێتە ئینگلیزیو لەبەرانبەردا کوردێك ناکرێتە ئێراقی.

## ریككەوتنی هاوپەیمانیەتی بەریتانی – ئێراقی واژۆكراوی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ی بەغدا

دوای رێزی زۆرم سەرنجی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لە رێككەوتننامەی ناوبراودا ئەوە نەهاتووە، كە هێزی ئاسمانی مەلەكی بەریتانی لە ئێراق قەدەغە بكات هەتا سەركوتی بزاڤی كوردی نەكات، كە لە ئاكامی كاردانەوەی خراپی ئیدارەی حكومەتی ئێراقی‌و سیاسەتی سەركوتكردن سەرهەڵدەدا. هەتا حكومەتی ئێراقی پشت ئەستوور بێت بە هێزی ئاسمانی بەریتانی بیر لە گۆڕینی سیاسەتی خراپی كارگێڕی ئێستای ناكاتەوە.

## پەیوەندی كوردی – ئاشوری‌و كلدانی

كورد بۆ كەمینە نا عەرەبیەكانی ولایەتی موسڵ‌و خواستە نەتەوەییەكانیان‌و پارێزگاریان لە بەرانبەر هەیمەنەی عەرەبی هاوسۆزی نیە، لەگەڵ ئەوەدا حكومەتی ئێراقی نكۆڵی لێدەكات كە چ پیلانی ئەو حكومەتە بۆ ئاشوب نانەوە لە نێوان كوردو ئاشوری لای هەموان ئاشكرایە. خاوەنی ئەو نامەیە لە ئاستی بەرزدابووە، وەكو موتەسەریف ئاگاداری ئەو راستیەیە، هەوڵی زۆری داوە كورد لەو مەسەلەو پڕوپاگەندەی مەبەستداری حكومەتی ناوەند وشیار بكاتەوە.

لە دوای بە دەستهێنانی خودموختاری زەمینەیەی رەخساو دێتەدی بۆ پتەوكردنی پردی هاوپەیمانیەتی‌و هەڵوەشاندنەوەی ئەو دیوارانەی لە نیوان كوردو كەمینە نا عەرەبییەكاندا هەیە.

لە راستیدا داواكاری‌و خواستی كوردو ئاشوری‌و كلدان یەكە، یەك میللەتین‌و پێكەوە ئارەزووی ژیانێكی ئەوروپی‌و ژیاری ئەوی دەكەین‌و ئیرەیی بە پێشكەوتنی رۆژئاوا نابەین.

ئیدانەی حكومەتی عەرەبی دەكەین، كە ئارەزوو ناكات پەرەپێدان‌و پیشكەوتن بگەڕێتەوە بۆ ئاكارە سەرەتاكانی ئەوروپی. ئێمە هەموو ئامادەیەكمان تێدایە لە جنێف یان هەر شوێنێكی دیكە بە سەرپەرشتی كۆمەڵەی گەلان بكەوینە گفتوگۆ بۆ هەموو ئەو كاروبارانەی پیویستی بە رێككەوتن هەیە لە نیوان هەردوولا. هەروەها ئێمەی كوردو نوێنەری كەمینەكانی دیكە، ئامادەین لە جنێف لەگەڵ نوێنەری حكومەتی عەرەبی ناوەندو دەوڵەتی سەرپەرشتیار بە چاودێری كۆمەڵەی گەلان بۆ گەیشتن بە رێككەوتن، كە مافی هەموولایەك زامن بكات كۆببینەوە.

**واژو**

**تۆفیق وەهبی**

## راسپاردە

پێم خۆشە هەندێ لەو راسپاردانەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب وەربگرم، کە لە خولی ١٩ی کۆبوونەوەکەیان پێشکەشی ئەنجومەنی کۆمەڵەیان کردووە.

٢-داوا لە دەوڵەتی سەرپەرشتیار کراوە، یاساو رێوشوێنی ئیداری دەربکات، کە ئەو باردۆخە تایبەتە لە خۆ بگرێ، کە لە چوارچێوەی ئێراقدا شایستە بەوانە، جەخت بکرێتەوە لە حکومەتی ئێراقی بە خێرایی‌و لە کاتی گونجاودا ئەو یاسایانە جێبەجێ بکات.

وەکو خاوەنی ئەو داواکاریانە دڵنیاتان دەکەمەوە، کە حکومەتی ئێراقی هەتا ئیستا هیچ ریوشوێن‌و یاسایەکی ئەنجام نەداوە بۆ پیادەکردنی ئەو بڕگەیە، لە راستیدا راپۆرتی هاوپێچی پێشکەشکراو ئەوە بەدیار دەخا، کە چۆن ژمارەی کارمەندانی کورد بە بەراود لەگەڵ ماوەی پێش گەیشتنی لیژنەی یەکلایی کردنەوەی راستیەکان بە سەرکردایەتی "کۆنت تیلی" کەمی کردووە.

## پەیوەندی کوردو ئاشوری‌و کلدان

حەزدەکەم بۆ لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابی روون بکەمەوە، کە هەندێ لە بەرپرسان لە هەر کاتێکدا بێت وەکو پاساو بۆ پێنەدانی مافی رەوای کورد هەندێ بەڵگە دەهێنێتەوە، کە ئەگەر مافی کورد بدرێ بارودۆخ لە نێوان کوردو ئاشووری دەتەقێتەوە، ئەوە قسەی دوژمنانی کوردە، ئەو پڕوپاگەندانە درۆی روتن‌و هیچی دیکە، لە راستیدا کوردو ئاشوری‌و کلدان دەتوانن "هەروەکو رابردوو" بە دۆستایەتی‌و ئاشتی بژین، لە گوندی "بادی"، نمونەیەکی دیار لە سەر ئەو قسەیەی دەیکەم هەیە، لێرەو لەوێ هەندێ جار ئەگەر ناکۆکی لە ناو خەڵکە نارۆشنبیرە جوتیارەکانی کوردو ئاشوری هەبێ، بە زۆری هۆکارەکەی سیاسەتی حکومەتی عەرەبیە دەیەوێ لە نیوان ئەو دوو میللەتە، کە پەیوەندی خوێنیان لە نێواندایە ئەوە بخولقێنێ. لە راستیدا چەندین کاروباری هاوبەش لە نێوان کوردو ئاشوری‌و کلداندا هەیە. بەڵام چاوەڕوانکراوە کورد زۆر نیگەران بێ لە حکومەتی عەرەبی هێزی لێڤی ئاشورییەکان بنێرێ بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینە رەواکانی، هەتا ئەگەر ئەو راپەڕینە بچوکیش بێت پێویست بە ناردنی هیز ناکات.

چۆن برایەتی لە نێوانمان دێتە دی، ئەگەر حکومەتی عەرەبی چەکی لێڤی ئاشووری ئاراستەی سینەمان بکات‌و راگەیاندنەکانی حکومەت بخرێتە خزمەت عەقڵی برا ئاشوری‌و کلدانەکان بەرانبەر کورد.

**واژۆ**

**تۆفیق وەهبی**

Air. 23/311

**نهێنی**

**بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی– هۆبەی هەولێر**

**٣٠ تەمووزی ١٩٣١**

**هێزی ئاسمانی مەلەکی بەریتانی . سەرکردایەتی ئێراق– هیندی**

**بابەت: کوردستانی ناوەڕاستو باشور**

ئەم پیاوماقولاّنەی خوارەوە سەردانی هەولێریان کردو میوانی عەلی پاشای ئەندامی ئەنجومەنی پیاوماقولاّن بوون.

قاسم چەلەبی صابونچی، بەکر چەلەبی خەیات، عاصف ئەفەندی قاسم ئاغا

١- لە ماوەی مانەوەیاندا لە هەولێر پیاوماقولاّنی موسڵ ئەوانیان بە هاوڕێکانیان ناساند، راگەیاند کە حکومەتی ئێراقی دەیەوێ لە ئایندەیەکی نزیك باجی نوێ بە سەر شارەوانیدا فەرز بکات بۆ نارەزایی بەرانبەر ئەو باجە، پیاوماقولاّنی موسڵ وتیان: رۆژێك دیاری دەکەین بۆ ئەوەی لە هەموو ئێراقدا مان بگیرێ، پیاوماقولاّنی موسڵ بە هاوتا هەولێریەکانیان وت: یەکێتی پیشەیی کرێکاران بۆ ئەو مەبەستە رێکبخەن هەتا لەگەڵ هاوتاکانیان لە موسڵ لە پەیوەندی دابن.

٢- قاسم ئەفەندیو وەفدی هاوڕێی رێککەوتن، کە بەکر جەلەبی خەیات بۆ ئەو مەبەستە لە پەیوەندی دابێ لەگەڵ هەولێر.

٣- له ١٠ی تەموزی ١٩٣١ ڕۆستەم چەلەبی (بازرگانی هەولێری)و حاجی عوسمان نامەیەکیان لە بەکر چەلەبی وەرگرت، داوایان کردبوو داواکاری (عەریزە) بنوسن دژی باجی ناوبراوی شارەوانی.

٤- لە١٣ی تەموزی ١٩٣١ لە هەولێرەوە هەواڵ گەیشتە بەغدا بەوەی مانگرتنی تەواو لە هەولێر لە سەر کار دەستی پێکردووە.

٥- لە ١٣ی تەموزی ١٩٣١ لە کۆبوونەوەیەکی فراوان لە مزگەوتی قەڵا لە هەولێر بەسترا، تێدا زۆربەی بازرگانو دوکاندارەکانی هەولێر ئامادەی بوون، ئامادەبوان ڕێککەوتن لە سەر تەخویلکردنی لیژنەیەك بۆ نوسینی عەریزە دژی باجی تازەی شارەوانی.

# بزوتنەوەی سمکۆ (١٩٢١- ١٩٣٠)

FO. 371/7781

**ژمارەی نهێنی ٢٧/٣٤**

**نوسینگەی نوێنەری باڵا. بەغدا**

**١٩٢٢/١/٢**

**گەورەم**

شەرەفمەندم کە تەرجەمەی ئەو نامەیەی مستەفا پاشاتان بۆ دەنێرم، کە باسی سەفەرەکەی ورمێی کردووە.

مستەفا پاشا ئەفسەری تورکیەو لە بنەڕەتەوە خەڵکی سلێمانیە، لە نیسانی پار داوایەکی دابووە نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا، کە رێگەی گەڕانەوەی پێ بدا بۆ بەغدا. لە سەر سووربوونی خۆی دەرەفەتمان پێدا بگەڕێتەوەو لە حوزەیرانی هەمان ساڵ گەڕایەوە بەغدا. دەمەوێ سەرنجتان بۆ نوسراوی ژمارە ٤٧٦(٣٨.٩/٣٣٧/٢١)ی بەرواری ١٩٢١/٥/١١ی نوێنەری باڵای بەریتانی بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە رابکێشم، لە سەر دوای من بە شێوەی کاتی مستەفا پاشا لە بەغدا مایەوە، بەڵام لێرە دڵخۆش نەبوو، هیچ کارێکی نەبوو، سووربوو لە سەر ئەوەی بچێ بۆ سلێمانی بۆ یەکلاییکردنەوەی چەند مەسەلەیەك، هیچ پاساوێکیش لە لای من نەبوو زیاتر بیهێڵمەوە، ئەفسەری سیاسی لە سلێمانی لاری نەبوو لە چوونی بۆ ئەوێ، بریارمدا رێگەی پێ بدەم بەو مەرجەی لەگەڵ ئەفسەری سیاسی سلێمانی هاوئاهەنگی هەبێت، لەگەڵ گەیشتنی ئەو پڕوپاگەندە بڵاوبۆوە، کە گوایە دەکرێتە موتەسەریفی سلێمانی، بێجگە لەوە هیچ مەسەلەیەکی دیکە نەبوو، لەگەڵ گەڕانەوەی جێی بایەخی ئەو شارە نەبووە.

مستەفا پاشا پیاوێکی سادەیەو لە ناوچەکەدا ناسراو نیە، بەڵێنی داوە لە هەموو جموجۆڵێکی ئەفسەری سیاسی ئاگادار بکاتەوەو بە ڕەزامەندی پێشوەخت نەبێ ئاودیوی سنووری ئێراقی — ئێرانی نەبێ.

لە ڕێگەی ئەو ڕاپۆرتەوە لە سەر ڕابردووی مستەفا پاشا، هەندێ زانیاریم بۆ هاتبوو، کە سەرکردایەتی گشتی لە ئەستەنبوڵ بە نوسراوی نهێنی لە بەرواری ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩١٢ بۆیان ناردبووم، وەکو بەدەردەکەوێ ئەو ڕاپۆرتە زیادڕەوی زۆری کردووە لە پێگەی مستەفا پاشا لە کوردستانی باشور، بۆیە بە پێویستم زانی ئەستەنبوڵ لە پێگەی دروستی مستەفا پاشا بە نوسراوی ژمارە (س یان/٨٩)ی بەرواری ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٢١ئاگادار بکەمەوە.

گەشتی مستەفا پاشا بۆ ورمێ بە بێ ڕەزامەندی پێشوەختی من یان ئەفسەری سیاسی سلێمانی بووە، هەر کە بیستم چۆتە ئێران بڕیارمدا لەگەڵ گەڕانەوەیدا بە خێرایی دەست بەسەری بکەن، بەڵام ئەو لێکۆلینەوەی دوای گەڕانەوەی لە گەڵیدا کرا هاتمە سەر ئەو باوەڕەی، کە بە بۆچوونی تایبەتی خۆی ئەو کارەی کردووەو مەبەستی هەڵگەڕانەوە لە ئیدارەی بەریتانی نەبووە، بەڵام دوای ئەوە بە نوسراو بەڵێنی لێوەرگیرا یاخی نەبێ‌و بەبێ ڕەزامەندی پێشوەخت لە سلێمانی نەچێتە دەرێ، ئەگەر مەبەستی بوو بەشداری هەر کارێکی سیاسی بکات، بە نامەیەکی ڕوونکردنەوە ئاگادارمان بکاتەوە، بۆیە ئێمەش ڕەزامەندبوون لە سلێمانی بمێنێتەوە.

پاسکۆی ئەم نامەیە، لە دوای نوسینی لە ڕێگەی چاودێری سەربازیەوە دۆزراوەتەوە، تەرجەمە کراوەو دوایی ڕێگە دراوە بنێردرێ بۆ ئەو کەسەی کە بۆی نێردراوە، ئەو نامەیە بەڵگەیەکی گرنگەو بایەخی مێژوویی‌و سیاسی هەیە، لایەنێکی گرنگی ئامانجە سیاسییەکانی سمکۆو کەسایەتی ئەو بەدیاردەخا، هەروەها هەڵسەنگاندەکەی مستەفا پاشاش گرنگە لە سەر تاوانبارکردنی بزوتنەوەی سمکۆ بە بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی کوردی.

ئەوەی دەمەوێ سەرنجتانی بۆ ڕابکێشم مستەفا کەمال لەو گەشتەی خۆی وەکو نوێنەری حکومەتی بەریتانی نەناساندووەو  نەیوتووە ئینگلیز پشتگیری بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی دەکات دژی تورك، لەو باوەڕەدام مستەفا تاڕادەیەکی زۆر لەوەدا ڕاستگۆیە، لە دوا بڕگەکانی نامەکەیدا هاتووە، گەشتەکەی ڕۆڵی گەورەی هەیە لە سەر قەناعەتی کورد، کە هاوکاری تورکان نەکەن لە دژایەتیکردنی ئێراق.

**بۆ من شەرەفێکی گەورەیە خزمەتکاری دڵسۆزتان بم**

**Percy Cox**

**نوێنەری باڵای بەریتانی — ئێراق**

# مستەفا پاشا یامولکی

## لە چاوپێکەوتنێکی مێژووییدا لەگەڵ سمکۆ

## سلێمانی ١٢ی کانونی یەکەمی ١٩٢١ز. ژمارەی بەڵگەنامە FO ٣٧١/٧٧٨١

## کوڕی پایەدارم عەزیز بەگ

نامەکەتم بەدەست گەیشت کە لە بەرواری ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١ز لە وەڵامی نامەکەی منی ٣١ی ئەیلولی ١٩٢١ز نوسراوە. پێشترو لە ماوەی گەڕانەوە لە گەشتەکەم بەو ناوچانەی کە لە ژێردەسەڵاتی سمکۆ (ئیسمایل ئاغا) دابوون، دوو نامەی دیکە تۆم لە بەرواری ١٥ی ئەیلولو ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٢١ بە دەست گەیشتن. دوو نامەکەی دوایی بە ناوی کوڕانی نەقیبەوە لە سەر بارودۆخی رابردوو هاتبوو، کە هەندێ لە زانیاریەکان خۆم بە سەریەوە شایەدحاڵ بووم.

له سەعات یازدەی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی ٣١ی تشرینی دووەم سلێمانیم بەجێهێشتو بە ناوچەکانی مەنگوڕدا بە"وەزنە" تێپەڕیم. بابەکراغاو عەباس ئاغای برای خانەدانو زیرەکن، بابەکراغا لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەریتانیەوە رێزی زۆری لێدەگیرێو پلەو پایەی زۆر باشیان داوەتێ. ناوچەکەیان نەکەوتۆتە ژێرکاریگەری پارتی ئیتیحادو تەرەقی، کە لە ئەنادۆڵ پەیدا بوون، ئاسایشو ئارامی باڵی کێشاوە بە سەر دەڤەری هۆزی بابەکراغا، لە هۆزە بە هێزەکانی ناوچەکەیەو پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ هۆزەکانی دیکەی ناوچەکەدا هەیە، هۆزەکانی مەنگوڕو مامەشو کۆڕكو دیبوکریو بەگزادە لە هۆزە سەلامەتەکانن، هۆزی بەگزادە گەورەترین هۆزە لە ناوچەی سەقزو دەورووبەری نیشتەجێن.

هۆزی بابەکراغا پەیوەندی پتەوی لەگەڵ هۆزی "زەرزا"دا هەیە، کە لە شنۆیە نیشتەجێن، هەروەها پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ هۆزی شکاکدا هەیە، کە سمکۆ سەرکردەیانەو پێگەی درێژ دەبێتەوە بۆ رۆژئاواو باکوری رۆژئاوای ورمێ.

کۆمەڵە سەردارێکی وریا بۆ کاروباری ناوچەکە سەرۆکایەتی هۆزی نورەدینی دەکەن، هێزێکی خێڵەکیان هەیە دەگاتە نزیکەی ٢٥٠٠ تا ٣٠٠ سوارەو نزیکەی ٤٠٠٠ هەزار پیادە.

ئەو سەرۆکانە هوشیارنو باش دەزانن، کە خۆشگوزەرانیو بەختەوەری کورد لە کوردستانی باشورو باکورو تەنانەت لە هەموو تورکیا، بە رێگەی ئینگلیزەوە دەبێت لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی وێرانکاری ئیتیحادو تەرەقی، لەبەر ئەوە دانیشتوانی ناوچەی پشدەرو سەردەشتو گوندە سنووریەکانی ئێران ملکەچی میر ئافیاو میر عەبدوڵڵانو بە ئاشتیو ئارامی دەژین.

هیزێکی بچوك لە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی لە ڕەواندز ماوەتەوە، لە ئەنجامی چەند کردەوەیەکی خراپی ئەفسەرێکی پێشوو (سوپای عوسمانی "و") ناتوانن بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، خەڵکی رەواندزو ناوچەکە بە دەستیانەوە مەینەتی زۆر دەچێژنو دەگەڕێن بە دوای هۆکارێك لەو ژیانەی تێی دان دەربازیان بێت.

سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەك خەڵکی زیرەكو بە توانا هەیە، کە سنوورێك بۆ ئەو کردەوانە دابنێن، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتدارانی بەریتانی دوودڵن لەو بارەیەوە رێوشوێنی کاریگەر بگرنەبەر، گەرچی ئەو بابەتە بە هێند وەرناگرن.

چاوپێکەوتنم لەگەڵ بایز ئاغای سەرۆکی هۆزی "ئۆجاق کاك" سازدا، کە لە ناو هۆزی مامەشو مەنگوڕ ناسراوەو لە"ئەلوەتان" نیشتەجێن.

پارتی ئیتیحادو تەرەقی ئۆباڵی بەرپرسیاریەتی ئەو شەڕەی ئەنادۆڵو شاڵاوی یۆنانی لە ئەستۆدایە، چونکە ئەو پارتە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی کوشتنو کوشتاری کردووەو هەندێ جار لە دوای ئاگربەست شاڵاوی بردۆتە سەر دانیشتوانی بروسیاو سمێلنە.

سەردانی دەواری خدر خانی عەزیزم کرد لە ناوچەی "میرغیان"، پێخۆشحاڵی خۆم دەربڕی لە ئاشتیو ئارامی ناوچەکەیان، کە نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەی شەرانگێزانەی کۆمەڵی ئیتیحادو تەرەقی، لە ژێر دروشمی جامیعەی ئیسلامی پەنای بۆ هەموو جۆرەکانی کوشتنو لە ناوبردن بردووە.

لە٩ی تشرینی یەکەم لە مەنگوڕایەتی گەڕامەوەو گەیشتمەوە سابڵاخ، بە چاوی خۆم کۆچی دانیشتوانی سابڵاخم بینی بۆ ناوچەکانی موکریو دیبوکری دراوسێیان، هۆکاری ئەم کۆچەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پڕوپاگەندەیە، کە هێزی ئێرانی لە میاندواو دەخزیو نەبادا لە ناو شاری سابڵاخ شەڕ بەرپا بێ، هێزەکانی هۆزی شکاکیش لە شوێنی خۆیان لە ورمێوە دەهاتن، هەرچەندە من بەوەی لە توانام دابوو بۆم روونکردنەوە، کە ئەمە پڕوپاگەندەیەو راست نیە، بەڵام ئەوان گوێیان نەدایەوەو بەردەوام بوون لە چۆڵکردنی شار، وادیار بوو تارمایی ناڕەحەتیەکانی شەڕ لە ڕابردوو لێیان جیا نابێتەوە، بە دووربین تەماشام کرد هێزێکی نزیک بە٣٠٠ سوارە بەرەو لای من دەهاتن، دواتر زانیم ئەو هێزە لایەنگرانی مامەشو شێخ عەبدوڵڵای نەسر "نوێنەری سمایل ئاغای شکاکو سەید تەها"ن هاتوون بۆ مەسەڵەتی هەردوو هۆزی دیبوکریو مەنگوڕ.

شەو لە ماڵی شێخ عوبێدوڵڵا مامەوەو لەگەڵ نوێنەری سمکۆو سەید تەها قسەی زۆرمان بوو، هەمان شەو بە ڕێگەی تەلەفۆن هەواڵی مانەوەم بە سەید تەهاو سمکۆ درا.

بەرەو براندێز سابڵاخم بەجێهێشت، کە سەید تەها لەوێ دادەنیشیو رۆژێك لەوێ مامەوە، لە دوای ئەوەی برازا نەخۆشەکەم لەوێ بەجێهێشت، منو سەید تەهاو نوێنەری سمکۆ "براندێز"مان بەجێهێشتو بە ورمێ دا تێپەڕین، لەو کاتەی بەڕێوە بووین بروسکەیەکمان بە دەست گەیشت، ئەوەی دەرخست، کە هێزەکانی شکاك خۆیان بۆ هێرشی سوپا (سوپای ئێرانی-"و") لە ناوچەی نێوان خویو تەورێز ئامادە کردووە.

لە دوای ئەوەی هێزەکانی شکاك لە ساڵی رابردوو شاری ورمێ یان گرت، هێڵەکانی تەلەفۆنو پەیوەندی کردن لە شوێنی گرنگ دانرابوون.

بەیانی بە سمکۆ گەیشتمو لە ماوەی گفتوگۆ ئەم پرسیارانەم لێکرد:-

**پرسیاری یەکەم**: لەو هەموو ئەو چالاکیانەی لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا لە دژی ئێران دەستت پێکردووە چ مەبەستێکت هەبووە؟

وەڵام: حکومەتی ئێرانی دژایەتی زۆری کورد دەکات، ئێستا هەموو هەوڵی خۆم داوە بۆ رزگاربوون لە دەسەڵاتی ئێرانی، ساڵی رابردوو بڕیارمدا دەستبگرم بە سەر شاری ورمێو دەورووبەری، شاری سەلماس، هەروەها ئەم ساڵ شاری ساباڵخمان لە ئێرانیەکان پاك کردەوە.

**پرسیاری دووەم**: لەوکاتە ئامانجتان بە دیهێنانی رزگاری یان سەربەخۆیی کوردە، بۆچی یەکەم جار لە ڕزگارکردنی شارەکانی ئەرزەڕۆمو هەکاریو خەربووت دەستتان پێنەکرد؟ ئەوانە رزگارکەرن، کە لەم بارودۆخەدا لە دوو لاوە دەچەوسێنرێنەوە، لەلایەك مستەفا کەمال سروشتی دوژمنکارانەی هەیەو لەلایەك دان بە خاوەن شکۆ سوڵتان وەحیدەدیندا نانێت، بەڵکو دژی ئیرادەی ئەوە، بۆچی ئەمە ناکەی هەتا بۆ بێگانەکانی بە دیاربخەی، کە بە تەنیا ئامانجتان خوێن رشتن نیە، مەسەلەی مستەفا کەمال یەکلایی دەبێتەوەو دوایی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بدوێنیو چاوەڕێی هەڵوێستیان بیت؟.

وەڵام: وای بە چاك دەزانم لە ئێرانیەکانەوە دەست پێبکەم، بە چاکم نەبینی پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیا ببڕین، چونکە ئێستا ئەوان بە چەكو تەقەمەنی هاوکاری شۆڕشەکەمان دەکەن، بە پێویستی نابینم پەیام بۆ حکومەتە بێگانەکان بنێرین، من وادەبینم بارودۆخی ئەورووپا ئێستا نائارامەو دەوڵەتە ئەورووپیەکان بە یەکترەوە خەریکن. هەموو هەوڵمان دەخەینە گەڕ هێزەکانی ئێرانی نەگەڕێنەوە ساباڵخ، هەتا دوا پیاوی شکاك دژی هەوڵەکانی ئێرانی دەوەستینو پارێزگاری لە خاکی خۆمان دەکەین.

**پرسیاری سێیەم**: چ پاڵنەرێك هەبووە لەپشت کوشتنی هەشت سەد جەندرمەی ئێرانی؟ ئەوانەی لە ساڵی رابردوو دیل کرابوون.

وەڵام: لەگەڵ ئەوەی ئێرانیەکان هەموو دەرفەتێکیان بەکارهێنا بۆ دەستگیرکردنی من، بە پێوستم زانی بۆ لێدانی هێزەکانی ئێرانی لە شاری ساباڵخەوە دەست پێبکەم.

ئێرانیەکان لە ناوەوە قایمکاریان کردو قبوڵیان نەکرد شار بەجێبهێڵن، ناچاریان کردین تێك بگیرێین، لە دوای چەند سەعات بە شەڕی رەشاشو تۆپو تفەنگ بەشێك لە هێزەکانی ئێرانی ناچار کران لە شار بکشێنەوە، بەشێکی دیکە خۆیان بدەن بە دەستەوە، مەلیك زادەش لە ناو ئەوانە دابوو، لە دوای بەدیارکەوتنی ناسنامەی دیلەکان بۆم دەرکەوت زۆربەیان بەشداربوون لە شەڕە گەورەکەی نزیك ورمێ، لە کاتی داگیرکردنی روسی "ورمێ" گۆڕا بوو بۆ پێگەیەکی

گەورەی سەربازی، داگیرکەران هێزی ئاگرو ئاسنیان تیدا کۆکردبۆوەو بنکەیەکی تەقەمەنی لە ناو شار هەبوو بە ناوی "حەیدەر ئاباد"، بۆیە لەوکاتە هێرشمان کردە سەر ورمیێو دەستمان بە سەر ناوچەکەدا گرت، زۆربەی جەندرمەکانمان بە دیل گرت، لە دوای دالّدەو خواردنو جلوبەرگ پێدان، بەلّێنمان لێوەرگرتن لە ئاییندە بەشداری شەڕ نەکەن، بەلاّم بەشداریان لە شەڕی سابلاّخدا کرد، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بەلّێنە بووە، کە دابوویان. ئەو دیلانە سەر لە نوێ پەیوەندیان کردەوە بە هێزەکانی ئێرانیو کەوتنەوە هەولّی کوشتنی کوردان، لە بەر ئەوە من فەرمانمدا لە سێدارەیان بدەن کە ژمارەیان نزیکەی ٤٠٠ کەس بوون.

**پرسیاری چوارەم:** هۆی ململانێتان لەگەلّ ئاشووریەکاندا چی بوو؟ دەتوانن پێمان بلێّن بۆچی مارشەمعۆنی سەرۆکی روحی ئەوانتان کوشت، کە پیاوێکی ئاشتیخوازو لایەنگری کورد بووە؟.

وەلاّم: دەبێت لەوە ئاگاداربین، کە مەینەتیەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی لەلایەن روسو تورك بابەتێکی درێژەو لێرە کاتمان نیە بە درێژی باسی بکەین، بەلاّم هەولّدەدەم لە سەر مەسەلەی مارشەمعۆن بووەستم.

شاراوە نیە لە کاتی شەری جیهانی ناخۆشی لە نێوان تورکو ئەرمەن روویدا، ئاشووریش لەگەلّ دابوون، چونکە ئەوان رایانگەیاند لەو شەڕە هەلّوێستیان لەگەلّ ئەرمەنەکانە. لە دوای شۆڕشی روسی هێزەکانی دەولّەتی عوسمانی لە کوردستان کشانەوە، بەلاّم پێش ئەوەی سابلاّخو ورمێ بەجێبهێلّن، ئەندازەیەکی زۆری چەكو تەقەمەنی جەنگ لە ناویاندا رەشاشی گەورەو تفەنگ هەبوو دایان بە ئاشووریەکان، لەو بارودۆخە نەخشەیەك هەبوو، ژمارەیەك لە ئەفسەرانی روسو هەندێ کەسایەتی ئاشووریو هەندێ لە بەرپرسانی دەولّەتانی ئەورووپی بە ئاراستەی قۆستنەوەی دەسەلاّتی ناوەندی لە ئێران مەبەستیان بوو دەست بگرن بە سەر ئازەربایجان، کوردستانیش ناوچەیەکی هاوتخوبەو کوردی تێدایە، کورد لە مێژە لەگەلّ ئاشووری هاوسێن، نەخشەکە وابوو بۆ ماوەیەکی کاتی کورد بەلای خۆیاندا رابکێشن.

لە باری دەستبەسەرداگرتنی ئێرانو ئازەربایجان بەپێی ئەو نەخشەیە بارودۆخێك ساز بکەن بۆ راگەیاندنی دەولّەتی ئاشووری لە ویلایەتی بەدلیسو هەکاری، لە بەر ئەوە ئاشووریەکان بە هەر رێگەیەك بێت هەولّیاندا ئەو مەبەستە بشارنەوەو هەستی دۆستایەتی بەرانبەر کورد بە گشتیو بەرانبەر شکاك بەتایبەت نیشان بدەن، چونکە هۆزی شکاك خاوەن هێزو دەسەلاّت بوون لە ناوچەکەدا. رۆژێکیان مارشەمعۆن بە خۆییو کۆمەلّێك سوارەی ئاشووریو ئەرمەنی هاتنە سەردانم، ئەو بە تەواوی مەبەستی خۆی ئاشکراکرد، کە بە پشتیوانی کورد هێرش

دەکاتە سەر ئازەربایجان، داوای لە من کرد پشتیوانی لەو پرۆژەیە بکەم. پێم وت: ئەم بابەتە لەگەڵ سەرۆك هۆزەکانی دیکە دێنمە گۆڕێ، چەند رۆژێکی دیکە هەڵوێستی کوردانت پێدەڵێم، دەسەڵاتدارانی ئێرانی بە ئامانجو جموجۆڵەکانی مارشەمعۆنیان زانی، نامەیەکی تایبەتیان بۆ من ناردو داوایان لێ کردم لە دژی ئێران نەچمە پاڵ ئاشووریەکان، هەروەها بەڵێنیان پێ دام، ئەگەر مارشەمعۆن بکوژم، دیاریم پێ دەدەن*، لەبەر چەند هۆیەك رازی بووم بە کوشتنی مارشەمعۆن، کە لە پشت ئێمەوە نەخشەی بۆ دەستبەسەرداگرتنی کوردستانی باکور دانابوو، لە کاتی دیاریکراو کوشتمو بەمەش سنوورێکم بۆ چاوتێبڕینە سیاسییەکانی دانا. لە سەرەتاوە ئێرانیەکان پێی دڵخۆش بوونو حاکمیان بۆ بەڕێوەبردنی ورمێ نارد، دوایی کەوتنە پێشێلکاری کەرامەتمو سازدانی کوشتار لە ناوچەکانی ورمێ.

وردە وردە پەیوەندیمان تێکچوو، ئەمەش بە هەندێ پێکدادانی سەربازی کۆتایی هات، دوایی بەسەر شاری ورمێو دەورووبەری زاڵ بووینو کاربەدەستمان بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکە دانا.

**پرسیاری پێنجەم:** ئایا ئاشووریەکان لە جوولەمێرگو هەکاری نەماون؟ بە چاوی خۆم هەزارانم لە ئەوان لەبەغدا بینی خەریکی دابینکردنی هێستر بوون هەتا جارێکی دی بگەڕێنەوە؟

وەڵام: بەڵێ لە حاکمی وانەوە کە مستەفا کەمال دایناوە بروسکەیەکم پێگەیشت، داوا لە میرزای نوسەرم دەکەم دەقی ئەو بروسکەیە بخوێنێتەوە:

حکومەتی یونانی سەرەڕای وەرگرتنی یارمەتی مادی، بۆ هێرشو راگەیاندنی شەڕ دژی ئێمە یارمەتی دیکەش وەردەگرێ. داوای لە دەوڵەتانی ئەوروپی کردووە، کە هەولبدەن لەگەڵ ئێمە پێکمان بهێننەوە، ئاگادارتان دەکەین لە هەموو بەرەکان سەرکەوتین، هەروەها بەریتانیا ئێستا ئاشووریەکانی هەکاریو کوردستان هاندەداتو ئاسانکاریان بۆ دەکات بە ڕێگەی زاخۆو ناوچەی جەزیرە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، بەڵام ئێمە رێوشوێنی گونجاو دەگرینەبەر بۆ

---

* -ئەم برگەیە (دیاریم پێ بدەن) لەگەڵ گوزارشتەکانی دواتر تێك دەگیرێ، لەپوختەی هەڵسەنگاندنەکانی مستەفا یامولکی بەدیار دەکەوێ، کە ئەم چاوپێکەوتنە وەکو بەشێکی راپۆرتی مستەفا پاشا یامولکی لایەنگری بەریتانیەکان نوسراوە، بۆیە بە دروستی نابینم هەتا ئەگەر بەو شێوەش بووبێت، سمکو ئەو نهێنیە لەو چاوپێکەوتنەدا ئاشکرا بکات. "و".

چارەسەرێك هەتا سەرنەگرێت، داواتان لیٚ دەكەین "واتە لە سمكۆ" چارەسەرێك بكەن ئاشووریەكانی روسیاو ئێران نەگەڕێنەوە بۆ ناوچەكانی خۆیان لە كوردستانی باكور.

ئاشوورییەكان دوژمنی منن، كە ئەم هەواڵەم پێگەیشت رێگە نادەین بگەڕێنەوە بۆ هەكاری، توركەكانیش لەو كارە پشتگیریمان دەكەن.

**پرسیاری شەشەم:** لە دەڤەرەكەتاندا لە ناو كوردان رێكخراوێكی نەتەوەیی هەیە؟ بۆ نموونە ئاڵای تایبەتان هەیە؟ چۆن كاروباری ناوچەكانی ژێردەسەڵاتی خۆتان بەڕێوە دەبەن؟

وەڵام: لێرە ئێستا رێكخراوێك نیەو من تاكە دەسەڵاتم لە كوردستان، با یەكەم جار ئەو نیشتیمانە رزگار بێت، لە دوایی كیٚ لە ناوچەكەتاندا دەبێتە حاكم گرنگ نیەو من لەو لایەنەوە بیٚ نیازم. سەبارەت بە ئاڵا بە پێویستی نازانم، بەڵام شكاك دەستیان داوەتە ئاڵای جۆراوجۆر، دەبینن هەموو تیپێك لە جەنگاوەرەكان ئاڵای خۆیان هەیە.

**پرسیاری حەوتەم:** ئەگەر ئەمە وایە، خۆزگەی نەتەوەییتان هەیەو ئەو خۆزگەیەش كوردە، بۆچی سوتاندنو تاڵانیو كوشتنی بێتاوانی كوردانت لە ساباڵاخ ئەنجامدا، بە تایبەتی قازی لەتیف یەكێك بوو لە پیاوماقوڵانی شار، رێزێكی زۆری هەبووە؟ كە (ساباڵاخ لە ڕۆژهەڵاتی موكری هەڵكەوتووە، هۆزە بە هێزەكانی دیبكریو بڵباسو مەنگوڕو مامەشو پیرانی لیٚ یە، وەكو دەزانن پەیوەندی دۆستایەتی لە نێوان دانیشتوانی شارو ئەو هۆزانەی ناوم بردن نیە)، ناترسن حكومەتی ئێرانی ئەو ناكۆكیە هۆزایەتیە بەكاربهێنێت لە بەرژەوەندی خۆی؟ وەكو زانیومە سەروەتو سامانی حاجی ئێلیخانی سەرۆكی هۆزی دیبوكری تاڵان كراوە، دوور نیە هەوڵەكانی مەنگوڕو بەگزادەكانی كوڕەك دانیشتوانی ناوچەی سەقز لە دژی ئێوە یەكبگرن؟

وەڵام: لەوكاتەی بەرەو ساباڵاخ رۆیشتین هەواڵمان نارد بۆ هەموو سەرۆكەكانی ناوشار، بەڵام كەس بە پیر داواكەمانەوە نەهات، هەروەها دانیشتوانەكەی نوێنەریان نەنارد بۆ گفتوگۆ لەگەڵماندا، ئێرانیەكانیش سووربوون لە سەر هەڵگیرسانی شەڕ لە ناو شار، لە دوای شەڕێكی زۆر شارەكە كەوتە بەردەستی ئێمەو ژمارەیەكی زۆر قوربانی هەبوو، بەشێك لەوانە شكاك بوون، لە كاتی شەڕ جەنگاوەران تێكەڵاوی یەكتر ببوون، شەڕ لە شەقامەكان بە ڕەشاش دەكرا، لەگەڵ ئەوەدا من دژی زەوتكردنو تاڵانیم، بەڵام لە بارودۆخێكی ئاوا ناتوانریٚ بە تەواوی قەدەغە بكریٚ، هەوڵدەدەم هەستی خەڵكی شار رازی بكەم.

بەڵیٚ وەكو ئاماژەم پێدا گومانمان هەیە لە مەبەستی مەنگوڕو دیبوكری، بەڵام بایەخیان پێنادەین. هۆزی مامەش دڵسۆزی ئێمەن، هەمزاغای كوڕی خوالێخۆش بوو موحەمەد ئاغا

کرایە حاکمی سابلاخ‌و کەریم ئاغای برای کرایە سەرپەرشتیاری ناوچەی هەمەجان، لە دوای مانگێك لە کەوتنی سابلاخ خەڵکی بانەو هۆزی کورك ئێرانیەکانیان لە سەقز دەرپەڕاند، حکومەتی ئێرانی ٣٠٠ تا ٤٠٠ هێزی جەندرمەی ناردە سەقز، توانیان بانەییەکان لە سەقز دەربکەن‌و چوار لەشکاك هەڵاتن+.

**پرسیاری هەشتەم:** هەندێك وا دەبینن ئامانج لە جولانەوەکەتان تایبەتیەو دەتەوێ سوود لەم ڕووداوانەی ئێستا وەربگری بۆ تۆڵەسەندنەوە لە حکومەتی ئێرانی لە سەر کوشتنی براکەت، کە لەلات زۆر خۆشەویست بووەو باپیرت‌و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەت، کە پێش ساڵێك کوژراون. بە ڕوونی دەڵێن لە ئاکامی ناردنی نامەیەکی تەقێنراوە براکەت کوژراوە لەوکاتەوە جولانەوەکەت دەست پێکردووە؟

وەڵام: دەزانم، باش ئاگادارن چەند لە باپیرانم کوژراون، کورد چەند مەینەتی چێشتووە، باپیرانم سمایل خان‌و عەلی خان کوژراون‌و هەندێکیان بە شێوازی دڕندانە لەلایەن حکومەتی ئێرانیەوە لە ناوبراون، بەڵام من ئێستا بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد کاردەکەم‌و گومانی تێدا نیە دەرفەتێکی لەبارە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە حکومەتی ئێرانی.

کوڕی خۆشەویستم ئەمە دەقی ئەو وتووێژە بوو، کە لە نێوان من‌و سمایل خان "سمکۆ"دا بوو لە شەوی ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١ز.

بەیانی سەر لە نوێ لەگەڵ سمکۆو سەید تەها بەیەکگەیشتین، بە نهێنی وتووێژمان لە سەر ئەو مەسەلەیە کرد.

بە سمکۆم وت: (ئاشکرایە لەگەڵ ناسیونالستەکانی تورك پەیوەندیتان هەیە، بارودۆخی ئێستا لەگەڵ هی سەردەمی شێخ عوبێدوڵلا جیاوازە، دەوڵەتەکانی ئەوروپی‌و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نزیکەوە چاودێری ڕووداوەکانی کوردستان دەکەن، وەکو دەزانی حکومەتی بەریتانی ئەمڕۆ ئیدارەی سلێمانی‌و دەوروبەری دەگێڕێ، ئەویش لە نزیکەوە چاودێری ڕووداوەکانی کوردستان دەکات، ئەگەر ببینێت سیاسەتێك ناگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی بەبێ دوو دڵی هەڵوێستی سیاسی یان سەربازی لە دژی وەردەگرێت،

ئاشکرایە پەیوەندیتان لەگەڵ ناسیونالستەکانی ئەنادۆڵی تورکیا هەیە، ئەمە لە بەرژەوەندیت نیە، چونکە تورك "پارتی ئیتیحادو تەرەقی" لە دونیای شارستانی کەسایەتی

+ - زیاتر دەگونجێت چوارسەد بێت، هەڵە لەوەرگێڕی عەرەبیەکەی بێ یان هەڵەی چاپ بێت. "بابانزادە"

خۆی لە دەست داوە، وا چاوەڕوان دەکرێ ئەوەی پێی دەڵێن ئامانجی نەتەوەیی دوایی بێتو هیچ لایەنێك پشتیوانیتان لێ نەکات، مادام یەکێك لە حکومەتە گەورەکان بە تایبەتی حکومەتی بەریتانی گەورە پشتیوانی لێ ناکات کە بۆتە دراوسێی ئێمە، جولانەوە نەتەوەییەکەت سەرکەوتنی لە چارە نانوسرێ، هێزە گەورەکان لە کوردستان بە جولانەوەیەکی یاخی سەیری ئیتیحادو تەرەقی دەکەن، کە دان بە دەسەڵاتی خاوەن شکۆ دانانێن، ئەمە هۆی خزینی یونانیەکانە بەرەو ئەنقەرە، ئێستا ئەو هێزانە خۆ ئامادە دەکەن بۆ هێرشێکی دیکە، زۆربەی دانیشتوان هەتا لە ئەنادۆڵیش بە هێزەکانی یونانی خۆشحاڵن، نیگەرانی خۆیان لە ناسیونالیستەکانی تورك دەردەبڕنو بە گەورەترین دوژمنی کوردی دەزانن.

لێتان شاراوە نیە گەلی کورد لە ساڵی ١٩٠٨وە لە مەینەتیدا دەژیو یونانیەکان لە ناسیونالستەکان چاکترن، چونکە ئەمانە خاوەنی شارستانینو تورکەکان نەفامن.

ئەگەر دەتوانی پەیوەندی بە یونانیەکانەوە بکەو نەخشەیان لەگەڵ دابنێ بۆ رزگارکردنی کورد لە دەست ناسیونالیستە دەمارگیرەکانی تورك. حکومەتی بەریتانی لەمە ئاگاداربکەوەو لێدوانێك بۆ رۆژنامە ئەوروپیەکان بدەو ئەمەی تێدا روون بکەوە.

نوێنەری بەریتانی یان هی حکومەتەکانی ئەوروپی لە ناوچەکەدا نیە بۆیە هەوڵبدە بارودۆخەکە لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکە پاك رابگرە، ئەگەر بەو شێوەی داوات لێدەکەم کاربکەی لە ئایندە دۆستایەتی حکومەتەکانی ئەوروپات دەست دەکەوێ.

ئەمە وەڵامی سمکۆ بووە بۆ قسەکانم: (ناسیونالیستە تورکەکانم خۆش ناوێ، بڕوام وایە لە ئێرانیەکان زیاتر دوژمنی کوردن، بەڵام لە چەندین بۆنەدا نامەم بۆ حکومەتی بەریتانی ناردووە، دڵنیام کردوون، کە نامەوێ لە ناوچەکەدا بە ڕووی ئەوان بوەستم، بە بەردەوامی پشتیوانی بەریتانیم دەوێ، لە بابەت ئامادەییان بۆ هاوکاری کێشەی کورد پێویستم بە پەیمانی ئەوان هەیە، ئەگەر بە تەواوی هاوکاریان کردم بە پێی ئارەزووی ئەوان کاردەکەم، بەڵام بە شێوەی بنەڕەتی ئێمەی کورد پێویستمان بە تەقەمەنیە، ئەگەر دەستمان نەکەوت تووشی گێروگرفتی گەورە دەبین.

بۆ ئەوەی دڵنیا بن لە ئارەزوومەندی من بۆ هاوکاری لەگەڵ ئینگلیز سەید تەهام ناردە بەغدا، بەڵام بەداخەوە بێ ئاکام بوو، لەگەڵ سەید تەها بە پیرۆزترین باوەڕمان سوێند دەخۆین ئامادەین لەگەڵ ئینگلیز کاربکەین، ئەگەر ئەوان وەڵامی بانگەوازی ئێمە بدەنەوەو راستەوخۆ لە ڕێگەی هۆزەکانی هاوپەیمانی خۆیانەوە لە کوردەکان بە تایبەتی پشدەر، ئەوەی پێویستمانە

له چەك‌و تەقەمەنی بۆمان بنێرن‌و له ژێر ڕەحمەتی ئێرانیەكان بەجێمان نەهێڵن، بمانخەنە چوارچێوەی پارێزگاری خۆیانەوە. مەرجەكان بە تۆ دەدەم یان ڕێككەوتننامەیەك لە نێوان ئێمەو نوێنەرێكی ئەوان بێت قبوڵی دەكەم، ئێمە لە توانامانداهەیە توركە ناسیونالستەكان هەتا لە ئەرزەڕۆم‌و سیواس‌و هەكاری‌و دیاربەكر دەرپەڕێنین، هەروەها ئەوانەی ڕەواندز (سەركردە كوردەكانی دۆستی تورك لە ڕەواندز "و") لە گۆڕدەنێین. تكا دەكەم ئاگاداریان بكەوە ئێمە لە سەر ئەوە سوورین. بەڵێنی شەرەفتان دەدەمێ ئێمە توانای دەرپەڕاندنی ناسیونالستەكانی توركمان هەیە لە ئەنادۆڵ‌و دەتوانین هەتا (ئەنقەرە)ش بگرین.

لە دوای كۆتایی هێنان بەم قسانە سمكۆو سەید تەها چوون بۆ بەرەكانی شەڕ، چوونە لای هێزەكانی تۆپخانەو پیادەو سوارە، ئەوان بەرەو سەلماس ڕۆیشتن‌و منیش بە ڕێگەی ورمێ گەڕامەوە سابلاخ.

لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا سەرۆك هۆزێك هەیە بە ناوی میر ئەرشەد، دەڵێن خاوەنی ٦ تا ٧ هەزار چەكداری ئازایەو ٤٠ تا ٥٠ پارچە چەك‌و ژمارەیەكی بەرچاوی ڕەشاشی هەیە. حكومەتی ئێرانی سوپایەكی لە لایەنگرانی ئەرشەد چەكداركردووەو پارەیەكی زۆری داونەتێ، ئەو هێزە ئێستا لە شوێنێك كۆبوونەتەوە پێی دەڵێن: "شەریف خانە" كە بە سەر كەنارەكانی دەریاچەی (ورمێ)دا زاڵە، پێشەنگی ئەو هێزانە لە تەورێزو خوی دەستیان پێكردووە، هەندێك دەستەیان ناردووە بۆ سنووری سەلماس.

لە هەوڵەكانی بۆ سەرلێشێواندنی سمكۆ ئەرشەد هێزێكی سەربازی لە سوارە ناردووە بۆ بۆسەنانەوە بۆ هێزەكانی سمكۆ لە ناوچەی "شاكریاكی" لە نێوان سەلماس‌و خوی.

لەو كاتەی ئێمە دەرچووین سمكۆ سەركردایەتی هێزێكی دەكرد بۆ هێرشبردنە سەر ئەرشەد، لە دوای گەڕانەوەم پەیوەندیەكی تەلەفۆنیم پێگەیشت، كە كۆمەڵێك لە هێزی پیادەی لە گردەكانی دەورووبەری "خوی" سمكۆ شوێنی خۆیان گرتووە، لەوكاتەش بە بەكارهێنانی تۆپخانە سمكۆ هێرشی كردۆتە سەر ناوچەكانی دیكە، لە شەڕێكی نێوان پێشەنگی هێزەكانی سمكۆو هێزەكانی ئەرشەد لە شەریف خانە گەرچی زیان بە هەردوولا كەوتووە، بەڵام هێزەكانی ئەرشەد پاشەكشەیان كردووە.

هێزەكانی سمكۆ بە دوای هێزە تێكشكاوەكەی ئەرشەد نەكەوتوون، بەڵام لە كاتی پاشەكشە هێزەكانی ئەرشەد سایزو تاج دین‌و چەند گوندی دیكەیان سوتاندن‌و روخاندیانن، هەندێ لە

خەڵکی ئەو گوندانە لایەنگرانی ئەرشەدییان گرت، ئەوانە وەکو دیلی شەر خۆیان دابووە دەست هێزەکانی سمکۆ.

هەر باسێکی ورمیێ بکەین دەبێت ئاماژە بەو پێشکەوتن‌و پەرەسەندنە بکەین کە لەو شارەدا پێش شەڕ هەبووە، بەڵام لە کاتی شەڕ بەشێکی شار گۆڕاوەو بۆتە وێرانە، لە ئاکامی ئەو شەڕانەی نێوان شاڵاوی هێزەکانی تورکی‌و هێزەکانی ئەرمەنی‌و حکومەتی تورکیدا بووە، لەگەڵ ئەو شەڕەی نێوان کوردو حکومەتی ئێرانی باری خراپ‌و زۆر قورسی لەسەر خەڵکی هەژاری ناوچەکە دروستکردووە.

بەرەو سابلاخ لە ١٦ی تشرینی دووەم بۆ ئەنجامدانی چەند پەیوەندیەکی تەلەفۆنی لە نێوان ئەوروپاو سابلاخ ورمێم بەجێهێشت، ئێستا ناتوانم ئاگاداری ڕێڕەوی شەڕەکان بم، کە لە ڕۆژانی ٢٦و ٢٧ی تشرینی دووەم لە نێوان هێزەکانی ئەرەشەدو سمکۆ روویداوە،

لە سەر ئارەزووی هەندێ سەرۆك هۆزی گوندی دیبوکری "گوندی عەبدوڵلا ئاغا" دابەزین، لەوێ بەم سەرۆك هۆزانەی خوارەوە گەیشتم، فانی عەلی ئاغا، کۆسەی کەیالی کەریم ئاغا، ژمارەیەکی دیکە لە پیاوماقوڵی هۆزەکان.

کەریم ئاغاو مازن ئاغای برای گەیشتنە گوندەکەو دوا هەواڵی شەڕەکانیان پێدام، لە سەر سووتاندنی شاری سابلاخ، زۆربەی هۆزەکان سەرکۆنەی سکمۆیان کردو ناڕەزاییان لە جولانەوەکەی نیشاندا.

سوتاندنی سابلاخ کاریگەری لە سەر هۆزەکان هەبووەو پاڵی بە زۆربەیانەوە ناوە دژی سمکۆ بوەستن، حکومەتی ئێرانیش لە پڕوپاگەندە دژی سمکۆ سوودی لەم رووداوە وەرگرتووە، وادیارە کوردەکانیش لە ژێر کاریگەری تورکە ناسیونالستەکان "ئیتیحادو تەرەقی" دابووبن. لە کاتی کۆبوونەوەم لەگەڵ سەرۆك هۆزەکانی "دیبوکری" هەواڵ هات کە شەڕێکی گەرم لە نێوان هێزی سمکۆ، کە لە سێ هەزار سوارەو هێزی ئەرشەد بە چوار تا پێنج هەزار سوارەوە رووی داوە. ئەم شەڕە لە نێوان ناوچەی خوی‌و سەلماس بووە. بە پێی ئەو زانیارانەی لە بەرەکانی شەڕەوە هاتبوو هێزی سمکۆ ٣٠٠ کوژراوو لایەنەکەی دیکە زیانی زیاتری لێکەوتووە، لە کۆتایی شەڕ ئەرشەد بە ناچاری کشابۆوە بەرەو تەورێز، شکاك دەستیان گرتبوو بە سەر رەشاشێك‌و ژمارەیەك دیل.

دیارە دوای دەرچوونم ئەم هەواڵە گەیشتبووە شێخ عەبدوڵلا، بە ڕێگەی کەریم ناوێکەوە لە لای خۆی چاوەڕوانی قاسیدی شاری سلێمانی بووم، هەواڵ گەیشت، کە بانەییەکان خۆیان ئامادەکردووە دەست بە سەر سەقزدا بگرن‌و چاوەڕوانی هاوکاری سمکۆ دەکەن.

کوڕی خۆم دەتوانم ڕاستەوخۆ بە ڕێگەی دەسەڵاتداران لە بەغدا داواکاریو بەڵێنەکانی سمکۆ بگەیەنمە وڵاتانی پەیوەندیدار، بەڵام لێی دوودڵم، ئەوانە بە ناراستگۆیی ناسراون.

تکایە سڵاوم بگەیەنە بە (فەهیم فەندی)، بەداخەوە ئەوەی دەیزانم ناکرێ بینوسم.

بۆیە هۆی پیلانی ناتەندروستو مامەڵەی خراپی لایەنگرانی پارتی ئیتحادو تەرەقی، سمکۆ ناتوانێ متمانە بە ئەرمەنو ئاشوورییەکان بکات، ئەوەش جێگەی نیگەرانیمە، لە ٢٧ی شەعبان بۆمبێك دەتەقێتەوە، کە ئەرمەنەکانی ناوچەی ڕەفەند ئامادەیان کردبوو، موحەمەد عەلی شا لە جیاتی حوسێن میرزا لەگەڵ بۆمبەکەی ناردبووی بۆ موکەرەم مەلیكو ئەمیش ناردبووی بۆ شوقاق سوڵتان حاکمی خوی، لەوێشەوە بۆ سمکۆ. بۆمبەکە لە ناو پاکەتێکی شیرینی نرابوو، بە پیاوێکی جێی متمانە سپێردرابوو، هەواڵگر کە زانی ئەو ڕاسپاردەیە مەترسی هەیە، لەگەڵ گەیشتنی بە سەلماس پاکەتەکە دەداتە ماڵی سمکۆو بیانوو دێنێتەوە کە ناتوانی بچێ بۆ ئەوێ چونکە پەکی کەوتووە.

پیاوێکی هەژار پاکەتەکەی دایە دەست پیاوێکی سمکۆ، ئەویش لە کاتی وەرگرتنی گومانی کردو وتی: من دەترسم ئەوە قونبەلەی تێدابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنگرانی سمکۆ لەگەڵیدا سندوقەکە دەکەنەوە، بە ناوەڕۆکی سندوقەکە دەزانیێو فڕێی دەداتە سەر زەوی، یەکسەر سمکۆ گوێی لە دەنگێك دەبێت، بۆمبەکە دەتەقێتەوەو برایەکی سمکۆ دەکوژرێو هەندێ لە لایەنگرانی بە سەختی بریندار دەبن. ئەم ڕووداوە هەموو شکاکی هەژاند، سمکۆ لە هەموو لایەکەوە کەوتە ڕێوشوێنی لێکۆڵینەوە، حکومەتی ئێرانی هەواڵێکی بڵاوکردەوە، کە "ریڤان"ی ئەرمەنیو کۆمەڵەکەی بۆمبەکەیان دروست کردووە، بۆیە سمکۆ هاوکاری نەکردم لەگەڵ ئەرمەن بگاتە ئەنجامێك، لە کاتی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی سابلاخ پیاوێك بە ناوی "باسیمۆن" بە هەڵە کوژرا، ئەمە هاوڵاتیەکی فەرەنسی یان ئەمریکی بوو، هەروەها چوار ئافرەتی ئەمریکی ڕووت کرانەوە، بەڵام هەمزە ئاغای سەرۆکی هۆزی مامەش پاسەوانی بۆ ئەو ئەمریکیانە دابین کردووە.

ئەوەی ڕوویدا لە پێنجی سەفەری ١٣٤٠كو لە هەڤدەی هەمان مانگ ئافرەتە ئەمریکایەکان لە سایەی پاسەوانەکانی پیاوانی هەمزە ئاغا نێردرابوون بۆ "بوغیان"، هەتا بە سەلامەتی بگەیەنرێنە تەورێز (دەربڕینەکە لێرە ڕۆشن نیە پێدەچێ ناوەکانیان بێت ."و")، بەداخەوە یەکێکیان خاتوو "ئوغستا" بووە، کە پێشتر لەگەڵ نەجمەدین کەرکوکی لە ئەستەنبووڵ لە گرتووخانە بووم سەردانیان کردم، دووەمیان "مس بۆشیحۆن"و سێیەمیان

خاتوو "واما سکوت هود"و چوارەمیان خاتوو "ئیلماسهۆن" بووە، ئەو کە بە سەلامەتی گەیشتبووە تەوریز.

تکایە لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکەوە، کە من لە گەشتەکەم بۆ کوردستانی باکور، (مەبەستی کوردستانی ئێرانە. "و") ٢٠٠ لیرەی زێڕم خەرج کردووە، هەروەها پێیان بڵێ من قەرزارم، ئاگاداریان بکەوە، کە ئەو کەسانەی دەگەنە بەغدا بە بێ من ناتوانن هیچ بکەن.

ئەوەی شایانی باسە کوردەکانی کوردستانی باکور بانگەوازی ناسیونالستەکان "لایەنگرانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی"یان پێگەیشتووە، کە هاوکاریان بکەن، سەرۆك هۆزەکانی ئەو ناوچەیە خەریك بوو مەیلیان بە لای ئەو بانگەوازەوە بچێت، لە دوای روونکردنەوەی من لە مەڕ هەڵوێستی دوژمنکارانەی ئەوان بەرانبەر خاوەن شکۆ سوڵتان هەڵوێستیان گۆڕا، لێدوانی سوڵتانم لە دژی ئەوانە بۆ ناردن، ئێستا لە جیاتی هاوسۆزی رقیان لە ناسیولیستەکان دەبێتەوە، ناسیولیستەکان لەو گەشتەی من زۆر نیگەران بوون، هەتا هەزار لیرەیان داناوە بۆ کەسێ بمگرێ یان بمکوژێ.

هەندێ لە ئەفسەرانی سوپا لە بەشەکانی دیاربەکرو وان لە سەر لێدوانو لایەنگری بۆ من لە ناوچەکە سزا درابوون، بەڵام هەتا ئێستا ناسیولیستەکان نەیانتوانیوە ئەندامە چالاکەکانمان لەو ناوچەیە دەستگیر بکەن، لە دوای ئەوەی بیستم کۆمەڵێك لە ئیتیحادو تەرەقی گەیشتوونەتە رەواندز، گەشتێکی نهێنیم بە ناوچەکەدا کرد، لەگەڵ هەندێ ئەفسەرو نەوەی وڵاتی خۆم لە سەر رێوشوێنی گونجاو وتووێژمان کرد، کە کەوتنی ئەنقەرە نزیك بۆتەوەو دوور یان نزیك دەبێت ناسیونالستەکان هەڵبێن بۆ ئەورووپا.

من لەو گەشتەم نیگەرانی زۆرم چێشتووە، چونکە زۆربەی خەڵك نەفامنو ناتوانن شت وەربگرن، ئەوەی ناچارم دووبارەی بکەمەوە، دەمویست تێیان بگەیەنم، کە باوەڕهێنان بەوان پتەو بوو، چونکە زۆربەیان سووربوون لە سەر ئەوەی باوەڕیان پێیەتی، بەڵام هیچ رێگەیەکی دیکەمان لەبەردەمدا نیە، بێجگە لەوەی ببینە دەسەڵاتداری کوردستان.

تێبینی: کوڕی خۆشەویستم ئەو کوردانە نارێکنو ناتوانن پێشکەون، بە واتایەکی دیکە سمکۆ نەفامەو بە هۆی ئەو چەكو تەقەمەنیەی وەریدەگرێ پەیوەندی پتەوەی لەگەڵ ناسیونالستە تورکەکاندا هەیە، بە کورتی مەسەلەی سمکۆ کارێکی بێ ئومێدانەیە.

# بروسکەیەکی گرنگ، نوێنەرایەتی باڵای بەریتانی – بەغدا

**دووبارە: تاران و ئەستەنبووڵ**

**ژمارە (۲.۳ تاران، بۆ تورکیا نێردراوە، ژمارە ئای، ئاس، ۲۵۲**

**بەرواری ۱۹۲٦/۱۱/۲**

سکمو بە خۆیو خێزانو ۱۰۰ کەس لە لایەنگرانی هاتوونەتە ناو خاکی ئێراقی لە سنووری باکوری رەواندز، خۆیان هاویشتۆتە باوەشی حکومەتی ئێراقیو بەریتانیو داوای پەناهێندەیی دەکەن.

**حکومەتی ئێراقی ئامادەیە**

۱- داوا لە هەموویان بکات ئێراق بەجێبهێڵن.

۲- بە تەنیا رێگە بە سمکۆو خێزانو برایەکەی بدرێ لە ئێراق بمێننەوە، بەو مەرجەی لە ناوچەیەکی دووری سەرسنوور نیشتەجێ بکرێن، سەرۆکی وەزیرانی ئێراقی داوای لە من کرد لەوبارەیەوە لە هەڵوێستی حکومەتی ئێرانی ئاگاداری بکەمەوە. ئەگەر حکومەتی ئیرانی خاڵی دووەمی پێ چاك بوو، ئەوە دەبێ رێگە بدات هەندێك لەو سامانەی سمکۆ لە ئیران هەیەتی بۆی بگەڕێنێتەوە بۆ دابینکردنی خەرجیەکانی لە ئێراق، چونکە حکومەتی ئێراقی هیچ پارەیەکی بۆ ئەو مەبەستە دیاری نەکردووە.

ئەگەر بە گونجاوی دەزانن لەوبارەیەوە دەسەڵاتدارانی ئێراقی بدوێنن، دەبێ راوێژیان پێ بکرێو لە نزیك دەرفەتدا ئاگادار بکرێنەوە، پێم وایە سمکۆ خاڵی دووەم قبوڵ ناکات، ئەگەر رازی نەبوو لە خاکی ئێراقی بچێتە دەرەوە، ئەستەمە لەو شوێنەو لەو بارە سەختەی ئاوهەواو سەختی ناوچە شاخاویەکان بە زەبری هێز سمکۆ دەربکرێ.

FO. 371/7782

## وەزارەتی دەرەوە، ئای، سی، دیبلۆ، ئای

## ١٩٢٢/١١/١٧

## شۆغوبورغی خۆشەویست

نامەکەت گەیشت، کە لە ١٩٢٢/١١/١٧ لە سەر رەواندز نوسراوە، (لندسی) لە تیپ (الفرقە) لەلام بوو، گفتوگۆمان کرد، رای سپاردم ئاگادارتان بکەمەوە، کە وەزارەتی دەرەوە بە کۆنۆسی وەڵامەکە رازیە، بەو مەرجەی لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە هەندێ خاڵی هەموار بکرێ:

هەر پەیوەندیەك لە نێوان سمکۆو هێژا سێر بێرسی کۆکس (نوێنەری باڵای بەریتانی — ئێراق "و") دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندی نێوان هێژا لۆردو وەزیری جەنگی ئێرانی، ئەمە لە کاتێکدا وەزیری ناوبراو (رەزا خان، "و") بەبێ رەچاوکردنی سروشتی حکومەتەکەی پیاوێکی گرنگو بایەخداری ئێمەیە لە ئێران، بۆیە لە رستەی دووەمی رەشنوسی نامەکە، پێم باشە ئەم بڕگەیەی بۆ زیادبکرێ (لاریمان نیە ئەگەر هەوڵ بدرێ بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی نێوان مەسیحییەکانو سمکۆ)، وشەی (لك) لابراوە، هەروەها لە رستەکانی دواتر وشەو گوزارشتی (بەرپرسان)و (لە پەرەپێدانێکی دیکە) لاببرێ، بۆ جەخت کردنە سەر بۆچوونەکانمان دەقی بروسکەی (لۆرین)ی لەگەڵ هاوپێچ بکەن، کە ئاماژەی بە رووداوی رەواندز داوە.

**واژۆ**

**لنجویت ئۆلغانت**

**هێژا شوغوبورغ سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست**

**لە وەزارەتی داگیرگەکان**

FO. 371/7782

## ئێران ، سیاسی

## هێژا ب، لۆرین (تاران) ١٩٢٢/١١/٢٩

## ژماره (٤٣٠)

له حكومەتی ئێرانیەوه نوسراوێكمان وەرگرت له سەر بزوتنەوەی سمكۆ ئەمە دەقەكەیەتی:

"بیستمان دەسەڵاتدارانی بەریتانی له ئێراق سەید تەهاو هەندێ له لایەنگرانیان بردۆتە بەغداو رێزیان گرتوون. ئەمە له كاتێكدا سمكۆو هاوكارەكەی سەید تەها گێروگرفتێكی زۆریان بۆ دروست كردووین، دەمانەوێ ئەوە تێبگەین چۆن حكومەتی بەریتانی، كه به مرۆڤدۆستیو نیازپاكی بەرانبەر حكومەتی ئێرانی ناسراوه شوێنی حەوانەوه بۆ كەسانێكی تاوانبار به بەكارهێنانی توندوتیژی دژی هێزەكانی ئێرانیو هاوڵاتیانو دزینی سەروەتو سامان تاوانبارن دابین بكات، بۆیه به ناوی دۆستایەتی نیوانمانو نێوان حكومەتی بەریتانیو داكۆكی حكومەتی خاوەن شكۆ له سەر پاراستنی ئارامیو ئۆقرەیی له ئێران، به بیستنی ئەو هەواڵه زۆر سەرمان سوڕما، داوا له دەسەڵاتدارانی بەریتانی دەكەین، بەخێرایی سەید تەها بگیرێو هاوكاری حكومەتی ئێرانی بكرێ بۆ رادەستكردنی سزادانی تاوانباران.

هیچ شتێك دەربارەی رێوشوێنی هێنانی ئەو كەسانه بۆ بەغدا نازانم، زۆر دڵخۆش دەبم ئەگەر من راسپێرن به تەواوی ئەو پڕوپاگەندانه رەت بكەمەوه.

به پێی زانیاری من رێنومایی حكومەتی بەریتانی دەربارەی مامەڵەكردن لەگەڵ سمكۆ ئەوە دەخوازێ فەرمانی گرتنی پیلانگێران دەربكات،

به وردی چاوەڕوانی فەرمانی ئێوەو زانیاریم دەربارەی ئەو وەڵامە.

371/7782 ،FO

## دەقی بروسکەی نوێنەری باڵای بەریتانی – ئێراق
## بۆ: وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری داگیرگەکان
## ١٩٢٢/١٢/١٩ گەیشتە وەزارەتی دەرەوە
## بروسکەی ژمارە (٨٨٧ ١٩٢٢/١١/١٩

بەپشتبەستن بە بروسکەی ژمارە (٨٨٧)ی بەرواری ١٩٢٢/١٢/١٦ هەتا ئێستا هەندێ لێڵی لە هەڵوێستی سلێمانی هەیە، بەڵام گومانی تێدا نیە پێگەی تورکی لەو لیوایە زیادی کردووە، سمکۆو شێخ مەحمود لە پەیوەندی بەردەوام دان، دەڵێن سمکۆ بڕیاری لێبوردنی لە حکومەتی ئێرانیەوە بۆ دەرچووە، بەو مەرجەی مامەڵە لەگەڵ تورکان بکات دژی ئێراق، دەڵێن ژمارەی هێزەکانی تورکی لە بێتواتەو بالیسان نزیکەی ٢٥٠ سەرباز دەبن، بارودۆخ لێرە لە سلێمانی زۆر وێران بووە، چونکە ئەو باوەڕە هەیە، کە پرۆژەی سەید تەها (جێگرەوەی شێخ مەحمود "و") لە بارچووە، زۆر سوپاس گوزارم بە وەڵامی بروسکەی ژمارە (٨٧٨ی بەرواری ١٢/١٥

**نوێنەری باڵا**

# یاداشتنامەیەك لە سەر سەید عەبدولقادری نەهری‌و سمكۆ

**نوێنەری باڵای بەریتانی، قوستەنتینیە.**
**(٢٠ی مایسی ١٩٢٢)**

**گەورەم**

شەرەفە بۆ من یاداشتنامەی هێژا "رەیان"تان بۆبنێرم، کە نوێترین گفتوگۆی لەگەڵ هێژا عەبدولقادر تێدایە، کە لە کەسایەتی‌و سەرکردەکانی کوردە لە قوستەنیتینیە (ئەستەنبوڵ "و").

دووەم: بەبیر بەرێزتان دەخەمەوە لە ڕابردوودا هێژا عەبدولقادر لە چەندان بۆنەدا بە ڕێگەی نوسینگەی هیند داوای لە فەخامەتی حکومەتی خاوەنی شکۆ کردووە، ئێستا دەتوانین لە کوردستان بە گشتی‌و لە ناوچە هاوسنوورەکان لەگەڵ فارس سوود لە دەسەڵاتی ئەو وەرگرین.

سێیەم: ئەو باوەڕی پتەوی بە وەرگرتنی ڕێنومایی هەیە لە بەرێزتان لە سەر ئەو هەڵوێستەی داوای کردووە ئاسانکاری بۆ کوڕەکەی بکرێ لە ژێر چاودێری حکومەتی خاوەن شکۆ بۆ پەیوەندی کردن بە "سمکۆ"و سەرۆك هۆزەکانی دیکە گەشتی موسڵ بکات.

گەورەم، بۆ من شەرەفە لەگەڵ هەموو ڕێزم ئەوپەڕی خزمەتکاری گوێڕایەڵ‌و بچووکی ئێوەبم.

**یاداشتنامەی هێژا ڕەییان**

لەو ڕاپۆرتانەی بە دەستمان گەیشتوون دوو ڕاستی بە دەردەکەوێ، یەکەمیان: سمکۆ شەڕی حکومەتی فارسی دەکات، لەمە دڵنیایین، دووەمیان: بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لای ئێمە هەیە لە ژێر چاودێری ئەنقەرەدا کاردەکات، لەمەش دڵنیان کە ڕاستیە.

هێژا عەبدولقادر لەو بارەیەوە پرسیاری هەڵوێستی حکومەتی خاوەن شکۆی لێ کردم، وتم: چالاکیەکانی سمکۆ لە دەرەوەی ناوچەی ژێردەسەڵاتی نوێنەری ئێمەیە، لە دوورەوە چاودێری ڕووداوەکانین، ڕاستیەکان هەر ئەوەیە پێشتر باسم کردن، حکومەتی خاوەن شکۆ دەیەوێ بۆچوونی هەریەك لە وڵاتی فارس‌و ڕافیدەین بزانێت.

سمکۆ دژی ئێران دەجەنگێ‌و ئێمەش خوازیارین ئەو حکومەتە دەسەڵاتی تەواوی بە سەر خاکی خۆیدا هەبێت. حکومەتی خاوەن شکۆ نایەوێ وڵاتی فارس ببێتە نێچیری بەلشەفیەکان‌و کاری تێبکەن، هەروەها نامانەوەێ تووشی شالاّوی تورکی ببێتەوە. سەبارەت بە وڵاتی ڕافیدەین، حکومەتی خاوەن شکۆ بایەخ بەجێگیر بوونی ئاسایش دەدات لە چوارچێوەی سنووری ئێراق، هەروەها نایەوێ تێکەڵی ئەو مەسەلانەی دەرەوەی ئەو سنوورە بێت، هۆیەکی دیکە، کە حکومەتی بەریتانی وا لێدەکات لە ئێراق هەندێ کەسایەتی کوردی (مەبەست لە دەرەوەی ئێراقە-و) هاننەدات ئێراق بکەنە شوێنی چالاکیەکانی کوردستان. هەر بەو بۆنەوە من ئەو پڕوپاگەندەیە ڕەتدەکەمەوە، کە لە وڵاتی فارس بڵاوبۆتەوەو گەیشتۆتە هێژا عەبدولقادر، بەوەی دەسەڵاتدارانی بەریتانی لە بەغدا پشتگیری ئەو چالاکیانەی ئێستای سمکۆ دەکەن.

سەبارەت بەو پڕوپاگەندەی ئێستا کە سمکۆ چۆتە ناو تەورێز یان شاری میرغە ( مەبەستی مەراغەیە "و")، هێژا عەبدولقادر لەوبارەیەوە وتی: ئەگەر هەواڵی ئەو ڕاپۆرتانە ڕاست بێت، واتە سمکۆ دۆستایەتی ئەو هۆزانەی مسۆگەر کردووە، کە پێشتر لە سنووری ئەودابوون، بەبێ پشتیوانی ئەو هۆزانە ناتوانێ ئەو سەرکەوتنە گەورانە بەدەست بهێنێ. ئەوەش لە ڕووی سەربازیەوە پێویستە، چونکە هۆزەکەی سمکۆ بە تەنیا ناتوانێ ئەو چالاکیە بەرفراوانە ئەنجام بدات.

هێژا عەبدولقادر سکاڵای هەبووە کە ئەو هەموو داواکاریانەی داوە بە حکومەتی خاوەن شکۆو هێچ وەڵامی نەدراوەتەوە، نوشستی هێناوە لە وەرگرتنی متمانەی ئێمە. ئەمە چەندان جار رووی داوە، ئەو لەو ئاستەیە پشتگیری بکرێ بۆ دەستبەسەراگرتنی کوردان بە سەر ولایەتەکانی باکوری رۆژهەڵات، ئەگەر ئەمجارە دەرفەتی چالاکی بدەینێ، بە دڵنیاییی متمانە هەیە بتوانێ سمکۆ رازی بکات لە بەرژەوەندی ئێمە کاربکات، هەروەها دەیوت پشتبەستن بە کەسانی وەکو مستەفا پاشاو ئەوانی دیکە بێ بەرهەمەو ئەوانە کاریگەری راستەقینەیان لە ناو کورددا نیە.

پێم وت: لێرەدا مەسەلە متمانەو بێمتمانەیی نیە، بەڵکو مەسەلە سیاسەتی حکومەتی خاوەن شکۆیە، کە نایەوێ دەست لە کاروباری کوردستان وەربدات، بە تەواوی لەگەڵیدا هاوڕا بووم لە سەر کەم بایەخی مستەفا پاشاو ئەو کەسانەی باسمان کرد، حکومەتی خاوەن شکۆ ئەوانە بەکارناهێنن، بەڵکو نەخشەی وایە، هەرگیز کەسێك بەکارنەهێنێت بۆ وروژاندنی کوردان. من پێم وت: ئەوانە لە بنەڕەتەوە کۆك نابن، هەر لەو باسانەدا هاتینە سەر لێك تێگەیشتنی سمکۆ لەگەڵ کەمالیەکانو هەڵوێستی سەرۆکە کوردە پەیوەندیدارەکانی وەکو نەوەکانی ئیبراهیم پاشاو عەبدورەحمان لە شەڕناخ.

لە پێشان هێژا عەبدولقادر سوورتر بوو بەوەی، کە دەتوانی کوردان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو کار لە سمکۆ بکات، بۆ ئەو مەبەستە حکومەتی خاوەن شکۆ چی بۆ ئەو دەکات، دواکاری ئەوە بووە دەبێت رێگەی بدرێت کوڕەکەی بنێرێت بۆ موسڵ یان ئاسانکاری بۆ بکەن نامە بنێرێ بۆ سمکۆو ئەوانی دیکە، ئاگاداریان بکاتەوە بەو هەڵوێستەی حکومەتی خاوەن شکۆ دەیگرێتە بەر. دەیووت: مەترسی بەلشەفی ئێستا لە جاران زیاترە، کورد دەتوانن ببنە دیوارێکی پتەو دژی سنووربەزاندنی بەلشەفی، ئەگەر رێوشوێن بەو ئاڕاستەیە نەگیرێتەبەر بەلشەفیەکان بە ئاسانی سەردەکەونو دەبنە مایەی دووبەرەکی، ئەو کارە دوو مانگ یان سێ مانگ دەخایەنێت، ناتوانێ زەمانەت بکات، دەگونجێت ئەمە کاریگەر بێت، ئەگەر دەرفەتی هێزەکانی رکابەری بدرێت لەو ماوەیە بە ئازادی کاربکەن، بە هێژا عەبدولقادرم وت: من دوایی راپۆرتێك دەنوسم لە سەر ئەوەی لە ڕابردوو وتراوە، من دەزانم بەڕێزتان ناتوانن بەبێ رێنومایی حکومەتی خاوەن شکۆ هیچ وەڵامێکی کۆتایی بدەن.

هەمیشە هەست دەکەم کە سەید عەبدولقادر بە هۆی کەسایەتیە ئاینیەکەی لە ناو کورددا دەتوانێ لەو بارودۆخە تایبەتیە لە ناوچەکانی نزیك بە سنووری فارسی ببێتە فاکتەرێکی بە

سوود، بەڵام بە گومانم لەوەی وەکو خۆی بانگەشەی بۆ دەکات بتوانێ کار لە سمکۆ بکات، ئەو قسەیە بەشێکی راستە کە دەڵێ: سمکۆ پشت بەو هۆزانەی دەبەستێ، کە راستەوخۆ ملکەچی دەسەڵاتی "سمکۆ" نین.

## گۆڤاری (چاڵدیران)ی تورکی، بەرواری مایسی ١٩١٤ شاری وان

هەواڵمان لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە پێگەیشتووە، کە مستەر م. شاریکۆف کونسوڵی روسی لە خۆی بە پێچەوانەی پەیوەندی دۆستانەی نێوان روسیاو دەوڵەتی عوسمانی بە دەستپێشخەری تاکڕەوانەی خۆی عەبدوڕەواق بەدرخان هاندەدات ئاژاوە لە نێوان کوردو دەوڵەتی عوسمانیدا دروست بکەن، پێش چەند رۆژێك هەریەك لە یاخیبوان سمکۆو سەعیدو عەبدوڕەزاق‌و ئەرسانلی حەسەن ئاغاو نوێنەری شێخ تەهای نەهری بە ئامادەبوونی کونسوڵی روسی بۆ گفتوگۆ لە سەر مەسەلەی یەکخستنی کوردانی ناو دەوڵەتی عوسمانی کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا رێککەوتن هێزی چەکدار دروست بکەن‌و رەوانەی ناوخۆی بکەن.

هەڵوێستی عەبدورەزاق‌و سمکۆ بە غەریب نازانین، کە هەمیشە لە پێناو زیان گەیاندن بە بەرژوەندیەکانی دەوڵەتی عوسمانی‌و گەلەکەیان هەوڵدەدەن، بە ئەندازەی سەر سوڕمانی ئێمە لەو کۆبوونەوەیەی هەندێ لە یاخیبوان (٣ یان ٤)ی ناسراو بە ئامادەبوونی کونسوڵی دەوڵەتێکی دۆست کە دەستپێشخەری‌و پیرۆزبایی بکات بۆ پڕیشکی ئاژاوەگێڕی بە هەڵگەرانەوەی سەربازی لە دەوڵەتێکی دراوسێ‌و دۆست.

عەبدرورەزاق بە پشتگیری م.شاریکۆف وەکو کاردانەوە بەرانبەر رووداوەکانی ئەم دواییەی بەدلیس داوای گرێدانی ئەو کۆبوونەوەیەی کرد، بەشدارانی کۆبوونەوە رێککەوتن لە سەر ناردنی نامە بۆ پیاوماقوڵانی کورد، کە داوایان لێ بکەن بۆ هەڵگەرانەوە، هەروەها ریککەوتن گروپی چەکدار دروست بکەن‌و بەو پێنج سەد چەکە چەکدار بکرێن، کە بەم دواییە لە دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی دەستیان کەوتووە، ئەو چەتانە بە فەرمانی سمکۆو جیهانگیر قولی خان رەوانەی ناوچە سنووریەکانی نێوان ئێران‌و تورکیا بکرێن، بۆ ئەوەی ئەو چاکسازیە کارگێڕیانەی رەزامەندی لە سەر دەبڕاوەو لە بەرژەوندی کوردە بوەستێ لەوێ دەست بە هەڵگەڕانەوە بکەن، هەروەها ئامانجی یاخیبوون بڵاوکردنەوەی گیانی دوژمنکاریە لە نێوان کوردو دەوڵەتی عوسمانی.

# کۆمەڵەی زانستیو رۆڵی لە بزاڤی نەتەوایەتی کورد

REF; R/S.3،FO. 2477

**نهێنی**

**ئەفسەری پەیوەندی** SULYMANIA

**٢٩ی نیسانی ١٩٣٨**

**بەڕێز سەرۆکی هێزی ئاسمانی، باڵی باشوری سلێد**

بە هۆی ئاڵوگۆڕی نامەی نێوانمانەوە C/S/2 لە ١٩٣٨/٤/٢٦، بە نوسراو ئاگادارتان دەکەمەوە، من قسەم لەگەڵ (ناوەکە سڕاوەتەوە "و") یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی زانستی، دەستەبژێری رۆشنبیر "لاوانی کورد" کردو زانیاریم لە سەر چەندین لایەنو بۆچوونی ئەوانە وەرگرت، کە لە نامەکەی پێشوودا باسم کرد.

٣- لە ١٥ی رەمەزان ١٥٠ کەس لە ئەندامانی زانستی بۆ مەبەستی گفتوگۆ لە سەر بارودۆخی کورد کۆبوونەوە، چاویان سوور ببوو بە خوێنو زۆر نیگەران بوون لەو زوڵمەی بەرانبەر میللەتەکەیان کراوە، بە تایبەت لە دەرسیم لە تورکیا، یەکێك لەوانە هاودەردی دەربڕیبوو، وتارێکی لە رۆژنامەی (العالم العربی) ژمارەی ٤٠٥٣ی بەرواری ٣٧/١١/١٨ نوسیبوو، کە جەخت دەکاتەوە لە سەر مەترسی کورد لە پەیمانی سەعد ئاباد، کە بۆ لە لاناوبردنی کورد هاتووە.

له دوای کۆبوونەوەی زانستی کە ژمارەیەکی تەواو باوەڕپێکراو لە ئەندامانی ئامادەبوون سوێندیان لە سەر برایەتیو هاوکاریو گوێڕایەڵی بۆ یەکترو بۆ کێشەی کورد خوارد، جەختیان کردەوە کە مردنیان پێ باشترە لە وازهێنان لە نەتەوەکەیان... بە چاوی خۆیان...هتد، زانستی بڵاوکراوەیەکی ئامادە کردبوو، کە پێشتر بە هاوپێچی نوسراوەی ژمارە (c/s/2 d.26-4-38) بۆم ناردن، نوسخەیان بۆ هەریەك لە حکومەتەکانی بەریتانیاو فەڕەنساو ئیتالیاو ئەڵمانیاو مەلیکی ئێراقو سەرۆکی وەزیرانو وەزیری کاروباری دەرەوە..هتد ناردبوو، بۆ ئەوەی سەرچاوەی ئەو بڵاوکراوەیە ون بێتو وا بزانن لە لایەن هەموو کوردەوە ئامادە کراوە نەك کۆمەڵەیەکی بچوکی محەلی، نوسخەیان بۆ لقی زانستی کەرکوكو هەتا پۆستەی ئەویێ ناردبوو.

شێخ لەتیف بە هەواڵی ئەو کۆبوونەوەیە زۆر نیگەران دەبێ، لەبەر ئەوەی بانگی ئەویان نەکردبوو، ئەویش بە هەموو کۆچەو کۆڵانێکی شار بڵاوی کردبۆوە، یەکێك لە ئەندامانی زانستی کە لە بارەگای پۆلیسی سلێمای کاردەکات نوسخەیەکی لەو بڵاوکراوەیە وەرگرتبوو لەگەڵ رێنومایی لە وەزارەتی ناوخۆ، کە شوێنی دەرچوونی ئاشکرا بکات، شێخ لەتیف نهێنی ئەو کۆبوونەوەیەی زانیبوو، ٤ لە ئەندامانی ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە هەتا نەگیرێنو ماڵی خۆیان بەجێهێشتبوو، یان چووبوونە شوێنە گشتییەکان .

یەکێك لە هەواڵگرەکان پێی وتم، کە لە رابردوودا دوودڵ بووە پەیوەندی بە منەوە بکات، چونکە لەوباوەڕە دابووە، شێخەکان (مەبەست لە بنەماڵەی سەیدەکانی بەرزنجەیە، بە تایبەت خانەوادەی شێخ مەحمود. و) بە قازانجی ئینگلیز کارناکەنو هەوڵدەدەن متمانەیان وەرگرن، وەکو هەواڵگرەکە دەیوت شێخ جەلال لە شێخ لەتیف خراپترە.

پرسیارم لە هەواڵگر کرد، بۆچی ئەو گومانە دەبات، کە شێخ لەتیف لەگەڵ ئینگلیز هاوکارە؟ لە وەڵامدا وتی: پێشتر ئێنگلیز شێخ مەحمودی کردە مەلیکی کوردستانو راوێژی لەگەڵ کەس نەکردبوو.

بۆیە هەواڵگرمان لەو بڕوایەدایە ئەم جارە هەوڵ لەگەڵ ئەو کوڕەی دەدەن، کە هیچ نرخێکی نیە، بەپێی بۆچوونی هەواڵگر شێخەکانی سلێمانی دەست لە هەرکاریك وەربدەن کاولی دەکەن، ئەو وتی: شێخەکان دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتیان هەبێ بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی باجی قورس بخەنە ئەستۆی گوندیەکان، ئەوانە متمانەیان پێ ناکریو نەخوێندەوارو نەفامو گێلن.

**لەو باوەڕەدام چەند کۆمەڵێك لە سلێمانی هەن هەوڵی گۆڕانکاری دەدەن.**

أ- ڕێکخراوی زانستی –دەستەبژێری ڕۆشنبیر (گەنجانی کورد) زۆربەی چینەکان لە خوێندکارو مامۆستاو خاوەن پیشەو کارمەندو ئەوانی دیکە دەگرێتە خۆ، لە شارەکانی سلێمانیو کەرکوكو کۆیەو شەقلاوەو هەڵەبجەو پێنجوینو ناوچەکانی دیکە لقی هەیە، لقی هەولێر لە دوای سلێمانی بە هێزترین لقی بووە.

ب- حیزبی شێخەکان پێکهاتووە لە شێخ لە تیفو شێخ جەلالو لایەنگرانی شێخ مەحمود، هەواڵگری پێی وتم: لەو کاتەی شێخ لەتیفو شێخ جەلال لە بەغدا بوون لەگەڵ ڕەشید عالی گەیلانی ڕێککەوتوون، لەوێدا گەیلانی بەڵێنی پێداون بەرانبەر پشتیوانی سەیدەکان لە کۆدیتا بە سەر حکومەتی مەدفەعی هەموو مافێکی کورد بدات، بەم نزیکانە وردەکاریەکانی ئەو نەخشەیەتان بۆ دەنێرم، کە لە بەرنامەی کاریاندا هەیە، سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی ئەوان بۆ زیادکردنی پێگەی خۆیان لە ناو خەڵك هەتا لە کاتی پێویست بەکاری بهێنن.

٣- گروپی سێیەم لە تۆفیق قەزازو فەرج عەمارە پێکهاتووە، ئامانجی ئەو کۆمەڵەیە رووخانی حکومەتی ئێستاو تۆڵە سەندنەوەیە لە بەکر سدقی، هەواڵگر وتی: ئەو کە دەزانێ کۆمەڵی شێخەکانیشیان لەگەڵدایە، بەڵام وردەکانی ڕێکخراوەکەیانی لە بەردەستدا نەبووە، زانیاریەکان لە سەر کۆمەڵی فەرەج عەمارە لە ڕێگەی ئەو پڕوپاگەنداوە بووە، کە لە خەڵکی دیکەمان بیستووە، بەڵام زانیاری دڵنیاکەرەوە لە سەر بوونو نەبوونی ئەو ڕێکخراوە لەبەردەستدا نیە، (وەکو بەدیاردەکەوێ هەواڵگر لە ڕێگەی ئەو ڕووداوەوە گوێبیست بووە، کە لە راپۆرتی ژمارە "٦/ ٦٤" ئاماژەمان پێدا، هەورەها هەواڵدەر ویستیوویەتی فەرمانو ڕینومایی ئینگلیز بۆ زانستی بزانێ، لەو بڕوایەدام کۆمەڵی زانستی کۆمەڵەیەکی چالاکە، بەڵام نازانن چ سیاسەتێك بۆ بەرژوەندی خۆیان بگرنەبەر، دیارە کە پارەیان پێویستە بۆ ڕاگەیاندنو بڵاوکردنەوەی ئەدەبیانی خۆیان بە زمانی کوردی.

پێم وت: ئینگلیز دەست لە کاروباری ناوخۆی ئێراق وەرنادات، سیاسەتی ئێمە پاراستنی قەوارەی دەوڵەتی ئێراقە، قبوڵی ناکەین کەس بە ناوی عەرەب یان کورد یان ئاشوری بەرپرس بێت، گەلی ئێراق یەك گەلە،...هتد. بەڵام هەواڵگر پێی وتم: ئەوە مەحاڵە، چونکە کورد باجی

چەوسانەوەی خۆی داوەو وەکو سەگ مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، زۆر بەڵێنیان پێدا، بەڵام هیچی دەست نەکەوتووە.

لە دوای گفتوگۆی زۆر هەواڵگرەکەم وتی: ئینگلیز ملیۆنێك پاوەندی ئیسترلینی خەرج کردووە بۆ بنیاتنانی قەوارەی عەرەب، ئێستاش هەمان کار بۆ قەوارەی جولەکە دەکەن، هەتا دوایی وتی: ئەگەر ئینگلیز بەشێك لەو سامانەی بۆ بنیاتنانی قەوارەی کوردی خەرج بکردایە، ئەوە لە عەرەب زیاتر خزمەتی ئینگلیزی دەکرد.

بەڵام بە هەواڵگرم وت: پشتیوانی ئێمە بۆ عەرەبو جولەکە بەپشتبەستن بەو بەڵێنانە بووە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی بە ئەوانمان دابوو، بەڵام هیچ بەڵێنێکی لەو جۆرەمان بە کورد نەداوە، بەڵام هەواڵگر بە پێچەوانەی دەبینی، کە ئینگلیز بەڵێنی سەربەخۆیی بە کورد داوەو دوایی خستویەتیە ژێردەسەڵاتی عەرەب. هەواڵگر جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە، کە ئینگلیزو کۆمەڵەی گەلان بڕیاریان دابوو کورد بەشێك بێت لە ئێراق، بەو مەرجەی کارمەندانی ناوچە کوردەکان کورد بنو زمانی کوردی بە ڕەسمی لە خوێندنو کارگێڕیو بەڵگەنامە ڕەسمیەکانی حکومەت بەکاربهێنرێت، بەڵام ئێستا - بە قسەی هەواڵگر- کورد هەتا لە مافی خوێندن بە زمانی خۆیان بێبەشن، قوتابخانە بە کوردی نیەو لەوەتەی سەردەمی میجەرسۆنەوە بەڵگەنامەی حکومەت بە کوردی نانوسرێ یان تەرجەمەی کوردی ناکرێ، یاسا بە زمانی کوردی نیە هەتا هەموو خەڵکی کوردستان تێی بگەن، حکومەتی ئێراقی مەرجەکانی کۆمەڵەی گەلانی لە مەڕ پشتبەستن بە کوردان لە ئیدارەی ناوچەکە جێبەجێ ناکات، تاکە کوردێك لە ناوچە کوردەکانی ئیدارەی ئینگلیز نیە، تەنیا کارمەندی بچوك نەبێ کە مانگانە لە چوار دینار زیاتر وەرناگرن. کاربەدەستانی سلێمانی کەرکوکین (مەبەستی ئەوەیە تورکمانن — و) لە ڕاستیدا سلێمانی بۆتە ناحیەکی تورکی سەر بە کەرکوك. دوای کاری موتەسەریفی سلێمانی ناحەز بە کورد داخستنی ڕۆژنامەی (ژیان) بووە.

هەواڵگر بۆیە بەو وردەکاریە قسەی لەگەڵ کردم هەتا چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئێستای زانستی بە ئێوە ڕابگەیەنم، دەبێ پیاو دان بەوە دابنێ، کە ئەگەر بتەوێ بە باشی بە کاروباری ئێراقی ڕابگەیت تووشی گرفتی گەورە دەبیەوە. لە دوای ئەوەی دڵنیام کردەوە، هەواڵگر بە ڕاشکاوی دەیوت هیچ پەیوەندیەك لە نێوان ئێمەو حکومەتی ئێراقدا نیە، من ئەو زانیاریانەی لە ئەوم وەرگرت لای خۆم بە نهێنی دەیپارێزم، تکام وایە هەڵە نەبم ئەگەر وا حیساب بکەین دەست نەخەینە کاروباری ناوخۆی ئێراق بەو شێوازەی بەپشت بەستن بەو زانیاریانە دەستمان

کەوت، وتووێژی ئێستامان لەگەڵ ئەو هەولگرە لە سەر بارودۆخی ئێستا بوو. کورد ئەو ژەهرە تاڵەی لە بیر نەچۆتەوە، کە رۆژگارێك ئینگلیز ئەوانی داوەتە دەست عەرەب، ئەوان ئەمە بە خیانەت دەزانن.

ئاسان نیە هەندێ جار لێرە وەڵامی پرسیارەکانی خەڵك بدەیتەوە. بە تایبەت کورد وەکو منداڵ مامەڵە دەکاتو بە جدی خۆیان بە ئاری دادەنێن، لە زۆربەی وتوێژەکان کورد دێنەلام، شێخو یاخیو پیاوی هۆزەکانو زانستیو هەتا پەناهێندەکانی "گوڵ باخ" بە دڵ لەگەڵم دەدوێنو داوا دەکەن رێنومایی ئیدارەی ئینگلیزیان لە سەر رووداوەکان پی بدەم، بە دڵنیاییەوە دەڵێن، کە فەرمانی ئێمە بە وردی جێبەجێ دەکەن، هەندێکیان لەو بارەیەوە پرسیارم لێدەکەن، کە ئایا ئینگلیز حەز دەکات پەیوەندی بکەن بە بزوتنەوەی سەید عەتا[1] یان شەڕی ئەهلی هەڵگیرسێ، ...هتد. بەڵام ئەگەر بڵێی فەرمانی ئینگلیز ئەوەیە گوێرایەڵی حکومەتی ناوەند بن، چەندین بڕوبیانوو دەهێننەوە، ئەگەر پییان بڵێی لە دەسەڵات یاخی بن، ئەوە یەکسەر یاخی دەبن.

ئومێدەوارم ئەو کتێبەم بە ناوی ئاوات دەست بکەوێ، کە یەکێك لە ئەندامانی زانستی نوسیویەتی، بە نهێنی بڵاوکراوەتەوە، چونکە حکومەت قەدەغەی کردوە، دوا بڵاوکراوەی ئەو نوسەرە، کە لە ریزی پۆلیس کاردەکاتو بەم دواییە خوێندنەوەی کتێبەکەی قەدەغە کرا.

ج. س، جۆنسۆن

---

١ - دەبێ ئەمە هەڵەی چاپ بێ، ئەگینا مەبەست لە بزوتنەوەی سەید عەتا روون نیە. بابان زادە.

# نوسراوی پەیوەست بۆ ر.حەبیب سلید ئەفسەری هۆبە (الجناح)

## بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری هێزی ئاسمانی مەلەکی بەریتانی بارەگای سەرکردایەتی (ژوبیان)ی بزاڤی نەتەوایەتی کوردی.

### ١-سەرنجە گشتیەکان

أ- له بەرەبەیانی مێژوووە کوردستان بە هۆی شوێنە جوگرافیەوەیە، کە بە بێگانە دەورە دراوە، بەڵام سەری شۆڕ نەکردووە، لێرەو لەوێ میرنشینی سەربەخۆی کوردی دروست بووە، لە مێژوودا هەرگیز کورد یەك قەوارەی نەبووە، بەڵام لە ناونەچووە، هەروەکو رابردوو ئەمرۆ گەلێکی گەورەو پێکەوە نەگونجاوە، کورد لە نێوان حکومەت ناکوردیە بەرنامە بۆ دارێژراوەکان دابەش کراوە، بەڵام وەکو گەل زمانی تایبەتی خۆی هەیە، دوڵو چیاکانی خۆیان خۆش دەوێتو دوایی شانازی بە رەچەڵەکی خۆیانەوە دەکەن.

ب- کورد بە سروشت دواکەوتووە، نەفامەو لە ژێرکاریگەری ژینگەی ناوچە شاخاویەکاندایە، عەقلێەتێکی هەیە گوێنادات‌و بەرەو ئاکارێکی بەرز بە ئاگانایەتەوە، هێندەی بە تەماعکاری دەجولێ بە هیچ شتێکی دیکە ئەوەندە ناجولێ، ئەمە لە کاتێکدا گەلانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پیر شەپۆلی نەتەوایەتیەوە چوون‌و لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە دەوڵەتی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان دامەزراندوە، کەچی کورد لە خەوی بێ ئاگایی بە خەبەر نەهات، هەتا دوای دەسبەسەراگرتنی تورکیاو ئێران کورد هەوڵی دۆزینەوەی ناسنامەی خۆی نەداوە، دوای ئەوە هاتووە پرسیار دەکات بۆچی ئەو ئیمتیازاتانەی بە دەوڵەتی

عەرەبی نویٚ (ئێراق) دراوە بە ئەویش نادریٚ، بەڵام بانگەشەی نەتەوەیی کورد درەنگ کەوتو ئەو دەرفەتەی لە دەستدا، کە لە دوای شەڕ هاتبووە دی.

## ٢- بارودۆخی ئێستای کوردستان

أ- چەند خاڵێکی چوون یەكو تەواوو هاوبەش هەیە لە نێوان کوردستانو ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست، خەڵکانی زۆری پیاوماقوڵو سوارچاكو پیاوی ئاینیو جوتیارو بەشخوراو، هەروەها ئەو کورتبینەی ئەوکاتە هەبووە، هەموو کوردێك باوەڕی بە کوردستانی سەربەخۆ هەیە، بەڵام کوردستانی سەربەخۆ پشتدەبەست بەو چوارچێوە ئاشتیە کۆمەڵایەتیە دەرەبەگیەی باوە دەبەستیٚ، بە جۆریٚ هەموو کوردێك باوەڕی خەیاڵی بە ئایندەیەکی نادیار هەیە، بەوەی دەسەڵاتی بێگانە کۆتایی دیٚو خۆی حوکمی خۆی دەکات.

ب- ئەمرۆ چوار توێژی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەن.

١)چینی ئەفەندی: بەشێکی کەمیان رۆشنبیرن، زۆربەیان بە کەمی خوێندەواریان هەیە، دەیانەویٚ دەرفەتەکان بقۆزنەوە

٢) چینی شێخو سەیدو مەلاو دەروێش: ئەوانە ئاسۆی بیرکردنەوەیان لە چینی سەرۆك هۆزەکان فراوانترە، بەڵام هەموو ئەندامانی ئەو چینە دەیانەویٚ لە ناوچەکانی خۆیان باڵادەست بن.

٣) چینی سەرۆك هۆزەکان.

٤) خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگا: بە پێچەوانەی ئەندامانی هۆزە عەرەبیەکان، ئەوانە گوێڕایەڵی تەواویان بۆ سەرۆك هۆزەکان هەیە.

توێژێکی بچوکی دیکە هەن، ئەوانیش بارزگانەکانن، کە هەندیٚ بایەخیان هەیە لە پاراستنی ئاشتی ئابووری، کە هۆزەکان لەگەڵ باڵادەستی خۆیان دەیسەپێنن، ئەوانە لە شار دادەنیشن.

٢) سەربەخۆیی کوردستان بەلای سەرۆکی هۆزی کوردیەوە، واتە بە ئازادی خۆی باج بسەپێنیٚو لە پێناو خۆشگوزەرانی خۆی لە جوتیارانی کۆبکاتەوە، ئاستی ژیانی خۆی لەبەرانبەر دراوسێکانی باشتر بکات، ئەندامانی هۆزەکان بە هەموو ئەو باجانە رازین، کە سەرۆکی هۆزەکان بە زەبری هێز دەیسەپێنن، وەکو هێزێك خوا پێی دابن، لە بەرانبەردا هەموو فەرمانێکی بێگانە رەتدەکەنەوەو پێیان وایە ئەوە دەسەڵاتی نامۆیە بەوان. بە تەنیا لە ترسان باج دەدەن بە خەزێنەری ناوەند، پێیان وایە خەزینەی ناوەندی حکومەت دوورە لەوانەوەو هیچ سودێکیان پیٚ ناگەیەنیٚ، سەرۆکی ئاینی (مەبەستی شێخە- و)، وەکو سەرۆکی هوز

بیردەکاتەوە، بەڵام لە هەندێ کاروباردا لەو جیاوازە، سەرۆکی ئاینی خۆی بە سەرۆکی لە هۆزێك زیاتر دادەنێ، دەسەڵاتی ئەوانە رەها نیە لە کاریگەری بە سەر ئەندامانی هۆزەکانو ورووژاندنیان لەو ناوچانەی لە ژێرکاریگەری ئەوان دان.

بەڵام سەبارەت بە (ئەفەندی)یەکان ئەوە نیمچە رۆشنبیرن، بەو پەڕی قەناعەتەوە باوەڕیان بە بیرۆکەی خەیاڵی دەوڵەتی کوردی هەیە، بە ئەرکی دەسەڵاتی باڵای حکومەتی دەزانن، ئیرەییو تەماعکاریو شانازی بە رەگەزی کوردیەوە لە ناو ئەندامانی هۆزەکاندا باوە، چینی ئەفەندی زەمینەی رەخساوی هەیە فیڵەکانی خۆی تێدا بچێنێ، پیاوە نیوە رۆشنبیرە بەرژوەندیچیەکان بە وروژاندنی هەڵگەڕانەوە بە ناوی سەربەخۆیی زیانی بەرچاو لە هەندێ لە پیاوانی هۆزەکان دەدەن، بەڵام بەگشتی زۆربەی کوردستان بە نائارامی ماوەتەوە، لە راستیدا ئەو ئەفەندیانە سەرسەخترین دوژمنی کێشەی کوردن، لە هەموو توێژەکانی دیکە زیاتر ئاژاوە بۆ حکومەت دروست دەکەن.

بەشێکی کەم لە رۆشنبیرانی کورد ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوانەو لە کوردستان سەفەریان کردووەو دەزانن تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی هەوڵێکی نەزۆکە، چونکە ئەوانە دەزانن بە هۆی پەرتەوازەیی هەوڵەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە، یان بەبێ نەخشەیەکی مەرکەزی دژی ئەو حکومەتانەی باڵادەستن بە سەر کوردستان رابوونی بچوك هیچ کاریگەری نابێت. ئەو توێژە دەزانێ بە هۆی نەبوونی هۆیەکانی پەیوەندیو هاتوچۆ لە رابردوو کوردی لە ناوچووە یان دەستی بەسەرداگیراوە، ئەمرۆ ئەوە بۆتە کۆسپ لە بەردەم پێگەیشتنی هوشیاری نەتەوەیی کوردی. نەبوونی هۆیەکانی پەیوەندی رۆڵی گرنگ دەگێڕێ لە بیرتەسکی سەرۆك هۆزەکان، لەگەڵ نەبوونی شارەزایی لە جوگرافیای کوردستان، ئەمەش بۆتە هۆی نەبوونی هاوئاهەنگی ئابووریو سیاسی لە نێوان بەشە جیاوازەکانی کوردستانو کاری کردۆتە سەر دروست نەبوونی مەڵبەندی بازرگانی لە کوردستان، بازرگانی بەشەکانی کوردستان لەگەڵ ناوەندی ئەو شارانەی دەروبەرە کە کوردنین، هەر بۆیە شارێك بەدیارنەکەوتووە ببێتە پایتەختی هەموو کوردستان، ئەو رۆشنبیرانە حکومەت وەکو مەترسی نازانن بەڵکو هەوڵدەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری هەتا لە ئایندە ئامادەبن بۆ جورێك لە خودموختاری.

## مەترسی لە کێشەی کورد

بەردەوامی هەستی ناڕازیەتی کورد بەرانبەر حکومەتی ناوەندیو نائارامی لە ناوچەکە ئەو حالەتەی لە کوردستانی هێشتۆتەوە، بەم دواییە کورد هەڵگەڕایەوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی هاوئاهەنگی تەواو بۆ پشتگیری لە یاخیبوون نوشستی هێنا، لەگەڵ ئەوەدا بە زەبری هێز یاخیبوونەکە سەرکوت کرا، بەڵام گیانی یاخی بوون ماوەو جارێکی دیکە بەم نزیکانە روو لە تەقینەوەیە، یاخی بوون لە کوردستانی ئێران کەمترە، هەموو ئاماژەکان ئەوە دەگەیەنن کە حکومەت ئامادەیی نیە بۆ بەرەنگاری کوردان، ئامادەکاریە سیاسیو سەربازیەکان لە بەرانبەریاندا نەرمن، لە کوردستانی ئێران ئامادەکاری گەورەتر هەیە بۆ بەرەنگاری دژی حکومەت، بەڵام وا بەدیاردەکەوێ کورد لە ئێراق وردە وردە واقیعی تازە قبوڵ بکەن، ئەمەش بە ئیدارەیەکی زاتی لە چوارچێوەی ئێراق، کە حکومەتی بەریتانی بە سەر کوردو حکومەتی عەرەبی لە بەغدای فەرز دەکات، بەم دواییە کورد لەوە حاڵی بووە، کە داوای مافی ناواقیعی دەکەن، حاڵی کوردی ئێراق لە حاڵی کوردی ئێرانو تورکیا باشترە، بەڵام ئەوانە دەترسن ئەگەر حکومەتی بەریتانی لە ئێراق بکشێتەوە، ناچاری گوێرایەڵی حکومەتی بەغدا بېنو بەبێ زامنکردنی مافی کورد ناچاربکرێن باج بدەنە ئێراق.

لەگەڵ ئەوەدا ئالیەتی یاخی بوون لە کوردستان هەتا ئێستاش لە قۆناغی سەرەتایی دایە، زۆر پێوستی بە پەرەپێدان هەیە، ئەو ئالیەتەی ئێستادا هەیە دەتوانرێ دژی حکومەت بەکاربهێنرێ، بەڵام لەم بارودۆخەی ئێستا ناتوانێ قەوارەیەکی کوردی پێ دروست بکرێ، ئەو ئالیەتانەی ئێستا هەیە لەلایەن تاك یان دامەزراوەیەکەوەیەوە بە ئاسانی لە رێگەی پارەو زێرەوە دەتوانرێ نائارامی لە باکوری ئێراقو باکوری رۆژئاوای ئێرانو باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا پێ دروست بکرێ، کە سەرچاوەی مەترسی گەورە دەبێ بۆ ئاشتیو ئۆقرەیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دەتوانرێ لە رێگەی چەند ئەفەندیەکی چالاکی خاوەن حەماسی کوردیەوە باردۆخی لاوازی ناوخۆیی هەریەك لە ئێراقو تورکیاو ئێران بە دەرفەت وەربگرێ بۆ تەقینەوەی بارودۆخەکە. هەروەها دەتوانرێ سوود لە نەبوونی هاوئاهەنگی توێژەکانی ئەو ناوچانە وەربگیرێ، کە کوردی تێدایە بۆ دروستکردنی ئاژاوەو نائارامی لەو دەوڵەتانە.

**بەشەكانی ئالیەتی یاخی بوون لە كوردستان لەمانەی خوارەوە پێك دێ:**

أ- سەرۆك هۆزەكان: سەرچاوەیەكی گرنگی یاخی بوونن بە هۆی ناكۆكی ئەوان لەگەڵ دەوروبەری خۆیانو ئارەزوویان بۆ ئازادیو هەڵگەڕانەوە ئەو وشیاریە نەتەوەیەی رۆژ بە رۆژ لە ناویاندا لە زیاد بووندایە.

ب- لیژنە محەلیەكان: ئەو لیژنانەی دەتوانن سەرۆك هۆزەكان، كە نایانەوێ لەگەڵ دەوڵەتی ئێراقدا بژین بە ناوی نەتەوایەتیەوە بۆ ئامانجەكانیان بخەنەگەڕ.

ت- لە رێگەی ئەو لیژنە بالآیانەی لە ئێراقو ئێرانو توركیا هەیە، هەوڵدەدەن بۆ هاوئاهەنگیو كاری هاوبەش لە نێوان (لیژنە محەلیەكان) بۆ فشار خستنە سەر ئەو حكومەتانە، هەتا بەو ئەندازە خودموختاریەی هەرێمەكەیان لە چوارچێوەی دەوڵەتەكەیان رازی نەبنو رێز لە سەروەریەتی ئەو دەوڵتانە نەگرن، كە كورستانیان بەسەردا دابەش كراوە.

پ- لایەنگرانی كوردستانی گەورە: ئەوانە لە شۆڕشگێرە توندەڕەكان پێك دێن (وەكو ئەو ناسیونالستە رەگەزپەرسستانەی لە زۆربەی وڵاتاندا هەن) لە هەریەك لە ئێرانو توركیاو ئێراق هەوڵ دەدەن بۆ یەكخستنی هەوڵی ئەو لیژنە مەركەزیانەی كاردەكەن لە پێناو نەتەوایەتیو هەڵگیرسانی شۆڕشێكی كوردی بەرفراوان لە هەموو پارچەكانی كوردستان لەیەك كاتدا، هەتا نائارامی دروست بكەنو هێزە ئەوروپیەكان ناچار بكەن بۆ دابینكردنی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بێنو لە بەرژوەندی كورد كێشەكە چارەسەر بكەن.

لەگەڵ ئەوەدا لە هەر چوار بەشەكە، بزاڤی نەتەوایەی كوردیمان پۆلین كرد، بەڵام لە راستیدا زۆر تیكەڵاوی لە نێوان ئەو بەشانەدا هەیە، لێكنزیكیو ئالۆزیەك هەیە، كە بە زەحمەت دەتوانرێ بە چوارچێوە پۆلین بكرێ.

**بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد لە ئێراق**

أ- پۆلینی سێیەم ئەو لیژنە هەرێمانەیە، كە لەنیوان خۆیاندا تەبانو لە توێژەكانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی كوردی پێك هاتوون، لە ناو ئەو دەوڵەتانەی كوردستانیان بەسەردا دابەشكراوە بۆ خودموختاری تێدەكۆشن، ئەوانە بەهێزترین توێژن لە ناو بزاڤی نەتەوایەتی كوردی. لەگەڵ ئەوەدا هەتا ئێستا زانیاریەكان لە سەر ئەو توێژە ناچوون یەكەو هەمان زانیاری

له سەر ئەو توێژی -٣) له توركیاو ئێران دەوترێت. وا لەخوارەوه هەندێ وردەكاری له سەر ئەو توێژه له ئێراق دەخەینەروو:

٤- لەگەڵ ئەوه به پێی ناوچەكانو كەسەكان هەندێ جیاوازی هەیه، بەڵام قەناعەتێكی پتەوو هاوبەش هەیه له نێوان هەموو گروپەكان بەوەی خودموختاری سەپێنراو به سەر كورد به زەبری هێزەكانی لەشكری ئێراقی كارێكەو سەرناگرێو قبوڵ كراو نیه. ناتوانن واز لەو بیرۆكەیه بهێنن، كه كۆمەڵەی گەلان داوای له بەریتانیا كردووه، له رێگەی رژێمی ئینتیدابەوه حوكمی كوردی بكاتو "كورستانی سەربەخۆ" له چوارچێوەی ئێراقدا بێت، به هۆی ناوبژیوانی نوێنەری باڵای بەریتانیەوه مامەڵه لەگەڵ حكومەت بكەنو نوێنەری باڵا هەڵقەی بەیەكگەیاندنی نێوان كوردو حكومەتی ناوەند بێت، هەموو كاروباری ناوخۆی خۆیان به دەست كوردانەوه بی، كورد به چاوی گومانو دوودڵیەوه دەڕواننه هەموو فەرمانێكی له حكومەتی ناوەندەوه دەردەچێ، كه عەرەب تێیدا باڵا دەسته. ئێمه له بەریتانیا چۆن سەیری ئەو زنجانه دەكەین، كه له باكوری ئەفریقیاوه هاتوون، ئەوانیش ئەوها سەیری عەرەب دەكەن، كەمێك كوردان بەو بەڵێنامەیه رازین، كه كۆتایی ساڵی ١٩٢٥ ئێراق پێی داون، زۆر نیگەرانن له جێبەجێكردنی بەشێكی ئەو مەرجانەی كۆمەڵەی گەلان دایناوه، كه زمانی كوردی زمانی رەسمی كارگێڕی بێت له كوردستان.

كورد ئەوه دەزانن مەترسی توركیا له سنووری باكور بۆ سەر ئێراق كۆتایی هاتووه، ئەوان چاوەڕوانن حكومەت بایەخ به كێشەكەیان بداتو زۆر دەترسن له كوردستان هێزەكانی ئێراقی (عەرەبی "و") جێی هێزەكانی بەریتانی بگرێتەوه، نیگەرانی ئاشكرا هەیه به تایبەت لەلایەن توێژه رۆشنبیرەكانەوه، بەوەی حكومەت پۆستی وەزاری نادا به كورده ناسراوه خاوەن هەڵویستەكان بەرانبەر بەرژوەندی كیشەی كورد، بەكارهێنانی ئەو كەسایەتیه كوردانه لەلایەن بەرپرسه ئێراقیه سیاسییەكانەوه بۆ مەبەستی بەدیهێنانی خواستەكانیان توڕەییو نیگەرانی لەلای رۆشنبیرانی كورد دروست كردووه.

## كورتەیەك له توێژەكانی بزاڤی نەتەوایەتی (بەشی -٣-) له ئێراق — سلێمانی

بێجگه له شێخ مەحمود كه خواستی خوجێیی هەیه، له راستییدا تەنیا نوێنەرایەتی یەك رەوتی سیاسی ناو سلێمانی دەكات، هەستی زاڵ لێرەدا "سلێمانی" بەرئەنجامی باری تۆگرافی (رووی زەویو جوگرافی ناوچەكە)یه لەگەڵ گەڕانەوەیه بۆ ئەو پێشینەی فەرمانڕەوایەتی ناوچەیی سەربەخۆ له سەردەمی میرنشینی بابانەكان پێش سەدەیەك هەبووه. هەموو رەوته

سیاسییەکانی سلێمانی لە سەر ئەوە ڕێکن، کە پێویستە حکومەتێکی سەربەخۆ لە سلێمانی دابمەزرێ، بەڵام جیاوازن لە سەر ئەوەی چ توێژێك فەرمانڕا بێت، شێخەکان (سادات "و") یان ئاغایەکان یان بەگزادەکان، لە ڕاستییدا هیچ توێژێك بایەخی تەواو نادات بە چارەنوسی کوردی دەرەوەی سلێمانی، ئەو شارە پێویستی بەو بەرپرسو پاریزگارانە هەیە، کە شەڕانینو بە بەردەوامی حەز بە یاخیبوون دەکەن، ململانێی باڵە سیاسییەکان ئەو پاساوە دەدەنە دەست کە پێیان بلێی دەیانەوێ لە ئاوی لێڵ ڕاو بکەن.

لە پاشکۆی -١- کورتە باسێك هەیە لە سەر هەوڵی ئەم دواییەی کۆمەڵی کوردی لە ڕێگەی کۆمەڵەیەکی زانستیەوە دەست بە سەر سلێمانیدا بگرن، ئەو کۆمەڵەیە دەیانەوێ لە ڕیگەی سلێمانیەوە خواستێکی سیاسی گەورە دەستبخەن، پشدەر لە باکورو هەورامان لە ڕۆژهەڵات دوو هۆزی بە هێزی ناوچە سەختەکانن، ئەو دوو هۆزە پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ هۆزەکانی ئەو دیوی سنووی ئێرانەوە هەیە، هەووەها خاوەنی هەستی نەتەوایەتی بەهێزن، ئەو دوو هۆزە هەست بە قورسی باجەکان ناکەن، چونکە هەموو باجەکان بە تەواوی لەوێ جێبەجێ ناکرێ. پشدەر خەسڵەتی تایبەتی هەیە بەوەی لە کاتی قەیراندا ناکۆکیە لاوەکیەکان ناهێڵێن.

ئاماژەکان ئەوە دەگەیەنن، کە شێخ مەحمود لە پەیوەندی بەردەوام دایە لەگەڵ ئەو هێزانەی لە ناو هۆزە کوردەکان لە دەسەڵاتی ئێران نیگەرانن، حیزبی کوردی هەیە لە سلێمانی لە پەیوەندی بەردەوام دایە لەگەڵ کۆمەڵە نەتەوەخوازەکانی کەرکوكو موسڵو بەغدا.

کۆمەڵەی زانستی کوردان لە سلێمانی بەرهەمی هەوڵی ئەو توێژە ڕۆشنبیرەیە، کە ئەرکی ئامادەکردنی ڕۆشنبیریە بۆ ئەوەی بە هێواشی کورد ئامادە بکات بۆ سەربەخۆیی، لەگەڵ ئەوەدا ئەندامانی زانستی سەرقاڵو خاوەن بایەخی نەتەوەیین، بەڵام ئەو کۆمەڵەیە هیچ بەرنامەیەکی سیاسی نیە.

بە هەموو ڕێگایەکی گونجاو سەید تەها لەو پەڕی قەناعەتەوە لە هەوڵی بەردەوام دایە بۆ بەدەستهێنانی پەیوەندی لەگەڵ تایەفەی ئاشوری، سەید تەها خواستی بەدەسهێنانی خودموختاری هەیە بۆ کورد لە چوارچێوەی ئێراندا، ئەگەر لەوەدا نوشستی هێنا هەوڵدەدات بە گوێرەی توانا سنووری خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراقدا زیاد بکات، سەید بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پیاوێکی براگماتیە، بە ئارامیو خۆراگری بێ وێنەو بێ دوودڵی کاردەکات بۆ گرتنەبەری هەموو ڕێگەیەك، سەید تەها دەیەوێ هەموو دەرفەتێك بقۆزێتەوە، بەڵام پێی باش

نیه به کردەوە دەسپێخەری بکات، چونکە ترسی له ئەگەری نوشستی هەیە، که نایەوێ دووباره تووشی نوشستی بێتەوە.

## سنووری باکور

أ- ئێستا هیچ قسەیەك لە بارودۆخی تایبەتی سەرسنوور ناکرێ، چونکە مەڵبەندێکی هێز نیە جێی بایەخ بێت، بەڵام دەمارگیری نەتەوایەتی شاراوە لە دڵی هاونیشتیمانیانی کورد لێرە لە ناوچەکانی دیکە بەهێزترە، خەونی تایبەتی هەریەك لە ئاغاکانی ناوچەکە زاڵە بە سەر ئەو ناوچەیەی دەستی بەسەرداگرتووە لە ناوچە سنووریەکان، هیچ گومانی تێدانیە ئێستا پەیوەندی لە نێوان ئەو پەناهێندە کوردانەی لە تورکیاوە هاتوون لەگەڵ کوردەکانی سوریاو کوردی زاخۆ هەیە، بەڵام ئەو مەسەلەیە بە بایەخ وەرنەگیراوە، باردۆخی تایبەت نیە بە ناوی کوردانی ناو شاری موسڵ، لەگەڵ ئەوەدا ئەو شارە مەڵبەندێگی گرنگی پەیوەندی نێوان ئەو کۆمەڵانەیە کە لە تورکیاو سوریاو ئێراقەوە هاتوون. لەوەتەی کۆمەڵەی "پێشکەوتن" لە ساڵی رابردوو داخراوە پەیوەندی لە نێوان کەسایەتیو گروپە کوردیەکان بە نهێنی هەیە، مەحاڵە شوناسی چالاکوانانی کورد دیاری بکرێ، بەڵام ئەوانە هەموویان لە شارەکانی موسڵو زاخۆ هەن.

## ٥ ) رێکخراوە کوردیەکانی دەرەوەی کوردستان

بە بەراورد لەگەڵ لە کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر چالاکوانانی کوردی ئێراق کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر چالاکوانانی کورد لە دەرەوەی ئێراق زۆر قوسترە، ئەو کەسانەی زانیاری زۆریان هەیە دەترسن قسە لە سەر ئەو بابەتە بکەن یان نایانەوێ لە سەر ئەو بابەتە بدوێن، بە دڵنیاییەوە لە سوریاو ئێران کۆمەڵی کوردی هەن، کە لەم بارودۆخەدا بە شێوەی بەرفراوان چالاکیان هەیە بۆ ناوچەکانی خۆیان. زۆرترین چالاکی بزوتنەوەی کوردی لە بەیروتو حەلەبو تەوریزو سنەیە، زانیاری دڵنیاکەرەوە نیە لە سەر بوونی کۆمەڵەی کوردی لە تورکیا، بەڵام بێگومان کۆمەڵەی کوردی تێدایە بە نهێنی کاردەکەن. ئاماژە هەیە بە پەیوەندی نهێنی نێوان کۆمەڵە کوردیەکانی ئێراقو کۆمەڵە کوردیەکانی تورکیا، بەڵام ئەستەمە ئەو ئاماژانە بکەینە راپۆرتی ورد لە سەر کۆمەڵە کوردیەکان.

## پوختە

بێجگە لە چەند ئەگەرێك کە کاریگەری دەبێت لە سەر ناوچە سنووریەکانی نێوان رەواندزو هەڵەبجە، لە کوردستانی ئێران چاوەڕوانی پەیدابوونی هیچ شۆڕشێك ناکرێ. هەروەها ناکرێ لەم بارودۆخەدا بە بایەخەوە قسە لە مەسەلەی کوردی ئێراق بکرێ. ئەگەر ئەو کۆمەڵە خۆجێیانەی ئێستا بەردەوام بن لە چالاکی پەرەدەستێننو دەبنە گەورەترین رێکخراو، یەکێك لە بەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان زیادبوونی وشیاری نەتەوایەتیە لە ناو هۆزەکان، زیادبوونی وشیاری نەتەوەیش دەبێتە ئاستەنگی گەورە لە بەردەم حکومەتی عەرەبی بۆ کۆکردنەوەی باج، بەڵام ئەو ئەگەرە بۆ ئەو نزیکانە نیە، پیاوانی هۆزە کوردەکان ئەوە باش دەزانن، کە رۆژێك دادێ سوپای عەرەبی بە پاساوی جێبەجێکردنی یاسا رووبەروویان دەبێتەوە. ئەو ململانێیەی نێوان سوپاو پیاوانی هۆزەکان دەبێتە باشترین پاڵپشت بۆ بەرەو پێشچوونی وشیاری نەتەوەیی کوردی.

هەندێ وا چاوەڕوان دەکەن، کە ئەگەر حکومەت هەندێ ئیمتیازاتی نەتەوایەتی بە کورد نەدات حیزبی نەتەوەیی پەیدا دەبێ، داوای "دەوڵەتی کوردی" دەکات، هەروەکو لە ئێرلەندە حیزب لە سەر ئەو داواکاریە دروست بوو، ئەو کات حکومەتی عەرەبی ناچار دەبێ بەرەنگاری دوژمنی ناوخۆ ببێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا ئەگەرێکی دوورە، بەڵام ئەگەر لە ئایندە پەیدابوو گەورەترین بەرەنگاریە بۆ حکومەتی عەرەبی، چونکە مەسەلەی کوردی رەهەندی دەولی هەیە.

ب- هەتا ئێستا هیچ بەڵگەیەك نیە لە سەر دەستێوەردانی روسی لە مەسەلەی کورد، ئەگەر حکومەتی بەلشەفی بیەوێ ئارامی رۆژهەڵاتی ناوەراست تێك بدات بۆ ئەو مەبەستە هیچ ئالیەتێك لە بەکارهێنانی مەسەلەی کورد ئامادەو کاریگەرتر نیە.

کێشەی کورد ئێستا پیوستی بە دارایی‌و رێکخستنی تواناکان هەیە، ئیستا لە بازنەی هۆزایەتی‌و خانەوادەیی بچوك دەربچێت‌و ببێتە جێی بایەخ هێزی دەولی بیلایەنەو دەتوانی هاوکار بێ بۆ کورد.

دەڵێن خالید بەگی جیرانی سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی پێش ئەوەی شۆڕشی ١٩٢٥ بەرپابکات، داوای پشتوانی لە کونسولی روسی کردووە، ئەو پێی وتووە، کە "روس ناتوانێ لە ماوەی کەمتر لە پێنج ساڵ دەست لە کاروباری مەسەلەی کوردی وەربدات".

# پاشکۆی (١)

## کۆمەڵەی زانستی، سلێمانی

لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٢٦ حکومەتی ئێراقی داوایەکی وەرگرت لە سەر کردنەوەی کۆمەڵەیەکی زانستیو رۆشنبیری لە سلێمانی، داواکاریەکە لەلایەن رەفیق ئەفەندی — پارێزەر، رەمزی ئەفەندی بازرگان، فایق بەگ — دەرەبەگ، مارف بەگ پێشکەش کرابوو.

ئەو کۆمەڵەیە مۆڵەتی وەرگرتو لیژنەی کارگێری کۆمەڵەکە بەم شێوەیە پێك هاتووە:

ئەحمەد بەگ : سەرۆك (موتەسەریف)

جەمال بەگی بابان: جێگری سەرۆك (قازی)

رەفیق بەگ: سکرتێر (پارێزەر)

فایق بەگ: موحاسیب (دەرەبەگ)

### ئەندامەکانی

شێخ مستەفای قەرەداغی (قازی)

عیزەت بەگ کوڕی عوسمان بەگ پاشا (پیاوماقوڵ)

ئەحمەدئاغای عەبدورەحمان ئاغا

رەمزی ئەفەندی (بازرگان)

دەست بەکاربوونی کۆمەڵە لەو کاتەدا بووە، لەلایەن خەڵکی شارو ئەندامانی هۆزە کوردەکانەوە پشتگیری دارایی لێکراوە، لە سەرەتاوە کۆمەڵە بە تەنیا لە ریگەی بابەتی رۆشنبیرییەوە خزمەتی دەکرد، هەڵقەی رۆشنبیری شەوانەی بۆ فێرکردنی بابەتە جۆراو جۆرەکان دادەناو خەڵکێکی زۆر ئامادەی دەبوون، بەڵام لە دوای گەیشتنی مستەفا پاشا بە سلێمانی لە سەرەتای مانگی مایس کۆمەڵە بەرەو هەڵوەشانەوە چوو.

مستەفا پاشا یەکەم جار هەوڵیدا بە هەڵبژاردنی بۆ پەرلەمانی ئێراقی خزمەتی خۆی بکات، ئەو وتەی دووبارە دەکردەوە، کە ئەگەر لەو هەڵبژاردنە دەربچێت هەوڵدەدات بۆ یەکخستنی هەموو ئەندامانی کوردی ئاراستە جیاوازەکان لە پارتێکی سیاسی یەکگرتوو، دووەم، لەو کاتەی هۆزەکان دژی ئەو لەو هەڵبژاردنە دەنگیانداو نوشستی هێنا، هەوڵیدا زانستی وەکو تانەدان لە هەڵبژاردنەکان لە ئێراق بە گشتیو لە سلێمانی بەتایبەتی بەکاربهێنێت.

موتەسەریف لە یەکێك لە کۆبوونەوەکان بە ئاماژەی پۆلیسو ئەفسەری سیاسی بەریتانی بەو سیفەتەی سەرۆکی کۆمەڵەیە، جەمال بەگی بابانی سەرکۆنە کرد، چونکە بە بۆچوونی ئەوان، سەرۆك دەستووری کۆمەڵەی پێ شێل کردووە، بە راشکاوی هاتووە نابێ پلەی سیاسی تێکەڵ بە کارەکانی کۆمەڵە بکرێ، یەکسەر جەمال بەگی بابانو مستەفا قەرەداغی دەستیان لە کۆمەڵە کێشایەوە.

دوای چەند رۆژ رەمزی بەگ نامەیەکی بۆ موتەسەریف نوسیو دەڵێ: ئەندامانی کۆمەڵە بە ئەویشەوە لەو باوەڕەدان ئەو شیاو نیە بۆ سەرۆکی کۆمەڵەو داوا دەکەن دەست لە پۆستی سەرۆکی کۆمەڵە بکێشێتەوە، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت، کە ئەوە کارێکی دژ بە حکومەتە، نامەکەی کێشایەوەو پۆزشی بۆ ئەحمەد ئەفەندی هێنایەوە.

دوای چەند مانگێك لەو رووداوەوە زانستی مایەوە، بەڵام چالاکیەکانی زۆر کەم بۆوەو رۆڵی لە بزاڤی سیاسی نەتەوایەتی کوردی کۆتایی هات، دوای دەست لە کارکێشانەوەی جەمال بەگی بابانو شێخ مستەفای قەرەداغی لە زانستی، رۆژانە ئەندامانی زانستی لە ماڵی یەکێك لە ئەندامان دادەنیشتنو بە نهێنی لەو پیلانە دەدوان، کە موتەسەریفو بەڕێوەبەری پۆلیس لە سەر کار لابەرن، وا چاوەڕوان ناکری نەخشەی لابردنی موتەسەریف لەو رووداوەوە دەستی پێکردبێت، بەڵکو لەو رووداوە ئەو خواستە پەرەی سەند، خواستەکانی جەمال بەگی بابان لەلایەن حاجی مستەفا پاشا، کە سیاسییەکی شارەزا بووەو لە پیلاندانان پشتگیری کراوە.

زۆر بە رۆشنی دیارە دانانی جەمال بەگ هەوڵێکی زیرەکانە بووە، هەتا جێگای ئەحمەد بەگ  وەکو موتەسەریفی سلێمانی بگرێتەوە، لەگەڵ لابردنی بەڕێوەبەری پۆلیس، کە دۆستی ئەحمەد بەگە، جەمال بەگ پێگەی خۆی وەکو دادوەر بەکاردەهێنا بۆ لابردنی هەموو ئەو یاساو ریوشوێنانەی ئەحمەد بەگ دەری دەکرد، لەوکارەش مستەفا پاشای قەرەداغی هاوکاری جەمال بەگ بووە، هەروەها جەمال بەگی بابان لەو هەنگاوەی کارزانی حاجی مستەفا پاشای بەکاردەهێنا بۆ راکێشانی دۆستایەتی شێخەکانو توانیبووی دۆستایەتی شێخ قادری برای شێخ مەحمود بەدەست بهێنێ. جەمال بەگی وەکو موتەسەریفی هەڵبژێردراوی راستەقینە

هەڵسوکەوتی دەکرد. گومانی تێدا نیە جەمال بەگی بابان لە لایەن ناجی بەگی سوێدی وەزیری دادی ئەوکات چاودێری‌و پشتگیری دەکرا، هەروەها بە گەرمی لەلایەن شوکری سەگبان لە بەغدا پشتگیری دەکریێ، هەندێ لە هاوڕێکانی جەمال بەگ لە سلێمانی وەکو رەشید مەستی هەولێیاندا دۆستایەتی‌و پشتگیری خەڵکی سلێمانی بەدەست بخەن بۆی.

گومانی تێدا نیە ئامانج لەو پیلانە دامەزراندنی بنەڕەتێکی ئەمین بووە بۆ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی، لەوێوە ببێتە دەروازەیەك بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی نەتەوایەتی بەرفراوان، جەمال بەگ بە هۆی گەشتە زۆرەکانیەوە شارەزایی‌و ئەزموونی فراوانی هەبووە، ئەستەم بووە بە دەسەڵات‌و هێزی موتەسەریفی سلێمانی بترسێ، هەروەها باش دەیزانی مافی نەتەوایەتی کورد بە رێگەی رێکخستن‌و کاری ریکخراوەوە بۆ ماوەی چەند ساڵێك نەبێت بەدەست نایەت، ئەگەر وەکو موتەسەریف لە سلێمانی دەسەڵاتی بەدەستەوە بێ، بە خێرایی ئەندامانی خانەوادەی بابان لە سلێمانی لە پایە باڵاکانی دیکە دادەمەزرێنی‌و دوای ئەوەی پێگەی خۆی لە سلێمانی قایم کرد، دەستبەسەراگرتنی لیوایەکانی دیکەی کوردستانی ئێراق دەکاتە ئامانج، بە دوور دەزانرێ جەمال بەگ ببێتە دوژمنی ئینگلیز، لەگەڵ ئەوەدا بەو کوردەی دادەنێن، کە بۆ بەرژەوەندی کوردی کاردەکات، لەو کەسایەتیە کوردیە دەگمەنانەیە، کە بیر لە بەژەوەندی بەرتەسکی ناوچەیی‌و شەخستی خۆی ناکاتەوە.

ئەو پیلانە سەری نەگرت‌و پیلانگێران پەرت بوون‌و جارێکی دیکە زانستی دوور لە بەرگی سیاسەت سەر لە نوێ دەستی کردوەوە بە چالاکیە رۆشنبیریەکانی، ئەو پشتگیری‌و پەرەسەندنەی ئێستای زانستی ئاماژەیە، کە پیاوە ژیرەکانی کورد هەوڵی خۆیان پوخت کردۆتەوە بۆ پرۆژەی نەتەوایەتی‌و خزمەتی نەوەی داهاتوو، ئەو گەردەولولەی زانستی گرتەوە ئەندازەی مەترسیەکان بەدیار دەخا لە دانانی ئالیەتێك لەو ئالیەتانەی هەیە بۆ خزمەتی نەتەوە خوازە توندڕەوەکان.

## کۆمەڵەی زانستی لە کەرکوك

لە ٢١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٦ کۆمەڵەی زانستی لە کەرکوك لەلایەن ئەو کەسانەوە کرایەوە:

مەلا عەبدولقادر ئەفەندی، سەرۆك، بەڕێوەبەری ئەوقاف

مستەفا ئەفەندی، جێگیری سەرۆك، خانەنشین

عەبدولخالق ئەفەندی، جێگیری سەرۆك

(نزیکەکانی حوسێن نەقشبەندی).

**ئەندامان.**

ئەحمەد ئەفەندی ، خانەنشین

قادر ئەفەندی، خانەنشین

عێزەت ئەفەندی

عەبدورەحمان ئەفەندی

رەئوف ئەفەندی

عەلی رەزا ئەفەندی، کارمەند لە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشین

حەمید ئەفەندی

**ناوی ئەو سەرۆك  هۆزانەی ئەندام یان لایەنگری کۆمەڵە بوون:**

رەفقەت بەگی داودە

حوسێن بەگ

مەحمود خورشید ئاغا

عەزیز عەباس ئاغا

شێخ عێزەدین ئەفەندی تاڵەبانی

شێخ حەسیب ئەفەندی

شێخ جەمیل ئەفەندی

سەید جەلیل ئاغای کاکەیی

سەید سلێمان

عەلی ئاغاو ئەوانی دیکە

**دەڵێن لقی کۆمەڵە بە سەرۆکایەتی سالح ئاغا لە ئاڵتون کۆپری کراوەتەوە...**

لەگەڵ ئەوەدا ئەندامانی زانستی لە سەر ئاستی کەرکوكو لە سەر ئاستی ئێراق چالاك بوون، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی رووخسارێکی سیاسی نەبووەو بە تەنیا کاری رۆشنبیری کردووە لە ناو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی لە کەرکوك.

زانستی له په‌یوه‌ندی پته‌وی هه‌بووه له‌گه‌ڵ لقی سلێمانیو ئه‌و که‌سانه‌ی له هه‌ریه‌ك له ره‌واندزو هه‌ولێر بایه‌خیان به کاره‌کانی کۆمه‌ڵه‌داوه.

## پاشکۆی (٢)

## به‌ڵگه‌نامه‌ی پێشنیازکراو بۆ کۆمه‌ڵه کوردیه‌کان

له ره‌واندز له ماڵی ئیسماعیل ئه‌فه‌ندی له هاوینی ١٩٢٨ به هاوکاری ئه‌م که‌سانه‌ی خواره‌وه پڕۆژه‌که‌ی پاکنوس کراوه:

سه‌ید ته‌ها

ئه‌مین ئه‌فه‌ندی ره‌واندزی

موحه‌مه‌د ئه‌فه‌ندی، به‌ڕێوه‌به‌ری دارایی

وه‌زاره‌تی ناوخۆ مۆڵه‌تی کردنه‌وه‌ی ئه‌و کۆمه‌ڵه‌یه‌یدا، که له سه‌ر بنه‌ڕه‌تی ئه‌م پێشنیازانه‌ی خواره‌وه دامه‌زراوه:

١- پێی ده‌وترێت کۆمه‌ڵه‌ی (هاوکاری، کۆمه‌ڵه‌ی هاوکاری کۆمه‌ڵایه‌تی) کۆمه‌ڵه کارده‌کات بۆ بڵاوکردنه‌وه‌ی رۆشنبیری په‌یوه‌ست به زمانی کوردی، مێژووی کوردی، په‌ره‌پێدانی که‌سایه‌تی کوردی، رێگه به خۆی نادات چالاکی سیاسی بکات.

٢- زۆرینه‌ی ئه‌ندامانی له هه‌ر کوێ بێت باره‌گای کۆمه‌ڵه له‌وێیه، ئه‌و ئه‌ندامانه‌ی له ناوچه جیاجیاکانن رێنومایی له باره‌گا وه‌رده‌گرن.

٣- ده‌سته‌ی کارگێڕی له باره‌گاو لقه‌کان پێك دێت له:

- سه‌رۆك، که خاوه‌نی دوو ده‌نگه.
- جێگری سه‌رۆك
- ئه‌ندامانی کارگێڕ

ئەندامی دەستەی کارگێڕی دەبێ سوێند بخۆن بۆ فراوانکردنی بازنەی کاری کۆمەڵە کاربکەن، مانگانە بە زارەکی یان بە نوسراو بۆچوونی خۆیان دەربارەی شیوازی پەرەپێدانی کۆمەڵەو چالاکیەکانی بۆ سەرۆکی لق دەربڕن، کە ئەویش دەینێرێ بۆ سەرۆکی کۆمەڵە.

- ئەندامانی دیکە: ئەو ئەندامانەن، کە کارگێڕ نین لە کۆمەڵە، سوێند ناخۆنو پشتگیری دارایی کۆمەڵە دەکەن.

٤- کۆنگرەی سالانە لە بارەگای سەرەکی، هەموو ساڵی جارێك دەبەسترێ لەلایەن ئەو ئەندامە کارگێڕیانەی نوێنەرایەتی لقەکان دەکەن، لە کاتی پیویست بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی بانگ دەکرێن.

٥- ئەگەر بەدیارکەوت کۆمەڵەیەکی دیکە هەیە، کاروچالاکیەکانی لەگەڵ "هاوکاری" هاوشێوەیە، ئاساییە هاوکاری بەشداری لە چالاکیەکانیدا بکات.

٦- وا بەدیاردەکەوێ جێی مەترسیە لەو شوێنە رێگە بە رێکخراوێکی کوردی بدرێت لە ناوچەکە.

# بزوتنەوەی شێخ ئەحمەدی بارزانی ١٩٣١-١٩٣٢

## نامەی قائمقامی ئامێدی
## بۆ: موتەسەریفی موسڵ نێردراوە
## ژمارە: ٦٣٢
## بەرواری ١٢ی مارسی ١٩٢٨

پیاوێکم ناردووە بۆ بارەگای فارس ئاغا هەتا لە دوا گۆڕنکاریەکانی ئەوێ ئاگاداربین، ئەو پیاوە گەڕایەوە، خزمەتکارێکی فارس ئاغا هەواڵی پێ دابوو، کە فارس ئاغا نامەیەکی لە شێخ ئەحمەدەوە بۆ هاتووە، پرسیاری کردووە دەربارەی ئەو ئامادەکاریانەی هەتا ئێستا گرتویەتیەبەر بۆ بەرەنگاری حکومەت لەبەرانبەر ئەنجامدانی سەرژمێری ساڵانە لە ناوچەکەو تۆماکردنی چەکەکانیان، وەکو هۆزە کوردەکانی دیکە ناچارکرێن باج بدەنە حکومەت. شێخ ئەحمەد لەو نامەیەدا وتبووی: ئەگەر حکومەت دەسەڵاتی بە سەر ناوچەکەدا بسەپێنێ ئەوە کورد دەبێتە کۆیلەی ئاشورییەکان، لەگەڵ ئەوەدا فارس ئاغا دەزانێ، کە ئەو لە مەسەلەی بەرهەڵستی حکومەت بەفێڵ نیە بۆیە بۆ شێخ ئەحمەدی نوسی: ئەگەر حکومەت ئەو سیستمە تایبەتیەی هەیە هەڵبوەشێتەوە لە قەزا، شێخ ئەحمەدیش بڕیاری بەرگری بدات ئەمیش پەیوەندی پێوە دەکات. هەواڵگرەکە لە فارس ئاغای بیستووە، ئەگەر حکومەتی دەست لە کاروباری ناوخۆی ئەو وەرنەدات ئەو نیازی بەرهەڵستی حکومەتی نیە،. فارس ئاغا وتبووی: من باش لە مەبەستی حکومەت تێدەگەم، چونکە بەم نزیکانە کاتی باجی "کۆدە" دێت،

ئەگەر کاربەدەستی نارد بۆ سەرژمێری مەڕومالاّت، دیارە حکومەت نیازی سەپاندنی باجی کۆدەی هەیە، ئەمەش لە سەر بنەڕەتی سەرانە باج کۆدەکرێتەوە، ئەگەر حکومەتی کاربەدەستی نەنارد، دیارە کە نیازی نیە سیستمی تازە بسەپێنێ، ئەوکات فارس ئاغا وەکو پێشتر هەندێ پارە لە جیاتی هەموو مەرو مالاّتی ناوچەکە دەدات، ئەوکات وەکو بەدیاردەکەوێ حکومەت لە زێبار وەکو رابردوو رێزی لێدەگیرێو حکومەتیش دەست لە کاروبارەی دەسەلاّتی ئەو وەرنادات، ئەوکات خۆی لە شێخ ئەحمەد دوور دەخاتەوەو گوێڕایەڵی حکومەت دەبێ.

هەواڵگر لە فارس ئاغای بیستووە، کە شێخ ئەحمەد لە گوندێکی زۆر نزیکی سنووری تورکی لە نێوان (گەردیو شێروان) خانوویەکی دروست کردووە، زۆربەی کەلو پەلەکانی ناردۆتە ئەو گوندەو بەشەکەی دیکەی فرۆشتووە.

**نوسخەیەك بۆ:**

**سکرتێری نوێنەری بالاّی بەریتانی –بەغدا**

**دوو نوسخە بۆ وەزارەتی ئاسمانی**

Air 23/184

## راپۆرت لەسەر بارودۆخی رابردووی بارزان
## موسڵ ١٣/شوباتی ١٩٢٨

### ١- رووداوەکانی رابردوو بۆ بارودۆخی ئەمڕۆ

شێخ ئەحمەد سەرۆکی چەند هۆزێکە "دێوانە"یان پێدەوتریو لەم هۆزانەی خوارەوە پێك دێ: (شێروان، مزوری بالا، بەرۆژی، گەردی)، کە گوێڕایەڵی تەواوی شێخ دەکەن.

لەگەڵ ئەوەدا شێخ ئەحمەد سەرۆکی هۆزەکەیە، لە دوای لە سێدارەدانی شێخ عەبدوسەلامی برای لەلایەن تورکانەوە لە ساڵی ١٩١٤ لە موسڵ سەرۆکی تەریقەتیشە.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٩ لەوکاتەی لەگەڵ فارس ئاغاو بابەکر ئاغای سەرۆکی پشدەر دوو ئەفسەری سیاسی بەریتانیان لە نزیك "بیراکابرا" کوشتو دوایی دەستیان بەسەر ئاکرێدا گرت، بۆ یەکەم جار سەرنجی دەسەڵاتدارانی بەریتانی لە ئێراق راکێشا.

ئەو کات حکومەت ١٠٠٠٠ روپیەی وەکو خەڵات دانابوو بۆ ئەو کەسەی سەری شێخ ئەحمەدی بۆ بهێنێت، هەمان ئەندازەشی دانابوو بۆ سەری سەرۆك هۆزەکانی دیکە، بەڵام بی ئاکام بوو، هەتا ئێستا تاوانباران سزا نەدراون.

لە ساڵی ١٩٢٢ بە هاندانی تورك هێرشی کردە سەر ئامێدی، بەڵام لە سزای ئەو کارە ماڵەکەی لە بارزان ئاگری گرتو چەند ماڵێکی دیکەی لەگەڵ سوتا.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٥ بۆی دەرکەوت ئیدارەی بەریتانی سوورە لە سەر هەوڵەکانی بۆ دەرکردنی تورك لە رەواندز، بەخۆییو ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی هاتە ئاکرێ، بۆ ئەوەی دەخالەت بە سەید تەها بکات، کە کاروباری حکومەتی لەوێ هەڵدەسوڕاند، ئەو جارەش سزا نەدرا، بەڵام لەو کاتەوە بەشداری هیچ کارێکی یاخیبوونی دژی حکومەت نەکردوە.

له ساڵی ١٩٢٥ ناوچەی بارزان کەوتە ژێردەسەڵاتی حکومەت، ئەمەش لە ریگەی کردنەوەی مەڵبەندێکی حکومی لە "بیراکابرا"و کردنەوەی ناوەندێکی پۆلیس بە هێزێکی کەمەوە لە گوندی بارزان.

له ساڵی ١٩٢٧ وەکو هەنگاوێك بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی بارزان بۆ بندەستی حکومەت، بە رەسمی ناوەندێکی حکومی بە ناوی "سەرای بارزان" کرایەوە، بۆ زیاتر پاڵپشتی لە سەرای بارزان لە بە هێزکردنی دەسەڵاتی حکومەت لە حوزەیرانی١٩٢٧ دوو لیوای لێڤی رەوانە بارزان کرا، ئەمەش هاوکاری هێزی پۆلیس بووە لەو گوندە، لە هاوین دوو لیوا نێردرا، شێخ ئەحمەد وەکو نەریتی خۆی رووی کردە ناوچە شاخاویەکانی گوندەکەیان، گەیشتنی هێزی حکومی بۆ بارزان بێبەشکردنی شێخ بووە لە هەر نیازێکی هەیبێ لە بەرگری، رووداوەکانی دواتر ئەوەی بۆ شێخ روونکردەوە، کە چی تر ناتوانی تاکە مەلیکی ئەو دۆڵە بێ، هەمان چارەنوسی بکوژی کاپتن بیرسۆن لە زاخۆ تووشی هات، لە موسڵ لە ساڵی ١٩٢٧ لە سێدارە درا یان هەمان چارەنوسی شێخ **(الضاري)** دەبێ، کە لە بەسرا لە دەسەڵات یاخی بوو دوایی گیرا.

هەتا لەئەیلولی ١٩٢٧ رووداوێکی ناخۆش روویدا، کاروبارەکان بە هێمنی دەڕۆیشت، بە دیدی بارزانیەکان کاریگەری هەبوو بۆ سەر شکۆی حکومەت، مەلا جوج بە دەستی موحەمەد سدیق لە گوندی بارزان کوژرا، بەڵام پۆلیس بە هۆی ئەستەمیو گرژی نەیتوانی هیچ هەنگاوێکی بگرێتەبەر.

لە ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٧ سەید گاردین پشکنەری کارگێڕی بەریتانی لە موسڵ سەردانی بارزانی کرد، بۆ یەکەم جار شێخ رازی بوو بە بێ پاسەوان بێو چاوی بە بەرپرسێکی حکومی بکەوێت، شێخ ئەحمەد ئەوپەڕی دۆستایەتیو هاوکاری لە مەسەلەی کوشتنی مەلا جوج لەگەڵ حکومەت نیشاندا، لە رێگەی داواکاری سکاڵا لە سەر هۆز کارەکە بە ئاسانی بڕایەوەو بە غرامەی ٢٠٠٠ روپیە وەکو خوێن چارەسەرکرا.

لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧ راپۆرتمان لە بارەی شێخ ئەحمەدەوە پێگەیشت، کە ئەگەر حکومەت هێزی زیاتر بنێرێو هێزەکانی پۆلیسو لیڤی لە ناوچەکە نەکێشێتەوە ئەو خۆی بۆ بەرنگاری حکومەت ئامادە کردووە، لەوکاتەوە گوێبیستی راپۆرتی زیاتر بووین لە سەر هەستی دوژمنکاری ئەو، هەندێ لەو راپۆرتانە زۆر زیاتر لەوەی هەیە وێنەی واقیعەکەیان گەورە کردبوو، چیرۆکی سەیریان هۆنیبۆوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە دەوترا هەندێ راستی هەبووە وەکو:

١) شێخ ئەحمەدو لایەنگرانی بەم دواییە چەكو تەقەمەنی زۆریان كڕیوە.

٢) شێخ ئەحمەد لە هەوڵی ئەوەدایە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ هۆزە كوردەكانی دیكەی لیوای موسڵو هەولێر ببەستێ.

٣) شێخ ئەحمەد پەیوەندی لەگەڵ هۆزە كوردەكانی توركیاو بەرپرسانی تورك پەیدا كردووە، بۆ ئەوەی پشتوانی بكەن لە بەرەنگاربوونەوەی حكومەتی ئێراقی.

٤) پەیوەندی دروست كردووە لەگەڵ سمكۆ.

٥) شێخ ئەحمەد لە سەرەتای نیسانی ئایندە لەو كاتەی ئاوهەوا سازدەبێ نەخشەی هەیە هێرش بكاتە سەر هێزەكانی حكومەتو دەست بكا بە چالاكی سەربازی.

٦) دوای كوشتنی ئەو مەلایە زنجیرەیەك ڕووداوی دڵتەزێن ڕوویداوە، كە بەلای شێخ ئەحمەدەوە بەڵگەیە لە سەر لاوازی حكومەت، لەوانە:

ئەنجام نەدانی سەرژمێری گشتی لە ناوچەی بارزان، كشانەوەی كارمەندو كاربەدەستەكانی دارایی، كشانەوەی هێزەكانی لێڤی لە "بلەو بارزان"، ئازادكردنی سیتۆ ئاغا لە سەر داوای شێخ ئەحمەد، وەساندنی كاری تەلاری سەرای بارزان، لە كۆتاییدا هەوڵە شكستخواردووەكانی حكومەت بۆ گرتنی یەكێك لە لایەنگرانی شێخ ئەحمەد بە ناوی ئەحمەد بیكوك.

لە كۆتایی كانونی دووەم نوێنەری باڵای بەریتانی نامەیەكی بۆ شێخ ئەحمەد نارد، وەكو نەریتی جارانی گوێڕایەڵی تەواوی بۆ حكومەت دەربڕی. لە ڕاستیدا بەو وەڵامە شێخ ئەحمد نكۆڵی لە ناوەڕۆكی هەموو ئەو ڕاپۆراتە كرد، كە ئاماژەمان پێدا لە سەر ئامادەكاریەكانی هێرشكردنە سەر هێزەكانی حكومەت.

لایەنگرانی گوێڕایەڵی كویرانەی شێخ دەكەن، فەرمانی جێبەجێ دەكەن، هیچ جۆرە حكومەتێكیان قبوڵ نیە، بە بێ ئەوەی حیساب بۆ ئاكامەكانی ئەو یاخیبوونە بكەن، بە بێ هیچ پاساوێك دژی حكومەت دەوەستنەوە، شێخ ئەحمەد لە سێ كاتدا نەبێ لە مانای حكومەت تێناگات ئەوانیش:

١) لەو كاتەی سنوور بۆ دەسەڵاتی دادەنێ.

٢) چەك دامالێن لە بارزانیەكان.

٣) لەوكاتەی بترسێ حكومەت لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەكات.

بەڵێنی هاریكاری دەرەكی، لە حوزەیرانەوە ئەو لاوازیەی بە سەر حكومەتدا هاتووە، ئەو مەترسیەی لە هێزەكانی لێڤی هەیە، كە وەكو هەنگاوی یەكەم لە ناوچەكەنو دوایی بە پشتگیری حكومەت ئەو لە ناودەبەن، هەموو ئەو هۆكارانەی پاڵیان نا بە شێخ ئەحمەدەوە خۆی بۆ بەرەنگاری سەربازی لەگەڵ حكومەت ئامادە بكات.

Air 23/163

## تەرجەمەی نامەی شێخ ئەحمەدی بارزانی بۆ قائمقامی قەزای زێبار
## ٢٥ی مایسی ١٩٢٥

نامەکەتانم بەدەست گەیست، کە ئاماژەتان کردووە بە هێرشی چەند پیاوێکی ئێمە بۆ سەر (دەشتا زێ)، تکا دەکەم لەوە دڵنیا ببنەوە، ئەوە پڕوپاگەندەیەو قسەی بێ بنەمان، ئاژاوەچیو نیازخراپان دەیانەوێ ئاژاوە دروست بکەن، هەروەکو دەزانن من ئەمساڵ لە "زاوێتە" دەژیمو بڕیارمداوە واز لە کاروباری دونیا بهێنم، پێشتر بۆم نوسیبون، هەتا ئەگەر هۆزە کوردەکان ریزەکانیان یەکبخەن ناتوانن بە رووی چەوسێنەرو داەستدرێژیکاران بوەستن.

بۆیە ئێستا کورد یەك رێگەی لە بەردەستدایە، ناوچەکە چۆڵ بکات یان دۆستایەتیو گوێڕایەڵی تورکیا بکات، لەوکاتەی لە (کەڵەك) بووم، گوێم لە بۆچوونی تورکانو پاساوەکانیان گرت. هەروەکو دەبینم هۆزە کوردەکان لەم رۆژانە رووبەڕووی دەستدرێژیو زوڵمی پیلانی خراپەکاران بوونەتەوە.

لە کۆتاییدا تکام لە حکومەتە بەرپرسیاریەتی هەڵسوکەوتی هۆزەکانی (شێروانو برادۆستو گەردیو هەرکیو مزوری) نەخەنە ئەستۆم، کە دواجار بۆ گەران بەدوای چارەسەرێك لەبەرانبەر ئەو نارەحەتیانەی تووشیان هاتووە یەکیان گرتووە.

**تەرجەمەی نامەی شێخ ئەحمەد لە بەرواری ١٥ی تەموزی ١٩٢٨، بۆ پشکنەری کارگێڕی لە موسڵ.**

وەکو ئاگادارن هەندێ لە کاربەدەستانی قەزا بەشێك لە هاولاتیان لەبەرانبەر ئەوانی دیکە بەرزدەکەنەوە، دوو گوند لە نزیك ناوەندی قەزا بە ناوەکانی (باریساو زورەڤان) هەن، زۆربەی دانیشتوانەکەی لە جوتیارانی پشتیوانانی ئێمەن، کاربەدەستانی قەزا بە بەراورد لەگەڵ گوندەکانی دەرووبەر باجی زۆریان بە سەر جوتیارانی (زورەڤان)دا سەپاندووە، بەپرسان تەخمینی زیاتریان لەو تەخمینەی ئێستا هەیە زیاد کردووە، لەگەڵ باجی هاوشێوە بە سەر بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی ساڵی رابردوو، ئەمە لە کاتێکدا بەرهەمی ئەمساڵ باش نیە.

هەتا ئێستا کاربەدەستەکان تەخمینی ئەندازەی باجی گوندی (بریسا)یان نەکردووە، فێرتان دەکەین بەو ئەندازە باجەی بە سەریاندا فەرز دەکەن، چونکە ئێمە لەو بڕوایەداین زیادڕەوی دەکەن لە سەپاندنی باج، بەڕێوەبەری قەزا هات (لەوانەیە مەبەستی بەریوەبەری ناحیە بێ"و") بۆ ناحیەی (شیروانو مزوری) بۆ خەملاندنی باج، بەلام کە زانیان ئەمساڵ هیچ بەرهەمێکی کشتوکاڵی نەبووە، ئەوەی بووە وێران بووە، کەمی بەرهەمی ئەمساڵ بە هۆی کەمی بارانی ئەم بەهارە بووە، ئەمە لە کاتێکدا بە پێچەوانەی شوێنەکانی دیکە داچاندنو کشتوکاڵ لە بەهاردا دەکرێتو لە پاییزو هاویندا ناکرێ، هەورەها بەڵای کوللە، کە پێشتر ئاگادارم کردبوونەوە کشتوکاڵی وێران کردووە، تۆی چاندراو بەبی ئەوەی گەشە بکات لە ژێر زەویدا ماوەتەوە، ئێستا گوندنشینەکان بە بێ کشتوکاڵ وەکو کۆچەرە (هەرکی)یەکانیان لێهاتووەو پێویستییان بە هاوکاری هەیە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوەبەری دارایی سوور بوو، کە گوندە بارزانیەکان دەبێ ئەو رێژەیە بدەن، کەساڵی رابردوو دابوویان، من بە بەڕێوەبەری داراییم وت، لای خۆمەوە نیوەی باجی ئەو گوندەت دەدەمێ، بەڵام نیازم نیە لەو گوندەی کۆبکەمەوە، چونکە ئەوانە ئێستا زۆر هەژارنو گەنمو خواردن لە ئاکرێ دەکڕن.

ئەو کێشەکەی بۆ ئێوە بەرزکردەوە، هەتا بەرپرسان ئاگادار بکەنەوە ئەو ئەندازەیە لە باج دابنێن، کە لەگەڵ توانای گوندەکانماندا بگونجێ.

Air 23/184

**یاداشت ١٩٢٨/٨/٢٨/NO.S/١٠٨٦**

**زۆر نهێنی**

**لە: دبلیو ،س، ئاف، ولسن، پشکنەری ئیداری بەریتانی لە لیوای موسڵ**

**بۆ: راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ**

لە هاوپێچی ئەم نامەیە نوسخەیەکی نامەی شێخ ئەحمەدی بارزانتان بۆ دەنێرم، کە پێشتر بە دەستم گەیشتبوو.

سەبارەت بەو دوو گوندەی لە نامەکەیدا هاتووە، ملکەچی ئەو نیەو دەبی رێگەنەدرێ دەست لەو مەسەلەیە وەربدات.

بەڵام دەبێ ئەو مەسەلەیە بە رێگەیەکی دیکە چارە بکرێ، هەردوو گوندی (باریساو رۆزەیڤان) ئاگادار بکەنەوە، راستەوخۆ سکاڵانامەیەك لە سەر ئەو ئەندازە باجەی بە سەریاندا فەرزکراوە بۆ ئێمە بنوسن.

ئایا رازین بەو شێوەیە پەیوەندی بە شێخ ئەحمەدەوە بکەن؟

پێویستە سەرنجتان رابکێشم بۆ هەڵوێستی شێخ ئەحمەد، کە لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە لە بەرانبەرماندا زۆر خراپ بووە:

٢) ئەو پەنای داواکراوی حکومەتی داوە، لەگەڵ ئەوەدا حکومەت سوورە لە سەر کەسی داواکراو، کە لە ناوچەی (شێروان)ی ژێر دەسەڵاتی ئەودایە.

٣) شێخ دەیەوێ خۆی لەو ئەندازە باجەی زستانە بدۆزێتەوە، کە تەرخان کراوە بۆ داهاتی کشتوکاڵی زستانە لە ناوچەکەدا، پاساوی شێخ ئەوەیە ناوچەکە بە هۆی کەمی بارانو شاڵاوی کوللە کەم بەرهەم بووە، لە راستیدا ئەندازەی بارانی ئەمساڵ زۆر باش بووە، ئەو کوللەیەی تووشی ناوچەکە بووە، کوللەی فریاکەوتنە، کە بەرهەمی کشتوکاڵی ناخوات، ئەو ئەندازە

باجەش ئەمسالْ لە سەر داهاتی ناوچەکە دانراوە، بە بەرواود لەگەڵ وشکە ساڵی زۆر کەمەو ئەگەر بەرهەم کەمیش بێ شێخ دەتوانێ بیدات.

٤) شێخ بەم دواییە هەڕەشەی لە بەڕێوەبەری ناحیەی (بیراکارا) کردوە، ئەویش موتەسەریفی موسڵی لەو هەرەسانکردنە ئاگادار کردۆتەوە.

٥) شێخ لایەنگرانی قەرەغە کردووە لە تەلاری حکومی (سەرای بلە) کاربکەن، بەلاّم بە هۆی هێنانی کرێکار لە ناوچەکانی دیکە کاری ئەو تەلارەی پەك نەخستووە.

٦) ناهێڵی لایەنگرانی هیلکەو میوەو ...هتد بفرۆشنە پیاوانی لیڤی لە بلە..

زۆربەی خەڵکی برادۆست لە لایەنگری شێخ ئەحمەد بۆ جیاکردنەوە کلاّوی سوور لە سەر دەنێنین، شێخ بەم دواییە پیاوەکانی ناردوە بۆ ئەو دوو گوندەو هەڕەشەی لێکردوون، کە بۆچی هەتا ئێستا کلاّوی سوور لە سەر ناکەن، ئەفسەری هەواڵگری بەریتانی لەو ناوچەیە دەڵێ: خەڵکی ناوچەکە بەرهەمی خۆیانی پێ نافرۆشن‌و رێگەنادرێ هیچ زانیاریەکی خزمەتگواریان پێ بگات.

بە بۆچوونی من ئەم گۆرانکاریە لە هەڵوێستی شێخ ئەحمەد دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی پێگەی تورکی لە ناوچەکە، پێگەیەکی سەربازی تورکی لە نزیك (شێروان) بەدیارکەوتووەو بەم دواییە هێزەکانی تورکی سنووری (دەولی)یان لە ناوچەکە بەزاندووە، بەلاّم شێخ ئەحمەد لەو بارەیەوە دەسەلاّتدارانی ئاگادار نەکردۆتەوە، دڵنیایین لەوە، کە عاسم بەگی فەرماندەی تورکی لە (زارن) لە ناحیەی (گەردی شبانە) دووربینێك‌و دەمانچەیەکی ئۆتۆماتیکی بە دیاری بۆ شێخ ئەحمەد ناردووە.

هەروەها راپۆرت هەیە لە سەر پەیوەندی شێخ ئەحمەد لەگەڵ موسکۆ، تارادەیەکی زۆر لەو قەناعەتەدام، کە تورك پشتیوانی لە شێخ ئەحمەد دەکات، بۆیە تورك بە دوژمنایەتی نێوان شیخ ئەحمەدو سەید تەها دەزانن، بەو هیوایەی سەید تەها لە ئیدارەی ناوچەکە لابەرن‌و پشتیوانی لە شێخ بکەن، ئەگەر دواجار توانیمان دەسەلاّتی ئاسایی حکومەت بە سەر ناوچەکەدا فەرز بکەین، ئەوە شێخ ئەحمەد دەبێتە پەناهێندەی ئەوان.

ئێمە لە نزیکەوە چاودێری رووداوەکانی ناوچەکە دەکەین‌و لە هەرچی تازەیە ئاگادارتان دەکەینەوە

**نوسخەیەك بۆ:**

**سکرتێری نوێنەری بالاّی بەریتانی لە ئێراق – بەغدا**

**بارەگای سەرۆکایەتی هێزەکانی لیڤی ، موسڵ**

## تەرجەمەی نامەیەکی قایمقامی ئامێدی بۆ موتەسەریفی موسڵ

## ژمارە (١١٠١)ی بەرواری ١٩٢٨/٣/٢٢

بیستم شێخ ئەحمەد نامەیەکی بۆ قایمقامی شەمدینان ناردووە، داوای لێکردووە لە ئایندە ناچاردەبێ داوای دەخالەت بکات. هەموو هەوڵی خۆمدا لەو هەواڵە دڵنیا بم، بەڵام بێ ئاکام بوو، لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە بیستوومە، دەیەوێ لەگەڵ سەرۆك هۆزەکانی دۆستی حکومەتی تورکی قسە بکات بۆ ئەوەی داواکاریەکەی بگەیەننە دەسەڵاتدارانی تورکی، بەپێی ئەو زانیاریانەی لە بارزانەوە بە من گەیشتووە، هەوڵەکانی بۆ قسەکردن لەگەل تورکەکان لە پێش ئەو نامەکاریانەوە بووە، کە شێخ هەیبوو لەگەڵ نوێنەری باڵای بەریتانیو پشکنەری ئیداری بەریتانی لە موسڵ رازی بووە لە (بلە) گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، لەو دانوسانەوە راگەیاندنی شێخ ئەحمەد دژی ئیدارەی بەریتانی کەم بۆتەوە، گوایە ئیستا خۆی بۆ شەڕیکی بەرگری ئامادە دەکات، لایەنگرانی دەڵێن: بەرهەڵستی نەخشەی حکومەت دەکەین لە گۆڕینی ئەو سیستمە تایبەتیەی بارزان، حکومەت بە بەراود لەگەڵ هۆزەکانی دیکە مامەڵەی لەگەڵ ئەوان باش نیە، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە باجی کۆدە (ئەو باجەیە لە ئاژەڵ وەردەگیرێ)وە هەیە، لەگەڵ دەیەکی داهاتی کشتوکاڵو ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە قەزای زێبار.

شێخ گوتویەتی: نیازم هەیە لە (بلە) سەردانی پشکنەری ئیداری بەریتانی بکەمو لە رۆژی سێیەمی جەژن بۆ بە دیارخستنی گوێرایەڵی بۆ حکومەت یەکێك لە ماڵەکانم بگوازمەوە بۆ بارزان، ئەوەی شایانی باسە شێخ ئەحمەد دوو ماڵی هەیە یەکیان لە (شێروان)و ئەوەی دیکە لە (رواشا).

بۆ ئامادەکاریەکانی ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ پشکنەری ئیداری بەریتانی لە موسڵ، شێخ گفتوگۆی لەگەڵ سەرۆکەکانی (شێروانو مزوری) کرد، پرسیاری لێکردبوون، کە چی داوایەك لە پشکنەر بکات، رێککەوتن لە سەر ئەوەی، کە ئەو سیستمە باجەی ئێستا لە ناوچەی بارزان وەکو خۆی بمێنێتەوە، کە پێی دەوتریت بڕاوە (**مقطوع**)، بەو سیستمە باجی کۆدەی زستانەو هاوینە وەردەگیرێ، هەروەها رێککەوتن، کە ئەو ئەندازە چەکەی لە ناوچەکەدا هەیە بۆیان تۆمار بکەن، بەو مەرجەی بۆ هەر قەزایەك لە (٥٠) پارچە چەك تێپەڕ نەکات، هەروەها وا چاوەڕوان دەکرێ شێخ بۆچوونی ئەو وەربگرێ لە سەر دامەزراندنی کاربەدەستان لە قەزای زێبارو داوای لێ بکات قەزای زێبار لە سەرژمێری گشتی ببوێرێو ژمارەی سوپاو پۆلیس بۆ

ئەو قەزایە زیاد نەکرێ، پێدەچێت کشانەوەی هێزەکانی ئاشوری لە ناوچەکە لەگەڵ داواکاریەکانی شێخ بێت، قەزای زێبار لە رێگەی ئیدارەیەکی تایبەتەوە بەڕێوەببرێ، حکومەت لەگەڵ شێخ ئەحمەد پێکەوە قەزایەکە بەڕێوەبەرن.

بیستم کە شێخی بەساڵاچوو سلێمانی کوڕی شێخ عەبدوسەلام داوای لە شێخ ئەحمەد کردووە، داواکاریەکانی لەبەرانبەر حکومەت کەم بکاتەوە.

CO 730/157/6

**له راپۆرتی هەواڵگری سەربازی وەرگیراوە**

**"کوردستانی ناوەڕاستو باکور"**

**١٨٩ راپەڕین لە هەکاری**

لە وەڵامی ئەو نامەیەی قایمقامی زیبار بۆی ناردووە، کە شێخ ئەحمەد بە دەستێوەردانو پیلانگێڕ لەو رووداوانە تۆمەتبار دەکات، شێخ ئەحمەد وتویەتی: بە هیچ شێوەیەك دەست لە کاروباری ناوچە سنووریەکان وەرنادات، لەگەڵ ئەو نکۆڵی کردنە، ئەو راپۆرتانەی لەو بارەیەوە هاتوون، جەخت لەوە دەکەنەوە، کە شێخ ئەحمەدو لایەنگرانی لەو تاوانەی ئاراستەیان کراوە بێتاوان نین، مەفرەزەیەکی بارزانیەکان بە سەرۆکایەتی شەریف ئاغای زیباری چوونەتە ناو خاکی تورکیو ئەو مەفرەزەیە لە ٨ی ئاب گەڕاوەتەوە، لەگەڵ خۆیان ٣٠ باریان هێناوە، کە هێزەکانی تورکی لە کاتی کشانەوەیان لە نەهری بەجێیانهێشتووە.

دەڵێن ئێستا قەزای شەمدینان هیچ سەربازی تورکی لێ نیە، ئەو یەکەی بۆ ئەوێ تەرخان کرابوو گوازراوەتەوە بۆ (جوولەمێرگ)، ئەمە لە کاتێکدا هێزەکانی تورکی لە دەوروبەری (سلۆپیو شەرناخ) کشاونەتەوە.

ئەفسەری هەواڵگری سەربازی بەریتانی — موسڵ

File No. 13/14 vol. lx. Secret Kurdistan policy. New Delhi. India

**نهێنی**

**لە: ئەفسەری هەواڵگری بەریتانی – موسڵ ١٩٣٠/١/٣١** Ref: I/m/42

**بۆ: هەواڵگری سەربازی . هێزی ئاسمانی**

**بارەگای سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی، لقی ئێراق، هیندی**

**فەرماندەی فەسیلی گروپی فڕۆکەوانی (سرب الگائرات)، ژمارە (٣٠) هێزی ئاسمانی، لقی موسڵ**

**ئەفسەری هەواڵگری بەریتانی. موسڵ**

**بابەت: کۆمەڵی پشتیوانی کوردستان**

نوسخەیەکی وەرگێڕدراوو بڵاوکراوەی ئەو بەیاننامەیەتان بۆ دەنێرم، کە (کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان) لە بەرواری ١٩٣٠/١/١٨ دەریکردووە، نوسخەی ئەسڵی ئەو بەیاننامەیەمان بە یارمەتی پۆلیسی موسڵ دەستکەوتووە، ناوە کورتکراوەکەی (کۆمەڵە) بریتییە لە K.P. K

لێدوان: لە دوای بەدواداچوون لە سەر ئەو بابەتە گەیشتمە ئەو قەناعەتەی نەتەوەخوازانی عەرەب لە پەیوەندی پتەودان لەگەڵ (کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان)، نەتەوەخوازانی عەرەب دەیانەوێ لە رێگەی نیشتەجێکردنی ئاشوریەکانەوە لە ناوچە کوردەکان، کورد دژی ئینگلیز بوروژێنن، بە پێی ئەو زانیاریەی هاتووە، یاسین پاشا لە رێگەی دکتۆر جەمال دەلالی، کە دەستی باڵای هەیە لە موسڵ سەرکردایەتی ئەو بزاڤە دەکات، دەڵێن غیاسەدین کوڕی شێخی بامەڕنی ئەندامە لەو کۆمەڵەیە، شێخ ئەحمەدیش پشتگیری بێ سنووری لە (کۆمەڵەی پشتیوانی) کردووە، داوای لە هەموو سەرۆك هۆزەکانی دۆستی خۆی کردووە پشتگیری ئەو کۆمەڵەیە بکەن. ئێستا کۆمەڵە گفتوگۆ دەکات دەربارەی دۆزینەوەی رێگەچارەیەك بۆ

درووخستنەوەی ئاشوریەکان لە کوردستان، بەڵام نایانەوێ بۆ دەرکردنی ئاشوریەکان هێز بەکاربهێنن، چونکە ئەوان سەرەڕای پشتگیری بەریتانی چەکیان هەیە، لەگەڵ ئەوەدا کورد هەن هاوسۆز نین لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە، دژی هەموو جۆشدانێکی کوردانن بۆ دژایەتی ئاشوریەکان، لە راستیدا ئەم توێژەی دوایی لە کوردان هاوپەیمانیەتی لەگەڵ یەزیدیو ئاشوری پێك دەهێننو تێدەکۆشن بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

**واژۆ**

**نەقیب باولیت کنگ**

# بەیاننامەی (کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان)

## ژمارە (٦) بەرواری ١٩٣٠/١/١٨

## هەواڵی بەپەلە

عەمید لۆرانس ناسراو بە (سۆفی جەمالەدین) لە تورکیاوە گەیشتە رەواندز، دەڵێن بە رێگەوەیە بەرەو ئێران، نابێ ئەو سەردانە گوماناویە نادیدە بگرین، عەمیدی بەریتانی دەیەوێ کورد دژی ئێراق‌و ئێران ببزوێنێ، داوا لە هەموو لایەك دەکەین ئاگاداری جولانەوەی گوماناوی ئەو بن.

کارتۆن: کارتۆن جۆن بۆلی ئینگلیزی، سەربەخۆیی کوردی بە شیوەیەکی بچوك خستۆتە ڕوو، جۆن دەڵێ: سەربەخۆیی کورد واتە ئەو بەڵێنانەی پێی دراوە لە مەڕ فێرکردن‌و نەهێشتنی نیشتەجێکردنی ئاشوری‌و ئازادی‌و خۆشگوزەرانی‌و ئەو مافەی لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بە کورد دراوە.

ناوبراوی بەریتانی: ئەی کورد وەرە سەربەخۆیت بدەمێ، بەو بەڵێنانەی لە بارەی فێرکردنەوە پێت دراوە، قەدەغەکردنی نیشتەجێکردنی ئاشوری‌و ئازادی‌و خۆشگوزەرانی، ئەو مافەی لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە پێتدراوە، دەستت بێنە چی دەتەوێ پێتی بدەم، بەڵام منیش چەند هەنگاوێکم بەم نزیکانە لێت دەوێ.

کوردی بچوك: مامی خاوەندار ئەو سەربەخۆییەی کە بە ئێمەتان داوە، زۆر بەو سەربەخۆییەی رابردوو دەچێت، کە وێرانی‌و پەرتەوازەیی خانەوادەکانی بە دوای خۆیدا هێنا، بۆیە ئەو سەربەخۆیەمان ناوێ‌و ئێستا پێم بڵێ چیت دەوێ بۆتی بکەم؟

مامی خاوەندار: ئێران گورزێکی بەهێزی هاویشتووە، قامچی لە عەرەب بدەو دوژمنکاریان مسۆگەر بکە، دەبێ ئەوە بزانی ئەگەر سکاڵا لە بەرانبەر یەکێك لەو دەوڵەتانە

بكەی بە فرۆكە بۆردمان دەكرێی، بەڵام تورە مەبە، چونكە ئاكام خۆشگوزەرانیەو حكومەت لە دوای وێرانە لە ناوچە دەشتاییەكانی نیشتیمانەكەتە.

هەروەكو لە رۆژنامەی (البلاد) بلاوكراوەتەوە دلنیایین، بەردی بناغەی مەملەكەتی ئاشوری لە سەر خاكی مێژوویی دامەزراوە، بەڵام حكومەتی ئێراقی بە رەسمی بەو پیلانە نازانێ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو بەڵایە زۆر لە سەرۆك هۆزە كوردەكان مەزبەتەیان داوەتە حكومەت، داوایان كردووە رەوانەی كۆمەڵەی گەلان بكرێ، بەڵام خاوەنی فەرمان قایمقامی رەواندز، ئەو مەزبەتانەشی دەست بە سەراگرتووە، هەڵگری ئەو مەزبەتانەی بە شێوەیەكی نا یاساییو ناشایستە زیندانی كردووە، وەكو تاوانباری سیاسی مامەڵەی لەگەڵدا كردووە، كە زیانی لە ئاسایشی ناوخۆ داوەو بۆ هەولێر دووری خستۆتەوەو زۆری زوڵم بەرانبەر كردووە.

كوردی بچوك: وەكو نوێنەرانی ئێراق پرسیارتان لێدەكەم، كە ئایا ئەوەی داوای مافی خۆی بكات شایستەی ئەو جۆرە مامەڵەیە؟ داوامان لە وەزیری ناوخۆ، كە ئەگەر ئەو مەزبەتانە گەیشتوونەتە شوێنی خۆیان، هەڵگری ئەو مەزبەتانەمان لە زیندان بۆ ئازاد بكاتو لە هەولێكی نائاسایی وەڵامی ئەو مەزبەتانەمان بۆ وەربگرێتەوە، ئەگەر مەسەلەی نیشتەجێكردنی ئاشورییەكان نادیدە دەگرن ئەوە مەسەلەی فەلەستین لە ئایندەیەكی نزیكدا لە كوردستان دووبارە دەبێتەوە، حكومەت لە مەڕ ئەو بەڵایەی لە سەر خاكی روودەدات بەرپرسیار دەبێ بەرانبەر مرۆڤایەتیو زیان بە ناوبانگی دەگەیەنێت.

13/14 Vol. Secret. Kurdistan policy. New Delhi. India ،File No

**نامەیەك لە مارف چیاوك**

**بۆ: کابتن هۆلت، گەرەکی بارودی، ژمارە (٤٩/١٦٤)**

**بەغدا ٥ی شوباتی ١٩٣٠**

**لە دوای ریزی زیاتر**

ئێوارە ویستم سەردانت بکەم، هاتمە نوسینگە بەلام نەمتوانی شەرەفمەندبم بە دیتنی ئێوە بۆ قسەکردن لە سەر چەند بابەتێکی گرنگ، ئەمرۆ بە هۆی نەخۆشی ناتوانم جارێکی دیکە سەردانتان بکەم، هاوپێچی ئەم نوسراوە، داواکاریەکە بە نامە بۆ بەرێز نوێنەری بالا، هەروەکو ئاگادارن هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە داواکاری تایبەتی هەبێت، ئێمە وەکو نوێنەرانی گەلی کورد ناچارین ئەو بارودۆخەتان بۆ روون بکەینەوە، کە بە سەر ولاتماندا تێدەپەرێ. دەپرسی بۆچی نوێنەرانی دیکەی کورد داواکاری پێشکەش ناکەن، ئەمە وەلامی منە، هەر جارێ ئەو پرسیارەیان لێدەکەی دەلێن:"ئەو داواکاریانە باشن‌و گوزرارشت لە راستی دەکەن بەلام لە ژیانی خۆمان دەترسین، نامانەوێ خۆمان بخەینە بەر مەترسی، داوای لێبوردن دەکەین لە واژۆی لەو جۆرە"، بە دلنیاییەوە ئێمە دەسەلاتمان بە سەر ئەوان‌و خەلکی دیکەدا نیە، بەلام هەولّ دەدەین وێژدانی خۆمان رازی بکەین لە بەرگری لە مافەکانی کورد.

File No، New Delhi India. Secret Kurdish Policy. Vol. Vll. 13/14

**وەزارەتی ناوخۆ ١٦ی شوباتی ١٩٣٠**

**یاداشتنامە، نهێنی، ژمارە (٦٤٦)**

**بۆ: پشکنەری ئیداری بەریتانی، هەولێر**

**پشکنەری ئیداری بەریتانی، کەرکوك**

**پشکنەری ئیداری بەریتانی، موسڵ**

لەگەڵ هاوپێچی ئەو نامەیە، بەیاننامەیەکتان بۆ رەوانە دەکەین، کە بۆ ژمارەیەك لە بەرپرسانی بەریتانی لە ئێراق نێردراوە، بەپێی زانیاری ئێمە ئەو بەیاننامەیە لەلایەن ئیسماعیل هەقی ئامادەکراوەو کەمال حوسێن نوسیویەتی، هەردووکیان لە یەکەکانی سوپای ئێراقی نیشتەجێی موسڵن.

لەگەڵ ئەوەدا دڵنیانین، بەڵام وەکو بەدەردەکەوێ ئەو نامەیە لە سەر ستێنسڵ لە موتەسەریفیەی موسڵ کۆپی کراوە، ناردوویانە بۆ کەسێك لە بەغدا هەتا بڵاوی بکاتەوە، ئەگەر هەر لێدوانێکتان لە سەری هەیە بۆمی بنێرن.

**واژۆ**

**راوێژکار لە وەزارەتی ناوخۆ**

**نوسخەیەك بۆ: بەرێز نوێنەری باڵای بەریتانی لە ئێراق**

**موقەددەم، جی، ئایف، ولکن**

**پشکنەری ئیداری پۆلیس لە بەغدا**

## گەمەی کوردان

ئێمە لەوە تێگەیشتوین کە کوردستان نیە، بەڵام دەڵێن ئایا کوردستان هەیە؟ هێچ شتێك نیە ناوی کوردستان بێت، لە کۆنەوە کوردستان یان گەلێك بە ناوی کوردەوە نەبووە، ئەگەر لە کۆنەوە کورد شتێکی هەبوبێت بە ناوی هێماو کەلەپورو مێژووو ئەدەبو نەریتو پیاوی ناودارو خاكو نیشتیمان، ئەوە ئەمڕۆ زمانو نوسینو ئەبجەدیەتی تایبەت بە خۆشیان دەبوو، بەڵام هیچ لەو شتانەیان نیە، چونکە خاوەنی قەوارەی نەتەوەییو میللەتێك نین بە ناوی کورد. کەواتە چۆن دەتوانین بڵێین کوردستان؟ ناوی کوردو کوردستانمان بە تەنیا لەو دوو سەدەیەی دوایی بیستووە، کەواتە چۆن جۆری ئەو قەوارە نەتەوەییەمان گوێ لێ دەبێ؟ لە راستییدا ئاسان نیە باسی کوردوکوردستان بکەین، چونکە گەلێ شکستخواردووە خاوەنی ناسنامە نیە، بەڵام هەر کاتێ ناوی کورد دێتە بەر نیگا، ئەوە وەکو مسوڵمان، پیاوکوژ، تاوانبار، ئاژەڵو خوێنمژ، وەحشی لە بەرگی مرۆڤ، کورد گروپێکی زۆر سەرەتایین تینوی خوێنی مەسیحیو لە ناوبەری ئەرمەن ناسراون، زۆربەی وا باسی کورد دەکەن، کە رەگەزێکی تێکدەرو دوژمنی ژیارو پێشکەوتنو مرۆڤایەتیە، خواستی هەمیشەیی خوێنڕشتنە، ئەگەر نەیتوانی خوێنی ئاشوری یان ئەرمەن بڕێژێ، ئەوە خوێنی تورکی شارستانو پارێزەرێکی عەرەب دەڕێژن، کە لە ئەو شارستانیترن، ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو لە سووتاندنی گوندی ئەرمەنی یان ئاشوری، ئەوە تورکی مسوڵمان دەکوژن، هەر بۆیە وا باس دەکرێن، کە کورد یاخیو یاسابەزێنو کوردستان سەرچاوەی ئاژاوەو وێرانەو هەڵگەڕانەو شۆڕشن.

ئەگەر کوردێك لە ماڵی خۆی رۆژی مرۆڤێکی نەکوشتو خوێنی نەمژیو کەللەسەری نەکاتە جامو ئاوی پێنەخواتەوە دڵی ئاسۆدە نابێ، هەندێ وادەبینن، لاشەی قوربانی لە لای کورد خواردنو ناڵەی نایەی مۆزیکە، کورد لەزەت لە دەنگی ناڵەی گیان کێشانی مردو هاواری سەر بڕاو وەردەگرێ، کورد خانووی لە کەللە سەری مرۆڤان دروست دەکەنو بنمیچی بە ئێسکان دەگرن، کوردو گەورەکانیان بە پرچی ئافرەتانو کچانی قوربانی دڵخۆشن، بەپێچەوانەی هەموو دابو نەریتی دیکە میوانەکانیان سەردەبڕنو وەکو بەرخ گۆشتەکەی دەخۆنو خوێنی دەخۆنەوە، لە بەر ئەو هۆکارانەیە دەڵێن کوردستان بیابانی بە هەشتیانە، ئەم حالەتەی کورد بە بەراورد بکەین لەگەڵ هیندیە سورە سەرەتاییەکان دەبینین لە بەرانبەر کورد زۆر شارستانیو باشترن، هەتا باڵندەش لە بەر کوردی تینووی خوێنو خراپیان ناتوانێ لە چیاکانی کوردستان

بژی، به بۆچوونی ئەوانەی پێیان وایە کورد هەمیشە وەکو دڕندەو کوندەپەپوو بە دوای نێچیرەوەیە، کوندەپەپوو گۆشتی مرۆڤ ناخوات، بەڵام کورد گۆشتی مرۆڤ دەخوات، وەکو خواردنەوەی ئاوو شیر دوودڵ نین لە خواردنی خوێنی قوربانیەکان.

**بەڵی هەر لە بەر ئەوەی لەبەرانبەر دووژمنەکان شکاوین ئەو وێنە ناشیرینەتان پێداوین.**

سەرەڕای ئەو پڕوپاگەندانەی، کە گوایە کوردو کوردستان نیە، کوردستان هەیە، کورد لە تورکیا لە سیواس، خەربوت، ئەرزەرۆم، وان، بەدلیس، دیاربەکر، لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، ناوچەکانی بیردیارو... بورستان لە کوردستانی ئێرانو ئەرارات دەژینو ئەو ناوچانە بەشێکن لە کوردستان، کورد لە ئێراق لە ولایەتی موسڵ، هەولێر، قەزڵ ئاباد، شارەبان ، لە ئەنقەرە، لە ئاویسی، ناوچەکانی قەوقازو ئەرمینیاو سنووری ئێرانی — ئەفغانی دەژین، وەکو پەناهێندە کورد لە بلوجستانو تورکستانیش هەن.

لە وڵاتی کورد دیمەنی دلڕفێنو لوتکەی چیای سەرکەشو ئاوهەوای مامناوەندیو کانی جوانو لەوەڕگا هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین کوردستان سیوسرای رۆژهەڵاتی نزیکە، بە راستی کوردستان بەهەشتی عەدەنی سەر زەویە، خاکی بەپیتو جۆرەها درەختو دارستانو کشتوکاڵی توتنو بێستانو هەنجیرو ترێو باویو گوێزو چەندان جۆر میوەی خۆشی تێدایە، گوڵو گولزارو گردو چیاو دەشتەکانی کوردستانی رازاندۆتەوە، لە وڵاتی ئێمە ئاژەڵی تێدایە بۆ کشتوکاڵ سوودی لێوەردەگیرێ، لە زۆربەی بەشەکانی وڵاتی کوردان ئاسنو رەژوو مسو خوێو دەریایەك لە نەوت لە خاکی کوردستاندا هەیە، وڵاتمان بایەخی سەربازیو ئابووری تایبەتی خۆی هەیە، ئێستا لە کوردستان لە ١٢ ملیۆن گەلی کوردی دێرین پێکهاتووە، یەزیدیو لورو باجوانو سارلیو شەبەكو نەستوریەکان لە گرنگترین لقەکانی کوردن، لەگەڵ ئەوەدا ئیسلام ئاینی زۆرینەیە بەڵام کەمینەی ئاینی وەکو یەزیدیو مەسیحیو جولەکە دەژین.

کورد مێژوو کەلەپورێکی دێرینی هەیە، ئەو گەلە دەچنەوە سەر گەلانی هیندۆ — ئەوروپیو لە رەگەزی ئاریەوە هاتوون، زمانی کوردی زمانێکی زیندووەو ئەو وڵاتەو گەلی کورد چەندان شاعیرو نوسەری رەسەنیان هەیە، کورد لە مێژووی کۆن بە میدیو ئۆراراتۆو ئەشکانیو قەشەو مارو پارسان ناسراون، هەروەکو پاڵەوانی رۆماو بەناوبانگترین

فەرمانڕەواکانی بابلو ئاشورو دامەزرێنەری شارستانیەتی کلدانو سریان کوردبوون، فینیقیەکانو میسریەکان لە کوردەوە ژیارو مرۆڤدۆستی فیربوون، کوردی گەرموگوڕی ئێران لەبەرانبەر شالاوی تۆرانو هیندیو یونانی کوردبوون، کورد مرۆڤایەتی فێرکرد چۆن بژینو بخۆنو زەوی بکێڵنو خانوو دروست بکەنو یاسا بۆ مرۆڤایەتی دابنێن، ئەوان کاری کانزاییان دۆزینەوە، سریانو میسریو فینیقی لە کوردەوە فێری پیتی ئەبجەدی بوون، کوردستان مەڵبەندی بازرگانی جیهانی بووە، ڕێڕەوی کاروانە بازرگانیەکانی چینو هیند بووە، کاروانەکانی ڕێگای وشکانی نێوان هەمەدانو کابولو لاهورو دەلهیو چینو ئەسکەندەریە کورد پاریزەری بووە، شاری (کرین)ی کوردی مەڵبەندی بازرگانی جیهانی بووە، زەردەشت بە وتەو حیکمەتەکانی ئازادی بە جیهان ناساند، شایەکانی ئێرانو خانو فیرعەونەکانی ئەو رژێمە کارگێریەی وڵاتیان پێ بەڕێوەبردووە لە کوردیان وەرگرتووە، کورد وڵاتی خۆی لە شالاوەکانی یونانیو سەلجوقیەکانو رۆمانو مەغۆل پاراستووە، لە سەردەمی زەینەفۆن کوردستان لە ئاستی ئاسمان بووە بەوەی وڵاتی پێشکەوتنو فیردەوسی زەویو ژیاری پەرەسەندووە، ئەوەی وتمان پشتئەستوورە بە نوسینەکانی زەینەفۆنی سەرکردەی ئەسکەندەری مەکدۆنی گەورە، بەڵام ئەمرۆ ئەو کوردانە دەستو زمانیان بەستراوو مافخوراون چونکە تێکشکاون.

کورد لە کۆنەوە شەڕکەری بە توانابوون، ببوونە هێمای کوشتارو سوارچاکی، هیچ گەلێك نیە لە پێشداو ئێستا لەو خەسلەتە شان لە شانی بدات، بەو رووحیەتە لە خۆراگری کە بابو باپیرانی کورد پێی ناسراون، عەزمو خۆراگری کورد بۆتە نمونەو سەرمەشق حەکیمانی هیندی باسی دەکەن، کورد بەرگری لە نەریتو شوناسی نەتەوایەتی خۆی کردووە، خۆڕاگری کوردان لە سالانی شەڕی یەکەمی جیهانی وێنەیەکی بەرزە لە قوربانیو جەنگو خۆبەکوشتدان، بەڵگەی رۆشنی ئەوەیە کە باسی دەکەین، بە پێچەوانەی ئەو پڕوپاگەندەی هەیە خیانەتو غەدرو کوشتنی میوان لە شەهامەتی کوردان ناوەشێتەوە. کورد بە خەسڵەتی بەرزو جوامێری ناسراوە، بەڵام گرفتی کوردان گیانی تۆڵەسەندنەوەیە، هەتا ٤٠ ساڵ تێدەپەڕی بە سەر ئەو زوڵمەی لێدەکرێ ئەگەری تۆڵە سەندنەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەخشندەیەو بە پاکیو دڵپاکی سنووری مافی خەڵکی دیکە دەزانن. گەلی کورد ئاشتیخوازو پێشکەوتووخوازن، لە گەلانی دراوسێ تورکو عەرەب زیاتر هۆگری شارستانیەت نەبن بە دڵنیاییەوە کەمتر نین، راستە نوشستیان هێناوە بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە لەو مافەی بە گەلانی دیکەی ناوچەکە دراوە ئەوان لێی بێبەش بن.

کورد بەرگری لە مافی نەتەوایەتیو لە کوردستان کردووە، لە ساڵی ١٢٤٢ەوە کەوتۆتە شەڕەوە لەگەڵ تورك، بزوتنەوەکانی بەدرخان لە بۆتانو بابانیەکان لە شارەزوورو شێخ عوبێدوڵلا لە شەمدینانو بزوتنەوەی مەلا سەلیم لە خێزان بەشێکە لەو ململانێیە، بزوتنەوەی شێخ عەبدوسەلامی بارزان (برای شێخ ئەحمەدی بارزان) لە ماوەی ١٩١٢-١٩١٤، کە رزگارکردنی هەموو بادینانی بە ئامانج گرتبوو، داوای لە ئەستەنبووڵ کرد زمانی کوردی بکاتە زمانی فێرکردنی ناوچە کوردنشینەکانو بەرپرسانی کورد لەو ناوچانە دابمەزرێنێ، ئەمە دوا هەڵقەی ئەو بەرگریەیە لە پێناو مافەکانی کورد، ئەوەی شایانی باسە والی موسڵ سلێمان نەزیف، بە سەرکردایەتی سوپای دوازدەی عوسمانیو هێزەکانی دیکە پێش سەرکوتکردنی ئەو بزوتنەوەیە، قیزەونترین تاوانی ئەنجامدا.

وەرگێڕانی ئەو وتارە درێژەو چەند لاپەڕەیەك کاتی زۆری دەوێ، لە بەر ئەوەی کاتمان نیە ناوەرۆکەکەی لە چەند خاڵێك پوخت دەکەینەوە:

١- بەردەوامی بزوتنەوەکانی کورد لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیو بزوتنەوەی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ لە کورستانی ناوەڕاست بەهاندانی ئینگلیز، ئاماژەیە لە سەر سووربوونی کورد بۆ بەرگری لە سەر مافی نەتەوایەتی لە کوردستان.

لێرەدا نوسەر باسی ئەو خزمەتانەی کردووە، کە کورد لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی پێشکەشی بەریتانیای کردووە.

٢- نوسەر ئاماژەی داوە، کە کورد لە ژەنگارو موسڵو کەرکوكو زێبار داوای دەوڵەتی کوردیان کردووە لە ژێر ئینتیدابی بەریتانی.

٣- ئەو هەوڵەی کومەڵە کوردیەکانی ئەستەنبووڵو میسرو ئەوروپا ئەنجامیاندا لە لایەن بەریتانیای خاوەن ویژدانی زیندوو لە بیر ناکرێ.

٤- نوسەر بەریتانیای بەوە تاوانبار کردووە، کە بەرانبەر ئەو خزمەتەی کورد بە حکومەتی بەریتانی کردووە، فەرامۆش کراونو داواکاریەکانیان نادیدە گیراوە، نوسەر دەڵێ: لە سەردەمی عوسمانی حاڵی کورد باشتر بووە لە ئێستا، وەکو بە دیاردەکەوێ کاربەدەستەکانی بەریتانی لە موسڵو بەغداو بەسرا نامێنن.

٥- نوسەر پرسیاری کردووە، بەوەی ئایا بەریتانیا سوود لە نەوتو کانزای کوردستان وەردەگرێ یان نا، کوردستان شوێنێکی ستراتیژی گرنگی نیە لە رێگەی بەیەکگەیشتنی لەگەڵ

هیند؟ هەروەها دەڵێ: ئایا کورد شایستەی ئەوەنین بچنە ژێر خزمەتی ئیمپراتۆریەتی گەورەی بەریتانی؟

٦- ئەوەی نیشانەکانی لە ئاسۆوە بە دیارکەوتووە، روسیا چاوی لە کوردستان بڕیوەو ئەگەری ئەوە هەیە تورکیا لەگەڵ کورد بگاتە رێککەوتنی ئاشتی، بەڵام ئایا حکومەتی بەریتانی بایەخ بەو کاروبارانە دەدات؟

٧- لە بەر ئەوەی حکومەت پشتیوانی ئاشورییەکان دەکات، چونکە لە جەنگدا لە کورد ئازاترن.

٨- نوسەر باسی لەوە کردووە، کە حکومەتی بەریتانی مەبەستیەتی ئاشوریەکان لە کوردستان نیشتەجێ بکات، نوسەر دەپرسێ چۆن ملیۆنان کورد لە خاکی خۆیان دووربخرێنەوە لە پێناو ١٥ هەزار ئاشوری، بەرانبەر ئەو خزمەتەی لە کاتی شەڕی گەورە پێشکەشیان کرد بەریتانیا پاداشتی ئاشوریەکانی دایەوە، بەڵام کوردیش هەمان خزمەتی کرد کەچی فەرامۆش کران.

٩- ئینگلیز بە پشتیوانی کورد دەستی بە سەر وڵایەتی موسڵدا گرت، خەڵکی کوردستانی باشور بە ناوی مرۆڤایەتیو شارستانیەتەوە داوایان لێکردین بەرگری لە نەتەوەکەیان بکەین.

١٠- دوژمنانی کورد دەیانەوێ ناکۆکی بخەنە نێوان کوردو حکومەتی بەریتانی، بۆیە کورد داوا لە بەرپرسانی بەریتانی دەکات ئاگاداری ئەو راستیە بن، دەست پێشخەری بکەن لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بە سەرپەرشتیاری بەریتانی، ئەگەر ئەوە بکەن کورد دەبێتە پاسەوانێکی دەستپاك بۆ بەرژەوەندیەکانی بەریتانی دژی چاوتێبڕینی روسی لە کانە نەوتەکانی کەرکوك.

**زۆر نهێنی**

CO|370|157|7.

**ژماره ۳۰۳۱– ۲۰ ئەیلولی ۱۹۳۰**

**بۆ: سەعادەتی وەزیر Plenipotentiaryو کۆمیساری باڵای باڵوێزخانەی ئێراق لە ئەنقەرە–تورکیا.**

دانەیەکتان لەو بیرخەرەوەیە بۆ دەنێرم، کە گفتوگۆی نێوان سەرۆك وەرزیران "ئێراق"و عیسمەت پاشا "سەرۆك وەزیرانی تورکیای جێگری مستەفا کەمال"و هێژا تۆفیق روشدی بۆ چەند بابەتێکی جێی بایەخی ئێوە ئەنجام دراوە.

**واژۆ/ نوری سەعید**

**وەزیری ئێراقی بۆ کاروباری دەرەوە/ بەغدا.**

**/20ئەیلولی ۱۹۳۰**

**وەزارەتی کاروباری دەرەوە– ئێراق. زۆر نهێنی**

**بەغدا/** 3032. No

## بیرخەرەوەیەك لە سەر وتوێژەکانی نێوان نوری سەعید پاشاو سەرۆك وەزیرانی تورکی و وەزیری کاروباری دەرەوە

لە گفتوگۆکانم لەگەڵ عیسمەت پاشاو دکتۆر تۆفیق روشدی جەختم لە سەر سێ تەوەرە کردەوە، کە دەتوانم بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە کورتیان بکەمەوە:

١/ مەسەلەی ئەرمەن لە سەر سنووری ئێراقی- تورکیو پەیوەندی بە رێککەوتنی سێ قۆڵییەوە: وادیارە تورکیا زۆر سوورە لە سەر ئەوەی دەرفەت نەدات بە خراپەکارانی ناوچەی ژێردەسەڵاتی شێخی بارزان لە کاری دوژمنکاری، سەرم سوڕما ئەوانە هێندە سوور بوون لە سەر ئەو بابەتە، چونکە باش دەزانم شێخی بارزان ماوەیەکی زۆرە پشتیوانیو چەك لە هەرێمەکانی سنووری تورکیاوە وەردەگرێ، عیسمەت پاشا پرسیاری لێکردم، کە ئایا بەڵگەم پێیە بۆ پشتیوانی ئەوان لە شێخی بارزان یان هەر تەنیا قەناعەتێکە، وتم: بەڵگەم پێ نیە، بەڵام هەندێ هۆکار هەن ئەو باوەڕەیان لادروست کردووین، وتم: هەندێ سەرۆك هۆزی کورد لە پەنا دەسەڵاتداریەتی تورکی هاوکاری بۆ شێخ ئەحمەدی بارزان دەنێرن، پێشنیازم کرد کە حکومەتی ئێراقی هیچ رێوشوێنێك دژی شێخی بارزان ناگرێتە بەر، هێزەکانی تورك لە سەر سنوور یاخیبوان دەگرنو دەیاندەنەوە دەست دەسەڵاتدارانی ئێراقی، سوپاسم کرد بۆ ئەم ئامادەییە، ئەگەر حکومەتی ئێراقی رێوشوێنی چاوترساندن دژی شێخی بارزان بگرێتەبەر، ئەوە وەرزی بەهار باشە نەك وەرزی پاییز، چونکە لەم وەرزەدا باران زۆر دەبارێو رێگاوبان ناخۆشەو شوێنە دوورە دەستەکان ئەوکات ناگەڕێنەوە بندەستی دەسەڵاتی ناوەندی. هەموو ئەو هۆکارانە لەو کاتەدا رێگرن لە بەردەم حکومەت بۆ ئەنجامدانی چالاکی سەربازی، ئەگەر بە هۆی ئەو هۆکارانەوە چالاکیەکان رابگیرێ، ئەوە بارەکە ئاڵۆز دەبێتو چالاکیە سەربازیەکان درێژ دەبێتەوەو سەرکەوتن ئەستەم دەبێت. لە ئەیلولی ١٩٣٠ هەڵسوڕاوی کاروباری تورکی پەیوەندی پێوەکردم هەتا هەواڵم

بداتی کە چالاکیە سەربازیەکانی ئەم دوایە دژی هەڵگەڕاوە کوردەکانی ئارارات کۆتایی هاتو ئێستا هێرش بەرەو ناوچەی رۆژئاوای دەریاچەی وان دەستی پێکردووە، ئومێدم وایە بە زوویی کۆتایی بێت، دوایی هەڵسوڕاوی کاروباری تورکی پێی وتم: بابەتی گرنگ ئامادەکاری هێزەکانی تورکیایە لە سەر سنوور بۆ دەستپێکردنی چالاکیە سەربازیەکان دژی شێخی بارزان، سوپاسم کرد بۆ ئەو کارەو دڵنیایم دایە ئێستا لە بەر ئەو هۆیانەی روونم کردەوە بیرۆکەی هێرشی لەو جۆرەمان نیە، بەڵام ئەگەر حکومەتی ئێراقی بڕیاری ئەو چالاکیە سەربازیانە بدات مانگی مایس گونجاوترین کات دەبێت.

٢/ مەسەلەی نەوت: بۆ وەڵامی ئەو بیرخستنەوەی حکومەتی تورکی دابوویە هەریەك لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیو حکومەتی ئێراقی، لە سەر ئەو بابەتە سەرۆك وەزیرانی تورکی کۆمەڵێك پرسیاری لێکردم، منیش هەڵوێستی خۆمانم بۆ روونکردنەوە، پێم وتن: من هەندێ مەرجی زیادەم لە سەر کۆمپانیای نەوتی بەریتانی داناوە، ئەوەی بەر لە کاری پاڵاوتن لە پێشەوە هەندێ پارە بدرێ، ناوچەی ئیمتیازاتی نەوت ئەمڕۆ زۆر لەوەی کۆن کەمترە، هەتا حکومەتی ئێراقی خۆی بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی ئێراق بە هۆی کۆمپانیای بەریتانییەوە بە دەستی دەهێنێت دەتوانی بە سوودێکی کەمتر نەوت دەربێنێو بیپاڵێوێ، بەئاشکراو بەتەواوی بۆ حکومەتی تورکیم روونکردەوە، کە لە زووەوە بەرژەوەندی حکومەتی ئێراق لە دەرهێنانی نەوت زۆر زیاترە لەوەی بەرژەوەندی تورکی، بۆیە حکومەتی ئێراقی بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە هەرچی لە توانایدایە دەیەوێ بە زوویی بیگۆڕێ.

٣/ مەسەلەی رێککەوتننامەی ئابووری نێوان ئێراقو تورکیاش هاتە گۆڕێ، بە سەرۆکی وەزیرانی تورکیم وت: ئەو پڕۆژەیەی بەم دواییە رێکخرا پێش پێنج مانگ درایە حکومەتی تورکی بەڵام وادیارە بەڕێوەبەرایەتیە پەیوەندیدارەکان لە ئەنقەرە نەیانتوانیوە وەڵامێکی باش بۆ ئێمە ئامادە بکەن. وەزیری تورکی سوور بوو بۆ زیادکردنی بەندێکی دیکە بۆ ناوەڕۆکی رێککەوتننامەکە، کە پەیوەستە بە مافی نیشتەجێبوون، منیش بەڵێنم پێدا، کە گەڕامەوە بەغدا لەو بابەتە بکۆڵمەوەو وەڵامیشت بدەمەوە. هەروەها دەمەوێ ئاماژە بدەم، کە کاتی گفتوگۆم لەگەڵ هەڵسوڕاوی کاروباری تورکی لە١٨/ئەیلولی ١٩٣٠ رەزامەندی تەواوی لە سەر رێککەوتننامەی تازەی قەزایی دەربڕی، کە حکومەتی ئێراقی واژۆی لە سەر کردبوو، منیش لە سەر ئەو دەستکەوتە پیرۆزبایم لێ کردن.

**واژۆ/ نوری سەعید وەزیری کاروباری دەرەوە**

**بۆ زانیاریتان دانەیەك بۆ: سەرۆکی دیوانی مەلەکی وەزارەتی ناوخۆ**

## دانەی ١١/١٧٤

## نامەی تەرجەمەکراوی ژمارە (٧٢١) بەرواری ١٩٣١/١٢/٢١

## لە: موتەسەریفی موسڵ

**بۆ: وەزیری ناوخۆ**

وەکو بە دیاردەکەویٚ شیٚخ ئەحمەد لە بارودۆخیٚکی شپرزەدایە، پەیوەندی بە هەردوو قایمقامی بەبیتو شەباب‌و شەمدینانەوە کردووە، هەتا لە لای دەسەڵاتدارانی تورکی تکای بۆ بکەن، کە ئەگەر ناچار کرا بە کۆچ بۆ تورکیا ریٚگەی پیٚبدەن بچیٚتە ناو خاکی تورپیاوە، لە ریٚگەی قادراغای شوش لە پەیوەندی شیٚخ ئەحمەد بە دەسەڵاتدارانی تورکیەوە دڵنیاکراینەوە، ئەمەش لە ریٚگەی ناوەڕۆکی بروسکەی بەڕیٚوەبەری ناحیە بە بروسکەی ژمارە (٦٠٢٨)ی ١٩ی ئەم مانگە. لە بروسکەی ناوبراودا هاتووە: شیٚخ ئەحمەد لە ریٚگەی یەحیا بەگی زرین نامەیەکی بۆ قایمقامی شەمدینان ناردووە، داوای پیٚشوازی‌و پاراستنی بۆ خۆی‌و خیٚزانەکەی کردووە، لە بەرانبەردا ئامادەیە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی حکومەتی تورکی بیٚ.

بە پیٚی ریٚککەوتننامەکانی پیٚشوو، بەرپرسانی هەردولا وریاکرانەوە لە مەترسی پەیوەندیکردن بە هۆزەکانی ناوچە سنووریەکانەوە، ناکریٚ دەسەڵاتدارانی تورکی بە پیر خواستی شیٚخ ئەحمەدەوە بچیٚن، واباشترە حکومەتی تورکی چاو بەو مەسەلەیەدا بخشیٚنیٚتەوەو ریٚوشویٚنی پیٚویست بگریٚتەبەر.

حەزدەکەم لەو رەهەندەوە سەرنجتان بۆ کۆبوونەوەی چوارەمی تورکی — ئیٚراقی رابکیٚشم.

**نوسخەی ١١/١٧٤- ١٤٤٦٣٧**

**ژمارە (١١٧٩٢)**

**لە: نوسینگەی نوێنەرایەتی باڵای بەریتانی ئێراق – بەغدا، ١٩٣١/١٢/٣**

**بۆ: وەزارەتی: کاروباری دەرەوە**

**بەڕێز: حەنا خەیات**

## نامەی نیمچە رەسمی ژمارە (٦٧٣٤)، ٣١کانونی یەکەمی ١٩٣١

لە بروسکەی موتەسەریفی موسڵ ژمارە (٧٢١)ی بەرواری ١ی کانونی یەکەمی ١٩٣١، کە ئاماژە بە وەڵامی قایمقامی بەیتو شەبابو شەمدینان کراوە بۆ شێخ ئەحمەد، بە بۆچوونی نوێنەری باڵای بەریتانی پێویست ناکات حکومەتی ئێراقی هیچ سکاڵایەك دژی حکومەتی تورکی لەم باردۆخەی ئێستا تۆمار بکات.

هەتا ئەگەر قسە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکی کرا، پێویستە جەخت لە سەر ئەوە بکرێتەوە، کە حکومەتی ئێراقی گومانی باشی بە تورکیا هەیە، هەرچۆنێك بێت لەو باوەڕە دانیە پشتگیری شێخ ئەحمەد بکات.

دڵسۆز

ئایم، ستۆرج

**نوسخەی ١٤٤٦٣٧ ١١/١٧٤**

**بارەگای سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی – هۆبەی ئێراق– هیندی، نهێنی.**

**لە نامەی شەخسی  بە ژمارە ئای،ئایس ١٠٣٧١/٤، دەرچووی ٦ی نیسانی ١٩٣٢وەرگیراوە**

**لە: ئەفسەری سەرپەرشتیاری سەر بە هێزی ئاسمانی مەلەکی بەریتانی – بەغدا.**

**بۆ: سەرۆکی ئەرکانی هێزی ئاسمانی**

٢-پرۆسەی پاککردنەوەی ناوچەی بارزانو گەڕاندنەوەی ئارامیو ئۆقرەیی مەسەلەیەکە پەیوەندی بە کاتەوە هەیە، هەوڵماندا حکومەتی ئێراقی رازی بکەین ئەو کردە سەربازیانە ساڵی رابردوو ئەنجام بدات، چونکە ورەی هێزەکانی ئێراقی دوای چالاکیە سەرکەوتووەکان بەرانبەر شێخ مەحمود زۆر بەرز بوو، بەڵام حکومەتی ئێراقی کە بەگومان بوو لە نیازپاکی حکومەتی بەریتانی لەو بارەیەوە خۆی خافڵاند، هەتا ناچاربووین نەخشەکە هەڵبوەشێنینەوە، بەڵام هەوڵمدا هەموو ئامادەکاریەك بکەم هەتا لە سەرەتای بەهاردا بە مسۆگەری دەست بەو چالاکیە بکرێ.

٣- منو هەمفریس کە ئەو چالاکیە هەتا دەکرێ پرسێکی ئێراقی بێ، رۆڵی هێزی ئاسمانی بەریتانی سنووردارب‌ێو هاوکاری هێزەکانی ئێراقی بێ، لەگەڵ ئەوەدا بەڵێنم داوە فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی بەریتانی هاوکاری شەڕگەکان بکەن، بەڵام بۆ هەموولایەك رۆشن بێ ئەو پشتیوانیە زۆر سنووردار دەبێ. ئەو نەخشەیەمان بۆ ئەوەیە هەتا هێزەکانی ئێراقی لە سەر شەڕی ناوچە شاخاویەکان پرۆڤە بکەنو هێزەکانی ئێراقی دەرفەتیان بدرێتێ هەیبەتی خۆیان

بسەلمێننو ئیرادەی خۆیان بە سەر کوردەوە فەرز بکەن، ئێمە هەتا ئێستا پێمان وایە دەبێ لە کاتی پیویست بەشدار بین.

٤- لە سەر ئەو بنەڕەتە نەخشەم بۆ چالاکیەکان داناوە، دەبێ بە پێی ئەو قۆناغبەندیە بێ هەتا ئارامیو ئۆقرەیی بگەڕێتەوە.

لە قۆناغی یەکەمدا ئەو ناوچەیە داگیر بکرێ، کە لە نەخشەی تۆبۆگرافی رەنگاو ڕەنگ بە (شێروان) دیاری کراوە، لەگەڵ پاککردنەوەی ناوچەکە بە قۆناغو کردنەوەی بارەگای پۆلیس لەو ناوچانەی لە نەخشەی هاوپێچی "أ، ب، ت" ئاماژەی پێکراوە.

قۆناغی دووەم لەو چالاکیە هاوشێوەی ئەو رێوشوێنانەیە، کە لە باکوری رۆژهەڵاتی شێروان گیراوەتە بەر، لە ناوچەی شێروانی مەزن کە لە نەخشەی "مزوری باڵا" ئاماژەی پێکراوە.

بەڵام قۆناغی سێیەم پاککردنەوەو کۆنترۆڵکردنی ناوچەی بارزان خۆیەتی، کە لە نەخشەی ناحیەی بارۆش ئاماژەی پێکراوە.

٥- پێشتر راپۆرتێکم لە سەر پرۆسەی چالاکیەکان وەرگرت هەتا گەیشتنی هێزەکان بە پاریسیا، لە نەخشەیەك بە خاڵی "ب" لە ناوچەی شێروان ئاماژەی پێکراوە. ئەمە لە کاتێکدا تابورێك لە هێزەکانی سەربازی توانیان بنکەیەکی سەربازی لە میرگەسوور دابمەزرێنن، لە ٣٠ی ئازار هێزەکانی ئێراقی لە مێرگەسوورەوە بەرێوە بۆ پاریسیا بە ئاراستەی (ژاژۆك) پێشرەویان کرد، بەڵام بە هۆی ئاوهەواوە هەتا ٣ی نیسان لە شوێنی خۆیان مانەوە.

٦- سەرۆکی تابور گەیشتە پاریسیا، دوای ئەوەی هێزی بارزانیەکان هێرشیان بردە سەر پشتەوەی ئەو هێزەو هاوکاریان لێ بڕی، هەڵەی گەورە ئەوە بووە، ئەو هێزانەی لە رەبیەکانەوە بە سەر رێگەکەیان دەڕوانی پێش تێپەڕبوونی ئەو کاروانە شوێنی خۆیان چۆڵ کرد، لەگەڵ هێزەکانی ئێراقی چاوەڕوانی هێرشی لەو جۆرە نەبوونو تووشی شپرزە بوون، لەو کاتەی ئەو کاروانە بەرەنگاری هێرش بوونەوە هەڵاتنو کەرەستەو ئۆتومبیلەکانیان لە ناوچەکە بەجێهێشت، یاخیبوان ئەوەی تێیدا بوو تالآنیان کرد، ئەو هێزەی لە شوێنی خۆیان سەنگەریان گرت لە پشتەوە پێشرەوەی نەکرد، وەکو بەدەردەکەوێ بارودۆخەکە زۆر مەترسیدار بووە، دوای ئەوەی گوێبیست تابورەکە رووبەڕووی هێرش بۆوە بە تەواوی بێسەرەو بەرەیی تێکەوت، هەموو فرۆکە جەنگیەکان بۆ تێپەڕاندنی ئەو حالەتە چوونەتە باکور، لە سەعات دووو نیوەوە هەتا تاریك داهات بۆردوومانی پێگەی هێزی بارزانیەکانیان کردووە، گومانی تێدا نیە فرۆکەکانی سەر بە هێزی مەلەکی بەریتانی ئەو هێزەی لە تێکشکانێکی گەورە دەرباز کردووە، لەگەڵ

ئەوەدا یاخیبوان زۆربەی کەرەستەی کاروانەکەیان لە خۆراكو خێمەکانیان تالاّن کردووە، نازانم لە رووی تەقەمەنیەوە زیانیان پێکەوتبێ، دوای ئەوەی دوژمن لە ژێر فشاری بۆردومان کشانەوە تابووری سەربازی بۆ رۆژی دوایی پێشرەوەی کردو گەیشتە پاریسیا،

٧- بەلاّم ئەو تێکشکانە بچکوکەی باسم کرد ورەی هێزەکانی ئێراقی لە مەیدانی شەڕو سەرکردایەتی ئێراقی تێکشکاند، مەلیك تووشی راچڵەکینی هێستریا بوو، هەمفریوس لە بەغدا نەبوو، من ناچار بۆخۆم چووم هێوری بکەمەوە، ئێراقیەکان وایان هەڵسوکەوت دەکرد دەتووت: هەموو پیاوانی ئەو کاروانەیان دۆڕاندووە، بەلاّم زیانەکان بەو ئەندازەیە نەبوون، سەرەڕای زیانە مادیەکان چوار کوژراوو ٣٠بۆ ٤٠ بریندار هەبوو، بۆ مەلیکم روون کردەوە کە سوپایەکەی بە شەوو رۆژێك فێری شەڕی ناوچە شاخاویەکان نابێ، ئەو زیانە ئاساییە بۆ دوو مانگ تا چوار مانگی دیکە لە شەڕی ناوچە شاخاویەکان کارامایی باش پەیدا دەکەن، بە مەلیکم وت: ئێمە دەتوانین بە هۆی هێزەکانمانەوە بە تایبەت بە فڕۆکە تەڕو وشك پێکەوە بسووتێنین، بەلاّم لە هاوینی داهاتوو هێزەکانی ئێراقی بەرپرسیاریەتی کارگێڕیو چاودێری ناوچەکە دەگرنە ئەستۆ، بۆیە پێویستە ئەو دەرفەتەیان بدرێتێ چۆن پشت بە خۆیان دەبەستن، شارەزایی پەیدا بکەن هەتا فێر بن چۆن بەبێ پشتگیری ئێمە کاروبارەکان هەڵدەسووڕێنن، بۆ ئەو مەبەستە بە مەلیکم وت: پێوست ناکات هیچ گۆڕانکاریەك لە نەخشەی بنەڕەتی بکرێ.

٨- بەلاّم بە پێی ئەو زانیاریانەی پێمان گەیشتووە، بە بەراورد لەگەڵ ورەی هێزەکانی ناوچەی بەغدا ورەی هێزەکان لە ناوچەی چالاکیەکان خراپترە، بە ئازارەوە دەڵێم مامەڵەی هەندێ لە ئەفسەرە گەورەکان زۆر لاوازە، ئەگەر هەندێ لە ئەفسەرانی ئێمە کە دەرفەتمان نەدابوون نەچووبانایە بەداخەوە ئەرکی رەسمی کارگێڕیو هەوڵ بۆ رێکخستنی کاروبارەکان زۆر خراپ دەبوو، لە راستیدا ئەفسەرە بچوکەکان تارادەیەك باشتر کاریان دەکرد، سەربازەکان زەبت نەدەکرانو بە بەردەوامی لە فەرمانەکان هەڵدەگەڕانەوە، بۆیە لەو بارودۆخە ئەستەم بوو بۆ راپەڕاندنی هەر کاروبارێك پشتیان پێبەسترێ، لە راستیدا سەربازەکانی ئێراقی باشن، بەلاّم ئەو زیانە قورسە سەرشۆڕی کردن.

٩- لە رۆژی دوایی، واتە چواری مانگ "روان روبنسون" هەندێ پێداویستیو تەقەمەنی لەگەڵ خۆی بردو سەردانی کاروانە سەربازیەکەی کرد، بەلاّم نەیتوانی لەو دەربەندەی بۆ باریسیا دەچێ تێپەڕێ، ناچار گەڕایەوە بۆ سەربازگەی "مێرگەسور"، لە راستیدا روان روبنسون" لەو سەفەرەی قاچی بە سووکی ئازاری پێگەیشتبوو، هەوڵو رێگەی دیکە هەیە بۆ

گەیاندنی هاوکاری بە هێزەکانی پاریسیا، ئێمە ئێستا خواردنی هێزەکانی پاریسیا دابین دەکەینو پێویست بە هیچ نیگەرانی ناکات، ئەوەی نیگەرانم دەکات یەکەیەکی سەربازی لە پاریسیا کشاوەتەوە، ئەوەش گەورەترین هەڵەیە، هەموو نیگەرانین لە چارەنوسی ئەو هێزانەو دەیانەوێ ئەو ناوچەیە بەجێبهێڵن، بەڵام بە بەردەوامی دەمەوێ بگەمە چارەسەرێك، داوام لە روان روبنسۆن کرد سبەی بێ لەو بارەیەوە گفتوگۆ بکەین، بەڵام لە ئێستادا کە ئەو نامەیە دەنوسم گوێبیستی هەواڵی پاشەکشەم لە پاریسیا بەرەو "ژاژۆك".

١٠- لە هەمان کاتدا هێزەکان سەربازگەی ئاکرێ لە دوای بۆردومانی ئاسمانی ناوچەکە بەرەو باکور دەڕۆن هەتا هێرش بکەنە سەر بارزان، هیوادار بووم ئەو هێرشە هاوکات بێ لەگەڵ ئەو هێرشەی بەرەو رۆژئاوا بە ئاراستەی بارزان دەڕوات، هەتا لە سەر تاکە پردەکەی سەر رووباری "رووکوچك" یەك بگرنەوەو رێ بگرن لە کشانەوەی شێروانەیەکانی لایەنگری شێخ ئەحمەد، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانیە بۆ من لە کاتی دیاریکراودا هێزەکانی پاریسیا پێشڕەویان نەکردووە، بەمەش هەموو هەنگاوەکانی دیکە تێکچوو.

١١- هیچ گومانی تێدا نیە کاری هێزەکانمان لە دەربەندی پاریسیا باشەو بەو هۆیەوە هێزەکانی ئێراقی لە شکستی گرچوبڕ لە پاریسیا دەپارێزرێن، بەڵام بەداخەوە فڕۆکەوانێکی فەسیل (فصیل)مان لە دەستدا، کە پیاوێکی زۆر باش بوو، سەربازێکی سەرپەرشتیاری چەکی رەشاشیش پێکراو چەند فڕۆکەیەکمان لە کارکەوت، لە هاوپێچدا راپۆرتی میستەر "فیو"تان بۆ دەنێرم، دەڵێ: هێزەکانمان توانیویانە سەرکردەی یاخیبوان بەناوی مەلا مستەفا برای شێخ ئەحمەدی بارزانی بپێکنو "کەڵەك"ی سەر رووباری بارزان خراپ بکەین، کە بەو هۆیەوە ٨ بارزانی خنکان.

**واژۆ**

**ئای، ئار، لودلۆ هیوت**

# کوردستانی باشور

# بزوتنەوەی کوردایەتی لە سییەکانی سەدەی بیستەم

671،371،FO

## بەکر سدقی و کوردو کەمینەکان لە ئێراق

Air Headquarters

British Forces in Iraq

1936 ،Hinaidi 13 November

S. 1086/27/1 ،Reference No

Mosul ،Air Liaison Officer ،To: F.H Harrison

Secret. Report. By Squadron Leader F.L.B. Herbert after his visit Mosul from 7th to 9th November 1036

راپۆرتی میستەر ئایج. بی، هربوت، ئەفسەری گروپی ئاسمانی بەریتانی دەربارەی سەرنجەکانی بۆ ئەو گەشتەی لە ماوەی ٧بۆ ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٦ بۆ لیوای موسڵ کردبووی.

**له ماوەی ٧بۆ ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٦ گەشتێکم بۆ لیوای موسڵ کردو ئەو قەناعەتانەمان لەلا دروست بوو:**

١-رەگەزە رۆشنبیرو چالاکەکانی لیوا زۆر دڵخۆشن بە حکومەتی نوێ، پێیان وایە حکومەتێکی عەرەبی نیەو دەتوانێ هیوای ئەوان بە ئەندازەیەکی گەورە بۆ هەڵسوکەوتی حکومەت لە بەرانبەر دادگەریو پاکی یەکبخات، ئەو بۆچوونەی کەمینەکان لە سەر حکومەتی تازە لە سەر ئەو قەناعەتانە وەستاوە کە:

٢- لایەنی نەتەوەیی کورد لە موسڵ خواستو تەقدیری گەورەی هەیە بۆ بەکر سدقی، بە پێی بۆچوونی ئەوانە بەرنامەیەکی هێواش جێبەجێ دەکەن لەگەڵ ئەوەدا ئەو بەرنامەیە نەنوسراوە، بەڵام لەلایەن بەکر سدقیەوە پیادەدەکرێ، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوتووە، کە ئینگلیز دوای رۆیشتنی لە ئێراق کەمینە نەتەوەییەکان بۆ رەحمەتی عەرەبی سونە بەجێدیڵێ، بە تێگەیشتنی کورد پیادەکردنی بەرنامەی بەکر سدقی[١] دەرفەت دەداتە کورد لەگەڵ کەمینەی ئەتنی دیکەی دەوڵەتی ئێراقی ببنە هاوبەش.

٣- رزگاربوون لە کێشەی ئاشوریەکان لە کاری پێشینەی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردیە، چونکە ئاشوریەکان بە هۆی ئەو خزمەتەیانەوە سەرکوتکردنی بزاڤی کوردی پشتگیری ئینگلز بوون ماوەیەکی زۆرە لە لای ئینگلیز کەمینەیەکی رێزلێگیراون، لە سایەی ئینگلیز لە خۆبایی بوونی ئەوان گەیشتە رادەیەك بۆ دامەزراندنی قەوارەی نەتەوەیی خۆیان داوای هەموو ناوچەکانی باکور بکەن،، ئەمەش بە هۆی پشتگیری ئینگلیز لە سەرکوتکردنی بزاڤی نەتەوەیی کورد، ئەو قەناعەتەی لەلادروست کردبوون، کە لە رووی ژیریو مەعنەوەیی باشترن لە کوردو گونجاون بۆ دەستگرتن بە سەر هەموو ئێراق، لە مێژە ئەو خۆبەزلگرتنەی ئاشوریەکان وای لە

١ -بەکر سدقی: یەکێك بووە لە سەرکردەکانی سوپای ئێراقی، لە سییەکانی سەدەی رابردوو، رۆڵی گەورەی لە سەرکوتکردنی بزوتنەوەی ئاشورییەکان لە سمێڵ گێڕا، لە ساڵی **١٩٣٣**و بزاڤی هیزەکانی شیعە لە ناوەڕاستی ئێراق لە ساڵی **١٩٣٦**، یەکەم کۆدەتای سەربازی لە مێژووی ئێراقی هاوچەرخدا دژی حکومەتی یاسین هاشمی مەیلداری ناسیونالیستی عەرەبی کرد. و.

کورد کردووە بە دوای دەرفەتێکدا بگەڕێن بۆ لێدانی ئاشوریەکان، کورد لەو باوەڕەدان ئاژاوەی ئاشوریەکان لە ساڵی ١٩٣٣ لە "سمێل" دەرفەتی رەخساندووە بۆ تەمیٚ کردنیان، بۆیە لە جیاتی هەموو کورد بەکر سدقی ئەو کارەی کردووە، بەو پەڕی رەقیەوە ئاژاوەکەیانی سەرکوت کردو هەیبەتی لە خۆبایی بوونی بۆ هەتا هەتایە شکاندن، بەمەش یەکەم هەنگاوی بنەڕەتی لە بەرنامەی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد جێبەجیٚ کرد.

٤- سوودوەرگرتن لە ناکۆکی سونی — شیعی لە ئێراق لە قۆرغکردنی (سونە)وە سەرچاوەی گرتووە لە سەر حیسابی زۆرینەی شیعە لەو وڵاتەو لە بەرژەوەندی کیشەی کورد، ئەمە یەکەم هەنگاوی بەرنامەی نەتەوەخوازانی کورد بووە، بە ئەنقەسەت بزاڤی نەتەوەخوازانی کورد هەموو کاربەدەستو کارمەندانی خۆی هانداوە پشتگیری لە سونەکان بکەنو دۆستایەتی تەواویان بۆ رابگەینن هەتا هەیمەنە بکەنە سەر زۆرینەی شیعە، لایەنگرانی بزاڤی نەتەوەیی کورد وروژاندنی ناکۆکی (سونە — شیعە)و ئاڵۆزبوونی بە دەرفەت دەزانن، ئاژاوەی هۆزەکانی شیعە لە فوراتی ناوەڕاست دەرفەتی زێرین بووە بۆ کورد هەتا سوود لەو دەرفەتە وەربگرن لە پێناو بەژەوەندیەکانی کورد، بەکر سدقی داوای کرد دەست کراوە بێت لە سەرکوتکردنی ئەو ئاژاوەیە، بەڵام حکومەتی ئێراقی لە مەبەستی بەکر سدقی تێگەیشتبوو ئەو دەسەڵاتەی پێنەدا بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینی شیعە، ئەویش هەرەشەی کرد بە دەست لە کارکێشانەوە، بەڵام حکومەت بە پلە بەرزکردنەوەی لە سوپا رازی کرد، لەگەڵ ئەوەدا بەکر سدقی ئەو خواستەی لە وروژاندنی ناکۆکی سونە- شیعە بۆ نەهاتەدی. ئاڵۆزبوونی باردۆخو هەڵسوکەوتی بەکر سدقی لە فوراتی ناوەڕاست، پێگەی ئەوی لە حکومەت بە تایبەت لە سوپا بەرزکردەوە.

٥- رووداوی فەلەستینو ئەو دەرفەتی سوریا هەستی نەتەوایەتی عەرەبی پەرەپێدا، ئەمەش بووە سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر بزاڤی نەتەوایەتی کورد، ئێستا لایەنگرانی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە دەرفەتێك دەگەڕێن نەتەوەخوازانی عەرەب لە ناو ئێراق لاواز بیٚو لەو دەرفەتەدا خۆ رزگار بکەن. وەکو بەدەردەکەویٚ ئارەزووی مەلیك فەیسەڵ بۆ رزگاربوون لە حکومەتی یاسین هاشمی ئەو دەرفەتە بۆ ئەوان دەڕەخسێنیٚ. هەر بۆیە بەکر سدقی، یاسین هاشمی لە دەسەڵات لابردو دەستی بە سەر دەسەڵاتدا گرت، کورد پێیان وایە حکومەتی ئێستا حکومەتی عەرەبی نیە، بۆیە پشتگیری بەکر سدقیان کردو بە بۆچوونی ئەوان سەرکردەیەکی گەورەیەو زۆر لە بەرژوەندیەکانی کوردی بە دەست هێناوە، کورد وای دادەنێن، کە ئەرکی حکومەتی ئێستای ئێراق دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئێراقیە لە سەر بنەڕەتی نیشتیمانی ئێراقی لە جیاتی

نەتەوایەتی عەرەبی، لە کارە پێشینەکانی حکومەتی ئێراقیە مافی هەموو کەمینەکان بە تایبەت کورد بدات.

٦- ئەگەر ئەوە بەرنامەی حکومەتی تازە بێتو مێژووی بەکر سدقیش بەوە ناسراوە بەرانبەر کەمینەکان دڵڕەقە، دەبێ ئێمە هەڵوێستمان روون بکەینەوە بۆ پشتگیری لە کەمینەکانی ئاشوریو کلدانو یەزیدیو جولەکە لە موسڵ لە حکومەتی تازە، کەمینەکان لەو باوەڕەدان مامەڵەی رابردووی بەکر سدقی لەگەڵ رووداوەکان لە بەر ئەوە نەبووە کوردێکی نەفامو دڕندەیە، بەڵکو سیاسەتێکی نەخشە بۆ دارێژراوەو ئامانجەکانی بەدیهیناوە، نەك وەکو ئەوەی بەکر سدقی پیاوێکی خراپ بێت کە ئینگلز وێنای دەکات، هەتا هەندێکی کەم لەو کەمینانە پێیان وایە بەکر سدقی بەرپرسیار نیە لەو قەسابخانە، بە بۆچوونی ئەوان بە فەرمانی راستەوخۆی حیکمەت سلێمان سازکرا بوو، کە ئەوکات وەزیری ناوخۆ بووەو بە دەستی خۆی هەندێ لە ئاشوریەکانی کوشتووە، وای دادەنێن گوایە (سیر فرانیسی هەمفریس) هەوڵیداوە رۆڵی وەزیر بشارێتەوە لە قەسابخانەی سمێڵ بۆ ئەوەی کاری سەرشانی بەریتانیا ئاڵۆز بێتو کۆمەڵەی گەلان بهێنێتە ئەو باوەڕەی دەوڵەتی ئێراق شیاو نیە بۆ سەربەخۆییو پەسندکردنی وەکو ئەندامی بەرپرسیار لەو رێکخراوە جیهانیە. لە روکەشا حیکمەت سلێمان ئیدانەی ئەو قەسابخانە ئابڕۆبەرەی کردو فرمێسکی تیمساحی بۆ قوربانیەکان بەردایەوە، وا وێنا کرا کە بەکر سدقی تاوانباری یەکەمە، بۆیە لەو کاتەوە ئینگلزی هەوڵیداوە وێنەیەکی نادروست بداتە بەکر سدقی.

٧- لە راستیدا ئاشوریەکان بە رۆیشتنی حیکمەت سلێمان دڵگران نین، هەمان ئەو هەستە لەو کاتە لای کورد هەیە، بەوە هێزی ئاشوری بۆتە ئەفسانەو تێك ناشکێ، ئاشوریەکان دەڵێن: حیکمەت سلێمان عەرەب نیە، بەڵکو تورکمانەو دایکی لە بنەڕەتدا چەرکەسی بووە، گوایە حیزبی برایەتیو حیزبی وەحدەی وازلێهێناوەو شارەزا نەبووە بە وردەکاریەکانی سیاسیەتی ئێراقی لە بەغدا، لەگەڵ ئەو دڵرەقیەی عەرەبیەکی نیشتیمانی نەبووە، بەڵکو ئێراقیەکی نیشتیمانی بووە.

٨- لەبەر ئەو هۆیانەیە کەمینەکان پێشوازی لە حکومەتی تازە دەکەن، لەو باوەڕەدان حکومەتێکی عەرەبی نیەو لە بنەڕەتەوە نەتەوەی عەرەب وەکو شوناسی دەوڵەتی ئێراقی ناهێڵێو لە جیاتی ئەوە دەوڵەتێکی نیشتیمانی ئێراقی دادەزرێنێ، کە بەرانبەر کەمینەکان بە ویژدان بێت. کەمینەکان لەو باوەڕەدان بیری نەتەوەیی عەرەبی وا بە زووی لە ناوناچێ، بەڵام

باوەڕیان وایە حکومەتی تازەی ئێراقی بەهێزەو دەتوانی شوێنەوارە خراپەکانی ئەو بیرە نەهێڵێ‌و بەویژدان بێت بۆ کەمینەکان.

ئەو قەناعەتە لە ناو کەمینەکان هەیە، کە حکومەتی ئێستا رووخساری عەرەبی پێوە نیە، چونکە زۆربەی سەرکردەکانی عەرەب نین، لە راستیدا حکومەتی تازە پێگەی پیاوە ناودارەکانی موسڵی لە پارتی برایەتی‌و پارتی نیشتیمانی نەهێشت، کە زانیان جەمیل مەدفەعی پێگەیەی وای نیە، ئەو ناودارانە بێ ئیرادە مانەوە سەیری رووداوەکانیان دەکرد.

٩-تکایە ئەو زانیاریانەی لە سەرەوە هاتووە، هەڵبسەنگێنرێ، ئەوە لە بنەڕەتەوە تێڕوانین‌و سەرنجەکانی خۆمە لە ڕێگەی وتوێژەکانم لەگەڵ خەڵکی موسڵ‌و ئەو لێداوانانەی بە سەرپێی لە ئەفسەرە بەریتانیەکانی نیشتەجێ ناوچەکە گوێم لێ بووە، زەحمەتە بەو ساکاریەی هەیە بڕوای پێ بکەین، گومان لەوەدا نیە کە ئەو ڕێگەیەی لە گێڕانەوەی رووداوەکان‌و بە ڕێگەی ناشعوری بە دەستم گەیشتووە زۆر سادەیە، بەڵام ئەو قەناعەتەم هەیە بە گشتی زانیاریەکان دروستن.

١٠- بەڵگە هەیە لە سەر بیرێکی نەخشە بۆکێشراو بۆ کۆدەتاو ئەو جولانەوەی پشتگیری دەکات، نەتەوەخوازانی کورد دەڵێن: ئەوانەی نەخشەکە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ دەکەن بریتین لە: بەکر سدقی، ئەحمەد تۆفیق "موتەسەریفی هەولێر"و عومەر نەزمی "موتەسەریفی موسڵ".

١١- بەڵام کونسوڵی موسڵ ئاگاداری کردم، کە پێشتر عومەر نەزمی لە کونسوڵیە سەردانی کردووەو نیگەرانی خۆی دەربڕیوە بەوەی لە ئێراق سوپا حکومەتی دامەزراندووە، بەڵام ئەگەر ئەو پڕوپاگەندانەی نەتەوەخوازانی کورد بەجدی وەربگرین، بەوەی عومەر نەزمی یەکێکە لە نەخشەداڕێژەرانی کۆدەتا، ئەوە سەردانی عومەر نەزمی دەبێتە جێگەی گفتوگۆ. بۆ ئەوە بووە بزانێ هەڵوێستی حکومەتی بەریتانی لە سەر بەکر سدقی خراپ بووە، پێیان وایە پیاوێکی بێسەرەوبەرەو دڵڕەقە، بۆیە ویستویەتی بە حکومەتی بەریتانی بڵێ لایەنگرانی حکومەتی تازە لە بەکر سدقیش رازی نین.

١٢- بەو بۆنەیەوە کارمەندانی حکومەتی بەریتانی لە موسڵ جیاواز لە حکومەتی بەریتانی بیر دەکەنەوە، لەو باوەڕەدان دڵڕەقی حیکمەت سلێمان لەو کەمتر نیە، ئەو بەرپرسیارە لە زۆربەی ئەو ریوشوێنە توندانەی دژی ئاشوریەکان گیراوەتە بەر، بەڵام نەمتوانی لەو بارەیەوە لە هەڵوێستی کونسوڵیە دڵنیا ببم.

١٣- حەزدەكەم لێرەدا دڵنیاتان بكەمەوە، كە ئێستا ئاشورییەكان لە وباوەڕەدان لە ناوچە شاخاویەكان یان دەشتاییەكانی كوردستان بێت بەكر سدقی سوورە لە سەر یەكلاییكردنەوەی نیشتەجێكردنی ئاشوریەكان، پیاوماقوڵانی ئاشوری لە موسڵ لەو باوەڕەدان حاڵەتێكی نائارامی بە هۆی وەرگرتنی دەسەڵاتی بەكر سدقی نیگەرانی لە ناو ئاشوریەكانی ناوچە دوورەكان دروست دەبێ، بەڵام هەوڵی ئەو پیاوماقوڵانە ئەگەر بێتەدی ورد وردە مەترسیەكانیان كەم دەكەنەوە.

١٤- ئازادكردنی ١٢٥ یەزیدی لە گرتووخانە، سەردانی بەرپرسانی حكومەتی نوێ بۆ لای جالیەی جولەكان دەبێتە هۆكار بۆ هەڵوێستی باشی كەمینەكان لە هەمبەر حكومەتی تازە، بەڵام پۆلیسو فەرمانبەرە ئیداریە گەنجەكانی عەرەب لە موسڵ لە ڕەهەندەكانی ئەو گۆڕانە نازانن، كە لە دەسەڵاتو بەردەوامی مامەڵەی خراپی ئەوان بەرانبەر كەمینە ناعەرەبەكان دێتە دی، بەڵام ئەو كەمینانە لەو قەناعەتەدان، كە ئەو سیاسەتە بەرانبەر ئەوان خراپە، بەڵام دوای ئەوەی حكومەت دەسەڵاتی دەگاتە هەموو وڵات نامێنێ.

**ئایچ، بی، هربرت، فەرماندەی گروپی فرۆكە**
**لە٩ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦**

## پەیوەندی کوردو ئەڵمانیای نازی
## راپۆرتی هەواڵگری بەریتانی – لقی ئێراق
## هەفتەی کۆتایی لە ٢٧/٥/ ١٩٣٩

بە پشتبەستن بەو زانیاریانەی لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە پێمان گەیشتووە، جۆرێك لە بارگرژی لە سەر باردۆخی سلێمانیو بزوتنەوەی دۆستانی ئینگلیز هەیە، کە لەلایەن ئەندامانی پارتی نازی کە لە شار چاودێری دەکرێن، هەر بۆ ئاگاداریتان ئیبراهیم ئەحمەد (یەکێکە لە چالاکوانانی سلێمانی)و رەمزی ناوێكو موتەسەریفی شارو قایمقامی چەمچەماڵ پەیوەندی پتەویان بە فایقی تاپۆی لایەنگری پارتی نازیەوە هەیە.

٥- شێخ مەحمود هەواڵی داوەتە شێخ لەتیفی کوڕی لە بەغدا سەردانی بکاتو کوڕەکانی دیکەی شێخ رەئوفو بابەعەلی تاڕادەیەك خەریکی فێڵن هەتا لە بەغدا کار بۆ پارتی نازی بکەن، شێخ مەحمود لە بەر لەکەدارنەبوونی شکۆی خانەوادەکەیان داوای لە شێخ لەتیفی کوڕی کردووە کەس بەو راستیە نەزانی.

٦- بە پێی سەرچاوەی باوەڕپێکراو شێخ کەریم لە (عەودالان)و شێخ حیسامەدینی نەقشبەندی بۆ بەرژوەندی سەربازگەی ئەڵمانی لە ناو کورد کاردەکەن، کەریم کەلاری جافیش بۆ بەرژەوەندی سەربازگەی ئەڵمانی کاردەکات.

٧- لە ٢٠ی ٥ی ١٩٣٩ فەرج عەمارە لە موسڵ مۆڵەتی وەرگرتووەو گەیشتۆتە سلێمانی، شێخ قادری حەفید خوانێکی ئامادەکردوە، سەرەڕای فەرج عەمارە لە کوردان فوئاد عارف (کوڕە خوشکی ماجید مستەفا)و شێخ مەحمود شێخ سەلامو ئەفسەر شێخ مارفی شێخ غەریبو شێخ سەلاحی شێخ موحەمەدو چەند کەسی دیکە ئامادەی بوون، بەڵام وردەکاری دیکەی سەردانی فەرەج عەمارە ئاگادار نیە.

٨- لەو سێ هەفتەی دوایی پۆلیسی نهێنی چالاکی گەورەی ئەنجام داوە، چەند رۆژێك پێش ئێستا موحەمەد عەلی سەردانی بیارەو تەوێڵەی کردووە، دوایی لە ٢٨ی ٥ی ١٩٣٩ گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە. بەپێی زانیاریەکانی من شێخەکانی (عەبابەیلی)و سەرۆکەکانی جاف

دڵخۆشی خۆیان بە گەیشتنی ئەفسەری هێزی ئاسمانی بەریتانی بۆ خورماڵ دەربڕیوە، بە دیدی ئەو شێخانە گەیشتنی ئەو ئەفسەرانە بەڵگەی بایەخدانی زیاتری ئینگلیزە بە کاروباری ئێراق. هەورەها ئەوان دڵخۆشن کە ئینگلیز (بە بۆچوونی ئەوان) بڕوای وایە عەرەب خیانەتکارەو کورد جێی متمانەیە.

**ژمارە (٢٣٧) بزاڤی نەتەوایەتی کورد**

بە پێی ئەو راپۆرتانەی بە دەستمان گەیشتووە، شێخ جەلال لە ناوچەی ئەزمڕ چاوی بە هەمزە عەبدوڵڵا ئاغا نوێنەری حاجی سەلیم ئاغا کەوتووە، بەڵام ئەو چاوپێکەوتنە بە هۆی بێ متمانەیی نێوانیان بەرهەمی نەبووە، هەروەها عوسمان ئاغا نوێنەری سەلیمی بابەکراغاو عەباسی مەحمود ئاغا لە سەرۆکەکانی پشدەر گەیشتنە سلێمانی، ئەمە بۆ مەبەستی ئاگاداربوون لە بۆچوونی شێخەکانی سلێمانی لە سەر هەڵوێستی حکومەت بووە، بەڵام بە هۆی جیاوازی شێخەکانی پشدەر لەگەڵ شێخەکانی سلێمانی لە ١٩٣٩/٥/٢٤ گەڕانەوە پشدەر.

## ژمارەی بروسکەی ١٣٨ی ١٩٣٩/٤/٢٦

## ڕاپۆرتی سلێمانی لە هەواڵگریەتی بەریتانی، هەفتەی کۆتایی ١٩٣٩/٤/٢٦

## "بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی"

بە پێی ڕاپۆرتی باوەڕپێکراو، کە بەدەستمان گەیشتووەو ناردویانە بۆ کۆمەڵەی کوردی لە سلێمانی بۆ ڕاوێژ لەگەڵ شێخ مەحمود، شێخ ئەحمەدی ڕەشادی بە مەبەستی نەخشەی ڕزگارکردنی کوردستان بۆ بەغدا ناردووە، دوو بۆچوون هەیە لە سەر چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ حکومەتی ئێراقی: کۆمەڵەی یەکەم، شێخ جەلالو شێخ لەتیف، کە بەکارهێنانی چەکیان پێ چاکە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی کورد، بەڵام کۆمەڵەی دووەم پێیان چاکە لە ڕێگەی دیبلۆماسیەوە مافەکانی کورد بە دەست بهێنن، ئەم کۆمەڵەیەی دوایی بیریان لە ناردنی وەفد کردۆتەوە بۆ ئەوەی چاوی بە باڵوێزی بەریتانی بکەویو بۆ ڕزگارکردنی ئێراق شتێ بکەن.

FO. 370/671

## راپۆرتی هەواڵگری بەریتانی – بەشی ئێراق ١٩٣٩/٤/١٠

## ئیدارەی سلێمانی

موتەسەریفی ئێستای سلێمانی پێگەیەکی جەماوەری گەورەی هەیە، مەلا سادقی قازی سلێمانی بە پاکیو بێلایەنی ناسراوە، هیچ بەڵگەیەکیش نیە لە سەر بەڕێوەبەری پۆلیس بەوەی خوێنڕێژبێت، بۆیە ئێستا بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی (ڕۆژانی موتەسەریفی پێشوو) ئەندازەیەك لە ئۆقرەیی لە شار هەیە.

کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی کورد هەیە، کە نزیکەی ٠/٩٠ لە پۆلیسو کاربەدەستانی حکومەتو سوپان لە لیوای سلێمانی، باوەڕیان بە ڕێگەی ئاشتیانە هەیە بۆ بەدەسهێنانی ئامانجی نەتەوایەتی، بەڵام کۆمەڵە زۆر دڵنیا نیە لە بەدیهاتنی ئامانجەکانی:

٢- بە پێی سەرچاوەی باوەڕپێکراو کوڕەکەی کوێخا مەجیدی شانشین (بە گومانم شانشین بێت.و)، سکاڵای لە دادگای سلێمانی لە دژی باش چاوەش (عەریفی پۆلیس)و قۆمیسەر (تۆفیقە ڕەش)و دکتۆر مالیك بەڕیوەبەری پۆلیسی سلێمانی تۆمار کردووە لە ڕێگەی دەرزی ژەهراویەوە بەشداریان لە تاوانی کوشتنی باوکی کردبێ، هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، کە کوڕەکەی کوێخا مەجیدو خێزانەکەی بۆ بینینی ڕەشید گەلی گەیلانی چوونەتە بەغدا هەتا چاو بە مەسەلەی کوشتنی کوێخا مەجیددا بخشێنێتەوەو ئەو مەسەلەیە لە بیر نەکرێ.

٣- خزمەکانی حەمە ڕەشیدخانی بانە لەوانە حەمەدئەمینی برایو مەجیدخانی کوڕی لە (واینا) سکاڵایان لە سەر حکومەتی ئێراقی تۆمارکردووەو حکومەتیان تاوانبار کردووە بە:

أ- لەو کاتەی حەمە ڕەشیدخان بە ژیانێکی ئاساییو ئۆقرەیی دەژیا لەلایەن حکومەتی ئێراقیەوە گیراوە.

ب- ٢٥ کەس لە نزیکەکانی حەمە ڕەشیدخان بە زوڵم گیراونو پۆلیس لە (واینا) کاری نایاسایی لە دژی ئەنجام داوە.

٤- یەحیا خانو حەمەخان هەردوو سەرۆکی گوڵباخی گەیشتنە سلێمانی، کە پێشتر لەگەڵ هەندێ لە دەست بە سەرکراوانی گوڵباخی لەلایەن پۆلیسەوە گیرابوونو دوورخراوبونەوە بۆ کفری، داوایان لە موتەسەریف کردووە بیانگێڕێتەوە بۆ سلێمانی، چونکە موتەسەریفی پێشوو بە بێ هیچ پاساوێك دووری خستوونەتەوە.

٥- ژنەکەی سەید عەتا سکاڵای لە حکومەت تۆکار کردووە، داوای کردووە هەریەك لە مەجید یەعقوبی (موتەسەریفی پێشووی سلێمانی)و سەید عەلی ئەو زێڕەی بۆ بگەڕێننەوە، کە لەو کاتەی داوای دەخالەتی کردبوو لەبەرانبەر هەڵسوکەوتی باشی مێردەکەی لێیان وەرگرتبوو.

FO. 370/671

## بەرێوەبەرایەتی هەواڵگری بەریتانی- هێزی ئاسمانی ئێراق
## هۆبەی سلێمانی ١٩٣٨/٤/٢٦
## ژمارە (٣٣٩ – ٣١)

**بۆ. ج. سلاید**

ئەو بزوتنەوەیەی لە بەهاری ساڵی ١٩٣٨ بۆ هاوئاهەنگی نێوان کۆمەڵە کوردیەکان پەیدابوو، دووبارە چالاك بۆتەوە لەم مانگەی دوایی لە بۆنەکان ناویان زۆر دەهێنرێ. هەڵسوکەوتی عەرەب لە وەزارەتە نوێیەکان هۆکارێکی دیکەی نهێنی ئەو هەستکردنەیە، کە کورد لەو بارەیەوە لێی بێبەشن، ئەمە لەگەڵ رووداوی رەشی ئەیلول وەکو خاڵێك بەشداری کردووە لە بە هێزکردنی هەستی نەتەوایەتی کورد، چالاکی گروپە کوردیەکانی ئێستا دەبێتە بەشێك لە کۆکردنەوەی تواناکانو رینومایی دژی ئەوەی کورد پێی دەڵێ زوڵمو بێ بەشکردنی مافە رەواکانی.

داواکاری ئەو توێژەی ناو بزاڤی نەتەوایەتی لە سلێمانی کە هەست بە نیگەرانی دەسەڵاتی عەرەبی دەکات بە مافی فەرهەنگیو هەتا خودموختاری ناوەستێ، بەڵکو دەگاتە داواکاری بۆ سەربەخۆیی لە ئێراق. زۆربەی کاربەدەستانی کوردو سەرۆکی هۆزەکانو کەسایەتیە چالاکەکانی کورد بەشێوەیەکی چالاك پشتگیری بزاڤی نەتەوایەتی کورد دەکەنو هاوسۆزی بۆ دەردەبڕن، دەچنە پاڵ ئەو بزاڤەو بە بەردەوامی ئەندامانی تازە سوێندی پشتیوانی بۆ دەردەبڕن، نەتەوەخوازانی کورد ئومێدیان وایە بتوانن یانەیەکی چالاكو کردەیی وەکو یانەی عەرەبی یان ئیسلامی دابمەزرێنن.

٢- بەم دواییە ئەفسەرێکی خانەنشین لە سلێمانی بە ناوی ئیسماعیل هەقی شاویس مەسەلەی چەوساوەیی کوردی لەگەڵ سکرتاریەتی رۆژهەڵاتی بەریتانی لە بەغدا هێناوەتە

گۆڕێ، بەڵام لە نوسینگەی سکرتاریەت دەریانکردووەو پێیان وتووە، کە حکومەتی بەریتانی ڕێککەوتننامەی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ حکومەتی ئێراقی بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ هەیەو لەو ماوەیەدا هیچ گۆرانکاریەك لە سیاسەتی کورد — بەریتانیدا روونادات.

کورد بڕیاریداوە وەفد بنێرێ بۆ باڵوێزخانەی بەریتانی بۆ گفتوگۆ، بەڵام هەندێ بەڕێوەبەراتیەکانی کورد سوودێك لە پەیوەندی کردن بە ئینگلزەوە نابینن‌و دەبێ بگەڕێن بە دوای هێزی بەدیلی پشتگیری ئێراق، بەڵام هەندێ لە نەتەوەخوازان لە سلێمانی وای بە پێویست دەبینن پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ئێرانی دروست بکەن، هەندێ لە هاوڕێیانی دیکەی کورد لە کەرکوك رایان وایە حکومەتی ئێستای تورك بە سەرۆکایەتی عیسمەت ئینینۆ، کە بە رەگەز کوردە سیاسەتی جیاوازە لەگەڵ ئەو سیاسەتە سەرکوتکەرانەیەی مستەفا کەمال پەیڕەوی لێدەکات، بەڵام بەشێوەی گشتی ئێستا نەتەوەخوازانی کورد وا بە چاکتر دەزانن پابەند بن بە یاساو بێ دەنگ بن‌و چاودێری رووداوەکان بن، بە ئاواتەوە لە داهاتوو بەرئەنجامەکانی شەڕی گەورە ئەو بارودۆخەیان بۆ بڕەخستێنێ بە پشتیوانی بەریتانیا لە کۆیلایەتی عەرەبان ئازادبن، یان هەر ڕێگەیەکی دیکە.

٣- بە کورتی ئەو هەوڵانەی لە گۆڕیدایە بۆ هاوئاهەنگی هێزە نەتەوەخوازەکانی کورد، سروشتێکی بەرگری هەیەو لە ئاکامی خراپی مامەڵەی کوردی ئێراقە تووشیان هاتووە، عەرەب بە دوژمن زانین بە سەریدا زاڵە، ئەگەر زوڵمی عەرەب نەمێنێ دوژمنکاری‌و دووبەرەکی ناوخۆیی باڵ دەکێشێ بە سەریاندا.

٤- سەرنجتان بۆ راپۆرتی ژمارە (١٣٣) رادەکێشین، کە لەو راپۆرتەدا ساغ نەبۆتەوەو وا دەردەکەوێ بەشێك لە کۆمەڵە کوردیەکانی کەرکوك لایەنگری بەکر سدقین‌و لە دەرفەتێك دەگەڕێن دژی نووری سەعیدی سەرۆك وەزیرانی ئێستا کاربکەن، ئەوانەی بەم دواییە مەزبەتەیان کردووە بۆ مەلیك‌و لە کاتی پێویست دژی بیرۆکەی پشتگیری حکومەت‌و مەلیکن بۆ ئینگلیز، دەڵێ: هەندێ لە ئەندامانی کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد بەرهەڵستی ئەوەن‌و نایانەوێ پەیوەندیان پییانەوەی هەبێ، ئەمە لە کاتێکدا ئەو مەزبەتە (داواکاریە) واژۆی ئەمانەی خوارەوەی بە سەرەوەیە:

١- سەعید بەگی سالحی ٢- شێخ فایقی راناوە، ٣- عەیزی قازی زادە

گوایە ئەو مەبەتەیان نەناردووە بۆ بەڕێوەبەراتیە رەسمیەکان، چونکە سەرکەوتوو نەبوون لە پشتگیری هۆزە چالاکەکانی وەکو شوان‌و هەماوەندو شێخ بزێنی‌و ..ئەوانی دیکە. بە پێی ئەو

راپۆرتانەی بە دەستمان گەیشتوون هەریەك لە شێخ قادری سیامەنسوریو قەرە حوسێنو نەفتچی زادە وەکو هەواڵگر کار بۆ بەکر سدقی دەکەن، کە ئەویش وەکو نوێنەر لە پەرلەمان ئەو دایناوە.

٥- هەواڵمان بۆ هاتووە، کە رادیویە تایبەتیەکەی مەلیك غازی بە دواییە چیرۆکی وریاییدانی ناخۆشی بلاوکردۆتەوە، چیرۆکەی کە دەڵێ: هێزە ئازاکانی ئێراق بەم دواییە وەڵامی دەستدرێژیەکانی هەندێ بێگانەیان داوەتەوە. لە بارەی بەرهەڵستی دوژمنی بیانی هێزەکانی ئێراقی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ هەندێ کەسی شاخاوی کردووە، کە بە عەرەبیو بە دوژمنانە قسەیان دەکرد، بەڵام دیار نیە ئەو کۆمەڵەی بانگەشەی بیرۆکەی شەڕیان کردووە کێن، کە هێزەکانی ئێراقی شکاندوویانن، بە میانەی گەڕانەوەی ئەو هێزانە خراپەکارانی نا عەرەب بەرپەچیان داونەتەوە، بەڵام ئەم جارەش بە پشتگیری هاوپەیمانەکەمان، کە واژۆیان لە سەر پەیمانی سەعد ئاباد کردووە تێکشکان.

بۆیە جێی سەرسوڕمان نیە کورد زۆر رێز لە مەلیکی ئێراق نەگرێ، لە سەرەتای مانگی ئازار جێگری موتەسەریف بۆ ئەوەی چالاکوانی بزاڤی نەتەوەیی کوردی بۆ دەرکەوێ لێکۆڵینەوەی نهێنی لە هەموو قەزاو ناحیەکان کردووە، دەڵێن ئەوە کاری موتەسەریفەو ئەویش لە سەر رێنومایی وەزیری ناوخۆ ئەو کارەی کردووە.

## راپۆرتی ژماره (٣٢٠)

## راپۆرتی هەواڵگری بەریتانی بۆ هەفتەی کۆتایی لە ١٩٣٩/٥/٢٧

## بزوتنەوەی لایەنگری ئەڵمانیای نازی لە کوردستان

## هاوپێچی راپۆرتی ژمارەکراو، دەردەکەوێ ئەو ناوانەی خوارەوە لە ناوچەی هەمەوەند چوونەتە پاڵ بزوتنەوەی لایەنگری ئەڵمان وەکو:

ئەمین رەشید ئاغای (رەمەوەند)، فەقێ موحەمەدی (رەشەوەند)، مەحمود فەقێ (رەشەوەند)، یونس مەحمود خدر (سەفەرەوەند)، فەتاح رەزا (سەفەرەوەند)، ئەفەندی خدر دەروێش (شوان)

بە پێی هاوپێچی بروسکەی ژمارە (٢-٢٩٢)، پشتبەستن بە هەواڵی باوەڕپێکراو حەمە عەبدوڕەحمان ئاغاش رەزامەندی دەربڕیوە ناوی بخرێتە سەر ئەو مەزبەتەیەی رەوانەی سەفیری ئەڵمانی کراوە.

ئاماژە هەیە لەسەر پشتگیری سەرکردەکانی پشدەر بۆ ئەڵمان، راپۆرتەکە دەڵێ: سەرکردەکانی پشدەریش لەو باوەڕەدان ئەڵمانیا دەتوانی بۆ رزگاری ئەوان شتێك بکات، بەڵام زۆر دڵنیانین، چونکە ئەڵمان لە کوردستان زۆر دووره، ئایا لە ئایندە دەتوانێ هاوکاریان بێت یان نا، بەڵام ئەگەر پشتیوانی بۆ ئەڵمان راست بێ ئەوە ئەڵمان لە کوردستان نزیك دەبێتەوە، دەڵێن سەرکردەکانی پشدەر ماوەی مانگێکیان داناوە هەتا هەڵوێستی ئێرانیان بۆ روون ببێتەوە، ئێستا لە سەرکردەکانی پشدەر ٤ لە ئاغایان داناوە دانوسان بکەن لەگەڵ باڵوێزی ئەڵمانی، ئەوانیش: قادر مستەفا بەگ، ئەحمەدی حاجی (لقێکە لە تایەفەی مەحمود ئاغا)، ئەحمەدی حەماغا (لقێکە لە تایەفەی ئەحمەد ئاغا)، ئەگەری ئەوە هەیە حاجی عەباسی سەلیم ئاغا بچێتە پاڵیان، دەبێ بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئەو راپۆرتە بکرێ، چونکە ناتوانین لە ناوەڕۆکەکەیان دڵنیابین، لەبەرئەوەی هەندێ لەو راپۆرتانە بە مەبەستەوە نوسراونو حکومەتی ئێراقی دژی ئەوانە بڵاوی دەکاتەوە.

## راپۆرتی هەواڵگری بەریتانی بۆ هەفتەی کۆتایی لە ١٩٣٩/٦/٣٠

٤- راپۆرتی باوەڕپێکراوە هەیە دەڵێ: فایق ناوێك بەرپرسی لقی سلێمانی بزوتنەوەی لایەنگری ئەڵمان، بە بایەخەوە لە خەسارەتی ئەڵمان دەڕوانی، لەو باوەڕەدایە ئینگلز یەکلاییکەرەوە نین لە سزادانی لایەنگرانی ئەڵمان لە کوردستان.

لێدوان: پێشنیاز هەیە بۆ سزادانی توندی بزوتنەوەی لایەنگرانی ئەڵمان، ئەمە دەقی پرۆژەکەیە: ئەگەری زۆر نزیك هەیە لە سەر هەڵبژاردنی ٥/٠ ی ئەو کەسانەی زۆر چالاك بوونو تاوانی تێکدەرانەیان بە سەردا ساغ بۆتەوە، لە رێگەی باڵوێزی ئەڵمانیاوە لە ئێراق داواکاریان نوسیوە، هەتا لەبەردەم دادگای عورفی دادگایی بکرێنو لە دوای دادگایی بە خێرایی لە سێدارە بدرێن، بڕیارەکە یەکسەر جێبەجێ بکرێ بۆ ئەوەی دەرفەت نەبێ جەماوەر داوای ئازادکردنیان بکات.

٦- راپۆرتی باوەڕپێکراو دەڵێ: لە ١٩٣٩/٦/١٤ پۆلیسی تاوق ماڵی شێخ قادری سیامەنسوری پشکنیوە، ٤ چەکی بێ مۆڵەتو ٢٠٠ مەخزەنی تەقەمەنی دەست بەسەراگرتووە، لەو بارەیەوە تاوانی ئاراستە کراوە.

٧- راپۆرتەکە دەڵێ: دارا بەگو شێخ فایقی تاڵەبانی لە کۆتایی مانگی حوزەیران سەردانی کەرکوکیان کردووە، چەند جار لە ماڵی خۆیان چاوی بە ئەندامانی بزوتنەوەی لایەنگرانی ئەڵمان کەوتووە.

٨- راپۆرتێکی دیکە دەڵێ: شێخەکانی سەرگەڵو لە کەرکوك لە سەید ئەحمەدی خانەقا نزیکن، کە بەوە ناسراون سەر بەو بزوتنەوەیەن، پێش ئەوەی دەرچن سەید ئەحمەد ئامۆژگاری کردوون بچنە پاڵ بزوتنەوەی لایەنگری ئەڵمان.

## راپۆرتی ژماره (٨٥٤)
## راپۆرتی هەواڵگری بەریتانی لە هەفتەی کۆتایی ١٩٢٨/٢/٤
### راپۆرتی لقی موسڵ
### بزوتنەوەی کوردایەتی

گۆڕانی خێراو بەرچاو روویداوە لە هەڵوێستی کورد لە بەرانبەر هاوپەیمانەکان، ئێستا سڵەمینەوەییەك هەیە لە بەرژوەندی ئینگلیز، ئەمە لە کاتێکدا ئەفسەرە سیاسیەکانی هەریەك لە موسڵو سلێمانی لە سەر ئەوە رێککەوتوون بەرهەڵستی روس بکەنو بەلای ئینگیز دابن.

هۆی ئەو گۆڕانە لە ناکاوە لە لای کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئومێدی سەربەخۆیی، بەڵام کورد لە روس دوورکەوتوونەتەوە، چونکە پێیان وایە روس بێ دینن.

## راپۆرتی هەواڵگری بەریتانی هەفتەی کۆتایی ١٩٣٩/٦/٨
## ژمارە ٧٥٣
## ئاسایشی ناوخۆ" بزوتنەوەی لایەنگری ئەڵمان لە کوردستان"

بەپشتبەستن بە راپۆرتی باوەڕپێکراو بەکرێگیراوەکانی ئەڵمان لە ناو ئەفسەرە بچووکەکانی کەرکوك چالاکنو بەوەی ئاگادارین هەموو هەوڵی خۆیان خستۆتە گەر، بە دڵنیاییەوە بەدیاردەکەوێ هەوڵی هاوشێوە هەیە بۆ سەربازگەیەکی مەشق کردن لە سەرچنار، بە پێی سەرچاوەیەکی دیکە بە شێوەیەکی گشتی هەواڵەکان جێی باوەڕن، ئەو ناوانەی خوارەوە رۆژانە سەردانی سەربازگەی سەرچنار دەکەنو هەندێ جار هەتا نیوەی شەو دەمێننەوە وەکو:

تۆفیق قەزاز، حەمە عەبدورەحمان ئاغا، ئیبراهیم ئەحمەد (کوڕە خاڵی رەمزی فەتاح بەگی قایمقامی چەمچەماڵ، شێخ قادر حەما ئاغای عەتار، عیزەت بەگی جاف).

٢- ئەحمەد بەگی تۆفیق (پشکنەری کارگێڕی نوێ لە لیواکانی کەرکوكو سلێمانی)، ٢ یان ٣ هەفتە خەریکی کاری پشکنەری بوون لە چەند بەڕێوەبەرایەتیەك، گومانی تێدا نیە لەگەڵ چەندین کەسی ناوچە کوردنشینەکان لیوایەکان قسەیان کردووە، بۆ نمونە یەکێك لە کەسایەتیە کوردەکانیان بە ناوی "ئەحمەد بەگ" بانگردووە بۆ چای خواردووە، لەوێدا گفتوگۆیان کردووە، لەو چوارچێوەیەدا بە تۆفیق بەگیان وتووە: ئینگلیز بە تەنیا بیر لە بەرژوەندی ئیمپریالیستی خۆی دەکاتەوە، ئەگەر سەد ساڵی دیکەش لە ئێراق بمێننەوە سیاسەتی بەریتانی بە ئاراستەی بەرژوەندی کورد ناگۆڕێ، کورد هەر رووبەرووی چەواسانەوەو ناخۆشی دەبێتەوە، بۆیە تاکە جێگرەوە بۆ کورد ئەوەیە بیر لە بەرژوەندی خۆیان بکەنەوە، کاتێ تۆفیق بەگ پرسیویەتی دەبێ کورد لەم بارودۆخە چی بکات؟ پیی وتووە لە بۆنەی دیکە بەردەوام دەبین لە سەر ئەو گفتوگۆیە.

٣- ئەمین رەشید ئاغای هەمەوەندی وەکو نوێنەر لە پەرلەمانی ئێراقی دانراوە، وا چاوەڕوان دەکری لە بەرژەوەندی ئەڵمان چالاکی هەبێ، بەڵام دانانی ئەمین رەشید نیگەرانی لە لای ئەو هەمەوەندانەی دیکە دروست دەکات، کە لای مەتەسەریفی کەرکوك سکاڵایان کردبوو،

موتەسەریف دەڵێ: ئەو بە رینومایی سەرۆکی وەزیران داینراوە، کە حوسین فەوزی سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکان داوای لێکردووە، چونکە ئەویش لە بنەڕەتەوە هەمەوەندە.

٤- ئەم ئاغایانەی خوارەوە سەردانی ئەحمەد تۆفیق بەگیان کردووە وەکو: یونس مەحمود خدر، مشیر حەمە سلێمان، عارف کاك عەولا، حەمەدئەمین فەقێ قادر.

٥- دەڵێن شێخ قادر خاڵێکی هەیە بە ناوی (موحەمەد ئەمین) قومیسەرە لە هێزەکانی پۆلیس، هەواڵەکانی پۆلیس دەگەیەنێتە شێخ قادر.

٦- هەواڵمان بە دەست گەیشتووە، ئەم ناوانەی خوارەوە لە ماڵی شێخ قادر لە شەوی ١٩٣٩/٦/٤ کۆبوونەتەوە. عەقید عێزەت بەگ (خولە درێژ)، تۆفیق قەزاز، کامیل حەسەن، عەلی بەرتاو، (نوسەرو سکرتێری کونسولیەی ئێرانی).

ئەم ناوانەی خوارەوە لە ١٩٣٩/٦/٣ سەردانی ماڵی عێزەت بەگیان کردووە: وەکو شێخ قادر، حەسەن عەلی بەگ، (بەگزادەی جافی هەڵەبجە)، تۆفیق قەزاز.

٧- چونکە بابەتەکانی ئەو کۆبوونەوەیە نهێنی بووە، هەندێ کەس لەوێ بوون ئەندام نەبوون لە کۆمەڵەی دۆستانی ئەڵمانیا، گفتوگۆیان بۆ دوای نیوەی شەو دوا خستووە، کە ئەوان رۆیشتن ئەوجا گفتوگۆ دەستی پێکردوە.

٨- مەلا جەلال (خاوەنی دوکان) کە ئەمینداری گشتی سندوقی بەخشین بووە بۆ کۆمەڵەی کوردی، پێش مانگێك دوای وەرگرتنی بەخشین لە هەموو ئەندامان، لەگەڵ یەکتا بەگو ١٥ کەسی دیکە لە ١٥/٦/ ١٩٣٩ سەفەری کردوە بۆ کالیسان (ئەو شوێنە دیار نیە)، دوای رۆژێك چووە بۆ (عەودالان)، کە شێخ فەتاحو شێخ حیسامەدینی عەودلان (مەبەست لەو حیسامەدینە نیە، کە لە بە هەڵە لە بروسکەی پێشوودا هاتووە). بەپێی سەرچاوەی باوەڕپێکراو شێخ فەتاح بەگ لە لایەنگرانی بزوتنەوەی لایەنگری ئەڵمانە.

٩- ئەم ناوانەی خوارەوە لە پەیوەندی پتەودان لەگەڵ هەندێ کەسی هەڵەبجە:

موحەمەد سەعید قەزاز (قایمقامی هەڵەبجە)، عیزەت تیلجی(بەڕێوەبەری پێشووی پێنجوین)، مستەفا ئەفەندی حاجی ئیبراهیم ئاغا (فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی بەکاربەر)، میرزا مارف (کارمەندی خەزێنە)، ئەحمەد عێزەت ئاغا (چاودێری شارەوانی کە سەفەری تایبەتی زۆر دەکات بۆ هەڵەبجە).

١٠- بە پێی یەکێك لەو راپۆرتانە حکومەتی ئێرانی هانی بزوتنەوەی لایەنگرانی ئەڵمان دەدات لە ناو کورد، چونکە وا چاوەڕوان دەکات ئینگلیزیش هانی کورد بدات لە دژی ئەو

کاره، بۆیە ئێران دەیەوێ کەسایەتی کورد لای ئینگلیز ناشیرین بکات هەتا بێ متمانەیی لە نێوان کوردو ئینگلیز دروست نەبێ‌و کورد بۆ عەرەبی ئێراق وازلێبهێنن کۆنترۆڵیان بکات، هەروەکو ئێران کوردانی خۆی زەبت کردووە.

١١- دکتۆر عەبدوڵڵا لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی کەرکوك گواستراوەتەوە بۆ بەغدا، لە جیاتی ئەو سەلیم خەیاتیان داناوە، کە لە مەسیحییەکانی موسڵە، ئەمە لە کاتێکدا ئەوەی دوایی لە ئەڵمانیا خویندویەتی‌و مەشقی کردووە، بە رووخسارو هەڵسوکەوتی ئینگلیزی باش دەزانێ.

١٢- دوای ٤٠ رۆژ لە کوشتنی مەلیك غازی لە کاتی سەردانەکەی بۆ بەغدا، عەبدوڵڵا ئاغا چەند جار سەردانی (تۆفق بەگ) ناوی کردووە، لە رابردوودا زۆر بە کەمی ئەو دوانە لەگەڵ یەکتردا گونجاو بوون.

## راپۆرتی هەواڵگری دوا هەفتەی ١٩٣٩/٧/٧
## ژمارە (٤٠٨)
## "بزوتنەوەی لایەنگری ئەڵمان"

بە پێی راپۆرتی باوەڕپێکراو ئێستا کۆمەڵەیەك لە بەغدا هەن بە ناوی "پارتی نازی" ٣٠-٤- ئەفسەرو بەرپرسی حکومەین، گوایە تۆفیق قەزاز نوێنەری ئەو کۆمەڵەیە لە سلێمانی، دەڵێن: شێخ مەحمود لەگەڵ هەردوو کوڕەکەی شێخ رەئوفو بابە عەلی بۆتە ناخۆشیان لە سەر پەیوەندیان بەو کۆمەڵەیەو لە ماڵی خۆی دەری کردوون.

٢- لە کاتی سەردانی بۆ سلێمانی باڵوێزی بەریتانی داوای گفتوگۆی لە تۆفیق قەزازو شێخ قادر کردووە لە کونسوڵیەو ٢ بۆ ٣ سەعات ماونەتەوە.

٣- لە ماڵی تۆفیق قەزاز کۆبوونەوە کراوە دەربارەی بەکرێگرتنی زەوی بۆ کۆمپانیای ئیتالی لە سلێمانی.

٤-عوسمان فایق پشکنەری تاپۆ لە بەغداو ماجید مستەفا (موتەسەریفی عەمارە) کە ئێستا لە سلێمانییە کۆبوونەتەوە بۆ مەسەلەیەکی پەیوەست بە خاوەنداریەتی زەوی لە گوندی (نویەتی — دەکرێ گوندی نودێی بێ. بابانزادە)، کە شێخ لەتیف تێیدا هاوبەشە، دەڵێن: حەمە بچکۆڵ (بەردەرەش) لەلای خۆیەوە گەیشتە سلێمانی، ئێستا لەگەڵ فوئاد عارف بە ئومێدەی گفتوگۆن لەگەڵ فایق عوسمان ماوەتەوە.

٥- کۆمەڵێك ئەفسەرو کارمەندی میری دەرکراون، چونکە لایەنگری لە بەکر سدقی دەکەن، فوئاد عارفو عەقید عیزەت فەتاح لە ناو دەرکراونن، عەقید عێزەت بەگ لەو کاتەی لە سلێمانی بووە لەلای موتەسەریف شکاتی کردووە بەوەی پۆلیس بە دوای دادەگەڕێن، بەڵام عەلی غالیب بەڕێوەبەری پۆلیس نکۆڵی کرد لە هەر چاودێریەك بە سەر عەقید عیزەتەوە هەبێت، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە فایق عوسمان عەقید عیزەتی ورياکردبێتەوە کە عەلی غالب چاودێری دەکات.

٦- ئەحمەد تەقی "کاتبی عەباسی مەحمود ئاغای پشدەرو یەکێکە لە لایەنگرانی بزوتنەوەی کۆمەڵەی لایەنگرانی ئەڵمانیاو ئێران"، بەم دواییە دەعوەتنامەیەکی لە ئەسغەرخان ئەفسەری حکومەتی ئێرانی بۆ کاروباری هۆزەکانی سەردەشت بە دەست گەیشتووە، بەڵام تەقی قبوڵی نەکردووەو وتویەتی ئەگەر حکومەتی ئێرانی لەگەڵ کورد راست دەکات بۆچی ۳۰۰۰ سەرۆك هۆزی کوردستانی دوورخستۆتەوە بۆ تاران.

FO. 624/65

p.S. N.O 451/BA/2

## ئێراق وەزارەتی ناوخۆ – بەغداد ١ی نیسانی ١٩٤٢

**بۆ: سیر کۆرنەوالیس**

**بۆ: بەڕێز باڵوێزی حکومەتی بەریتانیای گەورە**

١- بەم دواییە سێ گەنجی شیوعی کوردم ناسی لەوانە، یەکەمیان حەمە عەبدوڵڵا لە شوێنکەوتووانی سەید ئەحمەدی خانەقا لە کەرکوکە، بە پشتگیری عەقید لیون بریاری دەرکردنی خۆی هەڵوەشاندۆتەوە، بەوەی بیانی بووە، پارێزەرێکی دیکە بە ناوی عەونی یوسف، کە موتەسەریفی کەرکوك بە هاوسۆزیەتی تورکمانی دڵڕەق بەرانبەر کورد بڕیاری داوە لەم مانگەدا دووری بخاتەوە بۆ فاو. عەونی یوسف بە هەڵە پێی وایە من لە پشت ئازادکردنیەوە بووم، لە راستیدا وەزیرە کوردەکان لە پشت هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەوەبوون، وەکو (سەفقەیەك) بەرانبەر موتەسەریفی هەولێر، لە نێوان شەوو رۆژێکدا دەرکەوت گیراوەکەی دوێنێ دەکرێتە حاکم لە باشور، بەڵام کەسی سێیەم گەنجێکی لاساری دژ بە ئینگلیزە، زۆر ناوی لە چالاکیەکانی دژ بە ئینگلیز هاتووە.

٢- سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بریارە بۆ کەسی یەکەمو پەیوەست بەو بەڵێنەی داویەتی بەشداری سیاسەت نەکات، عەونی یوسف دانی بە تاوانی خۆیدا ناوە، وتویەتی: تێگەیشتم لە ئێستاوە کاتی ئەوە نیە لە سەر مافەکانی کورد داواکاری تیحراج لە حکومەت بکرێ، چونکە ئازادیو سەربەخۆیی لە مەترسیدایە.

٣- بەڵام سێیەم کەس رەشید عارف لە ٢٨ی ئازار لە وەزارەت سەردانی کردم، پێم باشترە هەر ئێستا هەواڵی پێ بدەم، کە لەگەڵ ئەوەدا من بۆخۆم نەمدیوە، بەڵام لە رێگەی ئەو

راپۆرتانەی گەیشتۆتە دەستم زۆر شتی خراپم لە سەر بیستووە، وەڵامی رەشید عارف ئەوە بووە، کە ئەوانە بەلایەوە سەیر نیە، چونکە لە منداڵیەوە لەوکاتەی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووە خۆی بە چالاکوانێکی نەتەوەیی زانیووە، دەڵێ هەندێ مافی رەوا هەیە دەبێ بەدەست بێت.
(خاڵەکانی ٤ بۆ ٨) لە دۆسیەکەدا نیە)

٩- دەمەوێ هەندێ لەو یاداشتنامەیە دەربهێنم کە س. ج ئەدمۆنس لە ٢٧ی تەموزی ١٩٤١ ئامادەی کردووە.

"دەتوانین بزاڤی نەتەوەیی کورد بۆ دووبەش پۆلین بکەین:

أ- هەندێ لەوانەی "لەگەڵ ئەزموونی تاڵ لەو بارەیەوە" پێیان وایە حکومەتی بەریتانی دەکرێ شتێك بۆ کورد بکات.

ب- ئەو کەسانەن کە واقیعی بیر دەکەنەوە، لەو باوەڕەدان بەرژەوەندی سیاسەتی ئیمپریالیستی ناگونجێ لەگەڵ ئامانجە نەتەوایەتیەکانی کورد، بەڵکو خزمەتی بەرژەوەندی نەتەوایەتی عەرەبی دەکات، ناکرێ چاوەڕوانی لە حکومەتی بەریتانی بکەین سیاسەتێك بگرێتەبەر بۆ رەزامەندی کورد هەستی عەرەبی بوروژێنێ.

لەگەڵ ئەوەدا ئەمانە دژمنی بەریتانی نین، بەڵکو ئامادەن لە ژێر ئاڵای هەر لایەنێك کاربکەن بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد، دوژمنی ئێمە بێت یان دۆست، بە شێوەیەکی گشتی ئەندامانی هۆزەکانن، بۆ نمونە وەکو شێخ مەحمود، کە ئەو هەستەی تێکەڵ بە هەستی نەتەوەیی کردووە، هەموو دەسەڵاتێك رەفز دەکات، لەگەڵ ئەوەدا جۆری یەکەم ئەندامانی دەستەبژێری کوردی بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیان لەگەڵ حکومەتی بەریتانی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەو قەناعەتەی جۆری (ب)یان هەیە، بەوەی بە چاکی دەزانن پەیوەندیان لەگەڵ ئەڵمانو روس هەبێ.

١٠- وا چاوەڕوان دەکرێ شەڕی یەکەمی جیهانی هۆکاری هەموو ئەو ئاژاوانەیە بێ لە ناوەندە کوردیەکان، چونکە شەڕی یەکەمی جیهانی دەرفەت بووە بۆ کورد داوای مافەکانی خۆی بکاتو لە رێککەوتننامەی سیڤەر (لەگەڵ ئەوەدا پەسند نەکرا، بەڵام بەڵگەنامەیەکی نیودەوڵەتی بوو) دان بەو مافانە دابنرێ. ئەمرۆ دوو چینی دیکە لە کۆمەڵگەی کوردی هەن، ئەوانیش چینی سەرۆك هۆزەکان "ئاغاو شێخەکان" لەگەڵ چینی کاربەدەستانی پێشووی عوسمانی، چینی تازە ئەوانە لە قوتابخانەی تازەی نیزامیو بەشێکیان بە زمانی کوردی خوێندوویانە، بەڵام چینی (ب) پێدەچێت زیاتر بە لای روس

دابن، بەڵام واقیع بە سەریدا فەرز کردوون هاوکاری ئێمە بکەن. پێشتر وتمان چینی (أ) چینی سەرۆك هۆزەکانن، کە پەیوەندی پتەویان لەگەڵ ئێمەدا هەیە، لەگەڵ ئەوەدا بەڕێوەبردنی باکوری ئێراق هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی کوردی تێدایە، بەڵام نابێ وا دابنێین بزوتنەوەی کوردی بزوتنەوەیەکی دژی ئێمە یان حکومەتی ئێراقیە، هەندێ جار بزوتنەوەی کوردی تووشی جۆرە زوڵمێکی بیرۆکراتیانە دەبێتەوە، کە کورد وەکو تایبەتمەندی ولایەتە کوردیەکان داوای دەکات، بەڵام سەبارەت بە سروشتی کۆمەڵگای کوردی لە ئێران دەبینین دەستەبژێری کوردی زۆر لاوازەو ئاغایەکان لەوێ دەستیان گرتووە بە سەر بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی، بە هۆی بە هێزی پەیوەندی نێوان سەرۆك هۆزەکانی هەردوو دیوی سنووری ئێراقو ئێران، ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك هۆزەکانی کوردستانی ئێران وەکو پەناهێندە لە کوردستانی ئێراقن‌و دوای دەرپەڕاندنی سەربازە ئێرانیەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا دەکەن، کە پەیوەندیان بە ئێمەوە کردووەو لەپەیوەندی پتەودان لەگەڵماندا، لەگەڵ ئەوەدا ئەو بزوتنەوەیە لە سەردەستی دەربەگەکان دەستی پێکردو بە خێرایی رووخسارێکی نەتەوەیی وەردەگرێت، بە پێچەوانەی کوردی ئێراق ئەوان هیچ رۆڵێکیان لە ئیدارەی ناوچەکەییدا نیە، لەوێ بزوتنەوەی کورد روخسارێکی رزگاربوون لە دەسەلاتی بیانی وەرگرتووە، بە هۆی نەبوونی هەڵوێستی ئێمە لەبەرانبەر پشتگیری نەکردنی ئەو وەفدە کوردیانەی سەردانمان دەکەن لە بەغداو ئەو ئاهەنەگانەی لە باکۆ بزاڤی نەتەوەیی سازی داوە، بە بەراورد لەو پەیوەندەی هەیانە لە نێوان ئێمەو روس دەبینین بە لای ئێمەدان، لەلایەکی دیکەوە هەبوونی هەڵوێستی دۆستانەی ئەفسەرە بەریتانیەکان لە ئێران، هەندێ لە ناوەندە کوردیەکانی هانداوە هەڵوێستی نادۆستانە لەبەرانبەرمان بگرنە بەر، ئەمەش لەو بڵاوکراوەیە بەدیارکەوتووە کە بەم دواییە لە کرماشان دابەش کراوەو هەمووی بۆتە لادانی بزاڤی کوردایەتی لە رێرەوی ئاسایی خۆی، کە دۆستایەتی بووە بۆ ئێمە، بۆیە ئێستا روس زیاتر لە ئەوانی دیکەیە لە ناوەندە کوردیەکان جێگای متمانەیەو کاریگەری لە ناو بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لە زیادبووندایە. دڵنیا نیم ئەگەر رێگەمان بە پەرەسەندنی لەو جۆرە بدایە لە رێرەوی بزاڤی نەتەوایەتی بە راستی خزمەتی ئەو بزوتنەوەیە یان هاوپەیمانانی دەکرد، لە ناویشیاندا ئێران، دەکرێ لە کوردستانی ئێراقەوە ئەو دەرفەتە بقۆزینەوە بۆ رینومایی کوردستانی ئێران بە جۆرێ لە خزمەتی ئێمەدابێ، بەڵام دەتوانرا رێرەوی ئەو گۆرانکاریەمان

بگۆڕیایە، کە پەیوەندی ئەو بزاڤە بە روسیاوە دەبەستێتەوە، ئەمەش لە رێگەی گرتنەبەری سیاسەتێکی گونجاو، کە پەیوەندی هەبوایە بە تەنگەوەچوونی مەزلومەیەتی کورد، لەلایەك دان بە مافی نەتەوەیی ئەواندا بهێنرێ لە ئێران و لەلایەکی دیکەوە نەبێتە مەترسی بۆ سەر یەکیەتی خاکی ئێران، بەڵام ئەو سیاسەتە بە جۆری دابڕێژرایە کاریگەری نەبوایە لە سەر تورکیاو نیگەرانی حکومەتی تورکی نەورووژاندایە. ئێستا پتەوبوونی پەیوەندیەکانی بزوتنەوەی کورد و روسیاو چالاکی بەرچاوی روس لە ناوچەکە مەترسی بۆ تورکیا زیاد کردووە.

**واژۆ**

**راویژکاری بەریتانی بۆ وەزیری ناوخۆی ئێراق**

FO. 624/65

T.A/50/468،NO

**بەغدا ١٤ی ئابی ١٩٤٢**

**بۆ: باڵوێزی بەریتانی – بەغدا**

**نوسینگەی راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ**

**عەقید دیبلۆ. أ. لیون**

**بابەت: بزوتنەوەی کوردیو وڵاتانی میحوەر**

١- راپۆرتێکمان بە دەست گەیشتووە، کە پێش ماوەیەك دەسەڵاتدارانی ئەڵمانی لە پاریس کەسایەتی کوردی ناسراو شەریف پاشا چەند ساڵێکە لە مۆناکۆ دادەنیشێت بانگهێشت کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی کورد، بەپێی ئەو راپۆرتە رێککەوتوون لە سەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، کە کوردانی ژێر دەسەڵاتی روسی بگرێتەوە، لەبەرانبەردا شەریف پاشا سەرکرایەتی بزوتنەوەیەك بکات، کە کوردو گەلانی دیکەی مسوڵمانی بندەستی ئیمپراتۆریەت بگرێتە خۆ دژی هەریەك لە روسیاو بەریتانیا، بەڵام بەریوەبەرایەتی هەواڵگری نەیتوانی لەو هەواڵە دڵنیا بێت، نازانین لەو دڵنیابین کە ئایا هەتا ئێستا شەریف پاشا زیندووە، ئەگەر مابێ ئەوە زۆر بە تەمەنە. هەواڵگر لە پەیوەندی پتەو دایە لەگەڵ شەریف پاشاو ئەو بزوتنەوەی سەرکردایەتی دەکات، ئەمە لە کاتێکدا هەواڵگر پێشتر زۆر ورد بووە لە زانیاریەکانیدا، بۆیە بریارماندا وەکو راستی مامەڵە لەگەڵ ئەو هەواڵە بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەواڵی دڵنیاییداین، ئەگەر زانیاریتان لەبەردەستدا نیە لە سەر رابردووی شەریف پاشا ئەوە ئەو زانیاریەتان بۆ دەنێرم، کە لە تۆماری شەریف پاشادا لە بەرێوەبەرایەتی هەواڵگریدا هەیە.

## شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشا

پاشا ئەفسەرێکی سەربازیو دیبلۆماسی عوسمانی بووە، راستەوخۆ لە کاتی هەوڵەکانی کۆدەتاو پێش شەڕو دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئەوروپا ژیاوە، ئەگەر بە راستی هەتا ئێستا لە ژیاندا مابێ ئەوە زۆر پیر بووە، لەگەڵ ئەوەدا وەکو سەرکردایەتی بزاڤی نەتەوەیی کورد سەرکردەیەکی "سیاسی بیرتیژو رێکپۆش بوو"، دەڵێن زۆر دەوڵەمەندەو زەویو زاری زۆری لە فەرەنسادا هەیە، لە شەڕی یەکەمی جیهانیەوە لەوێ دەژی، شەریف پاشا یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی تەعالیو تەرەقی کوردستان، کە لەساڵی ١٩١٩ دامەزراوە. ئەم ناوانەش لە کەسایەتە دیارەکانی کوردن: سورەیا بەدرخان، ماردینی عارف پاشا، زینی بابان، کوڕەکەی عالی بەدرخان، مەمدوح سالم (سکرتێری کۆمەڵە)، دەڵێن بۆ ماوەیەك بارەگای ئەو کۆمەڵەیە لە سوریا بووەو دەسەڵاتدارانی فەرەنسی پشتوانیان لێکردووە، لە ساڵی ١٩٣٠ ئەو کۆمەڵەیەوە سەر لە نوێ کەوتەوە چالاکی، وادیارە کۆمەڵەی تەعالیو تەرەقی کوردستان جێگەی کۆمەڵەیەکی دیکەی گرتبۆوە، کە ئێستا ناوەکەیمان لە تۆمار لە لا نیە، ئەو کۆمەلەیە ماوەیەك زۆر چالاك بووە، لە تورکیا لەلایەن ئەم کەسایەتیانەوە بەرێوەبراوە:

شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبێدوڵڵا، مستەفا پاشا کوردی، مەلا سەعید کوردی، ئیبراهیم بەگی حەیدەری، هەموو ئەو سەرکردانە مردوون، شەریف پاشا وەکو نوێنەری کۆمەڵە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ئامادەی چەندان کۆنگرەی دەولی بووە بۆ ئاشتی.

٢- کۆمەڵەی تەعالیو تەرەقی کوردستان کۆمەڵەیەکی ئیسلامیەو دژی هەموو کارەکانی خویبون وەستاوەتەوە، لقی لە هەموو شارەکانی تورکیاو سوریادا هەیە، بەڵام کۆمەڵەی تەعالیو تەرەقی، هەروەکو خۆیبون سەرکەوتوو نەبووە لە راکێشانی لایەنگری زۆر لە ناوخۆی ئێراق، لقە چالاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە لە تورکیا لەم شارانە بووە: ئەرزنجان، ئەرزەرۆم، قارس، بایەزید، ئالاشکورد، مەلازگورد، فارتا، خنس، موش، بەدلیس، وان، سیرت، شیرناخ، جەزیرەی بن عومەر، دیاربەکر، ماردین، خەربوت، دەرسیم، کۆمەڵەی تەعالیو تەرەقی کوردستان لە ناو سوپا زۆر بەهێزەو زۆربەی ئەندامەکانی پێگەی گرنگیان لە دەوڵەتدا هەیە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ کاریگەری ئەو کۆمەڵە لە سەر بارودۆخی ئێستای کوردستان

هەڵبسەنگێنین، پێویستە ئەوە بەدیاربخەین، کە زۆربەی ئەندامەکانی مردوون، بەڵام هەندێکیان ماون لە ناویاندا ئەفسەرو کارمەندی بچوکنو ئەوانە دەبنە سیاسییەکی چالاك لە سیاسەتی کوردی. دەبیٚ ئێستا ئەوە روون بکەینەوە، کە ئایا ئەو کۆمەڵەیە ماوە یان نا.

٣- سیاسەتی کۆمەڵە هەتا ساڵی ١٩٣٠ دۆستایەتی بەریتانیا بووە، لەگەڵ ئەوەدا ئیدانەی سیاسەتی ئێمەیان کردووە بەرانبەر تورکیاو واژۆکردنی رێککەوتننامەی لۆزانی ١٩٢٣ لە خۆبواردن لە وەرگرتنی خواستەکانی نەتەوەی کورد، بەڵام کۆمەڵە بە بەردەوامی پیٚ وابووە، لە کۆتاییدا حکومەتی بەریتانی خواستە نەتەوەییەکانی کورد دێنێتەدی، پشتگیری رزگاری کوردستان دەکات، لە بیستەکانەوە لەگەڵ ئەوەدا پێگەی کۆمۆنیستی بە ئاشکرا لە ناویاندا هەبووە، چالاکوانانی کورد دوودڵ نەبوون لە پشتگیری روسی، لە زۆر بۆنەدا جەختیان لە سەر ئەوە کردۆتەوە، کە ئەگەر بەریتانیا هاوکاریان نەکات وەکو جێگرەوە بۆ پشتگیری پرۆژە نەتەوەییەکانی خۆیان چاوەڕوانی پشتگیری روس دەکەن، کورد لەو باوەڕەدایە دەوڵەتی روسیا خاوەن ژیارەو بۆ رزگاربوون لەو دواکەوتوویەی تێیدا دەژین هاوکاریان دەکات، لەگەڵ ئەوەدا ئیتاڵیاو فەڕەنسا هەوڵیان داوە کەناڵی پەیوەندی لەگەڵ کورد بدۆزنەوە، بەڵام هەرگێز کورد چاوەڕوانی ئەو دوو دەوڵەتە نەبووە، لەگەڵ ئەوەدا ئەوە نەبۆتە رێگر لەبەردەم گوێگرتن لە ئامۆژگاریەکانی فەڕەنسا بۆ هەڵگەرانەوە دژی تورکیا، بەڵام هاریکاری کوردی روسی بەرهەمی نەبووە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ رێککەوتنی هاریکاریو هاوپەیمانیەتی نێوان روسیاو تورکیاو توانای تورك بۆ لە ناوبردنی تەواوی ئەو راپەڕینەی دوایی کوردان، بەڵام ئایا بەم دواییە سەر لەنویٚ لە دەرگای روس یان فەڕەنسایان داوە؟ نازانم لە ژێر رۆشنایی ئەوەی سەرەوە ئەگەر دەوڵەتانی هاوپەیمان لەو بارەیەوە خۆ کەڕ بکەن یان بە گەرمی بە پیریەوە بێن، ئەوە (بە هۆی نزیکبوونەوەی هێزەکانی ئەڵمانی لە ناوچەکە) بەڵێنو پاڵپشتی داراییو سەربازی ئەڵمانی دەکەوێتە بندەستی کورد، ئەمە دەبێتە دەرفەتی گونجاو بۆ کوردو ئەڵمانیا لە ژێر چاودێری ئەڵمانی بەجدی بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بکەنەوە، بۆیە ئەوەی لە کورتەی راپۆرتە هەواڵگریەکەی بەریتانی لە ٣١ی مارسی ١٩٤٢دا هاتووە، ئاماژەی کردووە، کە شاڵاوی راگەیاندن بۆ پشتگیری لە دهۆك نادیدە ناگیریٚ.

٤- لەبەر ئەو هۆیانەیە بە جدی جەخت دەرکرێتە سەر مەسەلەی کورد، لەگەڵ ئەوەدا لەو ساڵانەی دوایی کورد پشتی بە متمانەو پشتگیری حکومەتی بەریتانی بەستبوو، بەڵام لە بەدیهێنانی خواستە نەتەوەیەکانیو لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نوشستی

هێناوە، هەتا لە زەمانەتی پاراستنی مافە نەتەوایەتیەکان لە دەستووری ئێراقیدا شکستی هێناوە، کەواتە لێرەدا واقیعیە کورد ئەو قەناعەتەی لادروست بیٚ، کە بەریتانیا لە ئایندە ناتوانیٚ یان نایەویٚ پشتکیری بە دیهێنانی خواستە نەتەوەییەکانی کورد بێت، بۆیە ئەڵمانیا زیاتر ئەو قابیلیەتو ئامادەییەی تێدایە پشتگیری پرۆژەی نەتەوەیی کورد بکات بەو مەرجەی کورد لەگەڵیدا ڕێك بکەویٚ بۆ پشتگیری لەو شەڕە، ئاکامە خراپەکانی ئەو هاوپەیمانیەتیەی کوردو ئەڵمان ئەگەر بێتەدی دیارو بەرچاوەو روونکردنەوەی ناویٚ.

٥- لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە سەرەوە هاتووە گریمانە لە سەر ئەو سەردانەی شەریف پاشاو هەڵسوکەوتەکانی کە لێی دڵنیانین، بەڵام ئەوەی جێی بایەخی شەریف پاشایە یان خەڵکی دیکە، چونکە واقیعیە ئەڵمان ئەو سیاسەتە بگرێتەبەر لەگەڵ کورد، کە ئاماژەمان پێدا. بۆیە وادابنێین ئەگەر ئەو گریمانەی ئەڵمانیامان لەگەڵ کورد قبوڵ کرد، دەبیٚ ئاگاداری ئەو خاڵانەی خوارەوە بین:

أ- لە ژێر ڕۆشنایی بڕگەکانی ١و٣ دۆزینەوەی لقو شوێنەکانی کۆمەڵەی تەعالیو تەرەقی کوردستانو شوێنەکانیان.

ب- زۆربەی سەرکردەو ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە لە کوردە دەوڵەمەندەکانو ئەفسەرانی سوپاو چینە چالاکەکانن.

ت- دکتۆر شوکری مەحمود سەگبان یەکێکە لە ئەندامە دیارەکانی ئەو کۆمەڵەیە، لەگەڵ ئەوەدا کورد بە خائینی داناوە، ماوەیەك لەگەڵ خۆیبون کاری کردوەو ئێستا لە بەشی کوردی بەرێوەبەرایەتی رۆژهەڵاتی سەر بە حکومەتی ئەڵمانی کاردەکات، ئایا ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەڵەی تەعالیو تەرەقی کوردستان خۆی یان باکگراوندی خۆی پەیوەست کردووە بە چارەنوسی حکومەتی ئەڵمانی.

پ- وەکو روونە دکتۆر شوکری سەگبان پەیوەندی پتەوی لەگەڵ خانەوادەی بابانە کوردەکان هەیە، بە تایبەتی خانەوادەی جەمال بابان، کە بەم دواییە شوکری سەگبان سەردانێکی بۆ ئەستەنبووڵ بۆ ڕێکخستووە، لەو بروسکانەی رەوانە کراوە هاتووە، کە بە"ڕێگەی کونسولێەتی ئێراقی"، یەکێك لە بابانیەکانی دانیشتووی دیمەشق لە ناودارترین ئەندامانی کۆمەڵەی تەعالیو تەرەقی کوردستان بووە، ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان کۆمەڵە لە بەغداو دیمەشق، ئەوەی شایانی باسە جەمال بابان لە لایەنگرانی هاوپەیمانەکانە.

ج- داود بەگی حەیدەری بریکاری وەزیری دەرەوی ئێستاو وەزیری داد[1]، کوڕی ئیبراهیم حەیدەری، پلەی شێخی ئیسلامی هەبوو لە سەردەمی کۆنو لە دامەزرێنەرانی بنەڕەتی کۆمەڵەیەکی کوردی بووە، دوای گەڕانەوەی بۆ ئێراق پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەی تەعالی کوردستانو لە سەرەتای بیستەکان کراوەتە وەزیری ئەوقاف، زۆر کەس باوەڕیان وایە داود بەگ لە بەهێزترین هاوکاری هاوپەیمانەکانە.

ح- ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان سەردانی ئەو شەریف پاشایەی باسکرا لەگەڵ ئەو کۆمەڵەو بزاڤانەی لە بڕگەکانی ١، ٢، ٣، ٤، ٥ دا هاتووە، ئەو گفتوگۆیانەی لە ماڵی جەعفەر جەعفەری (کاتی خۆی ڕێنجبەری دکتۆر سائیب شەوکەت بووە، زاوای داود بەگی حەیدەریە)، چەند ماڵێکی دیکەش لە بەغدا.

خ- گریمان هیچ پەیوەندیەك نیە، ئەوکات چۆن دەتوانین باوەڕبکەین ئەو گفتوگۆیانەی لە بڕگەی ٦ دا هاتووە، پەیوەندی بە بزوتنەوەی تۆرانیەتەوە هەیە.

د- وا دابنێین ئەڵمان بزوتنەوەی تۆرانیەتی هاوشێوەی بزوتنەوەی کورد بەکاردەهێنن، بۆ ئینگلیز گونجاوە بێ ئومێد بێتو لەو ڕێگەیەوە کورد بۆ نەخشەی ئەڵمانی رابکێشێت؟ واتە ئەڵمان داوای لە هەردوو بزوتنەوە کردووە ناکۆکیەکانیان لە سەر ناوچە جێ ناکۆکەکان لە قەوقازو ئازەربایجان یەکلایی بکەنەوە، ئایا دەکرێ ئەڵمان مەرجیان لە سەر دابنێ هەتا ناکۆك نەبن، چونکە ئەوکات یەك لەو دوو لایەنە بە دڵنیاییەوە دەچنە پاڵ روس یان فەڕەنسا؟ لێرەدا ئەو پرسیارە گونجاوە، کە ئایا رۆڵی هۆزەکان لەو سیناریویە چی دەبێ؟ لە وەڵامدا بەڵێ، چونکە خەڵکی دیکە ئایندەی بۆ ئەوان دیاری دەکەن.

ژ- ئایا لەو بارودۆخە هەستیارە سەردانی میسیۆ روجر لیسکۆ بۆ کوردستانی ئێران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی ئەکادیمی بە تەنیا بەرێککەوت بووە، لەو باوەڕەدام مسیو لیسکۆ توێژەرێکی پسپۆری ناسراوە لە سەر بابەتی کوردو پەیوەندی پتەوی هەیە لەگەڵ خانەوادەی بەدرخانیەکان لە دیمەشق، پێشتر لە ماوەی ١٢ی ئازار بۆ ٦ی نیسان سەردانی ئێراقی کردووەو لە میوانخانەی "رەفر فرانت" لە بەغدا دابەزیوەو بە ئەندامی نێردراوی سکرتاریەت لە دیمەشق خۆی ناساندووە، بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە بەغدا بووە، مسیو لیسکۆ زۆر سەردانی نێردەی فەرەنسی کردووە، ناکرێ لەوە دڵنیابین مسیو لیسکۆو خێزانەکەی بە ناوی فلورنس جاتالیك بە

---

[1] - ئەم دەربڕینە لە دەقە عەرەبیەکەدا رۆشن نەبوو. بابان زادە.

ڕەگەز ئەمریکی بووەو بەزەحمەت بە ئینگلزی قسە دەکات، ئایا ئەوان ئێستا بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی سەردانی ئێران دەکەن؟ ئەمە لە کاتێکدا لەم بارودۆخەدا باکوری ڕۆژئاوای ئێران شوێنێکی باش نیە بۆ توێژینەوەی زانستی؟ ئەدی دەتوانین بپرسین هۆکاری بایەخی فەڕەنسا بە کوردی ئێراقو ئێرانو تورکیا چیە؟ ئەگەر سەردانی شەریف پاشاو هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی فەرەنسی لە سوریا بەرانبەر کۆمەڵەی تەعالیو تەرەقی کوردستان بە هێند وەربگرین، ئایا هیچ پەیوەندیەك دەبینین لەگەڵ سەردانەکەی مسیو لیسکۆ؟ ئەوەی شایانی باسە مسیو لیسکۆ هاوڕێی توێژەر "بیار ڕوندو"یە بۆ ماوەیەك سکرتێری ژەنەڕاڵ (دینتز) بووە، هەندێ نوسین لە لای کابتن "فیرنی" بووە لە ئەنقەرە ئاماژەی بەوە کردووە، کە بیار ڕوندۆ توێژەر نیەو دەیەوێ توێژینەوەیەکی ئینسکلۆپیدی لە سەر کورد بنوسێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کاری سیخوڕی کردووە. لەو باوەڕەدامو من لەو ڕاستیە دەدوێم، کە ئێستا کابتن "فانیر" بە چاودێری پاسەوان گواستیانەوە بەیروت، ئەو زانیاریانەی پێمان دراوە زۆر بە سوودە هەتا لە ڕۆڵی "ڕوندو"و "مسیو لیسکۆ" تێبگەین لە کاری سیخوڕیو لە بەرژوەندی کێ کاردەکەن؟

ر- ئەندامانی خانەوادەی بەدرخان کێنو چالاکی ئەم دواییەیان چیە؟ ئایا هیچ ئەندامیان لە فەڕەنسا هەیە؟ لەگەڵ ئەوەدا ئەو خانەوادەیە نازناوی میریان وەرگرتووە، لە کۆنگرەکان بە کارزانی ناسراون، ئەستەمە ئەو گریمانە دابنێین بۆ ئەوانە کە موجازەفە ناکەنو هەر کارێك لە دیمەشق لەو ژیانە بێ گرفتەیان دوور بخاتەوە لێ نزیك نابنەوە، ئەوان لە هیچ نەخشەیەك نزیك نابنەوە سەرکەوتنی مسۆگەر نەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا زۆر گونجاوە وەکو سەرکردەیەکی کاریزما لە ناو ئەوان بۆ ڕێبەریکردنی پڕۆژەی نەتەوایەتی کوردی دیاری بکرێ، بۆیە بەدواداچوونی جولانەوەی ئەوان سوودێکی نابێ.

# کوردستانی باکور ١٩٢٠ – ١٩٤٤

371/5068 ،FO

## تەرجەمەی نامەیەکی بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەی "ئەقدام"ی تورکی بە مێژووی ١٩٢٠/٢/٢٧

### "کوردو جامیعەی عوسمانی: لێدوانی سیناتۆر سەید عەبدولقادر ئەفەندی"

بۆچوونو لێدوانەکانی کەسایەتیەکانی کوردو کوردانی دانیشتووی ئەستەنبول دەربارەی ڕێککەوتنی نێوان نۆبار پاشاوو شەریف پاشا لە پاریس لێرە لە ناو ڕۆژنامەکان دەنگی داوەتەوە.

کۆمەڵەی بووژانەوەی کورد بەیاننامەیەکی لە سەر بەندە بنەڕەتیەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە دەرکردووەو جەختی کردۆتەوە لە سەر خواستەکانی جەماوەری کورد لە سەر پێویستی بەدیهێنانی سەربەخۆیی لە ڕێگەی ئەو ڕێککەوتننامەیەوە.

بە هۆی سووربوونمان لە سەر ئاگاداربوون لە بۆچوونی سەید عەبدولقادر سیناتۆری کوردیو سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت لە حکومەتی فەرید پاشاو پیاوی دەوڵەتی عوسمانی، یەکێك لە پەیامنێرەکانمان نارد بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکات.

عەبدوڵڵا جەودەت سەرەڕای ئەندامیەتی لە یانەی کوردی: ناتوانرێ هاوپەیمانیەتی کوردو ئەرمەن بەهێند وەرنەگیرێ، عەبدولقادر ئەفەندی رەتی کردەوەو وتی: ئەوە مەحاڵە.

هەریەك لە عەبدوڵڵا جەودەتو شەریف پاشا ئەندامی یانەی کوردی، داوای سەربەخۆیی تەواو دەکەن بەڵام عەبدولقادر ئەفەندی لەگەڵ ئەوەدا ئەندامی هەمان یانەیە، سوورە لە سەر ئەوەی خودموختاری چارەسەری گونجاوە بۆ مەسەلەی کورد.

**لەخوارەوە دەقی قسەکانی سەید عەبدولقادر ئەفەندی بڵاودەکەینەوە، کە لە چاوپێکەوتنی پەیامنێرەکەماندا هاتووە:**

پ/ دەتوانی بۆچوونی خۆتمان لە سەر ئەو رێککەوتننامەی نێوان بۆغۆس نۆبار پاشاو شەریف پاشا واژۆ کراوە بدەیتیێ؟

و/ پێشتر بۆچوونی خۆمان لە رێگەی بەیاننامەیەکی تایبەت راگەیاندووە، ئەرمەن دوای ئەو شەش ولایەتەی رۆژهەڵات دەکەن، بەڵام لەو لێدوانەی باسم کرد جەختمان کردوە لە سەر ئەوەی ئەو داواکاریانەی ئەرمەن بنەڕەتێکی نیە، چونکە زۆربەی زۆری دانیشتوانی ئەو ولایەتانە کوردن، ئەو ولایەتانە بە تەواوی دەکەونە ناوچەی کوردیەوە، داوا دەکەین لیژنەیەکی نێودەوڵەتی بێتو بە پشتبەستن بە واقیعی دانیشتوانی ئەو ولایەتانە ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکاتەوە. نۆبار پاشا لە سەر ئەو بۆچوونە رازی بووەو وەکو بەندێك خراوەتە رێککەوتننامەوە، ئەو بەندە دەڵێ: لیژنەی دەولی رەوانە بکرێ بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو مەسەلەیەو بوغۆس پاشاو نۆبار پاشا لە بەراییەوە بەڵێن بدەن قبوڵی بڕیاری ئەو لیژنەیە بکەنو دژی بەرژەوەندی کورد کارنەکەن.

پ/ئەمە راستە کوردو ئەرمەن لە ڕەگەوە دەچنەوە سەر ئاریو لە ناو گەلانی ئاری یەك لقی هاوبەشیان هەیە؟

و/لەو بارەیەوە چەند بۆ چوونێك هەیە، هەندێ دەڵێن لە بنەڕەتەوە دەگەڕێنەوە سەر عەرەب، هەندێ لەو باوەڕەدان دەگەڕێنەوە بۆ سەر گەلانی ئێرانی، بە بۆچوونی من کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەر پەهلەوی ئێرانی، بۆیە پێم وایە کوردو ئەرمەن لە ریشەوە پێکەوە پەیوەندیان هەیە.

پ/ئایا دەکرێ کوردو ئەرمەن وەکو هەندێ دەڵێن ببنە هاوپەیمان؟

و/ لە راستییدا هەر هاوپەیمانیەتیەکی نێوان کوردو ئەرمەن بنەڕەتی بابەتی نەبێت ئاسان نیە بێتەدی، بەڵام هیوادارم بە رێگەی دادگەرانە کێشەکانی پەیوەست بە سنوور چارەسەر

بکرێ، هاوپەیمانیەتی کوردو ئەرمەن مەسەلەیەکی دەستکردەو لە سەر بنچینەیەکی ئاساییو بەهێز چارەسەر ناکرێ.

پ/ ئایا شەریف پاشا لە پاریس نوێنەرایەتی گەلی کورد دەکات؟

و/کۆمەڵەی تەعالیو تەرەقی کوردستان شەریف پاشای ناردووە بۆ پاریسو بە بۆچوونی من ئەو کۆمەڵەیە نوێنەرایەتی کورد دەکات.

پ/ سروشتی پەیوەندی کوردو تورك بە بۆچوونی ئێوە چۆنە؟

و/تورك لە ئایندا برای ئێمەن، هەموومان مسوڵمانین، مەحاڵە رق لە نێوانماندا بڵاوببێتەوە، بەڵام هیوادارین وەکو گەلێکی ئازاد ئەو مافەمان بدەنێ.

ئەو پڕوپاگەندانەی کە گوایە رێککەوتنی نێوان شەریف پاشاو نوبار پاشا دژی تورك بووە، ئەوە بنەڕەتێکی نیە. ئێمە رێگە نادەین بۆچوونی لەو جۆرە بە سەرماندا تێپەڕێ، هەموو ئەو بۆچوونانە ئامانجی مەبەستداری لە پشتەوەیە.

پ/ داواکاریە هەقیقیەکانی کورد چیە؟

و/ ئەمرۆ شەش یان پێنج ولایەتی کوردی لە دەوڵەتی عوسمانی داوای خودموختاری دەکەن، ئێمە لە دابینکردنی پێشکەوتنی ئەو ناوچەیە لە رێگەی دانانی بەرپرسی هەڵبژێردراو کوردی پاكو دادگەرەوە بە ئەرکی خۆمان هەڵدەستین، بە دڵنیاییەوە ئێمە هیچ هەستێکی دوژمنکاری بەرانبەر تورك دروست ناکەین، تورك لە بەرێوەبردنی ناوچەی خودموختاری پێشنیازکراو لەگەڵماندا هاوبەشن.

FO، 371/5068

**له: ئەمیراڵ دی. روبیك، ئەستەنبووڵ**

**بۆ/ وەزارەتی دەرەوە ١٨ی نیسانی ١٩٢٠**

**بروسکەی ژمارە (٤٠١)**

**ئاماژە بۆ بروسکەتان**

بە هۆی لێکترازانی ئەو یانە کوردیەی لە بروسکەی ژمارە (٣٠٢) ئاماژەم پێدا هەڵویست بەرانبەر کێشەی کورد ئاڵۆزە.

بنەماڵەی بەدرخانیەکانو دەستەبژێری کوردی، سەید عەبدولقادر ئەفەندی تاوانبار دەکەن بەوەی هاوسۆز نەبێ لەگەڵ هەستی نەتەوایەتی کوردیو لەو بارەیەوە لێدوانیان داوە، کە عەبدولقادر لەبەرانبەر سەربەخۆیی ئیداری کوردستان دەوەستێتەوەو رێزی زۆری هەیە بۆ خەلافەتو پێی وانیە سەربەخۆیی سیاسی کوردستان سوودی هەبێت، عەبدولقادر دەڵێ: ئێستا پاڵپشتی بەریتانی پێویستەو هەرکاتی حکومەتی بەریتانی ئارەزووی پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان کرد ئەوە ئامادەیە سەربەخۆیی رابگەیەنێت، بەڵام لەو باردۆخەی ئێستا هیچ پێویست ناکات ئەو هەموو ناحەزانە لە سەر سەربەخۆیی تەواوی کوردستان بورووژێنن. پێدەچێت عەبدولقادر پیاوێکی راستگۆ بێت، بە هۆی ئەو پێگە ئاینیەی هەیەتی لە زۆربەی کەسایەتیە کوردەکان زیاتر خاوەن پێگەیە، ئەو نەتەوەخوازانەی لە کورد هەڵگری بیری میسالیەتنو ئەوانەش کە بانگەشەی نەتەوایەتی تورکی دەکەنو کار دەکەن بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی لە ناحەزانی عەبدولقادرن، لە راستیدا ئێستا بە تەواوی خۆری یانەی کوردی بەرەو سەختی دەڕوا بە هۆی پەیدابوونی گروپێك یان دامەزراوەیەك، کە بە کردەوە نوێنەرایەتی رای گشتی کوردی دەکات.

**نوسخەیەك نێردراوە بۆ بەغدا، بروسکەی ژمارە ٢٧**

371/6346 ،FO

## بروسکە لە: نوێنەری باڵای بەریتانی بە وەکالەت – ئێراق
## مێژووی ١٩٢١/٧/٥ بروسکەی ٣١
## بروسکەتان لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٢١

نوسخەیەك لە نوسراوی ژمارە (٤٧٦) بۆ ئێوەو بۆ وەزارەتی دەرەوە دەنێرم، کە پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان یۆنانو کورد، وەکو مستەفاو هەقی بەگ.. هەروەها نوسراوی ژمارە (٥٢١)ی بەرواری ٢٣ی حوزەیران، کە دەڵێ: کوڕانی بەدرخان داوایان لە حکومەتی بەریتانی کردووە هاوکاریان بکات بۆ بەرەنگاری حکومەتی کەمالیو پشتگیری لە هەوڵەکانی حکومەتی یونانی لە شەڕی مستەفا کەمال، ئەو داوایەمان رەتکردەوە لەو بارەیەوە بچینە سەر خەتو وەزارەتی دەرەوەش پشتگیری ئەو هەڵویستەی ئێمەی کردوە.

راپۆرتەکان بە جیاوازییەوە ئەوە دەگەیەنن، کە بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوە لە باکوری رۆژئاوای کوردستان پەیدابووە، پێدەچێت ئەو هەڵگەڕانەوەیە حکومەتی نەتەوەیی لە ئەنقەرە زۆر نیگەران کردبێت، بەڵام حکومەتی ئەنقەرە دەڵێ: ئەو چالاکیانەی نورەدین پاشا سەرکردایەتی دەکات بەرهەمی دەبێ.

حەقی بەگ سەر بە هۆزی مەلیکانە، خەڵکی گوندێکی سەر بە دیاربەکرە، گوایە حەقی بەگ لە دەستی حکومەتی کۆمەڵەی ئیتحیادو تەرەقی هەڵاتووەو لە کاتی دەستپێکردنی شەڕی یەکەم لە ئاوارەیی لە پاریس دەژی، دەرفەتی لەو بارودۆخە وەرگرتووەو بە رێگەی میسر سەفەری یۆنانی کردووە، لەگەڵ گەیشتە میسر حکومەتی بەریتانی دەسبەسەری کرد، چونکە رەگەزنامەی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی پێ بووە، کە بەریتانیا لە شەڕدا بووە لەگەڵ ئەو دەوڵەتە، دوایی دووری خستەوە بۆ ماڵتاو ئازادی کردو دوای واژۆکردنی ئاگربەستی دەوڵەتی عوسمانی رەوانەی ئەستەنبوولی کرد، حوقی بەگ ئەو توانایەی هەیە کار لە بەرانبەرەکەی بکات، ئەو مرۆڤێکی سەرکەشە، بەڵام لە ناو کورد خاوەن پێگە نیە، هانمان نەدا لە سەر ئەو

داواکاریەی هەیبووە، کە لە رووی سیاسیەوە پشتگیری بکەین‌و پەساپۆرتی بدەینێ سەردانی دیاربەکر بکات، ئامۆژگاریمان کرد بە شێوەی ئاسایی پەساپۆرت پەیدا بکات، ئامادەیی خۆی نیشاندا ژمارەیەك پیاوماقوڵی کورد لەگەڵ خۆی بهێنێ، بەڵام ناویانی نەبردن.

ئاگادارتان دەکەمەوە، کە لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیران مستەفا لە رێگەی میسرەوە چۆتە بەغداو نامەیەکی رینومایی لە هێژا (رەیان)ەوە بۆ ئێوە هێناوە.

**پڕۆژەی مستەفا کەمال بۆ خودموختاری کوردستانی تورکیا ١٩٢٢**

**وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی**

**بەڕێوەبەرایەتی رۆژهەڵاتی نزیك – تورکیا**

**زۆر نهێنی** (E 3553/96/65)

**ژمارە –١–**

**لە: سێر ئایج رامبولد**

**بۆ: مارکۆیس کوزون کیدلستۆن**

**ژمارەی راپۆرت ٨. ٣**

**بەڕێز**

ئاماژە بە نوسراوی ژمارە (٥٣) لە بەرواری ١٩٢٢/١/١٦، هەروەها نامەکانی پێشووم لە سەر مەسەلەی کورد، بە پشتبەستن بە سەرچاوەی باوەڕپێکراوو لیژنەی سەر بە ئەنجومەنی نیشتیمانی تورکی گەورە راسپێردراو بە چاوخشاندنەوە بە داڕشتنەوەی پڕۆژە یاسای تایبەت بە ناوچە کوردنشینەکان، کە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتیەوە ئامادە کراوە، لە کاتی گفتوگۆ لە سەر ئەو پڕۆژەیە لە ئەنجومەنی نیشتیمانی ئەوانەی خوارەوە پێشنیازی دژیان پێشکەش کرد: سالح ئەفەندی نوێنەری ئەرزەڕۆمو یوسف عیزەت پاشا عیزەت پاشای پۆلۆو رەحیب بەگ نوێنەرانی ئەماسیاو هەتا حەمید بەگ نوێنەریو سلۆپی.... سەلاحەدین بەگ نوێنەری مارسین.

٢- ئەمە لە کاتێکدا یوسف عیزەت پاشاو راغیب پاشاو هەتا حەمید بەگ لە ئەندامانی لیژنەی پەرلەمانی بوون، کە راسپێردرابوون بە لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی یاخیبوونی ئەوەی بە "کۆچکری" ناسراوە.

٣- پێش ئەوەی بە زۆرینە ڕەزامەندی بدرێت لە سەر پێشنیازی ناوبراو ڕێککەوتن گفتوگۆ بکرێت لە سەر پڕۆژەی کۆبوونەوەی نهێنی ١٠ی شوبات، لەوێدا زۆربەی ئەندامانی پارتی بەرگری نیشتیمانی ئامادەی بوون، ئەو ئەندامانەی بە پڕۆژەی پێشنیازکراو رازی نەبوون ٦٤ ئەندام بوون، هەروەها هەندێ لە ئەندامان لە دوای ئەوە بڕیاریان نەدا چۆن دەنگ بدەن، فەرماندەی بزوتنەوەی بەرگری لە مافەکان وریاییدایە هەموو ئەندامان ئامادەیی کۆبوونەوەکە بن.

٤- سالّح ئەفەندی گفتوگۆی پەرلەمانی کردەوەو روونی کردەوە، کە ناکرێ مەسەلەی کورد بەم هەنگاوە رووکەشانەی لەو پڕۆژەیە پێشنیازکراوە چارەسەر بکرێ. وتبووی: لەگەڵ ئەوەدا زۆربەی بەڕێوەبەرایەتە پەیوەندیدارەکان هەموو راستیەکان دەزانن، بەڵام وایان پێ باشتر بووە نادیدەی بگرن، ئەو مەسەلەیە لەلای زۆرینە شاراوە نیە، کە ئەگەر دەمانەوێ ئەوەی کورد دەیڵێ لە سەر مستەفا کەمال پوچەڵی بکەینەوە، پێویستە هەموو گیراوەکان، کە بە هۆی نائارامیەکانی "کۆچکری"ەوە گیراون ئازاد بکەین، لە بەرژوەندی وڵاتە بە بایەخەوە هەموو رێنوماییەکانی لیژنەی تایبەت بە یەکلایکردنەوەی راستیەکان لە مەسەلەی یاخیبوونی کۆچکری وەربگیرێ، حکومەت ئەو رێنوماییانە کە لە لیستێکی تایبەتدا هاتووە تەرجەمەی واقیع بکات، گوایە جەواد پاشا هەموو هەنگاوێکی پێویستی لەوبارەیەوە گرتۆتەبەر، بەڵام ئێستا وڵات لە حالەتی شەڕدایە لەگەڵ یۆنانو ئەو رێوشوێنانە هەر جێبەجێ نەکراوە، ئەو یاخیبوونە بە هۆی دەمارگیریو ئیدارەو هەڵوێستی حکومەتی ئەنقەرە بووە لەبەرانبەر خەلافەت، بەکارهێنانی توندو تیژی وەکو رێگەچارە بارودۆخی ناوچەکە ئاڵۆز دەکات، گەمژەییە وا پڕوپاگەندە بکەین، کە شۆرش لە کوردستان رووی نەداوە، پێویستمان بە بەڵگە نیە بۆ شوێنەوارەکانی شۆڕش، کە بە سەرنجدان لە سەر ئەو هێزانەی لە ناوچەکە هەن دیارەو هەڵگەڕانەوە بە پشتیوانی مەلیك فەیسەڵو ئینگلیز بووە، بۆ بەرژەوەندی وڵاتە بایەخو چارەسەر بۆ هۆکارەکانی یاخیبوون دابنرێ نەك بەکارهێنانی توندو تیژی.

٥- لەو کاتەی سالّح ئەفەندی قسەی کرد، چەند جار ئەندامانی پارتی بەرگری نیشتیمانی قسەکەیان پێ بڕی، بەڵام ئەندامانی دیکەی ئەنجومەن پشتیوانیو پشتگیریان کرد، بە تایبەت لە لایەن لوتفی بەگ (نوێنەری مەلاتیە)و حەیدەر بەگ (نوێنەری وان)و عەبدولغەفور بەگ قەهرسیو ئەمین پاشا (نوێنەری سیواس)و راسم بەگ، بەڵام لێدوانی ئەو نوێنەرانە بارەکەی گرژتر کردو لە ناو ئەنجومەن بووە ئاژاوەیەکی گەورە، ئەمە وای لە بەڕێز دوراك بەگ ( نوێنەری ئەرزەڕۆم) کرد گفتوگۆی ئەو هۆڵە ناوبنێ بە گەڕەلاوژەو هۆڵی دایەنگای منداڵان.

٦- به مەبەستی سنووردانان بۆ ئەو ئاژاوەیەی لە قسەکانی سەلاحەدین ئەفەندیەوە کەوتەوە، هەندێ لە نوێنەران دوای روونکردنەوەکەی جەواد پاشا پێشنیازیان کردبوو، ئەو گفتوگۆیە هەڵبگرێ بۆ کۆبوونەوەیەکی دیکە.

٧- پێش ئەو پێشنیازە کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هات.

٨- بەندەکانی پڕۆژەی پێشنیازکراو بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد ئەمانەن:

١- لە روانگەی سووربوونی زەمانەتی گەلی تورك‌و راپەڕینەکەی‌و پشتبەستن بەو بنەما ژیاریەی باوەڕی پێیەتی، ئەنجومەنی نیشتیمانی پێشنیازی ئیدارەیەکی خودموختاری کردووە بۆ گەلی کورد، کە بگونجێ لەگەڵ داب‌و نەریتی خۆیان.

٢- ناودارێکی کورد وەکو حاکمی گشتی لەو ناوچانەی زۆرینەی کوردن دابنرێ، ئەویش بە هاوکاری یاریدەدەرێك بۆ بەرێوەبردنی ناوچەکە، کە کورد بێت یان تورك، ئەنجومەنی نیشتیمانی تورك دایبنێ.

٣- ئەنجومەنی نیشتیمانی رازی بێت لە سەر دانانی حاکمی گشتی لە ناوچەکە، کە دەبێ ئیداریەکی باش‌و بە ئەزمون بێت‌و کەسایەتی باش‌و لە لای هەموو کورد رێزی لێبگیرێ.

٤- حاکمی گشتی بۆ ماوەی ٤ ساڵان بێ‌و لە دوای کۆتایی ماوەی دەسەڵاتی، ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی محەلی کەسێکی دیکە بۆ شوێنەکەی بپاڵێوێ، بەڵام ئەگەر بە رەزامەندی زۆرینەی کورد بوو، دەکرێ حاکمی سەربازی ماوەی دەسەڵاتی بۆ ماوەیەکی دیکە بۆ درێژ بکاتەوە.

٥-لەگەڵ ئەوەدا لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی نیشتیمانیە بڕیاربدات، کە یاریدەدەری حاکم کورد بێت یان تورك، دەبێ یاریدەدەری حاکم هەڵبژێردراوی راستەوخۆی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی بێ، دەبێ حکومەتی ئەنقەرە رازی بێ لە سەر پاڵێوراوان بۆ پلەی حاکمی گشتی‌و یاریدەدەری حاکمی گشتی‌و پشکنەر.

٦- ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی لەلایەن دانیشتوانی ولایەتەکانی رۆژهەڵاتەوە لە رێگەی هەڵبژاردنی گشتی‌و راستەوخۆوە بۆ ماوەی ٣ ساڵ هەڵبژێردرێن، کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی یەکەم لە مانگی ئاداری هەموو ساڵێکەوە دەست پێ بکات‌و ماوەی گرێدانی کۆبوونەوەکان بە (٤مانگ) بێت، ئەگەر نەیتوانی لەو ماوەیە کارەکانی خۆی تەواو بکات ئەوە لە رێگەی داواکارییەکەوە دەبێ، کە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی پێشکەشی دەکات

ماوەکە درێژ بکاتەوە، پێویستە ئەو داوایە رەزامەندی زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنی کوردستانی وەربگریۆ حکومەتی ئەنقەرە پەسندی بکات.

٧- مافی ئەنجومەنی نیشتیمانیە وردبینی لە بودجەو خەرجیەکانی ولایەتەکانی رۆژهەلات بکات یان چاودێری بیٚ بە سەر هەر زولمێکەوە، کە لەلایەن کاربەدەستێکی دەولەتەوە ئەنجام بدریٚ. مافی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانیە هەر رێوشوێنێك بگرێتە بەر بۆ پەرەپێدانو پێشکەوتنی ناوچەکە، بەلام دەبیٚ دەسەلاتدارانی ئەنقەرە ئاگاداری ئەو بریارە بنو ئەنجومەنی نیشتیمانی پێشتر ئاگادار بیٚ.

٨- ئەنجومەنی نیشتیمانی چاوبخشێنێتەوە بە هەموو بابەتێکی ناکۆك لە نێوان حاکمی گشتیو ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی، دەبیٚ هەردولا ملکەچی بڕیارەکانی بن.

٩- هەتا ئەوکاتەی سنووری ناوچە کوردنشینەکان لەلایەن لیژنەیەکی هاوبەشی کوردو تورکەوە دیاری دەکریٚ، ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی نوێنەرایەتی دەبێتە نوێنەری ئەم ولایەتانە: وان، بەدلیس، دیاربەکر، دەرسیم، لەگەلٚ هەندیٚ قەزاو ناحیەی دیکە.

١٠ رژێمی دادوەری تایبەت بە ناوچە کوردنشینەکان دادەمەزریۆ ئەو رژێمە گونجاو دەبیٚ لەگەلٚ دابو نەریتی باوی ناوچەکە، لەم قۆناغەی ئێستا بەرێوەبەری بەتوانا لەو ناوچانە دادەمەزریٚ، بۆ کاروباری دەرەوە نیوەی لە کوردو نیوەی لە تورك دەبن، لەو کاتەی کارمەندە تورکەکان خانەنشین دەکرێن کوردەکان جێگایان دەگرنەوە.

١١- لەو بەروارەی کار بەو بڕیارە (پرۆژەی خودموختاری) دەکریٚ، نابیٚ هیچ باجێك بە مەبەستی پشتگیری جەنگ یان هاوشێوەی ئەوە فەرزبکریٚ، دەبیٚ هەموو باجێکی دارایی سەپێنراوی ئێستا هەلدەوەشێتەوە، حاکمی گشتی دەبیٚ رای لە سەر باجەکان بێتو سالانە وەربگیریٚ، ئەو ئەندازە دەرامەتە داراییەی رەوانەی خەزینەی ناوەند دەکریٚ لە ئەنقەرە، دەبیٚ لە لایەن لیژنەیەکەوە دیاری بکریۆ ئەندامەکانی لە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان بن.

١٢- هێزێکی جەندرمەی تایبەت بە ولایەتەکانی رۆژهەلات دەبیٚ، کە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی سەرپەرشتی بکاتو یاسایەکی تایبەت بۆ رێکخستنی کاری ئەوان هەبێت، بەلام پلە بالاکانی ئەو هێزە، هەتا ئەو کاتەی پلەکانیان لیٚ وەردەگیرێتەوە بە دەستی ئەفسەرانی تورکەوە دەبیٚ.

١٣- هەتا ئەوکاتەی رێککەوتننامەی ئاشتی دەبەستریٚ (مەبەست لە رێککەوتننامەی ئاشتی نێوان تورکیاو دەولەتانی هاوپەیمانە. "و")، سەربازو ئەفسەرانی کورد لە شوێنی

ئێستایان خزمەت دەکەنو دوای بەستنی ڕێککەوتننامەکە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ولایەتەکانی ڕۆژهەلاّت.

١٤- لە دوای بەستنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی حکومەت ئەندازەی بەهای ئەو سامانو ئاژەلّەی لە ولایەتەکانی ڕۆژهەلاّتی وەریدەگریّ دیاری دەکاتو بۆ ماوەی کەمتر لە سالێّك حکومەت قەرەبووی کوردان دەکاتەوە.

١٥- زمانی تورکی بە تەنیا لە ناو ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانیو نوسینگەی دادوەری گشتیو بەریوەبەرایەتیەکانی دەولّەت بەکاردەهێنریّ، بەلاّم دەکریّ زمانی کوردی لە قوتابخانە بخوێندریّو حکومەت هانی ئەو کارە دەدات بەو مەرجەی نەبێتە هەنگاوێك داوا بکەن زمانی کوردی ببێتە زمانی ڕەسمی حکومی بۆ ولایەتەکانی ڕۆژهەلاّت.

١٦- دامەزراندنی زانکۆیەك لە ناوچەکە، کە کۆلێژی پزیشکیو یاسای تێدا بێ لە ئامانجە بنەڕەتیەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی دەبیّ.

١٧- ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ناتوانیّ بەبیّ ڕەزامەندی حاکمی گشتیو ئاگاداری ئەنجومەنی نیشتیمانی هیچ باجێك فەرز بکات.

١٨- مافی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی نیە هیچ ئیمتیازاتێك (مەبەست لە ئیمتیازاتی بیانیە. و) بدات بەبیّ ڕەزامەندی ئەنجومەنی نیشتیمانی، کورتەی ئەم یاسا پێشنیازکراوە بۆ خودموختاری بۆمان روون دەکاتەوە کە نوێنەرانی کورد بە توندی بەرهەلّستی دەکەن.

**بۆ من شەرەفمەندیە**

**هوراس رامبولد**

# بزوتنەوەی شێخ سەعیدی پیران

## وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی بەڵگەنامەی نهێنی دیبلۆماسی بڵاوکراوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێراق
## بڵاوکراوەکانی زانکۆی ئەمریکی، کونسوڵی ئەمریکی، ئەسینا، یۆنان ٢٤ی ئەیلولی ١٩٢٥
## بابەت: بزوتنەوەی دژ بەتورکان لەکوردستان

**بۆ: وەزیری کاروباری دەرەوە. واشنتۆن**

شەرفمەندم ئەو زانیاریانەتان بۆ بنێرم، کە لە ژەنەڕاڵێکی کوردی هارەندی پاشا وەزیری جەنگی پێشووی دەوڵەتی عوسمانی بەدەستمان گەیشتووە. ئەو پیاوەی مستەفا کەمال دوای گەیشتنی بە دەسەڵات، چونکە دوژمنی بە هێزی ئەو بووە دووری خستەوە، ئەو زانیاریانە بەسوودن بۆ بەڕیوەبەرایەتی پەیوەندیدار لە وەزارەت.

وادیارە سەید عەبدوڵڵا کوڕی دووەمی سەید عەبدولقادر ئەفەندی (عەبدولقادری نەهری کوڕی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری. "و") هێزی زۆری کۆکردۆتەوەو ئێستا لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە شیوەیەکی فراوان دژی دەسەڵاتی تورکی دەستی کردووە بە شەڕی پاریتیزانی، ئەدەهەم چەرکەسی ئەو کەسایەتیەی لە سەرەتاوە بەهێز هاوکاری مستەفا کەمالی کردووە،

ئێستا دوژمنیەتی، دەڵێن ئەدهەم پاشا هێزێکی ۱۰۰۰ کەسی سەربازی بنیاتناوەو لە نزیکی بەغدا خڕبوونەتەوە، ئەو هێزە ئامادەیە بەرەو شوێنە سەربازیەکانی تورکیاو ناوچە سنووریەکان پێشڕەوی بکات، دەتوانێ زیانی گەورە بەهێزەکانی تورکی‌و حکومەت بگەیەنێت، هەروەکو هێزەکانی تورکی بە گشتی‌و بە تایبەتی مستەفا زیانی گەورەیان پێکەوتووە.

بۆ من شەرفمەندیە خزمەتکاری گوێڕایەڵتان بم

**وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی، بەڵگەنامەی دیبلۆماسی نهێنی بڵاوکراوە**

**رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بڵاوکراوەکانی زانکۆی ئەمریکی، کونسوڵی ئەمریکی.**

**حەلەب – سوریا**

**٣ی ئازاری ١٩٢٥**

**بابەت: راپەڕین لە کوردستان**

**نهێنی**

**واشنتۆن**

دەمەوێ سەرنجی بەرێوەبەری (بەشی رۆژهەڵاتی نزیك لە وەزارەت) بۆ ئەم گۆڕانکاریانەی خوارەوە لە سەر بارودۆخی ئێستای کوردستان رابکێشم، کە حکومەتی تورکی بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوەی کوردی دژ بە حکومەت ناچاربووە هەنگاوی توندبگرێتەبەر.

لە رابردودا بە بەردەوامی تێکگیرانو نیگەرانی لە نێوان سەرکردەکانی تورکو کورد هەبووە، بەڵام ئەوەی لە ماوەی ئەو هەفتەیە لە ناوچەکە روویداوە بە ئاشکرا هەڵگەڕانەوەیەو سەرکردەکانی یاخیبون نیازی خۆیان راگەیاندووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆو لە هەوڵدانن بۆ دەستبەسەراگرتنی هەڵگەڕانەوە، حکومەتی تورکی دەستی کردووە بە گرتنی چەندین کەسایەتی کوردیو بەشێکی دیکەی هەڵاتوون بۆ موسڵو سوریا، بەڵام بەوەش نەیتوانی دەست بگرێ بەسەر هەڵگەڕانەوە، وای لێهاتووە زۆر گوندو شار بە تەواوی لە ژێردەسەڵاتی سەرکردەکانی یاخیبوان دایە، دەڵێن بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوە ئەم ولایەتانەی

خوارەوەی گرتۆتەوە: مەحمودیەی ئەلعەزیز، دیاربەکر، بەدلیس وان، ئەو ناوچانە پێکەوە پێیان دەڵێن کوردستان.

بەپێی ئەو راپۆرتانەی هاتوون تورکیا بەم دواییە رەشبگیری کردووەو هێزەکانی لە ئەدەنە کۆکردۆتەوە، حکومەتی فەرەنسی لە سەر داوای حکومەتی تورکی رێگەی بە هێزەکانی تورکی داوە بۆ گواستنەوەی هێزەکانی تورکی بۆ ناوچەی سوریا بە مەبەستی بەکارهێنانی دژی کورد هێڵی ئاسنی بەغدا — بەرلین لقی سوریا بەکاربهێنن، رەزامەندی حکومەتی فەرەنسی گرنگە بۆ گواستنەوەی هێزەکان بە ئاراستەی رۆژهەڵات هەتا لە پشتەوە دەورەی هێزەکانی یاخیبون بدەن.

هیچ گومانی تێدا نییە ئەو ململانیەی ئێستا یەکێکە لە بەرئەنجامەکانی ناکۆکی تورکەکانو ئیدارەی بەریتانی لە ئێراق بۆ دەستبەسەراگرتنی ولایەتی موسڵ، هەتا مانگی شوبات پڕوپاگەندە هەیە لە سەر ئامادەکردنی هێزەکانی تورکیو کۆکردنەوەیان لە شاری ئەدەنە بە نهێنی، مانەوەی مستەفا کەمال لە ماوەی چەند هەفتەیەك لە ئەدنە ئەو پڕوپاگەندانەی بە هێزتر کرد، کە گوایە تورکیا بە کردەیی هێز بۆ ئەنجامدانی چالاکی سەربازی لە سنووری ولایەتی موسڵ ئامادە بکات، لەو کاتەی لێرە قسەی راشکاوانە هەبووە (تورکیا — و) بەوەی شەڕی تورکیاو بەریتانیا لە سەر ولایەتی موسڵ نزیك بۆتەوە، بەڵام پێدەچێت حکومەتی بەریتانی توانیبێتی کار لە هۆزە کوردە دەمارگیرەکان بکات، بەوەش دووربکەوێتەوە لە روبەرووبوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ تورك.

ئەوانەی ئێستا کاری تێکدەرانە (مەبەست لە شێخ سەعیدی پیرانە "و") ئەنجام دەدەن زۆر زیرەکن، نەخوێندەوارىو نەفامیو پابەندی توندی کوردیان بە رێبازی دینی موحەمەد بە دەرفەت زانیوە دژی تورك بیانجولێننو سوود لەو هەستە وەربگرن. کورد ئەگەر بە ناوی ئاینەوە بە چاکی سوودیان لێوەربگیرێ جەنگاوەری چاکنو بە شەڕکەر ناسراون، هەڵوەشانەوەی خەلافەت کوردی زۆر نیگەران کردووە، ئەو بزوتنەوە یاخیبوونەی ئێستا بزوتنەوەیەکی ئاینیەو دەیەوێ خەلافەت بگەڕێتەوەو یەکێك لە نەوەکانی سوڵتان عەبدولحەمید وەکو خەلیفە دابنرێ.

ئەو بزوتنەوە یاخیبوونەی شێخ سەعید سەرکردایەتی دەکات کورتهەڵهاتووە لە ناوچەی (ئەرغەنی) لە ولایەتی دیاربەکرو (قانجید) لە ولایەتی بەدلیس، بە پێی ئەو راپۆرتانەی لە سەر هۆزە هەڵگەراوەکان هاتووە، دەستیان گرتووە بە سەر تەپە کۆجور و (لیج) لە هەمان ولایەت، لەگەڵ ئەوەدا دیاربەکرد مەڵبەندی سوپای حەوتە، دەڵێن لە کاتی هێرش بۆ سەر شار (لیج)

هێزێکی لێ نیه شایانی باس بێ، بەوەی مەڵبەندی سوپای حەوته به تەنیا مەسەلەیەکی رەمزیەو قسەی سەرکاغەزە، وەکو نەریتی خۆی له کاتی قەیران سوپا له شارو دەوروبەری دەست دەکات به سەرباز گرتن، هیچ گومان لەوەدانیه له سەرەتای ساڵەوه جولانەوەکانی باشوری تورکیا هەڕەشه له وڵات دەکەن.

تورك به ئاشکرا دەڵێن لەو حاڵەتەی کۆمەڵەی گەلان بڕیاری سەلبی دەرکرد له سەر مەسەلەی موسڵ، ئەوان هێز بەکاردەهێنن بۆ گرتنی ولایەتی موسڵ، لەو کاتەی کۆمەڵەی گەلان بڕیاری راشکاوانه بدات چەند رێوشوێنێك له سەر ئەرزی واقیع هەیه بۆ ئەنجامدانی هێرشی سەربازی له ناکاو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەیان، دەرکردنی بەتریاکی یۆنانی (ئەرسۆدەکس — و) له ئەستەنبووڵ قەیرانی سیاسیو ستراتیژی بۆ تورکیا دروست کردووە، ئینگلیز ئەو مەسەلەی بۆ بەرژەوەندی خۆی قۆزتەوە، تورك چالاکی چڕیان له ناو کەمینەکانی ناوچه سنووریەکان هەیه، که لیژنەی تایبەتی کۆمەڵەی گەلان سەردانی کردوون بۆ لێکۆڵینەوه له سەر ئەو مەسەلەیه، هاوڵاتیان چەندین سکاڵایان دژی ئەو کەسانەی پڕوپاگەندەیه هەیه، که له بەرژوەندی تورك دەکرێ به تایبەتی سکاڵا دژی جەواد پاشای نوێنەری پاشکۆی تورکی له لیژنەی کۆمەڵەی گەلان، له ناکاو بزوتنەوەی هەڵگەرانەوه بەڵگەیەکی دیکەیه له سەر وردی ئەو رێکخستنو ئامادەکاریەی ئیدارەی بەریتانی له ئێراقی دژ به تورکیا کردویەتی، کۆڕاییەك هەیه له سەر ئەوەی حکومەتی بەریتانی لەو باوەڕەدایه تورکیا بریاری کۆمەڵەی گەلان قبوڵ ناکات، کاتی ئەوەش بەسەرچووه کارێ بکرێ بۆ بەرگری له پێگەی فەڕەنسی پەرەسەندووو دانانی سنوورێك بۆ دۆستایەتی تەقلیدی نێوان تورکیاو فەڕەنسا، بۆیه بەریتانیا بزوتنەوەی یاخیبوونی هانداوه هەتا سنوورێك بۆ ئەو دۆستایەتیەی نێوان تورکیاو فەڕەنسا دابنێو نەخشەی تورکی تێك بدات.

هەندێ له دیبلۆماسه فەڕەنسیەکان له کۆبوونەوەی تایبەتی بریاریانداوه هاریکاری پتەوی ئەفسەره هەواڵگریه گشتیەکانی بەریتانیا بکەن له سەر بارودۆخی تورکیا، هەستیان کردووه هەندێ بەکرێگیراوی کورد چاودێریان دەکەن، له ماوەی ئەو ده رۆژه پڕوپاگەندە بڵاوبۆتەوە، که بەریتانیا ٤٠ هەزار پاوەندی تەرخان کردووه بۆ پێداویستیەکانی بزوتنەوەی یاخیبونی کوردو بەستنەوەی یاخیبوانی کوردستانی تورکیا به ئیدارەی بەریتانی له ئێراق، هەروەها کۆمەڵێك داواکاری لەلایەن هەندێ پیاوماقوڵانی شاری ماردین بۆ کۆمەڵەی گەلان چووە، داوا دەکەن بلکێنرێن به ولایەتی موسل، گوایه کەسایەتیەکی ماردینی رەسەن هەیه ئێستا له بەغدا

دادەنیشتێتو پەیوەندی پتەوی بە ئینگلیزەوە هەیە، ئەو لە پشت ناردنی ئەو داواکاریانەوەیە بۆ کۆمەڵەی گەلان، بە رێگەی بزوتنەوەی یاخیبوونەوە بەریتانیا دەیەوێ بە بیر هەریەك لە فەرەنساو تورکیا بهێنێتەوە، کە چارەنوسی ناوچەکە (باشوری رۆژهەلاّتی تورکیا- و) بەبێ راوێژکردن بە بەریتانیا بڕیاری لێ نادرێ. هەندێ جار بەرژوەندیەکانی بەریتانیاو فەرەنسا پێکەوە تێکدەگیرێ، ناکرێ ئەو راستییە لە سەر رۆژهەلاّتی ناوەراست نادیدە بگیرێ.

بەپشتبەستن بە سەرچاوە ئاگادارەکان لە سەر ئەو بارودۆخە، بزوتنەوەی کوردایەتی فراوان دەبێو چەند رەهەندێکی زیاتر هەستیار وەردەگرێ، سەرکەوتنی مستەفا کەمال لە ریگەی گوێڕایەڵی سوپاوەیە، ئەگینا زۆربەی خەڵکی تورکیا خۆشیان ناوێ، بە تایبەت خەڵکی باشوری رۆژهەلاّتی تورکیا، هەر کارێکی هەڵگەڕانەوە هەتا بچوکیش بێت لە ناو هێزە چەکدارەکانی تەواوی رژێمەی دەروخێو یاخیبوان دەست دەگرن بە سەر ولاّتدا، سەرەڕای هەر ئەنجامێکی لە بزوتنەوەی یاخیبونەوە بکەوێتەوە، بەریتانیاو تورکیا دەتوانن ئاریشەکانیان لە سەر ولایەتی موسڵ یەکلایی بکەنەوە.

**موریس دیبلۆ ئەلتافر**

**یاریدەدەری کونسوڵیەی ئەمریکی**

U.S. Confidential 1920

## وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی، بەڵگەنامە دیبلۆماسیە نهێنیە بڵاوکراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە زانکۆی ئەمریکی بڵاوکراوەتەوە

### لە: کونسوڵیەتی ئەمریکی –بەغدا – ئێراق ١٧-١٢- ١٩٢٥

**بۆ : وەزیری دەرەوە — واشنتۆن**

**بابەت: راستکردنەوەی زانیاریەکانی ولایەت لە راپۆرتی کونسوڵیەی گشتی ئەمریکی، ئەسینا**

شەرەفمەندم سەرنجتان رابکێشم بۆ راپۆتە نیهێنیەکەتان بە ژمارەی (٣٥٣ی بەرواری ٢٤-١٢-١٩٢٥ کە بەم دواییە لە ئەسیناوە گەیشتە بەڕێوەبەرایەتی (بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەت — و) کە پەیوەندی هەیە بە بزوتنەوەکانی ئەم دواییەی دژی تورك

لە پێناو دڵنیابوون لە دروستی ئەو زانیاریانەی لەو راپۆرتەدا هاتووە، بە تایبەت لە بڕگەی دوایی، لەگەڵ بەڕێز سکرتێری رۆژهەڵاتی نوێنەری باڵای بەریتانی لێرە قسەم کرد، ناوەڕۆکی راپۆرتەکە بایەخی هەیە، ئەدهەم چەرکەس لێرە ناسراوە، بەڵام ئەوەی گوایە نزیکەی هەزار چەکداری کوردی لە ناوچەکانی نزیك بەغدا رێکخستووە بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا ئەمە بنەڕەتێکی نیە، گوایە سەید تەها بەرەو ئێران ئێراقی بەجێهێشتووە، سروشتی ئەو رێوشوێنانەی گرتویەتیەبەر دژی تورکیا نادیارە بەڵام لە کاتی مانەوەی لە ئێراق دەسەڵاتدارانی ئێراقی ناچاریان کردوە دوور لە ناوچە سنوورییەکان بمێنێتەوە، ئەمە وای کرد تورکەکان ئەو دەرفەتەیان نەبێ حکومەتی بەریتانی بە بەکارهێنانی سەید تەها بۆ دروست کردنی ئاژاوە لە ناو تورکیا وەکو بەرکریگیراو بەکاربهێنن.

**شەرفمەندم ببمە کۆیلەی گوێڕایەڵتان**

**ئەدوارد جروش**

**کونسوڵی ئەمریکی**

# دادگایی کردنی شێخ سەعیدی پیران لە بەردەم دادگای سەربەخۆ " ئیستیقلال" لەدیاربەکر ١٩٢٥ز

**تەواوی گفتوگۆکانی دادگا بە زمانی تورکی لە گۆڤاری جەرشیمی تورکی، ژمارە، ٤ی ١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە[١]، کە لەلایەن خوێندکارانی کورد لە زانکۆی ئەستەنبووڵ دەردەچێ، دەقەکەی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی.**

پ: لە کوێ خوێندووتە؟

و: لە خوێندنگای زانستی ئیسلامی لە موشو مەلازگردو بالۆ.

پ: لە خوێندنگای ئاینی یان میری، لە سەر دەستی کێ خوێندوتە؟

و: لە خوێندنگای ئاینی فێر بووم، یەکەم مامۆستام شێخ حوسێنی مامم بوو، دواتر لە لای موحەمەدئەمین ئەفەندی موفتی بالۆو شێخ عەبدوڵڵای مەلازگردو شێخ موسا ئەفەندی لە خونس خوێندوومە.

پ: چیت خوێندووە؟

---

[١] - پێدەچێ لە بەڵگەنامەکەدا یان کاتی وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی ئەوە ساڵە هەڵەی چاپ بێو راستیەکەی ساڵی ١٩٢٩ بێ. بابان زادە

و: ئەنوار "الانوار"، نوسین "موحەرەر"، ڕێزمانی عەرەبی "النحو"، سەرف، مەعانی، ئیشارە، بەیان، بەدیع،و چەند بابەتێکی تری پەیوەست بە بیروباوەڕ "العقائد".

پ: کەی بیرتان لە یاخیبوون کردەوە، هاندەرێکت هەبووە یان پەیامتان بۆ هاتبوو؟

و: هیچ پەیامێکم بۆ نەهاتووە، بەڵام لە کتێب خوێندومەتەوە، ئەگەر حاکم شەریعەتی پیادە نەکرد پێویستە لێی یاخی بیت، ویستم بۆچوونی خۆمان بۆ حکومەت ڕوون بکەمەوە بە تایبەت لە سەر شەریعەت، بەڵام ویستی خوا هاتە سەر ئەو شۆڕشە، هەڵگیرساو نەمانتوانی لێی دەربچین؟

پ: وتتان لە حاڵەتی جێبەجێنەکردنی شەریعەت دەرچوون لە دەسەڵاتی حاکم واجبە، ئەو بابەتە هیچ بنەڕەتێکی هەیە؟

و: نەخێر، دەزانم کە جێبەجێکردنی شەریعەت واجبە، لەوەش ئاماژەت پێکردووە هیچ بنەڕەتێك ئاگادار نیم.

پ: کەواتە تێگەیشتم لەو حاڵەتەی پێشەوا هەڵەی کرد هەموو مرۆڤێك مافی هەڵگەڕانەوەی هەیە، مەبەستی ئێوە ئەوە نیە؟

و: نەخێر ئەوە نیە تۆ وتت، بەڵام لە سەرەتاوە مەبەستمان هەڵگەڕانەوە نەبووە، کەوتمە ژێر کاریگەری بارودۆخو بەسەرمدا سەپا، من بە خەڵکم نەوتووە کەی ویستان لە دەسەڵاتی حکومەت دەرچن، بەڵکو وتوومە لە حالەتی لابردنی شەریعەت دەرچوون واجبە.

پ: ئایا کە یاخیبونتان ڕاگەیاند مانای وایە بە تەواوی لەم وڵاتە بێمتمانەن لە جێبەجێکردنی شەریعەت؟

و: کتێبی خوا جەختی لە سەر ئەو بارودۆخە کردۆتەوە کە ئاماژەت پێدا لە سەر دەرچوون لە دەسەڵاتی حاکم، جێبەجێکردنی شەریعەت مانای قەدەغەکردنی زیناو کوشتنو مادە سەرخۆشکەرەکانو...هتد. سوپاس بۆ خوا موسڵمانین، نابێ جیاوازی بکەین لە نێوان کوردو تورك، ئەوانە ئێستا هەیەو باوەڕی ئێمە لە سەر قورئانی پیرۆز بنیات نراوە.

پ: سەماحەتی شێخ با لەو بابەتانە بگەڕێین، هۆیە ڕاستەقینەکانی یاخیبونتان ڕوون بکەوە؟

و: ئەوەی ڕوویدا لە پیران لە پێکدادانی نێوان هەردوولا "جەندرمەو لایەنگرانی شێخ سەعید. و"، کە بەرپرسیاریەتی کەوتە سەرشانم، من داوام کرد لە ئەفسەرانی جەندرمەو سوور

بووم لە سەر بەردانی گیراوەکان، بەڵام ئەفسەرانی جەندرمە بە هەرسێ تەلاَق سوێندیان خوارد، کە بە زەبری هێز ئەوانە دەگرن.

پ: ئایا بەر لەوەی بچنە پیران بیرتان لە هەڵگەڕانەوە کردبۆوە؟

و: بەڵێ بیرمان لێکردبۆوە، بەڵام ئەوەم بەبیر دانەدەهات سەرکردایەتی جوڵانەوەی چەکداری بکەم، بیرم دەکردەوە کە حکومەت بدوێنم لە سەر چوونیەککردنی ئەو یاسایانە لەگەڵ شەریعەتو مەبەستم بووە ئەو داواکاریانە بنێرم بۆ ئەنجومەنی نوێنەران.

پ: بۆچی ڕاستەوخۆ نەتتوانی حکومەت بدوێنی؟

و: ئیمام ئەگەر شەریعەتی جێبەجێ نەکرد لە ڕوی شەرعیەوە واجبە لە دەسەڵاتی دەرچی، من هەوڵمدا ئەم راسپاردیە لە بەرامبەر خوا جێبەجێ بکەم.

پ: بەڵام سەماحەتی شێخ پێشتر فەرمووت موسڵمانان بران ئایا دەگونجێ بۆ کوشتنی یەکتر هانیان بدەیت؟

و: بڕواداران لە ئایندا بران، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا دەبێت لە ئیمام هەڵبگەڕێیتەوە، هەروەکو لە کتێبی پیرۆز "قورئان"دا هاتووە.

پ: تێناگەم نازانم چۆن خەڵك لە دژی یەکتر هاندەدرێن کە ئەوان لە ئایندا بران؟

و: ئایا ئەوانەی شەڕی "عەلی"یان دەکرد هاودین نەبوون؟ هەندێ جار شەڕ لە نێوان هاودینان روو دەدا.

پ: فەرموو لەو بارودۆخەی سەرەوە جیهاد واجب دەبێت، بەڵام هەڵوێستت کامەیە لەوکاتەی کافران زاڵ دەبن بە سەر خاکی موسڵمانانو بێ رێزی بە قورئان دەکەن؟

و: لەو حالەتەش جیهاد واجب دەبێت.

پ: لەو کاتەی یونانیەکان هەموو خاکی ئێمەیان گرت، خۆتو چوار هەزار لە پیاوانت بۆچی نەهاتن بۆ شەڕ؟

و: لەوکاتە ئەگەر دەرفەت هەبوایە زۆرمان پێخۆش بوو بێین بۆ شەڕو دوانەدەکەوتین، بەڵام نەیاندەویست، سەرەڕای هەژاریو کۆچەرایەتیمان، ئەگەر داوا بکرایانیە لەشەڕ دوانەدەکەوتین.

پ: لە کوێ نەخشەی هەڵگەڕانەوەتان داناو کێتان لەگەڵدا بوو؟

و: رێوشوێنی سەرەتایمان نەبوو، رووداوی پیران روویداو تێوەگلایین، بەڵام لەوکاتەی گەیشتمە لیجە (گوندێکی کینج. "و" لەگەڵ کەس بە ئاشکراو نهێنی قسەم نەکردووە لە سەر یاخیبوونو پێش هەڵگیرسانی شۆڕش خۆمان ئامادە نەرکردبوو.

پ: به چەند رۆژ لە دوای گەڕانەوەی عەلی رەزای کوڕت شۆرش دەستی پێکرد؟

و: نزیکەی بە مانگێك دوای گەڕانەوەی ئەو شۆڕش دەستی پێکرد.

پ: لە بابەت هەڵگەڕانەوەتان لە ئەستەنبووڵ کوڕەکەت لەگەڵ کێ قسەی کردبوو؟ هەروەها چ هەواڵێکی بۆ هێنا بوون؟

و: ئەو بە هیچ شێوەیەك لە ئەستەنبووڵ لە سەر مەسەلەی یاخیبوون نەدوابوو، کاتێ گەیشتەوە هەر زوو وام دانابوو خالید بەگ دێت، نەهات‌وکۆڕەکەی بە نوێنەرایەتی ئەو هات کە بابی گیراوە، لەوە پێش لێی ئاگادار نەبووم.

پ: بەڵام لە دوای گەڕانەوەی کوڕەکەت ئێوە لە سەر شەریعەت لێدوانتان هەبوو، پێم وایە ئەمەتان لە ئەستەنبوولەوە پێ گەیشتبێ، وانیە؟.

و: بەڵێ میوانی کوردێکی خونەیس بووەو داوای سەردانی هێژا عەبدولقادری ئەفەندی کردووە.

پ: علی ڕەزا بۆچی چوو بۆ ئەستەنبووڵ؟

و: چەند ڕانە مەڕێکی بردبوو بە بازرگانێکی حەلەبی بفرۆشێ

پ: لە دوای گەڕانەوەی لە کوێ چاوت بە کوڕەکەت کەوت؟

و: لە "شوشر" چاوم پێی کەوت.

پ: وتت جەندرمە هاتنە گوندو ڕووداوەکە ڕوویدا؟

و: ئەگەر جەندرمەکان نەپێکرانایە دەمتوانی بەرێگەی نامە چارەسەری بکەم.

پ: بۆچی خەڵکت هاندا لە جەندرمەکان هەڵگەڕێنەوە، کە ئەوان ئەرکی خۆیان بەجێ دەهێنا؟

و: ئەوان بە ئەرکی خۆیان هەستاون، بۆ من مەسەلەیەك نیە، ئەوە کەوتنە شەڕەوە بەڵام من ئامۆژگاریم کردن کە پەلە نەکەن.

پ: بە ئامۆژگاریەکەی ئێوە چ لە مەسەلەکە گۆڕا؟

و: بەڵێ، بەڵام شەڕ هەر ڕوویدا.

پ: ئایا ئەو شەڕەی رویدا شایستە بەوە بوو خەڵك لە سەر یاخیبوون هانبدەی؟

و: من گوندەکەم بەجێهێشت، بەڵام دوای من هەڵگەڕانەوە ڕوویداو من بوومە سەرۆکی ئەو جولانەوەیە.

پ: شەڕ ڕوویدا یان نا؟ ئایا ئێوە سەرکردایەتیتان نەدەکرد؟

و: پێش ئەوەی من بچمە دارهانیە (شارێکە لە کینج. "و") شۆڕشگێڕان گەمارۆیان دابوو.

پ: گەیشتنی جەندرمەکان هۆیەك بووە؟ یان پێشتر راگەیاندنو نەخشەیەك هەبووە؟

و: ئەگەر ئەوە رووی نەداباو جەندرمە هۆکارێك نەبووبان دەتوانرا لە رێگەی نامەو قسەکردنەوە لەگەڵ حکومەت ناکۆکیەکان چارەسەر بکرایە، یان دەتوانرا یاخیبوون بۆ شەش مانگ یان ساڵێك دواخرابا یان هەر رووی نەدابایە.

پ: ئەگەر رووداوی جەندرمە نەبوایە بۆچوونو عەزمی پێشتری ئێوە وابوو یاخیبوون دوای شەش مانگی تر هەر رووی دەدا، ئەمە وانیە؟

و: ئەگەر ئەوان نەهاتبان، دەتوانرا رێگە بگیرێ لەوەی روویدا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانە قەدەری خوایەو روویدا.

پ: دەبینم ئێوە هەموو شتێ دەگەڕێنەوە بۆ قەزاو قەدەر، بەڵام ناکرێ بەشێکی بگەڕێنیەوە بۆ ویستی مرۆڤ ؟.

و: بەڵێ مەسەلەی ئارەزوومەندی هەیە، ئێمە مرۆڤینو نکۆڵی لەوە ناکەم هەستو ویستمان هەیە.

پ: هەر بە تەنیا یاخیبوون؟ پێم وانیە، کێ پشتیوانی لێ دەکردن؟.

و: هیچ کەسێ هانی نەداوین نە لە ناوخۆو نە لە دەرەوە، مەبەستم لە دەرەوە بێگانەیە، هەروەها لە ناوخۆی تورکیاش هیچ هێزێك هانی نەداوین لە سەر ئەو جولانەوەیە.

پ: کەواتە ئەوەی لێی تێگەیشتم ئێوە بە تەنیا شۆڕشەکەتان ئامادە کردووە؟

و: بەڵێ ئەوەم لە خەیاڵ بوو، خۆزگەم دەخواست بە زانایانو پایەدارانو وەکیلەکان (مەبەست لە پەرلەمانی تورکیە، "و") گەیشتبامو وتووێژم لەگەڵ کردبانو داوام کردبان بۆ جێبەجێکردنی شەریعەتو خواستی ئاین، ئەو ئاواتەم نەهاتەدی.

پ: راوێژت بە زانایانو وەکیلەکان کرد؟

و: هەوڵمدا بەڵام نەمتوانی، چونکە رووداوەکە روویداو دەرفەتێك بۆ ئەم کارە لە بەردەستدا نەمایەوە؟

پ: لەو نامەی بە ناوی خۆتانەوە واژۆتان کردووە نازناوی ئەمیری موجاهیدانتان بۆخۆتان داناوە، ئایا پیاو دەبێت نازناوی وا بۆ خۆی دابنێت؟

و: له سەرەتاوە لە کاتی گفتوگۆم لەگەڵ ئەو فەرماندانەی لە ژێر فەرمانم دابوون بەو ناوەوە نامەم واژۆ کردووە، بەڵام دوای ماوەیەك حەزم بەو ناوە نەدەکردو نامەم بە ناوی خزمەتکاری موجاهیدانەوە واژۆ کردووە، چونکە من بوومە خزمەتکاری ئەوان.

پ: ئایا پێش ئەوەی هێرش بەرنە سەر دیاربەکرو دەستی بەسەرا بگرن راوێژتان کرد؟

و: من لایەنێك نەبووم لەو هێرشەو ئاغایەکان ئەمەیان رێکخست.

پ: ئێستا تێگەیشتم نەتانتوانی دیاربەکر رزگار بکەن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کێ بۆ ئەو قەناعەتە هانیدان کە رزگارکردنی ئاسانە؟

و: پێمان وابوو چەند شەڕێك روو دەداتو دوایی سەرکەوتن بۆ کورد دەبێت، بەڵام ئەمە نەهاتەدی.

پ: دەیان وت جەمیل پاشاو نەقیب زادە دۆستی ئێوەن، ئەمە وایە؟

و: من کەسیان ناناسم بەڵام وەکو گوێم لێ بووە، ئەکرەم جەمیلو نەقیب زادە لە دۆستانی شەریعەتن، وەکو بیستم ئەوانە لە بانگەوازکارانی شەریعەتن، دەیانووت لە کاتی هێرشکردنە سەر شار هاوکارمان دەبن، بەڵام ئەمەم تەنیا گوێم لێ بوو، نەمزانی ئەمە راست دەرچوو یا نا؟.

پ: بەڵام چاکتر نەبوو دڵنیا بوونایە لە دروستی ئەم هەواڵە؟

و: لە کاتی شۆڕش چەندان قسەو درۆو دەلەسە هەن، کە سنوورو چاودێریان بەسەرەوە دانانرێ، بۆ نمونە دەیانوت شاری "مۆش" ئازاد کراو شاری "بەدلیس" ئازاد کرا، بەڵام دواتر دەرکەوت پڕوپاگەندە بوو، پۆستەو هۆیەکانی گەیاندنمان نەبوو ئەم پڕوپاگەندانە یەکلایی بکەینەوە.

پ: ئەگەر ئەمە هەموو راست نەبێتو پێوست نەکات ئەدی چۆن پاساوی بە فیڕۆچوونی ئەم هەموو خوێن رشتنەی ناو نەوەکانی ئومەتی مەحەمەد دەهێنەوە؟

و: بەڵام ئەوەی بوو هێرش کرایە سەر "دارهنی"و راپەڕین لە "خونەیس" روویدا، دەزانم خوێن رشتن مەسەلەیەکی ناشەرعیە، بەڵام من فەتوام دەستکەوتبوو.

پ: فەرماندەی هێرشی سەر شاری عەزیز کێ بووە؟

و: پێشتر شێخ شەریفم بە سەر ئەو بەرەیەوە دانابوو.

پ: فەرماندەکانی تر کێ بوون؟.

و: بەرەی "خارنك"م بە شێخ شەریف راسپارد، کە دەسەڵاتی هەتا باڵۆ درێژ دەبۆوە، شێخ "عەبدوڵڵا ملیکانلی"م بە سەر کیرفانیو موش دانا بەڵام شێخ حەسەن نەگەیشتە شوێنی

خۆیو سەرۆك هۆزەکانو موختاری ناوچەکە ببوونە فەرماندە، من سوپایەکی تۆکمەم نەبووە، بۆیە ناچاربوم بۆیان بنوسم، کە بەردەوام بن لە سەر کاری خۆیان.

پ: گریمان شاری دیاربەکرتان ئازاد کرد، دواتر بە نیازبوون چی بکەن؟

و: لە دوای ئازادکردنی دیاربەکر بیرمان لەوەدەکردەوە زانایانو پایەدارانی شار کۆبکەینەوەو حکومەت بدوێنین، سەرەڕای ئەمەش عارەق قەدەغە بکەینو دووبارە خوێندنگا ئاینیەکان بکەینەوە.

پ: ئایا ئازادکردنی دیاربەکر هەنگاوێکی سەرەتایی بوو بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ؟

و: دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ، لە کاتی راپەڕین شتێکی لەوجۆرە بە بیرماندا نەهاتووە، بە تەنیا بیرمان لە جێبەجێکردنی شەریعەت کردبۆوەو سەرۆکی دەوڵەتی کوردیم قبوڵ نەکردووە، ئەمە لە توانای مندا نەبووە.

پ: سەبارەت بەو بابەتە (دەوڵەتی کوردی ـ "و") بەیاننامەیەك هەیە، ئایا تۆ ئاگاداری؟

و: من لەو بەیاننامە ئاگادار نیمو نازانم کێ نوسیویەتی؟

پ: گریمان شاری دیاربەکرتان ئازاد کردو حکومەت بە پیر داواکاریەکانتانەوە نەهات، ئایا ئامادەبوون لە شار بکشێنەوە؟

و: بیرم لەو ئەگەرە نەکردۆتەوە، بەڵام دەزانم ئەنجومەنی نوێنەران خەڵکی دیندارن، بۆیە ئومێدی خێرم پێیان هەبووە، کە رازی بن لە سەر داواکاریەکانمانو دووبارە قوتابخانە زانستیەکان بکەنەوە.

پ: ئێوە چۆن جورئەتتان کرد بە ڕووی هێزەکانی کۆماری تورکیای مسوڵماندا بچنەوە، ئێوە دەزانن ئەو هێزانە دەتوانن بە تەواوی بە سەرتاندا زاڵ دەبن؟

و: هیچ ئاماژەیەکی وورد یا نیشانەیەکمان نەبووە لە سەر قەبارەی هێزی سوپا، من پێم وانەبوو ئەو هێزە لێبڕاوانە شەڕمان بکەن.

پ: سەرەڕای ئەوەی پێشتر چاوەڕوانت نەدەکرد بەڵام ئێستا دەزانی؟

و: بەڵێ.

پ: سەماحەتی شێخ تکایە پێمان بڵێ یاخیبوونەکەتان ئاکامی پێشتری بووە یان رووداوێکی لە خۆوە بووە؟

و: نازانم کێ لەوە بەرپرسە.

پ: چۆن دەتوانن بە ناوی ئەو داواکاریانە بەشێکی نیشتیمان دابڕنو پیلان بگێڕن، باشتر نەبوو لە سەر ئەو داواکاریانە پێش یاخیبوون بچووبانایە لای حکومەت؟

و: کات نەبوو.

پ: لەو حاڵەتەی حکومەت بە پیر داواکانتانەوە نەهاتایە ئێوە چیتان دەکرد؟

و: ئەگەر حکومەت داواکانی پەسند نەکردبا، هەر هیچ نەبێت خۆمان لێی بە دوور دەگرتو لە نیشتیمانی خۆمان دادەنیشتین، ئەگەر حکومەت رێگەی نەدایتایە کۆچمان دەکرد، ئەگەر دەرفەتی ئەوەشمان نەبوایە خۆمان لێی بێبەری دەکرد.

پ: لەو نامەی بۆ گوندی لیجەت ناردووە بەدیاردەکەوێ هەندێ ئامادەکاری هەبووبێت بۆ هەڵگەڕانەوە؟.

و: من ئەو نامەیەم نەنوسیووەو لە ناوەڕۆکی ئاگادار نیم.

پ: وتت دوای سەرهەڵدانی یاخیبوون ئێوە بوونە فەرماندە، ئەگەر پێشتر نەخشە نەبوایە چۆن ئەوان تۆیان ناسیو بەفەرماندە قبوڵیان کردی؟

و: لە کاتی رووداوی پیران لە ناوچەکە بووم، ئەوە تەقدیری خوا بوو بوومە فەرماندەی راپەڕینەکە، ئەگەر تەگبیری لە پێشتر هەبوایە بەو رۆژە نەدەگەیشتین.

پ: بایەختان بە چ بابەتێکی شەرعی داوە؟

و: قەدەغەکردنی مادە سەرخۆشکەرەکان.

پ: ئێستا یاسایەك نیە بۆ قەدەغەکردنی مادە سەرخۆشکەرەکان؟

و: بەڵێ یاسا هەیە بەڵام بیستمان هەڵوەشاوەتەوە، هەروەکو لە بابەت سنووردانانی کوشتنو داوێن پیسیو هەڵگەڕانەوە کاری پێناکرێ.

پ: ئەو سەربازانەی هاتبوونە ناوچەکەی ئێوە بۆ بەرەنگاری یاخیبوون چۆنتان دەبینی کافربوون یان موسڵمان؟

و: من وەکو موسڵمان لەگەڵیان دووام.

پ: فەرموودەیەکی پێغەمبەر هەیە دەڵێ: هەر کەسێ شمشێرمان بە ڕوودا هەڵکێشێ لە ئێمە نیە، ئەمە راستە؟

و: بەڵێ لەوبارەیەوە فەرموودەیەك هەیە.

پ: تکایە بەردەوام بە لە ڕاڤەی ئەو فەرموودەیە.

و: بەڵێ ئەو فەرموودەیە هەیە، بەڵام من لە پێناو مافی خۆم شمشێرم هەڵنەکێشاوە، بەڵکو بەرگریم لە ئاین کردووە، فەرموودەکە دەڵێ: هەر کەسێ لەبەرانبەرماندا شمشێر هەڵبکێشێ لە ئێمە نیە.

پ: ئایا لە ناو موسڵمانان کەسێکی لە ئێوە زاناترو دیندارتر نەبووە؟ ئەگەر خەڵکی تر هەبووە بۆچی تۆ بە تەنیا بەو کارە هەستاوی؟

و: بەڵێ زاناتر هەبوون ترساون یان هەر هۆیەکی تر من نایزانم.

پ: ئەگەر بە ڕاستی ئەو پێشێلکاریە شەرعیانە هەبووە بۆچی زانایانی تریش بەشداریان نەکردووە؟

و: کۆدەنگی هەیە لە نێوان ئەهلی شەریعەتو شاگردەکانیان لە سەر پێویستی گەڕانەوە بۆ شەریعەت بەڵام ئەو زانایانە لە ژیانو بژێوی خۆیان ترساون.

پ: تۆ زاناترو ئازاترینیان بووی، وانیە؟

و: من زاناترینیان نەبووم بەڵام کەوتمە هیلاکەوە.

پ: کەی "بالۆ"ت بەرەو پیران بەجێهێشت؟

و: لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٤ز*.

پ: ئایا گۆنجاوە بۆ کەسێکی وەکو ئێوە لە ساردترین کاتی زستان شوێنی خۆتان بەجێبهێڵن؟

و: بە هۆی نەبوونی شوێنی گونجاوو خراپی ئاووهەواو کەمی خۆراك ناچار بووین تەنیا ڕۆژانە سێ سەعات بڕۆین.

پ: باشتر نەبوو لە سەرەتای وەرزی بەهار یان لە هاوین یان پاییز ئەوێ بەجێبهێڵن؟

و: لە سەرەتای هاوین بە زیارەتکارانو میوانو کاری بازرگانیەوە خەریك دەبووین، بەڵام لە وەرزی زستان کاتمان زۆر بە دەستەوە بوو.

پ: یاخیبوونەکەتان چەندی خایاند؟

و: زیاتر لە دوو مانگی خایاند.

پ: کەواتە بەر لە دوو مانگ پێش یاخیبوونتان بە بیانووی سەردان شوێنی خۆتان بەجێهێشتووە، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم یاخیبوون، ئایا ڕێککەوتنێك نەبووە لە نێوان کاتی

---

* - پێم وانیە شێخ سەعید ڕۆژمێری زایینی بەکارهێنابێ، بەڵام دەگونجێت دادوەر بەو شێوەی نوسیبێت. "و"

دەرچوونتانو كاتی یاخیبوون، هەروەکو وتتان بە ماوەیەك بەر لە دەرچوونتان رۆژنامەی "سبیل الرشاد"تان خوێندۆتەوە، پێت وانیە ئەمە جۆرێك لە ئیلهامو هاندەر بوو‌بێت بۆ بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوەکەتان؟

و: بەڵێ ئەوکات شتی وام بە خەیاڵدا هات، بەڵام لە خۆوە هەڵگیرساو مەبەستم نەبوو ئەو کاتە دەست پیّ بکەم،.

پ: کوڕەکەت سەردانی حەلەبی کرد؟

و: بەڵێ بۆ کاری بازرگانی، کوڕەکەم سەردانی حەلەبی کرد، دوای ئەوە چووە ئەستەنبووڵ بۆ ئەوەی ئەو پارانە بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە لە حەلەب لێی وەرگرتبوون.

پ: عەلی رەزا لە حەلەبەوە چووە ئەستەنبووڵ پەیوەندی بەپارەو سامانەوە هەبووە، لەو گەشتەی هەندێ کەسی بینی، ئایا یاخیبوونەکەتان ئاکامی ئەو یەکتر بینینانە نەبوو؟.

و: کاتی ئەو گەڕایەوە لە بالۆ دەرچووبووم، چل رۆژ پێش شۆڕش لە شۆشر بینیم.

پ: کە پرسیارتان لێکرا بۆچی هێرشتان کردە سەر دیاربەکر، وتتان چونکە شاری ناوبراو دەکەوتە سەر رێگاتان، ئایا ئەمە قسەی ئێوە بووە؟.

و: ویستمان بچینە شاری دیاربەکر چونکە لێمان نزیك بوو، کۆگای تەقەمەنی تیدا بوو، کە ئێمە پێویستمان پێی هەبوو.

پ: لەو کاتەی لە هێرشی سەر دیاربەکر شکانو ناچاری پاشەکشە بوون چیتان کرد؟.

و: گەڕاینەوە "جەبەق گور" لە دارهینیو خەڵکی ناوچەکە هاتنە پێشوازیمانو داوایان لێکردم سەردانی لیجە بکەم، بەڵام مەبەستی سەردانم نەبوو، مۆڵەتی کوردەکانمدا بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، کاتی چوومە ئیجل لەویّ بیستم وانو ئەرغەنی کەوتوونەتە دەستی موجاهیدان.

پ: ژمارەیەکی زۆر تورك لە ئیجین هەیە بۆچی ئەوان بەشداری ئەو هەڵگەڕانەوەیان نەکردووە؟.

و: چوومە نزیك ئیجین لە دەوروبەری ئیرغەنی، داوام لێکردن، هەروەکو کوردان بەرگری لە شەریعەت بکەن.

پ: لەو ناوچانەدا تورك لەگەڵتان بەشداریان کرد؟

و: لە ئەرغەنی شەوقی ئەفەندیو حامید ئەفەندیو حاجی ئەفەندی هەبوون.

پ: ئەوانە تورکن یان کوردن؟

و: ئەوانە تورکنو هەموویان بەشداری شۆڕشیان کرد.

پ: ناوی هیچ کۆمەڵەیەکی کوردیتان بیستووە؟

و: ئاگاداری هیچ کۆمەڵەیەك نیم.

پ: کۆمەڵەی تەعالی کورد دەناسی؟

و: ئەو کۆمەڵەیە ناناسمو نازانم کێ بەڕێوەی دەبات.

پ: لە کوێ داوای جێبەجێکردنی شەریعەتتان کرد؟

و: ئەمڕۆ یاساکانی شەریعەت فەرامۆش کراوە، بەڵێ ئەو فەرامۆشکردنە پێشتر لە لایەن هەندێ لە سوڵتانەکانەوە بووە، بەڵام کەس لەوان یاسای شەریعەتی هەڵنەوەشاندۆتەوە، ئایا نابێت بەپیر داوای خواوە بچین بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی وەرگیراو لە شەریعەت، ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی خەلیفەکان.

پ: مەبەستت لە خەلیفەکان کێن؟

و: خەلیفەکان ئەوانەن سەرکردایەتی ئومەت دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی لە شەریعەت وەرگیراوە.

پ: ئایا تۆ دەتەوێ ببیە خلیفە؟

و: خەلیفە زەمانەتێکی بنەڕەتیە بۆ جێبەجێکردنی بنەماکانی ئاینو ئەو بابەتەی شەرع داوای کردووە.

پ: وتتان هیچ دەربارەی "کۆمەڵەی بەرزیو پێشکەوتنی کوردی" نازانن بەڵام پێمان بڵێ ئەو کارانە چی بوون لە کاتی سەردانی یوسف زیبیا بەگی بەدلیسی گفتوگۆتان لە سەر کرد؟

و: بەڵێ دەزانم یوسف زیبیا بەگ سەردانی کردم، ئەو سەردانە لە سەر داوای مامۆستای پێشووم حەیدەر ئەفەندی بەدلیسی بوو، ئەو پێی وتم: یوسفو ڕەشید موشلی دەیانەوێت سەردانت بکەن، هەر ئەو پێی وتم زیبیا بەگ ئەندامی ئەنجومەنی "نوێنەران"ە لە بەدلیس، میوانەکان چەند سەعات لەلام مانەوە، چایان خواردەوەو ڕۆیشتن، دوای ماوەیەکی کورت لە ڕۆژانێکی بەهار یوسف زیبیا بەگ جارێکی تر گەڕایەوە خونەیسو سەردانی کردم، لەوێ وتی لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێکانم کاردەکەین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، پێم وت ئەم کارە مەحاڵەو من کاری وا قبوڵ ناکەم.

پ: چۆن دەزانی حکومەت حیساب بۆ یاسای شەریعەت ناکات؟

و: کتێبێکی ئەحمەدو عەبدوڵڵا جەودەتم خوێندەوە، کە بەتەواوی ناوی نازانم بەڵام ئەو لە ڕۆژنامەی "سبیل الرشاد" نوسیبووی: گەورەمان موسا سەلامی خوای لێبێ لە خۆبایی بووەو

عیسا به ناوبانگ‌و موحه‌مه‌د ئه‌میندار بووه، هه‌ریه‌ك له‌وانه ئاینێکی هێناوه ئایا مه‌به‌ستیان ئه‌وه‌یه هه‌موو ئاقلێکی ئومه‌ت ده‌توانن ئاینێکی تازه بهێنن؟. خوێندنه‌وه‌ی ئه‌و جۆره وتارانه زۆر نیگه‌رانی کردم، هه‌روه‌ها رۆژنامه‌ی سبیل ره‌شاد هه‌والێکی نوسیبوو، که کلیج زاده هه‌قی په‌یامنێری ئه‌زمیر بۆ رۆژنامه‌ی ناوبراو زمانی درێژ کردووه به‌رانبه‌ر پێغه‌مبه‌ری خوا، حه‌سه‌ن فه‌همی موفتی له‌دادگا شکاتی لێکردووه به‌لاّم دادگا بووختانچی سه‌ر پێغه‌مبه‌ری به‌بێ تاوان نیشانداوه‌و به سه‌د لیره موفتی به سزای دارایی غرامه کراوه، که ده‌بوایه ده‌ست به‌جێ بیدا، دوایی دادگای تێهه‌لّچوونه‌وه بێتاوانی کردو غرامه‌که‌ی له سه‌ر لابرد، نمونه‌یه‌کی تر ئه‌وه‌یه، که حکومه‌ت خانه‌ی "پیران"ی کردۆته قوتابخانه‌ی کچان، له‌وێدا فێری که‌مان‌و پیانۆ ده‌بن، خوێندنه‌وه‌ی ئه‌و هه‌والاّنه زۆر نیگه‌رانی کردوم، هه‌روه‌ها بیستم ئه‌لیاس سامی نوێنه‌ری موش له ئه‌نجومه‌نی "نوێنه‌ران"و دوو له هاورێکانی کتێبێکیان به ناوی "هه‌لّگه‌رانه‌وه" نوسیووه، له‌وێ بوختانی زۆریان به خه‌لیفه‌کانی پێغه‌مبه‌ر کردووه، هیچ ژماره‌یه‌کی رۆژنامه‌ی "سبیل ره‌شاد" نه‌بووه رقی هه‌لّنه‌ستاندبم، سه‌ره‌رای ئه‌وه له رۆژنامه‌کانی ئه‌سته‌نبوول ده‌یبینم بانگه‌واز بۆ ماسۆنیه‌ت‌و عه‌لمانیه‌ت ده‌کرێ، ئه‌مه غیره‌تی ئیسلامه‌تیم ده‌بزوێنێ‌و واده‌کات به ئاسانی بێده‌نگ نه‌بم.

Air 23/411

**هۆبەی هەواڵگری سەربازی تایبەت- کەرکوك**

**ژمارە** ARB/١٠/Air/١٨

**٤ی ئابی ١٩٢٦**

أ- سەرچاوەی هەواڵ

١- بەکریگیراوی ئێمە لە ١٩٢٦/٧/١١ لە هەولێر گەڕامەوە.

٢- لەجان فەهمی: پەناهێندەی کورد

ب- بارودۆخی ناوخۆی ئێراق

٣- بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد

شێخ عەلی رەزا کوڕە گەورەی شێخ سەعید لەگەڵ دکتۆر مورادیان لە سەر مەسەلەی ئینتیدابی روسی لە کوردستان قسەی کرد.

دکتۆر ئەحمەد سەبری کوڕی سەید عەلی رەزای دەرسیمی لە موسڵەوە لە رێگەی حسکەوە هات، داواکاریەکی بۆ وەرگرتنی رەزامەندی پێشکەش کردبوو هەتا بچێتە رەواندز، حکومەتی بەریتانی داوای زەمانەتی لێکرد هەتا دژی حکومەتی بەریتانی نەجولێتەوە. شێخ عەلی رەزا داوای لە حکومەتی بەریتانی کرد، کە سەید عەبدوڵڵای باتاس وەکو زەمانەت قبوڵ بکات بەوەی لە دژی تورکیا ناجولێتەوە، بەڵام حکومەتی بەریتانی ئەوەی پەسند نەکردو هەتا ئێستاش شێخ عەلی لە موسڵە، عەلی رەزا بە شوفێرەکەی وتووە، کە ئەمین ئەفەندی نوسەری پێشووی ئێستا لە (بەحرکە)ی نزیك هەولێرە بەکرێگیراوی حکومەتی تورکیایە.

قادر بەگ سەرۆکی هۆزی خۆشناو خوازیاربوو حکومەتی بەریتانی هەمان ئیمتیازاتو ماف لە ئێراق بداتە عەرەب، قادر بەگ هەندێ نوکتەو قسەی خۆشی لە سەر دواکەوتوویی عەرەب باس کرد.

٤- ئێران

أ – بارودۆخی سیاسی

**٣) بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد**

گوایە کورد بە بیری نەتەوەیی کوردایەتی لە پشت سنووری ناو کوردستانی ئێرانەوە جۆشدراون. ڕووداوەکانی ئەم دواییە وای لە کورد کردووە بۆ بە دەستهێنانی مافی نەتەوایەتی کورد لە پشکۆ گەرمتر بن، دەڵێن: سەید تەها لێرە ئەقڵی بزوتنەوەی کوردایەتیە، کورد لە ئێران لە بەرانبەر حکومەتی ناوەند هەڵوێستی سەرکەشانەو توندڕەوانەی وەرگرتووە.

## رۆڵی کۆمەڵەی خۆیبوون

## لە بزاڤی نەتەوایەتی: هاوپەیمانیەتی ئەرمەنی – کوردی

13/14 VI . Secret- 70. New Delhi ،Kurdish Afairs File NO

**نهێنی. ژمارە (١/٤٠٧)**

**بارەگای فەرماندەی ئاسمانی مەلەکی – فەرماندەی ئێراق**

**١٤ی حوزەیرانی ١٩٢٨**

لە راپۆرتی ژمارە (١/٧.٤ بەرواری ٣ی ئازاری ٢٩٢٧ لە سەر بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی، وا بەدەردەکەوێ ئەو بزوتنەوەیە چالاکیەکانی فراوان کردبێ، لەگەڵ کۆمەڵە نیشتیمانیەکانو بەشێك لەو کۆمەڵە سیاسییانەی لە ئامانجو بۆچوون لەگەڵ کورد یەکناگرنەوە پەیوەندی پەیداکردووە، بەڵام ئەوانە بە تەنیا دەیانەوێ شۆڕش یان توندوتیژی لە تورکیا پەیدا بێ، چونکە سوود لە نائارامی تورکیا وەردەگرن.

گومان لەوەدا نیە پاریس مەڵبەندی چالاکی نەتەوەیی کوردانە، بەڵام کۆمەڵەی چالاكو بەهێز لە شارەکانی حەلەبو بەیروتو قاهیرەو تەورێزو بەغدا هەیە، ئەو کۆمەڵانەی لای خوارەوەش بوونەتە هاوپەیمانی پارتی کوردی (خۆیبوون – و)، کە بارەگای لە پاریس هەیە:

١- حیزبی داشناقی ئەرمەنی.

٢- حیزبی سەڵتەنە (خەلافەت – و).

٣- کۆمەڵەی روسیای سپی.

یەکەم ئاماژە بە هاوپەیمانیەتی پارتی داشناقی ئەرمەنی لەگەڵ خۆیبوون لەو راپۆرتەدا هاتووە، کە لە تەوریز لە مانگی مایس لەلایەن حیزبی کوردیەوە دەرچووە، کە ئاماژەی بەوەداوە لە تەورێز لە رووی هونەریو ئەفسەری مەشقیەوە داوای لە لایەنگرانی داشناق کردووە هاوکاری بکەن، وەکو بەدەردەکەوێ لە سەرەتاوە داشناق لە تەورێز قبوڵی نەکردووەو وتوویەتی: سەرکردایەتی باڵای داشناق رازی نابن یارمەتی کورد بدرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەفدێکی لقی حەلەبی (حیزبی ئەرمەنی) لە مایسی ١٩٢٧ بە سەرکردایەتی ئاوهاینس نوور

هاتۆنەتە ئێراق، پێشتر لە هاوینی ساڵی ١٩٢٤ وەفدێکی دیکە ئەحمەد سەبری‌و دکتۆر نورەدین سامسۆنی بە نوێنەرایەتی کورد (کۆمەڵەی خۆیبوون) سەردانی ئێراقیان کردبوو، گوایە کوردو ئەرمەن لە یەك رەگەزن‌و بە تەنیا لە رووی ئاینەوە جیاوازن، هەروەها لە هەمان کاتدا واهێن بابازیان ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق لە وان‌و یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی داشناق سەردانی ئێراقیان کردوە، بابازیان لە پاریسەوە نێردرابوو وتوبووی: ئەرکی ئەو یەکخستنی ئەرمەن‌و کوردو یەزیدیەکانە.

بابازیان لە بەغدا چاوی کەوتوە بە دکتۆر شوکری مەحمود نوێنەری خۆیبوون، لەوێ وتبووی: پارتی داشناق خۆی بە دوژمنی روسیا دەزانێ‌و لەگەڵ حکومەتی یۆنانی‌و ئیتالی گەیشتۆتە رێککەوتنی هاوبەش دژی تورکیا، داشناق دەیەوێ یاخیبوونێکی ئەرمەنی کوردی هاوبەش ببێ لە تورکیا، بەڵام بەو مەرجەی ریوشوێنەکان بۆ ئەو یاخیبوونە لە ئێراقەوە بگیرێتەبەر، ئەگەر لەو بارەیەوە بگەنە رێککەوتن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی سەرەکی کوردو ئەرمەن دەربارەی بە دەستهێنانی چەك‌و هاوکاری دارایی لە حکومەتی ئیتالی‌و یۆنانی دەگەرێنەوە پاریس، بابازیان لە ئێراق لەگەڵ پارتی خۆیبون جەختی لە سەر ئەوە کردبۆوە، کە دۆستایەتی سەید تەها پێویستە، چونکە لە ناوچە سنووریەکانی باکور لەگەڵ تورکیا لایەنگری هەیەو دەتوانێ لەشکر لە نەوەی هۆزەکانی ئەوێ ئامادە بکات، بەڵام ئەندامانی دیکەی خۆیبوون لە ئێراق بایەخیان بەو مەسەلەیە نەدا، چونکە بە تەنیا سیاسەتوانی رەتکرەوەی سیاسەتی تورکی بوون دژی کورد.

لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٧ دکتۆر شوکری مەحمود بە رێگەی بەیروت‌و مارسیلیا لە بەغداوە چووە پاریس، ئەو سەردانەی بەنهێنی نەبووە، وای راگەیاندووە کە دەیەوێ لە نەخۆشخانەکانی ئەوروپا دیراسەی رێگەی زانستی بکات. دکتۆر  شوکری مەحمود سەرەڕای پاریس سەردانی شارەکانی بەرلین‌و لەندەنی کردو لە رێگەی قاهیرەو بەیروتەوە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٧ گەرایەوە بەغدا.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٧ بابازیان لە سووریاوە گەڕایەوە پاریس، بەڵام پێش گەڕانەوەی چاوی بە مەمدوح سەلیم‌و ئەندامانی دیکەی خۆیبوون کەوتبوو. دڵنیای کردبوونەوە، کە کورد هیچ دەستکەوتێکی نابێ هەتا چاو بە رێکخستنی خۆیدا بگێڕێتەوەو شێوازی کاری خۆی بگۆڕێ، پیوستە خوێنی تازە بێنە ناو خویبوون‌و بانگەشەی بە هیز بکات بۆ راکێشانی نەوەی نوێ بۆ بەرژەوەندی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی، بابازیان بەڵێنی

هاوکاری دارایی بۆ پشتگیری لە یاخیبوونی کورد کۆبکاتەوەو ئەوەی دەربڕیبوو، کە پارتی داشناق پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ دۆقی گەورە س.بریل.

دۆغور پاشا وەکو یەکێك لەو کەسایەتیانەی ئەگەری ئەوەی هەیە پشتگیری هەڵگەرانەوە بکات لە تورکیا، بابازیان دوای گەڕانەوەی بۆ پاریس بە تەواوی لەگەڵ پارتی داشناقو لایەنگرانی بزوتنەوەی خەلافەتو کۆمەڵەی روسی سپی رێککەوتن لە سەر بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوە لە تورکیاو هیچ لە بەردەم کوردا نەمایەوە تەنیا چوونەپاڵ ئەو رێککەوتنە نەبێ. دکتۆر توتنچیان سەرۆکی داشناق لقی سوریای ئاگادارکردبۆوە، کە حکومەتی ئیتاڵیاو لوبنان هاوسۆزی خۆیان بۆ بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوە دژی بزوتنەوەی کەمالی لە تورکیا دەربڕیوە، دەڵێن: لقی پاریسی خۆیبون هاوکاری دارایی لە حکومەتی ئیتالی وەرگرتووەو بەشێکی ناردوو بۆ جەلادەت بەدرخان بۆ دەرکردنی رۆژنامەی خۆیبوون.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٧ بزوتنەوەی خەلافەت لە پاریسەوە نوێنەرێکی خۆی بە ناوی ئیسماعیل هەقی جومولجیا، کە یەکێك بووە لە سەرکردەکانی ئەو بزوتنەوەیە نارد بۆ سوریا هەتا زەمانەتی پشتگیری هۆزە کوردەکان دابین بکات بۆ هەڵگەڕانەوە، ئیسماعسل هەقی جومولجیا وتبووی: بزوتنەوەکەیان ئامادەیە مامەڵە لەگەڵ کورد بکاتو دان بەمافی ئەواندا بنێ، بەو مەرجەی لە دوای سەرکەوتنی یاخیبوون یەکێك لە نەوەکانی خانەوادەی عوسمانی وەکو هیمای خەلیفایەتی قبوڵ بکەن.

پیشتر رەفعەت بەگ مەولانا زادە لە ساڵی ١٩٢٥ سەردانی ئیسماعیل هەقی جومولجیای کردبوو، لە کاتی گەڕانەوەی لە ئێراق، لەوکاتەی کە شۆڕشی کوردی هەڵگیرسا (بزوتنەوەی شێخ سەعید) بۆ ئەوەی هەموو قورسایی سوپای تورکی نەکەوێتە سەر کورد، ئیسماعیل رەفعەت داوای کردبوو پارتەکەی ئەویش دەست بە چالاکی بکات دژی مستەفا کەمال، دەبوایە ئیسماعیل هەقی لە سووریاوە بچێتە ئێراقو ئێران، هەوڵ بدات لە بۆچوونی ئەو کۆمەڵانەی دژی حکومەتی تورکین حاڵی بێو لە هەمووی گرنگتر لە بۆچوونی شاو حکومەتی ئێرانی تێ بگات بەرانبەر حکومەتی تورکی، بەڵام داوای لێکرا بگەڕێتەوە بۆ پاریسو سەردانی ئیسماعیل هەقی بۆ ئێران هەڵوەشایەوە. لە دوای دەسپێشخەری پارتی داشناق بۆ هاوپەیمانیەتی کوردو ئەرمەنو سەرەڕای کۆبوونەوەی چەندین سەرکردەی کورد لەگەڵ سەرکردە ئەرمەنیەکانی داشناق لە چەندین بۆنەدا، بۆ گەیشتن بە نەخشەی کاری هاوبەش، بەڵام کورد بە گشتی بە ترسەوە سەیری دەستێوەردانی ئەرمەنیان کردووە لە مەسەلەی کورد. لەگەڵ ئەوەدا

ئەو کۆبوونەوە هاوبەشانە دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوونی لێکەوتەوە، کە لە کۆتایی پاییزی ١٩٢٧ لە بەیروت دامەزرا، دامەزراندنی خۆیبوون بە هۆی ئەو کۆبوونەوە هاوبەشانەی نێوان سەرکردە کوردەکانو کۆمەڵی داشناقەوە بووە، کە مەڵبەندەکەیان گواستەوە بۆ بەیروت، ئێستا جەلادەت بەدرخان سەرکردایەتی دەکات.

هەتا ئێستا کورد بەلای ئەوەدان پشت بە بەریتانیا ببەستن، بەڵام پێدەچێت سەرکردەکانی کۆڵیان نەدابێ لە هەوڵدان بۆ رازیکردنی بەریتانیا بۆ ئەوەی پشتگیریان بکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەلای ئەوەدانین متمانە بە روس بکەن، بەڵام خۆیبوون لەم بارودۆخەدا بە دەست قەیرانی داراییەوە دەناڵێنێ، هاوکاری دارایی لە بزوتنەوەی کەمینە نیونەتەوەییەکان وەرگرتووە، کە بارەگایان لە ئودیسایە، زانیارییەکان ئەوە دەگەیەنن، کە ئەو بزوتنەوەیە بەڵێنی هاوکاری زۆری بە کورد داوە، بەو مەرجەی ئاریشە بۆ بەریتانیا دروست بکات، ئاماژەی دیکە هەن سۆڤیەت دەستی خستۆتە ناو مەسەلەی کوردەوە، بەم دواییە کابتنی تەسەوفی ئێریڤانی ئامادەی کۆبوونەوەی کوردانی سەلماسی ئێرانی بووە، پیاوێکی بە ناوی ئەردەشیر وەکو نوێنەری بزوتنەوەی داشناقی ئەرمەنی داناوە بۆ ئەوەی لە پەیوەندی بەردەوامدابێت لە نێوان کوردو روس.

ئەو هاوپەیمانیەتیەی نێوان روسو کورد دەگەڕێتەوە بۆ مەترسی کورد لە ئەگەری هێرشی هاوبەشی هێزەکانی ئێرانی بۆ سەر یاخیبوونی جەلالیەکانی ناوچەی ئارارات، ئەوکات روسیا دەبێتە شوێن پەناگەی کورد، لە لایەکی دیکەوە لە ساڵی رابردوو کونسوڵی سۆڤیەتی لە پاریس، لە کاتی سەردانی دکتۆر شوکری محمود یەکتریان بینی، لەو نێوەندەدا رێککەوتن، کە ئەگەر شۆڕشی کوردستان روویدا سوڤیەت هەموو پشتگیریەکی دارایی بکات، وەکو بە دیارخستنی نیازپاکی ئەندازەی ١٢٠٠ پاوەند بە کوردو ٧٠٠ پاوەندی بە ئەرمەن داوە، دوای ئەو سەردانە شوکری مەحمود گەڕایەوە بەرلینو ئەو قەناعەتە هەیە، کە لەوێ لە پەیوەندی دابێ لەگەڵ بۆلشفیك.

## ئێران

وا دیارە گومان هەیە لە بوونی لقی لیژنەی کوردی (خۆیبون- و) لە تەورێز، شا لە کاتی سەردانەکەی بۆ تەورێز دوو جار لەگەڵ سەرۆکی ئەساقیفەی (bishopy) ئەرمەنی دانیشتووە، کە لەوباوەڕە دابووە زۆر حەماسەتی هەیە بۆ داشناق، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هەستی نەتەوایەتی کوردی لە کوردستانی باشوور بەهێزە، بەڵام بەگشتی پەیوەست نین بەخۆیبوون، کە ئاراستەی چالاکیەکانی لەبنەڕەتەوە دژی تورکیایە.

## پوختە

خۆیبوون ڕێکخراوێکی نهێنی نیە، ئامانجی ئاشکرای بەهێزکردنی وشیاری نەتەوەیی‌و لابردنی زوڵمە لە سەر نەتەوەی کورد لە بەرانبەر ڕژێمی کەمالی. خۆیبوون هیوادارە لایەنە پەیوەندیدارەکان وەکو کێشەی ئەرمەن پشتگیری کێشەکەیان بن، بەڵام بەو مانایە نایەت ڕێگەی کارکردنی خۆیبوون جێگەی گفتوگۆ نەبێت.

خۆیبوون ئەو پشتگیریە زۆرە لە کوردی ئێراق ناکات، لە کوردی ئەوێ تێگەیشتووە، ئەمەش بۆتە پەیدابوونی پارتێك بۆ نوێنەرایەتی کەمینە لە چوارچێوەی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی، ئەو پارتە پێویستی بە پاڵپشتی جەماوەری هەیەو نوێنەرایەتی ڕەوتی میسالی‌و توندڕەوی ناو بزوتنەوەی کوردایەتی دەکات، لە ڕاپۆرتەکان ئەو پارتە بە ناوی "لیژنەی ڕەواندز" ئاماژەی پێدراوە، ئەندامانی ئەو پارتە لە دەستێوەردانی سۆڤیەت لە کارەکانیان دەترسن‌و واپێدەچێت سەربەخۆبن لە خۆیبوون، چالاکیەکانی لە کوردستانی ئێراق کورتهەڵهاتووەو جیاوازە لە خۆیبوون، کە تێدەکۆشێت بۆ ئامانجی نەتەوایەتی فراوانترو هەتا ئێستا کۆتا شێوازی وەرنەگرتووە.

**پاشکۆ: زانیاری زیادە لە سەر کەسایەتیە ناوبراوەکانی ئەو راپۆرتە.**

بابازیان فاهان: باڵوێزی گەرۆکی خۆیبوون، بۆ ئەوەی چاوی بە سەرکردەکانی نەتەوەی کورد بکەویٚ لە نیسان — حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٧ سەردانی ئێرانی کردبوو، پێش کۆنگرەی پاریس راپۆرتەکان ئەوە دەگەیەنن، کە ئێستا لە حەلەبەو دووبارە سەردانی ئێراق دەکاتەوە.

**ئیسماعیل هەقی جمولجینا:** ئەفسەری تورکی (عوسمانی — و)و ئەندامی هەمیشەیی لیژنەی خەلافەتی عوسمانی لە پاریس. لە کانونی دووەمی ١٩٢٨ سەردانی سوریای کردووە، نیازی هەیە بە بەردەوامی سەردانی ئێراق بکات، بەڵام لە ناکاو بە خێرایی داوای لێکرا بگەڕێتەوە پاریس.

مەمدوح سەلیم: ئەندامی خۆیبوون لە سوریا.

جەمیل بەگی بابان: ئێستا لە دیمەشق دادەنیشێت، راسپێردراوە گۆڤارێکی کوردی دەربکاتو لە رێگەی جەلادەت بەدرخانەوە پشتگیری دارایی لێکراوە.

عەلی حیلمی: سکرتێری لقی خۆیبوون لە بەیروت برای زەینەدین عابدین، مامۆستای قوتابخانەیە لە کەرکوكو ئەندامی خۆیبوونی لقی ئێراقە، عەلی حیلمی سەرنوسەری رۆژنامەیەك بووە، کە بە زمانی تورکی لە دیمەشق دەردەچوو.

خەلیك رامی بەگی بەدرخان: ئەندامی دامەزرێنەری خۆیبوون لە حەلەب لە ساڵی ١٩٢٧.

عەونی بەگ: سەرۆکی لقی قاهیرەی خۆیبوونە.

رازی بەگ: ئەندامی بزوتنەوەی خەلافەتە لە پاریسو هەڵقەیەکی پەیوەندی بووە بە(رەفعەت بەگ مۆران زادە).

دکتۆر شوکری موحەمەد سەگبان: خەڵکی دیاربەکرو ئەندامی دیاری لقی خۆیبوون — لیژنەی ئێراق بووە، لەساڵی ١٩٢٧ سەردانی پاریسو بەرلینی کردووە، ئامادەی گفتوگۆ سەرەتاییەکانی دامەزراندنی خۆیبوون بووە.

رەفعەت بەگی مەولانا: رۆژنامەنوسی پێشوو، خەڵکی سلێمانیو ئەندامی دیاری خۆیبوونە، پەیوەندی پتەوی بە بزوتنەوەی خەلافەتەوە هەبووە.

دکتۆر توتنچیان: سەرۆکی لیژنەی داشناق لە بەیروت.

**ژمارەی ٢١ی نهێنی**

**دیتوریت، مشیغان**

**١٨ی نیسانی ١٩٢٩**

**بەڕێز ئۆستن شامبرلین، وەزیری دەرەوەی بەریتانی، لەندەن**

شەرەفمەندم پێتان رابگەینم، کە میر سورەیا بەدرخان سەرۆکی هۆزی بۆتان (لە ناوچەکانی نێوان رووباری بۆتانو دەریاچەی وان)، بۆ حەوت مانگ دەبێ لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکیاو لە دیترویت دەژی. بە باخیرەیەك نیویورکی بەجێهێشتووەو بەرەو "ئالی دی فرانس" چۆتە پاریس، لەو سەردانەی گریگۆر فرتانیان ئەندامی نوێنەری پاسەوانیەتی ئەرمەن لە هەندەران یاوەری بووە، ئامانجی سورەیا وەرگرتنی دۆستایەتی زیاتر لە وڵاتێکی ئەوروپیە لە شۆڕشی ناوخۆی تورکیا، بۆ ئەو مەبەستە ئێستا لە نزیکەی ١٠ بۆ ١٢ هەزار کەس لە ئەمریکا هاوکاری دارایی کۆدەکاتەوە. جالیەی ئەرمەنی لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوسۆزن لەگەڵ کێشەی کورد، بەپێی زانیاری ئێمە ئەو بزوتنەوەیە پشتگیری لێ دەکرێ. ڤارتانیان لە ئێریڤان لە روسیای سۆڤیەتی دەژی، سورەییاو لە پاریسەوە دەچوو بۆ لەندەن، بەڵام بەرنامەی سەردانەکەی گۆڕی، لەگەڵ ئەوەدا لەم بارودۆخە گرنگی بە جولانەوەکانی نادەینو دەمانەوێ هەقیقەتەکەی بزانین.

ئەو وەکیلەی زانیاریمان لە سەر جولانەوەکانی سورەییا بەدرخان بۆ دێنێت، "ت.کی. توماس"ی خاوەن رەگەزنامەی بەریتانیە لە دیاربەکر، بە پێی زانیاری من ئەو لەلایەن ژەنەڕاڵ دیدسو عەمید لۆرانسو ژەنەڕاڵ تۆماس ئەفەندی لە میسر ناسراوە، کە سەرۆك هۆزێکی ئەرمەنیە، لە گوندێکی نزیك بە کوردان دادەنیشێ، پێش ئەوەی ئەو هۆزە لە لایەن تورکەوە لە ناو ببرێ، پێش چەند ساڵێك گەیشتبووە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چوار ساڵە ناسیاوی لەگەڵ دیترویت هەیە، پێشتر داوای هاوکاری لە من کردبوو هەتا ئاریشەی میللەتەکەی بۆ بخەینە بەردەم لیژنە دەولیەکان بۆ قەرەبووکردنەوە، کە پایتەختەکەی لە ئەستەنبوڵە، لەوێدا داوای کردبوو لەلایەن حکومەتی تورکیەوە قەرەبوو بکرێنەوە، ئەمەی خوارەوە پوختەی قسەکانی هێژا تۆماسە:

خۆیبوون (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان) سورەیا بەدرخانی ناردووە بۆ ولایەتی یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە رابردوو کورد سالآنە ٥٠ بۆ ٦٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی بۆ مستەفا کەمال ناردووە، بەلأم سورەیا بەدرخان قەناعەتی پێکردن ئەو پارەیە نەدەن و هەفتانە یەك دۆلار هەڵبگرن بۆ سەربەخۆیی کوردستانو بینێرنەوە بۆ کوردستان، لە راستییدا کورد بۆ ماوەی چوار مانگ ئەو پارەیاندا، ئەوانە بوونە ئەندامی سوێندخۆری خۆیبوون، بەلأم لەو کاتەی سورەییا بەدرخان بەرێوەبووە بۆ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەن مۆسۆلۆنیەوە میوانداری کراوەو ١٥ رۆژ میوانی سەرۆکی ئیتاڵیا بووە.

لە سەر ئەو دیدارە ئیتالیای بەجێهێشت، کە مۆسۆلۆنی ویستوویەتی لە دژی مستەفا کەمال پشتگیری بزوتنەوەکەیان بکات، لەکاتی گەرانەوەی لە ئەمریکا فینبنزۆلا (سەرۆك وەزیرانی یۆنان "و") میواندای کرد، لەگەڵ ئەوەدا چالاکیەکانی خۆیبوون لە موسڵ قەدەغەیە، بەلأم لە حەلەب رێگەپێدراوە.

حکومەتی سۆڤیەتی تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی پەیوەندی باشی هەبێ لەگەڵ کورد دوێنی سورەیا بەدرخان، دوای گەرانەوەی چاوی کەوت بە نوێنەری حکومەتی سۆڤیەت، فارتانیان لەلایەن حکومەتی کۆمۆنیستی روسییەوە راسپێردراوە پەیوەندی بە سەرکردەکانی کوردەوە بکات، هەوڵبدات بۆ رێککەوتن لە سەر کاری هاوبەش لە نێوان روسو بزوتنەوەی کورد.

**له ڕێگەی بەرلین — مۆسکۆ**
**کۆماری ئەرمینیای سۆڤیەتی — ئێریڤان، قەوقاس**
**(ژمارەی شەقام ٠٠ هتد لە ئەرمینیا، ئەم بەڵگەنامەیە هاوپێچی نوسخەی ئەسڵی کراوە)**

لە ڕێگەی مۆسکۆوە فارتانیان دەیەوێ دکتۆر تۆماس سەردانی ئێریڤان بکات، لە وەڵامدا دکتۆر تۆماس وتویەتی: ئەو هاوڵاتی بەریتانیەو ناتوانێ بەبێ ئاگاداری یان ڕەزامەندی حکومەتەکەی کاری وابکات، دکتۆر تۆمای جەختی کردبۆوە، کە نازانێ ئایا سورەییا بەدرخان ئەو زانیاریانەی داوەتە باڵوێزخانەی بەریتانی یان نا، سورەییا بەدرخان رایگەیاندووە، کە کورد دەتوانێ ١٥٠ هەزار دۆلار کۆبکاتەوە، چونکە ئەو هاوکاریانە دەداتە شۆڕشی کورد، کە بەم نزیکانە دەست پێدەکاتو ژەنەڕاڵە دێرینەکانی سوپای تورکی (عوسمانی — و) سەرکردایەتی دەکەن، ئامادەکاری بۆ ئەو شۆڕشە کراوەو ئەوان بە تەنیا پتشگیری دارایی‌و هاوکاری دەکەن.

نامەیەك لە (خۆیبوون — حەلەب)ەوە گەیشتووە، کۆمەڵەی کوردی جەختی کردووە، کە نزیکە حکومەتی تورکی هێرش بکاتە سەر کورد، کۆمەڵەی خۆیبوون ئامادەکاری کردووە بۆ بەرگری لە کورد، داوای لە سورەییا بەدرخان کردووە ئەو پەڕی هەوڵی خۆی بدات لە لەندەن‌و پاریس بۆ دابینکردنی پشتیوانی بۆ کورد.

سورەییا بەدرخان کتێبێکی لە نیۆیۆرك لە سەر کێشەی کورد چاپ کردووە، تۆمای بەڵێنی داوە سبەی نوسخەیەکم بۆ من بنێرێ، بەرێگەی ئاسمانی ئەو راپۆرتەتان بۆ دەنێرم، هیوادارم ئەو (بیرنگاریە) بگات، هەموو ئاواتم ئەوەیە پێش گەیشتنی سورەییا بەدرخان ئەو نوسخەیە بگات.

دکتۆر تۆمای ئامادەیەیی خۆی نیشانداوە بۆ (هەرشوێنێك) حکومەتی بەریتانی داوای لێبکات ئەو بچێت، لەگەڵ ئەوەدا تەمەنی ٦٥ بۆ ٧٠ ساڵ دەبێ، تەندروستی زۆر باشەو خاوەنی هێزو ئەقڵی تەواوە، بەڵام بۆم روونکردەوە بە تایبەت لەم بارودۆخەی ئێستا بەدڵنیاییەوە هەڵوێستی حکومەتی بەریتانی نازانم لە هەمبەر مەسەلەی کورد، ناوە ئەرمەنیەکەی تۆماس بریتیە لە تۆماس کەی موزدئیشلن، دەتوانرێ لەو ڕێگەیەوە بناسرێ، کە بەو ناوە یاریدەدەری کونسوڵیە بووە لە دیاربەکر، بەڵام لەوە دڵنیانیم‌و نازانم کە لە میسر بە تۆماس ئەفەندی ناسرا بێ.

**شەرەفمەندیە بۆ من ببمە خزمەتکاری گوێڕایەڵتان**
**(ناوەکە رۆشن نیە)**

Foreign Office

ئەو کتێبە لە بەر چەند هۆیەك جێی بایەخی منە، لەوانە بە هۆی ئەو زانیاریانەی تێیدایە، پێدەچێت لە سەر بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی راستگۆیی تێدا بێ، کە پێشتر من نەمزانیبێ، بە تایبەت ئەو زانیاریانەی لە سەر ئامانجی سیاسەتی تورکیە بەرانبەر کوردو کوردستان زانیاری راستن، هیوادارم نوسخەیەکی ئەو کتێبە بگاتە کتێبخانە، بەڵام زۆربەی زانیاریەکانی ناوەڕۆکی ئەو کتێبە لاوازن، چونکە لە رووی خستنەڕووی رووداوەکانەوە پشتی بە شێوازی زەقکردنەوەو زیادەڕۆیی بەستووە، درۆی تێدایە، نوسەر ئەگەر بزانیایە ژمارەی کەم خزمەتی مەبەستەکەی دەکرد لێ دوودڵ نەدەبوو، نووسەر ئەگەر نیوەی ئەو ژمارانەی دایناوە دوودڵ نەبووە لە دانانی، ئەوە وای کردووە زیادڕەوی سەیر لە کتێبەدا ببینرێ، بۆ نموونە سێ بە ئەندازەی ژمارەی دروستی خۆی جیاوازی هەیە لە مەسەلەی سەرژمێری تورك‌و کوشتاری کورد، زیانەکانی تورك لە شەڕەکانی دژی کورد، رووبەری تورکیا (بۆ نمونە نوسەر ٣٢٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەی داناوە،لە راستیدا ٤٩٤ هەزار کیلۆمەترە)، خەرجیەکانی سوپای تورکی، دەرکردنی پارەی کاغەز لەلایەن حکومەتی تورکیەوە، هێزە کاریگەرەکانی سەر رێککەوتننامەی لۆزان، دوایی کاریگەری روس لە تورکیا، ئەو زیادەڕۆییانە لەگەڵ راستییە بنەڕەتیەکان‌و ژمارەکانی سەر ئەرزی واقیع رێك ناکەوێ. لەو باوەڕەدایە کورد وەکو گەل سەربەخۆ نیەو لە ناوچەیەکی هەژاردا دەژین، دابەش بوون بە سەر سێ تا چوار دەوڵەت بە بەراورد لەگەڵ دراوسێیەکانی ژمارەیان کەمە، لە سەر کەناری دەریا هەڵنەکەوتووە، لە جیاوازیدا مەیلی نەتەوەیی زیاترە لە مەیلی هۆزایەتی، سەرچاوەی بانگەشەی ئێستای نەتەوایەتی کوردی بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ لێدوانی هاوبەشی ئەنگلۆ – فەرەنسی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٧، کە تێیدا هاتووە گەلانی ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی دەبێ رزگاربن‌و بە مافی چارەنوسی خۆیان بگەن، کە بەشێك بووە لە راگەیاندنی شەڕی دەوڵەتانی هاوپەیمان لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی، دەروازەی کتێبەکەش جێی بایەخ نیە، کە ئایج. ئای، جیبوس نوسیویەتی، بە بۆچوونی من ئەگەر هێژا جیبۆنس نوسەری راستەقینە نەبێ، بەدڵنیاییەوە زۆربەی زانیاری‌و داتایەکان ئەو پێ داوە، کە لە ساڵی ١٩١٦ بۆ مەبەستی دیکە بەکاری هێناوە، ئێستا داویەتیە نوسەر سورەییا بەدرخان، ئەمە لە کاتێکدا هێژا جیبوس لە ساڵی ١٩٢٦ەوە پشتگیری لە سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی دەکات، کە حکومەتی تورکیا پەیرەوی لێ کردووە، پێی وایە شتێکی باش‌و بەڵگەیە لە

سەر بە هێزیو پێویستە بۆ حکومەتی تورکی، بەڵام دەبینین ئەو کتێبە ئیدانەی ئەو سیاسەتەی کردووەو بە تاوانی داناوە، لەو باوەڕە دایە تورك نەتەوەکانی دیکە ناتاوێنێتەوە، بە زەبری هێز یان بە ڕێگەی دیکە گەلی تورکی لە ناودەچیٚ.

لەو باوەڕەدام بوونی جیبوس لە بارودۆخی برەونسن وای کردووە بۆچوونەکانی بگۆڕیٚو بەرگی ژینگەیەکی دیکەی بە سەردا کردووە، بە دەربڕێنێکی دیکە، گۆڕیویەتی بۆ پشتگیری کوردو ئاریشەی خۆیبوون دژی تورك.

**واژۆ**

**W.J. Childs**

**1929/8/17**

FO. 371/40038

## نهێنی ژمارە (٢٠)

## لە بەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوە

## سەرنجەکان لە سەر کێشەی کورد

لەگەڵ ئەوەدا دڵنیا نیم ئەوەی کانونی دووەمی ١٩٣٧ نوسراوە، لە سەر ولایەتە کوردیەکان ئەنجامی راپۆرتی عابدین عوسمان بووبێت یان حکومەتی تورکی یاسای تازەی بۆ ئیدارەی ناوچە کوردنشینەکان دەرنەکردووە، ئەمە کورتەی چەند بەشێکە لە سەر یاسای ناوبراو، کە دەبێ بۆ ماوەی چوار ساڵ کاری پێ بکرێ:

١- دامەزراندنی حاکمی سەربازی لە ناوچەکە.

٢- دادگای عورفی شوێنی دادگای مەدەنی بگرێتەوە.

٣- پێکهێنانی دادگای خۆجێیەتی تایبەت، کە دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی هەبێ.

٤- حاکمی گشتی دەسەڵاتی رەهای هەبێ بە سەر کاروچالاکی سەربازی لە ناوچەکە.

٥- بێجگە لە زمانی تورکی هەموو زمانەکانی دیکە لە ناوچەکە قەدەغە بێ.

٦- فێربوونی زمانی غەیری تورکیو پاراستن یان کتیب بە هەموو نوسینێکی بیانی قەدەغە بێ.

٧- بە پێی سەرچاوە کوردیەکان سەید رەزا چۆتە لای حکومەتو توانیویەتی حکومەتی تورکی رازی بکات هەتا لە دەرەوەی دەرسیم بەندەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ نەکرێ، ئەمە لە کاتێکدا دەرسیم ٦ کیلۆمەتر لە باشوری ئەرزەڕۆم هەڵکەوتووە، هەتا ئێستا بەشداری هیچ بزوتنەوەیەکی کوردی دژ بە حکومەتی نەکردووە، واپێدەچێت هیچ بەرهەڵستکاریەکی حکومەتی نەبێ، بەڵام وادیارە ئێستا کورد هەستاوەو کۆمەڵێك کۆبونەوە لەوبارەیەوە کراوە، نامەیان دژی حکومەت نوسیوەو نوێنەرانی خەڵکی ناوچەکە داویانەتە حاکمی سەربازی ئەوێ، بەڵام ئەو سێ نوێنەرە کوردەی نامەکەیان بردبوو بۆ حکومەت گیرانو دوای چەند رۆژ لە شاری جەزیرە لە سێدارە دران، بۆ تۆڵە

سەندنەوە کوردەکان بۆسەیەکیان بۆ سەیارەی پۆلیس داناو سەرنشینەکانیان گرتوون، شۆڕش لە نیسانی ١٩٤٣ دەستی پێکرد، مەبەستی ڕێگرتنی حکومەتی تورکی هێزی گەورەی کۆکردەوە، چالاکی سەربازی لە مانگی نیسانی ئەو ساڵە هەتا ساڵی ١٩٤٨ بەردەوام بوو، سێ فەیلەق بەشداری سەرکوتکردنی شۆڕشی کردو حکومەتی تورکی سیاسەتی زەوی سوتاوی پەیڕەو کرد، هەتا کورد لە ناوچە شاخاویەکان ناچار بوو پەنابەرێتە بەر شەڕی پارتیزانی، سەرچاوە کوردیەکان دەڵێن لەبەرانبەر بەربەریەتو دڕندەیی بەردەوام لە سوتاندنی گوندو دەسبەسەراگرتنو تالآنی سامانی خەڵکی، بەڵام راپۆرتمان لە سەر ڕێرەوی رووداوەکان لەبەردەستدا نیە، سەرچاوە کوردیەکان دەڵێن سەرەڕای ئەو قەسابخانەیە گیانی بەرەنگاری زیندووە.

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی دووەمی جیهانی هاوپەیمانان بە تایبەتی بەریتانیاو فەرەنسا کوردیان ئاگادارکردەوە، کە ئەو دەوڵەتانە پشتگیری لە هەوڵی نەتەوەخوازانی کورد ناکەن، بۆیە لە بەرژوەندی کورد بووە دوای نوشستی فەرەنسا هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتانی ناوەند (المحور) بکات، نوێنەری ئەڵمانیا "فون هینتاج" پەیوەندی بە مەحمود کوڕی برایم پاشای میللی سەرکردەی ناسراوی کوردەوە کردووە، مەحمود هاوڕێی تایبەتی "بارون ئەوین هایم" بووە، بەڵام ئەڵمانەکان لە دیاریکردنی سەرکردەکانی هۆزی میللی بە هەڵەداچوون، چونکە ئەوانە لە سییەکان بە پشتگیری کردنی حکومەتی تورکی خیانەتیان لە خۆیبوون کرد، سەرکردەکانی ئەو هۆزە هیچ پێگەیەکیان لە ناو کوردا نەمابوو، هەروا بۆ ئەو مەبەستە ئەڵمانەکان پەیوەندیان کرد بە کامەران بەدرخان، کە دوای ئەوەی لە تورکیا لە ساڵی ١٩٢٠ تورك دەریان کرد، لە ئەڵمانیا دەژیا، ماوەیەك سەرۆکی خۆیبوون بوو، بەڵام ئەویش لە ناو کورد پێگەی میللی نەمابوو، بایەخێکی سیاسی نەبووە شایانی باسە بێ، پێشتر خۆیبوون بە هۆی بەفیڕۆدانی سامانی ڕێکخراوەکەیانەوە دەریان کردبوو.

گوایە ئەڵمانەکان پێشتر پەیوەندیان بە شەریف پاشای نوێنەری خۆیبوون لە فەرەنساو نوێنەری کورد لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس کردووە.

لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٣ سێ کەسی ئەڵمان بە ڕێگەی پەرەشوتەوە لە نزیك هەولێر دابەزین، بەڵام هەر زوو دەستبەسەر کرانو دەست بەسەر جانتاو ئەوەی پێیان بوو داگیرا، کە بریتی بوو لە کۆمەڵێك قرتێنەی گەردنیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، دروشمی نەتەوەیی کوردی لە سەر نوسرابوو، ئەمە لە کاتێکدا نەخشەی کوردستانی ئێراقیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئەوانە نەخشەیان هەبووە بۆ هاندانی کورد لە سەر هەڵگەڕانەوە دژی

هاوپەیمانانو ویستوویانە پەیوەندی بکەن بە کۆمەڵەی خۆیبوون، بەڵام کورد چاوەڕوانی هاتنی ئەوان نەبووە، بۆیە خۆیبوون بە دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ ئەوان تاوانبار نەکرا.

چەندین ئەفسەری سەربازی سوپای تورکی سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ریزەکانی خۆیبووندا هەبوون، بەڵام مامەڵەیان لەگەڵ ئەڵماندا نەکردو متمانەیان بە هیتلەر نەبوو، لەگەڵ ئەوەدا سەرکردە کوردەکان متمانەی تەواویان بە سەرکەوتنی هاوپەیمانان هەبووە، بەڵام وەکو نەریتی رۆژهەڵاتیەکان بۆ دوای ئاکامەکانی شەڕ هیلێکی پەیوەندیان هێشتبۆوە لەگەڵ ئەڵمانیا، بەڵام وەکو بەدەردەکەوێ پڕوپاگەندەی ئەڵمان کاریگەری لە ناوەندە کوردیەکاندا نەبووە.

## روسیا

بەڵام سەبارەت بە روسیا لە ئاکامی بە هێزیو هەڵکەوتەی جوگرافی بۆ کوردستان، لە سەدەی نۆزدە توانیبووی بە سەخاوەتی پارە ببەخشێتەوە بە سەر سەرکردەکانی کورد بۆ ئەوەی لە پاڵ یەکەکانی سوپای روسی چەکداریان بکات لە شەڕی دژی عوسمانی، وەکو ئەسکەندەریەو قارسو ئەردەهان، دوای دەیان ساڵ نوێنەرکانی روس توانیان سەرکردەکانی کورد بەلای خۆیاندا رابکشێن وەکو سمۆو سەید تەهاو سەرکردەکانی دیکە، کە پێگەیان لە ناوچەکەدا هەبووە، بەڵام لە ساڵی ۱۹۱۷ بە هۆی هەستی مسوڵمانیەتی هاوکاری سوپای عوسمانی بوون بۆ بەرپەچدانەوەی هێرشی روسی بە فەرماندەی دۆقی گەورە نیقۆلای لە ئەرزەڕۆم.

دوای واژۆکردنی پەیمانی لۆزان نیزیکەی دوو هەزار کورد بوونە هاوڵاتی کۆماری سۆڤیەتی هاوسنووری تورکی، حکومەتی سۆڤیەتی هانی بیری خودموختاری بۆ کوردان داوەو دەرفەتی پێداون لە سەر ئاستی سەرەتاییو دواناوەندی بە کوردی بخوێنن، هەروەها بەشی کوردی لە زانکۆی ئێریڤان کرایەوە، گۆڤارێکی تایبەت بە مێژووو فولکلۆرو ئەدەبی کوردی بە زمانی کوردی دەرچوو، بەمەش روس دەیویست لە دەرەوەی سنووری خۆی پشتگیری نەتەوایەتی کوردی بکات، چالاکوانانی کورد لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بە چاوی سەرسوڕمانەوە سەیریان دەکرد، پێگەی روسی لە ناو کوردا هەتا دەگەیشتە ناوچەکانی جەزیرە لە سوریا بڵاوبۆوە، حکومەتی روسی چەندان جار سکاڵای لەبەرانبەر ئەو سیاسەتە کرد، بەڵام روس لە سەر ئەو سیاسەتە بەردەوام بوو.

ئەو کوردانەی بەڵێنی هاوپەیمانەکانیان لە بیر نەکردووە، کە لە بەندەکانی ۶۲و ۶۳ پیان درابووە، لە رێککەوتننامەی سیڤەری دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، بە ئومێدبوون بە کۆتایی هاتنی شەڕ دەستکەوتی زیاتر بە دەست بهێنن، بە جۆری حکومی زاتی یان سەربەخۆییان پێبدرێ.

دوای لە ناوبردنی بزوتنەوەی رەشید عالی گەیلانیو گەڕانەوەی دەسەڵاتی ئینگلیز بۆ ئێراق زۆربەی کورد لە ناویاندا شێخ مەحمود چاوەڕوان بوون ئینگلیز پاداشتی کوردە دڵسۆزەکان بداتەوە، بەوەی ئەندازەیەك خودموختاریان بداتێ، بەڵام هیچ پشتگیریەکیان لەو بارەیەوە نەکرا.

لە سوریا سەرکردە کوردەکان هەتا بە کردەوە نیازپاکی خۆیان بۆ بەرژەوەندی هاوپەیمانان بەدەربخەن بەڵنیان دابوو بە ژەنەڕاڵ ... هیچ کارێك ئەنجام نەدەن زیان بەبەرژوەندی هاوپەیمانان بگەیەنێ، ، ئەوانیش لە ئایندە لە کاتی رێوشوێنی ئاشتی پاداشتیان بدرێتەوە. لە کاتی ئەوەی هێزەکانی فەرەنساو بەریتانیا سورەیایان لە دەستی رژێمی.... ئازاد کرد، کوردەکان بە گەرمی پێشوازیان لە ئینگیز کرد، سەرکردەکانی کورد ئەو بەڵێنانەی ژەنەڕاڵ "ویگد"یان بیر ئینگلیز هێنایەوە، کە ئەوان چۆن هیچ هەنگاوێکیان دژی تورکیا ئەنجام نەداوە، بەڵام بە هۆی بێمتمانەیی کورد بە ئینگلیز سەرکردە کوردەکان سوورن لە سەر بەبیرهێنانەوەیان بەوەی تورك خیانەت لە ئینگلیز دەکاتو وتبوویان: ئەگەر خیانەت لە هاوپەیمانان بکات ئەوە کورد ئامادەی هەموو هاوکاریەکن کە هاوپەیمانەکان بیانەوێ.

دوای داگیرکردنی ئێران لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە، کورد هەوڵیدا رووخانی دەوڵەتی ناوەند بقۆزێتەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی لە کوردستانی ئێران، بە هیوابوون ئینگلیز پشتگیریان بێ، بەڵام هیچ پشتگیریەکیان لەو بارەیەوە نەدیت، ئەمە لە کاتێکدا ئەو بۆشاییەی رووخانی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند لە ئێران دروستی کرد هانی حەمە رەشیدخانی بانەی دا شۆڕش لە ناوچەکانی نێوان کرماشانو سنە رابگەیەنێ. لەو کاتەی حەمە رەشید بێ ئومێدبوو لە پشتگیری ئینگلیز گەڕایەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەند بە ئاشتیانە رێکەوت، کوردانی باکور گەرموگوڕ بوون، کە روس پشتگیری ئامانجەکانی ئەوان بێ بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی، بەڵام دوای ماوەیەك بۆیان دەرکەوت روس پشتگیری دەسەڵاتی ناوەند دەکاتو سەربەخۆیی کوردستانی ناوێ، بەمەش بەرانبەر روس بێ هیوابوون.

لە دوایی شێخ مەحمود هەڵوێستی تاڕادەیەکی نامۆی وەرگرت لە حکومەت، هەروەها مەلا مستەفای بارزانی لە شوێنی دەستبەسەری لە سلێمانی هەڵاتو سەرکردایەتی بزوتنەوەی چەکداری کردو هێرشی کردە سەر چەند ناوەندێکی پۆلیس، حکومەتی ئێراقی بە روویدا تەقیەوە.

FO. 371/12255

## تەرجەمەی ئەو نامەیەی لە لای ئاریس ئوهانیس دیتم.

## هاوڕێیانی بەڕێزم

ماوەیەکی زۆر دوای دابڕان تۆزێك گرانە لە ڕێگەی نوسینی نامە، یەك بە یەك باسی ئەو ڕووداوانەتان بۆ بکەم، کە لە ناو هاولاتیانی ناوخۆی کوردستان رووی داوە، دوایی بە درێژی بۆتان دەنوسم، ئێستا سەرۆکی لیژنەی مەرکەزی لە ئیدارە (ئیدارەی خۆیبوون "و") داوای لە من کردووە بچمە بەغدا، بە گونجاوی دەزانم هەندێ زانیاریتان بۆ بنێرم.

لە سەرەتاوە دەڵێم، من پێش گەشتەکەم بۆ کوردستان لە موسڵ زۆربەی ئەرمەن بە ئەرمەنی **(طاشناق)**ی توندڕەوم دەزانم، بەلام پێش رۆیشتنم دوای هەوڵێکی شێلگیرانە توانیم قەناعەت بە رەوەندی ئەرمەنی ئەوێ بهێنم لە سەر بیری **"طاشنقي"**، بەوەی بێ تاشناق ئازادی نابێ، وەکو نیشانەیەکی سەرکەوتن، کە بە دەستم هێنا، داوام خستە بەردەم ئەنجومەنی کەنیسەی ئەرمەنی لە موسڵ، کە وەکو وانەبێژ پەیوەندی بکەم بە دەستەی وانەبێژانی قوتابخانەی ئەرمەنی لە موسڵ، ببمە وانەبێژی مادەی مێژوو، چونکە ئەو پلەیە بۆ من گونجاوە، چونکە دەرفەتێکە بتوانم لەو رێگەوە هەستی نیشتیمانی لە دڵی گەنجە ئەرمەنیەکان بجولێنم. بۆ ئەو مەبەستە موحازەیەکم لە هۆڵی کەنیسە لە ٢٨ی مایس وتەوە، لەوێدا بایەخی مێژووی یادی سەربەخۆیی کۆماری ئەرمینیام بۆ روون کردنەوە.

توانیم ئەو کۆسپانە لابەم، کە حکومەتی ئێراقی لە رێگەمدا دروستی کردوە، ئەمە بە نوسینی نامەیەکی درێژ بۆ نوێنەری بەریتانی لە ئێراق روونم کردەوە، کە من خوازیار بووم لە پارتی کۆماری هەموو هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ یەکخستنی کوردو ئەرمەن بۆ خزمەتی ئامانجەکانی سیاسەتی بەریتانی. هەتا ئێستا سێ نامەم نوسیوە بۆ نوێنەری بالای بەریتانی، کە سیاسەتی مەترسیداری بەریتانیو روسی لە رۆژهەلاتو ئەوەی لێی دەکەوێتەوە لە سەر مەملەکەتی یەکگرتوو "ئەو دێڕە ناخوێندرێتەوە".

دوای بەشداریم لە کۆبوونەوەی کوردی بەرەو حەلەب چووم، لەگەڵ خۆم چەند نامەیەکم بۆ پشتگیری لەگەڵ بوو، لەگەڵ ئەوەدا هیچ هاندانێکم لەو پارتە (خۆیبوون. و) پێنەگەیشتووە،

ئەمە هۆکاری وەستاندنی ئەو هەوڵانە بووە، کە دەدران بۆ یەکیەتی کوردو ئەرمەن، بۆیە گەڕامەوە بۆ کوردستان هەتا چاوەڕوانی دەرفەتێکی دیکە بم.

دوای ئەوەی ماوەیەك لە کوردستاندا مامەوە، کاتی ئەوە هاتووە چەند سەرنجو تێڕوانینێك لە سەر کاریگەری گەشتەکەم لەگەڵ هاوڵاتیە کوردەکانم تۆمار بکەم، دەبێ ئەوە لێرەدا بیربخەینەوە لەو ناوچەیەی گەشتیارە کوردەکانم لەگەڵدا بووە، لە بنەڕەتەوە پێی وتراوە وڵاتی نێوان دوو رووباری ئەرمەنیان، لە دەشتە فراوانەکانیدا گردی دەستکرد هەیە، باپیرانمان بۆ شوێنی پەرستنی خوای رۆژ بنیاتیان ناوە، کە زۆربەیان بە ناوی "تیغراس" ناسراون، ئەو ناوچەیە لە ئاوەڕێژی خاپورەوە دەست پێدەکاتو لە تەنیشت ناوچەی شێخ عەلی کۆتایی دێت، ئەم هۆزانەی خوارەوە لەوێ دەژین: داکوری، میلیا، میرسینا، بینار عەلی، کە داکۆری لە یەك لەو چوار هۆزەیە ناومان بردن، خاوەنی ٢٠ گوندەو لێرەدا ناوی گوندەکانی هۆزی داکوری دەخەینەروو:

| ژمارە | ناوی گوند | ناوی موختار |
|---|---|---|
| ١ | ئامدۆك | حوسین |
| ٢ | ئەلحەبەش | ماجد |
| ٣ | هەرام جیمۆ | خەلیفە عەلیکۆ |
| ٤ | داکی | موحەمەد |
| ٥ | رەب کەنی | شوکری |
| ٦ | دالیکی | شێخ موسا یونس |
| ٧ | بریکە | شێخ موسا بۆش |
| ٨ | قەرقاپی سەروو | موحەمەد حەسەن |
| ٩ | قەرەپاپی خواروو | موحەمەد حوسێن |
| ١٠ | کوغان بوك | عەبدورەحمان بوك |
| ١١ | جەفادیە | ئامین |
| ١٢ | جورنیك | شیخ عودەی |
| ١٣ | حەمدون | حوسین ئیبراهیم |
| ١٤ | میلك | ئەمین حوسین |
| ١٥ | کافرك | یونس مەحمود |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦ | ئورجيله | شاشان |
| ١٧ | ئەفنيك | سەيد خدر |
| ١٨ | قەرە تسە | مەجبەل ئەمير |
| ١٩ | شەنجاقي هاى | شێخ موسا |
| ٢٠ | بيكۆ ئەليملي | توس فەتاح |

## گوندەكاني هۆزي مەرسيني

| ژمارە | ناوى گوند | ناوى موختار |
|---|---|---|
| ١ | نيمۆ | دادار موحەمەد |
| ٢ | خراپ خوردەد | ئيبراهيم |
| ٣ | گردي چاي | غاليب |
| ٤ | غودۆ | شاكر |
| ٥ | ساران | مورە |
| ٦ | نارام شارۆ | حاجي ئەمين |
| ٧ | ئێمبيرا | يەساير |
| ٨ | نەجيمۆك | حاجي برايم |
| ٩ | هارون شێخ | شێخ موسا |
| ١٠ | هەكرار | بێلم دوقوز |
| ١١ | شورەك | حوسێن جامو |
| ١٢ | بيلي | سيمۆ |
| ١٣ | نەخلە | يونس |
| ١٤ | توغا | عيسا بيرو |
| ١٥ | دەرفريد | شاهان |
| ١٦ | ماماكي | سيمۆ |
| ١٧ | كاني داري | عەبدوشاهين سلێمان |
| ١٨ | جيما | موحەمەد حاجي |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | شەفلتی | ئیبراهیم حوسین |
| ٢٠ | نامیتی | جەرکین |
| ٢١ | سەرزیکان | یونس ئیبراهیم |
| ٢٢ | شورەك | جەلجی |
| ٢٣ | بینالی | عیسا حەسەن |
| ٢٤ | | |
| ٢٥ | داك شواك | ئەیمەتە ئوسە |
| ٢٦ | عەمرەك | موحەمەد |
| ٢٧ |ساندور | حوسین |

گوندەکانی هۆزی مەلا

| ژمارە | ناوی گوند | ناوی موختار |
|---|---|---|
| ١ | خانك | ئێش ئیبراهیم |
| ٢ | کانی خدر | فارس |
| ٣ | ئەبو فیرار | بوم |
| ٤ | خانك لەك | عەبدوڵلا |
| ٥ | بیشکرمە | سەلیم |
| ٦ | سیراب | سەید ئەمین |
| ٧ | کیرغو | کوری |
| ٨ | دەرشیر | عەلی جیتۆ |
| ٩ | غەزال داغ | دانایا دیشریف |
| ١٠ | کوریور | عیسا |
| ١١ | مەرکی | حوسمۆ |
| ١٢ | سەنجاق | سارو عیسا |
| ١٣ | سەنجاق قەلا | دانوس خەلیل |
| ١٤ | خان وەلی | ماد ئەرمۆ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | كيل خالت | داود حوسێن |
| ١٦ | مامۆلی | موحەمەد سەعید |
| ١٧ | سمیتك | نیفوف |
| ١٨ | موسا | هامۆ مستەفا |

زۆربەی ئەو گوندانەی سەردانم کردنو لەگەڵیاندا ژیامو قسەم لەگەڵدا کردن، بە رەگەز ئەرمەنین، لە سەرەتاوە هەبووە لەوێ بەرهەڵستی ئەو شاڵاوە بوون، بەڵام وازم لێ نەهێنان هەتا چووم ناو میشکی داخراویانەوە. بە بیری "من ئەرمەنیم" دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم، کورد ملکەچی ئینتیدابی فەرەنسین (کوردستانی سوریا. "و")، ئەوانە مەیلیان لەگەڵ ئەرمەندایە، بەڵام بەو مەرجەی لە سەر ئاینی خۆیان بمێننەوەو ریز لە شێخو مەلایەکانیان بگیرێ.

با بیرۆکەیەکت بدەمێ لە سەر هەستی ئەرمەنی لە سەر کورد بوون، هەندێ لە گفتوگۆیانەت بۆ دەنوسم، وەکو نمونە.

پرسیار: لە چ نەتەوەیەکی؟

وەڵام: ئەرمەنی

پرسیار: ئاینت چیە؟

وەڵام: ئیسلام

پرسیار: لە سەر چ مەزهەبێکی؟

وەڵام: شافیعی

پرسیار: لە چ ولایەتێك دەژی؟

وەڵام: دیاربەکر

پرسیار: لە چ هۆزێکی؟

وەڵام: رەشکوت

پرسیار: جیاوازی لە نێوان تۆو ئەرمەن چیە؟

وەڵام: ئاییین

پرسیار: چی دەربارەی نەتەوە دەزانی؟

وەڵام: کوردو ئەرمەنو ئێزیدی یەك رەچەڵەکن.

ئەم هۆزانەی خوارەوە ناوچەی باب‌و باپیریان بەجێهێشتووەو لە ناوچەکانی سایەی ئینتیدابی فەرەنسی دەژین.

نوبغیسان

سەنیکان

بیغرانی

میللی

ئەمیریان

نەسئانبی

کەغەیریان

سەردانی زۆربەی ئەو هۆزانەم کردووە، پەیوەندی نێوانیانم چاك کردووەو ئێستا بە برایەتی‌و خۆشەویستی دەژین، سەرەڕای جەختکردنە سەر ئەسڵی ئەرمەنیەتی خۆیان‌و قولکردنەوەی دەمارگیری **"طاشناق"**یم لە ناویاندا چاندوەو ئێستا تەنیا بە گۆڕی **"کفورك چاویش"** سوێند دەخۆن.

گیانی برایەتی ئەرمەنی — کوردی لە ناو هەموو هۆزەکاندا بلاوبۆتەوە، موحەمەد عەلی بە ٥٠٠ جەنگاوەرەوە لە ساسۆنەو شێخ مەهدی (برای شێخ سەعید)یان ناردووە بۆ تەورێز، پێویستە لەگەڵ سمکۆ قسە بکات‌و خۆی بناسێنی، من لە ناو هۆزەکاندا ئەوەم راگەیاندووە، تورك دوو جار هێرشیان کردۆتە سەر سمکۆ، بەلام نەیانتوانیوە بەلای خۆیانیدا رابکێشن، هەمان کاریان لە ناوچەی دەرسیم راگەیاندووە، بەلام لەوێ سەرکەوتوو نەبوون.

بەلام ئەوەی پەیوەندی هەیە بەو کوردانەی کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکانی ژێردەسەلاتی فەڕەنسی (کوردستانی سوریا. و)، رق‌و قینەمان لە بەرانبەر تورك لە ناویاندا بلاوکردەوە، نۆ هێرشی سەرکەوتوومان لە ناوچە سنووریەکان (نێوان سوریا‌و تورکیا."و") کردە سەریان، لە زۆربەی ئەو هێرشە سەرکەوتووانە بۆ سەر هێزەکانی تورك، گیانێکی دەماگیرانەمان لە ناو کورد دروست کرد بۆ دەستکەوت‌و تالانی، هەتا ببێتە پەرژینێك بۆ ناوخۆی کورد‌و خواستیان تێربێت، گومان لە دڵسۆزی‌و لایەنگریەتی کورد نیە بۆ ئینگلیز.

هەنگاوی ئازایانەمان ناوە، چونکە دەمانەوێ وتەکانمان بە کردەوە بەهێز بکەین‌و من دڵخۆشم دەڵێم بۆ ئاینده مزگێنی خێر هەیە.

هیوای سەرکەوتن

**ئاریس ئابغ مور**

## 28ی نیسانی ۱۹۲۷

گوندەکانی ڕەشخۆش

| | |
|---|---|
| ۱- پۆلونی | ۲-هەنسك |
| ۳- نفال | ٤- هارفسر |
| ٥- بارینج | ٦- جانی خول |
| ۷- هەرجیت لۆ | ۸- هەرجیت حوسین |
| ۹- خودیار | ۱۰- شادرك |
| ۱۱- جەخور | ۱۲- علی جار |
| ۱۳- بەمیر | ۱٤- خارك |
| ۱٥- کاکۆ | ۱٦- ئافشك |
| ۱۷- هەلجار | ۱۸- خولین |
| ۱۹-کیلۆك | ۲۰- کوردیك |
| ۲۱- تکری | ۲۲- حەسیمر |
| ۲۳- داکر | ۲٤- نادادیك |
| ۲٥- دربزە | ۲٦- دروکە |
| ۲۷- داودی | ۲۸- نوزگیلان |
| ۲۹- جونیلیك | ۳۰- میرانا |
| ۳۱- کرومیە | ۳۲- خالیرکە |
| ۳۳- جیران | ۳٤- جەریشك |
| ۳٥- داربی | ۳٦- میقا شلیجال |
| ۳۷- لاقلاق | ۳۸- بالیکە |
| ۳۹- مالیکە | ٤۰- مالیکر |
| ٤۱- کانیك | ٤۲- هەکوپ |
| ٤۳- سیلپ | ٤٤- خوبینار |

کۆی پیاوانی ئامادەکراو (۲۰۰۰) پیاو.

**هاوڕێی ئازیزم**

سەرەڕای گرفتی زۆر لە سەر ئەو بەڵێنەی دابووم بە نوێنەری باڵای بەریتانی ٩ مانگ دەبێ من لە ناو کورد بە بڵاوکردنەوەی ئەو تێڕوانینە لە کوردستان خەریکم، بە راشکاوی ئەو قەناعەتانە لە ناو کورد بڵابۆتەوە:

١- سەرەڕای چەندان جۆری فیڵ رقیان لە تورکو فەرەنسیەکانە.

٢- بەریتانیا لە هیندو میسرو ئێراق توانیویەتی دادگەریو چاکە بڵاوبکاتەوە،

٣- لەگەڵ جیاوازی ئاینی کورد هاوڕەگەزی ئەرمەنە.

٤- بەریتانیا هاوپەیمانی کوردو ئەرمەنەو هەموو هەوڵەکانم دەخەمەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی داراییو تەقەمەنی.

٥- بە پشتگیری بەریتانیا نەبێ سەربەخۆیی مەسەلەیەکی گونجاو نیە، فەرەنساو روسو تورك کۆسپی گەورەن لە بەردەم بەرژەوەندی نەتەوەییمان.

## راپۆرتی پشکنەری گشتی لە سەر بارودۆخی ناوخۆی سیاسی لە ولایەتی دیاربەکر، بەدلیس، وان، هەکاری، موش، ماردین، ئورفە، سەعرەت (کوردستانی تورکیا. و) لە چوارچێوەی ئیدارەی حوکمی عورفی هەڵکەوتووە لە ساڵی ١٩٤٣

پێش هەموو شتێ ئامانجی من لە ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە زەمانەتی هێشتنەوەی ئەو ناوچە دەوڵەمەندەیە لە چوارچێوەی نیشتیمانی تورکیو چۆنیەتی چارەسەرێك، کە کێشەی کوردی تێدا روون بکرێتەوە.

لەو راپۆرتەدا ئاماژەم کردووە بۆ ئامارو روونکردنەوەی ئەو دامەزراوەو کارە گشتیانە، بۆ ئەوەی پشتگیری ئەو ئامانجە مسۆگەر بکەن، کە لە ئامادەکردنی ئەو راپۆرتەدا مەبەستمە.

لە کاتی بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوەی شێخ شەعیدی ١٩٢٤ من قائمقامی بێرچیك بووم، کە لەو ناوچەیەی حکومی عورفی تێدایە هەڵکەوتووە، لە ساڵی ١٩٢٦- ١٩٢٧ وەکو پشکنەری سیاسیو راوێژکاری فەرماندەی هێزەکانی سوپای سێیەم لە دیاربەکر کارم کردووە، کە رۆڵی سەرۆکی حوکمی عورفی ناوچەکەی بینیوە لە ولایەت، لە ساڵانی ١٩٢٨و ١٩٢٩، ١٩٣٠، ١٩٣١ والی بووم لە هەریەك لە بەدلیسو موش.

نامەوێ باسی ئەو پێشینەی ژیانی خۆم بکەمو وێنەیەکی ناواقیعی لە خۆمەوە بدەمە خوێنەر، بەڵکو لە پێناو دڵنیابوونە، لە سەر ئەو بابەتەی لە سەری دەدوێم، من ئاگاداری تەواوم هەیە یان وەکو چاودێر یان بەشداری زۆربەی پەرەسەندنە سیاسیەکانی ئەو ناوچەیەم، هەتا خوێنەر پێشوەخت ئەو قەناعەتو بۆچوونانە بزانێ، کە پێی گەیشتووم لە رێگەی ئاماژە بەو ئامارانەو وردەکاری لە سەر زانیاریو رووداوە تایبەتیەکان لە واقیعەوە زۆر دوور نیە.

لە باسی رووداوەکان لە پێشەوەو بۆ یەکەم جار دەچمە سەر سروشتی دانیشتوانی ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەدا ئەو زانیاریانەی لەو نامیلکە بچوکانەدا هاتووە پشتی بە ئاماری گشتی سەرژمێری ساڵی ١٩٢٧ بەستووە، زانیاری ناچوونیەکمان دەدەنێ لە سەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی لە چوارچێوەی پشکنەری گشتی یەکەم بووە، بەڵام ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە لە نێوان ٨٦٨٣٢٩ بۆ ٨٧٧٢٨٣ کەس بووە، لە پاشکۆی ئەو راپۆرتە ئاماژە هەیە بۆ سروشتی نەتەوەیی (دوولایەن)ی دانیشتوانی

ناوچەکە، ئەمەش بە پشتبەستن بە ئەو زمانەی لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکە بەکارهاتووە، لەو پاشکۆیەدا بۆمان دەردەکەوێ ٢٠٦٠٠٠ کەس خۆیان بە تورك ناساندووە، ٧٦٥٠٠٠ کەسی دیکە (زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ناوچەکە) خۆیان بە کورد ناساندووە.

لەگەڵ ئەوەدا ئامارەکانی ساڵی ١٩٣٥ هەتا ئێستا بڵاونەبۆتەوە، بەڵام بە پشتبەستن بە راپۆرتی زۆربەی ولایەتەکان ژمارەی ئێستای دانیشتوانی ناوچەکە ١١٢٦٥٧٧ کەسەو لە کۆی ئەوانە ٢٢٨٠٠٠ کەس تورکنو ٧٦٥٠٠ لە کوردن، زیادبوونێکی بەرچاو هەیە لە کەمینەکانی دیکەی ناوچەکە، کە لە سەرژمێری ١٩٢٧ جێی بایەخ نەبووە، لە لیستی سێیەمی ئەو پاشکۆیەدا سەرنج دەدەین ژمارەی دانیشتوانی کورد زیادی کردووە، لە ٢٥ هەزار بۆ ٢٠ هەزار بەرانبەر زیادکردنی دانیشتوانی تورك، بە وردی دیارنیە، کە ئەو رەهەندو روونکردنەوە تایبەتیانە کامەیە لە ئاماری ساڵی ١٩٢٧دا هاتووە، کە دەتوانێ لیستێکی تایبەتمان بداتێ لە سەر زمانی بەکارهێنراو لە ناوچەکە، بەڵام ئاماژەکانی ئێستا ئەوەیە، کە لە سەرەوە هاتووە.

دەتوانین لە یاسای نیشتەجێکردنی تایبەت بە ناوچەکەو لێدوانو بۆچوونەکانی سەرکردەو بەرپرسەکانمان ئەوانەی کە سەردانی ناوچەکەیان کرد بۆچوونیان هەبووە لە سەر کورد ئەنجامگیری بکەین. دانیشتوانی ناوچەکە بە سەر دوو بەشدا پۆلین دەکرێ: پۆلی یەکەم ئەو کوردانە بووە، کە نازانین کەیو چۆن پەیدابوون، پۆلینی دووەم ئەو تورکانەن، کە بە پێی سەرچاوەو بەڵگەنامە مێژووییە زۆرەکان ناسنامەی تورکیان ون کردووەو بوونەتە کورد.

لەگەڵ ئەوەدا ئەو جیاکاریە بۆ پرۆسەی بنیاتنانی پرۆژەی نەتەوایەتی کوردی زۆر گرنگە، بەڵام روونکردنەوەی دیاریکراو نیە لە سەر رێژەی کوردو تورکی بە کوردیکراو لە ناو ٧٦٥٠٠٠ کەس لەوانەی ناویان لە خۆناوە کورد. دیاریکردنی ئەو رێژەیە بە ئاسانی جێی بایەخ نیە، لە لایەکی دیکەوە لەو باوەڕەدا نیم بڵاوکردنەوەی ئەو ئامارانە لە سەر دانیشتوان لەو کاتە بۆ دونیاو کۆمەڵە چالاکەکانی نەتەوەیی کوردی روونەبێتەوە، کە نیوەی دانیشتوانی ناوچەکە بە کورد دیاری بکرێ مەسەلەیەکی باشە.

بە پشتبەستن بە سەرژمێریەکانی دانیشتوانی ساڵی ١٩٢٧دا ژمارەی کورد ١٢٥٠٢٧ بووە، دابەشبوون بەسەر ٥٣ ولایەتی تورکیا، ئەو تورکانەی لە رابردوو لە ناوچە ناوخۆییەکان هاتوچۆیان دەکرد، ... لە تورکیاو ئەوانەی بەوە (ناسراون) کە بە تورك ناوی خۆیان تۆمار کردووە، پیاوێك هەیە بە ناوی موحەمەد ئەمین زەکی، کە لە بەغدا مێژووی کوردی نوسیووە، پێوەری تایبەتی مەیدانی لەو ناوچانە گرتۆتەبەر دەگاتە ئەو باوەڕەی بەشی باشوری رۆژهەڵاتی

ئەنادۆل نزیك بە تەواوی ناوچەكە كوردیە، پێویستمان بە باسكردنی ڕێوشوێنی ئیداری پەیڕەوكراو نیە لەلایەن دەوڵەتانەوە بۆ دابەشكردنی وڵات بۆ چەند هەرێمێك لە سەر بنەڕەتی ڕەگەزی. عادەتو نەریتی دیار وەكو میرات ماوەتەوە، لێرەدا بە پێویستی نابینم ئاماژە بكەم بە هەڵوێستو پەیوەندی كورد بە شێخو ئاغاو سەیدو بەگو سەرۆك هۆزەكانی سەردەمی عوسمانی، بەڵام نەتەوایەتی وەكو بیروكە لە نێوان خەڵكو لە ناو كورد سەری هەڵداوە، بە تایبەتی لە ناو ئەو كۆمەڵانەی دەرەوەی ناوچەكە (كوردستان. و)و ئەو كۆمەڵانەی بە مەبەست دەیانەوێ دوژمنكاری لە ناو كوردو تورك بڵاوبكاتەوە، بەشێك لە گەورەكانو زۆربەی گەنجەكان لە ژێركاریگەری ئەوانەدابوونو تۆوی نەتەوەیی كوردیان لە ناودا چاندووە. بۆیە دەبینین.... بێجگە لە هەندێ لە حالەتی یاخیبونی بچوك كە لەم چەند ڕۆژانەی دوایی لێرەو لەوێ سەرنجی دەدەین، دوو یان سێ تیپ لە یەكەكانماندا كاردەكات لە ماوەی ئەمساڵدا چالاكی نەتەوایەتی كوردی لە دەرەوە پاشەكشەی كردووە، بەڵام لەوكاتەی سەردانی شاری گەورەی ناوچەكە دەكەی وەكو وان، ئاریش، جەواز، ئەخلات، بەدلیس، دیاربەكر، بەشێوەیەكی بنەڕەتی بە سروشت شاری توركین، دەبینین خەڵك ئەگەر بە كورد ناویان ببەیت زۆر توڕە دەبن، هاوڵاتی شارەكانی دیكە یان بە لاسایی، یان لە ڕووی هەستكردنیان بە هێزو هەیبەتو دەستكەوتەكانی حكومەتی نەتەوەیی، هەمان دەمارگیری دەردەخەن (وەكو شانازی بە توركیەتی خۆیان. و)، بەڵام كوردە شاخاویەكان شارستانی نین لەبەرانبەر پڕوپاگەندەی دژ بە كۆماری، كە هەندێ گروپ بە ئامانجی تایبەت ئەنجامی دەدەن.

بۆیە ئامانجمان لێك جیاكردنەوەی ئەو دوو پۆلەی سەرەوەیە ( كوردی شارنشینو كوردی گوندنشین. و)، لەگەڵ ئاگاداربوونی حكومەت بەو مەسەلەیەو دیراسەكردنی سروشتی ئەو كۆمەڵانە لە ناوخۆو دەرەوەو ئاگاداركردنەوەی كورد هەتا ڕۆژانە ئەو سیاسەتە بەراود بكەین حكومەت دەری كردووە بەرانبەر خەڵكی ناوچەكە دەیگرێتەبەر، دەتوانین بە ڕوونی بەو ئەنجامە بگەین، كە بزوتنەوەی شێخ سەعیدی پیران وەكو پاڵپشتی بیرۆكەی نەتەوایەتی كوردی وابووە، بەدیاركەوتنی هاجۆ لە ساسۆنو كەسایەتیەكانی ناوچەكانی دیكە لە چوارچێوەی ئەو ڕێڕەوە مێژوویيە دابوونو ئەنجامی ڕوونی كاری ئەو كۆمەڵە كوردیانە بووە، كە لە سەرەوە باس كران. دەتوانین لە بزوتنەوەی ئارارات (شۆڕشی ئیحسان نوری پاشا لەساڵی ١٩٣٠. و) لە چوارچێوەی ئەو ڕێڕەوە بێ، ڕووداوی زەیلانو بزوتنەوەی عەلی جانو سەیدخانو ٨٠ بۆ ١٠٠ پارتیزانیەكەی هەموویان بیروبۆچوونی خۆیان لە بیروبۆچوونی نەتەوەیی وەرگرتووە.

هەوڵەکانی سەرکردایەتی زیرەکی ئاینی، کە مەلا موحەممەد عەلی یونسی خەڵکی ساسۆن لە رابردوو، لەگەڵ ئەوەی کوڕەکەی بە ناوی عەبدڕوحمان ئەنجامی دەدا بۆ دامەزراندنی سیستمی دەرەبەگی سەربەخۆ لە ناوچەی ساسونی کە قەدەغەکرا، دەکرێ لە رێرەوەی مێژوویی ئەو کەلتوورە دەرەبەگیە باوەی کوردایەتی ناوچەکە تێی بگەین، هەندێ کەسی ناسراو هەن لە مردوان‌و زیندوان بە دیدی خەڵکی ناوچەکە وەکو پاڵەوانی نەتەوایەیی سەیریان دەکرێ، وەکو فرزەندە حەسنان، عادۆ حەسنان، بادۆ عەلی جان، سەید خان، عادل جەواز، عیزەت موسا، سمکۆ، خالید بەگی جیرانی، خالید بەگی حەسنان، زیا بەدلیسی، کە لەسێدارە درا، ئیحسان نووری هۆجا.

بەبێ تێروانین بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا لە چالاکی‌و بیروبۆچوون هەیەو لە واقیعی دەرسیمەوە سەرچاوەی نەگرتووە نامەوێ شۆڕبمەوە بۆ باردۆخی دەرسیم، بەڵکو دەبێ لە دەرەوەی ئەو ناوچەیەو شرۆڤەی چالاکی گروپەکانی دەرەوە بۆی بچین، وەکو گروپە کوردیەکان یان ئەوانەی کاریگەری وڵاتانی دەروبەرو دراوسێکانمان، بە تایبەتی ئەرمینیا کوردەکان وا باسی دەکەن هەمان هەڵوێستی دوژمنکارانەیە لەبەرانبەر تورك، هەروەها ئاشورییەکان‌و دەوڵەتانی ئیقلیمی دیکەی وەکو سوریا بۆ نمونەو دەوڵەتانی گەورە لە ژێرەوە رۆڵی گرنگ دەگێڕن لە وروژاندنی ئاژاوە لە ناوچەی دەرسیم.

بە هاندانی یەکێك لە کوڕانی خانەوادەی بەدرخان کە دەستێکی باڵای هەیە لە کوردایەتی توێژێکی فەرەنسی "ئەلفبا"یەکی لاتینی تایبەت بە زمانی کوردی ئامادە کردووە، وەکو ئەو ئەلفبایە دەبێ بۆ زمانی تورکی ئامادە کراوە، بە بۆچوونی ئێمە ئەو کارە (کە لەو راپۆرتەکە دیاریمان کردووە) نەخشیەکە بە مەبەستی پەرەپێدانی زمانی کوردی بۆ ئەوەی شیاوو کاریگەر بێ بۆ راگەیاندنی بیری نەتەوایەتی کوردی‌و خەڵکی تورکیا.

هەروەها گوێم لێ بووە (دامەزراوەیەکی مارکسی — لنینی)یش لە ئێریڤان هەیە، پڕوپاگەندەی شێلگیرانە بۆ کوردایەتی دەکات، هەواڵم پیگەیشتووە کە"بایکار سترغل" رۆژنامەیەکی ئەرمەنیە لە "بوستن" لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەردەچێ، لە ژمارە ٢٧ی نیسانی ١٩٣٥ وتارێکی بڵاوکردۆتەوە تێیدا هاتووە:

لە ئەرمینیا گوندێکی کوردی نابینی بە زمانی دایك نەخوێنێ، ئەو کرێکارە کوردانەی پێشتر بە ژمارەیەکی زۆرەوە دەچوونە ناوچەی تەفلیس، ئەمرۆ لە گوندەکانیان کۆمەڵەی تایبەت بە خۆیان هەیەو ئیدارەی سۆڤیەتی شێلگیرانە لە هەوڵی پەرەپێدانی بارودۆخی کوردان

دایە، وەکو لەو ڕۆژنامەیەدا هاتووە، کە لەگەڵ ئەوەدا زۆر دواکەوتوون، ئەو هەولانە وەکو نەخشەیەك وایە بۆ بەهێزکردنی خودی کورد، هەتا بەرگری ئەو نیازە خراپانەی ئەو دەوڵەتان بگرێ، کە کوردی زۆری تێدا دەژی.

پێش ساڵێك یان دوو ساڵ کۆنگرەیەکی کوردۆلۆژی لە ئێریڤان هەبوو، بەپێی سەرچاوە تایبەتیەکانمان کۆنگرەی ناوبراو هەندێ بڕیاری داوە، کە بۆ ئێمە جێی بایەخن وەکو:

١- رزگارکردنی کورد لە کاریگەری فەرهەنگی تورکی.

٢- دۆزینەوەی ریشەی کورد لە رێگەی دیراسەی سەرچاوە کۆنەکانو نوسینەوەی مێژوو.

٣- دۆزینەوەی پەیوەندی رەچەڵەکی لە نێوان کوردو تورکو ئێزیدی.

٤- یەکخستنی دیالەکتیکەکانی زمانی کوردیو دابینکردنی زمانی کوردی یەکگرتوو بە یاساو رێزمانو گەردانکردنی گونجاو.

٥- ئامادەکردنی نەخشەیەك بۆ ئەو ناوچانەی کوردی لێ نیشتەجێن.

هەروەها وەکو بەدەردەکەوێ ئامانج لەو بڕیارانە پێشکەوتنی کوردانە بە رێگەیەك خزمەتی نەتەوەیی خۆیان بکات، ئەگەر ئەو هەستە سەرکەوتو بلاوبۆوە لە ناو کورد لە ئەنجامدا زیانی دەبێ لە سەر نیشتیمان.

پێش چەند ساڵێك بیستم کۆنگرەیەکی رۆژهەلاتناسی بۆ توێژینەوەو موحازەرات لە سەر ئەرمەنو ئێرانیو ئێزیدی لە رۆما هەیە. ئەمڕۆ لە سوریا ئەم کۆمەڵەو رێکخراوە کوردیە دوژمنکارانە هەن:

١- خۆیبوون.

٢- کوردبوون

٣- لایەنگرانی رزگاری کورد

٤- یەکیەتی مسولّمانو مەسیحییانی کورد.

٥- هاوکاری کورد

٦- کۆمەڵەی فریاکەوتنی هەژارانی کورد.

٧- کۆمەڵەی بلاوکردنەوەی زمانی کوردی.

٨- یەکیەتی کوردی نەستووری: ئەو کۆمەڵەیە بە هاوکاری کۆمەڵە دوژمنکارانەکانی دیکە کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی نەتەوایەتی کوردی.

٩- دوژمنانی تورك.
١٠- لایەنگرانی خۆیبوون.
١١- تاشناق.
١٢- لایەنگرانی بانگەوازی ئیسلامی.
١٣- یەکیەتی چەرکەسیەکان.
١٤- ڕێبازی نەقشبەندیو ڕێکخراوەکانی دیکە، کە کاردەکەن بۆ سەربەخۆیی کورد.

نزیکەی ١٥٠ پەناهێندە لە ئاوارەییو ئەوانی دیکە شێلگیرانە کاردەکەن بۆ سەربەخۆیی.

ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆری کوردو ئەرمەنو سووریو نەستۆری یەعقوبی بەردەوام کاردەکەن لە پێناو بەدەسهێنانی هاریکاری باش لە نێوان توێژەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی دامەزراندنی کوردستان — ئەرمینیای گەورەی سەربەخۆ لە ناوچەکانی نێوان چیای تۆرۆسو ناوچەکانی جەزیرەی تورکی، بەو پێیەی بیستوومە ئەو کۆمەڵانەی داوایی داوایان لە چەندان دەوڵەتی دۆست کردووە لە پێناو ئامانجەکانیان هاوکاریان بن. ئەوانەی وردە وردە چاوەڕوانی هەڵوێستی ئەرێنی ئەو دەوڵەتانەن نەخشەیان دەبێ بۆ ڕوودانی هەڵگەڕانەوەی چەکدارانە لە لایەن کوردو ئەرمەنەوە لە ناوخۆو دەرەوە. چاوەڕوان دەکرێ بە ڕێگەی سەرمایەی کۆمەڵە ئەرمەنیەکانو پارتیزانە کوردەکان بە ڕێگەی جەنگاوەرەکانیانەوە نائارامی دروست بکەنو بەمەش هێزە دەوڵیەکان ناچار بکەن بێتە سەرخەت.

ئەو کۆمەڵە کوردیە ناحەزانە لەو باوەڕەدان لە بەدەستهێنانی نەخشەکەی ئەمنی سەرکەوتوو نابن بۆیە چاوەڕوانن هەتا دەرفەتێك لە ئاکامی دروستبوونی قەیرانێکی سیاسی یان دەرەکی بۆ تورکیا بێتە پێشەوە بیقۆزنەوە. لە ڕاستیدا ئەمڕۆ چەکداری کوردو ئەرمەنی لە سوریا هەیە دەیانەوێ لە کاتێکی گونجاودا نەخشەی هێرشکردنە سەر توکیا ئەنجام بدەن، خوازیارن لە دەرەوەش پشتگیری ئەو هێرشەیان بکرێ بۆ هەڵگەرانەوە لە ناوخۆ، عەرەبەکانو دەسەڵاتی داگیرکەری فەڕەنسی بە بڵاوکردنەوەی چەك لە ناو کۆمەڵگا لەو ململانیە بەشدارنو هەندێکی کەوتۆتە دەست چەرکەسیو کوردو ئەرمەنیو ئاشوریو کەمینەکانی دیکەی سوریا.

ئامانجی من لە باسی ئەو وردەکاریەو جەختکردنەوە لەسەری ئاگادارکردنەوەی هەموانە بەوەی مەترسی هەیە لە سەر کۆمارو ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان ئێستا بەری پێنەگیرێنو هەنگاوی پێویست نەگرنەبەر، ئەوە کۆمەڵگای کوردی بەرەنگاری لە ناوەو دەرەوە مەترسی گەورە دەبێتەوە.

عیسمەت ئیننۆ سەرۆك وەزیرانمان لە كاتی سەردانی بۆ ولایەتەكانی رۆژهەڵات. لە هاوینی ساڵی ١٩٢٥ چەندین كاری ئازاردەرو هەڵەی گەورەی هەست پێكردبوو لەو ناوچەیە، بە هۆی هەوڵی حكومەت مەسەلەی دەرسیم بۆ هەموو لایەك ناسراوە، بەڵام بە گشتی كێشەی كورد هەتا ئێستاش پێویستی بە چارەسەرو نەخشە هەیە.

گومانی تێدا نیە دەوڵەتو حكومەت لە رابردوودا هیچ ئاریشەیەكی گەورەو دەولی نەبووە تووشی هاتبێ تەنیا چارەسەری بۆ بەرەنگاریەكان داناوە، خوازیارم ئەوەی لەم راپۆرتەدا دەیبینن بە سوود بێتو هەنگاوی پێویست بگیرێتەبەر بۆ چارەسەری ئەو روبەرووبوونەوەیە، بۆ زیاتر سوودمەندبوون لەم راپۆرتە ئەم هەنگاوانە بەهێند وەربگیرێ:

١- بەپشتبەستن بە سەرژمێری ساڵی ١٩٢٧ نزیكەی ملیونێك كورد لە ١٦ ولایەتی رۆژهەڵاتدا هەن، لێرەدا دوو پرسیار دەخەمەڕوو: ئایا بەتواندنەوەی ئەو كوردانە لە ناو ئومەتی توركی .... ناوچەكە قەشەنگ دەبێ وەكو فیردەوسی سەر زەویو دەبێتە بەشێكی دانەبڕاو لە نیشتیمانی تورك یان نا؟ یان بارودۆخەكە وەكو ئەوەی سەدان ساڵە هەیە لێ بگەڕێن؟ بە گوزارشتێكی دیكە ناوچەكە لە رێگەی ژمارەیەكی زۆری هێزەوە بەرێوەبەرینو ئەگەر مەسەلەیەك روویدا یان هەرشتێك بوو هێزەكانمان ناچاربن بە كوێرانە بەرەنگاری ببنەوە.

هێشتنەوەی بارودۆخەكە وەكو خۆی كۆمەڵێك مانا هەڵدەگرێ، وەكو قۆزتنەوەی بارودۆخ لەلایەن هەندێ كەسایەتیو ناوداری ناوچەكە، ئەوەی ئێستا ئاشتیەكی رێژەیی دابین دەكەین بەڵام بۆ هەمیشە دەبێنە بارمتەی ئەو رووداوانەی كە روودەدەن، بەبێ هیچ نەخشەیەك بۆ داهاتوو چارەسەری سەرپێی بۆ دادەنێن.

بەبۆچوونی من لەبەر چەند رەهەندێكی گونجاو لە ئاستی ناوخۆو دەرەوە پێویستە بەدیلی یەكەم هەڵبژێرین، ئەگەر بۆچوونی یەكەمان هەڵبژارد (تواندنەوەی كورد لە ناو نەتەوایەیی توركی. و) چالاكوانانی نەتەوایەتی كوردی گوێی بیستنیان نامێنێو ئەقڵیەتی كوردی لە ناوخۆ لەگەڵ مەبەستدارانی دەرەوە بە تەواوی جیاواز دەبن.

پێویستە لە چەند لایەنێكەوە سیاسەتی تواندنەوە كاری بۆ بكرێ، هەتا هەموو هەوڵەكان بچێتە یەك خانەوە دەبێ:

نیشتەجێكردنی پەناهێندە توركەكان (ئەوانەی لە دەرەوەی توركیاوە دێن. و) لە ولایەتەكانی رۆژهەڵات لە حەوزی وانو دەشتی موشو لە قەزایەكانی بوەڵامكو مەلازەفیرە، دەبێ هێڵی ئاسن هەبێ بۆ بەستنەوەی شوێنە دوورەكانو بەستنەوەی ناوچەكە بەیەكتریەوە، ئەو

هەنگاوانەی ئێستا لەو بارەیەوە گیراوەتە بەر مەسەلەیەکی گرنگە وەکو مەسەلەی نیشتەجێکردن لە ولایەتەکانی رۆژهەلاتو ئامانج ناپێکێ، دەبێ نەخشەیەکی درێژخایەنمان هەبێ، بە شێوەی کۆمەڵگای نیشتەجێکردنی وەکو گوندی هەمیشەیی دروست بکەین، لەلایەن لیژنەیەکی لادێیی بە ئەندامیەتی شارەزایانی هونەریو ئەندازیاری بیناسازیو ئەندازیاری رێگاو پزیشكو کارمەندێکی دادوەری بۆ چارەسەرکردنی ئاریشەکان بەڕێوەببرێ، لەگەڵ بەرپرسێکی کارگێڕی کە بەپێی یاسا دەسەلاتی هەبێت بۆ چارەسەکردنی کێشەی موڵکداریو هەڵوەشاندنەوەی لەو ئوردگایەکەو ئەو کارگێڕە دەسەلاتی دابەشکردنی زەوی هەبێت بۆ یەکەی دیاری کراو هەتا بیداتە نیشتەنیە تازەکان، ئەوکات دەبینە خاوەنی گوندی هاوچەرخ بۆ خاوەن پیشەو جوتیارەکان بە ئامێری تازەو گونجاو بەهرەمەند بۆ ئەوەی کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەنو بە تەواوی خۆیان تەرخان بکەن بۆ کارکردن

لیژنەکانی گوند "ئۆردوگا" ٣٠٠ ماڵ بە خزمەتگوزاری پێویستەوە دروست بکەن، کە هەر ماڵێك ٦٠٠ لیرەی تێدەچێ، سالانە هەمووی دەکاتە ١٨٠٠٠٠ لیرەی تورکی، ئەگەر ئەو کارەمان رادەستی بەڵێندەر کرد (بەو بۆنەیەوە دەڵێم وەکو ئەوەی پێی ناسراوە بەڵێندەری بیناسازیمان لە ناوچەکەدا نیە جێی بەزەیی نەبێ، دەبێ لێرەدا ٠/١٠ قازانجەکەی بۆ مسۆگەر بکەین، کە سالانە دەکاتە ٢٧ هەزار لیرە، ئەو لیژنانەی باسمان کرد رێوشوێنی پێویست دەگرنەبەر بۆ دروستکردنی خانووو چارەسەری گیروگرفتەکانی پەیوەست بەدابەش کردنی زەوی بۆ نیشتەجێ بوون. لە باوەڕەدام دروستکردنی ٣ بۆ ٥ گوندی هاوچەرخو ١٠٠ ماڵی هاوچەرخ لە ماوەیەکی دیاریکراو مەسەلەیەکی کردەییە، ئەو کات گەل هەموو فەرهەنگێکی گەلی پێشکەوتوو وەردەگرێ، بەلام ئەگەر ئەو کەسانە لە گوندێکی پڕ لە نەخۆشیو خانوویەکی بێ هیچ کەرەستەیەكو کۆن سادەترین بنەرەتەکانی ژیانی تێدا نەبێ هەوڵ بدات بۆ پارچەیەك قوماش خۆی پێ داپۆشێ، نەخۆشو لاوازو نیمچە رووتو برسی، ئەوجا رۆژانە بەرەو رووی لێپرسینەوەی یاسایی ببێ، حکومەت یەك پارچە زەوی پێنەدا ئەو هەرگیز ناتوانی ببێتە ئەو کەسەی دڵی بۆ ژیانی سەرەتایی شاخەکان لێنەدا، کە لەوێ بە هێزو دوور بووە لە هەموو نەخۆشیەك.

بۆ دوورکەوتنەوە لە مەسەلەیەکی لەو جۆرە پێشنیازدەکەم لیژنەیەکی تایبەت دروست بکرێ هەتا رێوشوێنی گونجاو بگرنەبەر کە دەسەلاتی تەواوی یاسایی هەبێو پارەی پێویستی لەبەردەستدا بێ یەکسەر دەست بکات بە کارەکانی، ئەو لیژنەیە پەیوەست بکرێ بە پشکنەری

گشتی له ناوچەکە، هەتا ئەگەر کاری ئەو لیژنانه له شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکه جیاواز بی، ئەوه لەو باوەڕەدام دروستکردنی به لایەنی کەمەوه ٣٠٠ خانوو به پێی نەخشه کاریگەری باشی دەبێ له سەر ژیانی ئابوری‌و فەرهەنگی، گرنگ ئەوەیه نەخشەو بەرنامه هەبێ بۆ زەمانەتی جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژەیه.

## مەسەلەی فێرکردنی زمان

ئەو گەلەی ئێمه مەبەستمانه له ناو گەلی تورکیدا بیتاوێنینەوە، پێویسته له جیاتی زمانی کوردی به زمانی تورکی قسه بکەن، ئەو مەسەلەیه پێوسته یەکلایی بکرێتەوە، لەو ڕووەوە دابینکردنی بەشی ناوخۆیی بۆ خوێندکاران مەسەلەیەکی یەکجار گرنگە، پێویسته منداڵی گوندەکان شوێنی نیشتەجێبوونیان له کەرەستەو خواردن‌و جل‌و بەرگ جیاواز بێ له شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان‌و ئەوەی باوك‌و باپیرانیان پەیڕەویان کردووە.

فەلسەفەو بەرنامەی ئەو قوتابخانانه قسەکردن به زمانی تورکی‌و بیری نەتەوەیی تورکی زەق بکاتەوەو هەستی دۆستایەتی بۆ سەرکردەکان بڕوێنێ، ماوەی خوێندن لەو قوتابخانانه سێ ساڵ بێت‌و پێویسته منداڵ ساڵانه بۆ ماوەی ١٠ یان ١١ مانگ بهێڵدرێتەوە. به گوزارشتێکی دیکه سیاسەتی تواندنەوەی ئەو منداڵانه له ناو ئومەتی تورکی بەو شێوازە بێ، که له قوتابخانەی میسونەرکاندا (مژدەدەرکان . و) پەیڕەو دەکرێ. نابێ ئەوە تێکبگیرێ لەگەڵ قوتابخانەی نیزامیەکان، که ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان‌و بەرپرسانی میری‌و سەربازی تێدایە، بودجەی هەر ولایەتێك له ناوچەکە له ئێستادا بگاته ئاستی پێداویستی کردنەوەی قوتابخانەیەکی سەرەتایی‌و مامۆستایەك، لەگەڵ سێ مامۆستا بۆ مەڵبەندی قەزاو مەڵبەندی هەندێ له ناحیەکان‌و چەند گوندێکی دیاریکراو.

ئەگەر قوتابخانیەکی پێنج پۆلی له گوندێکی تورکی بکرێتەوە، که دەتوانرێ له سەری ڕێکبکەوێ، ئەوکات به قورسی نابینم بکرێته خوێندنی ئێوارانیش بەبێ ئەوەی کار بکاته سەر ئەندازەی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی‌و بەیتەری ولایەتەکە، لەگەڵ ئەو خزمەتگوزاریانەی له ڕووی کۆمەلایەتی‌و کارگێڕی‌و یاسایی پێشکەش کراون، پێویسته ڕەزامەندی بەدەس بهێنم، وەکو هەنگاوی یەکەم به سەرکردنەوەی دامەزراوەکان‌و نەخشەی ساڵانەو مەڵبەندی بۆنەکان، دەکرێ له کردنەوەی قوتابخانه له قەزایەکانی کاش "وان"و بەیت‌و شەباب "هەکاری"، هیزان

"بەدلیس"و مەلازگرد "موش"، بەرواری " سەعرەت"، گول یان سەریار "دیاربەکر"، دیریك "ماردین"، بران شار "ئورفە" دەست پێ بکەین.

هەندێ لەو بەرپرسە گەورانەی خاوەنی تێڕوانینی وردن قسەو گفتوگۆیان کردووە لە سەر ئەو رۆڵە گەورەیەی مەڵبەندە بەتورکیەکراوەکان دەیگێڕن لە مەڵبەندی ولایەتو قەزایەکان، لە گەیاندنی سیاسەتی تواندنەوە سەرکەوتنی سنوورداریان بڕیوە، بەدەسهێنانی ئەو مەبەستە باشە لەو ناوەندانە کەسی شیاوی بۆ دیاری ناکرێ بە جۆری بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی دوورو جێی رەزامەندی زۆربەیان بێ ئەزمونو شارەزایی پێویستیان نیە، واپێویست دەکات بەرپرسی ئەو مەڵبەندانە هەستیارترین کاتو هەوڵی خۆیان دابنێن بۆ راییکردنی کاری رۆژانەی ئەو ناوەندانە بەبێ بیرکردنەوە لە ئایندەی سیاسیەتی ئەو مەڵبەندانە، لەو باوەڕەدام ئەو مەڵبەندانە لە بوارەکانی ئابووریو تەندروستیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی زیاتر کاراو کاریگەر دەبن.

## بواری ئابووری

راییکردنی کاروباری ئابوری بۆ ناوەندەکانی بەتورك کردن دەبێ لە ناو جەرگەی ناوچەیەکی فراوان بێو لەلایەن کەسانێکەوە بێ، کە هیچ پەیوەندیەکیان بە زمانی کوردییەوە نەبێ، پێویستە بازرگانە کوردە بەتورککراوە شاخیەکان ئەوە بزانن لە هەموو مامەڵەیەکی بازرگانی بەتورکی قسە دەکەن، دەبێ هەندێ بازرگان رێگەی ماڵی بەکاربهێنن بۆ پیادەکردنی سیاسەتی بەتورکردن، بازرگانەکان باسی بایەخی فەرهەنگو زمانی تورکی بۆ کوردە کێویەکان بکاتو هەستی گوێڕایەڵی حکومەتیان لەلا دروست بکات.

سەرەڕای ئەوە رۆڵی ئەو بازرگانە گەڕۆکانە نەمێنێ، کە بە زۆری لە گوندەکان دەگەڕێن بۆ گۆڕینەوەی کەلوپەلە بێسوودەکانیان بە هێلکەو رۆنو کەرە، بە زۆری ئەو بازرگانە گەڕۆکانە بە کوردی قسە دەکەنو دەبنە سەرچاوە بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو وا لە گوندیەکان دەکەن هاتووچۆی مەڵبەندەکانی شار نەکەن. پێویستە ریوشوێنی گواستنەوە بۆ ئەو پزیشکە بەیتەریو کارمەندانەی کشتوکاڵ، کە بە بەردەوامی هاتوچۆ دەکەن ئامادە بکرێ، ... بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی بەتورککردن مەسەلەی بایەخدان بە تەندروستی مرۆڤ و ترسی مردنو هوگربوونی ژیان هۆکاری گرنگن بۆ دەستەمۆکردنی نەك مرۆڤ هەتا بۆ ئاژەڵیش، هەتا ئێستا نەمانتوانیوە ریوشوێنی تەندروستی پێویست بۆ ژیانی کارمەندەکانمان لە ولایەتەکانی رۆژهەڵات مسۆگەر

بکەین، هەتا ئەگەر هەندێ ریوشوێنی بەرگریمان هەبێ ئەوە نازانین کەی بەرهەمەکەی دەچنینەوە، مەسەلەکە پەیوەندی هەیە بە ئایندەیەکی نادیارەوە، ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ:

پێویستە لە هەموو ولایەتێك بەڕێوەبەری تەندروستی هەبێ کار بکا بۆ.... ژمارەی پێویست لە دکتۆر لە ناوەندی ولایەتو قەزایەکان هەبێ، دەبێ ئەو دکتۆرانە موچەی گونجاویان بۆ ببڕێتەوەو لە مەسەلەی تەندروستی ناوچەی کارکردنیان دەسەڵاتی تەواویان هەبێ، نابێ ئەوانە لەسەر حیسابی پیشەکەیان ناچار بن سەر نەوی بکەن لە شارەوانی یان لە رێکخراوو ئەنجومەنە کارگێڕی ناوچەکە چونکە موچەیان پێدەدەن.

دەبێ رێگەنەدرێ دکتۆری گشتی تەندروستی هیچ پارەیەك لەبەرانبەر چارەسە یان پشکنینی خەڵکی ناوچەکە وەربگرێ، بەپێی ئەو نەریتەی پەیڕەو دەکرێ ئەرکی حکومەتە خەرجیەکانی لە دابینکردنی کرێی دکتۆرو کارمەندەکانی تەندروستی گشتی لە کاتی هاوتوچۆ بە ناوچەکاندا بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی بۆ دابین بکات، دەبێ ئاسانکاری هەبێ بۆ هەموو ئەو یاساو رێسایانە بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە قەڵاچۆکردنی مەلاریاوە هەیە، گومانی تێدا نیە ئەو دکتۆرو کارمەندانەی لە تەندروستی گشتی کاردەکەن بە هاوکاری دەستەیەکی بە توانا لە کارمەندانی تەندروستیو دەرمانسازانی پاشکۆ لە کاتی گەڕان بەناو گوندنشینەکاندا دەبنە ناوەندێکی کاریگەری فەرهەنگی لە سەر دەورووبەری خۆیان

ئەگەر بەرپرسێکی میری لە ناحیە بە بەردەوامی سەردانی گوندەکانی سەر بەو ناحیەیەی کردو بووە پردی پەیوەندی نێوان خۆیو کارمەندەکان، ئەگەر نەوەی خانەوادەی بە رەگەز تورکو کوردو عەلەویەکانی هاندا بۆ ژنخوازی، ئەگەر ئەو کارمەندو سەربازانەی دەوڵەت، کە لە رۆژئاواوە دێن لەوێ ژنیان هێناو هەریەك پارچەیەکی زەوی درایە کاری نیشتەجێکردن ئاسان دەبێ، ئەوە کاریگەری رۆشنی دەبێ لە سەر پرۆسەی تواندنەوەی کورد لە ناو نەتەوەی تورکی.

## کاریگەری فەرهەنگی ناوەندەکانی بەتورککردن

بۆ ئەوەی بتوانین فەرهەنگی رۆشنبیری بڵاوبکەینەوە، دەبێ ئەو شارانەی دروست دەکرێن دامەزراوەی بەتوورککردن تێدا زۆر پێشکەوتوو بێ، رۆشنبیری تورکی باڵ بە سەر هەموو دەروربەرە کوردیەکەدا بکێشێ، بەڵام **بڵاوکردنەوەی** رۆشنبیر تورکی ئەگەر بۆ خۆی لێ بگەڕێی مسۆگەر نابێ، پێویستە کارەکان رێکبخرێت، بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێك جێی رەزامەندی بێو بە سەر کۆسپەکانی بەردەم پرۆسەی بەتورککردندا زاڵ بین، دەبێ پشت بە چەندین بنەڕەت

ببەستریٚ، یەکەم هەنگاوی ئەو بوارە دەبیٚ ئەنجومەنیٚك دابمەزریٚ بۆ کاری بەتورککردن، لە شارو قەزاو ناحیەکان جیٚگیر بکریٚ، بەرپرسی دەزگای کارگیٚڕیو دەزگای روشنبیری شارەزاییو رۆشنبیری زانستی پیٚویستیان هەبیٚ، بۆ ئەوەی لە ئاستی سەرکردایەتیکردندابن لە ناو هاولاٚتیانی کورد بە تایبەت گەنجەکان، پیٚویستە هەموو کارمەندو مامۆستایەك فاکتەری پەیامنیٚری پەیامی بەتورککردن بزانیٚو کەمتەرخەمی نەکات لە توانای خۆی لەو پیٚناوەداو خۆی بە کاری لاوەکیو تەقلیدیو روتینیات خەریك نەکات.

بەداخەوە دەلیٚم زۆربەی ئەو کارمەندانەی، کە رەوانەی ولایەتەکانی رۆژهەلاٚت دەکریٚن بۆ ناوەندەکانی رۆشنبیری کارامە نین یان لە ئاستی بەرپرسیاریەتیدانین، چونکە بە تەنیا دامەزراندنی کاربەدەست بۆ کاری بەتورککردن مانای ئەوە نیە شایستەیە بەو ئەرکە، پیٚویستە وەزارەتەکان بەوپەڕی وریاییو حیکمەتەوە کاربەدەستە گەورەکان لەو ناوچانە دابنیٚن، نوسینگەی پشکنەری گشتی یەکەم خول بۆ کاربەدەستە بچوکەکان بکاتەوە، هەتا بە تەواوی ئامادەیان بکات بۆ راپەراندنی ئەرکەکانیان لە پڕۆسەی بەتورککردن، پیٚویستە هیٚزو کاریگەری ئەو ناوەندە رۆشنبیریانەی کاری بەتوورککردن ئەنجام دەدەن زیاد بکریٚ لە بلاٚوکردنەوەی کاری بەتوورککردن، ئەگەر نوشستی هیٚنا لەوەی کورد بایەخ بە رۆشنبیری تایبەت بە خۆی نەدات ئەوە ئەرکی بەتووککردن قورس دەبیٚ.

بە دەستهیٚنانی پڕۆسەی بەخیٚراییکردن لە بەتوورککردن پشت دەبەستیٚ بە قەدەغەکردنی گفتوگۆ بە زمانی کوردی، ئەمەش بە تەواوی لە مالٚو لە نیٚوان رۆشنبیرانو کاربەدەستانی دەولٚەت قەدەغە بکریٚ بە تایبەت کاتی کارکردن. ئەگەر کاربەدەستیٚکی دەولٚەت پیاویٚکی کوردی بینی لە بەڕیٚوەبەرایەتی دەولٚەت زمانی تورکی نازانیٚ، کارمەندی باش ئەوەیە بە کوردی قسە بکات دوایی ناچاری بکات لە ریٚگەی هیٚنانی کەسیٚکی دی بەتورکی قسە بکات، بەو مەرجەی کەسی دووەم لە یەکیٚك لە کارمەندانی دەولٚەت بیٚ، ئەو کارە پڕۆسەیەك دروست دەکات لە ئایندە بۆ راییکردنی کارەکانی ناچار بیٚت بە تورکی قسە بکات.

ئەگەر کارمەندیٚکی کوردی بەڕیٚوەبەراتیەکی دەولٚەت سووربوو لە سەر ئەوەی بە کوردی قسە بکات، بە نوسراویٚك ئاگادار بکریٚتەوە، ئەگەر بەردەوام بوو بە بڕینی ریٚژەیەکی موچەکەی سزا بدریٚ، ئەگەر ئاگادارکردنەوەو بڕینی موچە ئاکامی نەبوو لە کارەکەی دەربکریٚ، بۆیە پیٚویستە سەرۆکی هۆبە لە هەموو بەڕیٚوبەرایەتیەکی دەولٚەت دەسەلاٚتی ئەفسەری پۆلیسی هەبیٚ هەتا بتوانی ئەرکی خۆی راپەڕیٚنیٚ. پیٚش ئەوەی بابەتی بەتورککردن وازلیٚ بهیٚنم

پێویستە جەخت لە سەر ئەو راستیە بکەم، کە کورد لە بەر چەند هۆکارێکی دیار لە سەر گوێڕایەڵی دەسەڵاتی حکومەت رانەهاتوون، کورد تەنیا بۆ هۆزەکەی یان موختاری گوندەکەی یان خاوەنی زەوی و تۆو ئەو کەرەستانەی بەکاری دەهێنێ نەرمی دەنوێنێ، بە شێوەیەکی گشتی گوێڕایەڵی ئەو کەسانەیەو هەوڵ دەدات رازیان بکاتو خواستەکانیان بەدی بهێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی هۆزایەتی ئەگەر بەتەواویش نەبێ بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێ.

ئەگەر بە لوتفو نەرمی لەگەڵ کورد بجولێیەوە لەوە تێناگات، کە حکومەت مایەی بەرپرسیاریەتیو چاودێریو بایەخە، هەروەها تێدەگات کە ئەو لە سەر هەقەو حکومەت هەڵەیە، بۆیە ئەو توێژەی لە ناو کورد وا هەڵسوکەوت دەکەن وەکو ئەوەی لە سەر هەقن، ئەوەش بەو مانایەی نەتەوەخوازانی کورد لە دەرەوە بە هاوکاری ناوەوە کاردەکەنو هەق بە خۆیان دەدەن بەو پەڕی هێزو حەماسەتەوە دژی سیاسەتی بەتورککردن بوەستنەوە، لە هەوڵی ئەوەدادەبن هانی ئەوانی دیکە بدەن بۆ بەرگری لە بەتوورککردنو دروستکردتی ئاریشە دژی حکومەت، لە ناویاندا ئەو شێخانەی ئیمتیازاتیان لە دەستچووە، ئاغاکان ئەوانەی لە سەر بەکارهێنانی خەڵك راهاتوونو یاخیو بەرهەڵستکارانی حکومەتو ئەو گوندیانەن، چونکە گوندەکانیان کەوتۆتە سنووری ناوچەی قەدەغەکراو هەڵاتوونو گوندەکایان لە دەستچووە، لەگەڵ قاچاغچیو خاوەن زەوییە خۆفرۆشەکانو تاوانبارە ئاساییەکان ئەوانەن، کە ئاماژەی پێدرا بە هەموو ئەو توانایەی هەیانە دژی سیاسەتی بەتورککردن دەوەستنەوە، ئاریشەی زۆر دروست دەکەن، پێویستە ئەوانە جیا بکرێتەوەو لە کۆمەڵگای کوردی دووربخرێتەوە، زەحمەتە ژمارەیان بزانرێ، ... ئەمساڵ حکومەت بڕیاریدا ٣٠٠٠ کەس لەوانەی ئەو پۆلینە دەیانگرێتەوە بۆ رۆژئاوای تورکیا دووربخرێنەوە، لە کاتی خۆیدا نەخشە هەیە بۆ دوورخستنەوەی ئەوانەی بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی بەتوورککردن قبوڵ ناکەن، ئەگەر بە وردی سیاسەتی بەتوورککردن پیادە نەکەین ئەو سیاسەتە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ.

بۆ مسۆگەر بوونی بەدیهێنانی سیاسەتی بەتورککردن پێویستە:

١- بایەخی تەواو بدەینە ماڵە میللیەکان

٢- کردنەوەی هۆڵی تایبەت بە خوێندنەوە یان ناوەندێك بۆ بەردەستخستنی گۆڤارو رۆژنامەی رۆژانە.

٣- کردنەوەی مۆزەخانە بۆ بەرهەمە ئەدەبیو هونەریەکانی تورکی، پێشانگایەك کە چەند بەشێکی هۆنەری هەبێ.

هەروەها تیپی شانۆگەری گەڕۆك‌و تیپی گۆرانی، کە جەخت بکاتە سەر فولکلۆری تورکی، ماڵ بۆ لێدانی فلیم، رادیۆ لەگوند، ئەوانە هەموو کاریگەریان دەبێ لە سەر بەرهەمدارکردنی پرۆسەی بەتورککردن، دوای ئەوەی بۆچوونی خۆم بە کورتی لە سەر بەتوورککردن دەربڕی کۆمەڵێك مەسەلەی دیکە هەیە، وا دەبینم پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەبێ.

کردنەوەی رێگاو بان لە ناوچە ئاوەدانەکان مەسەلەیەکی گرنگە بۆ سیاسەتی بەتوورککردن یان دانانی کارگێڕیەکی تەندروست، لە ئەمڕۆدا ئۆتۆمۆبیل لە وەرزی هاوین دەگاتە هەموو قەزاکان، بەڵام لەگەڵ باران بارین بە زەحمەت دەڕواتە دەرەوەی شاری دیاربەکر بە تایبەت سەیارەی بارهەڵگر، رێگاو بان بۆ زۆر شت بایەخی هەیە بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی هەیە بە ئاسایشی گشتی‌و مەسەلەی سەربازی‌و ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان هەیە بە رۆشنبیری بەتوورککردن لە ناوچەکەدا.

لە ناوچەکەدا ئەم نەخشەیە بۆ دابینکردنی رێگاوبان دەخەینەڕوو.

١- دیاربەکر – سلیڤان- میڤان – بەدلیس – تاتوان.

٢- زیارە – سەعرەت – بیرڤار –شاتاك – وان.

٣- وان – باشقەلا- هەکاری – بیرکار.

٤- ماردین – سەغوار- مدیات – جەرجوش – سەعرەت.

کردنەوەی ئەو رێگاوبانانە هەموو رێگەیەك بۆ پشکنەری گشتی ئاسان دەکات خزمەتگوازاری مادی‌و مەعنەوی پێشکەش بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەو پێشکەوتنەی مەبەستە لەگەڵ پێکەوەبەستنەوەی تەواوی ناوچەکە بە نیشتیمان.

نازانم ئەو پڕوپاگەندانەی هەیە چەندە راستن، کە ناگونجێ لەگەڵ رۆشنبیری تورکی بە تایبەتی ئەوەی گوێمان لێ دەبێ لە هۆیەکانی راگەیاندنی جیاواز، بەوەی نزیکەی ٢٠/٠ی کورد لە ناوچەکە بەشداری خزمەتی سەربازی دەکەن، ئەگەر هەندێکی وازلێبهێنین بۆ لایەنی سۆزداری ئەوە لەو باوەڕەدام داوای شتی نەگونجاو دەکەین، ئەگەر داوامان لە کورد کرد لە رێگەی یەکەکانی کارکردنەوە ئەرکی خزمەتی سەربازی بەجێ بهێنێ، ئەرکی ئەو یەکانە کردنەوەی دەروازەیە بۆ خەڵکی ناوچەکە، ئەوە دەرفەت دەداتە چالاکوانان بۆ بەتورککردن‌و هوشیارکردنەوەیان.

## مادەی سێیەم

**مەسەلەی کارمەندانی دەوڵەت لە ولایەتەکانی رۆژهەڵات دوو رەهەندی گرنگی هەیە**

١- بایەخی پێویست بە هەڵبژاردنی کارمەندانی ناوچەکە نادرێ، بۆ نمونە ئەگەر ئەو کارمەندانەی لە شوێنی خۆیان خۆشەویست نین حکومەت دووریان دەخاتەوە بۆ رۆژهەڵات، سەرسامم بۆچی وەزارەت ئەو کاربەدەستانەی هەڵسوکەوتی بەد رەوشیتان لە سەر ساغ دەبێتەوە دەستبەرداری خزمەتی ئەوان دەبیٚ؟ وەڵام چونکە رێکخراوەکانو وەکیلی وەزیرەکان، کە کارمەندان دیاری دەکەن لەو راستیە حاڵی نابن، کە ولایەتەکانی رۆژهەڵات ناوچەیەکی تایبەتەو پێویستی بە کارمەندی کارامە هەیە.

٢- دیارە وەکو پێویست ئامادەنین کاربکەن بۆ راپەڕاندنی ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر شانیان، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی قابیلیەتی شەخسیو بەشێکی دیکەی بۆ ئەو بارە نائاساییەی لە ناوچەکەدا باوە، حاڵەتێکی تایبەتی لە دەرونی کارمەندان دروست کردووە، کە خۆبپارێزن لە کارکردن، ئەم حاڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ:

أ- نەبوونی ئاسانکاری باڵەخانەو دامەزراوە هەتا سادەش بیٚ بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە.

ب- نەبوونی یەکەی نیشتەجێکردنی تەرخان کراو بۆیان، لەم بارودۆخەدا بەپرسانو کارمەندان لە هەندێ قەزایەکان نیشتەجیٚ نابن، بۆیە فەخامەتی سەرۆك وەزیران ... لە میانی سەردانەکەی لە هاوینی رابردوو بۆ ناوچەکە رازی بوو لە سەر پلانێك بە خەرجی ملیۆنێك لیرە بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە. لە کەس شاراوە نیە، کە ماوەی بنیاتنان لە ناوچەکانی رۆژهەڵات کورتەو ناکرێ بەڵێندەری چالاك پێبگەیەنرێ، زۆر گرنگە یاسایەکی تایبەت دابنرێ حکومەت بتوانیٚ پرۆژەی نیشتەجێبوون بۆ کارمەندەکانی دابین بکات، ئەمە لە کاتێکدا هیچ بەندێك نیە لە میزانیەی گشتی خانوو بۆ کارمەندان... زامن بکات. پێشنیازێکی لەو جۆرەم کردووە هەموو لایەك ئەو کارەیان بە هێند وەرگرتووەو من بە ئومێدەوە دەینێرم بۆ بەرپرسان.

باشترین رێگە بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی بنیاتنانی خانوو بۆ کارمەندان راسپاردنی لیژنەی تایبەتیە، بەپێی ئەو ئاریشەیە نەخشەم پێشنیازکردووە، بەڵام ئاساییە لیژنەی ئیشغالی گشتی

لە ڕێگەی سەرپەرشتی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی بەڵێندەرەوە لە کەرتی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە لە ناوچەکە ڕاسپێریو دەسەڵاتی بدەیە دەست بکات بەو پڕۆژانە.

٣- یەکێك لە ڕێگاکانی سەرنج ڕاکێشانی کارمەندان بۆ کارکردن لە ولایەتەکانی ڕۆژهەڵات دابینکردنی خزمەتگوزارەی تەندروستی گشتیە بۆ هەموو قەزایەکانی ناوچەکەو پێشکەشکردنی هەندێ پاداشتی دارایی، بۆ نمونە لەو کاتەی کەسێ نەخۆش دەکەوێ دەرفەتی سەفەری پێ بدرێو خەرجی چارەسەرو سەفەریشی بدرێتێ.

٤- ئەو سکاڵایەی چەندین جار گوێمان لێ دەبێ لە ئەو کارمەندانەی لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیاوە دێن، نەبوونی قوتابخانەی دواناوەندی گشتیە یان ئەوەی پێی دەڵێن "لەیسە" دەکرێ چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکرێ بە هێنانی کادیری کارگێڕیو پەروەردەیی کارامەو کردنەوەی یانەی گشتی پێویست. لە کاتێکدا بەپێی یاسا وەزارەتی پەروەردە لە حالەتی ڕێژەی یاسایی بۆ ١٠٠ خوێندکار دەتوانی ئەو جۆرە قوتابخانەیە بکاتەوە. ئەمەش تایبەت بۆ ئەو کارمەندانی لە ڕۆژئاواوە دێنو لەوشوێنانە دەژین ئەو جۆرە خزمەتگوزاریانەی تێدا نیە، خزمەتگوزاری خۆڕایی پێشکەش دەکرێ لە میانی کردنەوەی قوتابخانە بۆ هەر ١٠ قوتابی لەو خێزانانەی لە ڕۆژئاواوە دێن، دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە مەسەلەیەکی گرنگە، کارمەندانی ئێرە بەدەست ناتەواویو نەبوونیەوە دەناڵێنن بەجۆرێ ناتوانن ئەو کەرەستانە بەدەست بخەن، کە بەکاری دەهێننو پێویستیان پێی هەیە، لە زۆربەی کاتدا ئەوەی دەیانەوێ ناتوانن ئەوە بەدەستبهێنن کە وەکو شتی باو هەیە... بە جۆرێساڵی جارێك دەتوانن بۆ شارە گەورەکان سەفەر بکەنو ئەوەی کۆیان کردۆتەوە لە ڕێگا خەرجی بکەن، لە ڕاستیدا قسە دەکرێ لە سەر نزمبوونەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی، بەڵام ژیان بەو شێوە نیە کە هەندێ چاوەڕوانی دەکەن، مرۆڤی ئاسایی بە کەرەو ساوەرو خەرجیەکی تاڕادەیەك کەم دەژی، بەڵام کارمەندی ڕۆژئاوا لە سەر ئەو ژیانە ڕانەهاتووە، ئەگەر نرخی خواردن لە ولایەتەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ولایەتەکانی ڕۆژئاوا بەراورد بکەین دەبینین خواردنە بنەڕەتیەکانو سەوزەوات لە ڕۆژهەڵات گرانترە، بۆ نمونە ئەو کاربەدەستەی لە موش دەژی هێندەو نیوی ئەوەی لە ئەنتاکیە خەرجی دەکات، بینیم والی لە ڕۆژهەڵات ٩٠ لیرە وەردەگرێت، کەچی بە دەست نزمبوونەوەی ئاستی بژێویەوە دەناڵێنێ، ئەگەر بمانەوێ والیو قایمقامەکان ئەرکی خۆیان بە باشی ڕاپەڕێنن پێویستە بە سەریانەوەدا بسەپێنین چوار ساڵ لە ناوچەکەدا خزمەت بکەن، بەڵام لەبەرانبەردا لە ڕێگەی هاوکاری دارایی ژیانێکی باشیان بۆ مسۆگەر بکەین، کارمەندەکانی دیکەش ئەگەر خومەتگوزاریان لە ناوچە مسۆگەر بکەین دەبێ هەمان قسەش لە بابەت ئەوانیشەوە بڵێین.

پێویستە دیراسەی هەموو کارمەندو ئەفسەرانی سوپا بکرێ، ئەوانەی لە ولایەتەکانی رۆژهەڵات خزمەت دەکەن، ئەگەر هەر بەرپرسێکی حکومەت لێی ئاشکرا بوو، کە دزی کردووە یان ماڵی حکومەتی بەفیڕۆ داوە، یان بەرتیلی وەرگرتووە، دەسەڵاتی خۆی خراپ بەکارهێناوە، بە رێگەیەی نائەخلاقی کاری کردووە، دوای ئەوەی بەرپرسانی باڵای حکومەت لە ناوچەکە بۆیان روون بۆوە، کە وایە پێویستە سزا بدرێتو بۆ ماوەی یەك ساڵ لە کارەکەی دوور بخرێتەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا ئەگەر کارمەندێك کاری خراپی کرد لە ولایەتەکانی رۆژهەڵات بۆ ئەزمیر لە رۆژئاوا دوور بخرێتەوە، بەو شێوە پلەیەکی دیکە وەربگرێ، کە نەتوانرێ لە رێگەی نوسینی ساڵانە یان لە رێگەی دەسەڵاتی باڵاوە دەست بخرێ.

لەگەڵ ئەوەدا ئەو سیاسەتەی لە ولاتەکانی رۆژهەڵات پەیڕەو دەکرێ بۆ لە ناوبردنی هەستی نەتەوایەتی لە ناو کورد دەبێ ئەوە بە هێند وەربگیرێ، کە بارودۆخی ئەو ناوچانە وەکو هیچ ناوچەیەکی دیکەی تورکیا نیە، بۆیە ئەگەر لە هەوڵی پیادەکردنی هەمان سیاسەت دابین لە بەشەکانی دیکەی وڵات، ئەوەی دەمانەوێ لە سیاسەتی بەتووککردن دەستمان ناکەوێ، کە لە ئارامیو ئۆقرەییدا خۆیدا دەبینێتەوە.

لە پێشەوە پێویستە ئەوە بزانین، کە مەحاڵە ئەو یاسایانە جێبەجێ بکرێ، بەڵگەی تەواو هەیە بۆ تاوانبارکردنی یاخیبوونو سیخوڕیو رەوتی دوژمنایەتی، دوژمنان هەموو رۆژێك ئامانجێك بۆ ئەنجامدانی تاوان دیاری دەکەن، بۆیە ئەستەمە بە شێوەیەکی یاسایی بە دوایاندا بگەڕێین، چاوەڕوانی بۆ گەڕان بە دوای بەڵگەی یاسایی (لە کاتێکدا رۆژانە دەبینین هەندێ لە ئەنجامدانی تاوانی رێگری سامانە دزراوەکە هەڵدەگرنو دەگەڕێنەوە گوندە زانراوەکانیانو لە پاڵ ئەمەدا دەوڵەمەند دەبن) ئەمەش دەبێتە هاندانی گیانی بەرەنگاریو یاخیبوون دژی حکومەت.

بۆیە ئەگەر پێشتر زانرا کەسێك سنووری وڵاتمانی بەزاندووە، بەبێ پەساپۆرت یان کارتێکی رێگەپێدانی پێ نەبێت، دەبێ بە چەك تەقەی لێ بکرێ، یان بۆ ماوەی چەند مانگێك بخرێتە زیندانەوە، ئەگەر زانرا کەسێك تاوانبار بوو بە یاخی بوون دەبێ هەموو سامانو کەسە نزیکەکانی لەو گوندە دەستیان بە سەردابگیرێ، تاڕادەیەك وەکو تاوانی گەورە بگەڕێندرێتەوە بۆ کەسە نزیکەکانی.

من نابینم هەموو ئەو دەسەڵاتە لە بندەستی والیدا بێ، ....بەڵام واقیعی والی ماردین جیاوازە، ئەو پێویستی بە تەخویلی دەسەڵاتی لەو جۆرەیە هەتا ئاسایشو ئۆقرەیی لە وڵات بپارێزێ، ئەگەر هەندێ وای ببینن پێدانی ئەو هەموو دەسەڵاتە بە والی مەسەلەیەکی نەکردەیە، لەو کاتەدا دەبێ لە

ولایەتەکانی ڕۆژهەڵات دەسەڵات بدەینە پشکنەری گشتی، بۆ نمونە ئەگەر والی ماردین بەپێ مادەی ١٨ی یاسای تایبەت بە پۆلیس‌و ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بڕیاری دەست بەسەرکردنی کەسێکیدا، مافی داواکاری گشتیە لە ماردین‌و وەزیری دادە هەندێ دەسەڵات بدەنە والی ماردین، کە بتوانێ کاری خۆی ئەنجام بدات‌و کارکردن بە هەندێ یاسا بوەستێنێ، کە مافی مەدەنی دەیداتە گیراو، بەوە دەتوانین ئۆقرەیی‌و ئاسایش بپارێزین.

ئەگەر ئەمڕۆ ڕێگەماندا بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی نەتەوایەتی بەیانی لێرەو لەوێ دەرفەتماندا بە بانگەوازی سەربەخۆیی.... لەو باوەڕەدام ئەو ڕێکاریە دادوەریەی ئەمڕۆ لە وڵات پشتی پێدەبەستێ زامنی لێکنەترازانی دەوڵەتە، بەڵام ئەگەر هاوڕێکانم لە نەوەی ولایەتەکانی ڕۆژهەڵات پارێزەری مافی گشتی بوون، دەبنە یەکەم نیشتیمانی‌و ئەو گوزرارشتە دەردەبڕن کە نیشتیمان لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. ئەو گومانە نابەم ئیداریەکانی ناوچەکە بیانەوێ پەرەبدەن بە کارگێڕیەکی دواکەوتوو لە وڵات، بەڵام هەرچۆنێکی شرۆڤە بکەین جۆرێك لە موحافیزکاری هەیە لە جێبەجێ کردنی هەندێ یاسا، بەڵام هەندێکی دیکە لە بەرپرسان یان ئەوانەی لە دەزگای دادوەری کاردەکەن وای دەبینن هەموو خۆبواردن یان دوورکەوتنەوەیەك لادانە لە یاسا، لەو کاتەی بەرپرسێك دادەنێی وەکو قایمقام یان والی سوورە لە سەر جیبەجێکردنی هەمان ڕێوشوێن کە پێشتر دژی گیراوەتەبەر.

ئەگەر ئەو بڕگانەی سەرەوەمان بە هێند وەرگرت، لە ڕاستیدا ئێمە لەگەڵ گەلێکی نەفام‌و دواکەوتووو سەرکەش مامەڵە دەکەین، بەجۆرێ لە ڕژێمی دادوەری تێناگات، من بە لای ئەوەدام ناوچەی پشکنەری گشتی پێویستی بە ڕژێمێکی دادوەری تایبەتی هەیە، حەزدەکەم ڕێرەوی ڕژێمی دادوەری کورت بکەمەوە بەوەی پێویستە هەموو ئەو یاسانە هەڵبوەشێنینەوە کە پەیوەستە بە مافی مەدەنی‌و سزاو ڕژێمی دادوەری، لە پێناو بە خێرایی چارەسەرکردنی بابەتە یاساییەکان، کە ناوچەی دوورە دەستن بەگوێرەی توانا بۆ هەر یەکەیەکی کارگێڕی قازیەك دانرێ بۆ چارەسەری هەموو کێشە یاساییەکان، پێشنیازی دوو دادگای هەرێمی دەکەم بۆ هەریەك لە بەدلیس‌و دیاربەکر لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی هەموو هەنگاوەکانی پەیوەست بە دادوەری.

c/S/3 ،Secret REF ،FO. 371/671

**ئەفسەری پەیوەندی فرۆکەوان – سلێمانی، ٢٦ نیسانی ١٩٣٨**
**سەرکردەی هۆبە، هێزی ئاسمانی، باشوری سلیید**
**بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی – هێزی ئاسمانی – زوبیان**

**بەڕێزم**

لە نامەکەی RJS /٨/٨ بەرواری ١-٤-١٩٣٨ روونتان کردۆتەوە، کە پێویستە چاودێری بزوتنەوەی کوردی بکرێ،لەوەتەی لە سلێمانی گەڕاومەتەوە بەتەنیا ئەو بڵاوکراوەم بینیوە کە تەرجەمەکەیم بە نوسراوی ژمارە ٢٩ بۆ ناردی، هاوپێچ نوسخەی ئەسڵیم لەگەڵ ناردووە، ئەمە لەکاتێکدا لە گەشتەکەم بۆ هەڵەبجە لە ماوەی ١٢ بۆ ١٥ی مانگی نیسان گوێم لە کوردانی ئەوێ بووە، کە هەمان ئەو بۆچوونەیان هەیە، کە لەو بڵاوکراوەیەدا هاتووە، موحەمەد سەعید قایمقامی هەڵەبجە نیگەرانی کوردی لە ڕێککەوتننامەی سەعد ئاباد بۆ روون کردمەوە.

٢- لێرەدا بە پێویستی دەبینم باسی جولانەوەکانی (شێخ جەلال)تان بۆ بکەم لە ماوەی دوو مانگی رابردوو، کە پێشتر لە راپۆرتی ژمارە (٣٩، ٤٧، ٤٩، ٥٦، ٦١، ٦٤) باسم کردووە، کە شێخ جەلال بەم دواییە دەست لە وردو درشتی شاری سلێمانی وەردەدات، مەسەلەی پەناهێندەکانی گوڵباخی، داواکاری دەخالەتی سەید عەتا، گەڕانەوەی شێخ مەحمود،.. هتد، هاوکات شێخ لەتیف برای شێخ جەلال سەردانی کردم، سەرنجی دایە مەسەلەی نەخوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانو هەروەکو خوێندکارانی عەرەبی ئێراقی زەرورەتی ناردنی خوێندکار بۆ دەرەوە، داوام لێکرد ئەو مەسەلەی لەگەڵ میجەر ئەدمۆنس باس بکات. وادیارە لەم رۆژانەدا بارودۆخی سەیدەکان لە سلێمانی باش نیە. شێخ جەلال ئاگاداری کردمەوە، کە ٢٠٠ دیناری لە توتنی ئەمساڵ زەرەرکردووە، سەرەڕای ئەوە پلەو پایەی خۆی وەکو ئەندامی پەرلەمانی ئێراقی لە دەست داوە، لە بەر ئەو هۆیانە بە چەندین ئاڕاستە توانای خۆی خستۆتە گەڕ.

٣- به نهێنی کۆبوونەوە بووە لە نێوان شێخ جەلالو برادەرەکانی، بەڵام دڵنیانیم لەوەی دوای کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکە کۆمەڵەیەکی خاوەن ئامانجی دیاریکراویان پێکهێنابێ یا نا؟ لەگەڵ ئەوەدا دڵنیا نیم چی لەو کۆبوونەوانەدا باس کراوە، بەڵام گومانی تێدا نیە، کە شتی نهێنی تاوتوێ کراوە، یەکێك لەو ئامانجانەی لە پشت جولانەوە زۆرەکانی شێخ جەلالە مسۆگەرکردنی گەڕانەوەی شێخ مەحمودە، لەو باوەڕەدام شێخ جەلال دەیەوێ شێخ مەحمود بگۆڕێ بۆ هیمایەك بزوتنەوەکەی پشتی پێ ببەستێ.

٤- شێخ جەلال بەم دەستێوەردانەی لە وردو درشتی کاروباری سلێمانی دەیەوێ ئەوە بە گوێی کورددا بدات، کە ئەو لێرە سەرکردەی بزوتنەوەی کوردیە، دەتوانێ زۆر شتیان پێشکەش بکات، لەو باوەڕەدام بۆ ئەو مەبەستە بووە سێ هەوڵی نوشستخواردوویدا، بۆ ئەوەی پۆلیس بە شەو ببیبینێو بە دیاری بجات پۆلیس چاودێری دەکەن، لێرەوە بە کورد بڵێ چالاکیەکانی جێگەی رەزامەندی ئینگلیزەکانەو ئەگەری ئەوەش هەیە کە ویستبێتی بە شەو بەشداری خواردنەوەی ویسکی بکات.

٥- لە چەندین رووداودا، شێخ جەلال بە بەردەوامی دەیویست بە نەخشەو بۆچوونەکانی قەناعەتم پێ بکا، بۆم روونکردەوە کە ئێمە ئێراقمان وەکو دەوڵەت پێکهێناوە هەتا هاوکارمان بێ، هیچ رۆژێك نامانەوێ شپرزەی بکەین، رێککەوتننامەی واژۆکراوی نێوان ئێمەو حکومەتی ئێراقی پابەندمان دەکات دەست لە کاروباری ناوخۆیی ئەو وڵاتە وەرنەدەین — وەکو جولانەوەکانی شێخ جەلال- ئێمە بە تەنیا لە سەر داوای حکومەتی ئێراقی دێینە سەرخەت.

٦- (لەگەڵ ئەوەدا بەشێوەیەکی گشتی بەڵگەی یەکلاییکەرەوەم لە بەردەستدا نیە، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر لەو باوەڕەدام کۆششەکانی شێخ جەلال بۆ شلەژانی بارودۆخو دروستکردنی شۆڕشێکی سەرتاسەریە، لەگەڵ ئەوەدا لەو باوەڕەدام لە بارودۆخی ئێستادا لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە ئەو شۆڕشە سەرناگرێ:

٧- أ- بزوتنەوەیەکی گەورەو فراوان پێویستی بە پشتگیری مادی هەیە.

ت- کورد بەبێ هاندانی بەریتانی بەو ئاسانیەو شۆڕشی بەرفراوان ناکەن، ئەگەر بە شێوەیەکی رەمزیش بێ.

پ- بارودۆخە کە بە تەواوی لە ژێر دەسەڵاتی پۆلیس دایە.

موتەسەریف پێی وتم، کە ئەگەر شێخ جەلال هەر جولانەوەیەك بکات سێ تاوانی جیاوازی بە بەڵگەوە لە دژی ئامادە کردووە، رایدەکێشێت بۆ بەردەم دادگای سلێمانیو بە هۆی هەریەك لەو تاوانانە بە ٤ مانگ زیندانی دەکرێ، بەو شێوەیە موتەسەریف لەبەر چاوی خەڵکی دووری دەخاتەوەو لە شەڕی دڵنیا دەبێ.

٨- بە پێی ئەو هەواڵەی پێم گەیشتووە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافەکانی کورد "کۆمەڵە"یەکی کوردی لە پشت ئەو بزوتنەوەیە، بە قسەی هەواڵدەر ئەو کۆمەڵەیە نایەوێ ئەو رژێمە بڕوخێنێ، بەڵکو قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆ لە چوارچێوەی ئێراق مسۆگەر دەکەن.

٩- من گومانم لەو هەواڵە هەیە، لەو باوەڕەدام هەندێ لە وەزارەتەکانی پێشوو لە سەر ئەو بارودۆخەی فوڕاتی ناوەڕاست دەیانەوێ مەسەلەی مافەکانی کورد بەدەرفەت بزانن بۆ گەڕانەوە بۆ دەسەلات، ئەو قەناعەتەم لە سەر ئەوە بنیات ناوە:

أ- لە دوای ئەوەی شێخ جەلال سەردانی بەغدای کردبوو، چووبووە لای نوری سەعید، دوای ئەوە هەواڵی پێدام، کە نووری سەعید ئامادەیی دەربڕیوە لە دوای گەڕانەوەی بۆ دەسەلات ئەو هەست بە مەزڵومیەت کردنە لە سەر کورد لاببات، گوایە لە وەلامی نوری سەعیددا وتوویەتی "بەو پێیەی خۆی گێڕایەوە" من هەرگیز باوەڕ بە هیچ سیاسیەکی عەرەبی ناکەم، چونکە هەموویان دەیانەوێ کورد لە ناوبەرن، لەو کاتەی شێخ جەلال ئەو گفتوگۆیەی بۆ دەگێڕامەوە باوەڕم بە هەمووی نەدەکرد.

ب- لە دوای ئەو سەردانە بۆ بەغدا هەر کاتێ شێخ جەلال بە من بگەیشتایە ئاماژەی بە لاوازی حکومەتی ئێستا دەکرد، بەوەی ناتوانی ئەرکی خۆی راپەڕێنێو زۆر ناخایانێ، نوری پاشا هەمیشە دۆستی نزیکی بەریتانیا بووە، ئیداریەکی کارامەیە.

ت- کە وەزیر بووم لە رابردوو، دەمویست بە هەر نرخێك بێ بگەڕێمەوە دەسەلات، ئەوەی یەکەم جار ترسی بە بەردەنام هەڵنەگیرسانی جولانەوەی دژ بووە لە باکور، ئەوەش بووە وای کردووە حکومەت ئەو هەموو هێزە بگوازێتەوە بۆ باشور.

پ- ئەوەی دووەم کە ترسی بە بەردەنام تاکە رێگەیەك بوو بۆ وروژاندنی کورد دژی حکومەت لە رێگەی هەڵگیرسانی جولانەوەی دژ بە حکومەتە کە باری قورسی خستبووە سەر مافی نەتەوایەتییان.

ج- مەسەلەی حوسێن بەگو ئەسپەکەی "لەو راپۆرتەی لە سەر سەفەر بۆ هەڵەبجە لە ٥-١٢ باس کراوە" لەگەڵ ئەو تێڕوانینەی لەوکاتەی لە بەغدا بووم لەلام گەڵاڵە ببوو، لەگەڵ گاڵتەجاڕیەتی کە ئاماژەیە بەو گریمانیەی روونم کردەوە لە سەر تێوەگلانی وەزیرەکانی رابردوو لەگەڵ کورد.

١٠ — لە هەموو بۆنەکاندا وەکو چاکەی کوردان باسی مانەوەیان دەکەم لە چوارچێوەی ئێراق، کورد لەو باوەڕەوە ئەو نوکتە بەربڵاوە دەڵێتەوە، کە لە ناویاندا باوە دەڵێ: "نە حوشتر ئاژەڵەو نە عەرەب مرۆڤە".

١١- مرۆڤ دەتوانی ئەوەی لەلای روون بێ، کە چۆن هەستی نەتەوایەتی لە ناو کورد بەرزبۆتەوە، لەگەڵ پلەی دوژمنایەتیان بۆ حکومەتی ناوەند، هەتا سۆزو پشتگیری لە ناو کورد هەیە بۆ ئەوانەی لە خۆیان کاری سەرەڕۆییو یاخیبوون ئەنجام دەدەن، هەندێ لەو کەسانەوەی وەکو ساڵحی جلیسکە، کە لەوکاتە سەید عەتا تەقەی لە پۆلیس کرد شوفێرێکی عەرەب قاجی بریندار کرد، ئەمە لە کاتێکدا کورد پێی وایە هێزەکانی پۆلیس هێمای خۆفەرزکردنی حکومەتن بە سەر ئەوانەوە، چونکە زۆربەی ئەفسەرانی پۆلیس لێرەدا عەرەبن، هێزەکانی پۆلیس بە دیدی ئەوان بە کرێگیراوی حکومەتی عەرەبین بۆ سەرکوتکردنی کورد، بە دەربڕینی ئەندازەی نیگەرانی ئەوان لە دامەرزاندنی زۆر لە کارمەندانی دەرەوەی لیوا نەتەوەخوازانی کورد دەڵێن زمانی کارگێڕی ئێستا نە عەرەبییەو نە کوردی لە راستیدا تورکیە.

١٢- پێدەچێت بیرۆکەی کوردستانی سەربەخۆ لەگەڵ پێشکەوتنی رۆشنبیری کورد ببێتە هەستێکی راستەقینە، ئەمەیشم لە میانی قسەکردن لەگەڵ قایمقامی هەڵەبجەدا بۆ روون بۆوە، "بەراورد لەگەڵ خەڵکی ئاسایی بۆ چوونی رۆشنیرانەی هەبوو، لەو باوەڕە دایە ئەو هەستە لەگەڵ پێشکەوتنو رۆشنبیری بڵاودەبێتەوە" لەو کاتەی لەگەڵ قایمقامی ناوبراو قسەم دەکرد لە سەر گۆڕانکاریە دەولیەکات دەیوت: لە ماوەی ٢٠ساڵی ئاینده ئیتاڵیا بەرەو رۆژئاوا فراوان دەبێو پشتگیری بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی دەکات، وەکو چۆن حکومەتی بەریتانیا پشتگیری دامەزراندنی حکومەتی سەربەخۆیی بۆ عەرەب کرد، کە پێکهاتبوون لە هۆزە سەرەتاییەکان، هەر لەو بارەیەوە بیستم، کە کورد دەڵێن نەوتی کەرکوك هی کوردە، کورد بێدەنگ نابێ لە ئاست ئەوانی دیکە سوود لە وڵاتەکەی وەربگرن.

١٣- بە لای کورد لە ناو ناوەندەکانی راگەیاندنی پشتگیر بۆ کورد ئەستەمە نیە لێرەو لەوێ مەیلدار نەبێ بۆیان. دوای ئەوەی بە چاوی خۆم بینیم بە بەرواورد لەگەڵ کوردی سادە

سیاسییەکانی عەرەب فرتو فیلاوین، کە ئامادەن هاوکاریم لەگەڵدا بکەن، بۆیە نامەوێ بۆچوونی خۆم دەربڕمو بە باسکردنی رووداوەکان بەو شێوەی بینیم لێ بگەڕێم.

١٤- ئایا جولانەوەکانی پشتگیری مافەکانی کورد دوایی دێ، یان وردە وردە خاودەبێتەوە؟ ئەمە ئێستا مەسەلەیەکی جەخت لەسەر کراو نیە، ئەنجامەکەی پشت دەبەستێ بە:

أ- ئەو سامانو هێزو رێکخستنەی دەیجولێنێ- کە رێکخستن هەبووە.

ب- ئەندازەی لاوازی ئیدارەی حکومەت لە کوردستان.

ئەوانە ئەو زانیاریانە بوون لە لای من هەبووە لە سەر بزاڤی نەتەوایەتی کوردی.

**دڵسۆز**

**ج.س. أ. ولسن**

# بەشی چوارەم

## کوردستان لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانی (١٩٣٩–١٩٤٥)

## کوردو بزوتنەوەی مایسی ١٩٤١
## راپۆرتی ژمارە ب، س، ١٧٧، ٢٧ی تەموزی ١٩٤١
## س. ج. ئەدمۆنس، راوێژکار لە وەزارەتی ناوخۆی ئێراق

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی بە سەر دوو بەشدا پۆلێن بکەین:

أ- لە دوای ئەزموونە تاڵەکانی رابردوو هەندێ لەو باوەڕەدان حکومەتی بەریتانی دەتوانێ شتێك بۆ کورد بکات.

ب- هەندێکی واقیعبین هەن گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی بەرژەوندیە سیاسیە ئیمپریالیستیەکانی بەریتانیا لەگەڵ ئامانجە نەتەوایەتیەکانی کورد رێکناکەوێ، بۆیە خزمەتی بەرژەوندی نەتەوایەتی عەرەبی دەکات، چاوەڕوان ناکرێ حکومەتی بەریتانی پەیڕەوی سیاسەتێك بکات بۆ رازیکردنی کورد هەستی عەرەب نیگەران بکات، ئەمە لە کاتێکدا کورد دوژمنی بەریتانیا نیە، هەموو سیاسیەك ئامادەیە بچێتە پاڵ هەر بۆچوونێك لە هەر لایەنێکەوە بێ، دوژمن بێ یان نا، بەو مەرجەی مافی نەتەوایەتی کوردی زامن بکات، دەکرێ بە شێوەیەکی گشتی نەوەی خێڵەکان یان ئەوانەی ئەقڵیەتی خێڵەکیان هەیە وەکو شێخ مەحمود لە پۆلینی یەکەم دابنێین، کە تێکەڵ بووە لەگەڵ هەستی نەتەوەییو هەموو دەسەڵاتێکی حکومەت رەتدەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەدا دەستەبژێری کوردی هەیە، کە پەیوەندی پتەوی لەگەڵ حکومەتی بەریتانیادا هەیە، بەڵام دەستەبژێری کوردی بە شێوەی گشتیو سەربازەکانیان بە تایبەتی دەگەڕێنەوە بۆ پۆلینی یەکەم، ئەوانەی پەیوەندیان لەگەڵ ئەڵمان پێ چاکە.

٢- لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕەکانی حەبانیە لە ٢ی مایس، لایەنگرانی پۆلێنی یەکەم داوایان لە حکومەتی ئێراقی کرد لە حکومەتی بەریتانی هەڵگەڕێتەوە، چونکە خیانەتی لە بەڵێنەکەی کردووە، کاتی ئەوە بە سەر چووە ئێمەی کورد متمانە بە ئینگلیز بکەین مافەکانی کورد بدات، بەپێی سەرچاوەی باوەڕپێکراو پیاوانی هۆزەکان بە هاوکاری لەگەڵ پیاوماقوڵانی شار

خۆیان بۆ هەڵگەڕانەوە دژی حکومەت ئامادە کردووە، کە پێویست بووە زۆربەی پشدەرییەکانو جاف بەشداری تێدا بکەن، هەمان هەست لە لای هۆزە عەرەبیەکانیش هەیە، بەڵام هەڵگەڕانەوە نەکردەیەو نابێ، چونکە کاتی زیاتریان دەوێ بۆ گەیاندنی نامە بۆ سەرۆك هۆزەکان.

٣- پێدەچێت بە تایبەت بابەکراغا ئامادەبێ لە نزیکترین کاتی گونجاو دەست بە هەڵگەڕانەوە بکات، بەپێی نەخشە یەکەم جار کۆیە داگیر بکاتو دوایی سورداشو چەمچەماڵو سلێمانی، لە ماوەی نێوان ١٥ بۆ ٢٠ی مانگی مایس لە مەڕ هەڵگەڕانەوە دژی حکومەتی رەشید عالی گەیلانی پشتیوانی لێکراو لەلایەن بەریتانیاوە دوو بۆچوون بەدیارکەوتوون، بۆچوونی یەکەم بە خێرایی داوای یاخیبوونی کردووەو بۆچوونی دووەم داوای کردووە پەلە نەکرێ لە هەڵگەڕانەوە، چونکە پڕوپاگەندە وا بڵاوە، کە فڕۆکەکانی ئەڵمانیا گەیشتوونەتە موسڵو کەرکوكو هێزەکانی ئەڵمانیا گەیشتوونەتە سوریا، لە ناودارترین بانگەوازکارانی ئەو بۆچوونە حەما ئاغای عەبدوڕەحمان ئاغاو عەباسی مەحمود ئاغایە.

٤- شێخ مەحمود لە ١٦ یان ١٧ی مانگی مایس لە رێگەی کفریەوە گەیشتە سلێمانی، لەگەڵ ئەوەدا شێخ مەحمود وەکو خۆی پێی چاك بووە پەلە بکرێ لە هەڵگەڕانەوە، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی پشتگیری ئەوانەی کرد، کە پێیان چاك بووە چاوەڕوان بکا. هەندی مەترسی لەلای هەندێ لە رکەبەرەکانی شێخ مەحمود هەیە بەوەی هەڵگەڕانەوە پێگەی شێخ مەحمودو ئارەزووەکانی بۆ سەرکردایەتی کردنی کوردستان بەهێز دەکات. لە گۆڕانکاریەکانی دی گەیشتنی عەلی کەمال لە ٢٢ی مایسو ماجید مستەفایە لە ٢٥ی ئەو مانگە بۆ سلێمانی، کە ماجید وازی لە پایەکەی خۆی وەکو موتەسەڕیفیەتی عەمارە هێناوە.

٥- دەڵێن نەخشە هەیە بۆ گواستنەوەی کارمەندانی کۆلیژی سەربازی بۆ سلێمانی لەگەڵ ژمارەیەك لە فەلەستینی، حوسێن فەوزی موتەسەریفی سلێمانی کە جێگای عەبدولحەمیدی گرتۆتەوە داوای لێکراوە بەشێك لە قوتابخانەکانی ئەیوبیە لەگەڵ گەیشتنیان ئامادە بکات بۆ داڵدەدانی ئەوانە، بەڵام پیاوماقوڵانی شار ئەوەیان رەتکردەوەو بە عەلی کەماڵو ماجید مستەفایان وتوە: قبوڵ نەکردنی خەڵکی سلێمانی لە سەر ئەو داواکاریەی حکومەت رادەگەیەنن، موتەسەریف نەك هەر ئامادەیی نیشاندا لە بەرانبەر بۆبۆچوونی خەڵکی سلێمانی، بەڵکو ئامادەیی هەبوو دەست لە کاربکێشێتەوە بۆ ئەوەی ماجید مستەفا جێی بگریتەوە، بەڵام ماجید قبوڵی نەکرد، لە سەر ئەو رەتکردنەوەیە یان بە هۆی پێشکەوتنی خێرای رووداوەکانەوە ئێمە دوای ئەوە هیچ شتێمان لە سەر نەبیست.

٦- شێخ مەحمود وەکو رکەبەرێکی ئیدارەی حکومەت مایەوە، وەفدێك پێکهاتبوو لە عیزەت بەگی جافو میرزا تۆفیق قەزازو عەلی کەمال بۆ چاوپێکەوتنی چوونە سیتەك، وەفدەکەی حکومەت داوایان لێکرد هیچ کارێك نەکات زیان بە ئاسایشی گشتی ناوچەکە بگەیەنێ، پێشنیازیان بۆ کرد لە یەکێك لە گوندەکانی خۆی نیشتەجێ ببێو مانگانە ٥٠ لیرەی بۆ دیاری بکرێ هەتا کرێی پاسەوانە شەخسیەکانی پێ بدات، بەڵام ئەوەی قبوڵی نەبوو، خۆی وەکو پارێزەری مافەکانی کورد دادەناو بەردەوام بوو لە هەڕەشە بە داگیرکردنی سلێمانی هەتا ئەگەر لە دوای کەوتنی حکومەتی رەشید عالی گەیلانیش بێ، پێویستمان بەوە نیە باسی ئەو رووداوانەتان بۆ بگێڕمەوە، چونکە پێشتر لە هەردوو بروسکەی ب،ئایس، ٨٠و ١٠٤ی نوسراوی ١٦و ٢٥ی مانگی حوزەیران ئاماژەمان پێداوە.

٧- لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ئێراقی لە بەغداو دەوروبەری کۆبوونەتەوە دەرفەت بە ئەفسەرە کوردەکان دراوە بۆ گرێدانی چەند کۆبوونەوەیەك، زۆربەیان لە چەندین بۆنەدا نیگەرانی خۆیان بەدیارخستووە لە چوونە ناو هەر ناکۆکیەك زیان بە بەرژوەندیەکانی کورد بگەیەنێ لەو کاتەی ناچار دەبن بەغدا بەجێ بهێڵنو بەرەو ناوچەکانی باکور بکشێنەوە. واتە کوردستان بکەنە دوا سەنگەری بەرگری، ئەفسەرە کوردەکان قبوڵیان نەبووە بەشداری لە نەخشەیەکی لەو جۆرە بکەنو رێککەوتن بەرهەڵستی نەخشەی لەو جۆرە بکەن، نەیاندەویست لە کوردستان پاشەکشە بکەنو نەخشەی حکومەت جێبەجێ بکەن، لە راستیدا ئەفسەرە کوردەکان نەخشەیەکی تایبەتیان دانا بۆ ئەو ئەگەرەی حکومەتی رەشید عالی بڕیاری پاشەکشە بدات بۆ باکور، هەروەها لەوەدا نەخشەی سەلاحەدین سەباغ جێبەجێ ناکەن لە سەر بنەڕەتی پاشەکشەی قۆناغبەندی، کشانەوەی هەردوو لیوای ٤و ٦ "کە زۆرینەی کوردن" بە خێرایی لە ئەبوغرێبەوە بۆ کەرکوك. چاوەڕوان کراوە، ئەو لیوایانەی لە مەنسوریەی جەبەلو لە کەرکوك خۆیان قایم کردووە بچنە پاڵیان بۆ بەرهەڵستی لە گەیشتنی هێزەکانی لایەنگری حکومەت لە کوردستان، لەو کاتەی ئاژاوە دروست دەبێو بە نائاسایی پاشەکشە دەکەن، ئەفسەرانی کورد رێکدەکەون بەرەو کەرکوكو سلێمانی بڕۆنو لەوێ خۆڕێکبخەنەوەو رێکبکەون لە سەر نەخشەیەکی تازە بەپێی ئەوەی گۆڕانکاریەکان بیخوازێ. لە هەردوو حاڵەتدا ئەفسەرانی کورد مکوڕن لە سەر قەدەغەکردنی خۆڕێکخستنەوەی پاشماوەی ریزەکانی رژێمی رەشید عالی گەیلانی لە کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا دڵنیانیم لە مەبەستی

راستەقینەی ئەفسەرانی کوردو جۆلانەوەیانو بە گومانم لەو یەکە سەربازیانەی زۆربەیان کوردن لەگەڵ حکومەتی بەریتانیدا بن.

١- هەندێ لە سیاسیە بەرهەڵستکارەکانی ئێراق وەکو مستەفا عومەری لە بەغدا دەیانزانی چی لە دەورووبەریاند روودەدا، داوایان لە هەندێ لە ئەفسەرانی ئێراقی کرد دژی رەشید عالی لە بەغدا پێشڕەوی بکەن، بەڵام هەندێ لە سەرکردە ئێراقیەکان بە تایبەت کورد بە بێ ئاکامیان زانیووە بچنە ناو ململانێی نێوان باڵە جیاوازەکانی سوپای ئێراقی عەرەبی، بەشداری کورد لەو شەڕانە وەکو بەشداریە لە ناوکۆکی نێوان ژنو مێرد، لە داهاتوو ناگەنە ئەوەی هەردولا رازی بکەن، بۆیە بەشداری لەو یاریەیان پێ باش نەبووە.

٢- بۆ پێگەیشتنی ئەو نەخشەیەی لە بڕگەی ٧ دا هاتووە، پێویستە ئاشنابین بە گۆڕانکاریەکانی کوردستان، بە تایبەت دوای ئەوەی دڵنیابووین، کە شێخ مەحمود جارێکی دیکە شەڕ دەکاتەوەو هەڕەشە لە ئاسایشی ناوچەکە دەکات، بۆیە گەیشتنی ماجید مستەفا لە ٩ی مایس لە چوارچێوەی ئەو هەولەدابووە، لە گرنگترین ئامانجی سەردانی ماجید مستەفا بۆ ناوچەکە بەکارهێنانی پێگەی خۆیەتی بۆ رێگری لە شۆڕشی چاوەڕەوانکراو، هەڵاتنی لە ناکاوی رەشید عالی گەیلانی بۆ ئێران لە ناو رێڕەوی ئەگەرەکاندا نەبووە، ئەو کات ئەرکێك نامێنێتەوە بۆ ئەو ئەفەسەرانەی لە سەرەوە باس کران.

٣- لەگەڵ ئەوەدا نەخشەی کورد جێبەجێ نەکرا، بەڵام دەکرێ بڵێین کۆبوونەوەی ئەفسەرە کوردەکان لە کاتی قەیرانەکە هاریکاریو یەکێتی لە لادروست کردوون، زۆربەی ئەفسەرانی کورد لە بنەڕەتەوە لە پۆلێنی ب دادەنرێنو درکێ مەترسی هەیە لە یەکیەتیو هاوکاری ئەفسەرە کوردەکان لە سەر ئایندەی ئێراق، ئەگەر حکومەتی ئێراقی هەندێ هەنگاوی گرتەبەر بۆ بەرەو پیرچوونی زوڵم لە سەر کورد ئەوە چاوەڕوان کراوە هەندێ دەنگی داکۆکیکار لە سەر مافەکانی کورد ببیستین.

**27/7/1941**

**س. ج. ئەدمۆنس**

FO. 624/63

## نامەیەك لە: شێخ جەلال حەفیدزادە

## بۆ: فەخامەتی باڵوێزی حكومەتی بەریتانیای گەورە "خوا شكۆی بەردەوام بكات"

شاراوە نیەو هەموو دەزانن، هەمیشە ئێمە خۆمان بە هاوپەیمانی دڵسۆزو هاوڕێی ئێوە دەزانین، لە كاتێ رەشید عالی منو شێخ لەتیفی برام كەمتەرخەم نەبووین لە خزمەتی ئێوە، گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ كوردستان لەو ماوەیەدا خزمەتێكی گەورەیە بۆ ئێوە، چونكە رەشید عالی نەخشەی هەبوو بگوازێتەوە بۆ باكورو بەردەوام بێ لە بەرهەڵستی حكومەتەكەتان، بەڵام گەڕانەوەی شێخ مەحمود ئەو نەخشیەی تێكدا. ئێمە لەلای خۆمانەوە هەمیشە چاوەڕوانی سەركەوتنی ئێوە بووین، سوپاس بۆ خوا سەری خستن بە سەر دوژمنەكانتان، داوامان لە خوای گەورەیە هەمیشە پشتگیریتان بكات بۆ سەركەوتن، بە پێچەوانەوە چاوەڕوانی ئەو سەركەوتنە نەبووین، بەڵام لە بەرئەنجامی ئەو سەركەوتنە تووشی گیروگرفت هاتین، بۆ دووركەوتنەوە لە گومانو پاراستنی نیازپاكی ئێوە بە ئێمەو ئەوەی لە ئێوەمان قبوڵ كرد لە غەیری ئێوەمان قبوڵ نەكردووە، قبوڵمان بووە شێخ لەتیف سەردانی بەغدا بكاتو لەوێ بمێنێتەوە، شێخ مەحمود لەگەڵ ژمارەیەكی كەمی لایەنگرانی لە داریكەلی بێو من لە سلێمانی دابنیشم، كە نەتوانم بە رەزامەندی بەرپرسانی ئێرە نەبێ لە ماڵ دەرچم، هەتا پاداشتی ئێوە بەرانبەر ئەو خزمەتەی پێشكەشی ئێوەم كرد بەو شێوەش بێ، سوێند بە پیرۆزیەكانمو بە شەرەفم بە هاوپەیمانی دڵسۆزی ئێوە دەمێنمەوە، بەوپەڕی دڵسۆزیەوە فەرمانی ئێوەم وەرگرتووە، بەو دادگەریو بەزەییە زۆرەی پێی ناسراون بەرانبەر بێدەسەڵاتانی وەكو ئێمە، داوتان لێدەكەم لەو ناخۆشیە رزگارمان بكەنو بە گەڕانەوەی كامەرانی بۆ ناومان رێزمان لێ بنێنو رێگەبدەن بە گەڕانەوەی شێخ لەتیف بۆ سلێمانی. بێجگە لە خواو ئێوە كەسی دیكە ناتوانێ كامەرانیو كەرامەتمان بۆ بگەڕێنێتەوە، هەروەها گومانم نیە لە دادگەریتانو ویژدانتان رازی نابێ ئاهەنگ بگێڕن بە بۆنەی سەركەوتنتان بە سەر دوژمنەكانتانو لە هەمان كاتدا

ناحەزەکانی ئێوە لە لایەنگرانی نازیەکان قسەی خراپ بەرانبەرمان بکەنو بڵێن ئەوە پاداشتی دۆستایەتیتانە بۆ حکومەتی بەریتانی.

من بە درێژی باسی حاڵی خۆمان بۆ بەڕێز هالفورد سکرتێرتان کرد، هەتا بیگەیەنێتە فەخامەتتان، داوای لوتفی ئێوەمو لوتفتان بگەڕێننەوە بۆمان هەتا چاومان گەش بێتەوە، خوا رازی نابێ ئێمەی —دڵسۆزتان- لە کاتی قەیرانو ناخۆشی، لە کاتی سەرکەوتنی ئێوە بە تەنیا لە بەر ئەوەی دوژمنەکانمانو خراپەکاران لە لای ئێوە قسەی ناڕەوایان لە سەر کردووین، لەوباوەڕەدام ویژدانی زیندووی ئێوە رێگەنادات نیگەرانیەی ئێمەو دڵخۆشی دوژمنان بەردەوام بێ.

12/8/1941

**دڵسۆزی راستەقینەی ئێوە**

**شێخ جەلالی حەفیدزادە**

## نامەیەك لە: بابەكرئاغای پشدەریەوە
## پشدەر ١٩٤١/٨/٢٠

**بەڕێز: كەنهان كۆرنەوالیس**

دوای خۆزگەخوازیم بە خێرو سەركەوتن بۆ حكومەتی بەریتانیای گەورە، دەمەوێ جەخت بكەمەوە سەر ئەوەی، كە لەوەتەی كوردستان چۆتە ژێر سێبەری حكومەتی گەورەی ئێوە هەمیشەو لە هەموو بۆنەكاندا هەموو هەوڵی خۆم داوە بۆ خزمەتی حكومەتی گەورەتانو حكومەتی ئێراقی، ئەگەر ڕێزتان لێنام لە بەدواداچوون لە سەر رۆڵی من لە رووداوەكانی ئەمساڵ، بۆ فەخامەتتان دەردەكەوێ چۆنو تاچەند وەستاوین دژی سەرپێچیكارانی ئێوەو بە هۆی هەڵوێستی پیشتگیریم لە ئێوە ژیانم خستۆتە مەترسیەوە.

دوای ئەوە سەرسامو شەیدا بووم بە دادگەریو ئەو كارانەی هەڵسوڕاوانی كاروبارەكان لە حكومەتی فەخامەتتان ئەنجام دەدرا لە ئێراق ویژدانی زیندووم رێگەی — لە پێناو بەرژەوەندیو سوودی تایبەتی- هەڵوێستم یان كردارەكانم لە پشتیوانی ئێوە بگۆڕم، هەروەكو هەڵوێستی جێگیرم لەلای ئێوە شاراوە نیە، راستگۆیی حكومەتی فەخامەتتان زامنی پاراستنی ژیانی خۆمو ژیانو بەرژەوەندی هۆزەكەم لەرابردوو كەوتۆتە بەر مەترسی زۆرەوە، بۆیەش بەشداریكردنی حاجی عەباس ئاغا لە بزوتنەوەی ئەم دواییەی شێخ مەحمود بەرانبەر حكومەتی ئێراقی بووە، كە كاری دەكرد دژی بەرژوەندیەكانتان، بزوتنەوەی ئەم دواییەی شێخ مەحمود دەچێتە خزمەتی بەرژەوەندیەكانیو بە ئاراستەی دژایەتی حكومەتی ئێراقی بووە، كە دژی ئێوە كاری كردووە، بەڵام دوای گەڕانەوەی باردۆخەكە بۆ ئاسایی خۆی، گەڕانەوەی حكومەتی بەریتانیا بۆ بەغدا سەرۆك هۆزەكان هیچ پشتگیریەكی شێخ مەحمودیان نەكردووە، لە راستیدا بە بەردەوامی ئامۆژگاری شێخ مەحمودمان كردووە هێمنیو ئاسایش بپارێزیو گوێڕایەڵی حكومەت بێ، نامەی رەسمیم بۆ موتەسەریفی سلێمانی نوسیوەو روونم كردۆتەوە، كە ئەگەر شێخ مەحمود گوێڕایەڵی فەرمانەكانی حكومەت نەبوو، ئەوە هەموو براو خزمەكانم پەیوەندی

لەگەڵ دەپچڕێنن، ئەمە لە کاتێکدا من بە بۆچوونەکانم پشتگیری حکومەت دەکەم، لەو بارەیەوەو بە پێی توانا ئامادەی هەموو پشتگیریەکم.

دوای ئەوەی شێخ مەحمود رازی بوو بێدەنگ بێ‌و گوێڕایەڵی حکومەت بکات، جەنابی موتەسەریف بە ئاگاداری فەخامەتتان لە سلێمانی عەباس ئاغای برامی وەکو بارمتە هێشتۆتەوە، ئەوە کاریگەری خراپی دەبێ لە سەر پێگەی من‌و زۆر شەرمەزارم دەکات، لە کاتێکدا من لەو کارە ناڕازی نیم‌و دوودڵ نیم بە ژیانی خۆم‌و هەموو براو خزمەکانم ئەگەر ئەمە قوربانی بێ لە پێناو بەرژوەندی ئێراق قوربانی بدەم، بەڵام تکام لە بەڕێزتان‌و حکومەتی بەریتانیای گەورەیە رێگە مەدەن کاری لەو جۆرە دژی ئێمە بکرێ، باپیری کوڕم پێشتر سەردانی کردوون‌و بە درێژی ئەو بابەتەی بۆ باس کردوون.

**واژۆ**

**سەلیم ئاغا زادە**

# نامەی شێخ مەحمود ١٩٤١/٨/٤

**بۆ: فەخامەتی باڵوێزی بەریتانیای گەورە**

لە پێش هەموو شتێك ڕێزو دڵسۆزی هەمیشەیم پێشکەشی ئێوە دەکەم، تکای تەندروستیو سەرکەوتنان بۆ دەخوازم، سەر لە نوێ دڵنیاتان دەکەم لە سەر ئارەزووی ئێوەی بەڕێزو بە فەرمانی حکومەتی ئێراقی ملکەچی هەموو مەرجێکم، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا من هەست بە زوڵمو پاشکۆیی خۆم دەکەم، چونکە ئەو ئامادەییەم بۆ ڕەزامەندی ئێوەیە هەتا ڕێگە لە دوژمنە خراپەکارەکانم بگرم، دووبارە هەست بە پاشکۆیەتی دەکەم، بە دڵنیاییەوە ئامادەی جێبەجێکردنی هەموو فەرمانێکی ئێوەم، دڵسۆزی بێ سنوورم بۆ ئێوە دەردەبڕم، لەبەرانبەردا دەمەوێ بڵێم گلێنەی چاوم لەتیف سەردانتان دەکات، تکام وایە ڕێگەی پێ بدەن بگەڕێتەوە سلێمانی، بەڵێن دەدەم هیچ کارێك نەکات دژی حکومەت.

دواجار چاوەڕوانی لوتفی ئێوەم

**دڵسۆزتان**

**حەفیدزادە**

**واژۆ: مەحمود**

## ژمارە ب.ئایس، ٣٤٤
## ئێراق وەزارەتی ناوخۆ، بەغدا

**بۆ: وەزیری حکومەتی بەریتانیای گەورە، بەغدا**

**یاداشتنامە "پشدەر"**

١- وەکو دەزانن لە دوای ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ شێخ مەحمود بەسترا موتەسەڕیفی سلێمانی بریارێکی کەوتە بەردەست لە سەر دوورخستنەوەی حاجی عەباس ئاغاو پێنج شێخی دیکە بۆ فاو، کە ئەوانە چوونەتە پاڵ ئەو سوپایەی لە بنەڕەتەوە بۆ سەرکردایەتی کردنی هەڵگەڕانەوە دژی رەشید عالی گەیلانی پێك هاتبوو، ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵیان ئەوەیە کە پشتیوانیان لە شێخ مەحمود کردووەو دەستیان تێکەڵ کردووەو هێرشیان کردۆتە سەر چەند گوندێك، کە دوژمنکاریان هەبووە لەگەڵ جوتیارەکان، حاجی عەباس ئاغا بە زەمانەتی مادی لە سلێمانی دەستبەسەرکراوە، بەڵام چوار شێخەکەی دیکە رەتیانکردۆتەوە بۆ ریوشوێنی پێویست لەگەڵیاندا بێنە سلێمانی، دەسەڵاتداران درکیان کرد ئەو هەنگاوە خێرایەو حەکیمانە نیە، بریارماندا کاری پێنەکەین، لەوکاتەی ناتوانین لە بەرانبەر فەرمانی حکومی لە رەتکردنەوەی ئەو چوار شێخە بێدەنگ بین‌و هەورەها ئەستەمە سکاڵای ئەو گوندیانەش نادیدە بگیرێ لە دژیان.

٢- بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی گونجاو بۆ ئەو کێشەیە ناچاربووم بە هەموو پاشخانی ئەو رووداوەدا بچمەوە، هەوڵ نادەم لە رووی بایەخەوە کە جێی چاوپیداخشانەوەیە هەڵیبسەنگێنم، بۆیە ناچاربووم ئەو لێدوانە درێژەی لە حاجی عەباس ئاغام وەرگرت پێم چاکە بڵاوی بکەمەوە هەتا سوودی لێوەربگرن.

٣- لە کاتی گونجاو ئاگادارتان دەکەمەوە لە چارەسەری پێشنیازکراو، هەتا رێگەچارەیەك لەو بارەیەوە لەلامان لە ژێر رۆشنایی ئەو برگەیەوە گەڵاڵە ببێ.

FO. 624/65

١٩٤٢/١١/١٧

**بۆ: شێخ مەحمود**

دوای سلاّوو ڕێز، کوڕەکەتم بینی، بەداخەوە هەواڵی ناکۆکی نێوان تۆو حەمە ئاغامان بیست لە سەر خاوەنداریەتی هەندێ زەوی، لەو باوەڕەدام هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خراپ حاڵی بوونی نێوانتان، پێش ئەوەی ئاڵۆز بێتو زیاتر سووربن لە سەری ئامۆژگاریتان دەکەم ئەو مەسەلەیە بۆ یەکلاییکردنەوە بخە بەردەم دەسەڵاتدارە کارگێڕیەکانی سلێمانی، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە دەستبەسەراگرتنی حەمە ئاغا بە سەر توتنی قازان، ئەوە بەڕێز موتەسەریف ئامادەی دەربڕیوە ئەو مەسەلەیەی ڕەوانەی لیژنەیەکی ناوبژیوانی بکات، کە لەلایەن تۆو حەمە ئاغا بۆ یەکلاییکردنەوە دیار بکرێ ، ئەوەش لە ڕوانگەی یاسا پەیڕەوکراوەکانو ئیدارەی میلاكو بەڕێوەبەرایەتی ئینحیساری توتن بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەرێکی دادگەرانە. کوڕەکەت هەواڵی دامێ، کە گوێبستی پڕوپاگەندەیەکی زۆری مەبەستدار دەبن لە دژی بەرژەوەندی ئێوە، ئەگەر گوێ لە ئامۆژگاریەکانم بگری، بێی لە سلێمانی دابنیشی، ئەوە سنوورێك بۆ ئەو خەڵکە دەروون لاوازە دادەنێی، کە سوودی خراپ لە میوانداریەتی ئێوە وەردەگرن لە داریکەلی، ئەگەر دەتەوێ پیشتگیریو دڵسۆزی ئێمەت دەست بکەوێ، ئەوە ئامۆژگاریمان کردی مسەلەی ناکۆکیت لەگەڵ حەمە ئاغا یەکلایی بکرەوەو لە شاری سلێمانی دانیشە، ئەگەر پێت چاك بێ بە بەردەوامی لە داریکەلی دابنیشی، ئێمە هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست دژی ناحەزەکەتان دەگرینە بەر، بەڵام ئاکامی بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەر شانی ئێوە.

**عەقید**

**دبلیو. لیون**

## نامەی شێخ مەحمود

**بۆ: عەقید، دلیو، ئا، لیون**

نامە جوانەکەتم بەدەست گەیشت، لەبەرانبەر ئەو سۆزەی بۆ منت دەربڕیوە، من ڕێزو دۆستایەتی بۆ ئێوە دەردەبڕم، سەبارەت بە ئامۆژگاریە بەنرخەکانت، کە لە نامەکانتاندا دەڵێن، ئەگەر ئێوەم خۆش بوێ لە سلێمانی دادەنیشم، ئەگەر ئێوەم خۆش نەوێ "بەریتانیەکان" ئەوە بوومەتە مرۆڤێکی تەماعکارو دووڕوو، وەکو ڕەشید عالی لە پێناو هەندێ پارە هاوڕێکانم لە کاتی نارەحەتی لێم دووکەوتوونەتەوە، بەڵام ئەوەی روویداوە من لەبەرانبەر نیو ملیۆن دیناری ئێراقی هاوڕێکانم فەرامۆش نەکردووە، نەپارەو نە هەڕەشە لە هەڵوێستی جێگیری خۆم لام نادات، لە راستییدا دوای تاقیکردنەوە گەیشتمە ئەو قەناعەتە پتەوەی، کە بەرژەوەندنی خۆمو گەلی کورد داوام لێدەکەن لە سایەی حکومەتی بەریتانیدا بژیم، باپیرم ئەڵمانی نیە هەتا بۆ بەرژەوەندی ئەوان تێبکۆشم، تۆ بە سروشتی من دەزانی خوانەخواستە لە باردۆخە ناخۆشەکاندا لەگەڵ هیچ کەسێك پەنام بۆ هەڵسوکەوتی ناشایستە نەبردووە بە تایبەتی لەگەڵ ئێوە. لە راستیدا هەموو هیوایەکم بە ئێوەیە.

بەڵام ئەوەی پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی کانی بەردینە تکا دەکەم وا مامەڵەی لەگەڵدا بکەن خێری منو ئێوەی تێدا بێ.

**حەفیدزادە مەحمود**
**١٩٤٢/١١/١٧**

## بزوتنەوەی دووەمی بارزانی ١٩٤٢-١٩٤٥

**بۆ: فەخامەتی باڵوێزی بەریتانیای گەورە سیر کۆرنەوالیس**

دوای پێشکەشکردنی رێزو تەقدیرو خوازیاری سەرکەوتن بۆ بەریتانیای گەورە، دەمەوێ ئەوە بخەمە پێش چاوی بەڕێزتان، کە بارودۆخی ئێمە هی ئەوە نیە لە توانادابێت، بە هۆی ئەو کەمتەرخەمیەی بەرانبەر ئێمە دەکرێ ئارامم نەماوە،، بۆیە هاوار دەکەمە باڵوێزی بەریتانیای گەورەو هانا بۆ بەزەیی‌و سەخاوەت‌و نیانی ئێوە دێنم رزگارمان بکەن لەم بارە تاڵەی خۆم‌و ئەهل‌و منداڵەکانم توشی هاتووین، تکا دەکەم ئەگەر حکومەتی ئێراقی لاری نەبێ فەرمانێك دەربکە بە گواستنەوەمان بۆ هەولێر، ئەمە لە کاتێکدا هەولێر بە تەنیا سێ رۆژە رێ لە بارزانەوە دوورە، دەتوانین کەرەستەی فریاکەوتنی خۆمان بە هێسترو بارگیر بگوازینەوە... ئەمە لە کاتێکدا من لە کاتی سەردانی "ئەم دێرە نادیارە" ئەفسەری پەیوەندی بەریتانی - هێزی ئاسمانی بەریتانی، فەرمووی لەو بڕوایەدا نەبوو داواکاریمان بە گواستنەوە بۆ هەولێر پەسند نەکرێ، ئەگەر چاودێریمان لە سەر لابچێ‌و بمانگوازنەوە بۆ هەولێر بۆ بژێوی هەتا پشت بە خۆمان ببەستین، ئەگەر ئەوەتان نەکرد تکا دەکەم فەرمانێك دەربکەن موچەی تەرخانکراوی ئێمە زیادبکرێ، هەتا ئەم بارودۆخە سەختەی تێیداین دوایی بێ‌و بەهیلاك نەچین، بەو شێوە ناتوانین بەردەوام بین لە ژیان‌و مانەوەی بەو شێوە لە پشتگوێخستن لە توانا دانیە، داوای بەزەیی باڵوێزخانەی بەریتانیای گەورەو فەخامەتتان دەتوانن سنوورێك بۆ ئەوە دابنێن‌و رزگارمان بکەن لەو ژیانە کولەمەرگیەو ئەو کۆسپانەی دەورەی داوین، ئێستا حاڵمان لەوپەڕی خراپی دایەو پشتیوان‌و رزگارکەرێك شك نابەین لە دەرگای بدەین، بێجگە لە دەرگای فەخامەتتان، فەرمانی فەخامەتتانەو بەو پەڕی دڵسۆزیەوە دڵسۆزی فەخافەتتانین، چاوەڕوانی ئاماژەی ئێوەین بۆ هەموو خزمەتکاریەك، داوامان لە خوایە حکومەتی گەورەی بەریتانی سەربخاو ئەو پەڕی رێزو حورمەتم بۆ ئێوە.

**١٩٢٤/١٠/١٨**

**دڵسۆزتان**

**ئەحمەد بارزانی**

## مەلا مستەفا بارزانی

FO. 371/40038

## نامەی تەرجەمەکراو

**لە: مەلا مستەفای بارزانیەوە**

**بۆ: سێر کۆنەوالیس**

A.C 24/12/1943

بەبۆنەی جەژنی کامەرانیەوە پیرۆزبایتان لێ دەکەم ، داوامان لە خوایە دەرفەتمان بداتێ بە بۆنەی سەرکەوتنی هێزەکانی بەریتانیای گەورە بە سەر دوژمنەکانیدا ئاهەنگی تایبەتی بگێڕین، ئەو سەرکەوتنەی کە هیوای هەموو پیاوە ژیرەکانە.

بۆنەی جەژن بە دەرفەت دەبینم ، کە بۆنەیەکی تایبەتە لە خۆشیو شادیو گەشانەوە، بەو پەڕی دڵسۆزیەوە داوا لە بەڕێزتان بکەم، کە حکومەتی دادگەری بەریتانیو خودی خاون پایەی وەکو بەڕێزتان بە دەرکردنی لێبوردن بۆ ئێمەو هەمووماںو ڕێگە بەگیراوو چەکدارەکانی لایەنگرمان بدرێ بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، ئەو زوڵمەی ئێمە زمان لەبەرانبەر باسکردنیدا لاڵە، هیواخوازین داوای بەزەیی لە دەرگای کەسانی دیکە نەکەین، چونکە بێجگە لە ئێوە هاوپەیمانی دیکەمان نیە، تکام وایە گوێ هەڵنەخەن بۆ ئەوانەی بە خراپە قسەمان لە سەر دەکەن یان تاوانبارمان دەکەن، ملکەچی بۆ فەرمانی ئێوە هەر بارێکمان بخاتە سەر، سەرچاوەی شانازیمانە، مەزلومیەتی خۆمان دەخەینە بەردەم حکومەتی بەریتانیای گەورەی دادگەرو بەردەستی ئێوەی بەسۆز، متمانەی تەواومان بە دادگەری ئێوە هەیە، داواکارم خوای گەورە سەرکەوتنی مسۆگەرتان پێ ببەخشێ.

**تکایە باشترین هێمای ڕێزی ئێمە قبوڵ بکەن**

**دڵسۆزی ئێوە**

FO. 371/40038

## نامەی تەرجەمەکراو بۆ ئینگلیزی
## لە: مەلا مستەفا بارزانییەوە

**بۆ: ئین، ج، ئای. سێر کەنهان کۆرنەوالیس، مێژووی ١٩٤٣/١٢/٢٥**

**وێنەیەك بۆ:- ب. ئی. س. ئین، سنی، یان کۆلۆنێل مسیتەر ئەدمۆنس. س.ج.**

ڕێگەم بدە پێت بڵێم، فەرمانی ئێوەم بە نامەی نوسراوتان بە مێژووی ٢١ کانونی یەکەمی ١٩٤٣ وەرگرت. من هەموو فەرمانێکی ئێوە وەردەگرم، هەروەکو منداڵ بە سۆزەوە فەرمان لە باوکی وەردەگرێ، متمانەی تەواوم بە دادگەری حکومەتی خاوەن شکۆی پاشایەتی هەیەو ئێمە هەموو خۆشەویستیمان بۆ حکومەتی بەریتانی بەڕێزە. سەبارەت بە ئامۆژگاریەکانی ئەفسەرانی دادوەری ئینگلیز گونجاوەو ئێمە بە بەردەوامی وەریدەگرینو بەگوێی دەکەین، بەڵام مامەڵەی بەرپرسانی ئێراقی نادادگەرانەیەو دەرگای هەموو ئومێدێکیان لێداخستووین، بۆیە ناچاربووین بۆ بەرگری لە خۆمان ببزووین.

سەبارەت بە لێبوردنەکەی حکومەتی ئێراقی بەداخەوە قسەی بێناوەڕۆکنو هیچ ڕاستگۆیی تێدا نیە، چونکە نابێتە کردەوە، ئەوانە دەیانەوێت ئێمە بگرن، پێشتر زۆرمان گوێ لێ بوو دەیانوت: "بڕیاری لێبوردنمان داوە". لە هەمان کات هۆزەکانیان لە دژمان هاندەداو چەکیان بە سەردا دابەش دەکردن هەتا بەرانبەر ئێمە بەکاریان بهێنن. هەندێ کەس وەکو ئێمە هەست دەکەن حکومەتی ئێراقی نیازپاك نیە، بە هەرحاڵ، ئێمە بە سۆزو شانازیەوە لە بەردەم فەرمانی ئێوەداینو فەرمانتان دەخەینە سەر سەرو سەرچاو، سەرەڕای هەموو ئەوانە بە پێی ئەوەی گوێمان لێدەبێتو بە چاو دەیبینین حکومەتی بەریتانی دادگەرەو بەڕێزەوە بەرگری لە

ستەملێكراوان دەكاتو بەرەو رووی زۆرداران دەوەستێتەوە، گوێ دەگرێ لە سكاڵای ستەملێكراوان، یارمەتیدەرو فریادڕەسی ئەوانەیە رووی تێدەكەن.

منیش بەو سیفەتەی رەقترین جۆرەكانی ستەمم بە دەستی بەشێك لەم بەرپرسە ئێراقیانە بینیوە. هاوارتان دەكەمێ یارمەتیم بدەن، من متمانەم بە حكومەتی پاشایەتی بەریتانی هەیە دەرگای بە رووی ئەوانە داناخات، كە هاواری بۆ دەبەن. لە بەرئەوە منیش لە دەرگاتان دەدەمو بە هەموو راستگۆییو دڵسۆزیەوە هاوارتان دەكەمێ، بە هاوارمانەوە بێنو بە چاوی سۆزەوە لەم بارە خراپەی ئێمە بڕوانن، كە بە دەستیەوە دەناڵێنین، رێزمان بگرن بە ناردنی مێجەر ئوستیگ (ئەفسەری كارگێڕی بەریتانی لە هەولێر. "و")، وەكو نوێنەری حكومەتی ئێراقی. من بەندەی گوێڕایەڵی ئێوەم، با مێجەر ئۆستیگ بەپشتبەستن بە یاسای حكومەتی بەریتانیای گەورە لە نێوان منو حكومەتی ئێراقی دادوەر بێ،، ئەگەر من تاوانبارم قبوڵمە، هەتا ئەگەر ئەو بڕیارە لە سێدارەدانیش بێت، ئەگەر مێجەر ئوستیگ حوكمیدا من زوڵم لێكراوم، داوا لە خواو لە حكومەتی خاوەن شكۆ دەكەم داوا لەحكومەتی ئێراقی بكەن بڕیاری لێبوردنم بۆ دەربكات، زیندانیەكانی لایەنگرم بەربدات، راگوێزراوان بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان، ئەگەر ئەوانەیان كرد خەڵك گەڕایەوە ماڵی خۆیان بە ئاشتی دەژینو بەدڵسۆزییەوە خزمەتی حكومەت دەكەین، ئەوكات لە ژێر فەرمانی ئێوەدا دەبین، من ئەوكات خۆم بەڵێن دەدەم هەتا لە ژیاندا مابم هیچ هەڵگەڕانەوەو یاخیبوونێك لەو ناوچەیە روونەدات، دەتوانن بەڕێزتان لە جیاتی من ئەو گرەنتەیە بدەن بە حكومەتی ئێراق، من راستگۆم لە بەڵێنەكەم، چاوەڕوانی فەرمانی بەڕێزتانم، هەرچەند قورسیش بێت بەجێی بهێنم، لە خوا دەپاڕێمەوە سەركەوتن ببەخشێت بە هێزەكانی بەریتانیا دژی دوژمنەكانی.

**دڵسۆزتان**

**مستەفا بارزانی**

FO. 371/40089

## نوسخەیەك بۆ نوسینگەی راوێژکاری سیاسی، ناوچەی باکور، موسڵ

## د.ئایم، ١٦٣١١/١٥/ مایسی ١٩٤٤

## هۆڵتی ئازیزم

له ١٤ی مایس سەرۆکی وەزیرانو ماجید مستەفا گەیشتنە موسڵ، لەگەڵ گەیشتنیان سەرقاڵ بوون بە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو سەرۆك هۆزانەی لەگەڵیاندا کۆبوونەوە.

سەرۆك نیوەڕۆ داوای لێکردم چاوم پێی بکەوێ، دوای ئەوەی پێکەوە نانی نیوەڕۆمان خوارد، بە تەنیا لەو کۆبوونەوەیە ماجید مستەفاوو ناجی هورمزی قایمقامی موسڵ ئامادەی بوون، لە گفتوگۆی نێوانمان لە پێش نانخواردن سەعاتێکی خایاند، کە سەرۆکی وەزیران داوای لێکردم زانیاری لە سەر بارودۆخی باکور بدەمێ، بە گشتی باسی بارودۆخی هەموو ناوچەکەمان کرد، هەر لە سلێمانیەوە هەتا زاخۆ، بەڵام ئارەزووی باسکردنی بارودۆخی بارزانی دەرنەبڕی. زۆر نیگەرانی خۆی دەربڕی لەو رووداوەی ئەم دواییەی نزیك بە ناوچەی بریفکان کە کۆمەڵە چەکدارێکی سەر بە هۆزی مزوری هێرشیان بردبووە سەر کاروانێکی سەربازی، کە لە ناوچەی بریفکانەوە دەهاتنو دە کەسیان لە هێزەکانی پۆلیس لەگەڵ دا بوو، چەکیان کردبوونو ناردبوویانن بۆ قایمقامی دهۆك، سەرۆك وەزیران ئاماژەیدا، کە زۆر نیگەرانە لە داڕوخانی هەیبەتی گشتی حکومەت لە ناوچەکەدا. پێویستە چوار لە ئەفسەرانی پۆلیسی بە توانای بەریتانیو گەنجو بەرپرسانی ئێراقی لە ئاستی قایمقام بانگ بکات بۆ شرۆڤە کردنی هەڵوێست، دوای نان خواردن بەجێمهێشت، ئەوەی نیشان نەدا لەوبارەیەوە هیچ پێشکەوتنێك هەبێ، بۆیە پێم وایە سەردانەکەی هیچ ئەنجامێکی باشی نەبووە.

لەگەڵ گەیشتنی سەرۆك وەزیران بەو ئاهەنگەی شارەوانی ئامادەی کردبوو، لە باخچەیەکی گەورە، راستەوخۆ پرسیاری لێکردم، ئەگەر دەتوانم لە دوای ئاهەنگەکە لەگەڵیدا بچم، لە سەعات ٧ی ئێوارە بە تەنیا لە ماڵی موتەسەڕیف لەگەڵیدا کۆبوومەوە، داوای لێکردم

بۆچوونەکانی خۆم لە سەر بارودۆخی بارزان دەربڕم، منیش جەختم کردەوە لە سەر هەمان ئەو خاڵانەی لە ژمارە (٣٠١/١٥ لەبەرواری ١٩٤٤/٥/١٢) ئاماژەم پێدابوو، بە تەواوی لەگەڵمدا هاوڕابوو کە پێویستە ئەو بێ متمانەییەی ئێستا هەیە نەمێنێ، سەرەڕای هینان‌وبردنی بیرۆکەی کشانەوەی ئیدارەی حکومەت لەو ناوچانەی لە ژێرکاریگەری یاخیبواندان بۆ ئەو شوێنانەی حکومەت دەتوانی بە شێوەیەکی گونجاو بەرگری لێ بکات، بارزان‌و هۆزەکان بۆ خۆیان لێ بگەڕێ چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن، سەرۆك وەزیران پێی وابووە ئەو هەنگاوە دەبێتە دابڕینیان‌و دوایی نیشاندانی ملکەچی بۆ حکومەت، بەڵام پێم وت: لەم بارودۆخەدا مەلا مستەفا پێگەی لە ناوچەکەدا هەیەو بەو هەنگاوە شکۆی ئەوان لاواز ناکات، وا باشترە جۆرێك لە ئیدارەی خۆیەتی بۆ ئەو ناوچانە دابین بکرێ وەکو ئیدارەی پشدەر بۆ چەندین ساڵ کاری خۆی سەلماند، هەروەها پێشنیازم بۆ کرد کە ئاسایە چاوی بە مەلا مستەفا بکەوێ‌و لەوێدا جۆرێك لە لێك تێگەیشتن ببێ، رێوشوێنی تۆڵەسەندنەوە بۆ ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆ ناکرێ، کە مەلا مستەفا دژی بوەستێتەوە، هیچ ئامانجێك ناهێنێتەدی، بە تایبەت کە هێزەکانی پۆلیس‌و سوپا لاوازن.

درێژەکێشانی ئەو بارودۆخە دەبێتە هۆی نەمانی تەواوی پێگەی حکومەت لە ناوچەکەداو بە هێزبوونی پێگەی سیاسی‌و مادی مەلا مستەفا، دابڕینی مەسەلەی کێشەی بارزان لە مەسەلەی چاکسازییەکانی ناوچە کوردیەکان بە شێوەیەکی گشتی مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، چونکە زۆربەی کورد بە کردەوە باوەڕیان بە پشتگیری بزوتنەوەی مەلا مستەفا هەیە، دەتوانن حکومەت ناچار بکەن وەڵامی مەزلۆمیەتیان بداتەوە، لە گفتوگۆکانی دواتر ماجید مستەفاو موتەسەڕیف بەشداریان کردین، سەرۆك وەزیران ماجید مستەفای لە ناوەڕۆکی گفتوگۆکانی نێوانمان ئاگادارکردەوە، ئەوەشی وەت: کە حکومەت ناتوانی وەکو زمانحاڵی کورد بە گشتی مامەڵە لەگەڵ مەلا مستەفادا بکات، دەبێ بە بەردەوامی ئەو گوزرارشتە هەبێ کە کێشەی بارزان کێشەیەکی ناوچەییەو هەر مەسەلەیەکی دیکەی گەورە دەبێ لە بەغدا سەیری بکرێ، سەرۆك وەزیران داوای لە ماجید مستەفا کرد بۆچوونی حکومەت لەو بارەیەوە تێبگات، کە نوێنەرایەتی هەموو ئێراقیەکان دەکات نەك بەتەنیا کورد یان مەسیحییەکان یان هەر کەمینەیەکی دیکە بە تەنیا، بۆیە دەمەوێ موتەسەریف پێگەی خۆی بۆ بەرژەوەندی ناوچەکە بەکاربهێنێ، پێویستە خۆی‌و کاربەدەستانی دیکەی حکومەت دەرفەتی جولانەوەیان هەبێ، هەتا ئەگەر مەلا مستەفا سووربوو ئەو چەکانەی لە حکومەتی زەوت کردووە نەیگەڕێنێتەوە بۆ حکومەت هیچ رێوشوێنێك لە بارەی ئەو کێشەوە نەگیرێتەبەر، ماجید مستەفا وڵانی دایەوە بەوەی بە هەرچی

توانای هەیە کاری کردووە بەڵام بۆ هەموو ئەوەی لەو بارەیەوە بە دەستی هێناوە لە ئیهانە بەولاوە هیچی دەست نەکەوتووە، ماجید مستەفا ئەو هەستەی هەیە کە حکومەت بە شێوەیەکی گشتی وەزنی گەورە دەداتە مەسەلەی چەكو مامەڵە لەگەڵ جولانەوەی بارزان، کە پێویست نیە، لەگەڵ سەرۆك وەزیران هاوڕا نیە لە سەر ئەوەی دەتوانرێ مەسەلەکە بە تەنیا لە بارزان کورت بکرێتەوە، ئەو لە سەر ئەو باوەڕەیە کە دابڕینی بارزان نابێتە هەنگاوێك بۆ چارەسەری کێشەی باکورد.

### وتوتوێژەکان بەم شێوەی خوارەوە بەردەوام بووە:

نوری سەعید: ئایا دەتوانی لێرە بمێنیتەوەو هەوڵ بدەی چەك لە کۆمەڵەکەی مەلا مستەفا بارزانی داماڵی؟

ماجید: من چۆن دەتوانم ئەوە بکەم، لەو کاتەی حکومەت هیچ ئارەزووی نیە بەرەو پیری سکالاکانی کورد بچێت.

نوری: ئەمە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بەو بابەتەوە نیە، بە هەرحاڵ ئێرە جێی ئەوە نیە.

ماجید: لەگەڵ ئێوە جیاوازم، ئەگەر دەتانەوێ هەستێکی دروست بەرانبەر حکومەت لە ناوچەکە دروست بکەین زۆر پێویستە چەند رێوشوێنی دەستپێشخەری بگرنە بەر.

نوری: دووبارەی دەکەمەوە ناتوانم هیچ رێوشوێنێکی لەو جۆرە بگرمە بەر، من لە موسڵم، بەڵام بڕوام وایە ئێستاش دەتوانی بۆ باشکردنی بارودۆخەکەی ئێرە قسە لەگەڵ مەلا مستەفا بکەیت.

ماجید: چۆن بڕوات وایە شتی وا دەتوانم، کە پێشتر پێم وتبووی ٣٠- تا ٤٠ ئەفسەری کورد بە تاوانی کورد بوون لە ناوچەکە دوورخراوەتەوە.

نوری: ئەوەی ئێمە قسەی لە سەر دەکەین هیچ پەیوەندی بەو بابەتانەوە نیە.

ماجید: ئێوە هەڵەن بە تایبەت لەو خاڵە، چونکە کاری گواستنەوەی ئەفسەرە کوردەکان شوێنەواری زۆر خراپی هەبووە، ئەو هەستەی لای کورد دروست کردووە، کە حکومەت جیاوازی رەگەزیو مامەڵەی خراپ دەکات.

نوری: من لێرە ئامادە نیم دەست بخەمە ئەو کارەوە، ناڕەزایی سوپا بوروژێنم بۆ رەزامەندی مەلا مستەفا.

ماجید: کەس داوا لە تۆ ناکات، ئەگەر ئامادەی ئەمە نابی مامەڵەی تۆو هاوشێوەکانت تێڕوانینی خراپ لای کورد دروست دەکەن، ئەگەر دەتەوێ هاوکارت بم بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، پێم بڵێ تا ئێستا چیت بە کورد داوە؟.

هەتا ئێستا پرۆژەیەکی ئاودێری بایی ١٥ دیناری ئێراقیشت بۆ کورد بنیات ناوە؟

نوری: کەس لەو بارەیەوە هیچی بۆ پێشنیاز نەکردووم؟

ماجید: من ئەوەم مەبەست نیە، بە تەنیا دەمەوێ ئەوە بڵێم هەتا ئێستا حکومەت هیچی بۆ کورد نەکردوە، هەتا کورد هەست بکەن بایەخیان پێدەدەرێ‌و هەڵوێستی حکومەت دۆستانەیە. ژمارەیەکی زۆر کەمی کوردان دەرفەتی خوێندنی باڵایان بۆ رەخساوە، ئەوە وا نیە؟ هەتا ئەوانەش زۆر بە نارحەتی دەخوێنن، خویندکاری کورد وەکو نێردراو (**بعثة**) رەوانە ناکرێن.

لێرە سەرۆك وەزیران وتی: لەو بڕوایەدانیم درێژەدان بەم قسانە ئاکامی هەبێت، ئێمە لە سەر هیچ بنەڕەتێك قسە ناکەین، هەروەها حکومەت ناتەواوی زۆرە، حکومەت هەڵەی زۆری کردووەو هیچ گومانم نیە لە ئاینده بەدیار نەکەوێ.

سەرۆك وەزیران وتی من بۆخۆم لە هەموو کەس زیاتر لە ئێراق تووشی ئیهانەکردن هاتووم، بەڵام لە بەر رۆشنایی ئەو دەرفەتەی هەیە سوورم هەموو توانام بەکاربهێنم‌و خاونەبوومەتەوە ، سەرۆك وەزیران سەرکۆنەی ماجید مستەفای کرد، کە بەو ئاسانیە ملکەچی رەخنە بووە، پێشنیازی کرد کە واز لەو رەخنەیە بهێنێ، کە بەرەو رووی دەکرێتەوە، بەردەوام بێت لە کارکردن لە دۆسیەی بارزان، سەردانی مەلا مستەفای بارزان بکات‌و لەگەڵیدا بگاتە ئەنجام. وتی: لە سەرتە هەوڵی خۆت بدەی هەتا ئەگەر هەوڵەکانت بێ ئاکام بوو، تێروانینێکی باش لە لای پەیوەندیداران دروست دەکەی، چونکە کە هەوڵی خۆتدا حکومەت ئەرکی خۆی بەجێ هێنا، بەڵام وەڵامی هەوڵی حکومەت نەدرایەوە.

ماجید مستەفا لە موسڵ مایەوە هەتا نەخشەی کارکردن دابنێ بۆ ئەوەی لەوبارەیەوە هەنگاو بنێ.

**دڵسۆزی خۆتان**

**واژۆ: ئاین. ئای، کنتش**

**نوسخەیەك بۆ: س. ج. ئەدمۆنس**

**راوێژکاری وەزیری ناوخۆ**

628\91،FO

**بابەت: سوپای ئێراقی، چالاکیە سەربازیەکان لە باکور، ، زۆر نهێنی.**

**١٥٥٧-٣١-٤٥**

**وەزارەتی بەرگری نێردراوی سەربازی. وێنەیەك بۆ عەقید**

**. ٢٠ی سیڤەری** MC\DSO\CB

**وێنەیەکتان لەکۆنوسی ١٩٤٥/٩/٢٣کۆبوونەوەی حکومەت بۆ دەنێرین**

**لە کۆشکی پاشایەتی. هەروەها لەگەڵ کتێبی ژمارە** 130|G132.

**٤٥٢٢-٣٠-١٠٧٧ بە مێژووی ١٩٤٥\٩\٢٢.عەقید.**

**سەرۆکی نێردراوی سەربازی بەریتانی** HHC\JJW

**کۆنوسی کۆبوونەوەی کۆشکی پاشایەتی لە بەغدا لە٢٣ی ئەیلولی ١٩٤٥**

١- لە بابەت بارودۆخی باکور وەسی "عەبدولئیلا" پرسیاری لە سەرۆك وەزیران کرد، کە جیاوازی چیە لە نێوان تێڕوانینی حکومەتی ئێراقو سەرۆکی نێردراوی سەربازی بەریتانی لە ئێراق؟ ئەم پرسیارە ئاراستەی سەرۆك وەزیرانو وەزیری بەرگریو ناوخۆ کرابوو، وەڵامی بدەنەوە.

٢- لە سەرەتای مانگی ئابەوە وەزیری ناوخۆ روونکردنەوەی دابوو لە سەر زیادکردنی بەرچاوی هێزەکانی سەربازیو ئاراستەی پەیوەندی پێوەکردنی هۆزەکان بە مستەفا بارزانیەوە، وەزیری ناوخۆ مەترسی دابوو، ئەگەر چالاکیە سەربازیەکان دوابکەوێ بۆ ١٩٤٦\١\١ یاخیبوون بەرفراوانتر دەبێ، بۆیە پێویستە خێرا چالاکیە سەربازیەکان دەست پێبکرێت، بەڵام وەزیری ناوخۆ دەڵێ: قەناعەتی دواخستنی نێردراوی سەربازی بەریتانی لە بابەت چالاکیە

سەربازیەکانەوە تێگەیشتووە، هەروەها وەزیری ناوخۆ دەڵێ: ڕاکێشانی هۆزەکانی کورد بۆ حکومەت زۆر گرنگە، بەو پاڵپشتیە دەتوانین لیوای حکومەت لە دینارتە لە لەناوچوون رزگار بکەین، ئەگەر چالاکیە سەربازیەکانمان دوابکەوێ ناتوانین پشتیوانی ئەو هۆزانە دەست بخەین.

٣-وەزیری ناوخۆ دەڵێ: یەکەم جار لەگەڵ بۆچوونەکانی پشکنەری گشتی "بەریتانی" ناکۆك بووم، لە کۆتایی مانگی تەمووز بۆ یەکەم جار گوێم لە عەمید رید گرت، گەیشتمە ئەو باوەڕە هەر ئێستا چالاکی سەربازی دەست پێبکرێ. چەند جار وەزیری بەرگری جەختی کردەوە، کە زانیاریەکانی میستەر رید بڕوای پێهێنام پێویستە چالاکی سەربازی دەست پێبکرێ. هەروەها وەزیری بەرگری رایگەیاند، کە لەگەڵ نەخشەی پشکنەری گشتی ناکۆکم بەوەی لە ئامێدیەوە هێرش بکرێ، چونکە ئەو ناوچەیە مەترسیدارەو هۆزەکانی ئەوێ ناحەزمانن، دوای ئەوە وەسی پرسیاری لە پشکنەری گشتی کرد، ئەو یاداشتنامەیەی لەو بارەیەوە هەیە بیخوێنێتەوە.

٤- یەکەم کەس وەزیری ناوخۆ وەڵامی بیرخەرەوەکەی دایەوە، وتی: پێویستە بە خێرایی لە دینارتەوە بۆ سەر "بیراکبرا" هێرش بکرێ، سەرەڕای ئەوە چەندەی دەگونجێت هێرش بکرێتە سەر شاخی "پیرس"، لە هەمان کات لە مێرگەسوورەوە هێرش بکرێتە سەر "مەزنە"، وەزیر روونی کردەوە، کە گرتنەبەری رێوشوێن بۆ گرەنتی پشتگیری هۆزەکانی ناوچەکە تەواو بووە. وەزیر لەو روونکردنەوەیەدا دەیوت باش تێدەگەین لەو حاڵەتەی هێرش دەکرێتە سەر "بیراکبرا"و بلە بۆ مسۆگەرکردنی سەلامەتی هێڵی پەیوەندی سوپا لە هێزی مرۆیی ناتەواویمان هەیە، بەڵام وتی: بۆ پاسەوانی هێڵی پەیوەندی هەوڵدەدەین خەڵکی زیاتر لە ناو هۆزەکانی دۆستی حکومەت هێزی پۆلیس چەکدار بکرێن، هەروەها لەو باوەڕەدام پشتگیری ئەو هۆزانە ناتەواویەکانمان بۆ پڕ بکاتەوە. وەزیر ئاماژەی بەوەدا، ئەگەر ئێستا هێرش نەکرێت، ئەوە هەڵوێستی هۆزە دۆستەکان لە بێلایەنیەوە دەگۆڕێن بۆ نەیاری، مەلا مستەفا لە زستان دەتوانێت هێزەکانی رێکبخاتەوە، بۆیە مانەوەی ئەو هێزانە لە بیراکبرا زۆر پێویستە. وەزیر لە لێدوانەکانیدا دەیوت: پشکنەری گشتی لەو باوەڕەدایە سوپا لە١٩٤٦/١/١ ئامادەی هێرش بردنە، بۆچی ئێستا هێرش ناکرێ؟ وەسی وەڵامیدایەوە، کە راپۆرتی پشکنەری گشتی روونی کردۆتەوەوە، هێزەکان لە مانگی تشرینی یەکەم ئامادەی هێرشن بە مەرجێ رێوشوێنی پێویست لە ئامادەکاریو مەشق هەبێت.

٥- له بانگەشەی بۆ زەروورەتی هێرش بردن وەزیری بەرگری پشتگیری وەزیری ناوخۆی کرد، بەڵام هێرشکردن بە رێگەی خەلان — رێزانی پێ باشتر بوو، لەو شوێنەی وەزیری ناوخۆ پێشنیازی کردبوو، وەزیر بەرگری لە سەر قسەکانی بەردەوام بوو، باسی ئەو چالاکیە سەربازیەی کرد، کە مانگی ئەیلولی رابردوو کردبوویانە سەر ئاکرێ، هەموو ئەوەی رووی دابوو لە خەمساردی ئەو پرۆسەیە ختیە ئەستۆی فەرماندەی سەربازی، دوایی بیانووی هەموو ئەو فەرمانانەی هەبووە بە دامەزراندنی ئەفسەری شارەزا لە شەڕ، بەڵام مەرج نیە باش بن، پێش ئەوەی وەزیر رەفیق عارف دابمەزرێنێ بەرهەڵستی توند هەبووە بۆ ئەو دامەزراندنە، دەستەی ئەرکانی گشتی (C.G.S) لەو بڕوایەدا بوو رەفیق عارف پیاوێکی زیاتر تیوریەو ئەزموونی نیە.

٦-دەستەی ئەرکانی گشتی بە توندی رەخنەی لە نەخشەی پشکنەری گشتی گرت، کە دەڵێ: ئامانج لە هێرشکردن لێدانی بارزانیەکانە نەك بارزان، هێرش بە ڕێگەی مێرگەسوورەوە گونجاوترە لە ڕیگەی خەلان، کە بە دارستانی چڕ دەورە دراوە، دەستەی ئەرکانی گشتی زۆر بە توندی بانگەشەی وەزیری ناوخۆی رەتکردەوە، بە پاڵپشتیو چەکدارکردنی خێڵەکانی بارزان لیوایەکی سوپایان لە دینارتە لە لەناوچوون رزگار کرد ، دەستەی ئەرکان بانگەشەی ئەوەی بوو، کە ئەوان ئەو لیوایەیان لە دینارتا رزگارکردووە، بە دەرکردنی بڕیاری گواستنەوەی لیوای یەکەم لە ئاکرێ بۆ "هوشتکە" لە پێناو پشتیوانی لەو لیوایەی دینارتە، بەڵام دەستەی ئەرکان ئەوەی بە دیارنەخست، کە هێزە خێڵەکیەکانی لایەنگری حکومەت رێوشوێنی پشتگیریو گواستنەوەی بریندارەکانی ئەنجام دابوو، دوایی سەرۆکی وەزیران بە سەری سوڕما، بەڵام بە دەنگی هێدی بۆ ئەو بابەتە لە سەر شارەزایی خۆی لە جولانەوەکانی بارزانی یەکەم قسەی کرد.

٧-دوای ئەوە "وەسی" بڕیاریدا وەزیری ناوخۆو وەزیری بەرگریو دەستەی ئەرکانی گشتیو پشکنەری گشتی بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێك لە سەر باری مەیدانی بچنە باکور، حکومەت بڕیاریدا نابێت هیچ رێوشوێنێك بخرێتە پێش گەیشتنی ئەوان بە شوێنی دیاری کراوو ئامادەکردنی راپۆرتێ ناوبراو. وەزیر گفتوگۆیەکەی بە خستنەڕووی ناوی لیستی پێویستیەکان کۆتایی پێهێنا، کە لە((U.C.I.G.Sی سەر بە وەزارەتی جەنگی وەریدەگرێ، ئەمە هەمووانی تووشی دڵخۆشیەکی گەورە کرد "لە ناویاندا وەزیری دارایی"، کۆبوونەوەکە بە دڵخۆشی هەمووان کۆتایی هات.

٨- لەوكاتەی پێیان چاك بوو بڕۆن وەزیری بەرگری بیرخەرەوەیەکی لەسەر ((Ansonsدا بە وەسی كۆشك "عـەبدولئیلا".

٩- چەندان جار وەسی جەختی کردۆتەوە، کە حکومەتی ئازاد ئاگاداری پەرەسەندنی بارودۆخەکە بووە، باڵادەست بووە بە سەر ڕێڕەوی گفتوگۆکان، هەروەکو لە زۆربەی سەرنجەکانی بە دیاردەکەویٌ، پێش کۆبوونەوەکان بە چەند ڕۆژێك لە بارودۆخەکەی باکور یاداشتنامەی پشکنەری باڵای خوێندۆتەوەو لێی تێگەیشتووە.

## یاداشتنامەیەك لە سەر بارودۆخی سەربازی ئێستا لە کوردستان

لە٦ی ئاب چالاکیە سەربازیەکان لەلایەن لیواوە لە باپشتیانەوە بە هێرش بردن بەرەو سیدەکان دەستی کردووە. دوای زیانی ٩٠ تا ١٠٠ پێکراو، لیوا تەنیا ٥ میل چووە پێشەوەو ناچار بۆ باپشتیان پاشەکشەیان کرد.

لە٤ی ئەیلول چالاکیە سەربازیەکانی لیوا لە ئاکرێ بەرەو مێرگەسوور، دوو لیوا لە باپشتیانەوە بە ئاراستەی مێرگەسوور دەستی پێکردووە.

پێم وایە حکومەت ویستویەتی پێش ٢٠ ئەیلول دەست بە سەر دۆڵی بارزان بگرێ، لەو بەرواره ئەو هێزە بە دووری ٧ میل بەرەو ئاکرێ پێشڕەوی کرد، هێزی باپشتیانیش بە٨ میل چووە پێشەوە، پێکراوی هەردوو هێز گەیشتۆتە ١٠٠ کەس‌و لە دەستدانی ٣ چەکی ڕەشاش، لێرەوە هەردوو هێز هیچ سەرکەوتنی دیکەیان بە دەست نەهێنا، بێجگە لە دەستبەسەراگرتنی پردی "زەنتە" ئەویش لە٧ی ئەیلول.

## لە بەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە هێرشەکان تووشی شکست بوون:

١- چالاکیە سەربازیەکان بە پەلە ئەنجامدراون‌و هەموو لیواکان نزیکەی ٥٠٠ سەربازی خۆیان لە دەستداوە، بەمەش یاخیبوان دەستیان بە سەر سەنگەرە لاوازەکاندا گرت.

٢- بە کارهێنانی زۆری ئەو سەربازە بێمەشقە تازانەی لە عەمارەوە هێنابوویان بۆ ئەو هێرشە، تەنانەت سەربازێکیان بیجگە لە(n.٢٠٥) نەیدەزانی چەك بەکاربهێنێت.

٣-	نەخشەی سەربازی هەڵە، هێرشی بەرەیی بۆ سەر ئاکرێو چیای پێرس چاوەڕوانی نوشستی لێدەکرا، هەروەها هێرش لە ڕێگەی مێرگەسوورەوە بۆ سیدەکان هێزێکی زۆر پێویست بوو ، خەسارەیەکی گەورەی دەوێ، چونکە لە بنەڕەتەوە ئەو نەخشە سەربازیە هەڵەبووە.

٤-	دانانی ئەفسەری مەشق پێنەکراو.

أ-	زەعیم ئسماعیل سەفوەت فەرماندەی هێزەکانی رەواندز، مەشقی بە هێزەکانی نەکردبوو، وەکو تێبیگەیشتووم بەبێ نەخشەی پێشوەخت هێرشی بردبوو، هێزەکانی دەرفەتی ئاگاداریو لێووردبوونەوەیان نەبووە، رێگەیان پێنەدرابوو زانیاری پێشوەخت وەربگرن، دواتر بە شەو هێرشیان بردبوو بە بێ ئاگادارکردنەوەی رەبیە نزیکەکانی حکومەت.

ب-	عەقید ئەحمەد حەمدی شارەزای مەشق نەبووەو ساڵی پێشتر تووشی داڕوخانی دەروونی ببوو، کەچی سەرکردایەتی لیوای پێنجەمی کردووە.

ت-	موقەدەم عاسی حەموود، فەرماندەی هێزی پیادە، شارەزای مەشق نەبووەو پێشتر لە فەسیلی لیوای پاسەوانی بووە لە بەغدا.

پ-	سەرۆکی یەکەم حەسەن مستەفا ئەفسەری نایابی توپخانە، لەو رۆژەی چالاکیە سەربازیەکان دەستی پێکردووە، کردبوویانە فەرماندەی فەسیلەیەك لە پیادەو هیچ کارامەیی لەو کارەدا نەبووە.

ج-	موقەدەم عەبدوڕەزاق عەبدولوەهاب، پێشتر کارامەیی نەبووەو کرابووە فەرماندەی فەسیلی چوارەمی تۆپخانەی شاخاویەکان.

ح-	موقەدەم خەیروڵڵا حوسێن کرابووە فەرماندەی فەسیلی پیادەو پێشتر لە مانۆڕە سەربازیەکانی بە ناوی دۆستانە ئەنجام درابوو نوشستی هێنا بوو، خەیروڵڵا حوسێن بایەخی بە بەرژەوەندی پیاوەکانی نەدەدا.

شۆڕشگێڕان چالاکیان نەنواند، بۆیە کارەسات رووی نەدا، ئەگینا هیچ حیکمەت نیە ئێستا پشت بە ئەوانە ببەسترێت.

**راسپاردە**

لە بەهاری داهاتوو چالاکیە سەربازیەکان کۆتایی دێت ئەگەر ئەم خالآنە بە هێند وەرگیرێ:-

• تیپێکی سەربازیو فەسیەلەیەکی پاشکۆ لە زستان ڕێوشوێنی بەرگری لە هێڵی باپشتیان بگرنەبەر، لەگەڵ چاودێری کردنی پردی مەزنە - ئاکرێ، دوو لیوایەکەی دیکە بە نۆرە بۆ ماوەی ٦ هەفتە بحەسێنەوە، هەر لیوایەك بە نۆرە مەشق بکەنو وەزیر نەخشەی تەواوی مەشقیان بداتێ.

• فەرمانی ئەوانەی ماوەی خزمەتیان لە سوپا کۆتایی هاتووە جێبەجێ بکرێ، سوپا بە دانانی لیژنەیەکی بەسەربازگرتن بە هێز بکرێ."پێشنیازم وایە نورەدین مەحمودو یەك لە ئەندامانی نێردراوی سەربازی ئەندامی ئەو لیژنەیە بن". ئەرکی ئەو لیژنەی ئامادەکردنی سەرژمێری گشتی بێت بۆ هەموو فەسیلو یەکەکانی راستەوخۆی سەر بە وەزارەتی بەرگری، لەگەڵ ناردنی هێزی زیادە بۆ مەشق هەتا ببێتە هێزێکی جەنگاوەر.

١- شالاوێکی تازە بۆ سەربازگرتن ئەنجام بدرێ.

٢- موچەی خوبەخشەکان زیادبکرێ.

بە بۆچوونی من دانانی یاریدەدەر بۆ عەقیدی چالاك بۆ ئەو ئەرکە تازەیە. زۆر پێویستە

*- دوور خستنەوەی ئەو ئەفسەرانەی مەشقیان نەکردووە لە شوێنی شەر بە تایبەتی زەعیم ئیسماعیل سەفوەت.

پێشنیاز دەکەم رەفیق عارف بکەنە فەرماندەی فیرقەی دووەم. فەرماندەیی لیوای پێنجەم بدەنە موقەدەم غازی داغستانی، بەرپرسیاریەتی لیوای یەك بدەنە موقەدەم مەحمود سیرت. لەدوای لێکۆڵینەوە بە دیارکەوت، کە عەقید یاسین مەحمود لە بەجێهێنانی ئەرکە سەربازیەکەی لە دینارتا نوشستی هێناوە لەو پایەی لابرێت. بۆیە لە سەر ئەو بابەتە بۆچوونی خۆم دەردەبڕم، پێکهێنانی فەسیلێکی پاڵپشت لە ناوچە شاخاویەکانی نێوان شەقلاوەو پیرمامو خەلیفان هەتا مەشق بکەنو لە١٠./. هێزی یەدەگ بن بۆ ئەوەی لە کاتی شەڕ جێگەی پێکراوەکان بگرنەوە.

- دەبێت هێزەکانی لیوای پێنجەم پەیوەندی بە هێزەکانی دیکەی فیرقەی ناوچەکە بکەن لە خەلیفانو باپشتیان.
- دەبێت لە سەرەتای وەرزی بە هار بە درێژایی رێگای خەلیفان هێرش بکرێتو خالان، رێزان بکرێنە مەیدانی شەڕ، هەموو هێزەکانی فیرقەی دوو بەشداری شەڕ بکەن. لەوێ رێگەیەکی شاخاوی هەیە دەتوانرێ بەکاربێت بۆ هێنانی پێویستی بۆ بلە. وەکو من تێدەگەم حکومەت مەبەستی نیە رێگەی ئامێدی ـ بلە بکاتەوە، بۆیە چاکترە بەکاربهێنرێت.
- لە زستان هەڵوێستی هێزەکانی حکومەت بەرگری دەبێت، بەڵام پێش هێرشی بۆ سەر ئوردو شوێنەکانی دوژمن چەند هێرشێکی سنوورداری تاکتیکی بکات.

پێم خۆشە جەخت بکەمەوە سەر بۆچوونی خۆم، هەر هەوڵێك بدرێت بۆ پێشخستنی کاتی دەسپێکردنی چالاکیە سەربازیەکان بۆ زستان یان پاییز ئەوە بەشێکی زۆری ئەو هێزە لە دەست دەدەینو بە هۆی سستی ئاستی مەشقو ئامادەکاری زیانی گەورەمان لێدەکەوێ.

پێویستە هەر ئەم هەفتەیە هێڵی گشتی ئەو هێرشە دیاری بکرێت، هەتا پێویستیەکان لە بەتانیو خێمەو ..هتد بۆ پێویستی نیشتەجێبوونی زستانەی هێزەکان ئامادە بکرێنو دەبێت ئەم هەنگاوانە پێش زستان بنرێن.

ئەگەر ئەو شارانەی بۆ بازگانی پشتی پێدەبەستن وەکو ئاکرێ، ئامێدی زاخۆ گەمارۆبدرێنو گوندەکانی ناوچەکە بۆردوومان بکرێت، ئێستا حاڵی دوژمن باش نیە، ئەگەر کار بەو راسپاردانە بکرێت ئەوە دوژمن لە زستان لاواز دەبێت.

**JMLR\OUFI**

**22\9\1945**

## بزوتنەوەی رەشید خانی بانە لە کوردستانی ئێران

## وەزارەتی دەرەوە، پاشکۆی بەڵگەنامەی ژمارە FO،624/1891

## هێژای بەختەوەر باڵوێزی بەریتانیا/ بەغدا

(لەگەڵ ئەوەدا لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا تێبینی خۆمتان بۆ لە سەر بارودۆخەکە دەنوسم، لەو کاتەی لە سلێمانی بووم، بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ میجەر هێتشاو گفتوگۆمان کرد لە سەر مەسەلەی کورد، بەڵام خاڵێکی دیکە هەیە بە پێویستی دەزانم بیزانن، ماوەیەکە حەمە رەشیدخان، لە دیوی ئێران لە سەر سنوور دەژی، هەر کە گەیشتە ئەوێ بیستم داوای لە بەرپرسانی ئێراقی کردووە ڕێگەی پێ بدەن بگەڕێتەوە ئێراق. دەڵێن وەزیری ناوخۆی ئێراقی بە باشی وەڵامی داوەتەوەو دڵنیایی کردووە، لەو کاتەی دەگەڕێتەوە بۆ ئێراق بێخەم بێ لە ژیانی خۆی، بەڵام دواتر لە میجەر هیتشاوم زانی، کە موتەسەڕیفی سلێمانی هانی حەمە رەشیدخانی داوە بگەڕێتەوە، ئەویش ئامادەیی گەڕانەوەی دەربڕیوە بەو مەرجەی ژیانی سەلامەت بێتو حکومەتی ئێراقی مەڵبەندی پۆلیس لەو ناوچانە بکشێنێتەوە، کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی ئەو لە ناو سنووری ئێراق، حکومەتی ئێراقی ئەو مەرجانەی قبوڵ نەکردووە، بەڵام گفتوگۆکان هەر بەردەوام بوون، خاڵێکی گرنگ هەیە، هاوڕێیەکی کوردی میجەر هیتشاو لەگەڵ میجەر برادبۆرن دواوە تا قەناعەتی پێ بکات ئینگلیز رازی بکات بە گەڕانەوەی حەمە رەشیدخان، بەڵام میجەر برادبۆرن لەو بارەیەوە نکۆڵی کردووە لە هەر ئاماژەیەك لە سەر ئەو بابەتە گوترابێت، ئەو مەسەلەیە بە تەنیا خراپ حاڵی بوون بووە، بەڵام کێشەکەی پێگەیشتووەو هاوڕێ کوردیەکەی دەڵێ: حەمە رەشیدخان نامەیەکی بۆ ناردم لە نامەکەدا هاتووە، کە ئامادەیە فەرمانەکانی ئینگلیز جێبەجێ بکات، بەڵام چەند مەرجێکی دانابوو بۆ گەڕانەوە، نە منو نە میجەر هیتشاو بە گۆڕانکاری لەو مەسەلەیە دڵخۆش نین، پێشنیازم بۆ میجەر هتشاو کرد بە هاوڕێ کوردیەکەی بڵێ: ئەو ئاگادار بکاتەوە، کە ئینگلیز ناتوانێ دەست لەو مەسەلەیە وەربدات، ئەگەر حەمە رەشیدخان دەیەوێ بگەڕێتەوە با بە تەنیا ئەو مەسەلەیە لەگەڵ بەرپرسانی ئێراقی باس بکات. ئەوەی لای ئینگلیز جێی بایەخە بڵاوبوونەوەی ئاشتیو ئارامیە

لە کوردستانو هەموو جیهان. سەرەڕای ئەوەی ئەوەی هاوڕێیەکەی میجەر هیتشاو لە ناوچەیەکی کوردی دوور دەژیو پەیوەندی پێوەکردنی ئاسان نیە، بەڵام ئێمە لە دوای وتوێژی نێوانمان رێککەوتین نامەیەك بەو ناوەڕۆکە بنێرین، لە سەرەتاوە میجەر هیتشاو دووڵ بوو لە ناردنی نامەکە، چونکە لەو باریەوە فەرمانی روونو ئاشکرای پێگەیشتووە، کە دەست نەخاتە ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە کێشەی کوردەوەو ئەمە لێ بگەڕێ بۆ کاروباری ناوخۆی ئێراق، سەرەڕای ئەوەی کە منیش لەگەڵ بۆچوونی میجەر هیتشاو دام لە سەر ئەو مەسەلەیە، بەڵام بە پێویستی دەزانم سنوورێك بۆ ئەو پڕوپاگەندانە دابنێم، کە گوایە ئێمە وەکو ناوبژیوانی نێوان حکومەتی ئێراقو حەمە رەشیدخان کاردەکەین، بۆیە پێشنیازم کرد ناوەڕۆکی ئەو نامەیە روونو ئاشکرا بێت، کە ئینگلیز حەز ناکات بەڵێن بە کەس بداتو نامەش بۆ میجەر هیتشاو نێردراوە، هەتا بۆ هاوڕێ کوردیەکەی بنێرێ، بەڵێنم بە میجەر هیتشاودا لە حاڵەتی هەر کێشەیەك لەو بارەیەوە پشتیوانی لە هەڵوێستەکەی دەکەم.

**هەروەکو میجەر هیشتاو بەڵێنی دا پشتیوانی لە هەڵوێستی بکات ئەگەر لەگەڵ بەرپرسان لەو بارەیەوە تووشی ئاریشە هات. ٢٧ی نیسانی ١٩٤٦**

**لە: حەمە رەشیدخانی کوردیەوە**

FO. 624/189

**ژمارە ٤٦/ ٢١/ ١١٢**

**١٨ی ئۆکتۆبەر ١٩٤٦**

لە حەوتی ئۆکتۆبەر هێژا دیگبۆرن سەردانی کردم‌و پێی راگەیاندم، کە سەرۆك وەزیرانی ئێراق لە سەر هەندێ مەسەلە داوای گفتوگۆی لێکردووم ، یەکەم پەیوەست بووە بە حەمە رەشیدخان، سەرۆك وەزیران هەواڵیدابوو بە دیگبۆرن، کە قەناعەتی تەواوی هەیە حەمە رەشیدخان بەکرێگیراوی ئینگلیزە، هەر ئینگلیز ناردوویانە بۆ ئێران، لەو باوەڕەدا بووە حەمە رەشید کارە گرنگەکەی راپەڕاندووەو ئێستا هەر ئینگلیز دەیەوێ بیگەڕێنێتەوە.

دیگبۆرن لە وەڵامی سەرۆك وەزیرانی ئێراقدا وتبووی: ئەو تێڕوانینەت هەڵەیەو کارێکی نابەجێیە، هەروەها دیگبۆرن هەواڵی دابووە سەرۆك وەزیرانی ئێراقی، کە ئەو ئاگادارە بەریتانیا لە بنەڕەتەوە لە چوونی حەمە رەشیدخان بۆ ئێران نیگەران بووەو چەندین جار دەربارەی شوێنی نیشتەجێ بوون‌و کاتی گەڕانەوەی پرسیاری کردووە.

پێکەوە لەگەڵ هێژا دیگبۆرن رێك کەوتین لە سەر وەڵامێك بۆ سەرۆك وەزیرانی ئێراقی، پێم وت: پێویستە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەوە بزانن، کە ئامانجی سەرۆك وەزیران لە ورووژاندنی ئەو بابەتە ئەوەیە، بەر لە دەربڕینی رەزامەندی لە سەر گەڕانەوەی بۆ گوندەکەی خۆی بۆ ناوچە سنووریەکان بزانێ ئایا حەمە رەشیدخان لە بەرژەوەندی ئێمە کاردەکات یان نا؟ ئەو کات ئینگلیز سوود لە دەسەڵاتی ئەو وەردەگرێ.

دڵنیام کردەوە، کە ئەو مەسەلەی قسەی لێ دەکەین مەسەلەیەکی ناوخۆیی ئێراقیەو من ناتوانم بچمە ناو بابەتەکەوە، بەڵام لەگەڵ سەرۆك وەزیران جەختم لە سەر ئەوە کردەوە، ئایا حەمە رەشیدخان پیاوێکی جێی متمانەیە یان نا؟ ئەگەر رای من بپرسێ باوەڕم وایە، کە ئەو کەسە نیە بە تەواوی پشتی پێ ببەسترێ، چونکە پێشتر پەیمانی هەڵوەشاندۆتەوەو بێ ئاگاداری کەس لە کەرکوکەوە هەڵاتووە.

**ئیمزا / رائید هیتشاو**
**ئەفسەری سیاسی، سلێمانی**

FO. 624/89

## بەڵگەنامەی کۆنوسی کۆبوونەوە

## هێژا سەعادەتی باڵوێزی بەریتانی ـ بەغدا

(عەبدولحەمید رەفعەت بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی ناوخۆی ئێراق هەواڵی پێدام، کە لە کاتی ئاهەنگی هێژا واکر، لە ١٤ی ئەیلول حەمە رەشیدخان ئەوکات لە بەغدا بووە، بەبێ مەرج خۆیداوە بە دەستەوە، عەبدولحەمید دەڵێ: خۆزگە دەخوازم ئێرانیەکان رێگە بە حەمە رەشیدخان بدەن بگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیو کوردی ئێراقو ئێران لێك جیا بکاتەوە. بڕوام وایە حەمە رەشیدخان رێگەی پێ بدەن بگەڕێتەوە نیشتیمانەکەی خۆی ئێرانیەکان رازی بکات.

ئەوەی پەیوەندی هەیە بە بارودۆخی گشتیەوە، ئەوە ئێرانیەکان هیچ جۆرە یارمەتیەك یان زیانیاریان نەداوە بە ئێراقیەکان، بەڵام بە لایەنی کەمەوە ئاگادارین، کە ئێرانیەکان پێشنیازی پێکهێنانی ئەفسەری پەیوەندیان کردووە لە سەر سنوور، بەڵام ئێراق هیچ وەڵامی ئەو پێشنیازەی نەداوەتەوە، باوەڕم نیە شتێك هەبێت لەوبارەیەوەیە ئێمە بتوانین پێشکەشی بکەین.

بەڕێوەبەری گشتی نیگەرانی خۆی لە مەبەستی روس لەو کارە (بۆ کورد. "و") نیشاندا، بەڵام بە درێژی قسەیان نەکردووە. بەرێوەبەری گشتی وتی: ١٢٠ پیاو لە لایەنگرانی مستەفا بارزانیو ٣٠٠ خێزان سنووریان بڕیوەو لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە، ئەوانە ئەگەر قبوڵ بکرێن دەگەڕێنەوە، ئێراقیش خواردنو جلوبەرگیان پێ دەدا.

**واژۆ/ رايد ديگبۆرن**

**8ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦**

# کۆماری کوردستان

## باڵوێزی بەریتانی – بەغدا ١٨ی کانونی دووەمی ١٩٤٦
## ژمارە ٣١، ١٦٦/٤/٤٦)

**بەڕێزم**

شەرەفمەندم لێرەدا نوسخەیەك لەو راپۆرتە هاوپێچ دەکەم، کە کابتن جاکسۆن یاریدەری راوێژکاری سیاسی هێزەکانی بەریتانی لە هەولێر ئامادەی کردووە لە سەر بارودۆخی رەواندۆز لە کوردستانی ئێراق، لەو باوەڕەدام کابتن جاکسۆن لەگەڵم دا هاوڕابێ، لەو بارەیەوە راپۆرتێکی نایابمان بداتێ لە سەر دوا گۆڕانکاریەکان کە زۆری نیگەران کردووین، پێویستە پیرۆزبایی لێ بکەین بۆ کارەکەی، بە تایبەتی سەرنجە وردو باسکردنی بیلایەن لە سەر رووداوەکە.

١- لەگەڵ ئەو سەرنجانەی هێژا جاکسۆن بەدیاریخست هاوڕام، منو ئەوانەی لەگەڵمدا کاردەکەن بە کەمی ئەو دەرفەتە دەدەین، بەرپرسانی ئێراقی بیر بکەنەوە لە پێویستی گرتنەبەری رێوشوێنی لابردنی هەستی پەراوێزخراوەی کورد. ئەو سکاڵا تایبەتیانە لە سەر کورد کە کابتن جاکسۆن هێناویەتی جێگەی بایەخی ئێستای منەو بە هیوام حکومەتی ئێراقی قەناعەتی بێ لە سەر گرتنەبەری ئەو هەنگاوانەی پێویستە بە پیریەوە بچن.

٢- راستە هێزێکی دەولی تازە هەیە لە ئاسۆی ناوچەکەوە بەدیارکەوتووە، زۆربەی کوردی ئێراق ئارەزوو دەکەن مامەڵە لەگەڵ هێزە کۆنەکە (بەریتانیا) بکەن، (خۆشەویستی کۆن بە پەیوەندیەکی عشقانە دەستی پێکردووە)، بەڵام زۆر ئەستەمە کورد لەوە تێ بگەن، کە بە بەردەوامی حکومەتی شکۆی پاشایەتی بەریتانی کار دەکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی، بەڵام ئامادە نیە بۆ شتێك هانی بدەی، کە نەتوانی بۆی جێبەجێ بکەی، بەڵام بەرهەمی ئەو سیاسیەتە خاوو لەسەرخۆیە بە بەراورد لەگەڵ "دیموکراتیەت)ی ئازەربایجانیەکان (پارتی دیموکراتی ئازەری شیوعی. "و")، بە بەڵێنی هەنگوینیو پاداشتی خێرا بە تایبەت لەلای ئەو توێژەی کورد، کە بیریان چووە چۆن لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی روس رەواندزیان سوتاندووە، بێجگە لەو ناوچانەی ملکەچی پێگەی مەلا مستەفایە، کە لە پایزی رابردوو تووشی شەڕ بووە لەگەڵ سوپای ئێراقی، زۆربەی ناوچە کوردیەکانی ئێراق لەژێر کاریگەری راگەیاندنی روسیو کۆمۆنیستیەکانی ئازەربایجان دا نین.

٣- دانەیەك لەو راپۆرتەو پاشکۆکانی دەنێرم بۆ باڵوێزەکانی حکومەتی خاوەن شکۆی پاشایەتی لە ئەنقەرەو تارانو سەرۆکی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی، لقی قاهیرە، نوسخەیەکیشم لەو راپۆرتە دایە. راپۆرتی سیاسی پاشکۆی سەربازی لێرە "بەغدا" بەپێی تێگەیشتنی من رەوانەی واشنتۆنی دەکات.

**شەرەفمەندم ببمە کۆیلەی ئێوە**

**هارسترج بیفد**

## سەرنجەکانی گەشت: یاریدەدەری راوێژکاری سیاسی هەولێر رەواندز – رایات ٦-٩ کانونی دووەمی ١٩٤٦

١. ریگای دەرچوو لە : هەولێر – باتاس – رەواندز، رێزان – شێخ زینۆ – گەڵاڵە – رەواندز – جندیان - دیانە- هەریر- هەولێر.

٢. رێگەی سەرەکی هەولێر: رایاتی نوێ، بەڵام پردی گەڵاڵە پێویستی بە ئاگاهێنانەوەی خێرا هەیە – رایات، بە هۆی پەڕینەوەی سەیارەی سەربازی گەورە (Army. M.T)و بارانی بەردەوام هەندێ لە دیوارە گڵیە وەساتەوەکەی تێکچووە، سەرەڕای ئەوە هەندێ جێگەی دیکە هەیە لە کاتێ نزیکدا بۆ بەکارهێنان باشە، هەندێ بەردی گەورەش هەیە لە هەندێ جێگەی نێوان دەربەندی گەلی عەلی بەگو دەربەندی رایات بەردەبێتەوە، ئێستا لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئەشغالی گشتی بۆ کاری نۆژەنکردنەوە لە رێگەی گشتی لەو بەشانەی رێگەیەکە ئەنجام دەدرێ.

٣. لە بەشی سەرەوەی رێگەی ریات نزیك حاجی ئۆمەران بەفرێکی کەڵەکەبوو هەیەو رێگە گیراوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ساڵانە بەفر رێگە ناگرێ تەنیا لە ناوچەی دەربەندیخانو بەرەو سەرووی ئەوێ نەبێ.

### ئاوهەوا

لەو ماوەیەدا ساڵانە پلەی گەرمی بە شێوەیەکی نائاسایی بەرزە، پلەی گەرمی هەتا دەگاتە شێخ زینۆ بەرز دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا لە کاتی بەیانیو شەو زۆر ساردە، بەڵام کەش لە کاتی رۆژدا وا لە مرۆڤ دەکات پێی وابێ لە وەرزی بەهاردا دەژی نەك لە زستان.

**رامیاری:**

**ڕەواندز:**

أ- له ڕەواندز به تەنیا دوو شت دڵخۆشکەرن ئەوانیش ئاووهەواو ئاشووریە مەسیحییەکانو ئاهەنگی سەری ساڵی زاینی. له بەختی خەڵکی ناوچەکەو حکومەتی ئێراقی پلەی گەرمی مامناوەندیە، لەگەڵ ئەوەدا ئاووهەوای ئەو ناوچەیە سەختەو سەرەڕای ئەوەش تراژیدیاو نیگەرانی قوربانیانی شەڕی دوایی — هەندێ له دانیشتوانی دەشتی دیانا بە بێ ئاستەنگیەك شایانی باس بێ ڕەشماڵدا دەژین. زۆربەی ئاشوریەکان بەلایی کەمەوە ژوورێکی ماڵەکەیان نۆژەن کردۆتەوە، بەڵام زۆربەی کوردەکان له دیاناو دەشتی دیانا ماڵەکانیان بەو ئاستەی بۆ نیشتەجێ بوون بشێت دەستکاری نەکردووە. بە شێوەی قەرز "بۆ گەنم" حکومەت پشتگیری دەکات، بەڵام بەو هیوایەن ئەو قەرزەیان دوای کۆکردنەوەی بەرهەم لێوەرگیرێتەوە. دەبوایە هاوڵاتیانی ناوچەکە قەرەبووی بەرهەمی کشتوکاڵیو کەلوپەلانەیان وەربگرتایە کە ویران کرابوون (له کاتی جەنگ. "و") بەڵام ئەو بەڵێنانەی لەوبارەیەوە دران جێبەجێ نەکران، لەگەڵ ئەوەدا چونکە حکومەت پرۆژەیەکی خێری جێبەجێ دەکرد موتەسەریفی هەولێر خوازیار بوو بەو نزیکانەو بە خۆڕایی بەسەریاندا دابەش بکرێ.

ڕێژەی مردن بە پێچەوانەی ناوچەکانی دیکە بەرز نیە، لەگەڵ ئەوەدا له دوو هەفتەی دوایی له دیانا ٤ کەس مردوون، پزیشکەکانی ڕەواندز هاوکاری قوربانیەکانیان نەکردووە، پێدەچێت بە هۆی نەخۆشی (الْمونیا)و سکچوونەوە مردبن، ئەو سکچوونە بە هۆی خراپی خواردنەوە بوویێت

ب- هۆکاری سەرەکی له دابەزینی ژیان لەو ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی کارکردن بە حوکمی عورفی، مەسەلەی حوکمی عورفی مەسەلەیەکە شایستەی کەمترین گفتوگۆ نیە، ،بۆ ئەوە چنگی ئاسنین لەو ناوچەیە جێگیر بکات پێدەچێ حکومەت نیازی نەبێ لەو چەند ساڵانەی دوایی ئەو یاسایە هەڵبوەشێنێتەوە، له هەمان کاتدا ئەوەی بە دەرفەت زانیوە بە هۆی حاڵەتی نائاسایی هیچ ڕێوشوێنێك نەگرێتەبەر بۆ گۆرانگاری له ژیانی خەڵکی ئەو ناوچەیە، بە پاساوی

ئەوەی حاڵەتی ئەو ناوچەیە نا ئاساییە، لە راستیدا ئەو زیادڕەوەیە لە لای خەڵکی ناوچەکە هەیە بەوەی درێژەدان بە حاڵەتی نا ئاسایی.... دوای کۆتایی هاتنی شەڕ (بزوتنەوەی بارزانی ١٩٤٣-١٩٤٥. "و") بەڵگەیە لە سەر نیازخراپی بەرانبەر کورد. هەروەها ئەو یاسا توندانەی لەو ماوەیە دادگاکانی حکومەت لە رابردووو ئێستا دەریانکردووە لە دژی کورد یاریدەدەر نیە بۆ بنیاتنانی متمانە لە نێوان کوردو حکومەتی ئێراقی، هەرکاتێك حکومەت رێوشوێنی تازە رادەگەیەنێت گوێبیستی ئەو لێدوانە دەبین "لە بەهاردا شتێك روودەدات" ئەو گوزارستە بەڵگەیە لە سەر روودانی شتێك لە بەرهاردا، بەڵکو لە راستیدا گوزارشتە لە سەر هەستی بێ متمانەیی لەلای کورد بەوەی حکومەت تۆڵەیان لێدەکاتەوە، هەروەها هەستکردنی ئەو بەشەی نزیك سنوورە بە کوردستان بە حاڵەتی پاشەکشەو تراژیدیاو دەستەوستان بوون، بەڵام دیوی ئێرانی لە کوردستان سەردەمی هەڵاتنی خۆری ئازادیو جۆرێك لە بوژانەوە هەیە، هەستکردن بە لاوازیو بێتوانایی گوزراشتی ئاساییو چاوەڕوانکراوە بە بەراوردکردنی ئەوەی لە ناوخۆی ئێراقدا روودەدا لەگەڵ جیهان، لەوکاتەی کورد لە ناوچە سنووریەکاندا لە هەردوو حکومەتی ئێراقو بەریتانی نائومێد دەبێ، رووی ئومێد دەکاتە رۆژهەڵات (کۆماری کوردستان. "و").

راستە ناوچەی رەواندز لە کوردستانی ئێران بۆتە وێستگەی ئومێدی کورد، بەڵام بە هەڵە ئەو قەناعەتەیان لە لادروست بووەو چاك دەزانن چی لەوێ روو دەدا، لە راستیدا کەمێکیان ئاگادارنو بە قوڵی ئەو زانیاریەیان هەیە، کە بتوانن ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەی رەگەزەکانی مەسەلەی کورد پێکدەهێنێ تێبگەن لە سەر ئەو زانیاریە فرەیە، نەبوونی رۆژنامەو رادێو وای کردووە بە ئەستەم کورد لەو راستیە ئاگاداربێت، کە لە ئازەربایجان دەگۆزەرێ، بەڵام سێ خاڵ هەیە کورد لێی تێدەگاتو بە باشی هەڵی دەسەنگێنن.

١- یەکێك لە بنەڕەتەکانی مەسەلەی ئازەربایجان هەوڵدانە لە پێناو بە دەستهێنانی ئامانجی نەتەوایەتی.

٢- یەکێك لە هێزە گەورەکانی جیهان هاوسۆزو هاوکارە بۆ کێشەی "کوردایەتی".

٣- مەلا مستەفاو هاوڕێکانی، کە حکومەتی ئێراقی لە پشتگیری هۆزە کوردیەکانی ئێراق بێبەشی کردنو دەریکردن بەشداری کاریگەریان هەیە لە تێکۆشانی نەتەوەیی لە پێناو ئازادی. ئەوانە باش دەزانن سنوورێکی واقیعی نیە لە نێوان بەشەکانی کوردستان، ئەوانە لەو باوەڕەدان کە مەنتقیو حەتمیە دوای ئەوەی کورد لە ئێران بە

ئامانجەکانی گەیشت، مەلا مستەفا بە پشتیوانی کوردی ئازەربایجان بەرەو ئێراق بیّ بۆ تێکۆشان لە پێناو بە دەستهێنانی ئامانجی نەتەوایەتی. ئەو کەسانەی لە کوردستانی ئێرانەوە دەگەڕێنەوە ڕەواندز ئەو هەوالآنە دەگێڕنەوە، کە مەلا مستەفا نیازی وایە بگەڕێتەوە لە ئایندە سەرکردایەتی خەباتی نەتەوایەتی بکاتو سزای ئەو هۆزە کوردیانە بدات، کە لە ساڵی رابردوو بە پشتتگیری بۆ حکومەتی ئێراقی خیانەتیان بە کێشەی کورد کردووە، بەڵام هەندیّ لەو باوەڕەدانەبوونو دەیانوت گەڕانەوەی بارزانی مەترسی نیە، چونکە حکومەت بە هەمان پشتگیری هۆزە کوردیەکانی دۆستی دەتوانیّ سەربکەویّ. بە بۆچوونی من ئەو ئەگەرە نایەتەدی لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

أ- هیچ گومانم نیە کە ئەو سەرۆك هۆزانەی لە ساڵی رابردوو پشتگیری حکومەت بوون لە نمونە خراپەکەی کوردن، لێرە لای هەمووان خۆشەویست نین، دوژمنایەتی تایبەتیان هەبووە لەگەڵ مەلا مستەفا، بۆیە پشتگیری حکومەت بوون، ئیرەیی پیّ دەبەنو ئارەزووی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانن، هەر بۆ نمونە هەندێك لەوانە وەکو: شێخ رەشیدی لۆلانو شێخ رەقیبی سورچی، شێخو ئاغایەکانی زێبار، ئەوانە هێچ پێگەیەکی مللیەیان نیە شایانی باس بیّ، ئاغایەکانی زێبار بە بێئاقڵیو دڕندەیی ناسروانو وەکو تاغوت خۆشەویست نین، هەڵسوکەوتی ساڵی رابردوویان وێنەیانی ناشیرین کردووە. ئەمساڵ ئەو شێخانە راستییەکان دەزانن، بێجگە لە شێخ رەشیدی لۆلان، کە چاوەڕوان ناکریّ وەکو پار پشتگیری حکومەت بکات.

ب- ساڵی پار ئومێدی سەربەخۆیی کوردستان لاواز بوو، پێیان وابووە شەڕەکانی حکومەتی ئێراقی دژی مەلا مستەفا هەوڵی دەسەلآتی ناوەندە بۆ سەرکوتکردنی خانەوادەیەکی یاخیو کەلەڕەقو مامەڵە قورس، راهاتبوو لە سەر دروستکردنی ئاژاوە بۆ حکومەت، بەڵام ئەمڕۆ بارودۆخ بە تەواوی گۆڕاوەو هەروەها هەڵوێستی هێزو پێگەی مەلا مستەفاش گۆڕاوە.

ت- نابیّ ئەوە لە بیر خۆمان بەرینەوە، کە بەرپرسانی ئێراقی لە کوردستانو ئەفسەرانی سوپا لە ساڵی رابردوو شالآوێکی پڕوپاگەندەی کاریگەریان کردووە، بەوەی بەریتانیا وەکو دەوڵەتی گەورە کە لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقیەوە بە بەردەوامی پێگەی گەورەی هەبووە لە باکوری ئێراق، کوردیش هەمیشە بەریتانیای بە پارێزەرو هاوپەیمانی خۆی زانیوە، کورد ئەمڕۆ هێزێکی کارایە کە حکومەتی ئێراقی ئەو بزوتنەوە یاخیبوونەی تێکشکاندووە، کە مەلا

مستەفا سەرکردایەتی کردووە، بە راشکاوی سوپای ئێراقی دەڵێ: ئەو سوپایەی بەکارهاتووە بۆ ملپێکەچکردنو وێرانکردنی بە چەكو فرۆکەوە هەموو لەلایەن بەریتانیاوە پشتگیری کراوە، بەڵام بەم دواییە هێزێکی گەورە پەیدا بووە هەمان توانای هێزی بەریتانیای هەیە، ئەویش یەکێتی سۆڤیەتیە، ئەگەرچی ئەو هێزە بە ئاشکرا بێلایەنی راگەیاندووە، بەڵام بە نهێنی پشتگیریو هاوسۆزی خۆی بۆ مەسەلەی کوردی دەربڕیوە.

پ- لەگەڵ ئەوەدا نەوەی نوێ لە بیریان نەماوە، بەڵام نەوەی پێشوو لە رەواندز بیرەوەری تاڵی هەبوو لەگەڵ شاڵاوی روسی بۆ سەر ناوچەی رەواندز، سوتاندنو تاڵانیو دەستبەراگرت کە بە بیریان دێ هیچیان بۆ نەمایەوە، تەڕو وشکی سوتاند، چەندین ئاماژەی بە بەڵگەوە هەیە لە سەر دوژمنکاری روسی بەرانبەر کوردی ئێران، قەناعەتێك لە ناو زۆر کەس پەیدا بووە، بەوەی بارودۆخی دێ پشتگیری روسی لە هیچ باشترە، هەتا ئێستاش زاراوەی وەکو "کۆمونیستی" بەلشەفی ئەندامانی هۆزەکان دەترسێنێ، بەساڵاچووەکان ئەگەر سەختی بارودۆخەکە ناچاریان نەکات زۆر دوودڵن لە هاوکاری کردن لەگەڵ روس.

ج- هەڵەیە لەو باوەڕەدا بین نیگەرانیەکی فراوان دژی ئینگلیز هەبێ، کورد باش دەزانن بەبێ پشتگیری بەریتانی بارودۆخی ئەوان لە ئێراق لەوەی ئێستا هەیە زۆر قورستر دەبێ، ئینگلیز کاری زۆری بۆ ئەوان کردووە، هەتا ئێستا ئەو ئومێدە هەیە، کە دەکرێ بەریتانیا هاوسۆزی لەگەڵیاندا هەبێ، ئەو ئومێدە رۆژ بە رۆژ رۆشنتر دەبێتەوە، رۆشنبیرانی کورد لەم رۆژانەدا ئەو رەخنە گەورەیان هەبووە، کە خۆی نادیدە دەگرێ لەبەرانبەر بەڵگەنامەی ئەتڵەنتی بۆ مافەکانی گەلانی بچوك، وا مامەڵە لەگەڵ ئەو بەڵگەنامەیە دەکەن، کە وەکو ئەوە وایە هەر نەبێ، کە بۆ ماوەیەکی زۆر رەونەقی پێدەدا، بەڵام نەوەی هۆزەکان بە تەنیا ئەوە دەڵێنەوە کە چۆن ئەفسەرانی ئینگلیز دوای ئەوەی لە رۆژانی یەکەم خاکێکی وێرانەو برسیەتیو وێرانی باڵی بە سەردا کێشابوو سەر لە نوێ ژیانیان بە بەر رەواندزدا کردەوە.

ح- بانگهێشتی موالیدی ١٩٢٧ بۆ خزمەتی سەربازی لە ١-١٢-١٩٤٦ کوردی زیاتر نیگەران کرد، بە تایبەت دوای ئەوەی لە ساڵی رابردوو روویدا سوپایان خۆش ناوێ، ئەو تاڵیەی لە پاشماوەی رووداوەکان بینیان بەو ئاسانیە لە بەرچاویان ون نابێ.

**کونسوڵیەتی گشتی بەریتانی**

**تەورێز: ١٩٤٦/ ٠٩/١١**

**نهێنی. ژمارە ٣٠**

**بەڕێزم**

سەرەفمەندیە بۆ من راپۆرتێکتان لە سەر خاڵەکانی ئەو گفتوگۆیەی لە سەر بارودۆخی کوردستان لە نێوان منو قاسم خانی دیبوکری روویدا بۆ بنوسم ، کە پێشتر لە بروسکەی ژمارە "٢٨٢" لە سەر ئەو سەردانە ئاگادارم کردبوونەوە.

٢- قاسم ئاغا کوڕی بایەزید ئاغایە، دوو برای هەیە بە ناوەکانی مەحمودو عەلی ئاغا (میر ئەسعەد) باڵادەستن بە سەر هۆزی دیبوکریو خاوەنی زەوی زۆرن لە ناوچەی بۆکانو میاندواو، دوژمنکاری تەقلیدی هەیە لە نێوان بایەزید ئاغاو موحەمەد ئاغاو عەلی ئاغا، ئەو خانەوادەیە هەموویان کۆکن لە سەر دوژمنداریەتی گەورەی خانەوادەی قازی موحەمەد، بە تایبەت دوای بە دیارکەوتنی بایەخی روسەکان بە قازی موحمەد، قاسم یەکێك بووە لەو سەرکردە کوردانەی لەساڵی رابردوو لە سەر بانگهێشتی سۆڤیەت چوونە باکۆ، لەگەڵ ئەوەدا راپۆرتێکی پێدام لە سەر ئەو سەفەرەی باکۆ، من لەو باوەڕەدانیم دۆستی روس بێ بەو ئەندازەیە بانگهێشتی بکەنو ئەو قەناعەتەی بۆ دروست ببێ، کە خۆپەرستو بەکرێگیراو بێ، وەکو زۆربەی سەرۆك هۆزەکانی دیکەی ئەوێ متمانەیان پێی نەبووە.

٣- قاسم ئاغا دەڵێ: بەشێوەیەکی گشتی کۆماری کوردستان لە قەیراندایە، لە رووی داراییەوە مایەپووچە، لەگەڵ ئەوەدا قازی موحەمەد بە فەرمی سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستانە، لە راستیدا دەسەڵاتی بە سەر هۆزەکاندا زۆر کەمەو ناتوانی پشت بە پشتگیری ئەوان ببەستێ، بۆیە وەکو سەرۆك هەڵیان بژاردووە هەتا لەو رێگەیەوە لە رووی مادیو چەکەوە روس پشتگیریان بکات، دانوسانەکانی نێوان قازی موحەمەدو قەوام سەڵتەنە نوشستی هێنا، قەوام سەڵتەنە سوور بوو، لە سەر ئەوەی کورد بەشێکە لە دانیشتوانی

ئازەربایجان‌و پێویستە رێککەوتنامەی تەورێز — تارانی مۆرکراوەی ٤ی حوزەیران ئەوانیش بگرێتەوە، بەڵام قازی موحەمەد ئەمەی قبولّ نەکردووە.

٤- ... ژمارەی هێزەکانی مستەفای بارزانی دەگاتە نزیکەی هەزار جەنگاوەر، کە روس چەك‌و تەقەمەنیان دەداتێ.

٥- کورد لە ورمێ سیاسەتی سەرکوتکەرانە دژی هەموو لایەك دەگرێتەبەر، عومەر خانی شکاك گەورەترین سەرۆك هۆزی ناوچەکەیە، بەوە ناسراوە کە ئامادەیە لەگەڵ هەموو لایەك مامەڵە بکات‌و وەربگرێ، بەڵام خۆی بە هیچ لایەنێك پابەند نەکات. لە بەهاری رابردوو عومەر خان ٢٠ هەزار تومانی لە روس وەرگرتووە، هێزەکانی ناردە بەرەی سەردەشت — سەقز، دوای گەیشتنی ٥ هەزار تومانی دیکەی لە قازی موحەمەد وەرگرتووە، بەڵام دوای شەڕێکی کەم لە بەرەی جەنگ کشایەوە.

٦- پەیوەندیەکانی روس لە رێگەی هەردوو کونسوڵیەی تەورێزو رەزائیەوە بەردەوامە، بەڵام پەیوەندی سەرەکی لە رێگەی بازرگانێکی دانیشتووی مهابادەوەیە، کە توتن‌و گەنم لە کورد دەکڕێ‌و شەکرو بەرهەمەکانی لۆکەیان پێ دەفرۆشێ. پردی پەیوەندیەو چەك دەگەیەنێ بە کوردو وەکو ئەفسەری سیاسی کاردەکات‌و لە مسوڵمانەکانی خەڵکی باکۆیە.

٧- سەرەڕای بوونی تێکگیران‌و خۆبەزلزانین‌و نەبوونی یەکیەتیە تەواو لە ناو کورد، بەڵام لەوەدا رێککەوتوون قبوڵی نەکەن کوردستان بە ئازەربایجانەوە بلکێ، کورد سکاڵا دەکەن لەجێبەجێ نەکردنی بەندەکانی رێککەوتنامەی ٢٣ی نیسانی پەیوەست بە ناوچە تێکەلاوەکان (عەجەم‌و کورد. "و") لە رەزائیەو میاندواو، بە پێچەوانەوە حکومەتی ئازەربایجان لە رێگەی دانانی موحەمەد سەیفی قازی "وەزیری جەنگی حکومەتی نیشتیمانی کوردی" هەتا ئێستاش هەوڵی دەسبەسەراگرتنی ناوچە کوردیەکان دەدا، لەو روانگەیەوە فەرمانی دەرکردووە بە دامەزراندنی غولام یەحیا دانیشیان وەکو سەرۆکی هێزەکانی جەندرمە لە مهاباد، (بروسکەی ژمارە ٢٧٠) بە توندی بەرهەڵستی ئەو هەنگاوەیان کردو کوردەکان وتیان: لەو ناوچەیە رێگە بە هیچ جەندرمەیەك نادەین لە خۆمان نەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا قازی موحەمەد دڵنیاییدا ژیانی پارێزراو بێ.

٨- کوردانی ماکۆو خوی هەمان نیگەرانیان هەیە لە هەوڵەکانی حکومەتی ئازەربایجان بۆ سەپاندنی دەسەڵات بە سەریانداو ئێستا وەفدیان بۆ گفتوگۆ لە سەر ئەو مەسەلەیە لەلای قازی موحەمەدە. شێخ عەبدولقەدیر سەرۆکی کورد لە هۆزی جەلالی دێرینی دانیشتووی ماکۆ مرد،

کوڕەکەی بە ناوی حەسەن ئاغا جێگای گرتەوە، قاسم بە درێژی هەوڵەکانی کوردی بۆ گرتنی خۆی بۆ باس کردووین، کە ئەو وردەکاریە تەواو هاوشێوەیە لەگەڵ ئەوەی لە راپۆرتی ژمارە "٢٣/٢٤"دا هاتووە، بە تایبەت بڕگەکانی ٨و٩. هەروەها قاسم خان دەڵێ: هێزەکانی کورد لە ژێر فەرماندەی سەعید ئاغای سەرۆکی هۆزی میللی "میلان" لە هێرش بردنە سەر خوی بەشداریان کردووە، قاسم ئاغا دەڵێ: هەتا ئێستاش کورد هەندێ جەنگاوەری سەربەخۆیان لە شاری خۆی هێشتۆتەوە. حاکمی ئێستای خوی لەلایەن حکومەتی ئازەربایجانەوە دانراوەو دوژمنی سەرسەختی کوردە.

٩- لە رەزائیە کورد هیچ رۆڵێکی نیە خاوەن زەویەکانی کورد لێرە (سیستمی حکومەتی کوردستان پیادە دەکەن لە دابەشکردنی داهاتی کشتوکاڵ {لە نێوان جوتیارو خاوەن زەوی}، بەڵام خاوەن زەویە عەجەمەکان {ئازەریەکان کە بە تورکی قسە دەکەن} لە دابەشکردنی زەوی یاسای حکومەتی ئازەربایجان جێبەجێ دەکەن).

١٠ — ئەوەی پەیوەستە بە سیاسەتی کوردی بەشێوەیەکی گشتی، قاسم ئاغا پێی وایە بانگەوازی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ خودموختاری دروشمێکی فێڵزانانەیە، ئەوەی قازی مەحەمەد نیشانی داوە لە ئامادەیی بۆ کارکردن لەگەڵ رەوتی لیبراڵ لە ئێران فێڵە، ئامانجی راستەقینەی قازی موحەمەد دامەزراندنی کۆماری کوردستانی سەربەخۆیە، بە جۆری کوردی تورکیاو ئێراقو سوریاش بەشداربن، بەو پێیەی قاسم ئاغا دەگێڕێتەوە بزوتنەوەی کوردایەتی ئێستا لە ژێردەسەڵاتی روس دایە، قاسم ئاغا خەختی بۆ کردمەوە، کە قازی موحەمەد راشکاوانە لە چەندین بۆنەدا دەریخستووە بەبی فەرمانی روس هیچ کارێك ناکات، ئەو هیچ رێگەچارەیەکی دیکەی نیە بێجگە لە گوێڕایەڵی روس نەبێ.

١١- قازی موحەمەد بە رێنومایی روس هەموو هەوڵی خۆیدا بۆ ناچارکردنی هۆزی دیبوکری، هەتا هاوکاری لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان بکات، دوای ئەوەی قازی موحەمەد نوشستی هێنا بە شێوەیەکی ئاشتیانە لە قەناعەت پێکردنی سەرکردەکانی دیبوکری هێزێکی چەکداری نارد بۆ ئەوەی ئەو سەرۆکانە ناچاربکەن بچنە پاڵ چەکدارەکانی کورد لە مهاباد. هێزێکی سەربازی نارد بۆ بۆکان کە ژمارەیان دەگەیشتە ١٠٠٠ چەکدار، لەبەرانبەر ئەو مەترسیەدا، قاسم ئاغا، میر ئەسعەدو براکانی رازی کرد ئاشتەواوی بکەن. لەوکاتەی ئەو هێزە کوردیەی سەر بە لەشکری کۆماری کوردستان بوون گەیشتن، سەرۆکەکانی دیبوکری لە خانەوادەی ئێلیخانی زادە ناچاربوون بکشێنەوە بۆ گوندێکی خۆیان لە دووری ... لە بۆکان،

ئەو هێزە خێڵەکیە ئامادەیی تەواویان کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزە نیزامیەکانی کورد، لە هەمان کاتدا لە گوندە شاخاویەکانی دی هەواڵیان بۆ لایەنگرەکانیان نارد خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەرگری لە خۆیان، هەروەکو لە حاڵەتی روودانی شەڕ یەکێك لە گوندە سەختەکانیان کردە مەڵبەندی بەرگری، بۆیە قازی موحەمەد داوای هێزی دیکەی کرد، هێزێکی هاوبەشی شکاكو جەلالیو هەرکی کورد گەیشتنو لە رۆژاواوە هاتنو لە هەموولایەکەوە گەمارۆی دیبوکریاندا. کاتی سەرۆکەکانی دیبوکری بینیان ژمارەیان کەمەو لەبەرانبەر هێزێکی گەورەدا گەمارۆ دراون ناچار بوون هاوکاری قازی موحەمەد بکەن.

١٢- بەڵام هەتا ئێستا قاسم ئاغا پێی وایە مەترسیەکی گەورە لە سەر هۆزەکەی هەیە، چونکە روس دیبوکری بە دوژمنی خۆیان دەزانن، زوو بێ یان درەنگ هەوڵی لە ناوبردنی ئەو هۆزە دەدەن. خانەوادی ئێلیخانی زادە بەرگری دەکەن، بەڵام قاسم ئاغا لەو باوەڕەدایە بەبێ پشتگیری حکومەتی بەریتانیای گەورە ناتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگری بکەن. قاسم ئاغا پێشتر داوای پشتگیری لە عەقید هەمایونی کردبوو، بەڵام بێسوود بووە، چونکە هەمایونی وتبووی: فەرمانی لە حکومەتی ناوەندە بۆ هاتووە، کە داوای لێکراوە هیچ کارێکی لەو جۆرە نەکات. بۆیە خێزانی ئێلیخانی هیچ ئومێدیان بە حکومەتی ناوەند نەماوە لە بەرژوەندی ئەوان بەشداری بکات، قاسم ئاغا دەزانێ، کە ئینگلیز ناتوانێ لە تەورێزەوە پشتگیری دیبوکری بکات، چونکە رێگە داخراوە، بەڵام دەڵێم هەتا ئێستاش پەیوەندی کردن بە دیبوکریەوە لە ناوخۆی خاکی ئێراقەوە کارێکی ئاسانە، پێشنیاز دەکەم ئەگەر دەکرێ لە ئێراقەوە وەکیلێکی بەریتانی بنێرن بۆ (بۆکان) بۆ گفتوگۆ لەگەڵ دیبوکری لە سەر باشترین رێگە بۆ پێشکەشکردنی پشتگیری داراییو ئامۆژگاری بۆیان. قاسم ئاغا دەیوت: ئەگەر کەمێك پاڵپشتی دیبوکری بکرێ دەتوانن نەك هەر هێزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەڵکو بزوتنەوەی کوردی پێش ئەوەی پەل بهاوێ لە ناویبەرن

١٣- هەوڵمدا هانی بدەم واز لە رکەبەریەتی حکومەتی کوردی بهێنێ، پێم وت: وا باشترە لەگەڵ قازی موحەمەد لێکتێبگەن، پێم وت: بە هاوڕێی تۆ دەمێنێتەوە، با وابێ هەتا قازی موحەمەد هەوڵی بە دەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی کورد دەدات، دەبیتە هاوڕیەکی دڵسۆز بۆ پیادەکردنی خواستە نەتەوەییەکان، بەڵام قاسم ئاغا پێی بڕیمو وتی: هاوکاری کردن لەگەڵ قازی موحەمەد هیچ سوودی نیە، چونکە ئەو بە راشکاوی تەواوو لە ژێرەوە بەو فەرمانە کاردەکا، کە روس بۆی دەنێرن.

١٤- دوای ئەوەی دڵنیابووم، کە قسەکردن لەگەڵ پیاوێك لە سەر بنەڕەتی ئاکاری نیشتیمانی لێڵو یەکیەتی نەبێ سوودی نابێ، ئەو پیاوە هیچ نایجولێنێ ئارەزووی تۆڵە سەندنەوە نەبێ لە دوژمنە کۆنەکەی، لەگەڵ پاراستنی سامانەکەی لە مەترسی دەستبەسەراگرتنی کۆمۆنیستەکان، باشترین زەمانەت بۆ ئەو خانەوادەو ئەو هۆزانە دابینبوونی ئۆقرەیی گشتگیرە بۆ هەموو کوردستان. باشترین رێگە بۆ بەرگری دژی روسو کۆمۆنیستی دابینکردنی یەکیەتی نێوان هەموو ئێرانیەکانە، بەڵام هەستم کرد قاسم ئاغا بیر لە چۆڵکردنی پارێزگای ئازەربایجانو ناوچەکانی دیکە دەکاتەوە لە هێزەکانی حکومەت، بۆیە لەوە تێگەیشتم کە قسەکانی من پەسند ناکات.

**بۆ من شەرەفێکی گەورەیە خزمەتکاری ئەمنیم**
**واژۆ J.W.Well**

# بەشی پێنجەم

## کوردستانی باشور (١٩٤٦- ١٩٦٦)

# کوردو دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم

War Office 329/2869

## باڵوێزی بەریتانی – بەغدا

## ٨ی نیسانی ١٩٥٩

بۆ جەختکردنە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە پاشکۆی سەربازی ئێرانی سەردانی پاشکۆی سەربازی بەریتانی کرد:

٢- قاسم کۆمۆنیست نیە، بەڵام بە کۆمەڵێك راوێژکاری کۆمۆنیست دەورە دراوە، هەروەکو لە راپۆرتەکانی رابردوو ئاماژەم پێدا، ئەو راوێژکارانە لە سەرخۆ دەیانەوێ فشاری بەردەوامو بە هێز بخەنە سەر قاسم هەتا رژێمی کۆمۆنیستی لە ئێراق دابمەزرێنێ. بە بۆچوونی پاشکۆی سەربازی ئێرانی قاسم هەست دەکات وەکو کۆماری عەرەبی یەکگرتوو (میسر)و پەیمانی بەغدا بە دوژمن دەورەی گیراوە، بە بەردەوامی راوێژکارە کۆمۆنیستەکان ئەوەی بیردەخەنەوە، کە لە ناوەوەش بە دوژمن دەورە دراوە، دوژمنانی ناوخۆی وڵات بە هۆی ئەو زیندانیکردنە زۆرەی رژێمەکەی ئەنجامی دەدا بە بەردەوامی لە زیادبووندان، بۆیە قاسم پێویستی بە کۆمەڵێك هەیە پشتگیری بکەن دژی ئەو مەترسیانە، کۆمۆنیستەکانیش ئەو ئامادەیەیان هەیەو ئەویش پشتی پێبەستوون، بەڵام ئایا دەوڵەتانی هاوپەیمانیەتی بەغدا دەتوانن (بۆ ئەوەی جێگای کۆمۆنیستەکان بگرنەوە لە رێگەی دروستکردنی متمانە، ئەو کارەش مەحاڵە).

٣- پاشکۆی سەربازی ئێرانی لە میانی لێدوانەکانیدا دەیوت: سۆڤیەت پشتگیری مەلا مستەفا دەکات، سیاسەتی ئێستای روس دروستکردنی بزوتنەوەی کوردیە لە هەریەك لە ئێرانو تورکیاو ئێراقو سوریا بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا، ئامانجی ئەو بزوتنەوەیە سەربەخۆیی کوردستانە، بەلاّم ئامانجی راستەقینەی روس شەرمەزارکردنو لاوازکردنی حکومەتەکانی هاوپەیمانیەتی بەغداو رۆژاوان. یەکێك لە پارێزەرە کۆمۆنیستەکانیش جەختی دەکردەوە لە سەر ئەوەی هەنگاوی یەکەمی ئەو کارەیان رزگارکردنی تورکیاو ئێرانە، کورد رۆڵی لەو پرۆسەیەدا دەبێ، رزگارکردنی ئەو دەوڵەتانە دەبێتە ئاسانکاری بۆ یەکگرتنی کورد، بەرهەڵستکاری گەورە هەیە لە سەر سەرکردایەتی مەلا مستەفا بە تایبەتی لە ناو لایەنگرانی شێخ مەحمودو جافو پشدەرو زێباریەکان، هەروەها بەرهەڵستی لە نێوان سەرۆك هۆزەکانو خاوەن زەویەکانو پیاوانی ئاینی هەیە، سۆڤیەت دەیەوێ هەموو بەرهەڵستکاران بۆ بەرژەوەندی مەلا مستەفا لاواز بکات، ئەو بارزانیانەی لە ئێراق مانەوەو پەیوەندیان بە مەلا مستەفاوە نەکرد بۆ روسیا پشتگیری شێخ ئەحمەد دەکەن نەك مەلا مستەفا، هەرچەندە مەلا مستەفا داوای چەکی لە قاسم کردووە، بەلاّم ئەو هەتا ئێستا رەتیکردۆتەوە، بەلاّم لە سەرچاوەی دیکەوە هەواڵمان پێگەیشتووە، کە مەلا مستەفا چەکی بە دەست گەیشتووە.

٥- نوسخەیەك لەو نامەیە دەنێرین بۆ باڵوێزخانەکانی ئەنقەرە، تاران، واشنتۆن.

**FO. 371/12255**

**ژماره ١/٤٠٧**

**فەرماندەی هێزی ئاسمانی**

**لە: هێزەکانی بەریتانی — ئێراق، بەغدا، ٣٠ئازاری ١٩٢٧**

**بۆ: وەزیری هێزی ئاسمانی**

**ئاداسترال هاوس، ئا. کینگ وی، لەندەن، دبلیو، س، ٢،١، لەندەن**

**گەورەم**

١- بۆ ئاگاداری راپۆرتێکتان لە سەر بزاڤی کوردی هاوپێچ بۆ دەنێرم.

٢- بە خوێندنەوەی ئەو راپۆرتە بەدیاردەکەوێ، بۆ ئەوانەی دەیانەوێ ئاریشە بۆ ئێراق دروست بکەن کورد وەرەقەیەکی کاریگەرە، بە تایبەت روسیای شیوعی بیەوێ بەکاری بهێنێ زیاتر سوودمەندە لەو وەرەقەیە، ئەو راپۆرتە لەم رۆژانە بایەخی تایبەتی هەیە، ئێمە گفتوگۆی هێزو پێکهاتەی ئەو وەرقەیە دەکەین بە تایبەت برگەی (٦).

شەرەفمەندیە بۆ من ببمە کۆیلەی دڵسۆزتان

تی، س، هیجس، فەرماندەی هێزی بەریتانی

سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی بەریتانی لە ئێراق

**FO. 371/127141**

**زۆر نهێنی**

**ژماره** (١٠١١٠)

**باڵوێزخانەی بەریتانی: بەغدا، ٢٩ کانونی دووەمی ١٩٢٧**

**بەڕێزانم: له بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

ئاماژه به راپۆرتتان له سەر "کێشەی کورد ١٩٥٠-١٩٥٦" ژماره (١٠/١٨٢١) دەبینین دوو هۆکار هەن کاریگەریان له سەر هەڵوێستی کورد له کوردستانی ئێراق له ماوەی ئەو دوو مانگه له سەر رووداوەکان دروست کردووه. یەکەم/ هەتا ئێستا هەڵوێستی کورد لەبەرانبەر پەیمانی بەغدا به هێند هەڵناگیرێ، به راستی کورد باش له چۆنیەتی کاری پەیمانی بەغدا تێناگەن، بۆیه نازانن پەیمانی له ئاینده چەندین بەرنامەی به سوودی چاوەڕوانکراوەی دەبێ بۆ کورد، وەکو بنیاتنانی پرۆژەی ئابووری هاوبەش له ناوچه سنووریەکانی نێوان تورکیاو ئێرانو ئێراق، به تایبەت له بواری بەرەنگاربوونەوەی به بیابانبوون. کورد لەو باوەڕەدان ئەو پەیمانه دەبێته مینبەرێك بۆ هەرسێ حکومەت بۆ فشارو سەرکوتکردنی گەلی کورد، پێش پێنج بۆ شەش ساڵ ئەو هەسته له سەر ویژدانی کورد هیچ کاریگەری نەبووه، بەبەراورد له رابردوو سوودی له پەرەپێدانو بڵاوبوونەوەی ئۆقرەیی ناوچه کوردیەکان وەرگرتووه، هەروەها کورد له ئێراق به تەواوی جیاواز له شوێنەکانی دیکەو تازه وەکو تورکیاو ئێراق دەستیانکردوه به چنینەوەی ئەو ئاکامەی بەشێکن له ئێراق.

٣- دووەم/ هەڵوێستی سۆزداری زیادڕەوانەی شەقامی عەرەبی له سەر هێرشی بەریتانی — فەڕەنسی له بورسەعید، له لایەکی دیکەوه وەکو رق ئەو هێزانه کاریگەری قوڵیان له سەر مەسەلەی فەلەستین دروستکردووه، بۆته وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی کوردیو عەرەبیو هەست دەکەن جیاوازی هەیه له ئەولەویاتی نێوان گەلی عەرەبیو کوردی. ئێمەو نوێنەری کونسوڵ له موسڵ نامەیەکی زۆرمان له کورد وەرگرتووه بۆ ئەو زەمانەتەی کەسایەتیه

کوردیەکان لە کاتی سەردانەکەیان بۆ هاوکاری لەگەڵماندا داویانە بە ئێمە. لە راستیدا زۆر لە کوردان بۆ خۆشی دەڵێن: (ئەگەر حکومەتی بەریتانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنێ ، باشترین هەڵوێست دەبوو بۆ حکومەتی بەریتانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست).

٤-

**ئار، ئا، بیومنت**

**راوێژکاری رۆژهەڵاتی**

**له: باڵوێزی بەریتانی، تاران ١٤ی شوباتی ١٩٥٧**

**نهێنی ٥٧/٨٢١**

**بۆ: هۆبەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست– وەزارەتی دەرەوە**

سوپاس بۆ ئەو راپۆرتە بە نرخەتان بە ناونیشانی "مەسەلەی کورد ١٩٥٠-١٩٥٦" ناردبووتان، لەگەڵ نامەی ژمارە (١٨٢١/١٠) بەرواری ١٧ی کانونی دووەمی ١٩٥٧

٢- دەمەوێ دوو لێدوانی سادەتان پێشکەش بکەم لە سەر: بەکارهێنانی وشەی "شپرزەیی" لە باسی ناوچە کوردیەکانی ئێران زیادڕەوی تێدایە، بەڵام دەتوانین بڵێین کوردی ئێران بە شێوەیەکی گشتیو بە بەردەوامی ناڕازین لە مامەڵەی بەرپرسانی کوردو هەموو کاریگەریەکانی دژ بە حکومەتی ناوەند.

٣- لێدوانی دووەم تایبەتە بە بڕگەی ژمارە (١٤)دەڵێ: واچاوەڕوان دەکرێ پەیمانی بەغدا ئەو گوزراشتە بکات، کە کوردەکانی سۆڤیەت تاکە هاوپەیمانی ئەوانن، دەڵێم ئەگەری ئەوە هەیە جوتیارانو نەوەی هۆزە کوردیەکان لە دوورو نزیکەوە لە پەیمانی بەغدا تێنەگەنو بایەخی پێ نەدەن، بەڵام خاوەن زەویەکانی کوردو ئەوانەش پەیوەستن بە حکومەتی ناوەند لە تاران، وەکو سەنەندەجی ئەندامی پەرلەمانو ئەوانەی پێشوازی لەو هاوپەیمانیەتیە دەکەن، وای دادەنێن هەنگاوێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتیان لە ناوچەکان، بەڵام دوور نیە روس پڕوپاگەندە دژی پەیمانی بەغدا لە ناو کورد بڵاوبکاتەوە، مەلاو سەرۆك هۆزەکان بۆ ئەو پڕوپاگەندەیە گوێ کراوەن.

**دڵسۆزی ئێوە**

**نوسینگەی باڵوێز**

**FO.370/75471**

**باڵوێزخانەی بەریتانی، بەغدا**

**سێر ئایچ، ماك**

**ژمارە (٣٩١، ٢٩ی نیسانی ١٩٤٩**

**نهێنی**

حکومەتی ئێراقی ئاگاداری کردمەوە ، کە هەریەك لە تاران‌و تورکیا داوایان لە باڵوێزخانەی خۆیان کردووە داوا لە حکومەتی ئەو دوو وڵاتە بکەن زانیاریان لە سەر چالاکیەکانی مەلا مستەفا بدەنێ، کە ئێستا خۆی‌و شوێنکەوتووانی لە یەکیەتی سۆڤیەت دەژین، یان هەر زانیاریەکی دیکە لە سەر بارودۆخی ئاسایشی کوردستانی — ئێراق‌و حکومەتی ئێراقیی پەیوەست بە کوردەوە.

٢- ئەگەر حکومەتی بەریتانی رازی بوو لە سەر ئەو داواکاریە سوپاسگوزاردەبین، ئەگەر هەر زانیاریەکتان لەو بارەیەوە لە هەردوو باڵوێزخانەی ناوبراوە هەیە بۆمان بنێرن.

نوسخەیەك لەو بروسکەیە بۆ: باڵوێزخانەی ئەنقەرەو تاران‌و موسکۆ.

**FO. 371/134255**

**8 Eaton Castle ‹(Oran dale) Houme**

**18/July/ 1958**

لەگەڵ ئەوەدا شوێن گرنگ نیە، بەڵام دەتەوێ گوێ لە بۆچوونی دوو کەسایەتی کوردی جێی بایەخ بگری لە سەر رووداوەکانی ئەم دواییە

حەمید جاف دەڵێ: زۆر لە لاتان نامۆ نیە، تاکە خەسارەتمەندی ئەو شۆڕشە کوردە، چونکە رقیان لە جەمال عەبدولناسرەو نایانەوێ کەمینەی بچوك بن لە دەوڵەتێکی عەرەبی فیدرالی گەورە، کە عەبدولناسر بە نیازە دایمەزرێنێ، هەروەها حەمید جاف دەڵێ: ئەگەر رۆژاوا زەمانەتی شۆڕشی سەربەخۆییان بێ، کورد ئامادەی یاخیبوونن، بەڵام وەکو نەریت حەمید جاف نەیتوانی روونکردنەوەی زیاترم لە سەر ئەو لێدوانە بداتێ، کە ئەگەر ئەوە لە سەر ئەرزی واقیع پیادە بکرێ، دڵنیای کردم لە باکورو باشووری ناوچە کوردیەکانی باکوری ئێراق دەتوانن کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن، حەمید جاف وتی: لە رابردوو بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی زیاتر بۆ کورد لە ئێراق هەوڵی زۆرم داوە، بەڵام بێ ئاکام بووە، حەمید جاف دەیوت: سەرۆك وەزیرانو وەزیری ناوخۆی پێشوو وەفادارنەبوون بە بەڵێنەکانی خۆیان بەرانبەر کورد، بە بۆچوونی ئەو ناکرێ چاوەڕوانی کورد بین بەرگری لە مەلیکی پێشوو بکات، کە زۆر رێزیان نەگرتووە، گویڕایەڵیان رەتکردۆتەوە، ئەگەر عەرەبە نەتەوەیە زیادڕەوەکان بە سەریدا زاڵ نەبن دەکرێ تیپی دووەمی کوردی لە سوپای ئێراقی بەرگری لێ بکەن، لەگەڵ ئەوەدا نەوەی نوێی کورد زۆر رقیان لە ئینگلیزە، بۆیە دەکرێ کورد پشتگیری حکومەتی بەریتانی دەکات، ئەگەر ئەو حکومەتە پشتگیری سەربەخۆیی کورد بکات، بەڵام کورد لە ئێراق لە هەموو حاڵەتەکانداو سەرەڕای هەڵوێستیان لەبەرانبەر جەمال عەبدولناسر نایانەوێ لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆیان لە تورکیاو ئێران یەکبگرن، بەڵام سەبارەت بە هەڵوێست لە مەسەلەی سەرکردایەتی کورد ئەوە وتەکانی لێڵو تێکگیراو بووە. لەو کاتەی پرسیارم لێکرد ناوی سەرکردەیەکم پێ بڵێ گەلەکەی پشتگیری بکات، بە گوزارشتێکی لێڵەوە وتی: زۆربەی سەرکردە گەنجەکان. پرسیارم کرد یەك

ناوم پێ بڵێ نەیتوانی. کاتی بیرم هێنایەوە، کە پۆلیسی ئێراقی ڕێگەیان نەداوە باڵوێزخانەی بەریتانی بسوتێنن، سەرسوڕمانی خۆی دەربڕیو ئەو مەسەلەیەی لا گرنگ نەبوو.

ئەوەی سەرەوە کورتەی ئەو قسانەی نێوانمان بوو لە ماوەی ١٥ خولەکدا، زۆرم هەوڵدا پاڵی پێوە بنێم شتێك بڵێ لە راستیەوە نزیك بێ، هەتا یەك جاریش بێ، لەگەڵ ئەوەدا زۆر شاد نەبوو بە زۆربەی پرسیارەکان، بەڵام بەو پەڕێ ئەدەبەوە وەڵامی دەدایەوە، ئەو کەسەو هاوشێوەکانی جێی بڕوا نین، ئامادەن خۆیان بفروشن بە هەرکەسێك زیاتریان بداتێ. ئەو کەسە بەرژەوندیچیانەیەی کورد هەتا ئێستا نەیانتوانیوە یەك هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بڕۆن، بەڵام دڕکی گەورەن لە لاشەی دەسەڵاتی حکومەتی ئێراقی. ئەوانە دەڵێن: نەوتی کەرکوك هی خۆیانە، کارتی پیرۆزبایی بۆ ئەو بانگەشەیە چاپ دەکەن، پێشتر کارتێکم نارد بۆ میستەر سام، دەڵێن: ئەوانە ئەگەر لە داهاتوو بیانەوێ هەردوو بەنداوی باکور دەتەقێنەوە.

بەڵام ئەو کوردەی دوایی کە پێی گەیشتم عەبدولقادر بابان بوو، لە راستیدا ئەویش نەیتوانی ڕووداوەکانی ئەم دواییە تێبگات. حەمید جاف جەختی دەکردەوە سەر شۆڕشی نوێی کورد، کە پێی دڵخۆش نینو ئەوانە واقیعی تازەیان قبوڵ نیە، عەبدولقادر بابان دەیوت: چاوەڕوان دەکەم تیپی دووەم لە رژێمی تازە یاخی بێ، هەروەها دەیوت: ئەگەر ساڵح زەکی سەرۆکی ئەو تیپە بوایە ئێستا ئەو تیپە یاخی ببوون. ئەو سەرسام بوو بە هەڵوێستی باڵوێزخانەی ئێمە. عەبدولقادر بابان بە یەکێك لە هاوڕێیانی حکومەتی بەریتانی دادەنرێ، بەڵام هاوڕێیەکی بەهێز نیە، هێژا عەبدولقادر بابان لەو باوەڕەدایە گەڕانەوەی یەکێك لە ئەندامانی خانەوادەی بابان لە باردۆخی ئێستا بۆ ئێراق مەسەلەیەکی ئەمین نیە، بە دڵنیاییەوە هێژا عەبدولقادر بابان کارەکەی وەکو قایمقامی کەرکوك لە دەست دەچێ. کاکە حەمەی خانەقا نوێنەری پەرلەمانی ئێراقی بە مەیلداری چەپ دادەنرێ، کە کەسایەتی سێیەمی کوردیە لەم کاتەدا چاوەڕوان ناکرێ ببێتە پیاوێکی چالاك، ئەگەر ویستمان تێڕوانینی بدەینێ لە سەر رژێمی مەلەکی لە ئێراق کە ئەو بنکەیەکی فراوانی هەیە، بەدڵنیاییەوە کاکە حەمە دۆستی بەرژەوندیەکانی بەریتانیا نیە، بەڵام دەتوانین رایبکێشین.

لەم باردۆخەی ئێستا کورد سەرکردە یان بزوتنەوەیەکی ڕێکخراوی نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزووی یەکگرتنی نیە لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی لە تورکیا، لە کۆتاییدا کورد ناچارە لەگەڵ بارودۆخی تازەدا بگونجێ، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە پێکەوەژیانی ئاشتیانە دەتوانێ خۆی لە زۆر بەرەنگاری بە دوور بگا لەگەڵ حکومەتی تازە، ئێستا بوونی خالید نەقشبەندی لە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی سەرسامی کردووە، بەڵام بە هێندەی منی سەرسام نەکردوون، بێگومان ئەو پلەیە بۆ راکێشانی پشتگیری کورد بۆ شۆڕش و کەمکردنەوەی دوژمنکاری بووە بۆ حکومەتی ناوەند، ئەو کەسایەتیە کوردیانەی ناوم بردن زۆر بە کەمی دەیناسن و پشتگیری ناکەن.

لەگەڵ ئەوەدا حکومەتی ئێراقی گوێ لەوە ناگرێ، عەبدولناسر لە رێگەی رادیویەکەیەوە پشتگیری داواکاریەکانی کوردە، وا چاوەڕوان دەکرێ کاربکا بۆ گەڕانەوەی مەلا مستەفا

**هیچ لەو زانیاریانەی سەرەوە زۆر نهێنی نیە.**
**هبوج بولار موسڵ**

# دادگایی کردنی سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆی سەردەمی مەلەکی

WO. 329/2869

**لە: باڵوێزخانەی بەریتانی، بەغدا ٥ی شوباتی ١٩٥٩**

**بۆ: بەڕێوەبەرایەتی رۆژهەڵات، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی**

پێشتر لە بروسکەی ژمارە (٥٩)ی بەرواری مێژووی ٢٥ی کانونی دووەم هەواڵی دانێ، کە دادگایی کردنی سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆی پێشوو لەلایەن شۆڕشەوە دەستی پێکردو هەتا ٢٩کانونی دووەم بەردەوام بوو، ئەو دادگاییکردنە وەکو بایەخ پێدانێکی گەورە زۆر ناوبژیوانانی وروژاند. پێش دەستکردن بە دادگایی دەرگاکانی دادگا بۆ ماوەی دوو سەعاتو نیو داخران، حکومەت ناچار بوو بۆ بڵاوە پێکردنی خەڵکی پەنابەرێتە بەر سوپا، سکرتێری رۆژهەڵاتی باڵوێزخانەکەمان توانی ماوەی دوو رۆژ لە (رووداوەکان)ی دادگایی کردنەکە ئامادە بێ، ناچار بووە ماوەیەکی زۆر پێش دەسپێکردنی دادگایی بچێ، لە هەردوو جار لە دەرگای پشتەوەی دادگا بە زەحمەتێکی زۆر توانیبووی بچێتە ژوورەوە. ئەو شوناسی دیبلۆماسیەی هەڵیگرتبوو باش بە کەڵکی هات، ناچار بووە بە زەبری هێز لە ناو پاسەوانەکان رێگە بۆ خۆی بکاتەوەو لە رێگەی قسەکردن لەگەڵ یەك لە ئەفسەرەکان بچێتە ژوورەوە، هۆڵەکە پڕبوو لە خەڵكو نیشانەی رقو تورەییان لێ دەباری، ژمارەیەکی زۆر لەوانە کوردبوون.

وادیارە حکومەت ئەو خەڵکەی هێنابێ هەتا خەڵکە لە دادگاییکردنی کەسانی دیکەش دەبینی، دەکرێ لێرە دوو گروپ جیابکەیتەوە، گروپی یەکەم بریتین لەو کەسانەی رقی زۆریان لە رەمزەکانی رژێمی مەلەکی هەیە، لەبەر هۆکاری سیاسی زیانیان لێکەوتووە بە تایبەتی

زیندانیو دادگاییکراوەکانی پێشوو، گروپی دووەم، ئەوانەن کە لەبەرانبەر هاتنیان بۆ دادگا هەندێك پارەیان وەرگرتووە، لەکاتی (رووداوەکان)ی دادگایی کردنەکە کەمێك هوتاف لێدەدەن. دەمارگیریەکی بە هێزی چەپ لە ناو ئامادەبوانی دادگایی کردنەکەدا هەیە، لەوانە کۆمۆنیستەکان، کە گروپی تایبەتنو بە حەماسەتێکی زۆرە بۆ پشتگیری حکومەت دروشمەکان دەڵێنەوە.

ئەو خەڵکەی هێنراوە بۆ بەشداریکردن لە دادگاییکردنی سەعید قەزاز خەڵکێکی تورەو رقاوین، ئەو کەسانە ناوبەناو بە یەکدەنگی هوتافات دەڵێنەوە، داوای لە سێدارەدانی سەعید قەزاز دەکەن، لەگەڵ خۆیان پەتی لە دەستی خۆیان دەخەنو داوا لە دادگا دەکەن سەعید قەزازیان بداتێ لە سێدارەی بدەنو لاشەکەی بە شەقامدا رابکێشن، سەرەڕای ئەوە هوتاف لە بەرژەوەندی تاکە زەعیم عەبدولکەریم قاسم دەڵێنەوە، دروشمی دیکەش هەیە داوای هاوکاری برایەتی کوردیو عەرەبی دەکات، سەرەڕای ئەوە دروشمی دژی ئیمپریالیستی "دروشمی تازە"مان گوێ لێدەبوو، لەوانە مردن بۆ عەبدوسەلام عارفو رەشید عالی گەیلانی، بڕوخێ نەتەوەخوازی ساختەکاری، دوا دروشم ئامادەی دەدا بە دژایەتی نەتەوەخوازی عەرەبی کە میسر دەمڕاستیەتی دەکاو لە رێگەی رادیۆی دەنگی عەرەبو رۆژنامە میسریەکانی دیکە برەوی پێدەدرێ، ئەو دروشمە لە ئێراق دەوتراوە، چونکە رۆژنامەکانی لایەنگری عەبدولناسر هێرشیان دەکردە سەر ئێراق، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بارێکی تۆقاندنی راستەقینە لە هۆڵەکەدا نەبوو، دەکرێ ئەوە هەست پێ بکەین کە دواجار هیچ کەس لەوانەی تاوانبارکراون بە لە سێدارەدان بڕیارەکە جێبەجێ نەکرێ، لەگەڵ ئەوەدا ئەو دەموچاوانەی ناو هۆڵەکە شتێکی خۆش نیە، بەڵام مەهداوی سەرۆکی دادگا نەدەترسا، لەگەڵ ئەو هەموو هەڵکێشانو پێداهەڵدانەی بەسەر مەهداوی، هەوڵی دەدا ئەوە نیشان بدات کە، پیاوێکی ئاساییو دەتوانی کارەکانی بە خێراییو ئاسایی ئەنجام بدات.

بەشێك لەو لێدوانو بانگەشەی مەهداوی زۆر سادەو زیادڕەوی تێدابوو، بەڵام لە لێدوانە سیاسیەکانیدا قاسم پیرۆزبایی لێدەکرد، لە کۆبوونەوەکانی رۆژی یەکەم کە عەقید وەسفی تلی دادوەری گشتی سەربازی ئامادە بوو، مهداوی بە تاوانی دۆستایەتی مسیر تاوانباری دەکردو وێنەی میسری وەکو هاوپەیمانی ئیمپریالی نیشاندەدا، هەڵسوڕاوانی سیاسەتی میسری بە کۆیلەی دۆلارو روتاری" ناوزەرد دەکرد، هەروەها رادیۆی دەنگی عەرەبی بە دەنگی ئەمریکای دووەم ناودەبرد، لەگەڵ ئەوەدا پڕوپاگەندە دەکرا بەوەی ئیمپریالیستی جیهانی لە پشت دژایەتی

کردنی قاسمەوەیە، بەڵام بەڵگەی ڕۆشن هەیە لە سەر پشتگیری میسر لە بزوتنەوەی عارف-گەیلانی دژی قاسم، لە ڕۆژی سێیەمی دادگایی کردنەکە، مەهداوی لێدوانێکی زۆر وروژێنەریدا لە سەر کورد، پێشتر لە بڕگەی ٢ی بروسکەی ژمارە (١٠٢)ی بەرواری ٢٧ی کانونی دووەم ئاماژەمان پێدا، کە دەیوت هیچ شەرمەزارمیەك نابینم لەو بانگەشەی کە ژمارەی دانیشتوانی ئێراق لە ساڵی ١٩٦٠ بگاتە ١٠ ملیۆن، چونکە ژمارەی کورد، کە لە ناوچە شاخاویە سەختەکان هەن، لە ئەسکەندەرونەوە سنووریان دەست پێدەکاتو لە موحەمەرە کۆتاییان دێت، ئەوانە پارێزەری کۆماری ئێراقی دیمۆکراتین، ئەو لێداوانە لە تەوەرەی بنەڕەتی دادگایی کردنەوە هەوڵێك بووە بۆ ڕاکێشانی دۆستایەتی کورد.

بەڵام سەبارەت بە ڕێڕەوی دادگاییکردنەوە، شێوازی باوی پەیڕەو دەکرد، کە بەم دواییە باڵی بە سەردا کێشابوو، بە هێرشی داواکاری گشتی بۆ سەر ئیمپریالیست دەستی پێکرد ، گوایە قەزاز یەکێکە لە خزمەتکارەکانیو سەگی گوێڕایەڵیانە، هەروەها دەیوت: "ئیمپریالیست و کۆشکی مەلەکی ڕێککەوتوون پایەی وەزیری ناوخۆ بدەنە دڵسۆزترین خزمەتکارو بەکرێگیراوی زۆر گوێڕایەڵی خۆیان، چونکە ئیمپریالیستو کۆشك وایان دانابوو ئەو وەزارەتە شوێنی گرنگی هەیە لە پیادەکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی ئیمپریالیستی ئەنگلۆ — ئەمریکی، کە لە لەندەنو واشتنۆنەوە نەخشەی بۆ دادەڕێژرێ....تاونباریش بەوە ناسراوە خۆسەپێنەرو خوێنڕێژو وەزیرێکی سەرکەش، وەکو قامچی تاوانبارو شولی خۆسەپێنەر بووە بە دەستی نوری سەعیدەوە، بە درێژایی ماوەی دادگاریکردنە قەزاز بە "جەلادو قەساب" ناوزەرد دەکرا.

چەند شایەدحاڵێك هێنرابوو بۆ سەلماندنی پڕوپاگەندەکانی داواکاری گشتی دژی قەزاز، لە ناو شاهیدەکاندا کارمەندانی حکومەتی پێشوو، پاڵێوراوە شکستخواردووەکانی ئەنجومەن (ئێراقی. "و")ی سەردەمی مەلەکی، زیندانیانی پێشوو بە تایبەتی سێ لەوانە ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراقی بوون وەکو: عەزیز شەریفو تۆفیق مونیرو کەمال قازانچی، ئەو سێ کەسە وتاری درێژیان دەداو باسی ناڕەحەتیەکانی خۆیان دەکرد لە زیندان، کە چۆن ناسنامەی ئێراقیان لێ سەندراوەتەوەو دوایی دوور خراونەتەوە.

٥- شاکر عانی دادوەری گشتی پێشوو، ئەو کەسە بوو کە بە داکۆکی لە قەزاز قسەی دەکرد، داوای لە عانی کرد.... باسی ئەو باردۆخە بکات کە باڵی بە سەر زینداندا کێشابوو، بە تایبەت ڕۆژانی ئاژاوە، کە لە ناو زیندانیەکاندا هەندێ قوربانی لێکەوتووە، بەڵگەکانی عانی وەڵامدانەوەی ئەو ڕاستیە بوون، وەکو دوورخستنەوەی تاوانیش بوو لە قەزاز لەو

ڕووداوەی زیندان، عانی لە کاتی دادگاییکردن بەو پەڕی ڕێزەوە لەبەرانبەر قەزاز قسەی دەکرد، ئەو کارە داواکاری گشتی نیگەران کرد کە داوای کرد عانی بانگهێشتی بەردەم لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەتی بکرێ، سەرۆکی دادگا وتی: دادگا لەو داواکاریە دەکۆڵێتەوە.

٦- مەسەلەی مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی بەسرا لەساڵی ١٩٥٣ لە کاتی دادگایی کردن زۆر وروژێنرا. پێیان وابوو قەزاز بەرپرسە لە گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنە سەرکوتکەرانەی دژی مانگرتوان گیرابووبەر. عانی لەلای خۆیەوە میستەر تیسوتی ئەفسەری خانەنیشینی ئینگلیزی تاوانبار دەکرد، بەوەی بەرپرسی کۆمپانیای نەوت بووە لە بەسراو بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی ئەو مانگرتنە بووە، ئەوانە نەخشەیان داناوە بۆ تێکدانی سروشتی مانگرتنەکە، عانی بەرێوەبەری کۆمپانیا میستەر تیسوتی بە جەلادو هۆکاری ڕاستەوخۆی وروژاندنی مانگرتوان تاوانبار دەکرد، ئینگلیزی بە هۆکاری بڵاوبوونەوەی هەژاری لە ناو کرێکاران بە بەرپرسیار دادەنا، ئەوە وای کرد مەهداوی ئەو قسەیە بکات، کە بڵاوبوونەوەی هەژاری لە ناو کرێکاران بە بەشێك بوو لە سیاسەتی بەریتانی، حاڵی کرێکار بە حاڵی ماسی ناوبات، کە ئەگەر لە شوێنی خۆی لە ناو ئاو دووربخرێتەوە دەمرێ، لە ڕایەڵەی ئیمپریالیستی مەترسیدارتر نیە، بۆیە پەرەپێدانو پێشکەوتن لە سایەی پلانی ئابووری دروستدا نەبێ نایەتەدی.

٧- قەزاز بە درێژایی ماوەی دادگایی کردنەکە ئازایەتی خۆی دەرخست، وا دیاربوو تەندروستی باش بوو، بێ ئومێدیو بێدەنگی دای نەگرت بەرانبەر قسە ژەهراویو ڕقاویەکانی داواکاری گشتی، لەگەڵ ئەو بارودۆخەی لە دادگاییکردنەدا باڵی کێشابوو لە ئیهانەو هێرشی ئامادەبوان، هەندێ جار سەرۆکی دادگا دەیوست بێدەنگی بکات، بە سەریدا هاواری دەکرد، ئەویش بە هەمان شێوە وەڵامی دەدایەوە، چەندین جار مەهداوی ناچاری بێدەنگی دەکرد، بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات لە بەرامبەر دادگا، قەزاز کە دەستی بە قسە کرد داوای لە سەرۆکی دادگا دەکرد دەرفەتی پێ بداتو قسەی پێ نەبڕێ، قسەکانی داواکاری گشتی سەربازی بە دروخستنەوە، بەوەی ئەو لە ڕۆژی شۆڕشەکە بە عەبای خۆی داپۆشیبێو هەڵاتبێ، دەیوت: لە پەیوەندی دابووم لەگەڵ موتەسەریفی بەغداو بەڕێوەبەری گشتی هەتا خۆی ڕادەستی ئەوان کردووە، مەهداوی بەوە تووڕە بوو، کە داواکاری گشتی سەربازی بەدروزن ناودەبرد، بەڵام قەزاز سوور بوو لە سەر قسەی خۆیو وتی: من ٣٣ ساڵ خزمەتی وڵاتی خۆم کردووە، هیچ کارێکم نەکردووە هەتا پێویست بکات هەڵبێم، من دوای شۆڕش لە پەیوەندی دابووم بە شۆڕشەوە، چونکە شۆڕش بۆ دابینکردنی چاکسازی بووە نەك بۆ کینەو تۆڵەسەندنەوە، لە ١٥ تەمووز بە شێوەی دۆستانە قەزاز چاوی کەوتووە بە عەبدولکەریم قاسم، بۆیە ئێستا سەرسامە بۆ

ئەو شێوازەی دادگا گرتویەتیە بەر، وتی: تاوانباران لە کاتی دادگایی سوکایەتیان پێدەکرێنو بێلایەنی لە دادگایی کردن رەچاو ناکرێت، هەندێ خەڵکی نابەرپرس رێگەیان پێدراوە تاوانی ناڕاستی ئاڕاستە بکەن، بەڵام سەبارەت بەو شاهیدانە ئامادەنیم وەڵامیان بدەمەوە، چونکە شایەتیدانەکەیان پوچەڵە، لە راستیدا ئەو شاهیدەی دەیوست لە بەرژەوەندی قەزاز قسە بکات دادگا ئیدانەی کرد. چەندین جار لە نێوان قەزازو مەهداوی تێکگیران بوو، قەزاز توانی بە هێزو قەناعەتەوە وەڵامی ئەو تاوانانە بداتەوە، کە رووبەڕووی دەکرانەوە. جارێکیان مەهداوی لێی پرسی، کە ئەگەر ئەو نەتەوەخوازو عەرەبە، قەزاز وەڵامی دایەوە، کە ئەو کوردە، بەمە مەهداوی ناچار بوو بۆ ماوەیەك بێدەنگ بێ، قسەکانی قەزاز لە میانی دادگاییکردنەکەدا روون بوو، کە مەهداوی وتی: " ئێستا تاوانبارکردنت تەواوبوو بە مردن، بە بێ ترس وەستاو وتی: تکایە دەنگم بگەیەنن بە ئێراقیەکانی دەرەوەی ئەم هۆڵە، من لە پەتی سێدارە ناترسم، کاتی سەرکەوت بۆ خنکاندن وتی: زۆرن ئەوانەی لە ژێر پێمەوەنو شایشتە بە ژیان نین، بەرانبەر بە پەروەردگار رادەوەستمو دەڵێم من شانازی دەکەم بەو خزمەتەی بە وڵاتی خۆم کردووە، لە روانگەی بیروباوەڕەکەمەوە، کە مسوڵمانمو پیاوێکی نیشتیمانیم دوژمنایەتی کۆمۆنیستیم کردووە، دوایی هەندێ قسەی کرد لە سەر قۆرغکردنی کۆمۆنیستی جیهانیو وتی: خێزانەکەم شانازی دەکات بە من، کە یەکەم شەهیدی جەنگی دژ بە کۆمۆنیستیم، لە کۆتایی قسەکانیدا وتی: داوای لێبوردن لە کەس ناکەم، ئەو کارە لێدەگەڕێم بۆ خوای گەورە، لە ٤ی شوبات بە پێی یاسای سزادان بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، تانی لە بڕیارکە نەدا، هەروەها دادگایی کرا بە زیندانی بۆ ماوەی ٥-١٥ ساڵ لەگەڵ بێبەشکردنی لە مافی مەدەنی بۆ ماوەی دە ساڵ.

٨- زۆر ئەستەمە پشبینی بکەین کە کاریگەری دادگاییکردنی قەزاز لە سەر رای گشتی ئێراقی چی دەبێ، بەڵام رۆشنبیران رێز لە ئازایەتی دەگرنو سەرسامن بە خۆڕاگری بە جەرگانەی بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەڵچوونو هاوارانەی سەرۆکی دادگاو داواکاری گشتی. بەبێ گومان بە تواناترین ئەو پیاوانە بوو لە کاتی دادگایی کردنیدا بەوپەڕی لێبڕاوانە بەرگری لە کردەوەکانی کاتی رژێمی مەلەکی خۆی کردووە.

دووبارە دانەیەك بۆ باڵوێزخانەکان

**عومان، ئەنقەرە، بەیروت، تاران، واشنتۆن**

**دڵسۆزتان: جانسری**

War Office 329/2869

**ژماره ١٠١٥/١٠١ EO ١٩٥٩/٢/١٧**

**نهێنی ، نامه**

سوپاس بۆ نامەکەتانو هاوپێچی نامەی لیون – دیبلۆ ئای (C.B.E) لە بەرواری ١٩٥٩/٢/١، کە پرسیاری ئەوتان کردبوو، ئەگەر دەکرێ هەندێ فشار بخەینە سەر حکومەتی ئێراقی بۆ رزگارکردنی گیانی سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆی پێشوو، کە بەم دواییە بڕیاری لە سێدارەکانی بۆ دەرچووە.

من هاوڕام لەگەڵ کۆلونێل، لەو رێزە گەورەیەی بۆ هێژا قەزاز، بۆ ئەو هەڵسوکەوتەی لە میانەی دادگاییکردندا نواندی، خەسڵەتی پیاوەتیو راستگۆیی گەورەی نیشاندا، کە پێی ناسراوە، ئەگەر بمانەوێ ئەو کارە لە رێگەی قاسمەوە بکەین، کە خاوەنی دەسەڵاتی کۆتاییە لە جێبەجێکردنی لە سێدەرەدان یان بڕیاری لێبوردن، ئێمە هەمیشە لەو بارەیەوە دوودڵی نانوێنین، لە راستیدا حکومەتی پاشایەتی خاوەن شکۆی بەریتانی کۆمەڵێك رێوشوێنی ناڕاستەوخۆی گرتۆتە بەر، کە بتوانی کاریگەری لە سەر عەبدولکەریم قاسم هەبێ بۆ کەمکردنەوەی حوکمی سەعید قەزاز، بەڵام لەو باوەڕەدام هەر فشارێکی ناڕاستەوخۆ لەو بارەیەوە بۆ سەر قاسم بۆ بەرژەوەندی سەعید قەزازو هاوشێوەکانی لە ئەندامانی رژێمی پێشووی لە بەرژەوەندی ئێمە نابێ، هەر دەستێوەردانێك لەلای ئێمەوە لە بەرژەوەندی ئەوانە، قاسم گومانی زیاتر دروست دەکات بەرانبەر حکومەتی بەریتانی، هەروەکو عەمید لیون دەزانێ چەندین ئێراقی لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەم بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، بە پێی ئاگاداری ئێمە هەتا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، ئەمە تاڕادەیەك لەگەڵ وریایی بوون هەندێك گەشیبنمان دەکات، بۆیە یەکلایی نەبوونەوەمان بۆ فشاری راستەوخۆ لە سەر حکومەتی ئێراقی لە روانگەی بێ ئومێدی یان بێ بایەخیەوە نیە بەو مەسەلەیە، باڵوێزمان لە بەغدا لە هەوڵی ئەوەدایە لە نزیکترین دەرفەت گوزارشتی هەستی حکومەتی ئێمە لە سەر مەسەلەی سەعید قەزاز بگەیەنێت.

نامەی عەمید "لیون"تان بۆ دووبارە دەکەمەوە

**MSB**
**17/2/1959**

## نامەیەك لە عەقید لیون ١٩٥٩/٢/٧

## بۆ راید هێڵ. بیچ

بە هەواڵی دەرچوونی حوكمی لە سێدارەدانی موحەمەد سەعید قەزاز لە بەغدا زۆر ئازارم چێشت.

لە نزیكەوە قەزازم دەناسی، سایەتیەكی ئیداری بە تواناو زۆر پاكو بێگەرد بووە، تاكە ئامانجی لە سەردەمی ئینتیدابی بەریتانی لە ئێراق بە دەستهێنانی رەزامەندی حكومەتی ئێمەو دوایی رەزامەندی مەلیكو وڵاتەكەی بووە، لە بنەڕەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ خانەوادەیەكی كوردی خەڵكی سلێمانی، ئەو شارە كوردیەی لە ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٩ بەرپرسی ئیداری بووم، بەداخەوە ئەو ناوچەیە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی نێردەی سەربازی سۆڤیەتیە، قەزاز هاوڕێو نوسەری ئەمینم بوو، لەگەڵ ئەوەدا سەر بە كەمینە بوو، بەو مانایەی ئەو كۆسپانەی بڕی كە دێنە پێش ئەو كەمینەیە (كورد لە رەگەزەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئاری، بێچەوانەی عەرەبو جولەكە كە ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ سامی) پلەپلە لە رووی ئیدارییەوە سەركەوت، قەزاز توانی (١٦ پۆل)ی خزمەتی ئیداری ببڕێ هەتا گەیشتە پلەی وەزیری ناوخۆ، چەند ساڵێك پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئێراقی لەو پلەیەدا كاری كرد، بە راستی قەزاز ئیداری بوو، سیاسی نەبوو، راستگۆییو ئازایەتیو پاكی ئەوی گەیاندە بەرزترین پلە لە ئیدارەی وڵات، لە كاتی لافاوە گەورەكەی ئەم دواییەی بەغدا، بە هۆی ئازایەتیو بە توانایی خۆی شاری لە وێرانی رزگار كرد، لە كاتێكدا زۆربەی بەرپرسان لە ترسانا هەڵاتن، باش دەیزانی ئەگەر بە سەر ئەو لافاوە زاڵ نەبێو بەربەستی بۆ دروست نەكات، بە دوای خۆیدا فەوزاو وێرانی تەواو تووشی شار دەبێ، بۆیە بە كۆكردنەوەی هەموو توانای سوپاو پۆلیسو جەماوەری بەغدا هەوڵیدا بۆ كەمكردنەوەی مەترسیەكانی ئەو لافاوە.

لە دوا هاوینی كۆتایی، لەگەڵ ئەوەدا زیاتر لە ١٥ ساڵ بوو نەمدیبوو، مەردانە بە خۆیو خێزانەكەیەوە رێزی لێگرتمو سەردانی كردم، ژنەكەیو منداڵەكانی هێنابووە سەردانمان، بەدڵنیاییەوە لەم شوێنە ئەستەمە بێدەنگ بینو ببینین كەسایەتیەكی وەكو سەعید بە زوڵم لە

سێداره بدرێ، من ئەو باوەڕەم هەیە زۆر لەلایەنگرانی ئێراق لە بەریتانیا هەن هەست دەکەن هیچ توانایەکیان نیە لە رزگارکردنی گیانی ئەو، لەو روانگەیەوە نوێنەرایەتی ئەو ناوچەیە لە پەرلەمان کار لە تێڕوانینی وەزیری دەرەوەی بەریتانی دەکەن بە گوێرەی توانا بۆ دروستکردنی فشار لە سەر حکومەتی بەریتانی بۆ رزگارکردنی ژیانی ئەو پیاوە، کە هەرگیز دوودڵ نەبووە لە پێشکەشکردنی هەموو خزمەتێك بە ئێمەو بە مەملەکەتەکەی.

**دڵسۆز**

**W.A.Lyon**

## رووداوەکانی کەرکوکی ١٩٥٩ بە بیروبۆچوونی ئەمریکی و بەریتانی

## نهێنی، باڵوێزخانەی بەریتانی. بەغدا

## ٣١ی تەمووزی ١٩٥٩ – ١٠١٣/٣٢١/٥٩

**بۆ: وەزارەتی دەرەوە/ بەڕێوەبەرایەتی رۆژهەڵاتی**

ئەو کۆنگرە رۆژنامەنوسیەی قاسم لە ٢٨ی تەمووز بەستی بۆ رۆژی دوایی جێگای بایەخی تەواوی رۆژنامەکانی ئێراق بوو، رۆژنامەکان وەکو هەڵوێستی رەسمیان وەرگرت، درێژەی ئەو کۆنگرە رۆژنامەنوسیەتان بۆ نانێرم، چونکە دڵنیام لە رێگەی هەواڵنامەوە دەگاتە دەستەی رادیوی بەریتانی، بەڵام بە تەنیا رۆژنامەی **"الثورة"** بە درێژی لە سەر کۆنگرە رۆژنامەنوسیەکەی نوسیوە، بەشێکی ئەوەی لە رۆژنامەی **"الثورة"**دا هاتووە لە سەر ئەو کۆنگرە رۆژنامەنوسیە بۆتانی دەنێرم

A- "پیشانم بدە یەکێك لە لایەکەی دیکە کەسێکی کوشتبێ. دوژمنانی گەل ئەوانەن، کە فێربوون نەوەکانی گەل پەلکێش بکەن. (لێرەدا عەبدولکەریم قاسم وێنەی ژنو منداڵی نیشان دەدا)".

B- "دەنگی ئازادیخوان یان دەنگی فاشیست، پێویستە لە سەر رۆژنامە لە رێ لانەدەن".

C- "پیلانێك هەبوو هۆنرابۆوە دژی خەڵکی کەرکوك، خەڵك لەماڵەکانیانەوە، بە کەلەپچەوە پەلکێشی ناو ئۆتۆمبیل دەکران، لە ئاکامی ئەو کارانە هەندێك بریندار هەیە لە چارەسەردان"

D- "نەخشەیەکتان نیشان دەدەم، کە لە لایەن یەکێتی قوتابیانەوە ئامادە کراوە، بەغدا بۆ چەند ناوچەیەك دابەش کراوە، کە نەوەکانی پەلکێش بکەن، بە نمونە ناویان تۆمار کراوە، ئەو پیاوانەی لە ماڵن دەبێ فلانو فلان پەلکێش بکرێن، لە ناویاندا ماڵی کامیل چادرچی،

ماڵی مستەفا بارزانی لە کەرخە، ئایا ئەو کارانەی لەو جۆرەیە پێویست دەکات یەکێتی قوتابیان ئەنجامی بدات؟"

E- هەروەها قاسم ئاماژەی بە رۆژنامەی "اتحاد الشعب"دا ،کە لەوێدا ئاماژە دراوە بە رۆڵی هەندێ کەس لە دروست کردنی باردۆخێك بۆ پیلانو یاخیبون.

F- قاسم وردەکاری دیکەی لە سەر ئەو نەخشەیە باس کرد، کە لە بارەگای یەکێتی قوتابیان دیویەتی، نەخشەیان هەبووە بۆ نەوەی زۆر لە خێزانەکان چۆن پەلکێش بکرێ، قاسم هێرشی کردە سەر یەکێتی قوتابیانو داوای لێکردن دەست لە کاری پارتە سیاسیەکان وەرنەدەن.

G- "کاتێ ئاماژە بە ئیمپریالی دەکەی پێویست ناکات دەستنیشانی بکەی، بڵی ئیمپریالیو بەس"

H- پێویستە سنوورێك بۆ چالاکی کۆمەڵەی جوتیاران دابنرێ بە تایبەت گرنگیدان بە کاروباری جوتیاران، ئێمە هەڵەمانکرد، لە سەر ناوخۆ پێویستە کارنامەیەك بۆ چۆنیەتی بەرێوەچوونو سنووری ئەرکەکانیان ئامادە بکات ، دەبێ هەڵبژاردن هەبێ بۆ دیاریکردنی دەستەی کارگێڕیان، بوونی مۆری کۆمەڵە مانای ئەوە نیە فلان کوڕی فلان ئازادە چۆنی ئارەزوو هەیە بە بێ راوێژ بە ئەوانی دیکەو بە هێندوەرگرتنی سنووری مۆڵەت هەڵسوکەوت بکات، شۆڕشمان لە پێناو ئەو جۆرە کارانەدا نەکردووە.

I- "بڕوام پێ بکەن لەگەڵ ئاگاداربووم لە وردەکاریەکانی رووداوی دڕندانەیی کەرکوكو لەو تۆقاندنە نەخۆش کەوتم"

J- "بەداخەوە دەڵێم ئەو کۆمەڵانە لە کەرکوك بە رێگەیەکی ئازاد مامەڵەیان نەکرووە"

بە پشت بەستن بەوەی لە سەرەوە هاتووە دەتوانین بڵێن لەهجەی عەبدولکەریم قاسم بە ئاڕاستەی دژی کۆمۆنیستەکان رەخنەگرانەیەکی توند بووە بە تایبەت لە بڕگەکانی (....) بەڵام دەبێ سەرنجی راستیەکی دیکە بدەین، هەتا ئێستا قاسم ناویان نابات، ئەوەش بەڵگەیە کە هەتا ئەوکات بڕیاری نەداوە لەگەڵیاندا بکەوێتە مناکۆکی کراوە، بڕگەی (أ) لە وتەکانی قاسم، ئەندازەی سەرسامیو نیگەرانی دەردەخا لەو کارە بەربەریانەی ئەو رێکخراوانە دەیکەن بۆ لەکەدارکردنی ئازادیو دیموکراتی.

**وەزارەتی دەرەوە ٣٧١/١٤٠٩٢١**

**بەڕێوەبەرایەتی رۆژهەلآت. لەندەن**

ئەمرۆ لەگەڵ عەقید دیفس کارمەندی غولف تودای نانم خوارد، میستەر دیفس نوسخەیەکی هاوپێچی ئەو نامەیەی دامێ، کە هێژا کوبلاند، راوێژکاری سیاسی (غولف) کە ئێستا لە بەیروت نیشتەجێیە، سەرەڕای راپۆرتێکی هاوپێچی تێروتەسەل.

وابەدیاردەکەوت هێژا کوپلاند ئەو قەناعەتەی پێشووی هەیبوو لە سەر قاسم گۆڕابێ، لەوباوەڕەدام زۆر نامەو راپۆرتی هاوپێچ هەیە، کە زانیاریو پێشبینی لە سەر ئەگەری رووداوەکان تێدا هەیە، راپۆرتی هاوپێچ بە درێژی وردەکاریەکانی ئەو رووداوەی کەرکوکی تێدایە

**روجەر ستیڤن**

**12/8/1959**

**وەزارەتی دەرەوە ٣٧١/١٤٠٩٢١، ١٩٥٩/٨/١٢**

**بابەت: بارودۆخی ناوخۆی ئێراق. ئاژاوەکەی کەرکوك**

**کۆنوسی کۆبوونەوە: بەڕێوەبەرایەتی رۆژهەلاّت/ وەزارەتی دەرەوە، راپۆرتی میستەر کۆپلاند، راوێژکاری سیاسی لە کۆمپانیای غولوف یوریببیا (کەنداو و ئەوروپا)ی یەکگرتوو.**

**بۆ: هێژا روجەر ستیڤن**

٢- نامەی میستەر کۆپلاندو راپۆرتی هاوپێچ زانیاری زۆر بە کەڵکیان داینێ، لەگەڵ ئەو شێوازە سەنجراکێشەی پێی نوسراوە، لەو نامەیەدا دەتوانی سەرنج بدەیتە بۆچوونی قوتابخانەی میسری (مەبەست لە کارمەندانی باڵوێزخانەی میسریە. "و") لە سەر بەرنامەی کۆمۆنیستەکان بۆ گەیشتن بە دەسەلاّت لە ئێراق، پێش رووداوەکانی کەرکوك ئەو بۆچوونە هەبووە، کە حیزبی شیوعی دەیەوێ بە شێوەیەکی قۆناغبەندی بگاتە دەسەلاّتی ئێراق، رووداوەکانی ئەم دواییەی کەرکوك ئەوە دەگەیەنێ، گۆڕانکاری لە بەرنامەی شیوعیەکان بەرانبەر دەسەلاّت هەیە لە ئێراق، بەڵگەکان ئاماژەن کە شیوعیەکان لە ئێراق باوەڕیان بە گۆڕانکاری ریشەیی هەیە بۆ دەسەلاّت گرتنەدەست. هەروەها نێگەرانی گشتی هەیە لەبەرانبەریاندا لە رووداوی کەرکوك، خوازیارین ئەو زانیاریانە راست نەبێ، کە لە بڕگەی (d.٣)داهاتووە، لە میسر ئامادەکراوە، ئەوەی پەیوەستە بە ئارەزووی عەقید عەبدی بۆ دەست لە کارکێشانەوە، چونکە رۆڵی گرنگی بینیوە لە پوچەڵکرنەوەی پیلانی شیوعیەکان، دڵنیانیم لەو پڕوپاگەندانەی لە بارەی دەست لە کارکێشانەوە دەوترێ، بەلاّم ئەمە ئەگەرێکی دوور نیە، چونکە ئەو کەسە لە سەرووی ئەو لیستەوەیە، کە لەلایەن حیزبی شیوعیەوە داواکراوە.

٣- بڕگەی پێنجەمی ئەو نامەیە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی رۆژهەڵات جێی بایەخی تایبەتە ، چونکە لەو بڕگەیەدا ئەوەمان حاڵی دەکات، کە ناسر (جەمال عەبدوڵناسر، و) هەستی بە مەترسی شیوعیەکان کردبێ.

٤- ئەمە لە کاتێکدا پاشکۆی نامەکەی میستەر کۆپلاند بە ئامانجی دانانی چوارچێوەیەك بۆ گەشبینی مەحاڵ نوسراوە، کە لە ناوەندەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی لە سەر رووداوەکانی ئێراق بلاٌبۆووتەوە. ئێمە (وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی. "و") (لانشاگر)ی ئەمریکیەکان بۆ ئەو گەشبینیە لاریمان نیە لە سەر راپۆرتەکەی مستەر کۆپلاند تایبەت بە هەردوو بڕگەی A/١و B/١ لە بێجگە بڕگەی B/١ جەخت دەکەینەوەو هاوڕاین لەگەڵ ئەو بۆچوونە، کە حکومەتی ئێراقی بە چاوی رووداوێکی ناوچەیی سەیری مەسەلەی کەرکوك ناکات، بەڵکو تاقیکردنەوەیە بۆ توانای بەرگری قاسم بەرانبەر رکەبەریەتی شوعیەکان، چونکە قاسم لە ناوچە جیاجیاکانی دیکەی ئێراق پیلانی دیکەی ئاشکراکردووە، کە پەیوەندی بە بارودۆخی کەرکوکەوە هەیە، ناچارە رێوشوێنی بەرگری بگرێتەبەر بۆ پاراستنی رژێمەکەی، ئاماژە بە بڕگەی D/٢ جەخت دەکاتەوە لە سەر بێمنەتیەکی گەورە لەبەرانبەر دەسەلاٌت لە ئێراق، کە سەرچاوەکەی بە تەنیا حیزبی شیوعی ئێراق نیە بەڵکو ئەو نارێکخراوەنەش دەگرێتەوە کە راپۆرتەکە ناوی لێناون "هاوشێوەی شیوعیەکان"و حیزبی شیوعی ناتوانێ بە سەریدا زاڵ بێ یان چارەسەر بدۆزێتەوە بۆ بەرەنگاری ناکارامیەکانی لەگەڵ حکومەت وەکو لە کەرکوك روویدا.

بەلاٌم ئەوەی پەیوەندی هەیە بە ئەو زانیاریانەی لە بڕگەی c/2 دا هاتووە، لەگەڵ ئەوەدا زانیاری تەواومان نیە لە سەر ئەو رێڕەوە، بەلاٌم من گومانم نیە قاسم رۆژانە بۆ مەبەستی راوێژکردن لەگەڵ سۆڤیەت لە پەیوەندیدایە.

٥- وردەکاریەکی زۆر لە راپۆرتی کوپلاٌند بەدی دەکرێ، کە لە راپۆرتەکەی پێشتر باسی نەکراوە، وابەدیاردەکەوێ هەموو رووداوەکان راستەقینە بن‌و روویاندابێ.

بەلاٌم لەو باوەڕەدام لە یەکەکانی سوپا (ناوچەی کەرکوك. "و") لە سەر ئەو نیگەرانیە زیادڕەوەی هەبێ، هۆکاری رەچەڵەکی لە قەیرانە ناوخۆیەی کەرکوك بایەخی پێویستی پێنەداوە، هەروەها ئەو راپۆرتە مافی خۆی نەداوەتە ئەو کارە ئیستیفزازیانەی شیوعیەکان‌و لایەنگرانی لە کەرکوك، کە بۆتە هۆی رووداوی ئاژاوە لە ناو شار، بە ئومێدین ئەو راستیانەی لیژنەی رەسمی حکومیەی تەشکیلکراو بۆ وردبوونەوە لە رووداوەکانی کەرکوك پێی دەگەن

بگاته بەرچاوڕوونی لە سەر زۆری کارەکان، گومانی تێدا نیە ئەو هەنگاوانەی قاسم دژی فەوزەویەکان نابێتە هۆی گەڕانەوەی ئۆقرەییو ئاسایش، بەڵکو زیاتر ئەوە دەگەیەنێ، کە قاسم بەو ڕێوشوێنانە ویستی لە ناو هێزە بەرهەڵستکارەکانی شیعەو سوپاو یەکیەتیە نەقابیەکانو یەکیەتی خوێندکاران سنوورێك بۆ پێگەی ئەوانە دابنێ، بە بڕوای من قاسم زۆر نیگەرانە لەو هەڵگەڕانەوەی فەسیلێکی سەربازی لە کەرکوك، کە زۆربەیان کوردن، ئەوە مەبەستی ناوەکی میستەر کۆپلاندە، بەڵام ئەوە نابێتە پشتگیری بۆ ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ: ئەگەر قاسم ڕێوشوێنی بەرگری بۆ بڵاونەبوونەوەی هەڵگەڕانەوە نەگرێتەبەر، کە لە هەموو بەشەکانی سوپای ئێراقی بڵاودەبێتەوە. دەکرێ دەرکردنی ئەو فەرمانە لە ماوەی ١٦ بۆ ١٨ لە سەعاتی یەکەمی سەرهەڵدانی ئاژاوەکانەوە دوابکەوێ بۆ کاتی سەرقاڵی قاسم بە وردەکاریەکانی ئاهەنگی ساڵانەی شۆڕشی ١٤ی تەموز، کە لە چەند روویەکەوە سەرکەوتنێکی تایبەتیە بۆ ئەو، قاسم لە چەند ڕێگەیەکەوە توانی بە باشی ئەو نیگەرانیە بشارێتەوە، کە سەبارەت بە رووداوی کەرکوك تووشی هاتبوو لەبەرانبەر ئەو میوانو وەفدە بیانیانەی بۆ پیرۆزبایی هاتبوون.

لەگەڵ ئەوەدا نامەکەی میستەر کۆپلاند داوا لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی دەکات بۆچوونی خۆی بدات لە سەر ناوەڕۆکی ئەو راپۆرتەی تایبەتە بە رووداوی کەرکوك، بۆیە حەزناکەین حکومەتی بەریتانی بە تیروتەسەلی بۆچوونی خۆی بدات، چونکە وردەکاری تەواومان لەلا نیە لە سەر راستی رووداوەکە، پێشتر ئەو بۆچوونانەی ئێمە لەوبارەیەوە بە بروسکەو راپۆرتی ئاڵوگۆڕکراو داومانەتە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

**ئارم. سفلیار**
**14/8/1959**

## سەرنجەکان لەسەر راپۆرتی ئیگل بروجرو کۆپلاند لە سەر ڕووداوەکانی کەرکوك

راپۆرتی کۆپی (کورتکراوەی ناوی کۆپلاند و بروجر . "و") لە سەر ڕووداوەکانی کەرکوك جیاوازیەکی ریشەیی هەیە لەگەڵ ئەو راپۆرتانەی گەیشتۆتە دەرەوەی ئەمریکا، کە لە راپۆرتی ژمارە (٢١) لە سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوکراوەتەوە، لە راپۆرتی "کۆلیج" ئەو روونکراوەی خوارەوە لە سەر بۆچوونی دەرەوەی ئەمریکیو وەکالەتەکانی دیکەی ئەمریکی هاتووە ، کە لە سەر ئەو ڕووداوەیان نوسیوە.

"پێش هەموو شتێ دوودڵی خۆمان بە دیاردەخەین، چونکە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕێگە بە خۆی دەدا ببێتە نێچیری خەونەکانیو لە سەر ڕووداوەکانی ئێراقو هەوڵدەدا بە شێوەیەکی ئەرێنی وێنای بکا، ئەمە لە کاتێکدا ئەو زانیاریانەی پێمانگەیشتوون پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنن، پەیامنێرە رەسمیەکانی حکومەتی ئەمریکی بە شێوەیەکی گشتی لە جولانەوەکەیاندا پابەندنو ناتوانن زانیاری سەرپێی نەبێ بە دەستی بخەن، بۆ نمونە ئێمە لە باڵوێزخانەکەمانەوە (باڵوێزخانەی ئەمریکی. "و") لە بەغدا دەزانین ئەو راپۆرتانەی لە سەر ڕووداوەکانی کەرکوك ئامادە کراون بەپشتبەستن بووە بەو پڕوپاگەندە بڵاوکراوانەی لەو وڵاتەدا هەیە، کە دەستخستنی ئەستەم نیە، هەتا لە قاوەخانەو میوانخانەکانی بەیروت هەیە، کە هەر رۆژنامەیەك راستگۆیی تێدا بێ ئەوە قبوڵ ناکات. سێیەم، لەو باوەڕەداین هیچ کارمەندێکی باڵوێزخانەی ئەمریکی لە بڕیارەکانی خۆیاندا قەناعەتیان نیە بەو بۆچوونە ئەرێنیانەی دەرەوەی ئەمریکی دەیەوێ لە سەر باردۆخی ئێراق تیشکی بخاتە سەر، بەڵام قبوڵکردنی ئەوەیان پێ باشترە لە جیاتی بڕیاردان لە سەر ئەو وێنە باوەی هەیە، چونکە ئامادەنین مامەڵە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی بکەن.

کۆپلاندو بروجەر لە سەر لاوازی راپۆرتی ژمارە (٢١)ی دەرچوو لە دەرەوەی ئەمریکی ئەو سەرنجانەی خوارەوەیان هەیە.

راپۆرتی دیبلۆماسو رۆژنامەنوسان ئەوانەی کۆشش دەکەن بۆ ئەوەی بارودۆخی ناوخۆی ئێراق وا وێنا بکەن، کە قاسم لە لایەكو حیزبی شیوعی ئێراقی لە لایەکی دیکەوەیەو لەبەرانبەر یەك وەکو دژمن وەستاون. بەدواداچوونی کۆمەڵێك بابەت لە ناویاندا شوعیەکان کە هەتا ئێستا گەورەترین هێزی چالاکی حکومەتی قاسم پێك دەهینن، ئەو ناکۆکیانە لە نێوان

قاسمو شیوعیەکان لێرەو لەوێ بەدیاردەکەوێ بایەخی کەمتر نیە لەو ناکۆکیانەی لە نێوان شیوعیەکان خۆیاندا هەیە، کۆپلاندو بروجەر دەڵێن ئەگەر بمانەوێ ناحەز بەرانبەرەکانی ناو ئێراق پۆلین بکەین، ئەوە قاسمو شیوعیەکان لەلایەكو سوپا لەلایەکی دیکەوە دەیکەن، بەپێی بۆچوونی کۆپلاندو بروجەر سادەبینیەکی نازانستیە، چونکە دەستێوەردانی زۆر لە ناکۆکیەکانی ئێستادا هەیەو ئەستەمە بە بێ کۆکردنەوەی هەموو زانیاریەکانی پەیوەستن بە رووداوەکە بگەینە وێنایەکی کۆتایی.

٢- بەپشتبەستن بە کۆپلاندو بروجەر ئامانجی ئێستای حیزبی شیوعی ئێراقی بریتیە لە:

یەکەم: دەستگرتنی تەواو بە سەر یەکەکانی بەرگری میللیو زەبتکردنی هەڵسوکەوتی ئەندامەکانیانو سنووردانانێك بۆ ئەو کارە ئیستیفزایانەی جەماوەری دژی شیوعیەکان نیگەران کردووە.

دووەم: هەوڵدان بۆ زاڵبوون بە سەر لایەنگرانی نارێکخراوی خۆیان (هاوشێوەکان. و)، بۆ ئەوەی ئامادەیان بکەن ببنە پاڵپشتی ئامانجە سیاسیەکانی حیزبی شیوعیو رێگە نەدەن کاری بێسەرەوبەر بکەن، کە نەخشەی حیزبی شیوعی تێکبدەن.

سێیەم: بەردەوام بن لە سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی رژێمی ئێستای قاسم، ئەمەش بە رێگەی گەیشتن بە پلە گرنگەکانی حکومەتو سوپا بە تایبەت ئەفسەرە بچوکەکان، دوور کەوتنەوە لە هەر رووبەڕووبوونەوەیەك ببێتە هۆی وەستانی ئەو پرۆسەیە — ئەگەر ئەو قەناعەتە راست بێ- کۆپلاندو بروجەرو ئێمە (ئینگلیز. "و") بە لای ئەو قەناعەتە داین هەوڵی شیوعیەکان بۆ تاقیکردنەوەی توانای بەرگری قاسم مەسەلەیەکی نەکردەییە.

سەبارەت بە خواستی شیوعیەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی بە هێز لەگەڵ قاسم لە کەرکوك، کە ئەویش بە بەردەوامی نایەوێ ملکەچی داواکاریەکانی ئەوان بێ، کۆپلاندو بروجەر دەڵێن:

یەکەم: هەتا ئێستا قاسم هیچ داواکاریەکی جدی شیوعیەکانی رەتنەکردۆتەوەو ئەوانیش هیچ داواکاریەکی جدی قاسمیان رەتنەکردۆتەوە — بێجگە لەو داواکاریەی، کە سەرنج دەدەی لە مانشێتی رۆژنامەمەکانی شیوعی ئێراقی داواکار بۆ برەودان بە ئاکاری شیوعیەت لە دەسەڵاتو کۆمەڵگا، ئەمەش لە شالاوێکی راگەیاندن زیاتر نەبوو، کە هەتا ئێستاش ئەو دروشمانە بەرزدەکرێنەوە.

دووەم، بە پێی زانیاری ئێمە هۆکاری سازش نەکردنی زیاتری قاسم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەیزانی سەرئێشەی بۆ لە ناو سووپا دروست دەکات.

سێیەم: بە هۆی کۆمەڵێك هۆکارەوەیە روس ئامۆژگاری قاسمیان دەکرد نەرمی بنوێنێ لەگەڵ ئەفسەرەکان (بەتایبەت ئەو کۆمەڵەیەی لە رێگەی عەقید عەبدی کە پێش سێ هەفتە لە راپۆرتەکەمان ئاماژەمان پێدا)، هەتا نەهێڵێ سوپا کۆدیتای بەرانبەر بکات، هەندێ بەڵگە هەیە ئەوە دەسەلمێنن قاسم بۆ راوێژکردن لە پەیوەندی بەردەوام دابووە لەگەڵ سۆڤیەتو ئامۆژگاریەکانی ئەوانی بە جدی وەرگرتووە، هەتا ئەوەش پەیوەندی هەیە بە رووبەرووبوونەوەی شیوعیەکان"

کۆپلاندو بروجەر لەو باوەڕەدان ئەو پڕوپاگەندانانەی، کە شیوعیەکانی ئێراق لە رێگەی رووداوی کەرکوك ویستوویانە رووبەڕووبوونەوەیەك ئەنجام بدەن ئاکامەکانی دیار بێ، هیچ راستیەکی تێدا نیە، چونکە ئەو زانیاریانەی لای وازرەتی دەرەوەی ئەمریکی هەیە، لە ناویاندا (کۆپلاندو بروجەر) بە هۆی ئەو پەیوەندیە بە هێزەی نێوان قاسمو شیوعیەکان بەکارێکی نەکردەی دەزانن، ئەمەش بە هۆی ناکۆکیە دیارەکانی ناو ریزی شیوعیەکان لە نێوان ئەندامە مولتەزیمەکان بە خەتی حیزبو هاوشێوەو هاوسۆزەکانی شیوعیەوە، کۆپلاندو بروجەر لەو باوەڕەدان حیزبی شیوعی لە سەر ستراتیجیەتی کۆنترۆڵکردنی رژێمی قاسم بەردەوام دەبێ، بارودۆخی روسو حیزبی شیوعی ئێستا لە ئێراق لە هەمووکات باشترە، ئێستا هەردووکیان خەریکی ئامادەکردنی راپۆرتێکن لە سەر بارودۆخی ئێراق، بەڵام حیزبی شیوعی لە رووبەڕووبوونەوەی گەورەدایە لەگەڵ هاوشێوەیە شیوعیە توندڕەوەکان، ئەوانەی لەوباوەڕەدان دروستکردنی بارودۆخی دڵەڕاوکێو ئاژاوە باشترین رێگەیە بۆ ناچارکردنی قاسم بە سازشی زیاتر. مەسەلەی گرنگی ئەو ناکۆکیانەیە رووی لە حیزبی شیوعی کردووە، بۆیە مەسەلەی تاقیکردنەوەی توانای قاسم لەم بارودۆخەدا لە ئارادانیە.

٣- کۆپلاندو بروجەر دەڵێن: خەریکی نوسینی راپۆرتێکی تیروتەسەلین لە سەر رووداوەکانی کەرکوك، بەڵام هەتا ئێستا تەواویان نەکردووە، چونکە زانیاری تەواویان دەست نەکەوتووە، ئەو زانیاریانەش کە ئێستا هەن تێکگیرانی زۆرو لایەنگرە بەلای بۆچوونی رەسمی حکومەت بۆ رووداوەکە. ئەو چیرۆکەی ئێستا هەریەك لە کۆپلاندو بروجەر دەیلێن بریتیە لە پوختەی ئەو گێڕانەوەی لە سەرچاوەکانی رۆژئاواییو تورکیو لوبنانیو میسریو ئێراقیەوە دەستیان کەوتووە بەو شێوەیە:

تورکمان دەڵێن پێش دە رۆژ لە روودانی ئەو ئاژاوەیە بە شاراوەیی هەستیان بە پیلانێك کردووە، ئەمەش لە سەر ئەو بنەڕەتانەی خوارەوە:

یەکەم: سەرۆکی شارەوانی بە ناوی بەرزنجی پێشتر کەرەستەی زۆری سەربازی لە تەقەمەنیو جلوبەرگو چەکی سوكو بچوك هەڵگرتووە.

دووەم: بەرزنجی پێش ١٤ی تەموز هەواڵی داوەتە هەندێ لە هاوڕێکانی شاری کەرکوك بەجێبهێڵن، چونکە لەو شارەدا شتێك روودەدا، تورکمان لە سەر هەقن یان نا بەڵام ئەوان لە بارێکی تۆقینو لە چاوەڕوانی بارودۆخێکی گرژدان.

لە بەشی یەکەمی رۆژی ١٤ی تەموز چەند خۆپیشاندانێك بۆ پشتگیری شۆڕش روودیدا، کە کوردو تورکمان بەشداری تێدا کرد، لە ناو خۆپیشاندەراندا ژمارەیەك لە میلیشیا هەبوو، کە دوای زانرا ئەوانە شیوعین، بەڵام بەڵگەی دڵنیایی نیە ئەوانە ئەندامی رەسمی حیزبی شیوعی بن، بەڵام ئەو دروشمانە پەیوەندیان شیوعیەکانەوە هەبووە.

نیشانەی ئەو ناکۆکیە لە سەعات چواری دوای نیوەڕۆی رۆژی ١٤ تەموز بەدەرکەوت، بە تایبەت کاتێ هەندێ لە ئۆتۆمۆبیلە سەربازیەکان نزیکبوونەوە، بڵندگۆی دەنگیان هەڵگرتبو، دروشمی سوکایەتیکردن بە تورکمانیان بەرزکردەوە، هەندێ لە بەشداران لە ناو ئۆتۆمبیلەکانیانەوە بە دروشمی بەرژوەندی بەرەی نیشتیمانی یەکگرتوو هاواریان دەکرد، کە پێش دوو مانگ یان زیاتر لەلایەن شیوعیەکانەوە پێشنیازکراو بوو، سەرچاوە تورکمانەکان دەڵێن: دوای ئەو سوکایەتیە لە خۆپیشاندانەکە کشاینەوە، بەڵام سەرچاوەی دیکە دەڵێ: دوای ئەوەی گۆێبیستی ئەو دروشمە ئیستیفزایانە بوون هەندێ تورکمان توڕەبوونو هەوڵیاندا یەکێك لەو ئۆتۆمبیلانەی خۆپیشاندەرانی ناحەز بە تورکمانی هەڵگرتبوو وەرگێڕن، چاودێرانی ئەو رووداوە جەختیان لەوە کرد، دوای دوو سەعات (واتە سەعات شەشی ئێوارە. "و") بڵندگۆکان دروشمەکانی ناحەز بە تورکمانیان راگرتو ئەوجا بەو دروشمانەی جەختیان لە سەر دۆستایەتی هەموولایەك دەکردەوە هاواریان دەکرد، نەوەی کەمینەکانیش دەبێ رۆڵیان هەبێ لە خۆپیشاندانو ئاهەنگەکان.

وادیارە یەکەم رووداوی تەقەکردن لە سەعات حەوتی ئێوارەی ١٤ی تەموز بووە، لەو کاتەی کۆمەڵێك لە کوردە مەدەنیەکان (بەڵگەی یەکلایی کەرەوە نیە ئەوانە شیوعی بوون یان نا) هەوڵیاندا هێرش بکەنە سەر قاوەخانەی ١٤ی تەموز، کە خاوەنەکەی تورکمان بووە بە ناوی عوسمان، هێرشبەران فەرمانیاندا بە لابردنی هەندێ لەو دروشمانەی لە ناو روکاری پێشەوەی قاوەخانەکە هەڵواسرابوو، هەڕەشەیان لێکرد ئەگەر بە قسەیان نەکات لێی دەدەن، عوسمان دەستی کرد بە لابردنی ئەو دروشمانەو کوردە هێرشبەرەکان لە قاوەخانەکە چوونە دەرەوە، بەڵام

دوای ماوەیەکی کەم ئەوانەی توڕەیی‌و رقیان لێدەباری بەرانبەر تورکمان گەڕانەوەو عوسمانیان کوشت‌و لاشەکەیان راکێشا.

لەگەڵ ئەوەدا زانیاری تێروتەسەلەمان لە بەردەستدا نیە لە سەر سروشتی رووداوەکانی دیکەی هاوکاتی ناو کەرکوك، بەڵام ئێمە لەوباوەڕەداین کاری توندڕەوی لە کوشتن‌و لاکێشانی لاشە بە زەویدا لە ناو شار رووی دابێ، لە ماوەی نێوان سەعات ٦-٨ی ئێوارە هێزەکانی بەرگری میللی هێرشیان کردە سەر مەڵبەندی پۆلیس‌و دەستیان گرت بە سەر ئەو چەك‌و تەقەمەنیەی لێ بوو، کۆمەڵێك لە کوردەکان پەیوەندیان کرد بە هێرشبەران‌و بەشداریان کرد لە تالآن‌و دزینی سامانی تورکمانەکان.

دوای سەعاتێك لە هەواڵی هیرش بۆ سەر قاوەخانەکە، عەقید مەحمود عەبدورەزاق یاریدەدەری فەرماندەی فیرقەی دوو فەرمانی دەکرد بۆ ئەو یەکە (وحدە)انەی لە ژێر دەستیدان، هێرش بەرنە سەر ئەوانەی بەشداری کاری تێکدەرانەیان کردووە، لە سەرەتاوە سەربازەکان فەرمانیان جێبەجێ دەکرد، بەڵام دوایی دەرکەوت کوردو شیوعیەکان دەسەڵاتی تەواویان بە سەر شاردا هەیە، ئەرکی سەربازەکان بە تەنیا سەرکوتکردنی کوردو شیوعیەکان‌و گەڕانەوەی ئۆقرەیی‌و ئاسایش نەبووە لە ناو شار، ئەمە وای کرد هەندێ ئەفسەری بچوك‌و پلەدارو سەربازەکان لە لیوای چوار کە لە ناو کەرکوك خڕببوونەوە بچنە پاڵ کوردو هێزەکانی بەرگری میللی، کە هێرشیان دەکردە سەر تورکمان، هەتا گوایە ئەفسەرە بچوکەکان هێرشیان بردۆتە سەر نوسینگەی عەقید عەبدوڕەزاق بە چەك‌و هەڕەشە ناچاریان کردووە فەرمانەکانی بگۆڕێ (لە پارستنی تورکمان بۆ هێرش بردنە سەریان.. "و")، هەرچونێ بی ورەی ئەندامانی هێزەکانی فیرقەی دوو، کە پێویست بوو پارێزگاری لە تورکمان بکات وێران بوو، نەیدەتوانی هێرشی کوردو شیوعیەکان بوەستێنێ، بۆیە لە ماوەی یەك سەعات لە دەستپێکردنی ئاژاوەکە سەربازە یاخییەکان‌و هێزەکانی بەرگری میللی دەستیان بە سەر بارودۆخی کەرکوکدا گرت، هەندێ وای بۆ دەچن هۆی یاخیبوونی سەربازەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نیگەرانیەی باڵی بەسەر ریزەکانیدا کێشاوە ئەمەش بە هۆی گواستنەوەی داود سەلمان جەنابی فەرماندەی پێشووی فیرقەی دوو، کە شیوعی یان لایەنگریان بوو، لە بەرانبەردا عەقید مەحمود عەبدوڕەزاق رازی نەبوون، کە لە شوێنی ئەو دانرابوو، راپۆرتی یەکلایکەرەوەمان نیە لە سەر رۆڵی جەنابی لە یاخیبوون. پێویستە ئەو هێزانەی لەوێ کاردەکەن بە فەرمانی عەقید عەبدوڕەزاق لە ٨-٩ ئێوارەی ١٤ی تەموز ئۆقرەیی‌و سیستم بگەڕێتەوە بۆ ناو کەرکوك، بەڵام لە سەعات یازدەی

ئێوارەوە ورەیان دابەزیو هێزەکانی بەرگری میللیو سەربازە یاخییەکان هاتوچوویان لە ناو شار قەدەغە کرد، لەو ماوەیەدا هێزەکانی بەرگری میللیو سەربازە یاخیبووەکان چوونە پاڵ ئەو کۆمەڵە کوردیانەی کەلوپەلی تورکمانەکانیان لە دوکانو شوێنو بازرگانو ماڵەکانی گەڕەکە تورکمانەکان تالاَن کرد، ئەو حاڵەتە هەتا سەعات سێی بەیانی بەردەوام بوو، هەتا هەندێ چەکدار لە بەرگری میللیو شیوعیەکانو کورد هەڵیانکوتایە سەر ماڵی پیاوماقوڵی تورکمانی وەکو خەیروڵلاَ عەتا، کە یەکێك بۆ لە ناودارترین کەسایەتی تورکمانی بوو کوشتیانو لە دوای سەیارەی جێبی سەربازیان خست.

لە بەیانی ١٥ی تەموز هەندێ لە تورکمانو ئاشوریو ئەرمەن بۆ خۆشاردنەوە پەنایان بردە بەر قەلاَ، لە ١٦ی تەموز هێزەکانی بەرگری میللی بەئارپێچی ئەلمۆرتەرو بازوکا هێرشیان بردە سەر قەلاَ، ئەو بۆردومانە زیانی گەورەی هەبوو، بەلاَم وەکو دەبینرێ خەڵکی مەدەنی کەم بوونە قوربانی.

لە بەیانی رۆژی ١٥ی تەموز، هیچ فەرمان بۆ هێزەکانی دیکە دەرنەچوو بۆ رزگارکردنی کەرکوك لەو بارودۆخە گرژیە. بە هۆی جیاوازی ئاشکرا لە سروشتی رووداوەکانو تێکنەکردنەوەی هەواڵەکان ئێمە ناتوانین ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکەینەوە، لە کاتی دەست پێکردنی ئەو رووداوە هەتا ناردنی هێزی هاریکاری دیکە لە دەرەوەی شار لە ١٥ی تەموز نازانین چی روودەدا لە شرۆڤەکاریەکانی نوسینگەی قاسمو فەرماندەی سەربازی، بەلاَم دەتوانین جەخت بکەینەوە لە یەك مەسەلە، ئەویش ئەوەیە کە مشتومڕێکی زۆر لە نوسینگەی قاسمو عەبدیو فەرماندە بالاَکانی سوپا هەیە لە سەر ئەوەی کام لە یەکەکانی سەربازی لە توانای دایەو دەکرێ بنێردرێتە کەرکوك، بەلاَم لە کۆتاییدا هێزێك بە سەرۆکایەتی عەقید عەبدوڕەحمان هات بۆ فریاکەوتنی تورکمان. چەند گێڕانەوەیەك هەیە لە سەر ناسنامەی ئەو عەبدوڕەحمانە، بەلاَم راپۆرتە سەرەتاییەکان ئەوە دەگەیەنن عەبدوڕەحمان عارف بووە، کە دەکاتە برای عەبدوسەلام عارفی سەرۆکی پێشوو ئەمە هەڵەیە.

هێزی پشتیوان گەیشتە کەرکوك کە لە یەکە سەربازیە جێگیرەکانی جەلەولاو سەربازگەی دەرەوەی کەرکوکو سەربازگەی رەشید لە بەغداو سەربازگەی موسەیەب لە دووری ٤٠ کم لە باشووری بەغدا بوون، لەگەڵ گەیشتنیان بە شار، لە ١٦ی تەموز بارودۆخەکەیان هەڵسەنگاند، زۆربەی سەربازو ئەفسەرو پلەدارەکان بە تایبەتی کورد لە فەسیلی چوار دەرکەوت هەلاَتوون، عەقید عەبدوڕەحمان فەرمانیدا بە دەستبەسەرکردنی ئەوانەی مابوون لەو فەسیلەیە بۆ

سەربازگەکەیانو هەروەها فەرمانی بڵاوەپێکردنی هێزەکانی بەرگری میللی دا، لە ١٧ی تەموز هیچ شتێك رووی نەدا بە تەنیا چەند تەقەیەکی لێرەو لەوێی نەبێ لە ناو کەرکوك، بۆ رۆژی دوایی لە ١٨ی تەموز شار تەواو هێمن بۆوەو دەستگیرایەوە بە سەر بارودۆخ.

ئەفسەرەکانی سوپا لە زۆربەی ئاڕاستەکان لە نزیکەوە چاودێری رووداوەکانی کەرکوکیان دەکرد، زۆر لە ئاماژەکان لە ئاسۆوە ئاماژە بەوە دەکرێ، ئەگەر ئەو هێزە نەگەیشتایە کەرکوكو بە خێرایی دەسەڵاتی بە سەر بارودۆخەکە نەگەیشتبایە ئەگەری زۆر هەبوو لە هەموو بەشەکانی سوپا یاخیبوون پەیدا دەبوو. لە ئێوارەی ١٨ی تەموز بۆ ئەفسەرەکانی سوپا بە دیارکەوت کە بارودۆخەکە هێمن بۆتەوە، داوا لە قاسم کرا رێوشوێنی یەکلایکەرەوە بگرێتەبەر دژی بکەرانی ئاژاوەکەی کەرکوك، لەگەڵ ئەوەدا قاسم ئیدانەی رووداوەکانی کەرکوکی کرد، بەڵام هیچ هەنگاوێکی یەکلایکەرەوەی نەگرتەبەر، تەنیا دوای ئەو فشارەی ئەفسەرانی سوپا نەبێ. هەندی گومانیان وایە قاسم دوودڵ بووە لە گرتنەبەری رێوشوێنی خێراو یەکلاییکەرەوە، چونکە خۆیو ئەفسەرە سەربازیەکانی دیکە ئارەزوویان بووە پێشوەخت لەو بارودۆخە ئاڵۆزە تێبگەن بەوەی کێ دەستی باڵای لەو ناکۆکیەدا گێڕاوە، کۆپلاندو بروجەر لەگەڵ ئەوەدا نین قاسم زۆر نیگەران بووبێ لە ئاژاوەکانی کەرکوك وەکو لە رۆژنامەکاندا هاتووە، (ئەلکاتان) گومانی هەیە لەوەی قاسم رێنومایی دابێ بۆ ناردنی هێزی پشتیوانی بۆ کەرکوك.

کۆپلاندو بروجەر لەو باوەڕەدان دەستێوەردانی کورد لە رووداوی کەرکوك لە هی شیوعیەکان بەرچاوترە، (ئەلکاتان) دەڵێ: روونە کە هەموو ئەو هەنگاوانەی حکومەت لە بارەی رووداوەکانی کەرکوکەوە گرتبوویەبەر بۆ گەڕانەوەی ئۆقرەییو سیستم بووە نەك بە ئاڕاستەی دژی شیوعیەکان، ئەوەی شایانی باسە قاسم لە هەموو ئەو لێدوانو بڕیارانەی سەربارەت بە ئاژاوەکانی کەرکوك هەیەتی ناوی شیوعیەکانی نەبردووە، بەڵام لە کاتی وتووێژە نهێنیەکانی لەگەڵ دیبلۆماسیەکانی عەرەب ناوی بردوون بە "أنصاف الشیوعی".

ئەوەی کۆپلاندو بروجەر لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتێك لە سەر بارودۆخی کەرکوك دەماندەنێ:

یەکەم: نزیکەی ٧٠- ٨٠ هەزار تورکمان لە شاری کەرکوكو نزیکەی ٢٠ هەزار لە دەرەوەی کەرکوك هەن، هەر بەو بۆنەوە حکومەت ئەو ئەرمەنو ئاشوریانەی لە ناو کەرکوك بە تورکمانی قسە دەکەن بە تورکمانی هەژمار کردووە. دووەم: گردبوونەوەی دیکەی تورکمانی هەن لەو شارە بچوکانەی نێوان کەرکوكو موسڵو گردبوونەوەی گەورەی تورکمانی لە مەندەلی نزیك سنووری

توركی (مەندەلی شارێکی بچوکی نزیك سنووری ئێراقی — ئێرانیە نەك سنووری توركی.و). سێیەم: قاسم ٨٨٠ ئەفسەری لەوانەی لە نیسانی ١٩٥٩ کۆلیژی سەربازیان تەواوکردبوو لە دوای رووداوی کەرکوك خانەنشین کرد، چونکە ئەوانە رازی نەبوون جێگای ئەو ئەفسەرانە بگرنەوە، کە بە هۆی بەشداری لە یاخیبوونی موسڵ دەرکرابوون. چوارەم: لەوانەیە ئەو قسانەی دەڵێن پاسەوانەکانی کۆمپانیای نەوتی ئێراقی (ئینگلیزی. "و")، رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە زاڵبوون بە سەر ئاژاوەگێڕان، کە ئەوەش (فورن ریبورت) بەپشتبەستن بە سەرچاوەی دیکە باسی کردووە، لە ناویاندا هەندێ کارمەندی کۆمپانیای نەوتی ئێراقی، ئەوانەی لە کاتی رووداوەکە لە کەرکوك بوون، ئەو قسانە زیادڕەوی تێدایە، (ئەمە لە کاتێکدا بەپرسانی کۆمپانیای نەوتی ئێراقی دەڵێن: پاسەوانەکان ئەرکی خۆیان لە پاراستنی کەرەستەکانی کۆمپانیاکە بە باشی بەجێهێناوە ، بەڵام بەپێی قسەی ئەو بەرپرسانە ئەگەر پێشتر پاسەوانەکان بەشداریان کردبێ لەو شاڵاوانە، ئەوە هەڵسوکەوتێکی تاکەکەسی بووەو کۆمپانیا لێی ئاگادار نیە).

FO. 371/49668

## باڵوێزخانەی بەریتانی – بەغدا. ٢٩ی شوباتی ١٩٦٠
## ژمارە (١٠١١٤/٨/٦٠)
## نامەیەك لە سێر ئایچ تریفالیان
## ئازیزم جۆرج

مەلا مستەفا لە وەڵامی سەردانەکەی من لە باڵوێزخانە لێرە سەردانی کردمو لە وتوێژی نێوانمان ئەم بابەتەکەمان روون کردنەوە:

أ- وەکو بەدەردەکەوێ بارزانیەکان زۆر نیگەرانن بە هەڵسوکەوتی ئەو کۆمەڵە تاوانبارەی لە گفتوگۆی پێشتر ئاماژەی پێدرا، داوایان لە حکومەت کرد لە بارزانیان دوور بخاتەوە، ئەگەر بکرێ لە سلێمانی زەوی تازەیان بداتێ، بەڵام قاسم ئەو داوایەی رەتکردۆتەوە، وەزیری ناوخۆی ئێراقی وەڵامی ئەو سکاڵایەی بارزانیەکانی نەداوەتەوە، کە لە چەندین بۆنەدا خستویانەتەڕوو بۆ گرتنو بەسزاگەیاندنی تاوانباران، هەروەها وەزیری ناوخۆ رازی نەبووە بارزانیەکان بۆخۆیان دەستپێشخەری بکەن بۆ تۆڵە سەندنەوە لە بکوژان، ئەوەی گوێم لێ بوو باڵوێزی یوغسلافی لە بەغدا جەختی لە سەر دەکردەوە بەوەی بارزانیەکان ئێستا هەڵوێستیان لاوازە.

ب- بارزانی دەڵێ: لە روانگەی ئەوەی لەو چەند ساڵەی روویدا لە پشتگیری ئێستای شیوعیەکان لە ناو کورد تێدەگەم، هەروەها لەو گفتوگۆیەی دوایی بۆی روونکردمەوە، بۆچوونی تایبەتی مەلا مستەفا لە سەر شیوعیەت هاوشێوەی بۆچوونی منە، ئەم جارەیان بە تەنیابوو، ئەوەم بە دەرفەت زانی راشکاوانەتر قسەمان کرد لە سەر ئەو بابەتانەی پێشتر گفتوگۆمان کردبوو، بۆم دەرکەوت ئەو بەرپرس نیە لە پەیڕەوی ناوخۆی ئێستای پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لەلایەن لیژنەی مەرکەزیەوە دانراوە، وتی: پارتی پەیڕەوێکی ناوخۆی تازە دەنوسێتەوە، کە جێی رەزامەندی بەریتانیا بێ، بەڵام هەڵوێستی راستەقینەی لە سەر ئەو مەسەلەیە لە ماوەی داهاتوودا دەبینین،

ت- مەلا مستەفا راستگۆیە لە دۆستایەتی بۆ حکومەتی بەریتانیو شەخسی عەبدولکەریم قاسم.

British Embassy- Ankara ،FO. 371/157404

**١٩٦١/٢/٢٧**

## ئازیزانم لە بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەزارەتی دەرەوە، لەندەن

ئاماژە بە نوسراوی (٦١/٩٢/١٠١١٤) لە ٦ی تشرینی یەکەم لە سەر رووداوەکانی کوردستان،

٢- رۆژنامەکانی تورکی راپۆرتێکیان بڵاوکردەوە، کە ١٣٠٠ کوردی ئێراقی لە ئەوانەی هەڵاتبوون بۆ تورکیا، لە سەر داوای خۆیان مانگی تەموز گەڕانەوە بۆ ئێراق، رێوشوێنی گەڕانەوەیان لە نێوان هەر دوو حکومەت بۆ کراوە (راپۆرتی ژمارە ١٠٧١ی ٢٥ی تەمووز لە سەر گەڕانەوەیان بۆ ئێراق).

٣- هەوڵماندا لە بەرپرسی هۆبەی ئێراق لە وەزارەتی دەرەوە دڵنیابین لە سروشتی ئەو هەواڵە. بەرپرسی ناوبراو بە پلەیەکی باش هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە، بەندەکانی مادەی ٢٠ لە رێککەوتنی دۆستایەتی تورکی – ئێراقی ساڵی ١٩٤٦و یاسای تورکی ئێراقیەکان لە بە زۆر ناردنەوە بۆ ئێراق یان مانەوە لە تورکیا ناچار دەکات، کە ئەگەر لە تورکیا مانەوە رەگەزنامەی تورکیان پێدەدرێو حکومەت شوێنی مانەوەیان بە ئارەزووی خۆیان دوور لە ناوچە سنووریەکان بۆ دیاری دەکات. کەلحی ئاغی سەرۆکی زۆربەی پەناهێندەکانی تورکیا لەگەڵ ئەوەدا هۆزەکەی بە بەراورد لەگەڵ هۆزی دۆسکی هۆزەکەی بچوکترە بڕیاریدا بگەڕێتەوە ئێراق، ئەوەی مەسەلەی ئەوانی ئاڵۆز کرد هاتنی وەرزی زستانی پێشوەختو حاڵەتی نیمچە برسیەتی بووە لە ناو پەناهێندەکانی ناوچەی (یوسك ئاوا)ی وشكو برینگ، کە حکومەتی تورکی نەیتوانی هیچیان بۆ بکات بێجگە لە وەرگرتنی ١٠ پاوەند، کە پشتگیری رێکخراوێکی بەریتانی بووە، والی هەکاری بە هاوئاهەنگی لەگەڵ موتەسەریفی موسڵ رێوشوێنی گەڕانەوەی سەفەرەکەی بۆ دانان، بە سەیارەی سەربازی پەناهێندەکان لە (یوسك ئاوە)وە گواسترانەوە بۆ زاخۆو لەوێ رادەستی دەسەڵاتدارانی ئێراقی کرانەوە، دەردەکەوێ کە حکومەتی تورکی ئەو چەکانەی پێدابنەوە، کە پێشتر لە کاتی سنووربەزاندنیان بۆ تورکیا لێوەرگرتبوون، بەڵام

ئاگاداری ئەوەنین کە لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ ناو ئێراق حکومەتی ئێراقی ئەو چەکانەی لێوەرگرتوونەتەوە یا نا، نزیکەی هەموو پەناهێدەکان گەڕانەوە.

٤- لە میانی گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسی هۆبەی ئێراق لە وەزارەتی دەرەوە لە سەر بارودۆخی ئێستا بۆمان دەرکەوت، کە پرۆسەی بۆردومانی هێزی ئاسمانی دژی هۆزە هەڵگەڕاوەکان کۆتایی هاتووە، بەرپرسی هۆبەی ئێراق وتی: بە پێی ئەو زانیارانەی لە کەرکوك پێمان گەیشتووە، بارودۆخی شارو ناوچە شاخاویەکانی هاوسنووری ئێران هاوشێوەی ناوچەکانی هاوسنووری تورکیایە.

٥- بەرپرسی هۆبەی ئێراق لە دەرەوەی ئەمریکی بۆچوونی حکومەتی تورکی پێداوین لە سەر جولانەوەی هێزەکانی مەلا مستەفا لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوو، لەگەڵ شوێنی ئێستای مەلا مستەفا. ئەو بەرپرسە هەواڵی پێداین، کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم مەلا مستەفا بە ئاراستەی رۆژهەلاتی ناوچە کوردیەکانی هاوسنووری ئێرانی چووە بۆ ئەوەی بیکاتە بنکەی هەنگاوانو شارەزابوون لەو ناوچانەی دەبێتە رێگەی تەقلیدی گەڕانەوەی بۆ ئێران.

٦- حکومەتی تورکی لەو باوەڕەدایە ئەگەر سوپای ئێراقی بیەوێ دەتوانێ بە ئاسانی دەست بگری بە سەر جولانەوەی بارزانیدا، بەلاّم وەکو بەدەردەکەوێ قاسم دەیەوێ بارزانی وەکو هێزێكو بەشێك لە سیاسەتی تەقلیدی خۆی بۆ لێدانی ناوخۆی هۆزە کوردیەکان بهێڵێتەوە. حکومەتی تورکی دوودڵی خۆی نیشانداوە بەوەی هۆزی رێکاتی تووشی گرفتاری تۆڵەسەندنەوەی هێزەکانی مەلا مستەفا ببێ، تورکەکان بە دووری دەزانن حکومەتی ئێراقی هێزەکانی رێکانی لە دوا شالاّو بەکاربهێنێ بۆ زاڵبوون بە سەر مەلا مستەفا بارزانی، چونکە لەو باوەڕەدایە هەتا ئێستاش مەلا مستەفا لەوە بەهێزترە هێزەکانی رێکانی نوشستی پێ بهێنن.

٧- نوسخەیەك لەو نامەیە دەنێرین بۆ باڵوێزخانەکانمان لە بەغداو تارانو دیمەشقو بەیروتو عومانو قاهیرەو سەرۆکی هۆبە.

**دڵسۆزتان**
**لە نوسینگەی باڵوێزخانە**

FO 371/16481

## بەڕێوەبەرایەتی رۆژهەڵات ١٩٦٢/١٢/١٣

## هەڵگەڕانەوەی کورد لە کۆمپانیای نەوتی ئێراقی (IPC)

هەڵگەڕانەوەی کورد لە ئێراق بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی دژی حکومەتی ئێراقی لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٦١ دەستی پێکرد، یاخیبوان وردە وردە رووبەرێکی فراوانیان خستە ژێردەستی خۆیانەوە، هەتا گەیشتە ئەو مەترسیەی توانیان لە کانە نەوتیەکانی بەریتانی کەرکوك‌و لە کانە نەوتیەکانی ناوچەی موسڵ نزیك ببنەوە، دوای ئەوەی بۆڕیەکانی نەوتی نزیك کەرکوکیان لە ئابی ١٩٦٢ خراپ کرد ( دوای ئەوەی حکومەتی ئێراقی بەبێ ئەوەی نەوت بوەستێ چاکی کردەوە)، لە ١٠ی تشرینی یەکەم کۆمەڵەی چەکدار، کە ژمارەیان دەگەیشتە ٥٠٠ کەس هێرشیان کردە سەر کانەکانی کۆمپانیای ئێراقی نزیك (عەینە زالە)و توانیان بچنە ناوەوەو (دی ، سی، دانکۆرس) یاردەدەری سەرپەرشتیاری سەرەکی ئەو کانە برفێنن، دوای پێنج هەفتە لە دیلی ئازادیان کردو سەفەری ئێرانی کرد، دانکۆرس دەڵێ: لەمیانی دەستبەسەری مامەڵەیان لەگەڵیدا باش بووە، هەواڵیان گەیاندە مەلا مستەفا، کە ئامادەکاری هەیە شاڵاوێکی سەربازی گەورەتر بکرێتە سەر کانەکای سەر بە کۆمپانیای نەوتی ئێراقی لە کەرکوك، لە ٢٥ی تشرینی دووەم بەڕێز جی، جۆسلنج شارەزای بواری جیولۆجی کە لە کۆمپانیای نەوتی ئێراقی کاری دەکرد ون بوو، ئەرکی ئەو رووپێوکردنی ناوچەکانی نزیك کەرکوك بوو، هیچی لە بارەیەوە نەزانرا، ئەوکات دەنگۆ هەبوو گوایە کوردەکان فڕاندوویانە.

٢- باڵوێزخانەی حکومەتی خاوەن شکۆی پاشایەتی بەریتانی لە بەغدا بە واژۆی هێزی پێشمەرگەی نیشتیمانی کوردستان، کە نوسخەی بۆ هەموو باڵوێزخانەکانی بەغدا چوو ئاگادر کرایەوە، داوای لە کۆمپانیاکە کردووە هەموو کارمەندەکانی لە کوردستان بکێشێتەوەو چالاکیەکانی رابگرێ، چونکە بزوتنەوەی کورد نەخشەی لێدانێکی گەورەی هەیە لە حکومەتی قاسم‌و نایەوێ هیچ زیانێك بە هاوڵاتی بەریتانی بکەوێ، بڵاوکراوەکە داوای کردووە هەموو هاوڵاتیە بەریتانیەکان لە زاخۆ لە باکورەوە هەتا خانەقین لە باشور بکشێنەوە، چونکە ئەو

ناوچەیە دەبێتە مەیدانی چالاکی شۆڕشگێڕانی کورد، هەروەها ئاگاداری داوە بەبێ مۆڵەتی پێشوەخت نەچنە ئەو ناوچانە، کۆتایی ئاگادارکردنەوەکەی بەم هەواڵە هێناوە "شۆڕشگێران خاوەنی قسەی خۆیانن، داوا لە بەکاربەرانی بەریتانی دەکەن لە ناوەندەکانی خۆیان بمێننەوەو بەرەو قوڵای کوردستان نەیەن‌و لەو ناوچانە دوور بکەونەوە کە گرژی تێدایە".

٣- ئێمە ئێستا بە تەنیا پێشبینیە لە سەر سروشتی ستراتیژیەتی بزوتنەوەی کوردی، بەڵام وەکو بەدەردەکەوێ یاخیبوانی کورد تەنیا دەیانەوێ بوونی خۆیان بسەلمێنن‌و لەو باوەڕە دانیم سووربن لە سەر لێدانی کانە نەوتیەکان روخانی قاسم‌و وەستاندنی هاوردەکردنی نەوت، چونکە یاخیبوان باش دەزانن زیان گەیاندنی گەورە بە نەوتی ئێراق هەستی رۆژاوا و هێزەکانی بەرهەڵستکاری قاسم، کە هەتا ئێستاش لەگەڵیدا لە ناکۆکیدان باش دەوروژێنێ.

کۆمپانیای نەوتی کەرکوك بەپشتبەستن بەوەی لە دانکۆرسی بیستووە زۆر دڵنیایە، کە کورد بەرنامەی هەیە شاڵاوی گەورە بکاتە سەر کانە نەوتیەکانی نزیك کەرکوك. بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیا لە ئێراق‌و جەنابی باڵوێزی بەریتانی لەو قەناعەتەدان رێوشوێنی ئەمنی ئێستا بە هیچ شێوەیەك بەس نیە، دامەزراوەو کەرەستەکانی سەر بە کۆمپانیا لە شوێنی دوورن‌و زیاتر جێی مەترسین، لە هەندێ کات زیانگەیاندنی گەورە بەو دامەزراوانە دەبێتە هۆی وەستانی گەورە لە دەرهێنانی نەوت، سەرەڕای ئەوە زیانگەیاندنی گەورە بە دامەزراوەکانی سەر بە کۆمپانیای نەوت یان بە کرێکارەکانی دەبێتە هۆی کشانەوەی هەندێك یان هەموو کرێکارەکانی کۆمپانیای نەوت‌و ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوە یان وەستانی تەواوی بەرهەمی نەوت.

٥- بەڕێز باڵوێزی حکومەتی خاوەن شکۆی پادشایەتی لە بروسکەی ٨١٣ی بەرواری ٨ی کانونی یەکەم‌و دواتر پرسیاری کردووە:

أ- وریای دراوە بە کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی ئێراقی، لە ناویاندا کارمەندانی ئینگلیز، بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی زیاتر، کێ ئەو فەرمانانە دەردەکات؟

ب- هەندێ هەوڵ بۆ قەناعەت هێنانی حکومەتی ئێراقی بدرێ هەتا رێوشوێنی زیاتر بگرێتەبەر بۆ زامنکردنی مەسەلەی پاراستنی دامەزراوەکانی کۆمپانیای نەوتی ئێراقی.

بەڵام هەتا ئێستا باڵوێزی بەریتانی‌و بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای نەوت لەو باوەڕەدانین گونجاوبێ وریایی بدرێتە بەریتانیا بۆ کارمەندانی کۆمپانیا، چونکە دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە. لەلایەکی دیکەوە وریاییدان جۆرێك لە حاڵەتی ئاژاوەو دڵەڕاوکێ لە ریزەکانی

کارمەندان دروست دەکات، پاشان ئەگەر حاڵەتی ورياييدان هەر شوێنەوارێكی خراپی لێكەوتەوە لە سەر كەمبوونەوەی نەوت، ئەوە حكومەتی ئێراقی دەبێتە هۆكاری دەستێوەردانی حكومەتی بەریتانی لە كاروباری كۆمپانیا بە مەبەستی زیانگەیاندن بە بەرژوەندیەكانی ئێراقیو وەستاندنی ناردنە دەرەوەی نەوت. سەرەڕای ئەوە حكومەتی ئێراقی لەو باوەڕەدانیە لە رووی ئۆقرەییەوە پێویست بە دەركردنی هیچ ورياييدانێك بكات، بە تايبەتی مەسەلەی ورياييدانی خەڵك لە كارمەندانی كۆمپانیا لە منداڵو ژن بەوەی ئێراق بەجێبهێڵن، دەركردنی فەرمانی ورياييدان بۆ كارمەندانی كۆپانیا بە هەر دەرئەنجامێكی خراپ، شوێنەواری خراپ بەجێدێڵێ لە سەر پەیوەندی بەرێوەبەرایەتی لقی كۆمپانیا لە ئێراق.

٦- بەڵام ئەوەی رێوشوێن پێویستەو لە برگەی ٤ (ب) لە سەرەوە هاتووە، بەڕێوەبەرایەتی كۆمپانیا لەوباوەڕەدایە پێویستە بەڕێوەبەری كۆمپانیا لە بەغدا بگاتە عەبدولكەریم قاسمو لە مەترسی چاوەڕوانكراو لە سەر كاری كۆمپانیا لە ناوچە كوردیەكان قسەی لەگەڵدا بكات، بۆ قاسم روون بكاتەوە كە بەیەكگەیشتن هەیە لە نێوان بەرژەوەندی ئەوو كۆمپانیایەكە، بەوە حكومەت دەستپێشخەری بكات لەوەی پەیوەستە بۆ كانەكانی باكور، چونكە وەزیر پاراستنی كۆمپانیای وەكو هەڕەشە گوێزرایەوە لای قاسم، لەگەڵ ئەوەدا بەڕێوەبەرایەتی رۆژهەڵاتی لە لەندەن وای پێ چاكە، یەكەم جار حكومەتی ئێراقی لە رێگەی باڵوێزەوە لە بەغدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێراقی قسە بكات، بەڵام بە هۆی ئەو دەرئەنجامە خراپەی لێی دەكەوێتەوە، هەتا لەبەرانبەر پەرلەمانو رۆژنامەدا شەرمەزار نەبین بڕیارماندا ئەوە لێ بگەڕێین بۆ ئارەزووی كۆمپانیاو پێشوازی لە هیچ رێوشوێنێك نەكەین دەرفەت بۆ بەڕێوەبەری كۆمپانیا خۆش بكەین داوای دیداری قاسم بكات.

٧- لە بەر ئەو هۆیانە بەڕێوەبەرایەتی رۆژهەڵات رازی بوو بە پێشنیازی باڵوێزی حكومەتی بەریتانی لە بەغدا، بەوەی بارودۆخی ئێستا گونجاو نیە بۆ دەركردنی ورياييدانی رەسمی لەلایەن كۆمپانیا بۆ كارمەندەكانی لە باكور، دواخستی ئەو مەسەلەیە بۆ كاتێكی دیكەو نەدواندنی وەزیری دەرەوەی ئێراقی لەوبارەیەوە رەشنوسی بروسكەیەك ئامادە كرا.

٨- بەشی كونسوڵیەكان رازی بوو لەسەر پێشنیازی بەڕێوەبەرایەتی رۆژهەڵات

جی. ئایف. هیلەر

FO. 624/63

## "لێدوانی حاجی عەباس سەلیم ئاغا لەسەر هاوپەیمانیەتی ئەو لەگەڵ شێخ مەحمود"

١- حاجی عەباس ئاغا لە ١٩٤١/٩/٢٢ سەردانی کردمو هەواڵی پێدام، کە ساڵی رابردوو ئاشتەوایی کردووە لەگەڵ شێخ لەتیفو شێخ جەلال، دوای ئەوەی هەموو گەیشتنە ناکۆکی لە سەر مافی موڵکداریو ئیمتیازاتی هەندێ گوندی شارەزوورو سەردەشت، ئەو ناکۆکیانەی دەکرا یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی حکومەت لە پێناو بەرژوەندی خۆیان وایان کرد وەکو خۆی بمێنێتەوە.

٢- دوای ئەوەی سەرۆکەکانی پشدەر زانیان رەشید عالی گەیلانی دوژمنکاریی دژی بەریتانیا دەست پێکردووە، حاجی عەباس ئاغا سەردانی هەریەك لە شێخ لەتیفو شێخ جەلالی کرد، هەموو رێککەوتن شۆڕش دژی حکومەت دەست پێ بکەن، کاتی حاجی عەباس ئاغا گەڕایەوە پشدەر بابەکر ئاغا بەوەی زانی کۆبوونەوەیەکی بە میراودەلیەکان (خانەوادەی دەسەڵاتدار) کرد، هەموو ئاغایەکان ئامادەی ئەو کۆبوونەوە بوون، لە ناویاندا عەباسی مەحمود ئاغا، کە لەوێدا حاجی عەباس ئاغا دەریخست، کە لە سلێمانی لە پەیوەندی دایە لەگەڵ حەم ئاغاو بەپێی زانیاری ئەو هەموو رێککەوتوون لە سەر شۆڕشکردن، بۆیە هەموو ئاغایەکان رێککەوتن لە سەر شۆڕشو کۆبوونەوەکەیان بە سوێندخواردن کۆتایی پێهێنا، بەپێی نەخشە دەبوایە هەریەك لە بابەکرا ئاغاو عەباسی مەحمود ئاغا قەلادزەو (بنگردو رانیە) داگیر بکەنو لە هەمان رۆژدا بە هاوئاهەنگی لەگەڵ شێخەکان چوارتاو سەردەشت داگیر بکەن، دەبوایە دوای ئەوە سلێمانی داگیر بکرێ (ئەگەر سلێمانی نەکەوێتە دەست پیاوماقوڵانی شار)، دوایی بە ئاڕاستەی کەرکوكو هەولێر بڕۆن.

٣- لە دوای ئەوە بۆ پەیوەندیکردن بە سلێمانی حاجی عەباس گەڕایەوە بۆ (دۆڵە)، کە دەکەوێتە گاپیلۆن، بەڵام نەخۆش کەوتو بۆ ماوەی دوو بۆ سێ رۆژ لە جێگادا کەوت (بۆیە بە راستی نەخۆشە)، بەڵام پێش ئەوەی هەر هەنگاوێ بهاوێ هەریەك لە حەمە ئاغاو ئەحمەد تەقی گەیشتن قەناعەتیان پێکرد بەشداری شۆڕش نەکات، حاجی عەباس باوەڕی وایە عەلی کەمال

قەناعەتی پێکردووە شۆڕش نەکات، (دەڵێ عەلی کەمال لە ٨ی مایسەوە لە سلێمانی بووە)، ماجید مستەفا " لەلایەن رەشید عالیەوە نێرداوە بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بەکاربهێنێ نەهێڵێ شۆڕشی نەخشە بۆ کێشراو ببێ "بەڵام ماجید پێش ٢٥ی مایس نەگەیشت، لەو ماوەیەدا بابەکر ئاغا نامەیەکی بۆ حاجی عەباس ئاغا نوسیوەو دەڵێ: (مەسەلەی شۆڕشی نەخشە بۆ کێشراو بۆتە کارێکی نەکردە)، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا لە سەر ئاستی کەمتر لە ناوچەکە کاری دەوێ، لەو رۆژانەدا شێخ مەحمود گەیشتە سلێمانیو لەگەڵ حاجی عەباس ئاغا رێکەوت، کە کاتی شۆڕش بە درەنگ کەوتووە، بۆیە بابەکرو سەلیم ئاغا لەشکرێکی ٧٠٠ کەسیان ئامادە کرد، کە هەریەك لە حاجی مەلا، حاجی عەباس، رەشید عەبدوڵڵا، سەید وەسمان ئاغا، حەمزە عەبدوڵڵا ئاغا، مەحمودی رەسوڵ ئاغا چوونە پاڵ ئەو لەشکرە.

٤- تێپەڕبوونی ئەو سوپا گەورەیەی پشدەر بە گوندەکانی سەرێگای خۆی خەڵکی گوندەکانی (ولاغلو، باڵخ، چوغماغ، ویراس، مالومە)ی، ترساند، کە ناکۆکیان لە سەر زەوی هەبووە لەگەڵ ئاغایەکانی پشدەر، خەڵکی گوندەکانی ولاغلو و باڵخ گوندەکانیان بەجێهێشت، بەڵام قەناعەتیان پێکرا بگەڕێنەوە، بەڵام گوندەکانی چوغماغو مالومە داوایان کرد پۆلیس پاسەوانیەتیان بکاتو بۆیان کرا، بەڵام سەبارەت بە گوندی (ویراس) بە هاندانی کوێخا مەجید هێرشیان کردە سەر پێشەنگی ئەو هێزەی پشدەر کە بەڕێوەبوون بۆ ئەوەی خەڵکی گوندی دڵنیا بکەنەوەە ئەوان بە ئامانج ناگیرێن، لە ئاکامی تەقە کردنی خەڵکی ئەو گوندە ٧ کەس لە میراودەلیەکان کوژراو ٥ی دیکە پێکرا، کاتی هێزی سەرەکی گەیشتە گوندەکە ٥ کەسیان کوشتو ٩ کەسیان بەدیل گرت، بەڵام ئەوانە بە ناوبژیوانی شێخ مەحمود ئازاد کران دوای ئەوەی هەندێ مەسەلەی پەیوەست بە زەوی یەکلایی کرایەوە.

٥- (لە دەقە عەرەبیەکەی ئەم خاڵە بەجێهێڵراوە)

٦- لەوکاتەدا هەواڵی کەوتنی حکومەتی رەشید عالیو هەڵاتنی لە بەغدا گەیشت.

٧- حاجی عەباس ئاغا دەڵێ: بۆ یەکەم جار لە ١٦ی مایسی ١٩٤١ شێخ مستەفای قەرەداغی هات بۆ بینی شێخ مەحمود، داوای لێکرد بەڵگەنامەیەکی نوسراوی بداتێ کە بەڕێوەبەرایەتیە سیاسیەکان لە بەغدا زۆر رقیان لێیەتی، شێخ مستەفا بە تەنیا لەگەڵ شێخ مەحمود کۆبۆوە، شێخ مستەفا هیچ قسەیەکی تایبەتی بە حاجی مەحمود ئاغا نەوت، لەو کۆبوونەوەیەدا هیچ مەسەلەیەکی تایبەت بە پەرتکردنی هێزەکانی پشدەر باس نەکرا.

٨- حاجی عەباس دەڵێ: لە کۆبوونەوەی دووەم لەگەڵ شێخ مستەفاو عەقید نورەدین، کە لە ٣٠/٦/ ١٩٤١ دابوو، لەلای خۆیانەوە ڕێککەوتوون لە سەر بڵاوەپێکردنی هێزەکانی پشدەرو لابردنی سەنگەرەکانی سەر ڕێگا، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ڕێککەوتن لە سەر ناردنی هێزی زیاتری پۆلیس بۆ (دۆڵەو چوارتا)، موتەسەریف ئەو هێزەی پاشەکشە پێنەکرد، بەڵکو هێزی زیاتری ناردە سەر ڕێگەی کەیوان بۆ مەکاقوبەو چوارتا، شێخ مەحمود نامەی بۆ مەتەسەڕیف نوسی، داوای لێکرد ئەو هێزانە بکێشێنێتەوەو لە هەمان کاتدا هێزەکانی پشدەری لە سەر خاڵەکانی پشکنین دابەش کرد، بەڵام لە کۆتاییدا شێخ مەحمود قەناعەتی کرد، هێزەکانی پشدەر بڵاوە پێ بکاو بەپێ بەندی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان خۆی حکومەت هێزێکی ٦٠- ٧٠ کەسی بۆ پارێزگاری خۆی هێشتەوە، کە دەڵێ "شێخ مەحمود مافی خۆیەتی هێزێکی گونجاو بۆ پارێزگاری خۆی بهێڵێتەوە".

٩- حاجی عەباس دەڵێ: لە ڕوانگەی ئەو ئامۆژگاریانەی لە ڕێگەی پیرۆتی کوڕی بابەکرا ئاغا ناردم بۆ بابەکر ئاغادا، لە دوای ئاگاداربوون لەو ئامۆژگاریە حاجی عەباس لەگەڵ شێخ مەحمود ڕێککەوت بەبێ هیچ ترسو گومان بێتە سلێمانی، شێخ مەحمود بەرەزامەندی شێخ مستەفا قەرەداغی سەردانی داریکەلی کرد، دوای گەڕانەوەی لە داریکەلی لە سلێمانی خرایە ژێر فەرمانی بە زۆر نیشتە جێکردنو بە کەفالەتو مەرجی حکومەت ئەوە بووە کوڕەکانی (حاجی مەلا، ڕەشید عەبدوڵڵا ئاغا، سەید وەسمان ئاغا، حەمزە عەبدوڵڵا ئاغا، مەحمودی ڕەسوڵ ئاغا) بچنە سلێمانی.

١٠- لە ١٦ی ئەیلون حاجی عەباس ئاغا هات بۆ بەغدا، لەکاتی هاتنی بۆ بەغدا شێخ مەحمود دەرفەتی بە ڕەسوڵ ئاغا دا بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی بەو مەرجەی هەرکاتی داوا کرا بگەڕێتەوە.

**س،ج. ئەدمۆس**
**23/9/1941**

FO. 371/157404

**بروسکەی ژمارە: ١٩٩، ١، ١ی شوباتی ١٩٦١**

**زۆر نهێنی.**

**لە وەزارەتی دەرەوە بۆ باڵوێزخانەی بەریتانی لە ئەنقەرە**

**نوسخەیەك دەنێردرێ بۆ بەغدا، تاران، قاهیرە**

**هەروەها نوسخەیەك بۆ واشنتۆن و کراچی (٥٤١)**

**بروسکەتان ١٤٥ "کورد لە ئێراق"**

ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ئەوەی لە بروسکەی باڵوێزخانەکەماندا لە بەغدا بە ژمارەی ٩٤ هاتووە، بۆیە ئێمە نامانەوێ ئەو تێڕوانینە بدەینە ئەوانی دیکە بەوەی ئێراق بە تەنیا کێشەی کوردی تێدا هەیەو هەریەك لە ئێران و تورکیا کێشەی لەو جۆرەیان نیە.

٢- دەکرێ ئەو مەسەلەیە بەو شێوەیە پێشنیاز بکرێ: لەگەڵ چەندین دەسپێشخەری دۆستانەی قاسم، کەچی هەتا ئێستاش رژێمەکەی لەلایەن زۆرینەی کوردەوە قبوڵ نیە. هۆکاری سەرەکی پەیوەندی بە جێبەجێکردنی یاسای ریفۆرمی کشتوکاڵیەوە هەیە، لە راستیدا هەستێکی گشتی لە ناو زۆربەی توێژەکانی گەلی ئێراقیدا هەیە، بەڵام کورد بەوە گوزرارشتی لێدەکەن، کە لە ژێر چەتری بزوتنەوەیەکی کوردیەوە لە حکومەتی عەبدولکەریم ناڕازین و خەون بە سەربەخۆییەوە دەبینن.

ئەگەر بمانەوێ لە بایەخی ئەو رووداوانە تێبگەین دەبێ ئەو هۆکارانەی پەیوەست بەو رووداوەش حاڵی بین:

ج- قاسم هەر هێندە دەرفەتی ئازادی دەدا کە پارێزەری ئەمینی رژێمەی بێ.

ح- لەگەڵ ئەو هەوڵە زۆرەی کۆمۆنیستەکان، بەڵام کەمینەیەکی بچوك نەبێ نەیانتوانیوە کورد بەلای خۆیاندا رابکێشن.

خ- بەشی زۆری ئەو ئاژاوەی ئێستا ململانێی هۆزایەتین‌و پێویست نیە دژی حکومەت ببنەوە، بڵێن قاسم دەستی لەو ئاژاوانەی ئێستادا هەیە، گروپێك دژی گروپێکی دیکە پشتیوانی دەکا.

٤- لەگەڵ ئەوەدا روس لە ئێراق هەوڵی زۆری داوە کار لە کورد بکات، هەتا قەیرانە بەردەوام بێ، بەڵام نەیتوانیوە کارێك بکات بۆ وروژاندنی ئاژاوەی گەورە لە کوردستان.

FO. 371/157404

**ژمارە B /١٨٢١/٢ B**

**زۆر نهێنی ٤ی شوباتی ١٩٦١**

**لە: باڵوێزخانەی بەریتانی – ئەنقەرە**

**بۆ: بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست/ وەزارەتی دەرەوە**

**بەڕێزان لە بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

١) سەرنجتان رادەکێشم بۆ بروسکەی وەزارەتی دەرەوە ژمارە ١٩٩ بەرواری ١ی شوبات، پەیوەست بە گفتوگۆی نێوان ئەنجومەنی نوێنەرانی دەوڵەتی ئەندام لە هاوپەیمانیەتی سەنتۆ لە سەر دوا پەرەسەندنەکان لەمەڕ مەسەلەی کورد.

٢) کاتی مەسەلەی کوردیم زیادکرد بۆ گفتوگۆ نهێنیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی هاوپەیمانی سەنتۆ، باڵوێزی حکومەتی پایەبڵندی پاشایەتی سەرنجی ئامادەبوانی راکێشا بۆ ئەو وتارەی لە سەر کورد لە گۆڤاری "ئیکۆنۆمیست"ی بەریتانی لە ژمارەی رۆژی ١٩ی کانونی دووەمی ١٩٦١ بڵاوکرابۆوە، لە بەر ئەوەی باڵوێزی پاکستانی لەو کۆبوونەیەدا دوو جار ئەو ئەگەرەی بە ناڕاستەوخۆ دەربڕی، کە زانیاریەکانی ناو گۆڤاری ئیکۆنۆمیست بە ئاگاداری ناراستەوخۆی بەرپرسانی حکومەتی بەریتانی بڵاوکراوەتەوە، باڵوێزی بەریتانی لە سەر ئەو مەسەلەیە روونکردنەوەیەکیدا، دەیوت: ئەو راپۆرتە هەڵەی زۆری تێدایەو باڵوێز هاوڕانیە لەگەڵ ئەوەی لەوێدا هاتووە، بە بۆچوونی ئەو حکومەتی ئێرانیو تورکی بایەخی گەورە بەو مەسەلەیە دەدەنو زۆر لێ ئاگادارن. دوایی باڵوێز چووە سەر بڕگەکانی ٢و ٣ لە بروسکەی وەزارەتی دەرەوە.

٣) باڵوێزی تورکی وتی: حکومەتی بەریتانی بەڵگەی زۆری لە سەر ئەو مەسەلەیە بەدەستەوەیە، کە بەدەست حکومەتەکەی ئەوەوە نیە، دوای ئەو لێدوانە کورتە بێدەنگ بوو.

٤) نوسخەیەك لەو راپۆرتە نێردرا بۆ باڵوێزخانەکانی بەغدا، تاران، قاهیرە، واشنتۆن، نوسینگەی نوێنەری باڵا لە کەراچی.

**له: نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی**

**بۆ: بەردەستی گشتی**

**ژمارە (E/٨٠٩)**

**٩ی تەمووزی ١٩٦٣**

**کۆبوونەوەی ٣٦، مادەی ژمارە (١) لە خشتەی کار**

**"سیاسەتی شەڕی پاکتاوکردن دژی کورد لەلایەن حکومەتی ئێراقی"**

**داواکاری بۆ زیادکردنی بڕگەی نویٚ بۆ نەخشەی کارکردن**

**نامەی سەرۆکی نێردەی یەکیەتی سۆڤیەتی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان‌و بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی**

**بەرێز میستەر . أ. باتینۆ**

**سەرۆك**

کۆبوونەوەی سی‌و شەشی ئەنجومەنی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی "بە پشبەستن بە بەندەکانی مادەی ٦٢ی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە (٩٦ "١"ی بەرواری ١١ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦ی تایبەت بە تاوانی جەنگ‌و پاکتاوی رەگەزی مرۆڤی، نوێنەری یەکیەتی سۆڤیەت لە ئەنجومەن بڕگەیەکی گرنگ‌و بە پەلەیە لە بەندەکانی کۆبوونەوەی ئێستا بە ناونیشانی "سیاسەتی شەڕی پاکتاوکردن دژی کورد لەلایەن حکومەتی ئێراقی"

هاوپێچی ئەم یاداشتنامەیەی روونکردنەوەو رەشنوسی بڕیار، لە سەر ئەو بابەتە پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە.

شوپاسگوزاری ئێوەم، ئەگەر ئەو نامەیەو هاوپێچی لە ناو بەڵگەنامە سەرەکیە بڵاوکراوەکانی لە کۆبوونەوەی ژمارە (٣٦)ی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوبکەنەوە.

**ئایس، بورسیف**

**سەرۆکی نێردەی سۆڤیەتی بۆ ئەنجومەنی ژمارە (٣٦)ی ئەنجومەن**

**یاداشتنامەی پێشکەشکراو بە نێردەی سۆڤیەتی لە سەر سیاسەتی جەنگی پاکتاوکردن دژی کورد لەلایەن حکومەتی کۆماری ئێراقەوە**

لەم ڕۆژانە حکومەتی ئێراقی تاوانی شەڕی پاکتاوی مرۆڤی دژی گەلی کوردی ئێراق ئەنجام داوە، حکومەتی ئێراقی تاوانباری شەڕی پاکتاوی گشتیە دژی گەلی کورد، لە ٦ی حوزەیران شاڵاوێکی سەربازی چڕی دژی کورد، کە چارەکێکی دانیشتوانی وڵاتەکەی پێکدەهێنن ئەنجام داوە، ئەو شەڕەی حکومەتی ئێراقی ئەنجامی داوە دژی کورد بەشێکی فراوانی ناوچەکانی باکور دەگرێتەوە، کە یەکەکانی فرۆکەو دەبابەو یەکەکانی زرێپۆشو تۆپبارانی ڕەشەکوژیو لە ناوبردنی خەڵکی تەواو سڤیلی گوندەکان بە ئامانج گیراوە، هێزەکانی حکومەت لەو شەڕەدا قەسابخانەی بە کۆمەڵو سیاسەتی سەرکوتکەرانەی دژی کورد ئەنجام داوە، کۆی زیانەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی بە هۆی بۆردومانی ئاسمانیەوە وێرانکردنی ٢١ گوندو کوشتنی ١٥٠ منداڵو ئافرەت بووە.

ئەو شاڵاوە بەربەریەی تووشی کورد بووە بە تەنیا بەوە تاوانبارە، کە لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەیی خۆی خەباتی بەردەوامی گرتۆتەبەر، داواکاریەکانی کورد ڕەوایەو پشتئەستوورە بە بنەماکانی مافی چارەنوسی گەلان، لە سەر هەموو گەلانە ڕێزی ئەو مافە بگرنو دان بە خواستە نەتەوەییەکانیدا بنێن.

گەلی کورد هەتا ئێستا لە هەوڵدایە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی بە ڕێگەی ئاشتیانە، لەو بارەیەوە دانوسانی لەگەڵ حکومەتی ئێراقی کردووە، داوای جیابوونەوە ناکاتو بە تەنیا دەیەوێ خودموختاری هەبێ لە چوارچێوەی کۆماری ئێراقی.

گەلی کورد لە رابردووو هەتا ئێستا لەگەڵ عەرەبی خاوەنی خەباتی هاوبەشە دژی سیاسەتی ئیمپریالیستی سەرکوتکەرانە بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی نیشتیمانی، دوای پەیوەست بوونی ئایندەی کورد بە ئاییندەی عەرەب خواستی هاوبەشیان کاریگەری هەبووە لە شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ بۆ ڕووخانی ڕژێمی کۆنەپەرست لە بەغدا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەدا لە دوای پێداگری عەبدولکەریم قاسم لە دیکتاتۆریەت لە ماوەی ١٨ مانگی رابردوو شاڵاوی سەربازی بە زەبری چەك بۆ سەرکوتکردنی بزاڤی کورد دەستی پێکرد،

به هۆی بۆردومانی ئاسمانی هێزەکانی حکومەت بۆ سەر گوندەکانی کورد هەتا ئێستا نزیکەی ٣٠٠٠ کەس کوژراوەو ١٢٠ هەزار لە گوندە وێرانکراواوەکانیان ئاوارە بوون، هەر لەو ماوەیەدا هێزەکانی حکومەت ١٥٠ گوندو دوو شاری بچوکیان وەکو تۆڵەسەندنەوە وێران کردووە.

حکومەت ئێستا لە سەر بەرنامەی ئەوەی پێشوو دەڕوا، لەگەڵ ئەوەدا حکومەت ئیدانەی سیاسەتی حکومەتی پێشووی کردووەو بڕیاری چارەسەری مەسەلەی کوردی بە شێوەی ئاشتیانە داوە، دانی ناوە بە مافەنەتەوایەتیەکانی کورد، بەڵام دوای ماوەیەك لە گفتوگۆ لەگەڵ سەکردایەتی کورد کەمترین مافی کورد پەسند نەکراوە، وادیارە حکومەتی ئێستا نیازپاك نیە لەو دانوسانەو بە تەنیا سوودی لە کات وەرگرتووە لە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردەکانی کورد، بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتو ناردنی زیاتری هێز بۆ ناوچە کوردیەکان.

ئەو سیاسەتە فرتوفێڵاویە یەکێکە لە سیماکانی سیاسەتی حکومەت لە هەمبەر کورد، ئەو قەسابخانە خوێناویەی ئێستا دژی کورد پەیڕەوی لێدەکات شەڕی لەناوبردنی رەگەزی مرۆڤە، مەبەست لەو سیاسەتە دەستبەسەراگرتنی دووەم پێکهاتەی گەلی ئێراقە، بۆیە نێردەی یەکیەتی سۆڤیەتی دەیەوێ ئەنجومەن چاوێك بە بەندی مادەی ٦٢ی بەڵگەنامەی نەتەوەکانو بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە (٩٦ "١")ی تایبەت بە تاوانی شەڕی پاکتاوی رەگەزی مرۆڤیدا بخشێنێتەوە، سیاسەتی حکومەت بەرانبەر کورد شەڕی لەناوبردنی رەگەزی مرۆڤەو لادانە لە یاسای دەولیو گیانی بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمەش پێویستی بە بایەخدانی دەولی هەیە، هەروەکو سەرنجی ئەنجومەنی بۆ بڕیاری کۆمەڵەی گشتی دەرچووی ساڵی ١٩٤٨ی تایبەت بە رێککەوتنی لە سەر رێگەگرتن لە پاکتاوی رەگەزی مرۆڤی رادەکێشێ، بەوەی تاوانێکە دەبێ ئەنجامدەرانی سزا بدرێن. لە کاتێکدا ئێراق لەگەڵ ٧٣ دەوڵەتی دیکە واژۆی لە سەر ئەو رێکەوتنامەیە کردووە، ئەو شەڕە دژی کورد پێشێلکاری ئاشکرای بەندەکانی ئەو رێککەوتنامەیەیە.

"دەقی رێککەوتنامەکە دەڵێ: ئەو دەوڵەتانەی واژۆیان کردوە لە سەر بەرهەڵستی شەڕی پاکتاوی رەگەزی کردووە، لە سەر رێکخراوەکانی پەیوەندیدارە لە نەتەوە یەکگرتووەکانە ریوشوێنی گونجاو بگرنەبەر بۆ راگرتنو سزادانی هەر لایەنێك دژی لایەنەکەی دیکە ئەنجامی دەدات" ئەمە لە کاتێکدا ئەنجومەنی گشتی لایەنی چاودێرە بە سەر رێککەوتنامەی ناوبراوەوە، کە ئەنجومەنی ئابووریو کۆمەڵایەتی لە ناو نەتەوە یەکگرتووەکان چەسپاندویەتی.

هەروەها نێردەی یەکیەتی سۆڤیەتی سەرنجتان دادەکێشێت بۆ ئامانجەکانی ئەنجومەنی ئابووریو کۆمەڵایەتی لە نەتەوەیەکگرتووەکان، بەپشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەوەی رێنومایی تایبەت پێشکەش بکات بۆ باشکردنو رێزگرتنی مافەکانی مرۆو ئازادیە بنەڕەتیەکان.

بۆیە ئەنجومەنی ئابوریو کۆمەڵایەتی ناتوانی بێدەنگ بێت لەوەی لە کوردستانی ئێراق دەکرێ، ئەنجومەن داوا دەکات ئیدانەی کارەکانی حکومەتی ئێراقی بکرێتو داوا بکرێ ئەو شەڕە نەگریسەی ئێستا هەیە رابگیرێ .

نیردەی سۆڤیەتی جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەوە کێشەیەکی ناوخۆیی ئێراقی نیە، بەڵکو کێشەیەکی دەولیە، ئێراق بە کۆمەڵێك رێککەوتنامەوە پەیوەستە، کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەری رێککەوتووە، بۆیە نێردەی سۆڤیەتی سورە لە سەر ئەوەی شەڕی لە ناوبردنی سەرتاسەری دژی کورد مەسەلەیەکە دەبێ بخرێتە کارنامەی ئەنجومەنی ئابوریو کۆمەڵایەتی.

نێردەی سۆڤیەتی رەشنوسی ئەو بڕیارە دەکاتە پاشکۆی ئەو یاداشتنامەیە هەتا بۆ ئەو مەبەستە بخرێتە بەردەست.

## ئەنجومەنی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی لەنەتەوەیەکگرتووەکان

## کۆبوونەوەی شەست‌و سێ

## کۆنوسی بڕیاری پێشکەش کراو بە نێردەی سۆڤیەتی لە سەر سیاسەتی پاکتاوکردنی حکومەتی کۆماری ئێراق دژی کورد

## ئەنجومەنی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی – نەتەوە یەکگرتووەکان

حکومەتی سۆڤیەتی بە چاوی نیگەرانیەوە دەڕوانێتە هەنگاوەکانی حکومەتی ئێراقی لە شاڵاوی سەربازی دژی کورد لە باکوری ئێراق، ئەوە جەنگی پاکتاوکردنەو ئامانجی لە ناوبردنی بوونی کوردە، بۆیە بە شەڕی پاکتاوکردن هەژماردەکرێ، بە توندی ئەو هەنگاوانەی حکومەتی ئێراقی ئیدانەی دەکەین، کە لادانێکی ئاشکرای بەندو مادەکانی ٦٢ی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە ٩٦ (١)ی دەرچووی بەرواری ١١ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦ تایبەت بە تاوانی جەنگی پاکتاوکردنی رەگەزی مرۆڤە، لەگەڵ بنەماکانی گشتی مرۆیی‌و نەریتە دەولیەکان، ئەو چالاکیە سەربازیانەی دژی کورد ئەنجام دراون لادانە لە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی دەرچووی ١٩٤٨ی تایبەت بە رێککەوتنامەی مەترسی شەڕی پاکتاوی رەگەزی مرۆڤ، کە ئەو تاوانبارە دەبێ سزا بدرێ، ئێراق یەکێکە لەو دەوڵەتانەی واژۆی لە سەر ئەو رێککەوتنامەیە کردوە، بە جدی داوا لە کۆماری ئێراق دەکەین، کە بە خێرایی هەموو چالاکیە سەربازیەکانی دژی گەلی کورد رابگرێ.

FO. 371/1703515

## ئەنجومەنی ئاسایش– نەتەوەیەکگرتووەکان –بەردەستی گشتی

S/5346

## ١٠ی تەموزی ١٩٦٣، نوسخەی ئەسڵی

## نامەیەك لە نوێنەری هەمیشەیی ئێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش ١٠ی تەموزی ١٩٦٣

ئاماژە بە بەڵگەنامەی ژمارە (S٥٣٤٥/) بەرواری ٩ی تەموز، کە نامەیەکی تانەدەرە لە نوێنەری هەمیشەیی یەکیەتی سۆڤیەتی لە ئەنجومەن بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی دەولی نێردراوە، وەك رێنومایی حکومەتەکەم دەربارەی ئەو مەسەلەیە ئەم لێدوانە دەدەم:

حکومەتی کۆماری ئێراق زۆر بە توندی ئەو دەستێوەردانە ئاشکرایەی سۆڤیەتی لە کاروباری ناوخۆی حکومەتی ئێراق ئیدانە دەکات، لە راستیدا ئەو لێدوانەی دوایی حکومەتی سۆڤیەتی پێشێلکردنی ئاشکرای بنەمایەکی گرنگی بەڵگەنامەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە سەر دەستێوەردانەکان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی ئەندام. کە پێشتر لە چەندین بۆنەدا یەکیەتی سۆڤیەت بەڵێنی دابوو ریز لە بەڵێنەکانی خۆی بگرێت.

ئەو پڕوپاگەندەیەی یەکێتی سۆڤیەت لە سەر شەڕی پاکتاوکردنی رەگەزی لە باکوری ئێراق بنەڕەتێکی نیە، چالاکیە سەربازیەکان لە ناوچەکە سنووردارەو لە بنەڕەتەوە دژی گروپێکی خیانەتکارو دەرچوون لە یاسایەو لە دەرەوە ئاراستە دەکرێن بۆ تێکدانی یەکێتی خاكو گەلی ئێراق.

هەورەها ئەو پڕوپاگەندانەی یەکیەتی سۆڤیەتی گوایە هێزی نائێراقی بەشداری کردووە لە چالاکیە سەربازیەکان دژی کورد هیچ بنەڕەتێکی نیە، پڕوپاگەندەکانی سۆڤیەتی رەتدەکەینەوە لە سەر بەشداری هێزو فرۆکەی سۆڤیەتی لە باکوری ئێراق، تاکە لایەنی بێگانە دەستی لە کاروباری ئێراق وەردابێت روسیایە، کە کێشەی ناوخۆی ئێراقی هێناوەتە بەردەم رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، سەرەڕای ئەوە بەم دواییە، هەروەکو خۆیان دانیان پێداناوە هۆیەکانی راگەیاندنی یەکیەتی سۆڤیەتیو دەوڵەتانی سۆسیالیزمی هاوپەیمانی یاخیە خیانەتکارەکانیان هانداوە چەك دژی حکومەت هەڵبگرن.

دەستێوەردانی سۆڤیەتی لە کاروباری ناوخۆی ئێراق هەروەکو لە نامەکەی نوێنەری هەمیشەیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، هەڕەشەیەکی راشکاوانەیە بۆ سەر سەربەخۆییو یەکیەتی خاکی ئێراق، سەرەڕای ئەو گوزراشتەی ئێراق بۆ پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتی، بەردەوامبوونی دەستێوەردانی سۆڤیەتی دەبێتە هۆی نیگەرانیو ناڕەزایی ناوەندە عەرەبیەکان، کە بە سەرسوڕمانەوە لەو هەڵوێستەی سۆڤیەت دەڕوانن، لەلایەکی دیکەوە ئەو دەستێوەردانە هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر ئاشتیو ئارامی ناوچەکە، بۆیە خوازیارین یەکیەتی سۆڤیەتی بە خێرایی دەست هەڵگرێ لە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئێراقو رێزی بەندەکانی بەڵگەنامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بگرێ لە سەر پاراستنی یەکیەتی خاکی ئێراقو سەروەری ناوخۆیی دەوڵەتانی ئەندام.

**دڵسۆزتان**

**وازۆ/ عەدنان پاچەچی[1]**

**نوێنەری هەمیشەیی لەنەتەوە یەکگرتووەکان**

---

١ عەدنان پاچەچی: کەسایەتی سیاسی ئێراقی سەردەمی شەستەکانی سەدەی رابردوو، لەسەردەمی عەبدوسەلام عارفو عەبدورەحمانی برای وەزیری دەرەوەی ئێراق بووە، دوای رووخانی رژێمی بەعیس لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەندامی ئەنجومەنی حوکم بووە.

FO. 370/1703515

# نوسینگەی نوێنەری هەمیشەیی بەریتانی لە نەتەوە یەکگرتووەکان

845 Third Avenur New
N.Y، York

**ژمارە/ ٦٧/ ١٨٢١٥١٧**

**زۆر نهێنی ١٢ی تەموزی ١٩٦٣**

**خۆشەویستم ئار. دبلۆ. کروفیلد**

**وەزارەتی دەرەوە لەندەن**

لەو کاتەی هێژا (بنهیما)ی نوێنەری هەمیشەیی نەتەوە یەکگرتووەکانو سەرۆکی خولی ئەم مانگەی ئەنجومەنی ئاسایشم بینی، لە بارەی خشتەی کارەکانی ئاییندەی ئەنجومەن قسەمان کرد، (بنهیما) نیگەرانی توندی خۆی لە مەڕ ئەو هێرشەی بە هۆی مەسەلەی کوردەوە یەکیەتی سۆڤیەتی کردیە سەر حکومەتی ئێراقی راگەیاند، ئەگەر سۆڤیەت سوربێت لە سەر گفتوگۆ لە بابەت ئەو مەسەلەیە، بە بۆچوونی ئەو دەبێتە هۆی وروژاندنی رای گشتی عەرەبی دژی روس.

٢- وەکو لە بروسکەی پێشوودا ئاماژەمان پێدا هێرشە بەردەوامەکانی سۆڤیەتی بۆ سەر ئێراق لە بەرژوەندی روس نیە، نوێنەری دەوڵەتانی دیکە بە ئاسانی لەو پاساوانەی روس بۆ هێرش کردنە سەر ئێراق تێناگەن، بۆ نمونە نوێنەری کۆماری عەرەبی یەکگرتوو سەری سوڕماوە لە هەڵوێستی روسیو وەکو نوێنەرانی دیکەی وڵاتان هەست بە پەستی دەکەن، کۆماری عەرەبی یەکگرتوو دەیەوێ روس بۆ لاوازکردنی ئێراق (بە چەند پاڵنەرێك) ئەو رۆڵە بگێڕی، بەڵام عەرەب حەزناکەن بە ئاشکرا بکەونە ناکۆکی لەگەڵ یەکترەوە، لە سەر ئەو مەسەلەیەو چەندان مەسەلەی دیکە جیاوازن، بەڵام نایانەوێ ناکۆکیەکانیان بهێننە گۆڕیو یەکتر نیگەران بکەن، ئەو بابەتە لە کاتی قەیرانی یەمەن بە ئاشکرا دەرکەوت، هێرشی روسی بۆ سەر ئێراق لە روانگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هێرشە بۆ سەر دەوڵەتانی عەرەبیو هەستی عەرەب بریندار دەکات.

**ئار. دیبلۆ، جاکلنغ**

FO 370/1703515

**نهێنی**

**لە: باڵوێزخانەی تاران بۆ وەزارەتی دەرەوە**

**سێر دی، رایت**

**ژمارە (٦١٤)**

**١٣ی تەمووزی ١٩٦٣**

**زۆر نهێنی**

**ئاماژە بە بروسکەی ٢١١٢ی ئاراستەکراو بۆ نێردەی بەریتانی لە نیۆرك (فلیبس) ئەم زانیاریانەمان لە سەر کورد پێگەیشتووە:**

ئەو ماوەی بەرێز باڵوێزی حکومەتی خاوەن شکۆی پاشایەتی لە دەرەوەی تاران بوو بە دەرفەتم زانی بە هۆی پشووی کۆتایی هەفتەوە، لە ٣١ی تەمووز سەردانێکی وەزریری دەرەوە بکەم لە نیویۆرك، کە ماوەی هەفتەیەك دوور کەوتبۆوە هەتا بەرچاوڕوون بێ، منیش لە دوا هەواڵی کورد ئاگاداری بکەمەوە.

وەزیری ئێرانی ئاگاداری وەڵامی نوێنەری حکومەتی ئێراقی نەبووە بۆ نوێنەری سۆڤیەتی، هەروەها کورتەی نامەکەشی لەلا نەبووە.

٢- هێژا ئارام لەگەڵم رێککەوت بۆ دەرکردنی بەیاننامەیەك لەلایەن هاوپەیمانیەتی سەنتۆ لە سەر نامەکەی سۆڤیەتی، بەڵام وەزیر ئەو بەیاننامانەی لە تورکیا بە پێویست زانی بوو نەك لە نیویۆرك، وەزیری پێی وایە ئەو خاڵانەی لە برگەی ٢ی نامەکەتاندا هاتووە، هەموو خاڵە گرنگەکان لە خۆ دەگرێ، بەڵام بۆ رەزامەندی شا دەبێ پێش رەزامەندی لایەنی ئێرانی پێوستە راوێژ لەگەڵ شا بکرێ، ناوەڕۆکی ئەو بەیاننامەیە لەو برگەیەی پەیوەندی بە مەسەلەی

کوردیەوە هەیە لایەنی ئێرانی پێی وایە ئەوە مەسەلەیەکی تەواو ناوخۆییەو حکومەتی ئێراقی تاکە لایەنی بەرپرسە لە چارەسەرکردنی، ئەگەر تێڕوانینی ئێرانی بە هێند وەربگرین، ئەوە بەیاننامەکە بنوسرێ‌و نوێنەری ئێران لە هاوپەیمانی سەنتۆ، کە ئێستا لە تورکیایە بە رەزامەندی ئێران ئاگادار بکرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا سکرتێری گشتی هاوپەیمانی سەنتۆ بە رەزامەندی حکومەتی ئێرانی داوای لێدەکرێ‌و پێش دەرچوونی بەیاننامەی هاوپەیمانی سەنتۆ رادەسپێردرێ.

371/170421،FO
MA. 1400

**نهێنی**

**له: كۆلۆنیل ئایس. جی. واتسۆن**

**باڵوێزخانەی بەریتانی، لەندەن**

**بۆ: عەمیدی دی. ج. ولیسۆن**

**وەزارەتی جەنگ، لەندەن**

**١١ی تەمووزی ١٩٦٣**

١- سەبارەت بە وەڵامی دێڕی كۆتایی لە بڕگەی دووەمو بڕگەی سێیەمی نامەكەتان لە MI4/518/COM/DO

لە بەرواری ٤ی تەموز.

٢- دەمەوێ سەرنجتان بۆ سێ بەرپرسی گەورەی ئێرانی رابكێشم، كە ناوەكانیان لە یەكترەوە نزیكە، هەندێ جار لەگەڵ ناوی ئەوانەی لە نوسراوەكاندا هاتووە تێكەڵ دەبێت، زۆر جار زانینی ئەوە بۆ بەرپرسانیش قورسە.

أ- حەسەن غولام: سەرۆكی وەزیرانی پێشوو، ئێستا وەزیری دیوانە، لەگەڵ ئەوەدا نیازپاكە، بەڵام هەموو كات ئامۆژگاریەكانی بۆ شا لە جێی خۆیدا نیە.

ب- ئەسەدە الله غولام: سەرۆكی وەزیران

ج- عەباس ئارام: وەزیری دەرەوەو باڵوێزی پێشووی بەغدا.

٣- عەباس ئارام بە باڵوێزی حكومەتی خاوەن شكۆی پاشایەتی وت: شا رازی بووە یارمەتی كوردە یاخیەكان نەدات، ئەوە هەڵوێستی فەرمی حكومەتی ئێرانیە، بەڵام شا دەسەڵاتی رەهای هەیە لە وڵاتو بە وەزیری دەرەوەی وتووە، دەڵێن: ئەو هەواڵە بە مەبەستی بێدەنگ كردنمانەو بە تەنیا بۆ ئێمەیە، بە زۆری دەكرێ شا دڵی یاخیبوان راگرێ بە بێ ئاگاداری حكومەتەكەی، ئەمەش لە رێگەی ژەنەراڵ نەسروڵڵا (فەرماندەی یەكەمی سوپاو شارەزا لە

کاروباری کوردان)و عەقید کەمال چی۲ (سەرۆکی هۆبەی هەواڵگری لە فەرماندەی باڵا)و ژەنەراڵ موهاتان بەبێ ئاگاداری حکومەتەکەی سەردانی کوردە یاخیەکان دەکەن، ئەو ناوە بە ناوی ئەرمەنیان دەچێت، لەگەڵ ئەوەدا شارەزا بە کاروباری کوردی لە ئەسڵدا کوردە، هەر بۆ نمونە بە چاوپۆشی دەسەڵاتداران لەوانەیە چەك‌و تەقەمەنی بدزێ‌و بیداتە کوردان، پێش چەند مانگێك لەو ناوچەیە چەند دانە بازۆکا دزرابوو، وا پێدەچێت ئەو هەڵوێستە رەسمیە لە خۆدوورگرن‌و بێدەنگی نامانگەیەنێتە ئەنجام لە سەر ئەو بابەتە.

٤- ئەگەری ئەوەی هەیە ئەندازەیەکی کەم لە چەکی سوك‌و تەقەمەنی لە خاکی سۆڤیەتەوە لە رێگەی ناوچە شاخاویە سەختەکانی سنووری تورکیاو ئێرانەوە بگوازرێتەوە. بە درێژایی سنوور کوردی لێیەو هەڵوێستی ئەوان لە گواستنەوەی چەك پشتدەبەستی بە سروشتی پەیوەندی ئەوان بە کەمینەی کورد، کە چەك وەردەگرن هەتا شەری حکومەتی ئێراق دەکەن، نەك لەسەر هەڵوێستی ئەوان بۆ دۆستایەتی سۆڤیەت، بەڵام ئەگەر هەڵویستی لەگەڵ ئەوان باش بێت ئەوە کارئاسانی دەکرێ لە قاچاغبردنی چەك بە چاوپۆشی دەسەڵاتداران لەو مەسەلەیە، بەڵام لە هەموو ئەگەرەکاندا ناردنی چەك بەو رێگە دوورە (۳۰۰ میل بە پشتی گوێدرێژ) ئاسان نیە، پێدەچێت بە ئەندازەیەکی کەم‌و ناو بە ناو بێت.

٥- بەردانەوەی چەك لە فڕۆکەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، بە رێککەوتێکی غەریب پێش چەند رۆژێك (میستەر ئەندریغ) کارگێری دەستەی رادیوی نیشتیمانی سویسری لەگەڵ باڵوێزخانەی بەریتانی لێرە قسەی کرد، بە بۆچوونی میستەر ئەندریغ بەردانەوەی چەك لە فرۆکەوە بۆ کورد کارێکی نەکردەیە، چونکە کورد پێویستیان بە چەکی قورس هەیە، لەو ناوچانەی بزاڤی هەڵگەڕانەوەی تێدایە لە ئاسمانەوە فڕێ نادرێتە خوارێ، بەڵام لە راستیدا من گومانم هەیە لە دروستی لایەنی سەربازی، کە وەکو گریمان میستەر ئەندریغ پێشکەشی کردووە، وەکو دەزانن کاریگەری شەڕی پارتیزانی لە سەر بزاوتنی خێراو توانای جەنگاوەرانە لە ناوچەی دیاریکراوو بەو پێیەی ئارەزووی دەکەن. هەموو چەکێکی قورس بە دەست جەنگاوەرەکانەوە لە بازۆکاو چەکی رەشاش وەکو بارقورسی لێدێت لە سەر شانی ئەوان‌و دەبێتە کۆسپ لە بەردەم هاتوچۆی خێرا، وەکو ئاگادارم لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم کورد هەندێك چەکی روسیان لە کاتی شەڕی حکومەت دەست کەوتووە. لێرەوە دەکرێ چاوەروانی هەوڵی ئەوان بین بۆ بەدەستهێنانی چەکی سوك‌و تەقەمەنی لە حکومەتی روسی لە رێگەی هێڵی ئاسمانی.

٦- فڕۆکەکانی سۆڤیەتی ناتوانن بەبێ تێپەڕبوون بە ئاسمانی تورکیو ئێرانی چەك بۆ کوردان بەربدەنەوە، بێگومان ئەو فرۆکانە لەو کاتەی ئاسمانی ئێران هەڵدەبژێرن راداری ئێرانی لە تەورێز ئاشکرایان دەکات، دەبێ ئێرانیەکان لەو حاڵەتەدا چی بکەن؟ چاوەڕوان ناکری حکومەتی ئێرانی هیچ رێوشوێنێك بگرێتە بەر بۆ زیانگەیاندن لەو لێکگەیشتنە سیاسیەی بەم دواییە لە نێوان ئەو وڵاتە دروست بووە. چاوەڕوان ناکرێ حکومەتی ئێرانی ناڕەزایی دەربڕێ لە بابەت فرۆکە سۆڤیەتیەکانەوە، هەتا سکاڵا بکات لە سەر ئەو سنووربەزاندنە ئاسمانیە، لە راستیدا سنووربەزاندنی ئاسمانی ئێرانی لەلایەن فرۆکەکانی سۆڤیەتەوە لە باکوری رۆژاوای ئێران بۆتە کارێکی ئاساییو لای ئێرانیەکان قبوڵ کراوە.

٧- ئێستا بارودۆخێکی تایبەتیەو ئەوەی لێی دەکەوێتەوە:

أ- ئێرانیەکان چالاکی شیوعیەکان دەدەنە پاڵ جەمال عەبدولناسر.

ب- دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێراقی شیوعیەکانی ئێراقی بەوە تاوانبارکردووە، کە لە پشت چالاکی ناسریەکانن لە ئێراق، ئەمە سروشتی حکومەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

ج- لەو پرسیارەم کۆڵیەوە کە لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی کارمەندانی باڵوێزخانە ئاراستەیان کردبوون، بە شێوەیەکی گشتی هەموو هاوڕابوون لە سەر ئەو راوبۆچوونانەی لە برگەکانی ٥و ٦ پێشنیازم کردبوو، لەگەڵ ئەوەدا بەڵگەی یەکلایی کەرەوە نەبووە، چونکە ئەوان نایانەوێ لەم باردۆخە لەو بارەیەوە شتێك بڵێن.

د- دانەیەك لەو نامەیە دەنێرم بۆ کاردین بۆ ئاگاداری.